# مێژووی پڕ لە ڕەخنەی ئیسلام



نووسین و وەرگێرانی لە زمانی ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی (شوانە)

# مێژووی

# پڕ لە ڕەخنەی ئیسلام



نووسینی: حامد عەبدولسەمەد

وەرگێرانی لە ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی (شوانە)


www.rojhalat.de

www.bokan.de

**Email: redaktion@rojhalat.de**

حامد عەبدولسەمەد بۆ ئەوەی نیشانی بدات چ ڕەوتێك لە داهاتووی ئورووپا چاوەڕوانیی دەکرێت، مێژووی ئیسلام بە وردی شی دەکاتەوە. ئیسلام چ لە سەردەمی ئورووپای سەدەکانی ناوەڕاست و چ لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا بەردەوام خۆی وەک خاڵی دژبەر جێگیر کردووە. ئایینی ئیسلام، ئیمپراتۆریەتەکەی خۆی لەسەر پاشماوە و دار و پەڕدوویی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بنیاتناوە و خۆی وەک سەرکردەی فەرمی و شەرعی جیهان دەبینی. تەنانەت لەدەستدانی دەسەڵات کە هاوڕێ لەگەڵ کۆتاییپێهاتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەزموونی کرد، ئەو هەڵس و کەوتەیانی نەگۆڕی. لەمڕۆدا موسڵمانان ئیتر وەک داگیرکەر نایەنە ئورووپا، بەڵکوو زۆربەیان وەک کۆچبەرێکی ئاشتیخوازی میگرانت، بەڵام ئیسلامیستە زێدەڕۆکانیش خۆیان تێکەڵ ئەم کۆچە کردووە و دەیانەوێ پرۆژەی ناحەزی خۆیان لە ئورووپا بە کۆتایی بگەیێنن. حامد عەبدولسەمەد هۆشداریی بە کۆمەڵگای ئورووپایی دەدات و دەڵێت: "ئێمە دەبێ جارێکی دیکە لەسەر تەوەری ئیسلام باس و گفتوگۆ بکەینەوە، چونکە داهاتووی ئەو، ڕاستەوخۆ پەیوستە بە داهاتووی ئورووپاوە.

## پێرست:


پێشەکی وەرگێڕ.................................................. ٧
تێڕوانینی نووسەر ................................................ ١١
پێشەکی ........................................................ ٤٢
هێڵی کاتی یان کرۆنۆلۆژیی مێژووی ئیسلام ........................ ٧٢
بەشی یەك........................................................ ٨٣
لە بیزانسەوە بۆ مەککە: کاریگەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لەسەر پێکهاتنی ئایینی ئیسلام ... ٨٣
مەککە و "شیرک"ی عەرەبی ........................................ ٨٩
پەرەسەندنی شاری مەککە بۆ ناوەندێکی بازرگانی........................ ٩٤
بیزانس و "ساڵی عەرەبەکان"........................................ ٩٨
شوێنی لەدایکبوونی ئایینی ئیسلام کوێیە؟ .............................. ١٠٤
سنووری نێوان کولتوورەکان ........................................ ١٠٧
کاریگەریی شیعری عەرەبی.......................................... ١١٣
بۆچی لەناو ئەو هەموو مرۆڤەدا محەمەد؟ ............................. ١٢٢
لە ئیمانداریەوە بۆ ئایینی ئیسلام ..................................... ١٢٩
بەشی ٢ ........................................................ ١٣٢
لە مەککەوە بۆ مەدینە: لەدایکبوونی یاسای شەریعەت لە ڕۆحی شەڕەوە............ ١٣٢
لە سەرۆکی شەڕەوە بۆ دەوڵەتمەدار .................................. ١٣٨
لەدایکبوونی ئابووریی ئیسلامی........................................ ١٤٢
شەڕ، شەریعەت و سەرپۆش.......................................... ١٤٦
قورئانی مەدینە.................................................. ١٥٠

بەشی سێ........................................................................ ١٥٤
لە مەدینەوە بۆ کووفا: چوار خەلیفەی کووژراو و دابڕانی ئیسلام ...................... ١٥٤
عەلی و دادگای ناوبژیوانی ................................................................ ١٥٩
بەشی چوار...................................................................... ١٦٦
لە کوفەوە بۆ دەمیشق: دەسەڵاتداریی ئومەوییەکان ........................................ ١٦٦
یۆحەنای دیمەشق................................................................ ١٧٢
ئەفسانەی قودس................................................................ ١٧٨
ئەرکی محەمەد و بەشداریی عبد الملک ....................................................... ١٨٢
ئیکسکورسوس .................................................................. ١٨٨
لە دیهلی تا مەراکش: بڵاوبوونەوەی ئیسلام ................................................ ١٨٨
یازدە بیرۆکە بۆ یەکخستنی موسوڵمانان........................................................ ٢٠٢
بەشی پێنج ......................................................................... ٢١٤
لە دەمیشقەوە بۆ بەغدا: عەباسیەکان و ناکۆکی نێوان زانایان.................................. ٢١٤
ئیبن ئیسحاق و یەکەمین خوڵقێنەری "ڕۆمانی محەمەد".................................... ٢١٩
دژە شۆڕش لەهەنبەر ئیسلامی کلاسیکی........................................................ ٢٢٧
قوتابخانەی یاسایی ژیر ............................................................ ٢٣٣
ڕیفۆرمخوازیی لەپێناو ڕۆحی ڕۆشنگەریی؟.................................................. ٢٤١
ڕەخنەگرتن لە ئایین و فەلسەفە وەک دەربڕینێک بۆ "بەلارێدابردن" .................. ٢٤٥
سۆفیگەریی یان شۆڕشی عیرفانیی.................................................. ٢٥٠
سۆفیگەریی لە نێوان زاهیدبوون و شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا ................................. ٢٥٦
ئایینی خۆشەویستی.............................................................. ٢٦١
لە پەراوێزەوە تا هۆگریی مرۆڤ.................................................... ٢٦٤
ئایا سۆفیگەریی وەک بەدیلێک بۆ ئیسلامی زێدەڕۆ گونجاوە؟.............................. ٢٦٧
بەشی شەش .................................................................... ٢٧١

له بەغداوە بۆ کوردوبا: مامۆستایەکی مۆسیقا، دوو خەلافەت و ئەفسانەی ........... ٢٧١
ئیمپراتۆریەتی ئومەوی لە دەربەدەریدا پێوەری نوێی کولتووریی دادەنێت............... ٢٧٤
پەناگەیەکی لێبوردەیی؟ ..................................................... ٢٧٨
ئیسلامی پوریتان ئەندەلوس داگیر دەکات..................................... ٢٨٢
کولتووری عەرەب تا چ ڕادەیەك ئیسلامی و عەرەبی بووە؟ ........................ ٢٨٩
بەشی حەوت ............................................................ ٢٩٧
لە حەران"Harran"ەوە بۆ دیمەشق: کۆتایی هاتنی سەردەمی گەشەسەندن .......... ٢٩٧
کۆتایی شارستانیەتی ئیسلامی................................................ ٣٠٤
دوکتورینی دڵسۆزیی و دابڕانی ئیبن تەیمییە..................................... ٣٠٧
بەشی هەشت ............................................................ ٣١٤
لە کلێرمۆنتەوە بۆ قودس: شەڕە خاچپەرستەکان و زەبر و زەنگی ئیسلامی ئورووپی .... ٣١٤
باوکی ئورووپا ............................................................ ٣٢١
پێش مێژووی شەڕە خاچپەرستەکان.............................................. ٣٢٧
ئەنجومەنی کلێرمۆنت "Clermont" ........................................... ٣٣١
تێڕوانینێکی گشتی لەسەر ڕەوتی شەڕە خاچپەرستەکان و ڕووداوە گرنگەکان ........... ٣٣٤
پرسیار لە ڕوانگەی تایبەتەوە ................................................ ٣٤١
بەشی نۆ ................................................................. ٣٤٦
لە قوستەنتنییەوە بۆ ڤیەن: عوسمانییەکان و زەبر و زەنگی ئیسلامی ئورووپی .......... ٣٤٦
سەرهەڵدانی عوسمانیەکان.................................................... ٣٥٢
ئەو خیانەتەی دۆخی گونجاوی بۆ هێرشکردنە سەر قوستەنتینیە خۆشکرد ........... ٣٥٥
وەڵامی ئەوروپا لەمەڕ گەمارۆدانی ڤیەن........................................ ٣٦٢
پیاوە نەخۆشەکەی بۆسپۆڕۆس "Bosporus" ............................................ ٣٦٩
هاوپەیمانیی هەڵەی ئورووپا ................................................. ٣٧٣
بەشی دە ................................................................ ٣٧٨

له پاریسەوە بۆ ئەسکەندەرییە: کۆلۆنیالیزم و کاریگەرییەکانی لەسەر ئیسلام ........... ٣٧٨
ڕابوونی ئیسلامی و شۆڕشی لاوان ........................................................... ٣٨٧
بەشی یازدە .................................................................................. ٣٩٢
له "Ismailia"وه بۆ مونیخ: له دایکبوونی ئیسلامیزم ......................................... ٣٩٢
سەلەفییەت و پان ئیسلامیزم .................................................................. ٤٠٠
ئیسلامیزم و فاشیزم............................................................................ ٤٠٥
سێ پێشەنگی ئیسلامیزمی مۆدێرن .......................................................... ٤٠٨
ئیسلامیزمی سوننە و شیعە: پەیوەندی نێوان خۆشەویستی و ڕق و کینە .............. ٤١٦
تۆڕی ئیسلامیزم لە ئەوروپا...................................................................... ٤٢٠
تێرۆر لە ڕۆحی بیرمەندانەوە ................................................................... ٤٣٢
بەشی دوازدە ................................................................................... ٤٣٦
لە لێسینگەوە بۆ ڕیفەع ئەت-تەهتاوی: ڕۆشنگەریی و ئیسلام............................ ٤٣٦
ئەفسانەی ڕۆشنگەریی ئیسلامی.............................................................. ٤٤٠
ڕۆشنگەریی ئیسلامی............................................................................ ٤٤٥
بەشی سێزدە ................................................................................... ٤٥٣
لە پرۆمیتیۆسەوە تا ئەدۆرنۆ: ڕۆشنگەری مانای چییە؟................................... ٤٥٣
ئایا دەکرێت ڕێفورم و چاکسازی لە ئایینی ئیسلامدا بەڕێوەبچێ؟ ....................... ٤٥٩
پرسیارێکی عەقڵانی؟ .......................................................................... ٤٦٦
دیوارەکان برووخێنین........................................................................... ٤٧٢
ئەنجام ............................................................................................ ٤٨٠
ئاڵمانیا و ئایینی ئیسلام: مێژوو، ئێستا و داهاتوو ........................................ ٤٨٠

## پێشەکی وەرگێڕ

سەرهەڵدانی کوت و پڕی ئایینی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمدا پرسیارێکی زۆر دێنێتە گۆڕێ: ئایا ئەو ئایینە پەیوەندیی بە گرووپ یا تاقمگەرایی مەسیحی یاخود یەهوودییەوە نەبووە؟ بە گشتی وشەی ئیسلام و موسوڵمان لەمڕۆدا بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی ئاستەم و تا ڕادەیەك نەرێنیی هەڵس و کەوتی لەگەڵدا دەکرێت. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵس و کەوتی توندوتیژی ئیسلامیستە فناتیکەکان لە هەموو گۆشەکانی ئەم جیهانە. کاتێ کتێبی قورئان بە گوتەی خودا و محەمەد بە هەڵبژاردەی ئەو لە ئەژمار دێت، ئیتر هیچ ڕێگایەك یاخود ئاڵترناتیوێك بۆ باس و گفتوگۆ یاخود مامەڵەکردن ناهێڵێتەوە. ئایینی ئیسلام خۆی بە تەنیا ئایینی فەرمی بۆ مرۆڤی جیهان دادەنێ و هەموو ئایین و بۆچوونەکانیتر نەک هەر ڕەددکاتەوە، بەڵکوو بەهۆی سوورەی جیهادەوە تا هاتنی ڕۆژی قیامەت بەربەرەکانیشیان لەگەڵدا دەکات.

بە بڕوای من هەڵس و کەوت و بیرکردنەوەی موسوڵمانان لەگەڵ نووسراوەکانی قورئان و حەدیس وەها ئاوێتەی یەکتر بوون، کە بە پێی کات بەرپرسایەتیی نەکردن و ڕێزنەگرتن لەهەنبەر ئایین و بۆچوونەکانیتر وەها ئاسایی بۆتەوە کە تەنانەت

بە کارێکی ڕەوا و دروست دادەنرێت. دیارە سەرچاوەی ئەو هەڵسوکەوتانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی محەمەد و شەڕکەرەکانی کە بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەی عەرەب و بەجێهێنانی ئەمری ئیلاهی لەهیچ جنایەتێك چاوپۆشییان نەکردووە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەسەر لاشەی مردوودا تێپەڕیون.

ئەرکی گەورەی هەموو مرۆڤێکە گێڕاوەکانی کتێبی قورئان نەك وەك گوتەی کۆتایی خودا بەڵکوو وەك تێکست و نووسراوەیەکی ئینسانی سەیر و هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکات. ئینجا بۆ مرۆڤ ڕووندەبێتەوە هەڵوێستەکانی قورئان تەنیا بە بارودۆخ و ڕووداوەکانی ٢٣ ساڵ ژیانی محەمەدەوە بەستراوەتەوە و تەنیا مێژووی ئەو سەردەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەو پارادۆکسانەی لەناو کتێبی قورئاندا تووشیان دەبین دەیسەلمێنن ئەم هەڵوێستانە تەنیا دەتوانن سەرچاوەی بیر و بۆچوونی مرۆڤ بن و هیچ پەیوەندییەکیان بە خودا یان هێزێکی سەرووی سروشتەوە نییە. بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی زۆربەی سەرکردەکانی ئیسلامی لە سەردەمی محەمەدەوە تا ئەمڕۆ هەوڵیانداوە بە چەواشەکاریی، گێڕانەوەی چیرۆکی بێ بەڵگە، هەروەها چەسپاندنیان بە هێزی شاراوە و سەیروسەمەرەوە خەڵک فریو بدەن و خۆیان و ئایینەکەیان وەك شتێکی پیرۆز بە مرۆڤ بناسێنن.

لەمڕۆدا بە ڕوونی شاهیدین وڵاتانی دیکتاتۆری و زێدەڕۆی ئیسلامی وەك ئێران، تورکیا، سوریا، ئەفغانستان، عێراق و

ڕێکخراوەی تێرۆریستی وەك برایانی موسوڵمان (اخوان المسلمین)، حیزبوڵای لوبنان، سوپای پاسداران، ئەلقاعیدە، حەماس، حەشدی شەعبی، تالەبان، داعیش و حیزبە فناتیك و زێدەڕۆکانیتر مەترسییەکی گەلێك گەورە و جیددین بۆ دۆخی ئاشتیخوازیی و پێکەوەژیانی مرۆڤی ناوچەکە بەتایبەت و جیهانی دەرەوە بە گشتی.

پارادۆکسبوونی هەڵسوکەوتی زێدەڕۆیانی ئایینی هێندە ڕوون و ئاشکرایە کە حاشا لێکردنی مەحاڵە. ڕژیمی کۆنەپەرەستی ئێران بە ئاشکرایی و لە ڕۆژی ڕووندا دوژمنایەتی لەهەنبەر هاووڵاتیانی خۆی دکات و بێ ئەوەی بسڵەمێتەوە، ڕۆژ نییە خەڵکی وڵاتەکە و بەتایبەت ژنانی ئازادیخوازی وڵات ئازار و ئەزیەتی جەستەیی نەدات و نەیانکووژێ. تەنانەت لە منداڵانیش ناسڵەمێتەوە و ئەوانیشی وەبەر هێرشی نائینسانی خۆی داوە. لەولاشەوە فرمێسکی تیمساح بۆ منداڵانی فەلەستینی دەڕێژێ و بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و بەدەستەوەگرتنی هێز لە ناوچەکە سەرمایە و سامانی وڵات بە یارمەتی هێزە نیابەتییەکانی بۆ ئاژاوە نانەوە لە ناوچەکە بەفیڕۆ دەدات.

ئەو پارادۆکسە لەلایەکیتریشەوە خۆی دەنوێنێ کاتێك ئەردۆغان بۆ وەرگرتنی مافی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دژ بە ئیسرائیل پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین دەکات، بەڵام لە وڵاتەکەی خۆی ئەو مافە ڕەوایە بۆ نەتەوەی کورد بە ڕەوا نابینێ وساڵیانی درێژە هەر وەك دەستی درێژکراوی

سیاسەتوانانی پێش خۆی شەڕێکیماڵوێرانکەری دژ بە نەتەوەی کورد وەڕێخستووە.

دیارە ئەم کتێبەی بەردەستتان زیاتر بە مەبەستی زانیاریی و چلۆنایەتی پێکهاتنی مێژووی ئیسلام تایبەت بە مرۆڤی ئاڵمانی نووسراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە گرنگی دەزانم ئەم کتێبە وەریگێرمە سەر زمانی کوردی بەتایبەت بۆ ئەو کوردە موسوڵمانانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەژین و کەمتر کتێبی ئاڵمانی دەخوێننەوە، هەروەها بۆ مرۆڤی موسوڵمانی کورد لە کوردستان دەرفەتێك بێ باسی سەبارەت بە ئایینی ئیسلام لە ڕوانگەیەکی جیاواز لە قورئان و حەدیسەوە ئەزموون بکەن. هیوادارم خوێنەر بە کەڵکوەرگرتن لە بۆچوونەکانی ناو ئەم کتێبە ڕوانگەی سەبارەت بە ئایینی ئیسلام کە وەك قابلەمەیەکی سەربەستراو تەنیا لە ڕوانگەی ئایینەکەوە خەڵکی موسوڵمانی پێ مانیپولیرە دەکرێ، نەتەوە و ئایین و ئیدیۆلۆژییەکانیتر بە چاوێکی ئاشتیخوازانە و تولەرانسەوە سەیر بکات. بەداخەوە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا ڕەخنەی ئایینی بە تاوان دادەنرێ و هەر مرۆڤێك هەڵگری بیرۆکەی جیاواز لە گوتەکانی قورئان بێ بە کوفر و بێباوەڕ دەناسرێ و ئازادیی لێ زەوت دەکرێ.

نادر فەتحی (شوانە)، ئاڵمان، هاوینی ساڵی ٢٠٢٤ی زایینی

## تێڕوانینی نووسەر

چوار ساڵ لە پشوودانی بەرنامەی گفتوگۆی ئەنجومەنی ڕۆشنبیریی ئاڵمانیا تێپەر بووە، هۆکاری بەرێوەچوونی ئەم بەرنامەیە ئەوە بووە گوایە دیموکراسی لەو کاتەدا مەترسیی لەسەر بووە. میدیاکان دەبوو کاتێک باس لە ئاییینی ئیسلام دەکرێت، جۆرێک لە بێدەنگی پیشە بکەن. هۆکاری باسەکە بەرنامەیەکی ساندرا مایشبێرگەر "Sandra Maischberger"بوو لەسەر تەوەری "مشتومڕی ئیسلام – سنووری کۆتاییپێهاتنی تولەرانس یان لێبوردەیی لە کوێیە؟" بڵاوکردنەوەی ئەم بەرنامەیە لە ساڵی ۲۰۱۸دا گفتوگۆیەکی گەرمی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەدوای خۆیدا هێنا و دواتر ئەنجومەنی ڕۆشنبیریی داواکارییەکی توندی خستەڕوو.

لە ساڵانی پێشوودا، کولتوری مشتومڕی ئاڵمانی لە دەوری تەوەری ئیسلام هیچ باسێکی پێشکەش نەدەکرد و بێدەنگیان لێ دەهێنا. قەیرانی پەنابەران لە ساڵی ۲۰۱۵ و کۆچی مرۆڤی زێدەڕۆی ئیسلامیی و لێکەوتەکانی، جەمسەرگیری کۆمەڵایەتی، ترس لە تیرۆری ئیسلامی لە لایەک و سەرهەڵدانی حیزبە ڕاستەکان لە لایەکی دیکە، هەروەها پەرەسەندنی کاریگەریی سیاسەتی ناسنامەی چەپ لە میدیاکان، سیاسەت و جیهانی

ئەکادیمیدا، مشتومڕێکی ڕاستگۆیانە و دادپەروەرانەی سەبارەت بە ئیسلام، مێژوو و داهاتووەکەی لە ئاڵمانیا گەلێك قورستر کرد. حیزبە ناوەندگەراکان لە ساڵی ٢٠١٧ بابەتی وەک کۆچبەری و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەژێر ناوی "ئەڵڵا"یان لە خاڵی سەرەکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیان لابرد ، هەرچەندە ئەم کێشانە ڕێک ئەو شتە بوون کە نیگەرانیان لە زۆربەی ئاڵمانییەکاندا پێکهێنابوو. تەنیا حیزبی ڕاستەکان (AfD واتە ئاڵترناتیڤ بۆ ئاڵمانیا) لەم بۆشاییەی ناو کۆمەڵ سوودی وەرگرت و تەوەری کۆچبەری و کێشەی پەنابەرانی کردە پرسی سەرەکی ناو حیزبەکەی. دیارە بە سەرکەوتوویش: "AfD" بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پیشووی، توانی لە هەڵبژاردنە فیدراڵیەکاندا ژمارەی لایەنگرانی خۆی لە سەدا ١٢،٦ واتە سێ هێندەی پێشووی زۆر بکاتەوە.

ئێستاش پشوویەکی خۆسەپێنراو لە بەرنامەی باس و گفتوگۆ لەسەر ئەو تەوەرە گرنگە هاتۆتە ئاراوە، دیارە بۆ ئەوەی دیموکراسی نەکەوێتە مەترسییەوە. تەنیا پرسیار ئەوەیە: کام دیموکراسی شایستەی ناوێکە، کە بە ناچاریی لە پێناو بەرژەوەندی هاوسەنگییەکی قۆناغبەندیکراو دەبێ دەستبەرداری ئەم مشتومڕە گرنگە باس دروستکەرە بێت؟ چ مەترسییەک دەبێت لە ڕەخنەگرتن لە ئایین سەرهەڵبدات؟ هەروەها کام ترس وون دەبێ و نامێنێ ئەگەر ئەو پرسیارانە بێدەنگ بکرێن کە هەر خۆیان بەشێکی مەزنی بەرپرسیاریەتی ئەم ترسانەن؟

ساندرا مایشبێرگەر لە وتارێکی میواندارییدا لە بەرنامەی کات"Zeit" دوای کۆتایی بەرنامەکە بە دروستی وەڵامی دایەوە: "هەرکەسێک لە ترسی وتنی وشە و هەڵسوکەوتی هەڵە بیەوێت خۆی لە مشتومڕەکە بەدوور بگرێت، سەکۆکە بۆ ئەو کەسانە بەجێدەهێڵێت کە دەزانن چۆن ئەم ترسە(...) پەرە پێبدەن". شەپۆلی پەنابەران کە زۆر کەس وەک "ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هەستپێکراوی مێژوویی" باسی لێوەدەکەن، نەك هەر بە هیچ شێوەیەک کۆتایی نەهاتووە، بەڵکوو "بەردی بناغەی نەزمی کۆمەڵایەتی پێشوومان" دەخاتە ژێر پرسیارەوە. مایشبێرگەر دەڵێت: "تەنیا لەبەر ئەوەیە ئێمە موناقەشە دەکەین. هەر وەک خۆی بە ڕەخنەگرتن لە بەشدارییەکەی دانی بەوەدا ناوە، بەرنامەکەی زۆر کەم باسی ئیسلامی سیاسی و زیاتر خۆی بە کێشەی کولتووریی ڕۆژانەوە خەریك کردووە".[١]

دیارە لەو کاتەوە بەرنامەی گفتوگۆکان نەوەستاون، بەڵام بە کردەوە هیچ مشتومڕێکی میدیایی یان سیاسی لەسەر تەوەری ئیسلام نەکراوە. داواکاریی ئەنجومەنی ڕۆشنبیری و کاردانەوەکانی بەرامبەر بەو، بە باشی لە کەشێکدا دەگونجێت کە لەوێدا بزووتنەوەیەکی دژە ڕەگەزپەرەستی ئاگادارانە و لە ڕووی سیاسییەوە دروست، بە پێی کات گوێبیستی لە ناو کۆمەڵدا پەرە دەستێنێ. بزووتنەوەیەک کە بە شێوەیەکی پاشەکشەیی مێژووی "پیاوی سپی پێست" - لە بەشێکدا بە دڵنیاییەوە بە دروستی -

[١] DIE ZEIT, 5/2018

ئیدانە دەکات، بەڵام لەم کارەدا هەندێکجار نیشانەکە لە سنووری خۆی تێدەپەڕێنێت. بە تەنگکردنەوەی فەزای گوتار و دروستکردنی زۆرتری بابەتی بقە بە شێوەیەکی دەستکرد تا ئەو هێڵەی هەندێک کەس ئەو بڕوایەیان هەبێت چیتر ناتوانن ئەوەی بیری لێدەکەنەوە بیڵێن – دیارە لە ترسی ئەوەی نەکا گوتەکەیان بە هەڵە وەرگیرێ و لە ڕووی سیاسییەوە لە بەرەی ڕاستڕەوەکانیان دانێن. ئەوە بزووتنەوەیەکە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ " باڵادەستی سپی پێستەکان" و دەرئەنجامەکانی کۆلۆنیالیزم دەکات و هاوکاتیش هەر ڕەخنەیەک لە کەمینەکان، مێژوو و ئێستای ئایینەکەیان و ناڕەزایەتییەکانی ناو کۆمەڵگایان لەگەڵ ڕەگەزپەرستی وەك یەك و یەکسان دادەنێ.

دەستەواژەی ئیسلامۆفۆبیا "Islamophobie" لەلایەن ئەم بزووتنەوەی دژە ڕەگەزپەرستییەوە داڕێژراوە، کە نەک هەر لە ئاڵمانیا بەڵکوو بە پێی کات لە سەرانسەری جیهاندا کاریگەریی پەیدا دەکات. بەڵام بیرکردنەوەیەکی باش لە کردەوەدا هەمیشە ئەنجامێکی باشی نابێ. گومانی تێدا نییە کەمینەکان شایەنی پاراستنی تایبەتن، بەتایبەتی لە بەرامبەر هەڵاواردن و ڕەگەزپەرستیدا. بەڵام چەمکی وەک "ئیسلامۆفۆبیا" نەک هەر چەواشەکارانەیە، بەڵکوو مەترسیداریشە. چونکە ئەو، باوەڕ و باوەڕدار بەیەکەوە دەخاتە ناو چوارچێوەیەکەوە - ڕوانگەیەک نەک هەر تایبەت بە بناژۆخوازە موسڵمانەکانە، بەڵکوو کۆنەپەرستە ڕاستڕەوەکانیش دەگرێتەوە، کە جیاوازی نێوان

مرۆڤ و ئایدۆلۆژیا یان ئایین ناکەن. بۆ ئەوان هەموو موسڵمانێک پۆتانسێلێکی جیهادیستییە.

لێرەدا ڕێك ئەو سیاسەتە دەگونجێ، کە بزووتنەوەی دژە ڕەگەزپەرستی لە ڕووی سیاسەتێکی دورستەوە، ڕەخنەگرتن لە ئایین لەگەڵ هێرشکردنە سەر کەرامەتی مرۆڤ هاوتا دادەنێ. بە هیچ شێوەیەک موسڵمانانی ئاشتیخواز (واتە زۆرینەی موسوڵمانان) لە لایەن ڕەخنەگرانەوە هێرشیان ناکرێتە سەر. بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لێکۆڵینەوە لە ڕێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسی و گروپە بناژۆخوازەکان بکرێت. جیاوازییەک کە زۆرجار نوێنەرانی ئەم بزووتنەوەیە لەبەرچاوی ناگرن و نایبینن. بەڵام ئەگەر هەموو ڕەخنەیەک بە ڕەگەزپەرستی لێکبدرێتەوە، ڕەخنەگران ناشیرین و بێدەنگ دەکرێن و ئیسلامی سیاسیش کارتێکی سپی پێدەدرێت بۆ ئەوەی بەبێ گوشار پەرە بە کارەکانی بدات.

ڕەنگە بەڕێوەبردنی مشتومڕێکی کراوە سەبارەت بە ئیسلام لەم سەردەمە ئاستەمەدا بۆ حکومەتی فیدراڵی بە تەواوی ئەرێنی بێت. ئەو سیاسەتە سنوورەکانی وڵاتی بەڕووی سەدان هەزار پەنابەری جیهانی ئیسلامیدا "کردەوە"، کە زۆرجار وەك هەڵەیەکی سیاسی باسی لێوەدەکەن، لەمڕۆدا کەوتۆیە بەر هێرشی توڕەیی و ڕقی شاروەندانی خۆیانەوە. بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی شەوی سەری ساڵی ٢٠١٥/٢٠١٦ لە شاری کۆڵن و هێرشکردنە سەر بازاڕی کریسمس لە مەیدانی

برایتشاید"Breitscheidplatz" له شاری بەرلین له ساڵی دواتردا، ئەو دەنگانەی که بڕیارەکەی حکومەتی فیدراڵییان به هەڵه زانی و به گشتی موسڵمانانیان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆ سەیر دەکرد، به پێی کات نارازیبوونیان بەرزتر دەبێتەوە.

به تایبەت لەمڕۆدا که مشتومڕێکی دادپەروەرانه لەسەر ئیسلام، کۆچەری بیانی و ئینتیگراسیۆن یان(گونجاندن، دامەزراندن و گرێدانی مرۆڤی بیانی لەناو کۆمەڵگا سەرەکییەکە) گەلێك به خێرایی پێویسته، وەستاندراوە. له جیاتی ئەو کارە، مرۆڤیان لەم وڵاته بەسەر سێ دەستەدا دابەش کردووە: ئەوانەی بۆ ئاوارەکان کار دەکەن، به شارستانی و مرۆڤدۆست دادەنرێن؛ ئەوانەی له بوونی پەنابەران نیگەرانی خۆیان دەربڕیووە و لەگەڵ نیئۆنازی و ڕاستڕەوەکانی دیکه هەڵدەسەنگێندرێن و له سەفی هاوبەشی ئەواندا سەیر دەکرێن. دەستەی سێهەمیش که پێگەیەکی ڕوونیان نەبووە و بێدەنگ ماون، خراوەته ژێر گوشارەوە.

بەم شێوەیه مشتومڕ و گفتوگۆکه بەهۆی توڕەیی له لایەک، هەڵس وکەوتی ئەخلاقی له لایەکیتر و بێدەنگی لێهێنان له لایەن دەستەی سێیەمەوە له گەروی خۆیدا خنکاوە. جارێکی تریش ڕووداوێکی هاوشێوە له سەردەمی قەیرانی کۆرۆنادا ڕوویدا؛ لەوێش ئەو سێ دەسته مرۆڤه بەشداربوون، که لەگەڵ ڕەوتی بەردەوامبوونی پەتاکه و ئاستەمبوونی بارودۆخەکه پەیوەندییەکی ژیرانه و ئاڵوگۆڕی مشتومڕیان لەگەڵ یەکتردا وەستاند. وا دیارە

ئێمە نەک هەر چۆنیەتی حسابکردنمان لەبیرکردووە، بەڵکوو چلۆنایەتی تەحەممولکردنی بۆچوونەکانی یەکتریشمان لەبیرکردۆتەوە. کاتێک باس لە گفتوگۆی کراوەی ئەو سەردەمە واتە سەدەی نۆزدەهەم دەکرا بۆ فەیلەسوفی گەورەی بەریتانی جۆن ستوارت میل، "John Stuart Mill" **"قسە بکە و ڕێگە بدە قسە بکەن"** لە سەرووی هەموو یاساکانەوە بوو. لای ئەو بیری باش و خراپ، لە ئاگۆمێنتی یارمەتیدەر و مەترسیدار پێکهاتبوون. ئەگەر بیرۆکەیەک باش بووبێ، پێویستە لە چەندین ڕوانگەوە بە بەشداریی خەڵک باسی لێبکرێت بۆ ئەوەی مرۆڤێکی زۆر سوودی لێ وەربگرن. ئەگەریش بیرۆکەیەک خراپ بێت یان تەنانەت مەترسیدار بێت، ئەوا دەبێ بە ئاشکرا باسی لێوە بکرێت و بە هێنانەوەی ئارگۆمێنتی گونجاو، پووچەڵ بکرێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەرگری لەم بیرۆکەیە و ئاژاوەگێڕەکانی بکات. بەڵام نە لایەنگران و نە نەیارانی بیرۆکەکە بۆیان نییە پێشوەختە بڕیار لەسەر ئەوە بدەن ئایا هەڵسوکەوتێك باشە یان خراپ. دوای گوێگرتن لە موناقەشەی هەموو لایەنەکان بڕیاردان کاری جەماوەرە.

بەداخەوە لەمڕۆدا وەك یۆرگن هابرماس "Jürgen Habermas" ئاماژەی پێکردووە، کەمتر و کەمتر ئەم "ئەخلاقی گوتار"ە، بەڕێوەدەچێ. لە جیاتییان هەست، سۆز، ئەخلاق و هەڵسوکەوتی ڕەتکردنەوەی بەشداریکردن لە باس و گفتوگۆ، زۆربەی مشتومڕەکان دیاری دەکەن. چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا قسە لەسەر پووچەڵکردنەوەی ئاگۆمێنتێک یان

دیالۆگ لەسەر بنەڕەتی باسەکە بۆ گەیشتن بە کۆدەنگی نییە، بەڵکو هەوڵ و خەباتێکە بۆ ناساندنی ناسنامەی حیزبی و گروپ و ئەو بەرژەوەندییە سیاسیانەی لەگەڵیدا هاوڕێیە. ئەنجامەکەشی ڕەوتێکە لە فۆڕمی کولتوری هەڵوەشاندنەوە "culture cancel"، سەرزەنشتکردنێکە بۆ ئەو "بیرکردنەوە هەڵەیە" کە گوایە چیتر ئەم هەموو ئاگۆمێنتانە لە شوێنێکدا ناگونجێندرێن.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم دابەشبوونە بەسەر ئۆردوگای "باش" و "خراپ"دا، و بەمجۆرە تەسککردنەوەی فەزای گوتار، هەندێک کەس لەم وڵاتە هەستێکی نائارامیان تێدا پەروەردە بووە کە جیاوازیی و ناتەبایی لە نێوان ئەوەی بەڕاستی ڕوودەدات و ئەوەی میدیاکان باسی لێوە دەکەن، گەلێك جیاواز و بەرچاوە. پرۆسەیەکی گەلێك خاو کە بە دواکەوتنی یەکەم ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە شەوی سەری ساڵ لە شاری کۆڵن دەستی پێکرد. لە توێژینەوەیەکی درێژخایەنی زانکۆی شاری ماینز "Mainz" لە ساڵی ٢٠١٦ لەسەر بابەتی متمانە بە میدیاکان، لەسەدا ٢٢ی ئەوانەی بەشداربیان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، ڕایانگەیاندووە کە متمانەیان بە میدیاکان نەماوە. لە ساڵی ٢٠١٩، لە سەدا ٢٨؛ گریمانەیان کردووە میدیاکان لەگەڵ سیاسەتوانان بۆ دەستکاریکردنی بۆچوونی خەڵکی، پێکەوە هاوکاری دەکەن[٢].

[٢] https://medienvertrauen.uni-mainz.de/forschungsergebnisse-der-welle-٢٠٢٠-٣/

سەردەمی قەیرانی پەنابەران و کارەساتی کۆرۆنا گەلێك سەرنجڕاکێش بوون. وێدەچێ نەبوونی شەفافیەت لە ئارادا بووبێت، خەڵک وایان هەست دەکرد لە سیاسەتی وڵاتەکەیاندا بەشدار نین، هەروەها بە شێوەیەکی ناتەواو یان تەنانەت ناشەفاف زانیاریی هەڵەیان لەلایەن میدیاکانەوە پێدەدرێت. لە هەردوو بارودۆخەکەدا، سیاسەتوانان دەبوو بڕیارێک بدەن کە هەموو مرۆڤی پەیوەندیدار بەو بابەتانەوە، ئاگاداری ڕووبەڕوووەستانێك ببنەوە کە بەو شێوەیەی لە لایەن حکوومەت و میدیاکانەوە زەقکرابۆوە، هەرگیز بوونی نەبووە. ڕەنگە ستراتێژییەکی ژیرانە لەم کاتە ئاستەمەدا نەیدەتوانی بوونی هەبێ. بەڵام تا زیاتر ئەم ستراتێژییە وەدوا کەوت، هەروەها بەو ڕادەیەی بڕیار و ڕێوشوێنی دیاریکراو لە لایەن بەرپرسە فیدراڵیەکانەوە بە تایبەت لە کاتی پەتای کۆرۆنادا دژ بەیەکتر دەدرا، زیاتر مەیدانی بۆ خوڵقاندنی تیۆریی پیلانگێڕی پان و بەرین دەکردەوە. کاتێ باس لە پەنابەران دەکرا، هەندێک کەس باسیان لە"Umvolkung"[٣] یان "Ethnomorphose"[٤]دەکرد کە حکومەتی فیدراڵی پلانی بۆ دانابوو، کاتێکیش باس لە کۆرۆنا دەکرا، ئەوە هەڕەشەی "دیکتاتۆریەت" یان تەنانەت بە تاقیکردنەوەیەك لەسەر مرۆڤ وەك مشکی تاقیگاکان دەزانرا.

---

[٣] زاراوەیەکە کە لە لایەن سوسیال ناسیۆنالیستەکانی ئاڵمانی لە پەیوەندیی داگیرکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵات کەڵکی لێ وەردەگیرا.

[٤] زاراوەیەکە لە سیاسەتی نەتەوەیی ناسیۆنال سۆسیالیستی کە لە ناوچە داگیرکراوەکانی ڕۆژهەڵاتدا هاتە گۆڕەپانەوە کاتێک فەزای ژیان لە ڕۆژهەڵاتدا گونجا بوو و پەیوەندییەکی نزیکی بە پلانی گشتی ناوچە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە هەیە.

تەنیا ئەوکات مرۆڤ دەتوانێ قەناعەت بە زۆرینەی خەڵک بۆ سەلماندنی بیرۆکەیەک بێنێ کە بە بەشداریکردن، گفتوگۆ و مشتومڕێکی ئاشکرا لەگەڵ ڕەخنەگرانی ئەو بیرۆکەیە ئاگۆمێنتەکانیان پووچەڵ بکرێتەوە. کەلێنی متمانەی نێوان سیاسەتوان، میدیاکان و بەشێکی بەرچاوی خەڵکی بەردەوام گەورەتر دەبێتەوە ئەگەر نەتوانین مشتومڕێکی گونجاو و پێویست وەڕێبخەین و بەڕێوەبەرین. چونکە کاتێك تەوەرێك دوادەخرێ بەو مانایە نییە کە کێشەکە کۆتایی پێ هاتووە، هەروەها ئەوەی بە شاراوە دەگوترێ، زۆر مەترسیدارترە لەوەی بە ئاشکرا باسی لێوەدەکرێت.

ئەوەی پەیوەندیی بە ئایینی ئیسلامەوە بێت، ئێستا زانکۆکانی ئاڵمانیا و ڕێکخراوە سیاسییەکان و تەنانەت کلیسەکانیش کاتێ باس لەسەر "بە چاوی ڕەخنە سەیرکردنی ئایینی ئیسلام" بێ، خۆی لێ لادەدەن و چاوی لێ دەقووچێنن. تەنانەت نوێنەرانی ئیسلامی سیاسی و لایەنگرانی ئەردۆغان وەک وتارێژ بانگهێشت دەکرێن بۆ ئەوەی لێبوردەیی و فرەچەشنی و بە گوتەی خۆیان تولەرانس لە خۆیان نیشان بدەن. هاوکاتیش ڕەخنەگرانی ئایینی زۆرجار لەم باس و گفتوگۆیانە دوور دەخرێنەوە. تولەرانس و فرەچەشنی لێرەدا بە ڕوونی ئاماژە بۆ فرەچەشنی بۆچوون و لێبوردەیی بەرامبەر ڕەخنە نییە. من تەنیا کەس نیم کە چەندین جار ئەزموونی ئەوەم کردبێ، تەنانەت ڕەخنەی ژیرانە و مرۆڤدۆستانەشم لە ئایین بە قسەی ڕق و کینە و بێ ناوەڕۆك و دوژمنایەتی دژ بە ئایین ناوزەد کراوە و دەکرێن. بە دڵنیاییەوە

دەرئەنجامەکانی ئەو کارە کە دەنگی ڕەخنەگرانە دەخنکێنن و بە داوای لێبوردن لە ئایینی ئیسلام و ڕێگاخۆشکردن بۆ شکۆمەندکردنی لایەنە تاریکەکانی ئایینداییە بەبێ ئەوەی دژایەتیان لەهەنبەردا بکرێت یان بانگەشەی گونجاندنی یاساکانی شەریعەت و دیموکراسی بکرێ، لە داهاتوودا خۆیان دەردەخەن.

لێرەشدا تەسکبوونەوەی مەترسیداری فەزای گوتار دەبینرێ، کە نە یارمەتیدەری ئەو موسڵمانانە دەبێ وا لێرە دەژین و نە کۆمەڵگەی ئاڵمانی، بەڵکوو لە کردەوەدا تەنیا ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە بناژۆخوازە زێدەڕۆیەکان سودی لێوەردەگرن. هاوکاتیش ترسی ئەوە هەیە تەوەر و بابەتی ئایینی و کۆچی پەنابەران هەر وەک پێشتریش لە کۆمەڵگادا وەك نوێنەر و کێشەی سەرەکیی بمێننەوە کاتێک باس لەسەر ترس و گومان و توڕەیی مرۆڤی ناو کۆمەڵ دەکرێ. مەترسییەکە تەنیا ئەوە نییە کە ئەم کێشانە حیزبە ڕاستڕەوەکان جارێکی دیکە بەهێزتر دەکاتەوە، بەڵکوو ئامادەیی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لە نێو بەشێک لە کۆمەڵگادا بەرز دەکاتەوە: هێرشکردنە سەر مزگەوت، پەناگەی پەنابەران یان کەسانێک کە بە "موسڵمان" دەردەکەون، لەمڕۆدا کێشەیەکی گەلێك گەورەیە. ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوەی چالاکوانان دەستپێشخەریی نیازپاکی دەکەن و بە دەنگی بەرز ڕەگەزپەرستی ئیدانە دەکەن، کێشەکە چارە ناکات. دەربڕینی

هاودەنگی، وەک ئەوانەی دوای کوشتاری شاری هاناو "Hanau[٥]" لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠، ئاماژەیەکی گەلێك گرنگن. بەڵام ئەم کێشەیە تەنیا کاتێک کۆنترۆڵ دەکرێت کە جارێکیتر بە ئاشکرا باس لەسەر ئیسلام و خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دامەزرێنرێ. چونکە ئەمە تاکە ڕێگایە کە دەتوانێ بەهۆی باس و لێکۆڵینەوەوە، مشتومڕەکە بۆ ناوەندی کۆمەڵگا بگەڕێنێتەوە، بەبێ ئەوەی لەلایەن ئایدیۆلۆژییەکانەوە بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی حیزبیی کەڵکی لێوەربگرێ.

بەڕێوەبردنی ئەم مشتومڕە بەگشتی تەنیا لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگادا نییە، بەڵکوو لە بەرژەوەندیی ئەو مرۆڤە موسڵمانانەشدایە کە لێرە دەژین. چونکە تەنیا پەروەردە و ڕاهێنان دەتوانێت ئەوان لە ڕق و کینە و جیاکاریی ناو کۆمەڵگا سەرەکییەکە بپارێزێ. تەنیا لایەنێك کە سوود لە بێدەنگکردنی ئەم کێشانە وەردەگرێ، ئیسلامی سیاسییە. هەروەها تەنیا ئەوکاتەی کۆمەڵگە سەرەکییەکە موسڵمانە هاووڵاتییەکانیان لە کۆمەڵگادا یەکسان پێناسە پێبکات، دەتوانن بە شێوەی ڕەخنەگرانە گوشاری هێزە ئۆرتۆدۆکسە زێدەڕۆییەکان پووچەڵ کەنەوە. چونکە ئەم هێزە زێدەڕۆیانە دەزانن چۆن سوودێکی تەواو لە کەمتەرخەمی وەربگرن و هەستی سەربەخۆیی بە تایبەتی

---

[٥] لە هێرشەکەی شاری هاناو لە ١٩ی شوباتی ٢٠٢٠، تۆبیاز راتییەن "Tobias Rathjen" تەمەن ٤٣ ساڵ تەقەی لە نۆ کەس کرد کە پاشخانی کۆچبەریان هەبوو، دواتر دایکی و دواجار خۆشی کوشت.

له گەنجانی موسڵماندا پەرەپێبدەن، ئەو هەستەی زۆرجار لەلایەن کۆمەڵگە سەرەکییەکەوە لێیان زەوت دەکرێ.

لەمڕۆدا کاتێک باسی ئیسلام دەکەین، ڕووبەڕووەوەستانی چەندین کێشە دەبینەوە. یەکیان ڕووبەڕووەوەستانی ئینتیگراسیۆن یاخود توانایی خۆتێکەڵکردنی مرۆڤی بیانی لە کۆمەڵگا سەرەکییەکەدایە. تەنیا لێرەدا چەندین پارادۆکس لەسەر ڕێگا قوت دەبنەوە: یەکگرتنی سەرکەوتوو بە مانایەکی قووڵتر پێویستی بەوەیە موسڵمانان خۆیان لەگەڵ ئاڵمانیا و بەهائینسانییەکانی ناسیاو بکەن، هاوکاتیش بتوانن لێرە بە ئازادی و بەبێ بەربەست، لەگەڵ باوەڕ و بەها کولتوورییەکانی خۆیاندا ژیان بکەن. بەڵام هەندێک بەها کە ئەم باوەڕە بانگەشەی بۆ دەکات - وەک هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەر بە ئازادی کەسی، یەکسانی، بەرابەریی سێکسییەت و ڕەخنە لە ئایین - بە پێچەوانەی بەهاکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی و ڕۆشنگەرانەیە.

پاڕادۆکسێکیتر ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی موسڵمانان بانگهێشت دەکرێن بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە ناسنامەی ئاڵمانی، بەڵام هاوکاتیش کۆمەڵگا بە دەگمەن هەنگاو بۆ پێناسەکردنی ئەم شوناسە هەڵدەگرێ. هەندێک هەڵوێستی خۆیان لەسەر بۆچوونی "خوێن و خاک" لێکدەدەنەوە و تەنانەت ئەو موسڵمانانەی لێرە لەدایک بوون، ناسنامە و پاسپۆرتی ئاڵمانییان هەیە و هەست بە ئاڵمانیبوون دەکەن، هێشتا بە مرۆڤی بیانی دادەنێن.

مشتومڕ لەسەر ئینتیگراسیۆن و یەکگرتن تەنیا کاتێک دەتوانێ ڕووبدات کە ڕووبەڕووی باسی سەبارەت بە ناسنامە و بەهاکان ببینەوە. وەک کۆمەڵگای سەرەکی دەبێ پێشوازی لەو موسڵمانانە بکرێ کە پێشنیارەکانی کۆمەڵگا وەردەگرن، هەروەها دژایەتی ئەو هێزانە دەکەن کە دەیانەوێت ڕێگری لەم کارە بکەن.

ئەمەش پارادۆکسیکیترمان بۆ دروست دەکات: زۆر کەس لەسەر ئەو بۆچوونەن ئایینی ئیسلام بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە کۆمەڵگای ئوروروپا سەرەتا دەبێت پرۆسەی ڕێفۆڕم، چاکسازی و ڕۆشنگەریی تێپەڕێنێت. هاوکاتیش ڕێفۆڕمخوازان و ڕەخنەگرانی جیهانی ئیسلامی لە ئوروروپا نەک هەر بەدناو دەکرێن و دووردەخرێنەوە، بەڵکوو تەنانەت ژیانیان هاوڕێ لەگەڵ ترس، سووکایەتی و بێحورمەتییە. لێرەدا جیاوازیی لە نێوان ئەو کەسانەی بە هۆی ئایینەکەیانەوە ڕقیان لە موسڵمانانە و ئەو کەسانەی بە مەبەستی مرۆڤدۆستانە، ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای ڕق و کینەی ئیسلام دەگرن، بەدی ناکرێ.

بەڵام چلۆن ڕێفۆڕم و چاکسازی بەبێ مشتومڕێکی ڕاستگۆیانە لەسەر ئایین و بەبێ ئەوەی قسە لەسەر ئاگۆمێنتەکانی ڕەخنەگران بکرێت، بەڕێوەدەچێ؟

ئیمانوێل ماکرۆن "Emmanuel Macron" سەرۆکی وڵاتی فەرەنسا لە پاییزی ٢٠٢٠ شەڕی دژی ئیسلامیزمی ڕاگەیاند و داوای هەموارکردنەوەیەکی هاوتای یاسایی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ ڕاگەیاند. دووساڵ پێشتر واتە ١٦ی ئوکتوبری ٢٠٢٠ مامۆستای قوتابخانە

ساموێل پاتی "Samuel Paty" دوای ئەوەی کاریکاتۆری محەمەدی لە قوتابخانە پیشانی قوتابییەکانیدا و مزگەوتێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڤیدیۆیەکی ڕق و کینەی بەرامبەر بەو مامۆستایە بڵاوکردەوە، تیرۆر کرا.

ماکرۆن ڕایگەیاند دەیەوێت "ئیسلامێکی ڕۆشنگەریی" دروست بکات کە لەگەڵ بەهاکانی کۆمارەکەیدا بگونجێت. ڕاگەیاندنێک کە بەشێک لە ئیمامەکانی ئەو وڵاتە پێشوازییان لێکرد. بەڵام کاتێک بە حەق ئیدیعای کرد ئاینی ئیسلام خۆی لەخۆیدا "کێشەی" بزووتنەوەی زێدەڕۆیی و توندڕەوی هەیە، شەپۆلێکی تووڕەیی بەدوای خۆیدا هێنا. چەندین وڵاتی موسڵمان داوای بایکۆتکردنی بەرهەمە فەرەنسییەکانیان کرد. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا بە شێوەیەکی شەخسی هێرشی کردە سەر ماکرۆن و داوای لێکرد پشکنینی باری دەروونی خۆی بکات. هەروەها ئەردۆغان ئاماژەی بەوەش کرد دەوڵەتانی ڕۆژئاوا پلانیان داناوە بۆ "چاپێکی نوێی شەڕە خاچپەرستەکان" و سیاسەتمەدارەکانیان "ئەندامانی زنجیرەی نازی"یەکان بوون. دواتر درێژەی بە قسەکانی دا و ڕایگەیاند ئوروپا خەریکە دەبێتە زیندانێکی کراوە بۆ موسڵمانان: "موسڵمانان ئەمڕۆ تووشی هەڵمەتێکی کەمپینی هاوشێوەی ئەو هەڵمەتەی پێش شەڕی

جیهانی دووەم دژی جولەکەکان لە ئورووپا ئەنجامدرا، بوونەتەوە"[٦].

لێرەدا کەسێکی نەخۆشی وەك ئەردۆغان ئەو کەسەی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە ڕادەگەیێنێ، بە نەخۆشی دەروونی دادەنێ. ستراتیژێکی سەلمێنراو کە بۆ چەندین سەدەیە پێشی بە ڕێفۆرم و چاکسازیی لە جیهانی ئیسلامدا گرتووە. ئەم کاردانەوە توندانەی جیهانی موسڵمانان بە تەنیا نیشان دەدا کە ماکرۆن لە بنەڕەتدا ڕاست دەکات.

لەڕاستیدا ئەو ڕاگەیاندنانەی سەرۆک کۆماری فەرەنسا دەکرا مشتومڕێک لەسەر ئیسلامی سیاسی و ئیسلامیزم لە ئاڵمانیا دروست بکات. یاخود لانیکەم دوای هەڵسوکەوت و وتارە توڕەییەکانی جیهانی ئیسلام لەم دوایانەدا دەبوو ببێتە هۆکارێک بۆ وەڕێخستنی باس و لێکۆڵینەوەی نوێ، چونکە لەم وڵاتەشدا مزگەوت بانگەشەی توندوتیژیان تێدا دەکرێت و لێرەشدا بانگەوازی ڕق و کینە لە ئینتەرنێت و هێرشی توندوتیژی ئیمامەکان بۆ سەر بەها ئینسانییەکانی کۆمەڵگا و مانیپولیرەکردنی گەنجانی موسوڵمان دەکرێت کە لە ژێر کاریگەریی و چەتری ڕێکخراوی تورکیا "DITIB" لەلایەن ئەو ڕێکخراوەیەوە بەڕێوەدەچێ و لەڕووی ئابووریشەوە پشتیوانی لێدەکرێ. ئەم ڕێکخراوەیە بەهۆی نزیکیی لە ئەردۆغانەوە چەندین جار ڕەخنەی لێگیراوە،

---

[٦] https://www.rundschau-online.de/news/politik/nach-macronaeusserun gen-erdogan-nennt-europaeische-politiker--faschisten- -٣٧٥٣٨٨٥٨?cb=١٦٥ ٢٣٦٠٣٢٢٣٥٣١&

بەڵام لەوە زیاتر تێپەڕ نەبووە و بە شێوەی جیددی باسی لێوەناکرێ و هەڵوێستی لەهەنبەردا ناگیرێ.

وێدەچێ سیاسەتوانان نایانەوێت لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی لێرە دەژین ڕووبەڕوو ببنەوە، کە سەرۆک کۆماری تورکیا بە پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان لە ئاڵمانیا دادەنێن. ئەم سەرۆکە لە لایەکیتریشەوە لە ساڵی ٢٠١٦ەوە ڕۆڵی گۆپاڵ هەڵگری ئورووپا دەگێڕێت کە بڕیارە ڕێگری بکات لە هاتنی پەنابەری زیاتر بۆ ئەم وڵاتانە. هەروەکوو نایانەوێت هاوبەشە بازرگانییەکانیان لە وڵاتانی کەنداو دووربخەنەوە یان دڵیان بڕەنجێنن، بەتایبەتی کە لە ئێستادا بەهۆی هەڵمەتی پوتین بۆسەر ئۆکرائین بەپەلەتر لە جاران بە مەبەستی دەستەبەرکردنی دابینکردنی نەوت و گاز پێویستیان پێیەتی.

لەولاشەوە دەوڵەتانی کەنداو بەتایبەتی لە وڵاتی خۆیاندا ڕێوشوێنی بەردەوام دژی ئیسلامیزم دەگرنەبەر، چونکە ئاسایشی ناوخۆ و بەمەش سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی وڵاتەکەیان دەخەنە مەترسییەوە. بەڵام سیاسەتوانانی ئاڵمانیا دوودڵن لە هەڵوێستی ڕوون. ترس لە تۆمەتبارکردن بەوەی وڵات دیسان چەوساندنەوەی کەمینەیەکی ئایینی دەکات، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە.

لە لایەکی دیکەوە لە وڵاتی فەرەنسا ترس لە کۆلۆنیالیزم و پەیوەندیی ئابووریی لەگەڵ وڵاتانی موسڵمان هۆکار بوون بۆ ئەوەی خەڵک ساڵانێک دوودڵ بن لە گفتوگۆ و قسەکردن

لەسەر کێشەکانی ئیسلامگەرایی لەم وڵاتەدا. سیاسەتی "laissez faire"[٧] و "laissez passer"[٨] بووە هۆی ئەوەی دەوڵەت لە هەندێک ناوچە و گەڕەکی شارە گەورەکاندا کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات و ببێتە هۆکار بۆ هێرشی تیرۆریستی وێرانکەر هەروەها ئەو ڕاستییەی کە پەراوێزی ڕاستڕەو ئیتر لە پەراوێزدا نەمێنێ، هەروەك مارین لی پێن "Marine Le Pen"[٩] هێندە خۆی لە ناوەندی کۆمەڵگا نیزیك کردۆتەوە، کە حیزبی ڕاست وەك مەترسییەکی گەورە سەیر دەکرێ. بێدەنگیی درێژخایەن لەسەر ئیسلامیزم و کێشەکانی کۆچبەری، کۆمەڵگەی فەرەنسی بە قووڵی دابەش کردووە و سیاسەتی شوناس و ناسنامەییش ململانێکانی ناو ئەم وڵاتەی گەورەتر کردۆتەوە. لەژێر سیبەری بێباکی و هەڵە تێگەیشتن لە تولەرانس و لێبوردەیی هەروەها بەرژەوەندی ئابووریدا، ڕەوتە ڕادیکاڵەکان توانیان توانایی وێرانکەری خۆیان پەرەپێبدەن.

پێشهاتەکانی وەک ئەوەی لە فەرەنسا، هەروەها لە وڵاتانی سکاندیناڤیاش ڕوویاندا، پێویستە زەنگی ئاگادارکردنەوە و لەخەوهەستانمان بێت. چونکە ئەو ڕەوتە سنووری نیشتمانی

---

[٧] "Laissez-faire" چەمکێکی فەڕەنسییە بە واتای وشەیی بە مانای "با بیکەین" یان "با ڕووبدات". زۆرجار بۆ وەسفکردنی سیاسەتێک یان فەلسەفەیەک بەکاردێت کە بانگەشە بۆ کەمترین دەستوەردانی حکومەت لە کاروباری ئابووری و سیاسیدا دەکات.

[٨] هەروەها "Laissez-passer" دەربڕینێکی فەڕەنسییە کە بە واتای وشەیی وەرگێردراوە بۆ "با تێپەڕین". بەگشتی "laissez-passer" ئاماژەیە بۆ بەڵگەنامەیەک یان پاسپۆرتێک کە ڕێگە بە کەسێک دەدات بە ناوچەیەکی دیاریکراودا گەشت بکات یان بتوانێت بگاتە شوێنێکی دیاریکراو. زۆرجار بۆ بەڵگەنامەی گەشتە کاتییەکان بەکاردێت کە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی کاتی جێگرەوەی پاسپۆرتی ئاسایی بێت، وەک لە بارودۆخی تایبەتدا کە پاسپۆرتی تەواو لەبەردەستدا نییە.

[٩] مارین لێ پێن پارێزەر و سیاسەتمەدارێکی فەڕەنسییە و لە پارتی ڕاست - ناسیۆناڵ، کە بە پۆپۆلیستی ڕاستڕەو تا توندڕەوی ڕاست پۆلێن دەکرێت و لە ساڵی ٢٠١٨ ەوە لە ژێر ناوی بەرەی نیشتمانی دەرکەوتووە.

ناناسێ. لێرە ڕیتۆریکی ناسنامەی ڕاستڕەو لە لایەک و سیاسەتی ناسنامەی چەپ لە لایەکی دیکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر گفتمانیان بە شێوەیەك لە قاڵب دا کە بووە هۆی وەستانی. ئەمڕۆ ئیتر کاتی ئەوە هاتووە باسەکە جارێکیتر بکەینەوە و بیهێنینەوە ناوەندی کۆمەڵگا. پێویستە ئەمجارەیان باسەکە بە ئاشکرا، دادپەروەرانە و ئامانجدارانە بەڕێوەبەرین. بە ڕاستگۆیی، ڕێزداریی، بەڵام ڕەخنەگرانە، پشتگیری ڕاستییەکان بین. هەروەها هۆشیارانە و ژیرانە، لەبری ئەوەی بارگاویی سۆزداری و تەسککردنەوەی گوتار بێت.

بۆ ئەوەی ئەم کارە سەرکەوتووانە بەڕێوەبەرین، دەبێ لە مانا و ئامانجی ئیسلام تێبگەین، و جیاوازیی نێوان ئیمان و باوەڕداریی لە لەیەکەوە و ئیسلامیزم لە لایەکیترەوە بناسین. بۆ ئەوەی ئەم کارە بە باشی بەرێوەبەرین نابێ موسوڵمانی ئاسایی لەگەڵ جیهادیست وەك یەك سەیر بکەین و ڕەخنەگری ئایینی بە ڕاسیست و نەتەوەپەرەست ناوزەد بکەین. هەر بۆیە لەم کتێبەدا ئاوڕێک لە مێژووی دوور و درێژی ئیسلام دەدەمەوە، کە بە مانایەکی دیاریکراو مێژووی ئورووپاش دەگرێتەوە. ئیسلام ئیمپراتۆریەتی خۆی لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریەتی بیزانس (ڕۆم) بنیاتنا و خۆی وەک سەرکردەی نوێی شەرعی جیهان دەبینی. تەنانەت لەدەستدانی دەسەڵاتی ئیسلام کە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٢دا هاتە ئاراوە، گۆڕانی بەسەر ئەم ڕوانگەیەدا نەهێنا.

بەڵام مێژووی ئورووپا لەگەڵ ئایینی ئیسلام هەمیشە مێژووی دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە نەبووە. سەردەمی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئاڵوگۆڕی کولتووری و زانستیشیان ئەزموون کردووە. بیزانس، ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیەی لە سەدەی شەشەمدا لە باشووری ئیسپانیاوە تا ئیتالیا و باڵکان هەروەها تا نیمچە دوورگەی عەرەبی و باکووری ئەفریقا خۆی بڵاوکردبۆوە، نمونەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ عەرەبەکانی پێش ئیسلام بووە. تەنیا ئەو کاتەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات لە ناوەوە لاواز بوو، ئیسلام توانی بڵاوبێتەوە و عەرەبەکان یەکەم هەوڵی خۆیان (کە سەرکەوتوو نەبوون) بۆ گرتنی قوستەنتینیەی پێتەخت بەڕێوەبرد.

لە بەغدا و ئەندەلوس"ئیسپانیا" موسوڵمانان مۆدێلێکیان بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە دامەزراندبوو کە بۆ بارودۆخی ئەوکات – تولەرانس واتە لێبوردەیی ئایینی، ئۆتۆنۆمی کەمینەکان و ڕێز و هاوکاریی جوولەکە و مەسیحی و زەردەشتی، گەلێك پێشکەوتووانە بوو. ئەوان بەڕووی ناسینی گەلانی دیکەدا کراوە بوون و کارە ئەدەبییەکانی کۆنیان وەرگێڕا کە دواتر بۆ سەردەمی ڕێنێسانس لە ئورووپا گرنگییەکی زۆریان پێدرا. هەرچەندە ئەم قۆناغەی لێبوردەیی و ڕێزلێنان بە گشتی تاڕادەیەک کورتخایەن بوو، بەڵام نیشانیدا چلۆن مرۆڤ دەتوانێت سوود لە هاوژیینیی پۆزیتیڤ وەربگرێت ئەگەر شەیتان نەچووبێتە کلیشەیانەوە. زێدەڕۆیی ئایینی دواجار هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی جیهانی ئیسلامی

دەوری خۆی لە بواری زانستیدا لەدەستبدا و لە گۆڕانکارییەکانی مۆدێرن و ڕۆشنگەریی بێبەش بمێنێتەوە.

ئیمپڕاتۆریی عوسمانیەکان دوایین موسڵمان بوون کە وەک داگیرکەر هاتنە ئورووپا. کێبەرکێ و بەربەرەکانی لەهەنبەر ئەوان تۆوی سەرهەڵدانی هۆشیارییەکی ئورووپی چاند، لە کاتێکدا بۆ موسڵمانان ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تا ئەمڕۆش کارتێکەرییەکانی وەک زەبرێکی قووڵ، برینەکەی ماوەتەوە و سارێژ نەکراوە. ئەمڕۆ ئیتر موسڵمانان وەک داگیرکەر ڕوو لە ئورووپا ناکەن، بەڵکوو وەک کۆچبەر. زۆربەیان مرۆڤی ئاشتیخوازن و بۆ ئامانجی سیاسی بەدواداچوون ناکەن. بەڵام مرۆڤی زێدەڕۆی ئیسلامی و ئەو هێزانەی دوای کۆتایی هاتنی دوایین خەلافەت نەیانتوانیوە هێشتا ئەو شکستە هەزم بکەن، بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لەگەڵیاندا وەڕێکەوتوون. ئەوان دەیانەوێت ئەم موسڵمانە ئاشتیخوازانە بۆ مەبەستی خۆیان بگرنە دەست و بە هەموو توانایانەوە بۆ گەڕاندنەوەی دوبارەی ئیسلام بۆ ئورووپا هەوڵدەدەن. بۆ ئەوان کۆچکردنی موسوڵمانان (هەروەك کۆچی محەمەد لە مەککەوە بۆ مەدینە) ئەرکێکی پیرۆزە بۆ یارمەتیدانی ئیسلام و گەشەسەندنی دووبارەی ئایینەکەیان لە ئورووپا.

خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدایە کە ئەم هێزانە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن سەردەمی زێڕینی ئیسلام واتە قۆناغی گوڵکردنی کولتووری و کراوەیی نێوان ساڵانی ٧٦٢ بۆ ١٢٥٨ قەرەبوو بکەنەوە. ئەوان

ئاماژە بەو گوتەیەی محەمەد دەکەن کە دەڵێت: "ئیسلام وەک بێگانەیەك لەدایک بووە و وەک بێگانەیەکیش دەگەڕێتەوە.[١٠] بە واتایەکی تر: وەک فەتحکەرێک."

کاتێک پێغەمبەر و کۆمەڵەیەکی بچووک لە شوێنکەوتوانی لە ساڵی ٦٢٢ لە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە، ناوکێکی بەهێزیان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێك خوڵقاند کە ئێستا وەک مۆدێلێک ئیسلامییە مۆدێرنەکان ئارەزووی دەکەن. دەوڵەتێک کە هەموو بوارەکانی ژیان لەسەر یاسای قورئان بەڕێوەبەرێ و جیهان بەسەر باوەڕدار و بێباوەڕدا دابەش بکات. غەیرە موسڵمانەکان ناچارکران نیمچە دوورگەی عەرەبی بەجێبهێڵن و ئەو هەمەچەشنی و لێبوردەییە ئایینییەی لە مەککەی پێش ئیسلام ناوبانگی دەرکردبوو، بە تەواویی لەناوبەرن و تیونا بکەن. بۆ ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ، سەردەمی محەمەد ئەو دەوڵەتە ڕەسەنەیە کە پێویستە زیندوو بکرێتەوە، چونکە بۆ ئەوان باشترین دەوڵەت و نموونەی ئیمانداریی "ئایینی ئیسلامی" ئەو سەردەمە بووە، لە کاتێکدا قۆناغی خەلافەتی عەباسی لە چاوی ئەواندا بە "نائیسلامی" دادەنرێت، چونکە کەمتر دۆگماتیزم و خواپەرستی لەگەڵدا بووە.

لە ڕاستیشدا سەردەمی زێڕین (واتە سەردەمی عەبباسییەکان) لەوپەڕی ئاشتی و تولەرانسدا ژیاون. سەردەمێك کە هونەر،

---

١٠ Ibn al-Haddschādsch, Muslim: Ṣaḥīḥ Muslim, kitab al-iman, Band 1, S. 128

فەلسەفە، زانست و دۆخی ئابووریی گرنگایەتی زیاتریان لە شەریعەت و قورئان هەبووە. لە بەغدا و کۆردۆبا"Córdoba" (قرطبە) ئەندامانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان نەک هەر تارادەیەکی زۆر بە شێوەی ئاشتیانە پێکەوە ژیاون، بەڵکوو هاوکاری یەکتریشیان کردووە و کولتوورێکی پێشکەوتوویان خوڵقاندبوو کە بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی ئورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوپەڕی پێشکەوتنخوازی و لێبوردەیی پێشکەش دەکرد.

شێوازی پێکەوەژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمە دەتوانێت ببێتە مۆدێلێک بۆ ئورووپای ئەمڕۆ. هەروەها شێوازی دارمانی ئەم مۆدێلە دەبێ ئاگادارکردنەوە و زەنگی مەترسییەک بێت بۆ ئەمڕۆی ئێمە.

پێداویستیی یاخود پێشمەرجی گەشەسەندنی بەغدا و کۆردۆبا لەو سەردەمەدا دەوڵەتێکی بەهێز و متمانە بەخۆبوو کە لە لایەکەوە ئازادییەکی زۆری بە مرۆڤی کۆمەڵگا دەدا بەڵام لەولاشەوە بە زەبری دەستێکی ئاسنین بزووتنەوە جوداخوازەکانی سەرکوت دەکرد. لایەنگران و ئەندامانی هەموو نەتەوە و ئایینەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا دڵسۆزی دەوڵەت بوون. هەمووان بە یەکسانی لە ئازادیی توێژینەوە و هونەر، لە ئاڵوگۆڕی زانست و ئەزموونەکان سوودمەند بوون. ئایین و ناسنامە لە پێکەوەژیاندا ڕۆڵێکی کەمیان هەبوو، زۆرێک لە یاساکانی شەریعەت لە پراگماتیزمێکی پاک و خاوێنەوە هەڵپەسێردرابوون:

خواردنەوەی ئەڵکۆڵ، سەما، گۆرانی، هۆمۆئیرۆتیک و تەنانەت شیعر و پەخشانی ڕەخنەگرتن لە ئایین لە بەغدا و کۆردۆبا نەك هەر قەدەغە نەکرابوون، بەڵکوو وەك بەشێك لە ڕەوتی کولتووری سەیر دەکران.

ئێرانی، مەسیحی و جولەکەکانیش خۆیان لەگەڵ دەوڵەتدا پێناسە کردبوو، چونکە نەک هەر لەوێ لێبوردەیی ئاینییان ئەزموون کردبوو، بەڵکوو توانیوبوویان پیشەی خۆشیان بە ئازادی بەڕێوەبەرن. فەرمانڕەوا موسڵمانەکان حەزیان لە زانستی یۆنانییە کۆنەکان بووە و ئیزنی وەرگێڕانی چەندین بابەتی فەلسەفی و زانستییان داوە. لە سەدەی نۆهەمەوە قوتابخانەی یاسای موعتەزیلی "Muʿtaziliten" تێگەیشتنی ژیرانەیان بە باڵاترین دەسەڵاتی ئیلاهیات لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام و گرنگیان بۆ ژیانی ڕۆژانەی موسڵمانان ڕاگەیاند. هەروەها لە سەدەی دەیەمدا، زانای ئیسلامی محمد ئەلفارابی "Muhammad al-Fārābī" (٨٧٢-٩٥٠) لەو بۆچوونەدا بوو کە کەسایەتی فەیلەسوف لە ئاستێکی بەرزتر لە پێغەمبەر دابنرێت چونکە فەیلەسوف دەتوانێت بە پێچەوانەی پێغەمبەران بەڵگەی مەعقول بۆ ئاگۆمێنتەکانیان بخاتە ڕوو. فارابی لەسەر بنەمای(Politeia) ی ئەفلاتون، مۆدێلی خۆی بۆ دەوڵەت دارشت کە بانگەشەی بۆ جیاکاریی لە نێوان بابەتی میتافیزیکی و مەدەنی واتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت دەکرد. ناوبراو لەمڕۆدا بەهۆی ئەم شێوە بۆچوون و

ڕەچاوکردنانە دەبوو چاوەڕوانی فتوا و ڕەنگە هەڵواسینی خۆی بکات.

هەر لە سەرەتاوە لە ئیسلامدا بەردەوام دوو ئۆردوگا هەبووە: ئەوانەی دەقەکانیان بە شێوەیەکی ڕستەیی و وشە بە وشە لێکداوەتەوە و ئەوانەی بڕێك بەخشندەتریان لێکداوەتەوە – واتە زیاتر لەسەر بنەمای عەقڵ - یاخود بە پێوەر بۆ هەموو تەوەر و هەڵسوکەوتێکیان دانەناوە. هەرکاتێک ڕوانگە عەقڵانییەکە زاڵ بووبێ، پێکەوەژیانی ئاشتیانە و گەشەسەندنی زانستی بەدوادا هاتووە. هەرکاتێکیش زێدەڕۆی دڵسۆز بە دەقی نووسراوەکە پێشەنگایەتی کردووە، واتە کاتێك ئەخلاق لە سەرووی عەقڵ و شوناس لە سەرووی زانستەوە بووە، پێشکەوتن بەرەو خوارەوە شۆڕبۆتەوە و کەمینەکان چەوسێنراونەتەوە و گۆشەگیر کراون.

بە درێژایی مێژوو، هەڵسوکەوتی ئۆرتۆدۆکسی هەمیشە سەرهەڵدانێکی بەخۆیەوە بینیوە کاتێک دەوڵەت لاوازیی لەخۆی نیشان داوە یان تووشی شکست هاتووە. بۆ نموونە ئیمپراتۆریەتی عەباسی سەرەتا لە ناوەوە لاواز کرا پێش ئەوەی دواجار بەهۆی لەشکرکێشی مەغۆلەکان لە سەدەی ١٣دا بە تەواوی هەرەس بێنێ. هاوکات خاچپەرستان هێرشیان کردە سەر سوریا و میسر. زانایانی زێدەڕۆی موسڵمان هۆکاری ئەم هەرەسهێنانە و قۆناغەکانی لاوازییان لە دووربوونەوەی موسڵمانان لە قورئان و شەریعەت دەبینی. داوای پێچدانەوەیان کرد، ئەنجامەکەشی بووە هۆکار بۆ دواکەوتن لە پێشکەوتوویەکانی زانستی جیهان.

هێزە ئۆرتۆدۆکس و زێدەڕۆکان دڵنیابوون لەوەی قورئان لە سەرووی زانست و هەستی ئایینی لە سەرووی عەقڵەوەیە. هەڵوێستێک کە پێشتر لە سەدەی ١١دا ژیانی کۆردۆبای لە بنەڕەتدا گۆڕیبوو.

لەو سەردەمەدا کۆچبەرە موسڵمانە زێدەڕۆکان لە باکووری ئەفریقاوە هاتبوون و ڕەوتی ژیانی شارەکەیان بە توندی بە نائیسلامی دەزانی. ئەوان لە دژی خەڵکی ئایینەکانیتر، هونەرمەند و زانایانی دیکە هەڵوێستیان گرت و کتێبەکانی فەیلەسوفی بەناوبانگ ئیبنی ڕۆشد (ئاڤێرۆس "Averroës")یان سووتاند کە بەرهەمەکانی ئەرستۆی وەرگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی و تێبینییە فەلسەفییەکانی خۆی تێدا گونجاندبوو. زانستی فەلسەفە بە "سەرلێشێواوی" ناسێندرا و زانستی کیمیایی وەک دەستێوەردانێک لە خوڵقاندنی خودا بە کارێکی شەیتانی لەقەڵەمدرا. ئیبنی ڕوشد و گەورە ڕۆشنبیرانی دیکە ناچار بە ڕاوەنان لە ئەندەلوس کران، کۆردۆبا لە دۆخێکی پڕ لە زانست، تولەرانس و لێبوردەییەوە بەرەو دۆخێکی زێدەڕۆیی ئایینی نزم کرایەوە. ئیمپراتۆریەتی ئەندەلوسی – موسڵمان، پارچە پارچە کرا و بەسەر چەندین ناوچەی بچووکدا دابەشکرا، کەبۆ چەندین سەدە شەڕێکی ماڵوێرانکەریان دژ بە یەکتر وەڕێخست. لێرە بەولاوە هەرکام لە حاکمە نوێیە موسڵمانەکان تەنیا خەمی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان دەخوارد. لێکدانەوەی جیاوازی گوتەی ئایینی ئامرازێکی چارەنووسساز بوو بۆ پاراستنی دەسەڵات، چونکە فەرمانڕەوایەکی موسڵمان دەتوانێ بە ئاسانی

هێرش بکاتە سەر فەرمانڕەوایەکیتری موسڵمان و پووچەڵی کاتەوە ئەگەر بانگەشەی ئەوەی بۆ بکات لێکدانەوەکەی و چلۆنایەتی بۆچوونی بۆ ئایینی ئیسلام هەڵەیە و  لەگەڵ یاساکانی قورئان کۆك نییە.

ئەم فۆرمە سیاسەتەی ناسنامەیی تا هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەردەوام دووبارە و سێبارە بۆتەوە. کۆتایی هاتنی خەلافەت و دابەشکردنی خاکەکانی لە نێوان زلهێزە گەورەکانی ئورووپادا، هەموو جیهانی ئیسلامیی خستە قەیرانێکی مەزنی ناسنامەییەوە. ڕەنگە ئیسلامی زێدەڕۆی مۆدێرن دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کۆلۆنیالیزم بێت، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی لە ئیلاهیاتی ئیسلامی ئۆرتۆدۆکسدا هەیە، کە هەمیشە لە کاتی قەیرانەکاندا گەشەی کردووە و سەریهەڵداوە. ئەمڕۆ ئەم شێوازە زێدەڕۆییە، سیاسەت و ژیانی زۆربەی موسڵمانانی جیهانی ئیسلام و ئورووپا دیاری دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی بوونی بەهێزی ڕۆژئاوا و بە کاریگەریی نەرێنی و میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردنیەوە، ئیسلامی سیاسیی زێدەڕۆ بەنیازە وا لە موسڵمانان بکات بگەڕێنەوە بۆ ئەو باوەڕەی لە ڕوانگەی خۆیانەوە بە ڕاستەقینەی دادەنێن. میکانیزمێکی کوشندە کە بۆ گەڕان بەدوای هۆکاری هەرەسهێنانی  دۆخی سیاسی و ئابووری خۆیان، بۆ نیشاندانی "هەڵەکار" نەك لای خۆیان بەڵکوو لای ئەوانیتر بەدوایدا دەگەڕان. ئەو هەڵسوکەوتە مرۆڤ لە عەقلیەتی قوربانیبووندا دەهێڵێتەوە، بەڵام هاوکاتیش جیهادیستە مۆدێرنەکان هان دەدات لە جیاتی دۆزینەوەی

ڕێگاچارەیەکی گونجاو بتوانن توندوتیژی بەکاربهێنن، قامك بۆ لای مرۆڤی بیانی ڕاکێشن و بۆ ئەوەی خۆیان لەو دۆخە ڕزگار بکەن ئەوان بە تاوانبار دانێن.

ئورووپا دەتوانێ زۆر شت لە سەرهەڵدان و داکشانی کولتووری عەرەبی- ئیسلامی فێربێت. بۆ نمونە تولەرانس و لێبوردەیی دەسەڵات، پێویستی بە دڵسۆزی هاوڵاتیان هەیە. هەروەها فرەچەشنیی نەتەوە و ئایینەکانیش پێویستی بە فرەچەشنی بۆچوون و ڕەخنەی ئازاد لە ئایین هەیە. بەڵام ئەگەر "فەرهەنگی هەڵوەشاندنەوە"ی ئێستا، بە وروژاندنی بیروڕای جیاواز وەک دەربڕینی ڕق و کینە یان ڕەگەزپەرستی لێکبدرێتەوە، ئەوا بناغەکانی کۆمەڵگەی کراوەی ئێمە دەهەژێنێت. ئەمەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یارمەتی ئیسلامیستەکان دەدات بۆ بنیاتنانی ژێرخانی تایبەت بە خۆیان لە ئاڵمانیا و تەنانەت ئورووپاش.

ئەگەر زێدەڕۆیانە باس لەو تەوەرە بکەین، مرۆڤ دەتوانێت بڵێ: <u>لە کاتێکدا بەلەمی ئیسلامیزم لە جیهانی عەرەبیدا کونی تێکەوتووە و هەڕەشەی نوقمبوونی لێدەکرێ، وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوونەتە مەلەوانی ڕزگارکەریان.</u> بۆ نموونە لە میسر لە ئەنجامی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ٢٠١٣ ئیخوان ئەلموسلیمین دەسەڵاتی خۆی لە وڵاتی دایکی بزووتنەوەکەدا لەدەستدا. هەروەها برایانی موسوڵمان لە تونس و مەغریبیش شکستیان هێنا. پاش ئەوەی چەندین هەوڵی کودەتا لە کەنداو لەلایەن

برایانی موسڵمانەوە پاڵپشتی کران، لایەنە داراییەکانی پێشووی سعودیە و ئیمارات پشتیان تێکردن. سعودیە و میرنشینەکان لە ساڵانی ڕابردوودا کۆمەڵێک چاکسازیی و ڕیفۆرمیان هێناوەتە ئاراوە، بەتایبەت لە بواری جیاکاریی جینسی و مافەکانی ژنان تەنانەت قەدەغەکردنی خواردنەوەی ئەلکۆلیش جێگەی مشتومڕ و خراوەتە بەر باس. تەنانەت لە میسریش ئەو دەنگانەی داوای وەشانێکی هاوچەرخی ئایینی ئیسلام واتە خۆگونجاندنی لەگەڵ جیهانی مودێرنی ڕۆژ، دەکەن، زیاتر و بەرزتر دەبنەوە. چونکە لێکدانەوە توندەکان و هەڵسوکەوتی زێدەڕۆیانە زیان بە گەشتیاری و بە تایبەت پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی قیبتی و موسڵمانان دەگەیەنێت.

دوای ئاکارە دڕندەکانی داعش و شەڕە زۆرە ناوخۆییەکانی ناوچەکە، لەمڕۆدا ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی عەرەبی لە ئیسلامی سیاسی بە ورياییەوە پەرەی گرتووە و ئامادەیی بۆ ڕۆیشتن بەرەو کۆمەڵگایەکی سیکۆلار، خۆش کردووە. بەڵام بەداخەوە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان برایانی موسوڵمان و نوێنەرانی دیکەی ئیسلامی سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر بە دەستی کراوە و بە بێ پێشگرتن تێکۆشانی خۆیان دەکەن، کەل و پەل بۆ یارمەتی کۆدەکەنەوە، لایەنگر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و ئایدۆلۆژیای دژە ڕۆژئاوایی و دژە دیموکراسی بڵاودەکەنەوە. لەوەش کوشندەتر، دەوڵەت کێشەی ئینتیگراسیۆن بە "ئیسلام"ەوە دەچەسپێنێ و کۆمەڵە ئیسلامییە سیاسییەکان وەک هاوبەش و

هاوکاری دەوڵەت سەیر دەکات، بەڵام هاوکاتیش پێش بە دەنگی ژیرانە و ڕەخنەگرانە دەگرن و نایەڵن بە گوێی خەڵکی بگات.

لەم وڵاتەدا مرۆڤێکی زۆری موسڵمان دەژین کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئیسلامی سیاسییەوە نییە و هەست دەکەن ئوورووپی یان ئاڵمانین. بەڵام بە پێی کات تا دێت لە نێوان بەرەکاندا زیاتر گیر دەخۆن. چونکە لێرەشدا شەڕی کولتووریی نێوان عەقڵ و هەستی ئایینی، لە نێوان زانست و لێکدانەوەی وشە بە وشەی قورئان لە ئاستی سەرووی خۆیدایە. زێدەڕۆیانی ئایینی سیاسی لە لایەکەوە چالاکانی ئایینی موسڵمانە میانڕەوەکان وەک ئەوەی لە ئەندەلوسدا ڕوویدا - بە شێواندنی ئیسلامی ڕەسەن تۆمەتبار دەکەن و لەولاشەوە ڕیفۆرمخوازان و ڕەخنەگرانی ئیسلام لە ترسی هەڕەشەی ئیسلامی سیاسی پێویستیان بە پاراستنی پۆلیس هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بۆچوونەکانیان بە ئاشکرا دەربڕن.

ئەمڕۆ ئوورووپا لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە وەک شوێنی هیجرەت سەیر دەکرێ. یەکەمین کۆچی محمد لە مەککەوە بۆ مەدینە لە سەدەی حەوتەمدا سەرەتای سەرهەڵدانی سەردەمی ئیسلام دیاری کرد و تۆوی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی موسڵمانی چاند. خۆبڵاوکردنەوە و داگیرکاریی عەرەبەکان بۆ ناوچەکانی عێراق و باکوری ئەفریقا و ئوورووپا نەک هەر سامانی بۆ بەدیاری هێناون بەڵکوو یارمەتی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامیشی دا. وەک چلۆن ڕۆژێک لە ئەندەلوس و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕوویدا، ئێستا ئوورووپا بۆتە بنەمایەکی نوێ بۆ ڕێنێسانسی

ئیسلامی. پێشبینییەکەی محەمەد کە هەروەها ئەرکێکی جەوهەرییە بۆ ئیسلامیزم، بڕیارە لێرەدا جێبەجێ بکرێت: ئیسلام وەک بێگانەیەك لەدایک بووە و وەک بێگانەیەکیش دەگەڕێتەوە. سیاسەتی ناسنامەی ئورووپی و "هەڵوەشاندنەوەی کولتوور" و نەبوونی مشتومڕی کراوە یارییەکی مەترسیداری داوەتە دەستیان. هاوشێوەی ئەو ڤایرۆسەی دەستکاریی د. ن. ئا دەکات، ئیسلامیزمیش وەک ڤایرۆسێک بۆ داگیرکردن و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکەی خۆی لە کراوەیی و لاوازیی ئورووپا کەڵکی نابەجێ وەردەگرێ.

بەڵام ئەگەر بمانەوێت لە ئەزموونی مێژووەوە شتێك فێربین، دەبێ بە توندی بەرپەرچی هەردوو "ئیسلامیزم" و "سیاسەتی ناسنامە"ی ڕاست و چەپ بدەینەوە. پێویستە سنووری بێدەنگی بشکێنین و دووبارە باسی ئیسلام بکەینەوە، چونکە داهاتووی ئورووپاش پەیوەستە بە داهاتووی ئەوەوە.

## پێشەکی

زۆرجار مێژووی ئیسلام هەم لە لایەن لایەنگران و هەم لەلایەن ڕەخنەگرانییەوە بە یەکلایەنە دەخوێندرێتەوە. موسڵمانی باوەڕدار مەیلیان هەیە وەک چیرۆکێکی پیرۆز بۆ ڕزگاریی مرۆڤ بیخوێننەوە، پلانێکی تەواو و کامیل کە لەلایەن خوداوە خوڵقێندراوە. ئەوان لەناو ئەو چیرۆکانەدا نەک هەر بەدوای ئەو ساتانەدا دەگەڕێن کە بتوانن شانازییان پێوە بکەن، بەڵکوو دەیانەوێ دیاریکردن و ڕێنماییکردن بۆ سەردەمی ئەمڕۆشی تێدا بدۆزنەوە. بۆ زۆر کەس سەردەمی محەمەد دۆخێکی ئیدیالە، یاساکانی نەک وەك بەڵگەنامەیەکی ئاسایی سەردەمی خۆی سەیر دەکرێ، بەڵکوو هاوکات سوورەکانی ناو قورئانیش بۆ هەمیشە و بۆ هەموو کاتێك بە ڕاستەقینە دادەنرێن.

بە پێچەوانە، ڕەخنەگران زیاتر مەیلیان هەیە ئەم چیرۆکە وەک درێژەی بەردەوامبوونی شەڕەنگێزی، داگیرکاریی و مرۆڤکوژیی لێکبدەنەوە. ئەوەش ڕوانگەیەکی هاوشێوەی یەك لایەنە و یەک ڕەهەندییە، وەک چۆن تەنانەت هەندێک مرۆڤ، ئایین بە دوژمنێکی ئەبەدی بۆ هەموو شتێک دەبینن. شکۆمەندکردنی ئیسلام و ڕەتکردنەوەی هەموو ڕەخنەیەک یان تەنانەت بە مێژوویکردنی ئەم ئایینە، سووکایەتی و هەندێکجاریش ڕق و کینە

لەلایەن ئەو مرۆڤانەوە دەوروژێنێت. ئەم بە شەیتانکردنە لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی ئەوەی موسڵمانان خۆیان لە پشت ئیمانەکەیانەوە حەشار بدەن و تەنانەت لە بەرامبەر ڕەخنە ڕەواکانیشدا بە ناهومێدییەوە بەرگری لە ئایینەکەیان بکەن.

هەردوو خوێندنەوەکە نامێژوویین، چونکە بە شێوەی یەک لایەنە و هەڵبژێردراو سەیری مێژوو دەکەن. هەروەها مێژووی ئیسلام وەک دەرئەنجامی ڕەوت، پرۆسە و هەڵچوونی مێژوویی سەربەخۆ لە ڕووداوەکانی جیهان گەشەیان نەکردووە، بەڵکوو لە ڕێگەی کارتێکەریکردنی ڕووداوەکانی جیهان پەرەیان سەندووە.

مێژوو وەک کارلێکی با لەسەر زەریایە: با دەبێتە هۆی پێکهاتنی شەپۆلێکی بەرز ، کە شەپۆلی زیاتری بەدوادادێ، بەڵام درەنگ یان زوو، دەشکێن. مێژوو دیالێکتیکی تێز، دژە تێز و سەنتێز"Synthese"[١١] دەناسێت. شتێک ڕوودەدات، چونکە ژینگە و بارودۆخ دۆخێك بۆ ئەم ڕووداوە خۆش دەکەن. ئەوەی ڕوودەدا، ڕووداوەکانی دیکە دەوروژێنێت، کە هەمیسان کاریگەرییان لەسەر ڕووداوە ڕەسەنەکە دەبێ و ڕەوانەی ڕێگایەکی جیاوازی دەکات. بیرۆکە لە بۆشاییدا سەرهەڵنادات، بەڵکوو لە بیرۆکەکانی ترەوە لەدایک دەبێت. هەروەها بۆ ئەوەی بیرۆکە یان

---

[١١] چەمکی "Synthese" ئاماژەیە بۆ یەکگرتن یان تێکەڵکردنی چەند بیرۆکە، چەمک، یان توخمە جیاوازەکان بۆ یەکێتییەکی نوێ و گشتگیرتر. زۆرجار بریتییە لە کۆکردنەوەی دیدگا دژبەیەک یان جیاوازەکان بۆ دروستکردنی دیدگا یان چارەسەرێکی نوێ. لە زۆرێک لە چوارچێوەکاندا، جا فەلسەفە، زانست ، هونەر یان سیاسەت بێت، سەنتێز وەک پرۆسەیەکی گرنگ بۆ پەرەسەندنی پێشکەوتن و تێگەیشتن سەیر دەکرێت.

باوەڕێك بە سەرکەوتوویی بڵاوبێتەوە، دەبێ بکەوێتە سەر زەویەکی بەپیت.

چەشنە خوێندنەوەیەکی ئارام، نەچەسپاو بە ئایدیۆلۆژی و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامە بۆ مێژووی ئیسلام دەتوانێ ئەوەمان بۆ دەربخات کە سەرهەڵدانی ئەم ئایینە لەسەر چەند کۆڵەکەی بنەڕەتیی دامەزراووە. هەروەها بڵاوبوونەوە، داگیرکاریی و سەرکەوتوویەکانی بەناوی ئیسلامەوە بە تەنیا دەربڕینی توندوتیژییەکی گەورەی تایبەت نەبووە، بەڵکوو زۆرێک لە بارودۆخەکان هەلێکی باشیان بۆ گۆنجاو کراوە.

دیارە ئیمە ناتوانین ئەوەی ڕوودەدا هەڵبوەشێنینەوە، بەڵام دەتوانین بە نوێژەنکردنەوەی ڕووداوەکان، لێی تێپەڕ بین یاخود لێی تێبگەین. دەتوانین لێی تێپەڕبین بەبێ ئەوەی سەرکۆنەی بکەین. دەتوانین لەبری ئەوەی پاساوی بۆ بێنینەوە، ڕوونی بکەینەوە. دەتوانین بە وازهێنان لە خوێندنەوەی وەک نیعمەتێک یان نەفرەتێک، خۆمان لە بارگرانیی مێژوو ڕزگار بکەین. تەنانەت خۆم وەک ڕەخنەگرێکی توندی ئەم ئایینە دەڵێم: کاتی ئەوە هاتووە بە شێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوت لەگەڵ ئیسلامدا بکەین!

کاتێک مرۆڤ ئایینی ئیسلام لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا دادەنێت و سەیری دەکات، لە ڕووی سیاسییەوە بەرهەمی ململانێی خێڵەکییە لە نیمچە دورگەی عەرەبی، کە دوو عەشیرەتی مەککە، هاشمییەکان و ئومەوییەکان، کێبەڕکێیان

لەسەر دەسەڵات کردووە. هەردووکیان سەر بە هۆزی قورەیشی بەهێز بوون، کە نەک هەر لە مەککە بەڵکوو لە سەرانسەری عەرەبستان گەلێك ناسیاو و کاریگەر بوون.

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە ئیسلام بەرهەمی ڕێڕەو یاخود هاتوچۆی بازرگانی نێوان وڵاتانی یەمەن و سوورپایە. بازرگانەکان لە مەککە لایاندەدا، گەنم و شەڕابیان بە پێستی ئاژەڵ و خورما دەگۆڕیەوە. بەڵام کاتێک ئومەویی و هاشمییەکان دەستیان بەسەر ئەو بازرگانییە داگرت، ئیتر ئاڵوگۆڕیان نەدەکرد بەڵکوو بە پارە کڕین و فرۆشیان بەڕێوەدەبرد. بە هۆی ئەم چەشنە بازرگانییە نوێیە کۆمەڵگایەکی چینایەتی سەریهەڵدا کە کاسبکارەکان بە پێی کات دەوڵەمەندتر دەبوون و باقی دانیشتووانەکەی هەژار دەمانەوە و تەنانەت سواڵیشیان دەکرد.

محەمەد کە خۆی لە بنەماڵەی هاشمی و بازرگان بوو، ئەم بۆشاییەی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاردا ئیدانە کرد. بەڵام بانگەوازەکەی بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی تەنیا لە نێو چەند کۆیلەیەک و هەندێک لە خزمەکانیدا گوێی کراوەی دۆزیەوە. زلهێزەکان لە مەککە لە ترسی ئەوەی نەکا وتارە هاندەرەکانی کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ بیزانس هەبێت، دژی وەستان. تەنانەت زۆرینەی هۆزەکەی خۆشی نەیاندەویست هیچ شتێک لەبارەی پەیامەکەی محەمەدەوە ببیستن. تەنیا کاتێک ڕووی لە مەدینە کرد، هاوپەیمانیی لەگەڵ هۆزە شەڕخواز و جەنگاوەرەکاندا بەست، سوپایەکی بەهێزی

دامەزراند و بە هێرشکردنە سەر کاروانە بازرگانییەکان غەنیمەتێکی گەورەی وەدەستهێنا، لەناکاو پەیامەکەی سەرنجی بۆ ڕاکێشرا: شوێنکەوتنی لەم قۆناغەدا کەمتر پرسیاری ئیمان بوو، بەڵکوو زیاتر بڕیارێکی پراگماتیک بوو لە بەرژەوەندیی و قازانجی مرۆڤی دەوروبەریدا.

لە ڕوانگەی تیۆلۆژییەوە ئیسلام بەرهەمی مشتومڕەکانی کۆتایی مەسیحییە ئەنتیکەکان لە ئیمپراتۆریەتی بیزانس بووە. هەر بۆیە قورئان زیاتر باسی عیسا و سروشتی ئەو دەکات نەک محەمەد و تایبەتمەندییەکانی. سوڕەیەك بە پتوونی لە قورئاندا تایبەتە بە ڕۆمیەکان کە لە شەڕ لەگەڵ ئێران لە سەردەمی ژیانی محەمەددا هاوپەیمانی عەرەب بوون.

لە ڕووی شارستانییەوە، ئیسلام زۆری لە ئیمپراتۆریەتی ساسانیی ئێران بە میرات گرتووە. گەشەسەندنی فەرهەنگی ئیسلامی لە بەغدا بەبێ زانیاری و بەشداریی فەیلەسوف، زانا، وەرگێڕ و ئیلاهیاتی ئێرانی بیری لێنەدەکرایەوە.

هەروەها ئیسلام بەرهەمی بیابانی عەرەبستان، یاسا، ڕێوڕەسم و خەون و ململانێکانیەتی. هەوڵدان بۆ پێناسەکردنەوەی یەکتاپەرستی و لە هەمان کاتدا ناسنامەی عەرەب، ئایینێکی بەرهەم هێناوە کە چەندین تێز و دژە تێزی تێدا گونجێندراوە. بەڵام ئەوە یاریی نێوان پارە و سیاسەت، ئیلاهیات، داگیرکاریی و هێزی سەربازی بوو کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە سەرانسەری جیهاندا.

تەنیا بەهۆی پێکەوەگرێدانی ئەم پێنج لایەنە، هەڵەیەکی ئاشکرا دەبێت ئەگەر بۆ شکۆمەند کردن یان بە شەیتانکردن، ئیسلام لە چوارچێوەی مێژوویی خۆی دوور بخرێتەوە. ئەم کتێبە وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە ئایا ئیسلام چاکە یان خراپە؟ بەڵام هەوڵ دەدات سەرهەڵدان و ڕەوتی مێژوویی ئەم ئایینە بە هەموو هەڵچوونەکانییەوە ڕوون بکاتەوە. ئەم کتێبە تەنیا سەیری ئەو ڕووداوانە ناکات کە لە مێژوودا ڕوویانداوە، بەڵکوو بەگشتی هەوڵ بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە دەدات موسڵمان و غەیرە موسڵمان دەتوانن چی لەم مێژووە فێربن بۆ ئەوەی بنەمایەکی نوێ بۆ پێکەوە ژیان لەمڕۆدا بدۆزیرێتەوە.

قۆناغەکانی مێژووی ئیسلام بە کورتی دەتوانین بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: خۆڕزگارکردن، خۆبڵاوکردنەوە، شارستانیەت، دابەشبوون، گۆشەگیری، خۆ گەمارۆدان و هەوڵی چەواشەکارانە بۆ چاکسازی و دواجار گەڕان بەدوای شوێنێکی نوێ لە جیهاندا. مەرج نییە ئەم قۆناغانە بە ڕێکوپێکی دابنرێن، چونکە ئیسلام لە سەردەمی گەشەسەندنیدا زیاتر لە نیوەی جیهانی کۆنی داگیر کرد. لە هەندێک کاتدا لە بەغدا تووشی دارمان هاتبوون، بەڵام هاوکاتیش لە ئاسیای ناوەڕاستدا سەرکەوتوو بوون. کۆتاییان بە شارستانیەتێکی پێشکەوتووی وەك ئەندەلوس هێنا، هاوکاتیش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەریهەڵدا و بوو بە بەهێزترین دەسەڵات لە ئورووپا. شەڕی ناوخۆیی ئیسلامی بە شێوەیەکی سەرەکی هۆکاری لاوازبوونی موسڵمانان بوو لە ئەندەلوس. تۆپی شەڕی مەجارستان، بەکرێگیراوانی مەسیحی،

سیخوڕیی سربیا و هاوپەیمانی لەگەڵ شار-دەوڵەتەکانی ئیتالیا بۆ سەرهەڵدانی عوسمانییەکان گەلێك گرنگ بوون.

مێژووی ئیسلام تەنیا لە ململانێ لەگەڵ ڕۆژئاوادا ساغ نەبۆتەوە، بەڵکوو دەسەڵاتێک بوو بۆ قازانج و تەماحی سیاسی دەسەڵاتدارانی. هەر ئەمەش بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی بەردەوام ناتەباییەکی بەهێز لە نێوان تێڕوانینی ئایین لەلایەن بەرپرسان و دەسەڵاتدارن لە لایەکەوە و ڕوانگەی لایەنگرانی لەولاوە. لە کاتێکدا بەرپرسان و دەسەڵاتدارن ئایینی ئیسلامیان وەک ئامرازێک بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان دەقۆستەوە، هاوکات ئاسوودەیی و هیوای ژیانێکی باشتری دوای مردنیان پێشکەش بە خەڵکی لاوازتر دەکرد. بۆ سەرکردە سوپاییەکان، جیهاد ئامرازێک بوو بۆ بەدەستهێنانی پارە، هەروەها کاریگەری زیاتری لەسەر زۆربەی ئەو چەکدارە موسڵمانانە هەبوو، کە لە کورتترین ڕێگاوە دەیانتوانی خۆیان بە بەهەشت بگەیێنن.

بە ئاوڕدانەوەیەک بۆ دواوە دەردەکەوێت چەندین جار لەلایەن هێزە جۆراوجۆرەکانەوە لە ئیمان بۆ بەرژەوەندیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کەڵك وەرگیراوە. ئەوەی وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەستی پێکرد، گەشەی کرد و بوو بە ئایینێکی نوخبە کە بەناوی ئیمانەوە خەڵکی هەژار و لاوازیان پێدەچەوساندەوە. تەنانەت گەلانی وەک "ئێرانی" و "بەربەر"ەکانیش[١٢] کە "بە هێزی شمشێر" ئیسلامیان بەسەردا

[١٢] بە هەمان شێوە، کوردیش.(وەرگێر)

سەپا، لەمرۆدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و وەك "رزگارکەر"ی مرۆڤ سەیری ئایینی ئیسلام دەکەن. زۆرێک لە موسڵمانان پەیامی محەمەد وەک وەرچەرخانێک لە مێژووی جیهاندا دەبینن، هێڵێکی دابەشکەر کە سنووری نێوان سەردەمێکی تاریکی، نادادپەروەری، نەزانی و سەردەمی زانست و ڕووناکی و ئیمانی ڕاستەقینە دیاری دەکات. هەر بۆیە مەیلیان هەیە شارستانییەتە پێشکەوتووەکانی پێش ئیسلام بە سەردەمی شەیتان پێناسە بکەن و دەستکەوتەکانی دوای ئەویش پشتگوێ بخەن یان کەم بکەنەوە. ئەوان ئەم ئایینە وەك ئەزموون سەیر ناکەن، بەڵکوو وەک بەدیهێنانی مێژووی دەبینن. هەروەها نەک وەک لێکدانەوەیەکی مێژوویی یان ڕوونکردنەوەی جیهانی سەدەی حەوتەم، بەڵکوو وەک بزوێنەر و موتوڕێکی ویستی خودا بۆ جیهان لە هەر کات و سات و شوێنێکدا سەیر دەکەن. هەموو شتێکی باش لە ئەنجامی ئایینی ئیسلامدا دەخوێندرێتەوە، هەرچی خراپە یان لە ئەنجامدا شکستی لێکەوتۆتەوە، وەک ئەنجامی دوورکەوتنەوە لە ئایینەکە و فێرکارییەکانی لێکدەدرێتەوە. ئەمە یەکەم گوناهی ڕەسەنی ئیسلامە بەرامبەر بە زەمان و مێژووە.

ئەم شکۆمەندییە هەروەها ئەم خوێندنەوە یەك ڕەهەندییە لەسەر مێژوو، بەشێکی گرنگی بەرپرسایەتییە هەم بۆ بناژۆخوازی ئیسلامی و هەم هەرەسهێنان لە ڕیفۆرم و چاکسازی ناو ئایینی ئیسلامدا. هەندێک مرۆڤ تەنیا بۆ زاڵبوون بەسەر جیهاندا دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئیسلامی "ڕاستەقینە"؛ تاقمێکیش دەیانەوێت ئەم ئیسلامە "ڕاستەقینە"یە لە توندوتیژی و

موتلەقگەرایی ڕزگار بکەن تا بتوانێ خۆی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا بگونجێنێت. بە سەیرکردنی مێژوو بۆمان دەردەکەوێ لە ڕاستیدا ئەم ئیسلامە "ڕاستەقینە"یە هەرگیز بوونی نەبووە. تەنانەت لە سەردەمی ژیانی محەمەد و نەوەی یەکەمی موسڵمانانیشدا چەندین وەشانی جیاوازی ئەم ئایینە لە ئارادا بووە، واتە وەڵامدانەوەیەکی پراگماتیک بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی سەردەمی خۆیان. جگە لەوەش لەو سەردەمەدا سیستەمێکی بیروباوەڕی تەواو بە ناوی ئیسلام بوونی نەبووە. ئەمەش نەک هەر زۆر دواتر لە ڕەوتی ململانێ سیاسی و سەربازییەکانی نێوان موسڵمانان و غەیرە موسڵمانان، بەڵکوو لە ململانێی نێوان خودی موسڵمانانیشدا سەریهەڵدا.

ئایینی ئیسلام لە چەند ڕووەوە جیاوازە لە ئایینی مەسیحی. ئایینی مەسیحی وەک ئایینێکی کەمینە سەریهەڵدا و بۆ ماوەی سێ سەدە بەو شێوەیە مایەوە. عیسا "تەنیا" وەک واعیزێك کاری دەکرد و نە لە ڕووی سیاسییەوە و نە لە ڕووی ئابوورییەوە بەرپرسیارەتی کۆمەڵگاکەی نەبووە. بە پێچەوانە ئیسلام لە سەردەمی محەمەد و لە نیمچە دورگەی عەرەبی هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری خۆی بەدەستهێناوە. لە نێوان یەکەم هاتنەخوارەوەی سوورەکانی قورئان لەلایەن محەمەد ساڵی ٦١٠ و کۆچی دوایی ئەودا تەنیا ٢٣ ساڵ مەودا بووە کە تێیدا نەک هەر خۆی وەك پێغەمبەر ناساند، بەڵکوو هاوکات ئەرکی سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆکی سوپا، وەزیری دارایی، یاسادانەر، دادوەر و ئەفسەری پۆلیسیشی لە ئەستۆ گرتبوو. پەیامەکەی لە سەرەتاوە

به لۆژیکی دەسەڵات و ململانێکانی سەردەمی خۆیەوە چەسپاند و وەك بزوێنەری سەرەکی پاڵپشتی لێدەکردن. هەموو ئەم بڕیار و لایەنە جیاوازانە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئایینەکەدا تێکەڵ کران و ڕژانە ناو قورئان و حەدیس و دواتریش خرانە ناو قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی ئایینییەوە.

هەروەها ئەو شوێنەی هەردوو ئایینەکە لێیەوە سەرچاوەیان گرتووە، گەلێك چارەنووسساز بوو. ئایینی مەسیحی لە ناوەڕاستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمیدا سەریهەڵدا، کە پێشتر یاسا و نەزمێکی کۆمەڵایەتی تێدا بووە و پێویستی بە هیچ ڕێفۆڕمێکی تایبەت نەکردووە. بە پێچەوانە ئایینی ئیسلام لە بیابانێکدا لەدایک بووە کە خێڵی کۆچەری ڕکابەرە بەسەر ناوچەکەدا زاڵبوون و بیرۆکەی پێکهێنانی دەوڵەت لایان گەلێك نامۆ بوو. ئەوەی لەو سەردەمەدا لە ئەژمار دەهات، تەنیا گرنگایەتی ناسنامەی سەر بە خێڵی خۆیان بوو. جگە لە چەند داب و نەریتێک کە لە چوارچێوەی ژیانی خێڵەکیدا سنووردار کرابوون، پێش ئیسلام هیچ یاسا و نەزمێکی کۆمەڵایەتی و هیچ قەوارەیەکی سیاسی نەبووە کە پەیوەندیی بە هەموو عەڕەبەکانی عەڕەبستانەوە بووبێ و لە دەوری یەکتری کۆکردبێتنەوە. ئەمەش شوێنی لەسەر ئایینەکە داناوە، کە سەرەتا بە دەوری ژیانی خێڵەکیدا دەسوڕایەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات خۆی لەگەڵ فۆڕمی حوکمڕانی خەلافەتدا گونجاند.

له ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا ئایینی مەسیحی لە سەرەتاوە ئاوێتەی فەلسەفەی یۆنانی بۆوە. دەتوانین زۆرێک لە بیرکردنەوەکانی عیسا سەبارەت بە خۆشەویستی و بەخشین لە فەلسەفەی ڕەواقی "Stoicism"دا بدۆزینەوە. عیسا بیرکردنەوە سەبارەت بە دەوڵەتێکی ئایدیاڵی ڕەتکردۆتەوە. ئەو بەم شێوەیە وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە [ئایا دەبێ باج بە دەوڵەتی ڕۆم بدرێت یان نا]: "ئەوەی هی قەیسەرە بیدە بە قەیسەر و ئەوەی هی خودایە بیدە بە خودا". ئەم وەڵامە لە ئینجیلی مەتی، بەشی ٢٢، ئایەتی ٢١. لەلایەن عیسا مەسیحەوە هاتووە. بەو مانایەیە کە مرۆڤ ئەرکە عیلمانییەکانی خۆی بەرامبەر بە حکومەت (بە پێدانی باج یان بەجێگەیاندنی ئەرکە مەدەنییەکانی دیکە) بەجێبهێنێت و لە هەمان کاتدا ئەرکە ئاینییەکانی خۆی (بە خزمەتکردنی خودا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی) جێبەجێ بکات[١٣]. هەروەها دەڵێت: "حکوومەتی من لەم جیهانە نییە.[١٤] نەوەکانی داهاتووی مەسیحییەکان لە ژێر کاریگەری ئەفلاتوونیزمی نوێ "Neoplatonismus" و ڕەواقی "Stoicism" و عیرفان "Gnosis"دا بوون. بە پێچەوانە محەمەد ئیمپراتۆریەتەکەی بە پلەی یەکەم لەسەر زەوی بنیاتنا و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بابەتی زۆر ئاسایی وەک کۆکردنەوەی باج، هەم لە لایەنگرانی خۆی و هەم لە لایەنگرانی ئایینەکانی دیکە کە دەبووایە باجی ڕاپرسی و ئیزنی ژیانکردنیان و مانەوە لەو ناوچانە پێبدەن، کردووە.

[١٣] Matthäus ٢٢:٢١

[١٤] Johannes ١٨:٣٦

هەروەها دەقەکانی هەردوو ئایینەکە جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ یەکتر هەیە. دەقی "وەسیەتنامەی نویٚ" واتە "ئینجیل" وەک جۆرێک لە "نوێژەنکردنەوە" یان کامیلکردنی دەقی "وەسیەتنامەی کۆن" واتە "تەورات" سەیر دەکریٚ، زۆرێک لە پێشبینیکراوەکان لەمرۆدا جێبەجیٚ دەکرێن. تەوراٍت کە نووسراوەکانی ئایینی جولەکە لەخۆدەگرێت، تەنیا چیرۆکی "نەتەوەیەك" دەگێڕێتەوە و فەرمان و ڕێنماییەکانی ژیانی ڕۆژانەی لەخۆ گرتووە، لەکاتێکدا ئینجیل باس لە کردەوەکانی مەسیح دەکات. ئەوەی هاوبەشیی هەردووکیان دەستنیشان دەکات ئەوەیە کە دەقەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن خوداوە بۆ ئەو کەسانە نەنێردراون، بەڵکوو مرۆڤ خۆیان نووسیویانە. ئەمەش کەلێنی بۆ لێکدانەوە تەفسیرییەکانی دواتر بەجێهێشت، ڕێگەی دا هەندێک بڕگە بخرێنە ناو کۆنتێکستی تایبەتەوە یان تەنیا بە شێوەیەکی مێتافیزیکی بخوێنرێنەوە.

لە بەرامبەردا بۆ موسڵمانان قورئان تەنیا وەک دوا وەسیەتنامەی خودا سەیر ناکریٚ، بەڵکوو بە وەحی ڕاستەوخۆی زارەکی نێوان خودا و محەمەد دادەنرێت کە هاوکات ڕێنمایی ڕوون و ئاشکرا بۆ ژیانی ڕۆژانە، یاسادانان، شەڕ و هەڵسوکەوتەکانیتری بۆ دیاری دەکات. محەمەد وەک پێغەمبەرێکی تاقانە و دەستپێڕانەگەییشتوو، قورئانیش وەک ووشەی ڕاستەوخۆ و گەردوونیی خودا، ڕیفۆرمخوازانی ئیسلامی ڕابردوو و ئێستاشی خستووتە بارودۆخێکی گەلێك سەختەوە کە چەمک دۆزینەوە بۆ

قسەی خودا، و لێکدانەوەیان بە شێوەیەک کە لەگەڵ ژیانی مۆدێرنی ئەمڕۆدا بگونجێت، بۆیان نەگونجاو دەکات.

نەریتخوازەکان، ڕێفۆڕمیست و چاکسازیخوازان تۆمەتبار دەکەن کە دەستکاری مەبەستی خودا دەکەن و قسەکانی دەشێوێنن. بەدرێژایی مێژوو، زۆرێک لەوانەی ئیسلامیان کردە دیاردەیەکی عەقڵانی و مرۆڤایەتی، یان هەوڵیان دا خوێندنەوەی وشەیی و سەیرکردنی تێکستەکانی وەك تێکستی مرۆیی لەبەرانبەر بەرژەوەندیی خوێندنەوەی مێتافیزیکیدا قوت بکەنەوە، کەوتوونەتە بەر هێرشی لێنەبووردیی ئۆرتۆدۆکسی یاخود زێدەڕۆیی ئیسلامی.

مارتن لوتێر "Martin Luther" بۆ ڕێفۆڕم و چاکسازی ئایینی مەسیحی بە گەڕانەوە بۆ ناوەکی ڕاستەقینەی ئایینەکەی و پەیمانی نوێ و عیسا وەک مۆدێلێک بۆ ڕەفتاری مرۆڤ توانی گەلێك سەرکەوتوو بێ. لە ناوەڕۆکی ئەم چاکسازیەدا بیرۆکەی فێرکارییەکی پاکی ڕەسەن هەبووە کە دواتر بەهۆی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتەوە شێواون. ڕیفۆرمخوازێکی وەک لوتێر دێت و قامك بە"دوگمەی ڕێزتکردن"ی بۆچوون و هەڵسوکەوتی جیاواز کە بەپێی کات لێی زیاد کراون، دادەنێت بۆ ئەوەی ئایین بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی سەرەتایی خۆی. لە ٩٥ تێزەکەیدا پێشهاتە نەخوازراوەکانی کلیسای ڕۆمی کاتۆلیکی، بە تایبەت فرۆشتنی نامەی لێبووردن بۆ ئەو کەسانەی تاوانیان

کردووە، هەروەها دەسەڵاتی پاپاکانی ئیدانە کردوە، ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە و لە کۆتاییدا بووە هۆی دابەشبوونی کلیسا.

ئەگەر مرۆڤ لە ئایینی ئیسلامدا بە کەڵکوەرگرتن لە بیرۆکەی لۆتێر بیهەوێ ڕێفۆرم بەسەر ئایینەکەدا بێنێت، ئەوە کۆتایی هەموو چاکسازییەکان دەبێت. چونکە ئەوە بە مانای گەڕانەوە بۆ خوێندنەوەیەکی ڕادیکاڵتر و ئۆرتۆدۆکستر بۆ ئایینی ئیسلام دەبێ، گەڕانەوە بۆ ئەسڵەکانی ئیسلام مانای ئەوەیە تەنیا ناوەڕۆکی قورئان دەبێ جێبەجێ بکرێ و محەمەدیش وەک نمونەیەکی باشی مرۆڤ سەیر کرێت. بە درێژایی مێژوو پێداچوونەوەخوازان "Revisionisten" لە ئیسلامدا بۆ ناساندنی قورئان و پێغەمبەر وەک تاکە دەسەڵات و بە فرۆشتنی چاکسازی و ڕێفۆرم بە خەڵک چەندین جار سەرکەوتوو بوون. لە کۆتاییدا ئەمە هەمیشە بۆتە هۆی دروستبوونی ئامێرێکی نوێی کاتیی ئیلاهیات کە موسڵمانانی بردۆتەوە بۆ سەردەمی سەدەی حەوتەم.

تەنانەت ئەو چاکسازیخوازە پێشکەوتنخوازانەی کە ناشیانەوێت کۆمەڵگەی سەردەمی محەمەد بگەڕێننەوە، بۆئەوەی ئیسلام مۆدێرن نیشان بدەن، ناتوانن لە قورئان و کردەوەکانی پێغەمبەر وەک بنەمایەک چاوپۆشیی بکەن. ئەوان لە ناو ئایینەکەدا بەدوای ئیسلامێکی مرۆڤدۆست و فرەخوازدا دەگەڕێن و دەیانەوێت وەک ئیسلامی ڕاستەقینە بە موسڵمانانی ئەمڕۆی بفرۆشن. ئەم کارە بە ڕادەی بەرزبوونی ئامانجەکانی ئەم ستراتیژییە، دەقەکە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی و ئامۆژگاری

کۆمەڵایەتی بەرزدەکاتەوە. بۆ ئەوەی ئیسلام وەک بەشێک لە دونیای مۆدێرن دابمەزرێنن، ناچار دەبن لە بەشێک لە یاساکانی ئیسلام و قورئان چاوپۆشیی بکەن ئەگەر بۆ نموونە دژ بە سزای جەستەیی یان یاسای شەریعەت بوەستن. ئەم چاکسازییانە لە نێو زۆرینەی موسڵماناندا گوێبیستی نییە، چونکە نەریتخوازەکان برگەی قورئان و وێنەی ڕوونی پێغەمبەریان لای خۆیان کێشاوەتەوە، هەروەها ئەرکی مرۆڤ بۆ بەجێهێنانی فەرمانی پیرۆزی خودا، ئاییني ئیسلام نەک وەك ئەرکێك، بەڵکوو بە داڕێژەر و فەرمانڕەوای جیهان دەناسێنێ. ئەم چاکسازیخوازانە لەلایەن زۆرێک لە موسڵمانانەوە وەک ڕێبازێکی خۆپەرستانە بۆ دەستەبەرکردنی بەشە سەرنجڕاکێشەکانی تایبەت بە خۆیان سەیر دەکرێن کە بەشێک لە ئیسلام قبوڵ دەکەن و بەشەکانیتری ڕەتدەکەنەوە. لە خراپترین حاڵەتدا وەک دەستی درێژکراوەی ڕۆژئاوا سەیر دەکرێن، کە دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەم چەشنە هەوڵە گوماناویانەوە بۆ چاکسازی، شوناسی ئیسلامی تێکبدەن. لە خراپترین دۆخیشدا ئەم چاکسازیخوازانە وەک کافر بوختانیان بۆ ساز دەکرێت، دەخرێنە زیندان یان تەنانەت لە سێدارە دەدرێن.

بەڵام ئیسلام و مەسیحییەت لەسەر خاڵێک وەك یەکن. سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی هەردوو ئایینەکە پەیوەندییەکی نزیکیان بە پشتیوانی و بەرەوپێشبردنی دەسەڵاتە سیاسییەکانەوە هەبوو، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی ببنە ئایینێکی جیهانی. تەنیا کاتێک کۆنستنتین "Konstantin" لە ساڵی ٣١٣دا بەهۆی

فەرمانی لێبوردەیی میلاند "Mailand" ئایینی مەسیحی ئاوێتەی سیاسەتی ڕۆم کرد، ئازادیی ئایینی بەگشتی ڕاگەیاند و دەسەڵاتی ئەم ئایینە توانی گەشە بکات. کاتێک دواتر بوو بە تاکە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، ئایینی مەسیحی لە ئایینێکی کەمینەی لێبوردەییەوە گۆڕا بۆ باوەڕێکی پاوانخوازیی کە دواتر دژ بە جولەکە، زانایان، تاوان، لادەری ئایینی هەروەها جادووگەرەکان وەستا و شەڕێکی پیرۆزیان بەناوی عیساوە هەڵگیرساند. ئەزموونەکەی بووە هۆکار بۆ بەهێزبوونی بنەمای تێکەڵبوونی ئایین لەگەڵ سیاسەتی "ئیمپراتۆریەتی ئەم جیهانە" هەروەها ئەو ڕاستییەی کە ئایینی مەسیحی بوو بە ئایینی فەرمی دەوڵەت و فاکتەری پێکهێنەری ناسنامە بۆ جەماوەر.

لەولاشەوە بە شێوەیەك کۆنستانتینی ئیسلامی "islamische Konstantin" خەلیفەی ئومەوی عبدالملک ابن مراوان، کە لە ساڵی ٦٨٥ تا ٧٠٥ حوکمڕانی کردووە و زمانی عەرەبی وەک زمانی فەرمی ناساندووە، وەک ئایینێکی سەربەخۆ بانگەشەی بۆ ئیسلام کرد کە بە ئاشکرا خۆی لە ئایینی جولەکە و مەسیحی جیا کردەوە. دەیان ساڵ دوای مردنی پێغەمبەری ئیسلام ئیمپراتۆریەتێکی عەرەبی دامەزرا، کە بە گرێدانی ئیمان وەك ناسنامەی یەکگرتوو لە ناوچە داگیرکراوەکاندا دەسەڵاتی خۆی چەسپاند و بەم شێوەیە ئیسلام بوو بە ئایینێکی جیهانی.

ئیلاهیاتی ئیسلامی لە ژێر سێبەری ئەم بەسیاسیکردنە بەهێزەی ئایینەدا سەریهەڵدا. بەڵام تەنیا سیاسەت و ململانێی دەسەڵات

نەبوو کە کاریگەرییان هەبوو، بەڵکوو بڵاوبوونەوەی خێرای ئیسلام لە ناوچە و وڵاتانی دوور و نیزیك بە هۆی داگیرکاریی و سەرکەوتووییە سووپاییەکانیشەوە ڕێگا خۆشکەر بوون. زانایانی ئایینی موسڵمان کە تا ئەوکاتە تەنیا دەبوو قورئان بۆ ئیماندارانی ناوچەکەی خۆیان لێکبدەنەوە و ئەو چاوەڕوانییەی خوداکەیان لێیانی هەبوو ئاشکرا بکەن، ئێستا ئیتر ڕووبەڕووی کۆمەڵگای جۆراوجۆری شارستانیەتە کۆنەکانی وەک ئێران، میسر یان باکووری ئەفریقا ببوونەوە. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی عەقڵانی ئایینی ئیسلامیان بۆ ڕوون کەنەوە، زۆرجار لەگەڵ زانایانی ئایینی جولەکە و مەسیحی کە شارەزای فەلسەفەی یۆنانی بوون، ناچار بە مشتومڕ دەکران. باس لەسەر سروشتی خودا، ئیرادەی ئازادی مرۆڤ و مانای یاسا ئیلاهییەکان دەکرا. لە فەلسەفەی یۆنانیدا زانایانی موسڵمان بەدوای میتۆدی عەقڵانیدا دەگەڕان کە بتوانێت ئاگۆمێنتەکانی باوەڕەکەیان لە دژی غەیرە موسڵمانان بەهێزتر بکات. ئەوان بڕیاریان دا مرۆڤی شارەزای مەسیحی، جولەکە و ئێرانی کارە فەلسەفییەکان و بەرهەمەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتون و پلۆتینۆس بۆ یارمەتیدانیان وەرگێڕنەوە. لە ئەفلاتونیزمی نویێ"Neoplatonismus"دا ڕێگایەکی ناوەڕاستیان دۆزیەوە کە جیهانی ماددی لەگەڵ بەهەشت و عەقڵی لەگەڵ میتافیزیك ئاشت دەکردەوە. هاتنی نیوپلاتۆنیزم لەو سەردەمەدا نەک هەر ئیلاهیات بەڵکوو ڕوانگەی عیرفانیشی هان دا. دەرئەنجامەکانیشی فەلسەفەیەکی ئیسلامی پێکهێنا کە شۆڕشی عەقڵ، سۆفیگەریی هەروەها شۆڕشێکی ڕۆحی لێکەوتەوە. ئەم

تایبەتمەندییانە لە بنەڕەتدا ئیسلامی نەبوون، بەڵکوو لە فەلسەفەی جیهانبینی یۆنانی وەك شۆڕشێکی نوێ وەرگیرابوون، سۆفیگەریش تێکەڵەیەک بوو لە نیوپلاتۆنیزم، فەلسەفەی ڕەواقی "Stoicism"، عیرفان"Gnosis"و سۆفیگەریی هیندی.

لەگەڵ فەلسەفەدا زانستی بیرکاری یۆنانی، ئەستێرەناسی، پزیشکی، هەروەها تالارسازی ئێرانی و بیزەنسی، ڕێگایان بۆ هاتنە ناو ناوچە موسڵمانە داگیرکراوەکان بۆ خۆش کرا. دەسەڵاتدارانی عەرەب دەیانزانی چۆن بە زیرەکی ئەم دەستکەوتانە بەکاربهێنن. ئەگەر دادپەروەرانە باسی بکەین، ئەوان تەنیا خانەخوێی ڕەوتەکەیان دەکرد، بەڵام ئەکتەرە ڕاستەقینە و سەرەکییەکان لە پلەی یەکەمدا ئێرانی، سوری، جوولەکە و کۆیلەی دیپۆرتکراوی ئیمپراتۆریەتی بیزەنس بوون. تەنانەت زۆرێک لە زانایانی ئیسلامی، پێشتر کۆیلەی ناوچە داگیرکراوەکان بوون و هیوایان دەخواست لە ڕێگەی خزمەتەکانیانەوە بە داگیرکەرە نوێیەکان، هەوڵ بۆ دۆخی خۆیان بدەن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنن. بۆ زۆرێک لەو زانا، فەیلەسوف و ئیلاهیناسانە، ئیسلام ڕێگەیەک بوو بۆ ئەوەی چیتر وەک هاوڵاتییەکی پلە دوو لە ئیمپراتۆریەتەکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا نەکرێت. بەغدا و ئەندەلوس کە ناوەندەکانی سەردەمی زێڕین بوون، تەنیا لە مەنجەڵێکی توانەوەی گەلان پێکهاتبوون، وەک لێڤانت "Levante" [ناوچەی لوبنان و سووریای ئێستا] لە سەردەمی ئەسکەندەری مەزندا. کۆبوونەوە و پێکەوەژیانی زمان، زانست، کولتووری کشتوکاڵی و بیناسازیی جیاواز لەناو ئیمپراتۆریەتێکدا کە فەرمانڕەواکانی تاڕادەیەک

لێبوردە و کونجکۆڵ هەڵسوکەوتیان دەکرد، ئەو سەردەمەی گەشەسەندنی بەرەوپێش برد. ئەگەر ئاینی ئیسلام خۆی هۆکاری ئەم پێشکەوتنە بووایە، دەبوو سەردەمی گەشەسەندن لە مەککە یان مەدینە دەستی پێکردبا نەک لە بەغدا و کۆردۆبا [قرطبە].

دۆخی ئەو سەردەمە هاوشێوەی دۆخی ئەمڕۆی وڵاتانی کەنداو بوو. شازادە عەرەبە کونجکۆڵەکان کە پارە و کاریگەرییەکی زۆریان هەیە، وڵاتەکانیان بەڕووی پرۆژەی بیناسازی سەرنجڕاکێش، پێشانگای بازرگانی تەکنەلۆژیای بەرز، پێشانگای هونەر، فێستیڤاڵی فیلم و ئەدەبدا کردۆتەوە. تالارسازەکان لە ئاڵمانیا و کانادا و هۆنگ کۆنگەوە دێن، بەرهەمە تەکنەلۆژیا بەرزەکانی کۆریا، ژاپۆن، ئەمریکا و ئورووپا، هەروەها هونەر، فیلم و ئەدەب لە هەموو جیهانەوە ڕوویان تێکردووە. کرێکارانی بیناسازی لە بەنگلادیشەوە دێن، پێشوازیکارانی هۆتێلە ناوازەکان لە هیندوستانەوە و گارسۆنەکانیش لە فلیپینەوە هاتوون. ئیماراتییە ڕەسەنەکان لە پێنت هاوس و کۆشکە لوکسەکانیاندا دەژین، پارەی پرۆژەکان دەدەن، سەردانی پێشانگەکان دەکەن و پۆز دەدەن و چێژی لێدەبینن. ئەوان ئەو کولتوورە بەکاردەهێنن و لە کۆمەڵگای خۆیان گرێی دەدەن، کە لەلایەن کەسانی دیکەوە خوڵقێندراوە، بەوهۆیەی کونجکۆڵ و کراوەن، هەروەها توانای کڕینیان هەیە - و لەبەر ئەوەی نەفتەکەیان بۆ هەمیشە نییە و ڕۆژێك کۆتاییپێدێ. ئەم کارەیان بارودۆخێکی بازرگانیی دوو لایەنەی بۆ دروست کردووە.

له نێوان سەدەی ٨ و ١١ له بەغدا و ئەندەلوس هەڵسوکەوتەکان زۆر جیاواز لە هی ئەمڕۆ نەبوون. بەڵام ئەو سەردەمە وەک ئێستا موسڵمانی زێدەڕۆ هەبوون کە ترسیان لەوە هەبووە ئەم کرانەوەیە بەڕووی زانست و کولتوورەکانی وڵاتانیتر و تێکەڵکردنی ئایین و فەلسەفە مرۆڤ لە ناوەڕۆکی باوەڕە ئایینییەکەیان دوور دەخاتەوە. هەر بۆیە هاوکات لەگەڵ سەردەمی گەشەسەندنی ئیسلامدا قوتابخانەی ئیلاهیات سەریان هەڵدا، کە فەلسەفەیان وەک ئامرازێکی شەیتان و عەقڵ و ژیرییان وەک دیکتاتۆریەتی مرۆڤ بەسەر وەحی ئیلاهیدا دەبینی.

وەک چۆن ئیمپراتۆریەتی عەڕەبی ئومەوی لە بیرۆکەی سەربەخۆیی محەمەد کەڵکیوەرگرت، دواتر خەلیفە و فەرمانڕەوا موسڵمانەکانیش بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی خۆیان لە هەردوو تەوەری فەلسەفە و سۆفیگەریی کەڵکی نابەجێیان وەرگرت. ئەم بەرپرسانە تا ئەو کاتەی فەیلەسوفەکان ڕەخنەیان لە سیاسەتەکەیان نەگرتبایە، پارێزگارییان لێدەکردن. بەڵام هەرکات لێیان یاخی دەبوون، دەربەدەر دەکران و کتێبەکانیان دەسوتێنرا. هەروەها بە شێوەیەکی هاوچەشن هەڵسوکەوت لەگەڵ سۆفیگەریدا دەکرا. ئەو سۆفیانەی بانگەشەی لێبوردوویی و ئارامیدا دەکرد، ئازاریان پێنەدەگەیاندن و لێیاندەگەڕان کاری خۆیان بکەن. بەڵام سۆفییە شۆڕشگێڕەکان، وەک حەللاج "al-Hallādsch" (٨٥٧-٩٢٢) یان سوهرەوەردی [سوورەبەردی] "Suhrawardi" (١١٥٤-١١٩١) کە بانگەشەیان بۆ دادپەروەریی

کۆمەڵایەتی زیاتر دەکرد، کوژران. دواتر هەردوو تەوەری فەلسەفە و سۆفیگەریی لەلایەن دەوڵەتە ئیسلامییەکانەوە دەستی بەسەرداگیرا: دوای سۆفییە گەورەکانی وەک حەللاج "al-Hallādsch"، هەروەها فەیلەسوفە گەورەکانی وەک فارابی "al-Fārābī" و ئیبنی سینا "Avicenna"، ئیلاهیناسێک بە ناوی غەزالی "al- Ghāzālī" (١٠٥٨-١١١١) هاتنە مەیدانەوە کە فەلسەفەیەکی نوێ و سۆفیگەرییەکی نوێیان ئاوێتەی ڕۆحی ئیلاهیاتی زێدەڕۆیی و جیهاد کرد.

ئیلاهیات لە فەلسەفەی عەقڵ دوورکەوتەوە و زیاتر سەرنجی خۆی بۆ ڕەسەنایەتی و دڵسۆزیی بۆ دەقە کۆنەکە ڕاکێشرا. تەنانەت سۆفیگەریش بەهۆی فەرمان و یاسای پێشتر دارڕژاوی سۆفیگەریی لە لەیەن دەوڵەتەکانەوە، دەستەمۆ کرا. سۆفیگەریی فەلسەفی، ورده ورده تloona کرا و لە جیاتی ئەو سۆفیزمی باو ،کە لەسەر بنەمای پلەبەندی و خوڕافات دامەزرابوو سەریهەڵدا. بەرپرسانی سۆفیزمی سەر بە دەوڵەت دەیانزانی حاکمەکان چییان دەوێت و ئەوەی دەیانویست بۆیان جێبەجێ دەکردن: مرۆڤی گوێڕایەڵ کە لەژێر ناوی ئایین ڕۆحی ڕەخنەگرانەیان تێدا کوژاندنەوە. هەروەها زانایانی ئایینی بە پێی کات باشتر و باشتر تێدەگەیشتن کە حاکمان چاوەڕوانی چییان لێدەکەن و بۆ ئەم ئارەزووانە وەک ئیمانی ڕاستەقینە لەناو خەڵکدا بانگەشەیان بۆ دەکردن. گوتەی داهێنراو لە زمانی محەمەدەوە دۆزرانەوە کە موسڵمانانیان بۆ شوێنکەوتن و خواستی فەرمانڕەواکان هاندەدا

تەنانەت ئەگەر لەژێر قامچیدا ئەشکەنجە کرابن، یان تاڵان کرابایەن.

لە کاتێکدا ململانێی دەسەڵات لە نێوان حاکمە موسڵمانەکاندا بووە هۆی ئەوەی جیهانی ئیسلامی بەسەر چەندین خەلافەت و دەوڵەتی بچووکدا پارچە پارچە بکرێت، ململانێی دەسەڵات لە نێوان زانایانی ئیلاهیات بەردەوام مایەوە. هەر قوتابخانە یان لایەنێک تەنیا خۆی وەک نوێنەری ئیسلامی ڕاستەقینە دەبینی و ئەوانیتریان بە ئایینی هەڵە دادەنا. ئەو دەقە جیاوازانەی ئیسلامی ئەمڕۆ پێکدێنن، دەرئەنجامی ئەم ململانێیانەی دەسەڵاتی نێوان موسڵمانانە، کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ مردنی محەمەد هاتنە ئاراوە و تا ئەمڕۆش بۆ دیاریکردنی مێژووی ئیسلام بەردەوامن.

هەموو ئەو لایەنانە لەسەر پرسیاری جێنشینی پێغەمبەرەوە دەستی پێکرد. بەو پێیەی محەمەد خۆی ڕێبازێکی ڕوونی دیاریی نەکردبوو، موسڵمانان بەسەر دوو بەشی شیعە کە عەلی ئامۆزای محەمەد و نەوەکانی وەک حاکمانی ڕاستەقینە دەبینی، هەروەها سوننە کە پێوەرێکی دیکەیان بۆ شەرعیەت دارشتبوو، دابەشکران. ئەم ناکۆکییە کە لە ڕاستیدا کێشەیەکی سیاسی بوو، بووە هۆی دروستبوونی ململانێیەکی دەسەڵاتی ئایینی کە تا ئەمڕۆش چەندین کێشەیتری لێکەوتۆتەوە.

ئایینی ئیسلام وەک ئیمان و دەوڵەت سەریهەڵدا، هەمیشە دەوڵەت و ئیمان بووە و تا ئێستاش دەوڵەت و ئیمان ماوەتەوە. لانیکەم لە ئیسلامی سوننەدا هیچ ناوەندێك بوونی نییە بتوانێت

دۆگماکان دیاری بکات یان چاکسازیی پابەندکەر جێبەجێ بکات. کلیسای ئیسلام خودی دەوڵەتە و خەلیفە هەمیشە هەم ئیمپراتۆر و هەم پاپا بووە. پیاوانی ئایینی نەک هەر لە کۆمەڵێکی هەڵبژێردراوی ڕۆحانیی پێکدێن، بەڵکوو پێویستە هەموو کۆمەڵگا هەوڵ بدات هەمیشە و لە هەموو شوێنێک ڕێز لە دۆگماکانی ئایینەکە بگیرێت. ئەمڕۆ زیاتر لە پەنجا دەوڵەتی ئیسلامی پێکهاتوون کە نەریتی ئایینی جیاوازیان هەیە. ئەوە دووڕێیانەکەیە، چونکە چاکسازیی لە ئەندەنوزیا بۆ جیهانی عەرەبی پابەندکەر نییە، هەروەك چلۆن چاکسازی لە سۆفیزمی سەنیگالی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئێرانی شیعە نابێت. هەر بۆیە ئایینێکی کەمینە کە لە ئورووپا و ئەمریکای باکوور دروستکرابێت و بەپێی پێویستی و قەبارەی کۆچبەرە موسڵمانەکان گونجێنرابێت، نەک هەر بەزەحمەت دەتوانێ لایەنگر لە کۆمەڵگا زۆرینە موسڵمانەکاندا بدۆزێتەوە، بەڵکوو هەمیشە لەلایەن دامەزراوە ئایینییەکان و هەندێک دەوڵەتی ئیسلامیەوە وەک چەسپاندنیان بە سیاسەتی ڕۆژئاوا یان ڕێبازدانان بۆ ئایینی ئیسلام، دژایەتی دەکرێت. چونکە هەر شوناسێک لەسەر بنەمای ئایین، پێویستی بە ئەفسانەیەکی دامەزرێنەر، بەردەوامی و ڕەسەنایەتی و بەردی بناغەی ڕوون و دیاریکراوی ئەم شوناسەوە هەیە.

لە ڕابردوودا تێکەڵکردنی جیهاد، شەریعەت، دەقی ئیلاهیات، داگیرکاریی و شەڕی ئابووریی، بەردەوامی و ڕەسەنایەتیی بۆ ئایینەکە دابین کردووە. ئەم تێکەڵاوییە لە ساڵانی سەرەتایی

ئایینەکەدا سووتەمەنی بزوێنەری ئایینی ئیسلام بووە و بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی گەورە لەژێر ناوی ئایینەکەیەوە بەشداری سەرەکی بووە. ئەمڕۆ زیاتر وەك بەربەستێك کە ڕێگری لە چاکسازی دەکات و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ جیهانی غەیرە ئیسلامی گەڵێك قورستر دەکات، دەنوێنێ. تێڕوانینێکی یەکڕەهەندی لە ئایینی ئیسلام بۆ ڕوونکردنەوەی مێژوو، مرۆڤی موسوڵمان بەگشتی و سەرکەوتنەکانی باوباپیرانیان دەوەستێنێ و ڕیفۆرمخوازان لە خۆڵ و زیـخ و قوڕاوی ڕابردوودا دەچەقێنێ.

سەرەڕای چەندین بیرۆکەی ڕۆشنگەریی لەلایەن فەیلەسوفە ناودارەکانەوە، هیچ بزووتنەوە یان شۆڕشێک لە چەشنی ڕۆشنگەریی ئورووپی نەیتوانی لە جیهانی ئیسلامدا سەرهەڵبدات. چونکە ئیرادەیەکی بەهێزی جەماوەریی کە بتوانێت بەبێ گوێدانە ئیرادەی فەرمانڕەواکان ئەو بیرۆکانە وەربگرێ و بەکردەوە بەڕێوەی بەرێ، بوونی نەبووە. کۆچی موسڵمانان بۆ ئورووپا دەیتوانی ئەم چینە مامناوەندییە دروست بکات، بەڵام بەشێکی زۆری موسڵمانانی ئورووپا یان هێشتا بە خەونی ئیسلامیی داگیرکردنەوەی ئورووپاوە خەریکن یان بەستراونەتەوە بە خەونە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. موسڵمانان لە ئورووپا دەتوانن هەوڵ بۆ یەکگرتوویی و داینامیکی نوێی پێشکەوتن بدەن، وەک ئەوەی ڕۆژێک لە لیڤانت "Levante"[١٥] و کۆردۆبا "Córdoba" کردیان.

---

[١٥] لیڤانت ڕۆژهەڵاتی نزیکە (لوبنان و سووریا)، بەڵام نیازی نووسەر دەبێ ئیمپڕاتۆریەتی ئەمەوییەکان بێت لە شام (دیمەشق).

هەروەها دەتوانن هەوڵ بۆ چەقبەستوویی زیاتر، ناسیۆنالیزم و بناژۆخوازی بدەن، وەک کۆچبەرە زێدەڕۆکانی ئەفریقای باکوور لە ئەندەلوس لە سەدەی ١٠ و ١١دا ئەنجامیاندا. ئەوەی گرنگە ئەوەیە وڵاتانی ئورووپا چلۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆچبەرە موسوڵمانەکان دەکەن و ئایا ئەو موسڵمانانەی لێرە دەژین دەتوانن ئیسلامێک بەرهەمبهێنن کە لەگەڵ ئورووپا، بەها ئینسانییەکان و ژیانی مۆدێرنی ئێرەدا بگونجێت؟ لە ڕاستیدا، بەداخەوە وێدەچێ چەشنە ئۆرتۆدۆکسیەکە یاخود زێدەڕۆییەکە گەشەیەکی بەهێزی لە ئورووپا کردووە. ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت، نە بۆ ئورووپا و نە بۆ چاکسازی لە ئیسلامدا چاوەڕوانییەکی باش و ڕوونی بۆ داهاتوو لێ ناکرێت.

دوای ئەم کورتە لێکدانەوەیە، ئێستا حەز دەکەم لەگەڵ خۆمدا بۆ گەشتێکی ورد لەسەر مێژووی ئیسلام هەڵتانگرم، کە بۆ ئەو مەبەستەش دە تێزی سەرەکیم هەیە. ئەم تێزانە لەسەر بنەمای تاکە بابەتەکان دانەنراون، چونکە هەندێکیان وەکوو خەتێکی سوور بە نێو تەواوی چیرۆك و مێژووەکەدا کێشراون. بەو پێیەی تاکە بابەتەکان هەمیشە وەك کرۆنۆلۆژیا دەرناکەون، بەڵکوو هەندێکجاریش تەرکیز لەسەر گرنگایەتی بابەتییانەی پەیڕەو دەکەن، ڕاستەوخۆ دوای ئەم پێشەکییە دەتوانرێت هێڵێکی کاتیی مێژووی ئیسلام بدۆزرێتەوە.

تێزەکانم بریتین لە:

1 - لە ڕووی ئیلاهیات و شارستانییەوە، ئیسلام منداڵی لەدایکبووی ئیمپراتۆریەتە دێرینەکانی بیزەنس و ئێرانییە، بەڵام چەندین جار بە دوورکەوتنەوە لەم ئیمپراتۆریەتانە، کە جاروبار وەك دوژمن و هەندێکجاریش وەك ئولگوو سەیر کراون، تامەزرۆیی ناسنامەکەیانی تیژتر کردووەتەوە.

2 - چوار شەڕی گەورە نەك هەر ڕابردوو بەڵکوو ئێستا، ئایینی ئیسلامیان لە قاڵب دا: شەڕی دژ بە بیزەنس (ڕۆژئاوا)، شەڕی قودس، شەڕی نێوان سوننە و شیعە، شەڕی نێوان دۆگما و عەقڵانییەت واتە "زێدەڕۆیی" و "ڕیفۆرمخوازیی".

3 - کاتێک ئیسلام لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆیدا لەلایەن عەرەبەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا، سەرنجی تەنیا بۆ خۆبڵاوکردنەوە و داگیرکاریی ڕاکێشرا. بەڵام کاتێک ئێرانییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی عەباسیدا دەسەڵاتی کاریگەرییان بەدەستهێنا و شارستانییەتێکی ئیسلامیان بە ئاوێتەکردنی فەلسەفە و سۆفیگەریی بۆ ماوەیەکی کاتی پێکهینا، دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هات.

ئەم دۆخەش هەمیسان پێچەوانە بووەوە کاتێك عوسمانی و مەغۆلەکان دەسەڵاتی کاریگەرییان بەدەستهێنا و ئیسلام لەگەڵیاندا گەڕایەوە بۆ مەیلی شەڕەنگێزی پێشووی خۆی.

4 - بەو ڕادەیەی ئیسلام زیاتر لە ناوەندی عەرەبی ڕەسەنی خۆی دوور کەوتەوە، زیاتر توانیویە تێکەڵ بە کولتوورەکانی دیکە ببێت. ئیسلامی ئاشتیخواز لەو ناوچانەدا زاڵ بووە کە بە هێزی شمشێر ئیسلامی نەکرابن، وەک ئەندۆنێزیا و بەشێک لە ئەفریقا، واتە ئەو شوێنانەی وا ئایینەکە لە لایەن سۆفییەکانەوە بەناوبانگ کران. زێدەڕۆترین و نالێبوردەترین چەشنی ئایینی ئیسلام لە ئێرانی مەلا شیعەکان و لە دەوڵەتانی کەنداودا دەبینرێت، کە شێخە دەوڵەمەندەکانی ناوچە نەوتییەکان پەرەیان بە بڵاوبوونەوەی وەهابیزم تا ناو ئورووپاش داوە.

5 - مێژووی ئیسلام نەک هەر ڕەنگدانەوەی ڕابردووی ئورووپایە، بەڵکوو کاریگەریی لەسەر داهاتوو هەیە (مەعریفە بەرامبەر میتافیزیک، شوناس بەرامبەر

ڕۆشنگەریی، شەڕە ئایینییەکان بەرامبەر پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، دۆگما بەرامبەر ئازادی).

6 - ئورووپا دەتوانێ لە قۆناغەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە بەغدا و کۆردۆبا فێربێت چلۆن پێکهاتە فرە نەتەوەیی و فرە ئایینییەکان توانیان بۆ ژیانێکی پڕ لە تولەرانس و لێبردوویی یەکتر هان بدەن. بەڵام مەرجی پێشوەختە بۆ ئەم کارە ئەوەیە مرۆڤی کۆمەڵگا دڵسۆزی دەوڵەت بن و لە ناوخۆ و دەرەوە بەرگری لە بەها ئینسانییەکان و مافی مرۆڤ بکەن. هەروەها پێویستە لە شێوازی دارمانی خەلافەتەکانی بەغدا و کۆردۆبا ئەزموون وەرگرین و ئاگادارمان بکاتەوە.

7 - هەرکاتێک هێزی عەقڵ و ویستی ئازادی لە مێژووی ئیسلامدا زاڵ بووە، ئەزموونەکەی بۆتە هۆی پێکەوەژیانی ئاشتیانە، دۆخی ئابوورییەکی ئاوەدان و کەرتێکی فەرهەنگی و زانستی گەشەسەندوو. هەرکاتیش ئیسلامی زێدەڕۆ بەسەر کۆمەڵدا زاڵ بووە، ئەخلاق بەسەر عەقڵ، شوناس بەسەر مەعریفەدا، هەروەها پێشکەوتن بەرەو خوارەوەی لێژ شۆڕبۆتەوە، کەمینەکان

چەوسێنراونەوە و کۆتایی بە شارستانیەتی ئیسلامی هێنراوە.

8 - ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی لە ئوروووپا بەدوای ڕێنێسانسی خۆیدا دەگەڕێت، هاوکاتیش ئیسلامی لیبڕاڵ لێرە پڕۆپاگەندا بۆ لایەنگرانی خۆی دەکات. جا بۆیە بە ئەگەری زۆر شەڕی داهاتووی کولتوری ناو ئیسلامی لە ئورووپاشدا ڕوودەدات.

9 - لەم شەڕە کولتوورییەدا، سیاسەتی شوناسی ئیسلامی چەپ و ڕاست و "فەرهەنگی هەڵوەشاندنەوە" دەچنە ناو هاوپەیمانییەکی ناپیرۆز و شەیتانییەوە. هەرچەندە لۆژیك و پاڵنەرەکانیان جیاوازیش بن، بەڵام ئەنجامەکەی گەلێك کوشندە دەبێ: دژە شۆڕشێک لە ڕێگەی بارگەی سۆزداریی و ئەخلاقی مشتومڕەکانەوە دەتوانێ کاریگەرییەکی قورس لەسەر بیرۆکەکانی ڕۆشنگەریی دابنێ، ئەگەر بە تەواوی نەخنکێندرێ. بەڵام بەریەککەوتنی نێوان ئیسلام و ئورووپا بە ناهاوسەنگ دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی ئێمە لە بەرامبەر ئەگەری ململانێ لە تولەرانس واتە لێبوردەیی بە هەڵە

تێبگەین، بێدەنگ بمێنینەوە و هەل بۆ هێزە زێدەڕۆکان خۆش کەین بتوانن بە ئارەزووەکانیان بگەن.

١٠ - لەکاتێکدا بەلەمی ئیسلامیزم لە جیهانی عەرەبیدا خەریکی نوقمبوونە، وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوونەتە مەلەوانی ڕزگارکەریان. لێرە سەلەفیی لە مزگەوتەکاندا خەریکی شوشتنەوەی مێشکی گەنجەکانن، جیهادیست و سیاسەتوانی وەک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەوڵەکانی یەکگرتن و ئینتیگراسیۆنی مرۆڤی بیانی لەم وڵاتە پووچەڵ دەکەنەوە، هەروەها گەنجانی موسڵمان بە بەڵێنەکانی ڕزگارکردنی ئیسلامی زێدەڕۆ لە لایەن فناتیکەکانەوە وەک دژە خاڵێک لەهەنبەر جیهانی مۆدێرن و ئازاد دادەنرێن. ئەگەر بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕووبەڕووی ئەم کێشە جیددیە نەبینەوە، ئیسلام زیاتر ئورووپا دەگۆڕێت تا ئەوەی ئورووپا ئیسلام بگۆڕێت.

## ٥٧٠- ٦٣٢: سەردەمی محەمەد

٥٧٠: ساڵی لەدایکبوونی محەمەد لە مەککە.

٦٠٣ – ٦٢٨: دوایین و گەورەترین شەڕی ئیمپڕاتۆڕییەی ڕۆم و ئێران بە بەشداریی نەتەوەی عەڕەب لە هەردوولا.

٦١٠: سەرەتای پەیامەکانی محەمەد لە مەککە.

٦٢٢: کۆچی محمد لە مەککەوە بۆ مەدینە. هەر لەو ساڵەدا بیزانس بە هاوکاریی کۆنفیدراڵەکانی عەڕەب، هێرشێکی بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ساسانی ئێران بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنەوەی قودس دەستپێکرد.

٦٣٢: محەمەد لە مەدینە بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی بۆ دیاریکردنی جێگرەکەی لە خۆی بەجێهێشتبی، کۆچی دوایی کرد.

## ٦٣٢ – ٦٦١: سەردەمی خەلیفەکانی ئیسلامی

٦٣٢: ئەبوبەکر دەبێتە جێگری محەمەد.

٦٣٤: دوای دوو ساڵ ئەبووبەکرکۆچی دوایی کرد و عومەر کوڕی خەتتاب ئەرکی خەلیفەی گرتە ئەستۆ.

٦٣٦ – ٦٣٨: موسڵمانان ئیمپراتۆریەتی ساسانیی ئێرانیان داگیر کرد و لە شەڕی یەرموکدا"Yarmuk" ڕۆمیی واتە بیزانسییەکان لە فەلەستین و سوریا کشانە دواوە.

٦٣٩ – ٦٤١: داگیرکردنی ئەرمەنستان و میسر.

٦٤٤: کوشتنی عومەر و دەستپێکردنی سەردەمی خەلیفە عوسمان.

٦٤٧: داگیرکردنی باکووری ئەفریقا لە لایەن موسوڵمانانەوە.

٦٥٥: عەرەب لە شەڕی فۆنیکس"Phönix"دا شکستیان بە ڕۆمییەکان هێنا.

٦٥٦: دوای کوشتنی خەلیفەی سێیەم عوسمان، عەلی ئامۆزای محەمەد دەسەڵاتی گرتە دەست. شەڕێکی درێژخایەنی ناوخۆیی ئیسلام دەستی پێکرد.

## ٦٦١ – ٧٥٠: سەردەمی ئومەوییەکان

٦٦١: تیرۆرکردنی عەلی بوو بە هۆی دەستپێکردنی دابەشبوونی موسڵمانان بەسەر سوننە و شیعەدا. شەڕی ناوخۆی ئیسلامی

تەشەنەی کرد. هەر لەو ساڵەدا دەسەڵاتی موعاویەی یەکەم دامەزرێنەری سلسلەی ئومەوی دەستی پێکرد.

٦٧٤ – ٦٧٨: یەکەم گەمارۆدانی شاری قوستەنتینیە "Konstantinopel"(ئەستەموڵ)

٦٨٠: کوشتنی حسێن کوڕی عەلی.

٦٨٥ – ٧٠٥: سەردەمی خەلیفەی پێنجەمی ئومەوی عبد الملک ابن مەراوان؛ کە بە دووەم دامەزرێنەری ئیسلام دادەنرێت.

٦٩١: تەواوکردنی قوبەی گاشەبەردی قودس.

٦٩٨: باکووری ئەفریقا، هەروەها باشووری دەریای ناوەڕاست بە تەواوی دەکەوێتە دەستی موسڵمانان.

٧١٧ – ٧١٨: دووەم گەمارۆدانی شاری قوستەنتینیە "Konstantinopel" (ئەستەموڵ).

٧٠٠ – ٧٣٨: عەرەبەکان ئاسیای ناوەڕاست و پارێزگای سند "Sindh" ی پاکستانی ئەمڕۆیی و بەشێک لە هیندوستان داگیر دەکەن و دەگەنە سنوورەکانی چین.

٧١١: داگیرکردنی ئەندەلوس.

## ٧٥٠ – ١٢٥٨: سەردەمی خەلافەتی عەبباسی.

٧٥٠: کۆتایی هاتنی حوکوومەتی ئومەوی و سەرەتای خەلافەتی عەباسی.

٧٥٤ – ٧٧٥: خەلیفە مەنسوور لە شاری بەغدا دەستووری نووسینی ژیاننامەی پێغەمبەر"محەمەد" دەدا.

٧١٤ – ٨٠١: عیرفانی ڕەبیعە العداوییە "Rābiʿa al-ʿAdawiyya" لە ئیسلامی کلاسیک یاخی دەبێت و باسی خۆشەویستی ئیلاهی دەکات.

٧٨٦ – ٨٠٩: سەردەمی خەلیفە هارون ڕەشید.

٨١٣ – ٨٣٨: سەردەمی خەلیفە مەئمون "Al-Maʾmūn"؛ زانست گەشە دەکات، قوتابخانەی بیرکردنەوەی عەقڵانی موعتەزیلە "Muʿtazila" لایەنگر بەدەست دەهێنێت.

٨٨٣: ڕاپەڕینی کۆیلە ڕەشپێستەکانی زەنج"Zanadsch" دژی عەباسییەکان.

٩٢٢: لەسێدارەدانی شاعیری سۆفی مەنسووری حەلاج "Sufi-Dichters al-Hallādsch" بەهۆی دژایەتی لەهەنبەر ئایین.

١٢٥٨: لەشکرکێشی مەغۆلەکان بۆ سەر بەغدا کۆتایی بە خەلافەتی عەباسی دێنێت.

**٧١١ – ١٤٩٢: سەردەمی ئەندەلوس**

٧١١: عەڕەبەکان دەریای ناوەڕاست دەبڕن و ئەندەلوس داگیر دەکەن.

٧٣٢: لە شەڕی تۆرس "Tours" و پۆیتییێر "Poitiers"دا، شا چارلز مارتێل "Karl Martell" شای فرانکەکان لە ڕۆژئاوا هێرشی عەڕەبەکان ڕادەگرێت.

٧٥٦: عەبدئەررەحمانی یەکەم "Abd ar-Rahman I" کە سەر بە خەلیفەکانی ئومەوی بوو، میرنشینی کۆردۆبا (قرطبە)ی دامەزراند.

٨٢٢: مۆسیقاژەن و زانا زەریاب "Ziryab" لە بەغداوە دێتە ئەندەلوس و شۆڕشێک لە بواری مۆسیقا، هونەری خواردن و مۆدی نوێ وەڕێدەخات.

٩٢٩ – ١٠٣١: میرنشینەکەی کۆردۆبا لە سەردەمی عەبدولڕەحمانی سێیەم "Abd ar-Rachman III" دەبێتە خەلافەت.

١٠٦٦: لە کۆمەڵکوژییەکەی گرانادا "Granada" دوای ئەوەی جولەکەیەک بە فەرماندەی سوپای موسڵمانان دەستنیشان دەکرێت، چوار هەزار مرۆڤی جولەکە دەکوژرێن.

١٠٤٦ – ١١٤٧: دامەزرانی فەرمانڕەوایی ئەلمۆراڤیدەکان "Almoraviden" کە لە باکووری ئەفریقاوە هاتبوون.

١١٢١ – ١٢٦٩: دامەزرانی حوکمڕانی ئەلموەحەدەکان "Almohaden" کە لە باکووری ئەفریقاوە هاتبوون.

١١٩٥: فەیلەسوف ئاڤێرۆس "Averroës" ناچار دەکرێ ئەندەلوس بەجێبهێڵێت، چونکە بیرۆکەکانی لەلایەن موسڵمانە زێدەڕۆ و بناژۆخوازەکانەوە ڕەتدەکرێنەوە.

١٢٣٦: کەوتنی کۆردۆبا.

١٤٩٢: دوای کۆتایی هاتنی ڕیکۆنکویستا "Reconquista"[١٦] موسڵمانەکان لە ئەندەلوس دەرکران.

## ٩٦٩ – ١١٧١: **سەردەمی فاتمیەکان**

٩٧٢: خەلیفەی شیعە الموعیز "al-Muʿizz" شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری قاهیرەی تازە دامەزراو و مزگەوتی ئەزهەر ئاوەدان دەکاتەوە.

١٠٠٩: خەلیفە ئەلحەکیم "Al-Hākim" کلیسەی ناوداری "گۆڕی پیرۆز" لە قودس وێران دەکا.

[١٦] ڕیکۆنکویستا زاراوەیەکی ئیسپانی و پورتوگالییە بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ناوچەی کۆنترۆڵکردنی ئیمپراتۆریەتی مەسیحییەکانی نیمچە دوورگەی ئیبەری. هاوکاتیش پاڵنانی ناوچەی دەسەڵاتی موسڵمانان بۆ دواوە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

## ١٠٩٥ – ١٢٩١: یەکەم شەڕی خاچپەرستەکان

١٠٩٥: پاپا ئۆربانی دووەم "Urban II" داوای یەکەمین شەڕی خاچپەرستانە دەکات. لە نێوان ساڵانی ١٠٩٨ بۆ ١١٠٩ شورشگێڕە مەسیحییەکان توانییان قودس ئازاد بکەن و چوار دەوڵەتی سەر بە خاچپەرستان پێکبێنن کە بریتی بوون لە ئێدێسا "Edessa" (١٠٩٨)، ئەنتیۆچیا "Antiochia" (١٠٩٨)، قودس "Jerusalem" (١٠٩٩) و تریبۆلیس "Tripolis" (١١٠٩).

## ١١٤٧ – ١١٤٩: دووەم شەڕی خاچپەرەستان

١١٨٧: لە شەڕی حەتین "Hattin"، سەربازەکانی سوڵتان سەلاحەدین "Sultans Saladin" (میسری – سوری)، قودس و ناوچەکانیتر دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

١١٨٩ – ١١٩٢: پاپا جۆرجی هەشتەم "Georg V III" داوای شەڕی خاچپەرستیی سێیەم دەکات. قودس لە دەستی موسڵمانانادا دەمێنێتەوە، بەڵام خاچپەرستان توانیان ئاککون "Akkon" داگیر بکەن.

١٢٠٢ – ١٢٠٤: لە شەڕی خاچپەرستیی چوارەمدا مەسیحی، دژی مەسیحییەکان شەڕ بەڕێوە دەبەن؛ قوستەنتەنیە داگیر دەکەن، شارەکە دەشێوێنن و کاولی دەکەن.

١٢٢٨ – ١٢٢٩: لە شەڕی خاچپەرستیدا کە بە بێ ڕژانی خوێن بەڕێوە دەچێ، ئیمپراتۆری هۆهێنستاوفێن فرێدریکی دووەم "Stauferkaiser Friedrich II"، قودس بە پەیڕەوکردنی پەیماننامەیەك دەگەڕێنێتەوە بۆ لای مەسیحییەکان.

١٢٤٨ – ١٢٥٤ و ١٢٧٠: دوای کۆتایی هاتنی پەیماننامەکە، ئەو شەڕە خاچپەرستیانەی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی قودس بەڕێوەچوون، شکستیان هێنا.

١٢٩١: دواجار خاچپەرستان لەلایەن مەملوکەکانی "Mamluken" میسرییەوە لە خاکی پیرۆز دەر دەکرێن.

١٢٥٠ – ١٥١٧: سەردەمی مەملوکەکان

١٥٠١ – ١٧٢٢:سەردەمی سەفەوییەکان لە ئێران

١٥٢٦ – ١٨٥٨: سەردەمی مەغوولەکان لە هیندوستان[١٧]

١٢٩٩ – ١٩٢٢: ئیمپڕاتۆڕیی عوسمانی

١٤٥٣: داگیرکردنی قوستەنتەنییە "Konstantinopels" (ئەستەموڵ).

---

[١٧] بەو پێیەی ئەم ئیمپراتۆریەتە لە کتێبەکەدا بە وردی باس نەکراوە، تەنیا لە ناو کورزیودا ناویان لێنراوە.

١٤٨٨: دەریاوانە پورتوگالیەکان "کاپی هیوای باش" دەدۆزنەوە.[١٨]

١٥١٦\١٥١٧: عوسمانیەکان سوریا و میسر داگیر دەکەن.

١٥٢٩: تورکەکان گەمارۆی شاری ڤیەن"Wien" دەدەن.

١٦٨٣: دووەم گەمارۆدانی شاری ڤیەن.

١٧٩٨: هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر میسر.

١٨٣٠: دەسەڵاتی فەرەنسا لە ئەلجەزاهیر"Algerien"

١٨٥٣: شەڕی کریمە: شەڕی کریمە ململانێیەکی سەربازی بوو کە لە ساڵی ١٨٥٣ وە تا ١٨٥٦ لە نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا لە لایەک و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هاوپەیمانەکانی فەرەنسا و بەریتانیادا درێژەی بوو.

١٩١٦: ڕێککەوتنی نهێنی سایکس پیکۆ "Sykes-Picot" لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا ، کە تێیدا دیاری کراوە دەوڵەتانی عەرەبی لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن.

١٩٢٢: کۆتایی پێهاتنی ئیمپڕاتۆڕیی عوسمانی.

---

[١٨] "کاپی هیوای باش" کاپێکی زۆر سەرنجڕاکێشە لە نزیک نوکی باشووری ئەفریقا، لە ڕووی سیاسییەوە سەر بە پارێزگای کاپی ڕۆژئاوایە و دەکەوێتە پارکە نەتەوەییەکەی "Tafelberg"

## ١٧٤٤ – تا ئەمرۆ:  سەردەمی ئیسلامی زێدەڕۆ

١٧٠٢ – ١٧٩٢: واعیز محمد ابن عبد الوهاب "Muhammad Ibnʿ Abd al-Wahhāb" بیرۆکەی ئیبنی تەیمییە "Ibn Taimīya" زیندوو دەکاتەوە و خۆی لەگەڵ هۆزی سعودیە هاوپەیمان دەکات و فەرمانی ڕاوەنانی شیعە و مەسیحییەکان دەدات.

١٨٤٩ – ١٩٠٥: موفتی میسر محمد عەبدوە "Muhammad Abdoh" دەیەوێت ئیسلامێکی مۆدێرن بە مرۆڤ بناسێنێت، بەڵام بەهۆی هێزە کۆنەپەرستەکان شکست دەهێنێت.

١٩٢٤: دامەزرانی بزووتنەوەی ئیسلامی مەودودی "Maudūdī" لە هیندوستان.

١٩٢٨: دامەزرانی ئیخوان ئەلموسلیمین لە لایەن حەسەن البەننا "Hasan al-Bannā" لە میسر.

١٩٤٧: دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل.

١٩٦٧: دەوڵەتی ئیسرائیل پێنج سوپای عەرەبی تێکشکاند و قودسی داگیرکرد.

١٩٧٩: شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران. ڕووسەکان ئەفغانستان داگیر دەکەن، سادات سەرۆک کۆماری میسر لەگەڵ ئیسرائیل ئاشت بۆوە.

٢٠٠١: هێرشەکانی ١١ی ئەیلول لە ئەمریکا، قۆناغێکی نوێی تیرۆریزم بەناوی ئیسلامەوە دەستپێکرد.

٢٠٠٣: شەڕی دووەمی عێراق، کە بووە هۆی ڕووخانی ڕژیمی سەدام حوسێن و قۆناغێکی درێژخایەنی داگیرکاری.

٢٠١٤: دامەزرانی خەلافەتی داعش لە شاری مووسلی عێراق.

## سەردەمی بەخەبەر هاتنەوە؟

٢٠١٠ / ٢٠١١: لە دوای بەهاری عەرەبی، حکوومەتی چەند وڵاتێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووخێنران، بەڵام ئەو ڕێفورم و چاکسازیانەی خۆپیشاندەران هیوایان بۆ دەخواست، نەیتوانی بەڕاست وەرگەڕێ. ئوسامە بن لادن لەلایەن هێزێکی تایبەتی ئەمریکاوە لە پاکستان کووژرا.

٢٠٢١: تونس مادەیەک لە دەستوور لادەبات کە دەڵێ ئیسلام ئایینی دەوڵەتە و بەرگری لە مۆدێرنیزەکردنی میرات و مافی ژنان دەکات.

٢٠٢٢: وڵاتی سعودیە داوای نوێکردنەوەی ئیسلام دەکات، ڕووپۆشی ژنان بە کردەوەیەکی ئازاد دادەنێ و ڕێگە بە کۆنسێرتەکانی مۆسیقا دەدات ژن و پیاو پێکەوە بەشدارییان تێدا بکەن.

## بەشی یەك

### لە بیزانسەوە بۆ مەککە: کاریگەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لەسەر پێکهاتنی ئایینی ئیسلام

بیابان شوێنێکی پڕ لە ڕووناکایی و وەهمە. شوێنێکی کەمایەسی و تەماح. تابولا ڕاسا"Tabula rasa"[١٩]، یاخود بۆشاییەك کە پۆتێنسیال یاخود توانایی هەموو شتێکی هەیە. هەم ئاشتیخوازانەیە و هەم مەترسیدارە، بانگهێشتکەر و بێزارکەر. نە ڕووبارێکی لێیە کە تێدا خلۆر بێیتەوە، نە دەریایەک کە شەپۆلەکانی هاژەیان بێ و نە دارێک کە لەگەڵ بادا سەما بکات. شتێکی زۆری لێ نییە، جگە لە زیخ، خۆرەتاو و کات. بیابان شوێنی توندڕەوییە: گەرما و سەرما، بێدەنگی و زریان، شیعر و کوشتن، دزی و میوانداریی، پراگماتیزم و بیرکردنەوەی سیحراوی. ئەگەر تۆ لە بیابان لەدایک بووبی، "شمشێر" کەرەسەی یاریکردنی منداڵیتە و "شەڕ" ڕێورەسمی سەردەمی گەورەبوونت.

لە بیاباندا هیچ ڕێگایەکی دیاریکراو بوونی نییە. شوێنی قاچەکانت لەناو زیخدا دەبنە ڕێگایەک بەڵام ماوەیەك دواتر ئیتر دەسڕێنەوە. ئەوەی بەتەنیا دەتوانی بیکەیت گرنگ نییە چونکە

[١٩] چەمکێکی ئیتالیاییە و بە مانای مەجازی، تابولا ڕاسا بە واتای شتێکی "بەتاڵ وەکو تەختەیەکی سپی".

قاچەکانت توانایی هەڵگرتنی ڕێگای دووری تۆیان لە بیاباندا نییە. هەرگیز ناتوانی بە تەنیا ڕێگەی خۆت بەناو بیاباندا بکەیتەوە، چونکە بیابان گۆڕستانێکە بۆ تاکگەرایی. لەوێ، خواردن و خواردنەوەی کەمی لییە. کاتێک لەوێ جێگیر بوویت، پێویستیت بە خێڵێك دەبێ کە پارێزگاریت لێبکات. ئەگەر بتەوێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر بڕۆی، پێویستت بە کاروانێکی ڕێبوار هەیە کە هەمان ئامانجیان هەبێ و لە ڕێگاکەدا چاوساغ و هاوڕێت بن. پێویستت بە خۆراکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بگەیتە مەقسەد و بگەڕێیتەوە و دەستڕاگەیشتنت بە سەرچاوەیەکی ئاو لەو ناوەدا مەرجێکی مان و نەمانە. هەروەها کاروانەکە پێویستی بە چاوساغێك هەیە کە پێشەنگیەتی بکات و ڕێگاکان وەک بەری دەستی بناسێت.

ئەم چاوساغە بە دەگمەن لە کاتی گەشتەکەدا ڕاستەوخۆ سەیری پێشەوە دەکات. بەردەوام بەدوای ئاڕاستەکردندا چاوەی بەرەو ئاسمان دەڕوانێ. خۆرەتاو و ئەستێرەکان لەو ڕێگایەدا ڕێگری لە قووتدانی ڕێبواران لەو ڕێگا بێ کۆتاییەدا دەکەن. چاوساغ ڕێگا دەزانێت چونکە متمانەی بە ئاسمان هەیە. تەنیا متمانەی بەوە. ئەو ڕێگای کورتکراوە و جیاوازی نێوان ڕاستەقینە و تراویلکە دەزانێت. دەزانێت چەتەی سەر ڕێگاوبانەکان لە کوێدا خۆیان حەشار داوە و خۆیان لێ دەپارێزێت. هەروەها لەبەر ئەوەی لە هەموو کەس زیاتر بەڕێوەیە، سنووری بیابان و درێژەی ژیانی داهاتووی زیخەکان دەناسێت. زۆرجار بە شیعر و گێڕانەوەی چیرۆک سەبارەت بە باخچە دوورەکان و مرۆڤی نامۆ و

ڕووداوەکانیان لەودیوی بیابان، ڕێبواران سەرقاڵ دەکات. هەندێک لەو چیرۆکانە لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆیەتی، هەندێکیتریشیان خەیاڵین. جیهانێکی خەیاڵی، کە لە کۆمەڵێک خوداوەند، بوونەوەر و جرۆجانەوەر پێکهاتوون و چارەنووسی دانیشتوانی بیابانەکان دیاری دەکەن. هەر هۆزێک، هەر گروپێک چیرۆکی خەیاڵیی خۆی هەیە.

پێش هاتنی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا لە نێو هۆزەکاندا نە ناسنامەیەکی یەکگرتووی عەرەبی و نە ئایینێکی یەکگرتوو بوونی بووە. خەڵکی ناوچەکان لە خێڵی جیاوازدا دەژیان و بە زاراوەی جیاوازیش قسەیان دەکرد. هەندێکیان بەردەوام لەو شوێنە دەژیان و هەندێکیتر وەک کۆچەر دەسوڕانەوە. سەر بە خێڵبوون لەو سەردەمەدا تاکە توخمێک بوو کە ناسنامەی بۆ دیاریی دەکردن. بیرۆکەی حکوومەتێکی یەکگرتووی عەرەبی شکستی دەهێنا چونکە هەر خێڵێک پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد سەرکردەی حکوومەت پێویستە لە خێڵی خۆیان هەڵبژێردرێ.

هەمان پرەنسیپ بۆ ئایینێکی یەکگرتووش بوو. پێش محەمەدیش بەردەوام کەسانێک هەبوون کە بانگەشەی پێغەمبەربوونی خۆیان دەکرد. بەڵام هیچکامیان نەیانتوانی پەیامەکەیان لە دەرەوەی خێڵەکەیان تێپەڕێنن. هەروەها پەیامەکەی محەمەدیش سەرەتا وەک قاوکەرێکی تاک لە بیاباندا دەمێنێتەوە.

عەرەبستان بۆ یەکەمجار وەک یەکەیەکی جوگرافی لەسەر نەخشە ڕۆمییەکان دەردەکەوێت. لەو سەردەمەدا شوێنی نیشتەجێبوونی هۆزە جیاوازەکانیان بەسەر سێ ناوچەدا دابەشکردبوو. لەسەر نەخشە جیهانییەکانی سەدەی چوارەم، عەرەبستانی فیلیکس "Felix" (یەمەنی ئەمڕۆیی)، عەرەبستانی پێترایا "Petraea" (ئوردونی ئەمڕۆیی) و عەرەبستانی دیسێرتا "Deserta"(بە عەرەبی وەک مەگنا "Magna"ش ناوی هاتووە) لە ناوەڕاستی نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، دەبینرێن.

عەرەبستانی ئەو سەردەمە لەلایەن زلهێزەکانی جیهانەوە گەمارۆ درابوو: ئیمپراتۆریەتی بیزانسی(ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی) لە باکوور، ئیمپراتۆریەتی ساسانی ئێران لە باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵات، هەروەها ئیمپراتۆریەتی حەبەشە "Abessinien" لە باشووری ڕۆژئاوا. بۆ ماوەیەکی زۆر هیچکام لەم ئیمپراتۆریەتە گەورانە حەز یا تامەزرۆییان بۆ داگیرکردنی بەشەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای نیمچە دوورگەی عەرەبی (ئەمڕۆی سعودیە) نەبوو. ئەم ناوچەیە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە گرنگایەتی ئەوتۆی نەبووە و بە درێژایی ساڵ کەشوهەوا و بارودۆخێکی نالەباری هەبوو. هەرکەسێک ڕێگەی خۆی لەو بیابانەدا لێ ون بایە، لە تینوێتیدا دەمرد و جەستەی لەژێر تەپۆڵکە زیخەکان دادەپۆشرا. هەرکەسێک لە هەموو ئەمانە ڕزگاری بووبایە، وەبەر ڕەحمەتی باندەکانی تالانچی و دزەکان دەکەوت. ڕەنگە تەنیا چەند هەڵمەتێکی سەربازی کورتخایەن لەلایەن زلهێزەکانەوە بۆ پاراستنی سنوورەکانی خۆیان هەبووبێت، بەڵام کەس نەیدەتوانی

یان نەیویستووە بەڕاستی بچێتە ناو ناوەندی بێ ڕزق و ڕۆزیی عەرەبستانەوە. بیابان قازانجێکی کەم و بەها و تێچوویەکی زۆری بۆ زلهێزەکان هەبوو. دۆخێکی نەگونجاو کە ساڵی ٢٥ پ.ز . حاکمی ڕۆمی لە میسر ئەزموونی کرد. لەو سەردەمەدا ئایلیۆس گالوس "AeliusGallus" سەرکردایەتی هەڵمەتێکی کردبوو بۆ ئەوەی بیابانەکانی عەرەبستان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی ڕۆمەوە. بەڵام دوو لەشکر لەگەڵ نزیکەی هەزار وشتر سوار و ٥٠٠ تیروکەواندار، بە شێوەیەکی نەگبەتیانە شکستیان هێنابوو. بۆیە دواتر حاکمانی ڕۆمی و ئێرانی هاتبوونە سەر ئەو بڕیارەی تەنیا پشتیوانی لە شانشینییە بچووکە جیاوازەکانی عەرەبی بکەن. دەوڵەتانی فێئۆداڵی "Vasallen" وەک شانشینی غەسانی "Ghassaniden" و لاخمید "Lakhmiden" (المناذرە) بە مەبەستی پێکهێنانی ناوچەی پارێزراو و بەرەیەکی یەکگرتوو، بەرگرییان لە هێرشی چەتەکانی بەدەوی "Beduinen" لە ناوەڕاستی عەرەبستان دەکرد. ئەم ناوچانەی پەراوێزی زلهێزەکان دواتر دەورێکی دیاریکەرەوەیان لە بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا گێڕا. ئەوان شەڕکەریان ڕاهێنابوو، بە زاراوەی جۆراوجۆری عەرەبی، ئێرانی و ئارامی "Aramäisch" ئاخافتنیان دەکرد و لە سایەی کاریگەریی کولتوورە پێشکەوتووەکانی دەوروبەرەوە، تێگەیشتبوون دەوڵەتێکی یەکگرتوو بە چ مانایە. فاکتەرێکیتر کە لە بەرژەوەندیی بڵاوبوونەوەی ئایینە نوێیەکە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا، قۆناغەکانی وشکەساڵیی لە سەدەی شەشەمدا بوو، کە بووە هۆی شەپۆلی

گەورەی کۆچی خێڵەکانی عەرەبی باشوور بۆ باکووری عەرەبستان و دواتر بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیران و بیزانس.

## مەککە و "شیرک"ی عەرەبی[٢٠]

عەرەبستانی بێ ڕزق و ڕۆزی و بێدەسەڵات، تەنیا لەبەر یەک هۆکار بۆ زلهێزەکان سەرنجڕاکێش بوو: ڕێگای کاروانە گرنگەکان لێرەوە تێدەپەڕین، لە لایەکەوە یەمەنیان بە سوریاوە و لەولاشەوە بە میزۆپۆتامیاوە دەبەستەوە. ئەوان دەیانویست دڵنیابن لەوەی بەرهەمەکانیان بە مەقسەد دەگەن، بۆیە هەندێک خێڵی عەرەبیشیان بۆ پاراستنی کاروانەکان بەکرێگرتبوو کە بە درێژایی سنوورەکان نیشتەجێی ئەو شوێنانە ببوون.

لەسەر نەخشە کۆنەکانی جیهانی ڕۆم کە باس لە ڕێگای بازرگانی دەکات، بەدرێژایی دەریای سوور، شاری وەک یەسریب (مەدینە) و تایف "Tai’f" کێشراونەوە، بەڵام هیچ ئاسەوارێك لە شاری مەککە نابینرێ. مێژوونووسە موسڵمانەکان نەک هەر وەک ناوەندی ئایینی عەرەبستان لە سەردەمی پێش ئیسلامدا سەیری ئەم شارەیان کردووە، بەڵکوو وەک شوێنێکی یەکگرتووی گرنگ لەسەر ڕێڕەوی کاروانەکان باسی لێوە دەکەن. بەڵام بەڵگەی ئەم بۆچوونە نزیکەی دووسەد ساڵ دواتر دەدۆزرێتەوە.

---

[٢٠] شیرک واتە شەریک بۆ خودا دانان، ئاماژەیە بە پەرستنی ژمارەیەکی زۆر لە خوداکان یان ڕۆحی سروشت. فۆرمەکانی ڕۆحانیەت، فۆرمەکانی کۆلت یان ئایینن کە تێیدا کرداری چەند خوداوەندێکی خەیاڵی گریمانە دەکرێت.

مەککە لە دۆڵێکی وشک و بێ بەرهەمدا جێی گرتووە کە لە لایەن دوو زنجیرە شاخەوە دەورە دراوە. مەکییەکان بازرگانییان بە خورما و پێستی ئاژەڵەوە دەکرد، بەڵام گرنگترین سەرچاوەی داهاتیان حەج یان زیارەتی شاری مەککە بوو. بەڵێ، زۆر پێش ئیسلامیش، هۆزە عەرەبەکان ساڵانە جارێک زیارەتی کەعبە و ئەو خانووە چوارگۆشەیەیان دەکرد کە بوت و خودای جۆراوجۆری هۆزەکانیان تێدا ڕاگرتبوون.

ڕێوڕەسمەکانی حەجی ئەمڕۆ جیاوازییەکی کەمیان لەگەڵ ڕێوڕەسمەکانی سەردەمی پێش ئیسلام هەیە. لەو سەردەمەدا چەند کەعبە لە عەرەبستان هەبوون کە وەک شوێنی پیرۆز بۆ یەک یان چەند هۆزێک گرنگایەتییان هەبوو. مێژوونووسی عێراقی جەواد عەلی باس لە زیاتر لە ٢١ شوێن دەکات کە بەسەر نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بڵاوبوونەتەوە. تەنانەت یەکێک لەم کەعبانەی پێش ئیسلام تا ساڵی ١٩٢٥یش لە حەیاتدا مابۆوە: کەعبەی دولچەلاسە "Dhūl-Chalasa" لە باکووری سعودیە کە هەندێک هۆز هێشتا ڕێوڕەسمی خۆیان تێدا بەڕێوەدەبرد، لەلایەن وەهابییەکانەوە بە شوێنێکی نا ئیسلامی دانرا و تroona کرا.

بە تەواوی ڕوون نییە کەعبەی مەککە کەنگێ و لەلایەن کێوە دروستکراوە. ئەوەی دڵنیایە تەنیا ئەو زانیارییەیە کە لە ڕێگەی هۆزێکەوە بە ناوی بەنوو خوزەع "Banū Khuzaaʿa" لە سەدەی چوارەمدا گرنگایەتی پێدراوە. یەکەم خودا کە پەیکەرەکەی لەبەردەم کەعبەدا دانرابوو، لەلایەن خوزەعەوە "Khuzāaʿa" لە

سوریای گەورەوە هێنرابوو کە ئەو سەردەمە لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمیەکاندا بوو. زانای ئیسلامی تیلمان ناگل "Tilman Nagel" ئاماژەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ مێژووی کەعبە دەخاتە ڕوو. لە کتێبی "محەمەد، ژیان و ئەفسانە"دا باسی مێژوونووسی کۆچکردووی کلیسای کۆنی سۆزۆمێنۆس "Sozomenos" دەکات، کە ڕاپۆرت لەسەر شوێنێکی پەرستن لە نزیک ئەلخەلیل "al-Ḫalīl" (حیبرۆن "Hebron" لە ڕۆژئاوای ئوردۆن) دەدات کە دەبێ بۆ ئیبراهیم دروستکرابێ. ئەم شوێنە نەک هەر لە لایەن جولەکە و مەسیحییەوە بە پیرۆزە دانراوە و بۆ زیارەت سەردانیان کردووە، بەڵکوو عەرەبە بێدینەکانیش تا سەدەی ٤ بە لاسایی کردنەوەی ئەو دوو ئایینە هاتوچۆی ئەو شوێنەیان کردووە. لەبەر ئەوەی عەرەبەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون باووباپیریان لە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمەوە سەرچاوەیان گرتووە، ساڵانە لە مانگەکانی هاویندا ژمارەیەکی زۆر لە زیارەتکەرانی نیمچە دوورگەی عەرەبی سەردانی شوێنی پەرستنیان لە حیبرۆن کردووە. لەو شوێنە چادریان هەڵداوە و ڕێوڕەسمی زیارەتیان بەجێ هێناوە و ئاژەڵیان بۆ قوربانی کردووە. بەڵام کاتێک قەیسەر کۆنستنتین لە ساڵی ٣٢٤ بوو بە مەسیحی و تاکە فەرمانڕەوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و ناوی بیزانسی کردە قوستەنتەنییە، کۆتایی بەم ڕێوڕەسمە کولتووریانە هێنا. بە گوتەی سۆزۆمێنۆس فەرمانی کردووە شوێنی پەرستنی ئیبراهیم بسڕنەوە و شوێنی قوربانگاکانی و بوتەکان لەناو ببرێن و لە شوێنی ئەوان کلیسا دروست بکرێت. تیلمان ناگل گومانی ئەوە دەکات ڕەنگە کەعبەی مەککە دوای ئەوەی ئەو

شوێنە پیرۆزەیان لێ ڕووخێنرا، وەک جێگرەوەیەک بۆ حاجیانی عەرەب دروستکرابێت. حیبرۆنی سەردەمی ئەمڕۆش بەپێی هەردوو سەرچاوەی ئینجیلی و ئیسلامی ئەو شوێنەیە کە دەبێ ئیبراهیم تێیدا نێژرابێ.[٢١]

کەعبەی مەککە تەنیا یەکێک بوو لە کەعبە زۆرەکانی سەردەمی پێش ئیسلام، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانیتر پێگەیەکی تایبەتی هەبووە. ناوەندێکی تولەرانس و لێبوردەیی بۆ زیارەتی بوت و خودا جیاوازەکانی ناوچەکە بووە. گرنگترین خودا بۆ هۆزی خوزەع، هوبال بوو، واتە پیاوە گەورە ئاییینییەکە. لە تەنیشت پەیکەرەکەیەوە خوداوەندە ژنە گرنگەکان هەبوون: لات "al-Lāt"، خوداوەندی شەڕ، عوزا "al-ʿUzzā"، خوداوەندی ئەستێرەی بەیانی، هەروەها مەنات "Manāt"، خوداوەندی مانگ و چارەنووس. هەروەها خوزەعەکان بانگهێشتی هۆزە عەرەبەکانیتر و شوێنکەوتوانی ئایینەکانیتریان دەکرد بۆ هێنانی پەیکەری خوداکانیان و دامەزراندنیان لە دەوروبەری کەعبە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی، لەناو هەموو شوێنەکاندا تەنیا لێرە، واتە مەزارگەی ناوەندیی ئەمڕۆی ئیسلام، نەک هەر پەیکەری ٣٦٠ خودا لە عەرەبستان بوون، بەڵکوو ئاسەوار و وێنەی مەسیحی و وێنەی عیسا و ئیبراهیم لە ناو کەعبەدا شوینی تایبەت بە خۆیان هەبووە.[٢٢] ئەمەش بەردەوام بووە تا محەمەد لە ساڵی ٦٣٠دا توانی زێدی خۆی داگیر بکاتەوە و بە گوتەی

---

[٢١] Tilman Nagel: Mohammed. Leben und Legende, S. ١٥٥ f.

[٢٢] al-Kalbī: al-asnām, S. ٢٢

مێژوونووسی سەدەکانی ناوەڕاست الازرقی کۆتایی بە باوەڕی چەند خودایی بهێنێت.

لە ڕاستیدا بە تەنیا ئەم فرەچەشنییەی دەوروبەری کەعبە، مەککەی کردە ناوەندێکی ئایینی. ڕەنگە تولەرانس و لێبوردەیی بەرامبەر بە خوداکانی دیکە بەهۆی پراگماتیزمێکی دیاریکراوەوە بووبێت، چونکە هۆزی خوزاعە بازرگانییەکی باشیان لەگەڵ زیارەتکاراندا کردووە. ئەمەش کاتێک گۆڕا کە هۆزی قورەیش دەسەڵاتی لە شارەکەدا گرتە دەست.

## پەرەسەندنی شاری مەککە بۆ ناوەندێکی بازرگانی

قوسەی ئیبن کیلاب "Qusai Ibn Kilāb" (٤٠٠ – ٤٨٠) باپیرەی پێغەمبەر، بە دامەزرێنەری هۆزی یەکگرتووی قورەیش دادەنرێت کە تا ئەو کاتە بەسەر خێڵی جیاوازدا دابەش کرابوون. ئەو پیاوە کاریزمایە لە سوریا گەورە ببوو و لە تەمەنی لاویدا ڕووی لە شاری مەککە کرد. لەوێ بە لێزانی هاوپەیمانییەکی گونجاوی دروست کرد، توانی خێڵەکان یەکبخات و بە یارمەتی سوپایی سوریای گەورە، هۆزی خوزاعە "Khuzāaʿa" لە مەککە دەر بکات. لەو کاتەوە هاوپەیمانی ناو هۆزەکانی قورەیش داهاتووی شاری مەککەیان لە سەدەکانی داهاتوودا دیاری کردووە.

مێژوونووسی ئیتاڵی و شارەزای سەرەتای ئیسلام، لیۆن کایتانی "Leone Caetani" هەڵسەنگاندنی گرنگایەتی نێوان قوسەی"Qusais" بۆ مەککە، لەگەڵ تێزیۆس "Theseus" بۆ ئاتێن "Athen" هەروەها ڕۆمولۆس "Romulus" بۆ ڕۆم کردووە. "تیلمان ناگل"یش دەڵێت هەموو ئەو دامەزراوە گرنگانەی کە لەو کاتەدا ژیان و سیاسەتی ڕۆژانەی شارەکەیان دیاری کردووە، دەتوانرێ بگەڕێنرێتەوە بۆ بارودۆخی ناوچەکە.[٢٣] باپیری محەمەد ئەو بیرۆکە و دەستکەوتانەی وا لە بیزانسەوە لەگەڵ خۆی

[٢٣] Tilman Nagel: Mohammed. Leben und Legende, S. ٣٨

هێنابووی، بە هەڵکەوت نەبوون. لە کۆتاییدا قوسەی تەنیا لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ سەربازانی سوریای گەورەوە توانی کۆنترۆڵی مەککە بەدەستبهێنێت.

دیارە وڵاتی سوریا، لە ژێر دەسەڵاتی بیزانس، ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی مەککەدا گێڕاوە. ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ، دەتوانرێ بڵێین: هەرکاتێ مرۆڤێکی خەڵکی مەککە لە سەفەری سوریا گەڕابێتەوە، پێشکەوتوویەکی نوێ لە شارۆچکە بیاباننشینەکەدا ڕوویداوە. هەروەها قوسەی بیرۆکەی گرنگی لەوێوە وەرگرتوە. بۆ نموونە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیمچە دیموکراتی لەوێ وەرێخستووە، "ماڵ یان ژووری ڕاوێژکاری"، دارالندوە (dār annadwa)، کە تێیدا سەرکردەی هۆزەکان کۆدەبوونەوە و پرسیارەکانی شەڕ و ڕێکخستنی بازرگانی و زیارەتیان تاوتوێ کردووە. ئەم کۆبوونەوەیە لە ئەنجومەنی سەنای ڕۆمیەکانەوە ئیلهام وەرگیراوە. هەر خێڵێک نوێنەری خۆی لەو کۆبوونەوەیەدا بووە و بەرپرسیاریەتی لە بوارێکی تایبەتدا وەرگرتووە. مافی ڤیتۆ هەبووە و تەنیا بە کۆی دەنگ بڕیارەکان دەدران. هەموو بابەتێك لەبەردەم ئەم لیژنەیەدا دانوستانی لەسەر دەکرا کە ئامرازێکی گرنگ بوو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان.

لەبەر ئەوەی قوسەی بە یەکگرتوویی نێوان هۆزەکان توانی ناوچەکە ئارام بکاتەوە، مەککە توانی لە بازارێکی بچووکەوە گەشە بکات و ببێتە ناوەندێکی بازرگانی گرنگ. ئەوەش بووە هۆکار بۆ یەکەمجار شارەکە لەسەر نەخشەی جیهانیی ڕۆمییەکان

دەرکەوێت. تەنانەت ئەم دۆخە هێمنە نوێیە سوودی بۆ زلهێزەکانیش هەبوو. چونکە کاروباری ئابووری لەسەر ڕێڕەوی بازرگانی نێوان یەمەن و سوریا بە هاسانی بەڕێوە دەچوو. دیارە مەککەش سوودی لێ وەرگرت. چونکە تا ئەو کاتە خەڵکی مەککە کاری بازرگانییان تەنیا لە شێوەی ئاڵوگۆڕکردندا دەناسی. بە یارمەتیی قوسەی پارەی بیزانس هاتە شارەکە و ئەم بووژانەوەیە چینێکی نوێی دەوڵەمەندی لێکەوتەوە.

هەروەها قوسەی دۆخێکی پێکهێنا کە چاودێری حاجیان بە شێوەیەکی پیشەیی ڕێکبخرێت. هەریەک لە دە خێڵی قورەیش ئەرکێکیان گرتە ئەستۆ، هەرکامیان بە شێوازی جیاواز سوودیان لە ڕەوتی زیارەتی حاجییەکان وەردەگرت. شاری مەککە و ناوچەکانی دەوروبەری بەهۆی پەیمانی ئاشتی نێوان ئەو هۆزانەی بەدرێژایی ڕێگای کاروانەکان نیشتەجێ ببوون، بوو بە "ناوچەیەکی بێ شەڕ و ئارام". دۆخێکی "دان" و "وەرگرتن" "Win-win-Situation"[٢٤]: خێڵەکان نەک هەر بە پارە کاروانەکانیان لە دەستی تاڵانچییەکان دەپاراست؛ بەڵکوو خەڵکانی مەککە بەرهەمی ئەم هۆزانەیان بە سوریا دەفرۆشت و قازانجەکانیان لەگەڵ بەرهەمهێنەراندا دابەش دەکرد.

[٢٤] ئامانجی دڵنیابوونە لەوەی کە هەموو ئەوانەی بەشدارن و کاریگەرییان لەسەرە، سوود بەدەست دەهێنن. هەروەها هەر هاوبەشێکی دانوستانکار ڕێز لە هاوتاکەی دەگرێت و هەوڵدەدات بە ڕادەیەکی پێویست بەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاو بگرێت.

به تێپەڕبوونی کات، لە ژێر دەسەڵاتی قوسەی، مەککە بوو بە شار-دەوڵەت، ناوەندێکی گەشەسەندووی ئایین، سیاسەت و بازرگانی. بەڵام لە سەرووی هەمووشیانەوە بەهۆی یەکیەتی نێوان نەتەوەی عەڕەب، بەتایبەت بە یەکخستنی هۆزی قوڕەیش، تۆوێکی بەهێز لەو ناوچەیە چێنرا. پلانێک کە جێگرەکانی داهاتووی، دووبارە و چەند جاران هەوڵیان دەدا جێبەجێی بکەن، بەڵام لەو ناوەدا تەنیا محەمەد سەرکەوتوو بوو.

## بیزانس و "ساڵی عەرەبەکان"

قوسەی دوو نەوەی هەبووە کە حوکمڕانیی هاوبەشیان بەسەر مەککەدا دەکرد: هاشمی کوڕی عەبدولمەناف، باپیرەی هۆزی بەنوو هاشم "Banū Hāschim"، کە هاشمییەکان ڕەگ و ڕیشەی خۆیان بۆ ئەو دەگەڕێننەوە، و ئومەییە "Umayya" کە ناوی باپیرە گەورەی ئومەوییەکانە. ململانێی نێوان هاشمی و ئومەوی نەک هەر چارەنووسی ئایینی نوێی ئیسلام، بەڵکوو چارەنووسی مێژووی جیهانیشی لە قاڵب دەدا.

دوای ئیسلام، ئومەوییەکان ئیمپراتۆریەتێکی عەرەبییان دامەزراند کە لە چینەوە تا ئەندەلوس درێژ بووەوە و دیمەشق پێتەختی بوو. بەڵام بۆچی دیمەشق و مەککە نا؟ چونکە ئومەوییەکان هەمیشە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ بیزانس پاراست و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتیان وەک مۆدێلێک بۆ ئیمپراتۆریەتەکەیان سەیر دەکرد.

هەروەها هاشمییەکانیش بەدوای نزیکبوونەوە لە بیزانس دەگەڕان. سەرچاوە ئیسلامییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هاشم باپیرە گەورەی محەمەد تا مردنی لە دەوروبەری ساڵی ٥١٠ مرۆڤێکی پێشەنگ لە شاری مەککە بووە. ئەو نەک هەر نووسینگەی میواندارییکردنی حاجیانی لە باوکیەوە

به میرات وەرگرتبوو، بەڵکوو ڕێککەوتنامەی بازرگانی لەگەڵ حەبەشە و بیزانس ئیمزا کردبوو. سەرچاوەکان دەڵێن، مەککە جارێک تووشی برسێتییەکی سەخت هاتووە، چونکە بازرگانی لەگەڵ سوریا وەستابوو و هێرشی دووبارەی چەتەی ڕێگاوبانەکان دەستی پێکردبۆوە. سەرچاوەکە دەڵێ هاشم چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئیمپراتۆری بیزانس لە کاپادۆکیا "Kappadokien" کردووە و گەرەنتیی لێ وەرگرتوون کە بۆ تێپەڕبوون و بە سەلامەت گەیشتنی خۆی و کاروانەکانی بە مەقسەد لە هەموو ناوچەکانی سوریادا پشتیوانیی لێبکرێ.[٢٥] لە ڕێگای گەڕانەوەیدا پەیمانێکی لەگەڵ هەموو هۆزە عەرەبەکان بەدرێژایی ڕێگای کاروانی نێوان سوریا و مەککە بەستووە. ئەو پەیمانە ناوی ئیلافە "ilaf" و لە سوورەی ١٠٦ی قورئاندا بە ناوی "قورەیش" هاتووە (لایلاف قریش ایلافها).

سەیید ئەلقیمانی "Sayyid al-Qimany" مێژوونووسی میسری لە کتێبی "هاوپەیمانی هاشمی"دا دەنووسێت ئەم هاوپەیمانییە نەک هەر دۆخی بازرگانیی ناوچەکەی زیندوو کردەوە، بەڵکوو ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە سەرهەڵدان و دواتر بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام. پاراستنی هاوپەیمانییە کۆنەکانی هۆزەکەی و پەیوەندییە باشەکانیان بە بیزانسەوە لای محەمەد گەلێك گرنگ بووە چونکە سەرەتا ویستوویە ئیسلام بکاتە دەسەڵاتێکی ناوخۆیی و دواتریش بۆ دەرەوەی ناوچەکە پەرەی پێبدا.[٢٦] هەروەها توێژەری ئیسلامی ڤۆلکەر پۆپ "Volker Popp" بەڵگەی

---

[٢٥] Al-Baghdadi: al-munammaq fi akhbār Quraisch, S. ٤٢

[٢٦] al-Qimany: al-hizb al-hāshimi wa taaʾsīs al-dawla al-islamiyya S. ١٤–٤٩

پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ بیزانس دەردەخات. بە وتەی ناوبراو ناوی "قورەیش" وەرگێڕانی عەرەبی زاراوەی ئارامی قەریشەیە "qarisha"، کە بۆ وەسفکردنی هاوپەیمانانی نێوان سوریا و عەرەبی بیزانس بەکارهاتووە.[٢٧]

سەرچاوەیەکی سەدەی ١١ هەنگاوێک زیاتر هەڵدێنێ: مێژوونووسی بیزانس مایکل پسێلۆس "Michael Psellos" لە مێژووی جیهانی خۆیدا هیستۆریا سینتۆمۆس " Weltchronik Syntomos Historia" باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان محەمەد و ئیمپراتۆری بیزانس قەیسەر هێراکلیۆیس "Kaiser Herakleois" لە شاری حومس "Homs" [ی سووریا] دەکات، لەو ماوەیەدا محەمەد بۆ ئەوەی لە یەسریب "Yathrib" (مەدینە) نیشتەجێ بێت داوای ئیزنی لە قەیسەر کردوە. هەرچەندە ئەم باسە لە بەڵگەکانی سەدەی حەوتەمدا ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام لەگەڵ سەردەمی کۆچی محەمەد لە ساڵی ٦٢٢دا دەگونجێت، چونکە لەو ساڵەدا بیزانس بە یارمەتی کۆنفیدراڵی عەرەبی هێرشێکی بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ساسانی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی قودس دەستپێکرد. ڕەنگە محەمەد هەرگیز نەیدەتوانی سوپایەکی وا گەورە و دەوڵەتی خۆی لە مەدینە بنیات بنێت، بەبێ ئەوەی خۆی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی بیزانس و پشتیوانییەکانی. ناکرێ چاوپۆشی لەوە بکرێ سەرکەوتنە سەربازییە گەورە و

---

[٢٧] vgl. Volker Popp: »Die frühe Islamgeschichte nach inschriftlichen und numismatischen Zeugnissen«; in: Ohlig, Karl-Heinz und Puin, Gerd (Hrsg.): Die dunklen Anfänge. Neue Forschungen zur Entstehung und frühen Geschichte des Islam, S. ١٦-١٢٣

خێراکانی محەمەد لە عەرەبستان بەوەوە بەسترابێتەوە کە لە بیزانسەوە گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرابێ. لەم کاتەدا قورئانیش لە سوورەی ٣٠ ئایەی ٢ - ٤ دا لە بەرەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات دەوەستێ و هیوای سەرکەوتنی لە بەرامبەر ئیمپڕاتۆڕی ئێرانیی بۆ خواستووە. هەرچۆنێك بووبێ، شەڕەکە یەکەم سەرکەوتووپی ئیسلام لە دژی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان بووە.

تا ئەو کاتە هاوپەیمانانی عەرەب لە شەڕە درێژخایەنەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات لە دژی ساسانیەکانی ئێرانی هاورێیەکی گەلێك گرنگ بوون. بۆ ماوەی چەندین سەدە ئەو دوو زلهێزە لە پێناو باڵادەستی لە ناوچەکەدا شەڕیان بەڕێوەبردووە. جگە لە قۆناغێکی کورتی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە سەدەی پێنجەمدا، پەیوەندییەکە بە ململانێی سەربازی تایبەتمەند بووە. جددیترین و درێژترین شەڕی ئێران و ڕۆم لە ساڵی ٦٠٣ دەستی پێکرد و لەو ماوەیەدا ئێرانییەکان توانیان هەندێک ناوچەی گرنگ داگیر بکەن: دیمەشق لە ساڵی ٦١٣ و قودس لە ساڵی ٦١٤ داگیر کران.

چوار ساڵ پێش ئەم ڕووداوانە محەمەد لە مەککە دەستی بە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی کردبوو. لە قورئاندا سوورەیەکی تەواو باس لە بیزانسەکان و شەڕیان لەگەڵ ئێرانییەکان دەکات: **"ڕۆمیی شکان. لە نزیکتر کەوشەنی ئەم سەرزەمینە. لە دوای ئەم ژێرکەوتنەیان جارێ تر سەردەکەونەوە، لە ماوەی کەمتر لە دە**

**ساڵ. پێش ئەو شکانە و لە دوایەش، هەموو کار کاری خودایە و ئەویٚ ڕۆژیٚ باوەڕداران کەیفیٚ دەکەن، بە یاریدە لە خوداوە. خودا حەز کا یاریدە بە هەرکەس دەدا. هەرخۆی خاوەن دەستەڵاتە و دڵۆڤانە."** (سووڕەی ٣٠ ئایەی ٢-٤ "قورئان بە کوردی- مامۆستا هەژار).

ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشە ئەوەیە قورئان پشت بە یارمەتی خودا دەبەستێت بۆ سەرکەوتنی داهاتووی بیزانس. لەم حاڵەتەدا "ئیمانداران" دەتوانێت بە مانای هەردوو مەسیحییەکانی بیزانس و لایەنگرانی محەمەد بێت.

لە ڕاستیدا ئیمپراتۆر هێراکلیۆس لە ساڵی ٦٢٢ دەستی بە داگیرکردنەوەی ئاسیای بچووک کردووە و دواتر قودسی لە دەستی ئێرانییەکان ڕزگار کردووە. ڕۆمییەکان ساڵی ٦٢٢ بە "ساڵی عەرەبەکان" ناودەبەن، چونکە ئەم سەرکەوتنە تەنیا بە یارمەتی ئەو هۆزە عەرەبانەی شانبەشانی ئەوان شەڕیان کردووە، گونجاو بووە. لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە ساڵنامەی ئیسلامی لەم ساڵەوە دەست پێدەکات: لەگەڵ کۆچیدا، کۆچی محەمەد لە مەککەوە بۆ مەدینە، وەک سەرچاوە ئیسلامییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە.

بەڵام بۆچی ڕاست سەردەمی ئەو کۆچە؟ بۆچی کاتێکی زووتر نەبووە؟ واتە ئەوکاتەی جەبریلی فریشتە لە تەمەنی چل ساڵیدا لە ئەشکەوتێکی شاری مەککە خۆی پێشان محەمەد دا و وەک پێغەمبەری خودا ناساندی؟ دەکریٚ هۆکارێک ئەوە بێت کە

محەمەد لەو سەردەمەدا هێشتا باسی ئیسلام وەک ئایینێکی نوێی لە مەککە ناکات هەروەها پەیامەکەی گرنگییەکی کەمی پێدرابوو، هێشتا بە ڕوونی لە باوەڕی مەسیحی و جوولەکە جیا نەکرابووەوە.

بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە "کۆچی" مەبەستی گواستنەوەی محەمەد بۆ مەدینە نەبووبێت، بەڵکوو خۆبڵاوکردنەوەی هۆزە عەرەبەکان بووبێت لە دوای سەرکەوتنی بیزانس بەسەر ئێراندا. چونکە دوای ٢٥ ساڵ شەڕ، هەردوو زلهێزەکان لاواز ببوون، هاوپەیمانانی پێشووی عەرەبی کە لە هەردوولا شەڕیان کردبوو، شانسی خۆیان بۆ خۆبڵاوکردنەوە و هەلی کاریگەری خۆیان بۆ دەرەوەی ناوچەکانی عەرەبستانەوە، بینی.

## شوێنی لەدایکبوونی ئایینی ئیسلام کوێیە؟

لە مێژە گومان لە سەرچاوەکانی مێژوونووسیی ئیسلامی لەمەڕ پێکهاتنی ئایینی ئیسلام هەیە. ئایا بەڕاستی لانکەی ئایینی ئیسلام لە مەککە و مەدینە بووە؟ ئایا ئایینی ئیسلام "بەرهەمێکی ڕەسەنی وڵاتانی عەرەبییە"؟

لەسەر ئەم پرسیارانە تیۆری زۆر جیاواز هەیە. لەساڵانی ١٩٧٠ی سەدەی ڕابردوودا، هەردوو مێژوونووس پاتریشیا کرۆن "Patricia Crone" و مایکل کوک "Michael Cook"کتێبی "هاگاریزم "Hagarism"ی خۆیان بڵاوکردەوە: (بنیاتنانی جیهانی ئیسلام)، کە تیایدا دەڵێن سەرچاوەی ئایینی ئیسلام لە مەککە نەبووە، بەڵکوو لە باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبی سەرچاوەی گرتووە و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە ئایینی یەهوودییەکاندا هەیە.[٢٨]

بە بنیاتنانی ئەم تێزە، مێژوونووس تۆم هۆڵاند "Tom Holland" دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئیسلام تەنیا دوای شەڕە داگیرکارییەکانی و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی لە سوریا خۆی وەک ئایینێکی سەربەخۆ پێناسە کردووە و خۆی لە ئایینی مەسیحی و بەو پێیەش لە بیزانس دوور خستووەتەوە. هەروەها

[٢٨] Patricia Crone, Michael Cook: Hagarism. The Making of the Islamic World, S. ٢٣-٧٩

ئەو مێژوونووسە گریمانە دەکات کە ئاینی ئیسلام نەك لە مەککە بەڵکوو ، لە پێترا"Petra" ی ئوردۆن سەریهەڵداوە. هۆڵەند دەڵێت: زۆرێک لە وەسفەکانی قورئان، لەگەڵ شوێنێک لە ناوەڕاستی بیابانێکدا ناگونجێت. لە قورئاندا نەیارانی محەمەد خاوەنی گا و باخی زەیتونن، چونکە خەڵکانی مەککە لەو سەردەمەدا هیچ زەوییەکی کشتوکاڵییان نەبووە و ماڵاتیان بەخێو نەکردووە. هەروەها لە قورئاندا هاتووە نەیارانی محەمەد شەو و ڕۆژ بە سۆدۆم "Sodom" و گۆمۆرا"Gomorra"دا تێدەپەڕین. هۆلاند دەڵێت ئەمە ئاماژەیە بۆ کەنارەکانی ئوردون، کە وێدەچێ ئەم شوێنانە لەوێ هەڵکەوتبێتن.[29]

لە ئاڵمانیا گرووپێکی لێکۆڵینەوە بە سەرۆکایەتی کارل هاینز ئۆهلیگ "Karl-Heinz Ohlig" و ڤۆڵکەر پۆپ "Volker Popp" وا گریمانە دەکەن کە ئیسلام لە بنەڕەتدا ئاینێکی عەرەبی-مەسیحی بووە کە تەنیا دوای داگیرکارییەکانی عەرەب گەشەی کردووە و بووەتە ئاینێکی سەربەخۆ. ئەو مەسیحییە عەرەبانەی لە دژی ئیمپراتۆریەتی ساسانی ئێران هاوپەیمانیی بیزانسیان کردبوو، دوای سەرکەوتنی بیزانس لە سوریا پاداشتی ئۆتۆنۆمییان پێدراوە.

ئەم تیۆریانە باوەکوو لەمەڕ شوێنی لەدایکبوونی ئاینی ئیسلام جیاوازییان هەیە، بەڵام هاوڕان لەسەر ئەوەی ئیسلام بە هیچ شێوەیەک بەرهەمی تەنیا عەرەبی مەککە و مەدینە نەبووە،

[29] Tom Holland: In the Shadow of the Sword: The Battle for Global Empire and the End of the Ancient World, S. ١٢-٥٥

بەڵکوو لە ئەزموونی شەڕەکانی ناوچەکە سەریهەڵداوە، هەروەها هەوڵەکانی خۆبڵاوکردنەوە و مشتومڕە تیۆلۆژییەکانیان لە بیزانس لە ژێر کاریگەری ئایینی مەسیحی و جوولەکەدا بوون. فێرژیۆنی ئیسلامی بە شێوەی پاشەکشە تۆمار کراوە و لە کاریگەرییە "بێگانەییەکان" دوور خراوەتەوە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بنەچەی ڕەسەنی عەرەبیی ئایینەکە بکرێتەوە.

هەروەها زمانی عەرەبی و یەکەم دەقی نووسراوی قورئانیش لە مەککە و مەدینە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکوو لە ناوچەی شامی گەورەوە سەریهەڵداوە. ئەمەش نەک هەر بەو زاراوە و چەمکە سوری-ئارامییە زۆرانەی لە قورئاندا هاتوون، بەڵکوو بە خودی ناوەکەیەوە ئاماژەی پێدەکرێت: وشەی "قورئان" (خوێندنەوە) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی سریانی قریان"qiryan"، کە ئاماژەیە بۆ ئەو کتێبە ئایینییەی مەسیحییەکانی سوریا لە سەردەمی محەمەد لە کلیساکانیاندا بەکاریان هێناوە، هەروەها ئەو چیرۆکە زۆرانەی لە قورئاندا لە بارەی عیسا و موسا و ڕۆمیەکانەوە هاتوون. لە کاتێکدا بۆ مەسیحییەکانی سوریای گەورە کە لەو کاتەدا لە ژێر دەسەڵاتی بیزانسدا بوون، ئەم چیرۆك و ئایینە گرنگییەکی سەرەکییان هەبوو، بۆ زۆرینەی عەرەبە بیابانییە موشریکەکان، تا ڕادەیەک بێ بایەخ بوون و گرنگایەتییان نەبووە.

## سنووری نێوان کولتوورەکان

ئایینی نوێ لە بۆشاییدا سەرهەڵنادەن، بەڵکوو لەو شوێنانە سەرهەڵدەدەن کە ئایینە کۆنەکان بەسەر مشتومڕەکاندا زاڵن. هەر ئەوەش خۆی هۆکارێکە بۆ ئەوەی شارێکی وەک قودس لە ناوەندی سێ ئایینی ئیبراهیمیدا هەڵکەوتبێ، هەروەها هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ سێ مەزارگەی ناوەندیی ئەم ئایینە یەکتاپەرستانەمان لە ناوچەیەکی وا بچووکدا هەیە: دیواری گریانی، کەنیسەی ناوداری "گۆڕی پیرۆز" و مزگەوتی ئەقسا لەم شارە هەڵکەوتووە. لە هەموو جیهاندا شوێنی پەرستنی ئایینی هەن کە سەردەمانێک بۆ ئایینەکانیتری پێش خۆیان گەلێك پیرۆز بوون. مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق نموونەیەکی باشە بۆ ئەم بۆچوونە. لەسەر شوێنی پەرستگایەکی ڕۆمی، کلیسایەکی شایستەی بیزانس دروستکرا، کە دوای سەرکەوتنی ئیسلام بوو بە مزگەوت. هەمان شت بۆ قوببە بەرد لە قودسیش دەگونجێت کە دەگوترێ لەسەر وێرانەی پەرستگای پاشا سلێمان دروستکراوە، هەروەها مزگەوتی کۆردۆبا کە پێش داگیرکردنی ئەندەلوسی عەرەبەکان کلیسایەک بووە و دوای ڕیکۆنکویستا

"Hagia Sophia" ئەیاسۆفیا. مێژووی کلیسا بۆتە [٣٠]"Reconquista" له ئەستەمولّ، کە سەردەمانێک کلیسای سەنت سۆفیای بیزانس بووە، [ساڵی ١٤٥٣ تا ١٩٣٥] بە هەمان شێوە سەرنجڕاکێشە کاتێ لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە جارێکی دیکە کرایەوە مزگەوت.

هەموو ئایینێک فەرمییەت بە بوونی خۆی دەدات کاتێ بە ئاماژەدان بە ئایینەکانی پێشوو و دواتری، خۆی لێ دوور دەخاتەوە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر پێگەی تایبەتی خۆی بکات. ئایینێکی نوێ دەیەوێت بۆشایی ناو ئایینە کۆنەکە بگرێتەوە، دەیەوێت مەزارگەکانیان لەناو ببات، دووبارە نوێژەنیان بکاتەوە یان لە پەراوێزیان بخات. هەروەها وەک دەستووری لێنانی چێشت، ئەو پێکهاتانەی لێ هەڵدەبژێرێت کە بۆتە هۆکار بۆ سەرکەوتوویی ئایینە کۆنەکە.

زۆرێک لە ئایینەکان لەسەر سنووری نێوان کولتوورێکی باڵا و کۆمەڵگەیەکی داخراو و لە لێواری ئەم کولتوورە بەرزەدا پێکهاتوون، هەروەها لە گرژیی نێوان کولتوورێکی باڵادەست و داواکارییەکانی کۆمەڵگەیەکی پەراوێزخراودا سەریان هەڵداوە. زۆرێک لە پێغەمبەران سنووری نێوان دوو جیهانیان بەزاندووە. موسا وەک شازادەیەک لە دەرباری فیرعەون گەورە بووە، هەر لەوێشەوە زۆر شت لەبارەی کولتوری میسری کۆن و پەرستنی خوداوەندەکانەوە فێر بووە. تیۆری هەیە کە دەڵێن لە ژێر

---

[٣٠] ڕیکۆنکویستا زاراوەیەکی ئیسپانی و پورتوگالییە بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ناوچەی کۆنترۆڵکردنی ئیمپراتۆریەتی مەسیحییەکانی نیمچە دوورگەی ئیبەری و هاوکاتیش ناوچەی دەسەڵاتی موسڵمانان لە سەدەکانی ناوەڕاست بۆ دواوە بووە.

کاریگەری ئەخناتن "Echnaton" بووە، کە ئاتۆن"Aton"ی کردووە بە سەروەری هەموو خوداوەندەکانی میسر و ئەو کارەی ئەو بە یەکەم هەنگاو بۆ پەرەپێدانی ئایینی یەکتاپەرستی دادەنرێت. بەڵام موسا نەیتوانی خۆی لەگەڵ شکۆمەندی دەرباری فیرعەونەکان بگونجێنێ، بەڵکوو خۆی ئاوێتەی ئازارەکانی عیبریەکان کرد کە کەمینەیەکی کەمداهات، ژێردەستە و کۆیلە بوون. دوای دەرچوون لە میسر، مرۆڤی ئیسرائیلی، سەرەتا لە ژێر دەسەڵاتی ئاشووریی و دواتر لە ژێر دەسەڵاتی بابلییەکان، لەوپەڕی هەژاریی و دەربەدەریدا دەژیان. هەروەها هەردوو کولتوورە پێشکەوتووەکان بە ئەفسانە و باوەڕی ئایینیی خۆیان ئیسرائیلییەکانیان گیرۆدە کردبوو. بەشێک لە تەورات کە پێی دەگوترێت "نووسراوەی قەشەیی"، لە دەوروبەری ساڵی ٥٥٠ پێش زایین لە دەربەدەری(تاراوگە) بابلییدا نووسراوە. ڕەنگە گێڕانەوەی چیرۆکی خوڵقاندن لە کتێبی سەرەتای ژیاندا لە ژێر کاریگەری ئەفسانەی دروستکردنی بابلی ئینۆما ئێلیش " Enuma Elisch" بووبێت و خزمەتێکی زۆری بە گەلی ئیسرائیل کردبێت بۆ ئەوەی خۆیان لە بیرۆکەی شیرکی بابلییەکان دوور بخەنەوە و ناسنامەی تایبەت بە خۆیان داتاشن. هەروەها شوێنەواری ئەفسانەی نێوان ناوچەکانی دیجلە و فورات لە چیرۆکەکانی نوح و یونادا دەبینینەوە. بە تایبەت چیرۆکی گیلگامێش کە ڕەگ و ڕیشەی سۆمەری-ئەکادی و بابلی هەیە، بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ زۆرێک لە چیرۆکی جوولەکە  و دواتر مەسیحیی دادەنرێت. تەنانەت دە فەرمانەکەش قاڵبەکەی لە ناوەڕۆکی

حەمۆڕابی (شای بابیل)دا دەدۆزێتەوە، کە لە کۆمەڵێک نووسراوەی یاسایی گشتگیر پێکهاتووە و فەرمانڕەوای بابیلی لەژێر ناوی خۆی لە سەدەی ١٨ی پێش زاییندا پەرەی پێداوە و لە شێوەی تەتەڵە (لەوح)ی بزماریدا تۆماری کردبوون.

لە بەرامبەردا، عیسا لە نێوان سنووری شارستانیەتی ڕۆمی و کۆمەڵگەی داخراوی جولەکە لە فەلەستینی ئەمڕۆیی چالاك بوو. شوانێک کە خۆی بە چاودێری و دۆزینەوەی مەڕی ونبووی جولەکەکانەوە خەریك کردبوو. لە وانەوتنەوەکانیدا و لە ئیلاهیاتی دوای خۆیدا ئایینی جوولەکە وەك تێکەڵاوێك لە هێلینیزم "Hellenismus"(لاسایی کردنەوەی فەرهەنگی یۆنان) و گنۆستیزم"Gnosis"(عیرفان) سەیر کردووە. لە کۆتاییشدا محەمەد دەروازەیەکی سنووری نێوان عەرەبستان و بیزانس بووە. دیارە ئێمە نازانین چەند جار و بۆ چ ماوەیەک لە سوریا ماوەتەوە، بەڵام لە سەرچاوە ئیسلامییەکانەوە دەزانین کە دوو هۆزی گەورەی مەککە، ئومەوی و هاشمییەکان، زۆر پێش ئیسلام پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ بیزانس پێکهینابوو. هەروەها دەزانین محەمەد چەندین جار لەگەڵ ئەبوتالیبی مامیدا سەفەری بۆ شام کردووە و لەوێ کاروانەکانی بەڕێوەبردووە.

مشتومرەکانی تیۆلۆژیک واتە ئایینی لە ئیمپراتۆریەتی بیزانس بە تایبەتی کاریگەرییان لەسەر پەیامەکەی ئەو لە مەککە هەبووە؛ لەوێ فێرکاریی و راهێنانەکانی زیاتر لە فێرکاریی مەسیحی دەچوون. لە ئەشکەوتێکدا بە تەنیا مێدیتەیشنی دەکرد، جاروبار دەهاتە

ناو هۆزەکەی و خەڵکی بانگهێشت دەکرد گوێ بۆ پەیامەکەی ڕابگرن. ناوەندی پەیامەکەی بریتی بوون لە یەکتاپەرستی، بەخشین، دادپەروەری، لێبوردەیی و ناتوندوتیژی. ڕەخنەی لە کاسبکارە دەوڵەمەندەکان دەگرت، لە بەرەی هەژار، لاواز و کۆیلەکان دەوەستا و هۆزەکانی مەککەی لە نزیکبوونەوەی کۆتایی پێهاتنی ئەم جیهانە ئاگادار دەکردەوە. ئەوانە پەیامی شوان و بەڕێوەبەری کاروان بوون کە لە سەرووی هەموو شتێکەوە گرنگی بە دەوروبەرەکەی دەدا.

بەڵام دوای کۆچکردنی بۆ مەدینە، وەک ئیمپراتۆرێکی بیزانس هەڵسوکەوتی دەکرد، بەناوی خوداوە حوکمڕانی دەکرد، بڕیاری بۆ دەرکردنی یاساکان دەدا و هەوڵی دامەزراندنی ئەو پێکهاتانەی دەدا کە لە بیزانسەوە دەیناسین. دواتر جێگرەکانی لەڕێگەی داگیرکارییەکانیانەوە محەمەد و یاساکانی بیابان بۆ ناو ئەم جیهانە دەگوازنەوە. دوای ئەوەی عەڕەبەکان پارێزگاکانی بیزانسی، واتە سوریا، فەلەستین و میسریان داگیرکرد، ئیسلام بوو بە یاریزانێکی جیهانی. بەڵام کاریگەریی ڕۆم لە ناوچەکە هەر مایەوە. خەلیفە ئومەوییەکان وەک قەیسەرە ڕۆمییەکان جل و بەرگیان لەبەر دەکرد، تاجیان لەسەر خۆیان دانابوو و دراویان بە وێنەی خۆیانەوە بە دروستکردن دابوو. هەر وەك چلۆن سوڵتانی عوسمانی مەحمەدی دووەم لە سەدەی پازدەهەمدا دوای ئەوەی سەربازەکانی قوستەنتینیەیان داگیرکرد، خۆی بە "قەیسەر یاخود ئیمپراتۆری ڕۆمی" ناوبرد. بیزانس هاوکات و بەردەوام هەم دوژمن

بوو، هەم نمونەیەك - هەم بۆ ناسنامەی ئیسلامی و هەم بۆ دەوڵەتداری.

کات و چادر، ئەستێرە و وشە، هۆز و شمشێر: ئەمانە ئەو کەرەستانە بوون کە لە عەڕەبستانی سەردەمی کۆن ئایین، هونەر و کاتیان لێ دروست دەکرا. عەڕەبە بیابانییەکان لە هونەرێکدا بە تایبەتی سەرکەوتوو بوون: شیعر گوتن. هەموو چیرۆکەکانی ژیانی بیابان، شەڕەکانیان و نوکتە زانستییەکان دەبوو لەسەر شێوازی شیعر  دارێژرێن تا گوێبیستیان هەبێ.

لە عەڕەبستانی کۆن شیعرگوتن نەک هەر وەک هونەرێکی لەدایکبوو لەگەڵ مرۆڤدا سەیر دەکرا، بەڵکوو وەک بەرهەمی پەیوەندیی شاعیر بە جیهانی نائاسایی و فانتازیای دێو و درنج و جنۆکەوە دەبەسترانەوە. لە باشووری نیمچە دورگەی عەڕەبی دۆڵێک هەیە بە ناوی عەبقەر"Abqar". لە ڕابردوودا (تەنانەت ئێستاش) زۆرێک لە عەڕەبەکان پێیان وابوو ئەم دۆڵە جنۆکەی تێیدا نیشتەجێیە و هەر شاعیرێکی بەناوبانگ لەو دۆڵەدا هەڤاڵیکیان هەیە کە یاریدەدەری گوتنی شیعرەکانیانە. عەبقەریی "Abqari" عەڕەبی کە بە واتای نابغە یان بلیمەت دێت، لە وشەی عەبقەرەوە وەرگیراوە. وادی عەبقەر"Wadi Abqar"، دەبێتە "دۆڵی بلیمەتان."

شاعیرانی پێش ئیسلام لە شیعرەکانیاندا نەخشێکی بنەڕەتی دیاریکراویان پەیڕەو دەکرد: پێشەکییەکەی باسێکی سۆزداریی لەسەر ڕابردووی ونبوویان دەکرد، بەشی دووەم زۆرجار باسی سەفەرێکی دەکرد، سێیەم بەش بانگەوازی بۆ خێڵی خۆی دەکرد و بەسەریدا هەڵدەگوت، سوودەکانی و کارە قارەمانە گەورەکانی پێشووی لە شەڕدا دەخستەڕوو و لە بەشی کۆتاییشیدا سووکایەتی بە هۆزەکانی دیکە دەکرد. ئەمەش ئەو بەشانەن کە شێوازی خوێندنەوەی ئیسلامی بۆ مێژووی لێی دروست دەکرێت: "تامەزرۆیی بۆ سەردەمی ڕابردوو"، "ڕێزگرتن لە کردەوەی قارەمانانەی باوباپیران"، "جنێودان بە دوژمنان" (ڕۆم، خاچپەرستان، فەرمانڕەوا کۆلۆنیالیەکان، زایۆنیستەکان) هەروەها "بەرزڕاگرتنی ناسنامەی خۆی". کتێبی دەرسی قوتابخانە، گوتاری میدیا، بواری پەروەردە و سیاسەتی ناسنامە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا، تا ئەمڕۆش ناوەڕۆکەکەی لەسەر شێوازی مێژوونووسی و شیعری سەردەمی کۆنی عەرەبییە.

لەبەر ئەوەی شاعیر بە مێژوونووس و وتەبێژی عەشیرەتەکەی دادەنرا، لە کۆمەڵگاکەیدا ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا. سەرچاوە کۆنەکان باس لەوە دەکەن کە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا بەردەوام پێشبڕکێیەکی شیعر لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەڕێوە چووە. ئەو بۆنە یاخود نەریتە جۆرێک لە پێشانگا بووە لە ئوکاظ"Ukāẓ" لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەککە، ماوەیەکی کەم پێش دەستپێکردنی مانگی زیارەت. هەروەها دەگوترێت حەوت شیعری گرنگ لە سەدەی شەشەمدا لەناو کەعبەدا

هەڵواسرابوون: ئەم ئەنتۆلۆژیایە بە پێی سەرچاوەکەی پێی دەگوترێت"شیعرە هەڵواسراوەکان" (موعەللەقات"Muʿallaqāt")، "بەناوبانگەکان "(المشهورات"Al-Maschhūrāt")، یان "ئاڵتونکراوەکان" (المذهبات"Al- Mudhahhabāt") کە لەسەر قوماشێک بە ڕەنگی ئاڵتونی چندراون.

تا ئەمڕۆش خوێندکارانی زمانی عەرەبی دەبێ فێری ئەو حەوت شیعرە بن کە بڕگەی بێشوماریان تێدایە. بەرهەمەکانیتری شاعیرانی پێش ئیسلامیش سەر بەم کانوونەن. لەبیرمە لە پۆلی حەوتەمدا ناچار بووم شیعرێکی ئەلحوتەیعە "al-Hutaiaʾa" فێر بم کە ستایشی میوانداریی نەتەوەی عەرەبی دەکرد. شاعیر باسی خێزانێکی هەژار دەکات کە سێ ڕۆژە نانیان نەخواردووە. پیاوەکە، هاوسەرەکەی و سێ منداڵەکەیان بەردیان بە دەوری سکی خۆیاندا بەستبوو بۆ ئەوەی بەرگەی ئازاری برسێتی بگرن. کاتێک میوانێکیان لێ وەژوور دەکەوێ، باوکەکە نیگەران دەبێت. چی پێشکەش بە میوانەکە بکات لە کاتێکدا خێزانەکەی هیچیان نییە؟ کوڕەکەی کە مناڵیکی بچووکە، پێشنیار بە باوکی دەکات بیکوژێت و گۆشتە کبابەکەی پێشکەشی میوانەکە بکات، دەنا ئەم میوانە لە گێڕانەوەکانیدا سوکایەتی بە خێزان و خێڵەکەمان دەکات.

تا ئەمڕۆش ئەم شیعرە وەک بانگەوازێک، مرۆڤ تێدەگەیەنێ کە بێ هیچ مەرجێك خزمەتی خێڵەکەیان بکەن، تەنانەت ئەگەر بە مانای مردنی خۆشیان تەواو بێت. لەو کولتوورەدا ناوبانگ و

شەرەفی بنەماڵە، خێڵ، لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. مرۆڤ دەیەوێت ستایش بکرێیت و ترسی لەوەیە وەک هەژار، سپڵە یان بێشەرەف باسی لێوە بکرێت. لە سەردەمی عەرەبی کۆندا میواندارێی ستراتیژییەکی مانەوە بوو لەژیاندا، چونکە مرۆڤ دەتوانێت ئەمڕۆ خانەخوێ بێت و سبەی لە شوێنێکیتر خۆی میوان بێت. تەنانەت لە ناوچە بیابانییەکانی نیمچە دورگەی عەرەبیدا، لای بەدەوییەکان بە "ئەرکێکی پیرۆز" دادەنرا میوانێک وەربگرن و ئاو و خواردنی بۆ دابین بکەن. هەر لەبەر ئەمەشە وشەی وەجبە "wajba"، ژەم، هەمان ڕەگی وشەی عەرەبی بۆ وەزیفە یان ئەرک، یاخود واجیب "waajib" هەیە.

هەموو ئەو عەرەبانەی پێش ئیسلام بانگەشەی پێغەمبەر بوونیان دەکرد، هەمیشە شاعیری بەهرەمەند بوون و ویستوویانە ناوبژیوانی نێوان جیهانی ڕۆحی و ماددی بن و بتوانن بە پێشکەشکردنی جوانترین شیعر، بیر و بۆچوونی خۆیان بخەنە ڕوو. هەرچەندە گوێگرانیان چێژیان لە بیستنی شیعرەکانیان دەبینی، بەڵام بە گشتی پەیام و پێشبینییە ئیلاهییەکانیان بە جیددی وەرنەدەگیرا. لە لایەک لەبەر ئەوەی پەیامی زۆر و گەلێك جیاواز بوون، لە لایەکیتریشەوە لەبەر ئەوەی هەر هۆزێك نەریتی ئایینی خۆی هەبوو کە لەگەڵ ژینگە و عەقڵیەت و پێداویستییەکانیدا دەگونجا. ڕێک لەبەر ئەوەی ئەم نەریتانە ئەوەندە بە توندی لە پەیوەندی خێڵەکی مرۆڤ و بەو پێیەش بە ناسنامەی خۆیانەوە گرێ درابوون، نەدەکرا بە سادەیی فڕێ

بدرێن یان بگۆڕدرێن. ڕەنگە پێغەمبەرێک دەنگی بیسترابایە - ئەگەر بووبێت – بەڵام تەنیا لە بازنەیەکی بچووکدا دەمایەوە.

کەشوهەوای باو لەسەر بابەتی ئایین، تولەرانس و لێبوردەیی بوو، دروشمی مەسیحی و جولەکە و عەرەبە موشریکەکان ئەوە بوو: "خۆت بژی و لێگەڕێ ئەوانیتریش ژیان بکەن".کێشە و ململانێ لەسەر سەرچاوەکان بەهۆی ناکۆکی خێڵەکیەکانەوە ڕوویدەدا، بەڵام بەهۆی جیاوازیی ئایینییەوە نەبوو. هەروەها هەرکەسێک وەک پێغەمبەرێك لە کەعبەی مەککە کە ناوەندێکی ئایینی و شوێنی هەموو خوداوەندە عەرەبییەکان بووە. بانگەشەی یەکتاپەرستی کردبێ، دەستبەجێ گاڵتەی پێدەکرا.

تەنانەت کاتێک محەمەد بۆ یەکەمجار بانگەشەی ئەوەی کرد کە پەیامی ئیلاهی لە ئاسمانەوە وەرگرتووە و پێغەمبەری خودایە، بە جیددی وەرنەگیرا. ئەبولەهەبی مامی، گاڵتەی بەو هەڵسوکەوتەی محەمەد کردووە کە خۆی بە پێغەمبەری خودا داناوە: "شەرمەزار بیت محەمەد، ئێمەت بۆ ئەوە کۆکردەوە؟"[٣١] خەڵکانی مەککە تۆمەتباریان کردووە کە پێغەمبەر نییە، بەڵکوو تەنیا شاعیرێکە کە جنۆکە چوونەتە کڵیشەیەوە. محەمەد بە تووڕەیی لە هنبەریاندا وەستاوە، بەتایبەتی بەهۆی ئەو سووکایەتیانەی کە لەلایەن بنەماڵەکەی خۆیەوە لێیکراوە، جنێوی بە مامی داوە. لە قورئان سوورەی ١١١ کە یەکێکە لە

[٣١] Sahīh Muslim: Hadith ٣٠٧, Kapitel ٢

وەحیە کۆنەکان دەڵێ ئەبولەهەب و ژنەکەی لەناوبچن، لە ئاگرێکی بڵێسەداردا دەسووتێن (تبت یدی ابی لهب و تب...).

محەمەد، شاعیری سووکایەتی پێکراو، پەیامەکەی لە تەوەری گەلێك جیاوازەوە گەڵاڵە کردبوو: ژیان لە بیابان و ئەزموونەکانی کەمیی و بێبەشی، هۆشیاری خێڵەکی، خەونەکانی قوسەی باپیرە گەورەی بۆ یەکگرتنێکی گەورەی عەشیرەتەکانی عەرەب، شیعر و شانازی و خۆبەختکردن، هەروەها هەموو چیرۆکە خەیاڵییەکانی خودا و جنۆکە و پەیامەکانی ئەو پێغەمبەرانەی پێش خۆی لە کۆکراوەکەیدا گونجاند کە لە مرۆڤی ئایینیی دەوروبەریەوە بیستبوونی و ناسیاویی لەگەڵیاندا هەبوو. بەڵام ئەو ئەزموونانەی لە سەفەرەکانی بۆ بیزانس لەگەڵ خۆی هێنابووی، گەلێك گرنگ بوون: لەوێ باسی مەڕ و شەڕ و سەرچاوە ئاوییەکانیان نەدەکرد، بەڵکوو باسی سروشتی عیسا و [ڕۆژی قیامەت]ئاپۆکەلیپسی "Apokalypse"[٣٢] نزیکیان دەکرد. هەم مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات و هەم جولەکەکان چاوەڕێی گەڕانەوەی مەسیح بوون. لەوێ باس لەسەر ئەو کوڕە عەرەبانە نەدەکرا کە دەیانویست خۆیان بکەنە قوربانی بۆ شکۆمەندی هۆزەکەیان، بەڵکوو باسی کوڕی خودایان دەکرد کە بە خاچ کێشانی گیانی خۆی ڤیدا کردووە بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤایەتی ڕزگار بکات.

---

[٣٢] ئاپۆکلیپس چەمکێکی تایبەت بە بابەتی ئەدەبیاتی ئایینییە کە تیشک دەخاتە سەر "حوکمی خودا"، "کۆتایی جیهان"، "وەرگەڕانی سەردەم" و "دەرکەوتنی زانستی ئیلاهی."

هەروەها بزووتنەوە مەسیحییەکانی دیکەش کاریگەرییان لەسەر پەیامەکەی هەبوو. لە دەوروبەری نیمچە دوورگەی عەرەبیدا مەسیحی دەژیان کە عیسایان وەک مرۆڤێک دەبینی نەک وەک کوڕی خودا. ئینجیلی ئەپۆکریفیان " apokryphe Evangelien" هەبوو، نووسینگەلێک کە لە کانوونی کتێبی ئینجیلدا نەبوون و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ئەوانەی بە فەرمی دانەناوە. محەمەد خۆی بە هەڵوێستە جیاوازەکانیان بەرامبەر بە عیساوە خەریك کردووە و ڕەخنە کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەکانی خۆی لەبارەی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانەوە تێکەڵ بەم بیرۆکەیە بۆ ڕزگاریی و چاوەڕوانیی کۆتایی جیهان واتە قیامەتی لە مەودایەکی کاتیی گەلێک زوو کردوە.

محەمەد بە شێوەی زارەکی پەیامەکەی کە وەك گوتوویە لەلایەن خوداوە بۆی هاتبووە خوارەوە، بە شوێنکەوتووانی کە لە سەرەتادا ژماریان گەلێك کەم بوو، ڕاگەیاند: واتە ئەو سووڕانەی دواتر لە قورئاندا تۆمارکراون وەك یەکەم کتێبی عەرەبییە. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی قورئان ئەوە بوو کە لەگەڵ نەریتی شیعری عەرەبیدا دەگونجا، بەڵام دابونەریتی لیتۆرگیا"Lithurgie"شی لە زمانی سوری-ئارامیش"syro-aramäisch" تێکەڵ کردووە. یەکتاپەرستییەک کە بەگوێرەی پێداویستیی هۆزەکان و پڕ بە بەری ئەوان دوروابوو، پێشکەشی عەرەبەکان کرد. وێنەی خودا لە قورئاندا بەزەحمەت لە وێنەی سەرکردەیەکی عەشیرەتی عەرەبی کۆن جیا دەکرێتەوە، کە چاکە و تووڕەیی لەخۆی نیشان دەدات، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ

ڕەخنەی لێ بگیرێ یان بخرێتە ژێر پرسیارەوە. هەروەها وەک چۆن لە شیعرە کۆنەکاندا جیهان بەسەر دۆست و دوژمندا دابەش بووە، لێرەش ئەم کارە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. هەندێک لە خەڵکانی مەککە دوژمن بوون، هەندێک جار جولەکە و پاشان مەسیحیی.

قورئان ئەو بەڵێنە دەدات کە ئێستا خودا نەتەوەی عەرەبی کردووە بە گەلی هەڵبژێردراوی خۆی، دەسەڵاتی پێداوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی جیهان. هەرچەندە قورئان زۆرێک لە دەق و مەتەڵەکانی لە چیرۆک و ئەفسانەی جوولەکە، مەسیحی، ناوچەی میزۆپۆتامیا و ئێران وەرگرتووە، بەڵام خۆی وەک بەرهەمێکی یەکپارچەیی دەخاتە ڕوو کە خودا بە تایبەتی ئاڕاستەی نەتەوەی عەرەبی کردووە. پێگەی خۆیشی بە دوورکەوتنەوە لە کولتوور و ئایینەکانیتر بەهێزتر دەبێت، کە دواجار دەبنە دوژمن.

پەرتووکی قورئان وەستای خۆبەدەستەوەدانی کولتوورییە و هاوکاتیش وەستای جیاکارییە. یەکێکیتر لە خاڵە بەهێزەکانی پەرتووکی قورئان ئەوەیە کە پێکهێنانی کۆمەڵگای محەمەد و یاسا و گەشەسەندنی ئەو پێکهاتە بەڵگەدار دەکات و خۆی بە ژیاننامەی محەمەدەوە خەریك ناکات. مێژووی ئیسلام وەک چیرۆکێکی سەرکەوتوو دەخاتە ڕوو کە بە ئازار و ڕەتکردنەوە دەست پێدەکات و بە سەرکەوتنی گەورە کۆتایی پێدێت.

سەرکەوتنێک کە بۆ هەموو نەوەکانی داهاتووی جیهانی ئیسلامیی گەلێك حەیاتییە.

باوباپیرانی محەمەد پێشتر زەمینە یاخود بەستێنیان بۆ سەرکردایەتی مەککە لە عەرەبستان ئامادە کردبوو. ئیمپراتۆریی بیزانس و ئێرانییەکان بەهۆی کێشە و ململانێ بێکۆتاییان لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە گەلێك لاواز ببوون، بەمەش دەرگای دەسەڵاتێکی نوێیان لە ناوچەکەدا ئاواڵە هێشتبۆوە. بەڵام هەر وەك ئاماژەمان پێکرد، پێش محەمەد تەنیا سەرکەوتنی لاوازی ناوچەیی هەبووە، وەک یەکخستنی هۆزی قورەیش لە لایەن قوسەی باپیری محەمەدەوە. خەونی گەورەی باوباپیرانی ئەو ناوچەیە بۆ کۆکردنەوەی عەرەبەکان لە ژێر یەک چەتردا چەندین جار بەهۆی نەبوونی سەرکردەیەکی گونجاوی هۆزەکان شکستی هێنابوو.

محەمەد وەک ئەندامێکی هۆزی هاشمی، هەروەها وەک وتاربێژ و شاعیرێکی بەهرەمەند، سەرکردەی کاروان کە ژنێکی دەوڵەمەندی لە پشت وەستابوو، خۆی وەك نوێنەرێك دەبینی بۆ گێڕانی ئەم دەورە. بەڵام بۆ ئەم کارە پێویستی بە گێڕانەوەیەک بوو کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو مرۆڤە ڕەدکراوانەی پێش خۆی، بەتەواوی فەرمییەتی پێبدات. محەمەد وەك گۆپاڵێکی گەورە، ئەو وەحیە ئیلاهییانەی بەدەستەوە گرت کە عەرەبەکان

یەکبخات و بەڵێنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەیان پێبدات. ئەمە خەونی گەورەی محەمەد بوو، پێشبینییەک کە لە ڕاستیدا هاتە دی چونکە بارودۆخی ناوچەکە گەلێك بۆی لەبار بوو.

زانیارییەکی کەم سەبارەت بە ساڵانی سەرەتای ژیانی محەمەد لەبەر دەستدایە. باوکی پێش لەدایکبوونی کۆچی دوایی کردووە و لە تەمەنی شەش ساڵیدا دایکیشی لەدەستداوە. سەرەتا لەلایەن باپیرەیەوە بەخێو کراوە و دواتریش لەلایەن ئەبو تالیبی مامیەوە. محەمەد لە تەمەنی گەنجیدا چاوەدێریی مەڕەکانی هۆزی بەنوو هاشم"Banū Hashim"ی لە شاری مەککە کردووە کە ئەرکی ڕێکخستنی زیارەتیان لە ئەستۆ بووە و کلیلی کەعبەیان پاراستووە.

محەمەد لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژنێکی دەوڵەمەند دەکات بە ناوی خەدیجە کە کاروانسەرایەکی بە میرات پێگەیشتبوو و خەریکی کاری بازرگانی بووە. محەمەد لەو کارە بازرگانییەدا وەک ڕێبەری کاروان هاوکاریی کردووە و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ ژیانێکی هاوسەریی بەختەوەر و لە ڕووی داراییەوە دەوڵەمەندی بووە. بەڵام کاتێک تەمەنی چل ساڵ بوو، دەبێ شتێک ڕوویدابێت کە ژیانی پێچەوانە کردۆتەوە. ئیتر دەست لە کار دەکێشێتەوە، کاتێکی کەم لە ماڵەوە ڕادەبوێرێ و هەندێکجاریش بۆ چەند ڕۆژێک لە ئەشکەوتێکی چیای حەڕا "Hiraa"دا بەتەنیا ماوەتەوە و مێدیتەیشنی کردووە.

ڕۆژێک بە ترسێکی زۆرەوە چۆتەوە ماڵێ و بە ژنەکەی گوتووە جەستەیەکی نەگبەت لە ئەشکەوتەکەدا ویستوویە بیخنکێنێ و

ئایەتی سەیر و سەمەرەی بە گوێدا خوێندووە. محەممەد قەناعەتی وابوو شەیتان چۆتە جەستەیەوە، بەڵام خەدیجە ئارامی کردۆتەوە: "شەیتان یان جنۆکە نەبووە، بەڵکوو فریشتەی سەرەکی جبریل بووە کە پەیامێکی ئاسمانی بۆت هێناوە." خەدیجە تەنانەت یارمەتیی لە وەرقا"Waraqa"ی ئامۆزاکەی وەرگرتووە کە دەروێشێکی مەسیحی بووە و ئەویش پشتڕاستی کردۆتەوە کە بەڕاستی دەکرێ ئەو خەونانەی محەممەد بینیونی هەڵبژاردنی پێغەمبەرێک بێ لەلایەن خوداوە. لەو ناوەدا خەدیجەی ژنی و ئامۆزا مەسیحییەکەی یەکەم کەس بوون کە "شاهیدی"یان داوە پەیامی محەممەد لە لایەن خوداوە بۆی نازڵ بووە.

چرپەی ناو ئەشکەوتەکە یەکەم وەحی بوو، کە بڕیار بوو دوای سێ ساڵ پشوودان، چەندین کردەوەی دیکە بەدوای خۆیدا بهێنێت. ئەو بێدەنگییە درێژخایەنە محەممەدی خستە ناو خەمۆکییەکی قووڵەوە. بەڵام کاتێک بڕیاریدا ژیانی خۆی کۆتایی پێ بێنێ، جبریل فریشتەی سەرەکی لێی دەردەکەوێ و پێی دەڵێ:"تۆ پێغەمبەری خودای."[٣٣] لێرە بەولاوە محەممەد سورە لە دوای سورە وەردەگرێت، بە ناوەڕۆکی تەواو جیاوازەوە. پەیامەکانی کە ئەوکات ناوی ئیسلام نەبووە، لەناو عەشیرەتەکەیدا بڵاو دەکاتەوە. بەڵام تەنانەت بنەماڵەکەی خوێشی خۆیان لێ دوور خستۆتەوە، چونکە سووکایەتی بە خوداکانیان کردووە و بە

[٣٣] Ibn Saaʿd: al-tabaqāt ١:١٩٦

"بێسوود و بێمانا" ناوی بردوون. لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەو پەیامە نوێیە هەڕەشەی لە سێ کۆڵەکەی ئابووری مەککە دەکرد: بازرگانی لە ڕێی زیارەتکاران، بازرگانی لەگەڵ بیزانس و بازرگانی کۆیلە. چونکە محەمەد بانگەشەی بۆ دادپەروەری دەکرد و داوای کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵایەتی دەکرد. پەیامەکەی ئاڕاستەی دەوڵەمەندانی شار کردبوو و هانی کۆیلەکانی دەدا بۆ یاخیبوون لە ئاغاکانیان. مرۆڤ نەیاندەتوانی و نەیدەویست ئەوە قبوڵ بکات.

هەروەها خەڵکانی مەککە ترسیان لە شێواندنی پەیوەندیی نێوان خۆیان و هۆزە عەرەبەکانیتر هەبوو، چونکە هەریەکەیان لە کەعبەی مەککە خوداوەندی تایبەت بە خۆیان هەبوو. ناشیرینکردنی ئەم خوداوەندانە لە لایەن محەمەدەوە دەیتوانی شەڕ و ئاژاوە لە ناوچەکەدا دروست بکات. چونکە مەککە تەنیا شوێنی کاسبی و کۆبوونەوەی بازرگانان نەبوو، بەڵکوو شوێنی چالاکیی ئایینی هەروەها شوێنێکی پیرۆز بوو بۆ حاجیانی ئایینە جیاوازەکان.

کەواتە دۆخی دەستپێکی محەمەد بە هیچ شێوەیەک هاسان نەبوو. ئەو نیگەرانی و ئایدیال هەروەها هیوا و ترسی خۆی هەبوو، ڕووبەڕووی ململانێ و ڕەتکردنەوە ببووەوە - دواتریش هەموو ئەم هەستانەی خۆی خستە ناو وەحی ئیلاهییەوە و لیکی گرێدان. لە هەندێک شوێندا قورئان وەک کتێبی پرسیار و وەڵام دەخوێنرێتەوە. بەپێی ئەوەی پێگەی محەمەد لە مەککە و دواتر

له مەدینە هەروەها بەستراوە بە چلۆنایەتی پەرەسەندنی پێگەی کۆمەڵگاکەیەوە، خودا بە وەحی گونجاو بە پرسیارەکانی ناو کۆمەڵ وەڵامی داوەتەوە. لێرەدایە قورئان لە بنەڕەتدا لە کتێبی ئینجیل و تەوراتی جیاواز دەکرێ. چونکە پەرتووکی قورئان نەک هەر بانگەشەی ڕاستەوخۆ بۆ ئایینەکەیە، بەڵکوو بە دوایین وشەی خوداش دادەنرێ. ئەمەش فەرمیبوونی کۆتایی بە محەمەد دەبەخشێت بۆ هەموو کات و لە هەموو شوێنێکدا. قورئان کتێبێک نییە وەک مرۆڤێک دەربارەی محەمەد هەڵسوکەوتی کردبێ، بەڵکوو کتێبێکە کە ناسنامەیەکی ڕوون بە کۆمەڵگاکەی دەدات و ڕێنمایی بۆ هەموو بارودۆخە ئەگەرییەکانی ژیان دەخاتە ڕوو. کتێبێک بە وێنەیەکی ڕوونی نێوان خودا و مرۆڤ. هەروەها کتێبێک کە ئەزموونە ڕۆحی و مێدیتەیشنەکان و کردەوە دڕندەکانی شەڕ بەڵگەدار و بەفەرمی دەکات. هەر بۆیە قورئان ڕۆڵی سەرەکی هەم لە جیهاد، هەم لە پڕوپاگەندەی شەڕ و هەم لە بزووتنەوە عیرفانییە ئاشتیخوازەکانی سۆفیگەریدا دەگێڕێت.

قورئان کتێبێکی زۆر ئاڵۆز و چەند لایەنەیە و هەندێکجاریش گوتەی گەلێك دژ و پێچەوانەی تێدایە، چونکە نووسراوەکانی لە قۆناغی جیاوازدا گەڵاڵە کراون. سوورەکانی سەرەتایی پەیوەندییان بە مەککەوە هەیە: قۆناغی خۆناساندن کە تێیدا محەمەد دەیویست وەک پێغەمبەرێک گوێی لێ بگیرێت و بناسرێت؛ قۆناغی مشتومڕەکان دژی خەڵکانی مەککە و خوداوەندەکانیان و دواجار قۆناغی پچڕانی پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکانی مەککە. لەم

قۆناغانەدا قورئان بە شێوەی شیعر و مێدیتەیشن خۆی دەخاتە ڕوو، وەک بانگهێشتێک بۆ ئەو کۆمەڵە چەندخوداییەی کۆمەڵگای عەرەب بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاوڕێک لە ئایینی نوێ بدەنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە محەمەد بەم بڕگە ئاشتیخوازانەی قورئان بەزەحمەت لایەنگرێکی لە مەککەدا هەبووە. دوای نزیکەی دە ساڵ بانگەشە و بانگەواز بۆ ئایینەکەی بەزەحمەت توانی سەد لایەنگر کۆبکاتەوە کە زۆربەشیان کۆیلە بوون. محەمەد لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا کاری نەکردووە و بە پاشەکەوتی خەدیجەی هاوسەری ژیاوە کە سەرەڕای سەختییەکانی ژیانیان لە پشت مێردەکەیەوە وەستابوو. هەروەها ئەبو تالیبی مامیشی چەندین جار لە هەنبەر گاڵتەجارەکان کە قورئانیان بە "کۆمەڵە خەونێکی سەرلێشێواو" ئیدانە دەکرد، بەرگریی لێکردووە. بەڵام خۆیشی نەیدەویست شوێن پەیامی برازاکەی بکەوێت.

محەمەد لە دەیەمین ساڵی ئاشکراکردنی ئایینەکەیدا، لە دوو لاوە گورزی لێکەوت. هەردوو مرۆڤی نیزیکی واتە ژنەکەی و مامی گیانیان لەدەستدا و ئەویان بە تەنیا هێشتەوە. ئەو ساڵە لە مێژوونووسیی ئیسلامیدا بە "ساڵی ماتەمین" ناودەبرێت. من پێم باشە بە "ساڵی گۆڕانی هەست" وەسفی بکەم. چونکە ئەم زیان و خەمانە محەمەدی بەتەواوی گۆڕی. سەبر و تاقەتی لەگەڵ مەککەییەکان نەما، شارەکەی بەجێهێشت و سەرەتا هەوڵیدا

سەرنجی هۆزەکانی دیکە بۆ پەیامەکەی لە شاری تایف "Tai’f" کە نیزیکەی حەفتا کیلۆمتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەککە دوورە، ڕابکێشێ. بەڵام لەوێشدا گاڵتەیان پێکرد و لێیان دا. دوای ماوەیەك بە تەواوی ماندوو و زەلیل بوو، گەڕایەوە بۆ مەککە و خۆی بە خەیاڵە بەهێزەکانییەوە سەرقاڵ کرد. سەرەتا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کۆمەڵێك جنۆکە گوێیان لە قورئان خوێندنەوەی گرتووە و بوونەتە موسڵمان. پاشان بانگەشەی ئەوەی کردووە کە شەوێک بە ئەسپێک لە مەککەوە بەرەو قودس فڕیوە و بە نەردیوان یاخود پەیژەیەک بەرەو ئاسمان سەرکەوتووە، لەوێ هەموو پێغەمبەرانی مێژووی ناسیوە و لە کاتی نوێژی جەماعەتدا پێشەنگی نوێژیانی کردووە. چیرۆکی فڕین بۆ ئاسمان کە بە گێڕاوەیەکی هاوشێوە لە کتێبی ئینجیلیشدا دەبینرێت، بڕیار بوو ئەو موعجیزەیە لەناو خەڵکانی مەککە بۆ محەمەد دابین بکات کە دواجار پێگەیەکی بەهێز بۆ پێغەمبەرییەکی بۆ بسەلمێنێ. کاتێک ئەوە شکستی هێنا، محەمەد لە ڕووی دەروونی و سیاسییەوە گەلێك زێدەڕۆیی پیشە کرد، پشتی لە شارەکەی خۆی کرد و لە ساڵی ٦٢٢ ڕووی لە مەدینە کرد. لەوێ ستراتیژەکەی لە پێناو خەباتکردن هەروەها زمان و چەشنی بۆچوونەکانی ناو قورئان بۆ لایەنگرانی بە تەواوی دەگۆڕێت.

هۆکاری جۆراوجۆر دەستیان دایە دەستی یەکتر تا پەیامەکەی محەمەد توانی ببێتە ئایینێکی جیهانی. هۆکاری سیاسی هەبوو (ڕکابەریی نێوان هاشمی و ئومەوییەکان لەسەر سەرکردایەتی لە مەککە و عەرەبستان هەروەها ڕوانگەیان لەسەر هەڵوێستی نێوان زلهێزە گەورەکانی بیزانس و ئێران لەسەر سەرکردایەتی جیهان)؛ هۆکاری ئابووری هەبوو (ڕێگای بازرگانی و پەیوەندیی لەگەڵ بیزانس و ئاسۆی غەنیمەتەکانی شەڕ لە ڕێگەی هەڵمەتی دژ بە زلهێزە لاوازەکانی جیهان)؛ هۆکاری تیۆلۆژییشی هەبوون (مشتومڕ سەبارەت بە دێرین و سروشتی عیسا و ئاپۆکالیپس"قیامەت"). ئەم هۆکارانە زەمینەیەکی بەپیت بوو بۆ بیرۆکەیەکی گەورە کە نەتەوەی عەرەب لە گەلێکی کۆچەری پەراوێزخراوی مێژوویيەوە بۆ بزوێنەر و دارێژەری مێژوو بگۆڕێت. نەریتی درێژخایەنی شیعر و نەریتی زارەکی و دواجار مرۆڤێکی گونجاو هەبوو کە توانی هەموو ئەم توخمە سەرەکییانە کۆبکاتەوە و بیانخاتە سەر یەك.

هەر وەک کولتور و ئایینەکانیتر، ئایینی ئیسلامیش خۆی لەسەر ئەو بنەما ئایینیانەی پێشتر لە ناو خەڵکانی ناوچەکەدا باو بوو، چڕ کردەوە. لە قورئاندا شوێنەواری تەلمودی بابلی و کتێبی

تەفسیری جولەکە"midrasch rabba" بەرچاوە. هەروەها محەمەد کتێبی ئینجیلی وەک ژێردەق چیرۆکەکانی بەکارهێناوە. جێگای سەرنجە کە یەکەم سوورەکانی قورئان سەبارەت بە مەسیحی و جولەکەکان گەلێك خێرخوازانە و جێی ستایش بوون. بۆ نموونە جولەکەکان بە "ئەهلی کتێب" ستایش دەکرێن. بەڵام لە مەدینە شێوازی زمانی قورئان تیژتر دەبێتەوە؛ لە دوا سورەکانی قورئاندا محەمەد ئەوەندە متمانە بەخۆیی وەدەستدێنێ کە خۆی وەك ڕکابەری ئیلاهیاتی جوولەکە و مەسیحییەکان ببینی، و ئایینەکانی جوولەکە و مەسیحی وەك "دەستتێوەردەری کتێبە پیرۆزەکانیان" وەسف بکات و لە سورەکانی کۆتایی قورئاندا بە بێ باوەڕ ناویان بێنێ و داوای لەناوبردنیان بکات. دەتوانێ ئەم بڕگانەی دواتر لە قورئاندا مێژووەکەیان بۆ سەردەمی ئومەوییەکان بگەڕێتەوە، چونکە یەکەمین وەشانی نووسراوی قورئان کە ئەمرۆ لەبەر دەستدایە لە سەردەمی خەلیفەی پێنجەم (عبد الملک ابن مراوان)ەوە سەرچاوەی گرتووە و دەقە کۆنەکانیتر هەر هەموویان توونا کراون. عبد الملک دەیان ساڵ دوای مردنی پێغەمبەر، ئەمری نووسینی چیرۆکی محەمەد و قورئانی تازە کردۆتەوە، کە تا ئەو کاتە تەنیا بە شێوەی زارەکی لەنا لایەنگراندا دەگوازرانەوە. جا ئەو کارەی چ پاڵنەرێکی هەبووە، دواتر باسی لێوە دەکەین. هەروەها عبد الملک ابن مراوان قوبە بەردەکەی لە قودس بە دروستکردن دا و هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر مەسیحی و جولەکان گرتەبەر. لە سەرووی هەمووشیانەوە عبدالملک ئەو حاکمەیە کە لە سەردەمی ئەودا وشەی محەمەد و ئیسلام بۆ

یەکەمجار بە نووسراوە لەسەر سکە و لە نووسراوەکانی ناو قوبە بەردەکەدا تۆمار دەکرێت. تەنیا لە سەردەمی ئەویشدا بوو کە ئیسلام بە ڕوونی لە ئایینی مەسیحی جیاکرایەوە و ئەم باوەڕە کرا بە ئایینێکی سەربەخۆ.

## بەشی ٢

### لە مەککەوە بۆ مەدینە: لەدایکبوونی یاسای شەریعەت لە ڕۆحی شەڕەوە

دوای شکستهێنانی محەمەد لە شاری تائیف"Tai'f"، هەوڵیدا هۆزە جۆراوجۆرەکان ڕازی بکات بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەک لە دژی قورەیش پێکبهێنن. بەڵام کەس تامەزرۆیی نەبوو شوێنی بکەوێت، چونکە لەسەر نەریتێکی کۆنی عەرەبی کاتێك مرۆڤێک دژی عەشیرەتەکەی خۆی وەستابایە، ڕێگە بە کەس نەدەدرا پشتیوانی لەو مرۆڤە بکرێ. پێش ئیسلام ئەو کەسانەی کاری لەو شێوەیەیان کردبایە، لە لایەن کۆمەڵگاوە ڕەددەکرانەوە و بە خائین دادەنران. ئەمەش بەو مانایە بوو کە هەموو کەسێک بەبێ ئەوەی ترسی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی لێبکرێ، دەیتوانی مرۆڤە خەیانەتکارەکە بکووژێت. لەسەر چیای تەحامە "Tehama" لە نێوان مەککە و مەدینە، گرووپێکی بەدناو لە تاڵانچی و ئەو چەشنە کەسانەی کە لە یاسا ڕایانکردبوو، کۆببوونەوە و کۆمەڵێکی چەتە و ڕێگریان پێکهێنابوو. سائلیکەکان"Saa'alik" هێرشیان دەکردە سەر کاروانەکان و بە مەبەستی وەرگرتنی پارە، گرێبەستی

کوشتنیان ئەنجام دەدا و وەک بەکرێگیراو ئەو کارە نالەبارانەیان بەڕێوە دەبرد کە خاوەنەکەیان لێیان داوا دەکردن.[٣٤]

محەمەد دوای کۆچکردنی بۆ مەدینە، لەگەڵ ئەم ڕێگر و باندانە یەکدەگرێتەوە. ئەو یەکگرتوویە ڕۆڵێکی سەرەکی لە بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا دەگێڕێ ، هەروەک دواتر هۆزەکانی شەیبان "Shaiban" و کیندە "Kindah"، کە لە سەرەتاوە هاوپەیمانییان لەگەڵ محەمەد لە دژی بنەماڵەی قورەیش ڕەتکردەوە. بەڵام محەمەد تا زیاتر لە واعزێکی لاوازەوە بۆ سەرکردەیەکی شەڕی کاریگەر گەشەی کرد، بەو ڕادەیەش نیگەرانییەکانی زیاتر دەبوونەوە. محەمەد نەریتە کۆنەکانی لە عەرەبستان گۆڕی، کوتوپڕیش لەگەڵ دەرکراوەکاندا وەک پاشا هەڵسوکەوتی دەکرد. لەو سەردەمەدا مرۆڤ لە شەڕدا برای خۆیان و تەنانەت باوکیشیان دەکوشت. بنەمای دەسەڵات بەسەر هەموو داب و نەریتەکانی کۆندا سەرکەوت و هۆگریی بۆ قازانج هەموو بنەماکانی سڕییەوە. تەنانەت لای محەمەدیش بەهەمان شێوە بوو. لە کاتێکدا سەرەتا ڕایگەیاند شەڕی "شەرعی" تەنیا ئەو شەڕانەن کە لە خزمەت بەرگریکردندا بن، بەڵام دواتر هێرشکاریی و هەڵمەتەکان بوونە سەرچاوەی سەرەکی داهات بۆ محەمەد و کۆمەڵە تاڵانکارەکەی، کە بە پێی کات گەورە و ئاڵۆزتر دەبوونەوە و چاوەڕوانیشیان زیاتر دەبۆوە.

---

[٣٤] Ali, Gawad: al-mufassal, ٩:٦١٦-٦١٧

بەڵام سەرەتا دەبوو ڕێگەیەکی گونجاو بۆ چوونە ناو شاری مەدینە بدۆزێتەوە کە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا هێشتا ئەو شارە ناوی یەسریب بوو. ئەم شوێنە ستراتێژییە نزیکە ٤٠٠ کیلۆمەتر کەوتبووە باکووری شاری مەککە و لەسەر ڕێڕەوی کاروانەکانی نێوان مەککە و سوریا هەڵکەوتبوو. محەمەد بڕیاریدابوو بۆ گەیاندنی پەیامەکەی تەنانەت ئەگەر پێویست بکات، توندوتیژیش بەکاربهێنێت. بۆ ئەمەش پێویستی بە پارە بوو - کەوابوو هێرشی بۆ سەر کاروانەکان دەستپێکرد. هەروەها پەیوەندیی بنەماڵەییشی لەگەڵ شارەکەدا هەبوو، چونکە هاشم باپیرە گەورەی محەمەد ئەوکاتەی لەوێ دەژیا، هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێك بە ناوی سەلما بنت عەمر"Salmā bint ʿAmr" لە خێڵی بەنوو نەججار "Banū al-Najjar"، کردبوو. ئەو پەیوەندییە خێزانییە بۆ کردنەوەی دەرگای شارەکە بەسەر خۆی و لایەنگرانیدا گرنگایەتییەکی تایبەتی هەبوو.

سەرکەوتنی محەمەد لە مەدینە سەرەتا پەیوەندییەکی کەمی بە قورئان و پەیامەکەیەوە هەبوو. ئەو هاوپەیمانانەی لێرەدا بەستی، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان گێڕا. بە پشتگیریکردنی خێڵی داپیرە گەورەکەی لەگەڵ دوو هۆزی شەڕکەردا هاوپەیمانییەکی بەست، کە بریتی بوون لە ئەلعەوس"al-Aos" و ئەلخەزرەج "al-Khasradsch". پەیمانێکی دیکەشی لەگەڵ سەعالیکەکاندا "Saaʾalik" بەست، ئەو کەسانەی کە ڕێگر و باندی ترسهێنەری ناوچەکە بوون و چیای تەحامەیان لە نێوان مەککە و مەدینەدا کۆنترۆڵ دەکرد، کە لە ڕوانگەی ستراتێژییەوە شوێنێکی گەلێك

گرنگ بوو. ئەم هاوپەیمانییە بە تایبەت مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر خەڵکانی مەککە و کاروانە بازرگانییەکانیان دروستکردبوو. سەعلیکەکان بە هێرشکردنی گورج و چالاک بەناوبانگ بوون - ستراتیژییەک کە محەمەدیش گرتیەبەر و پشتیوانی بێ مەرجیان لە یەکتر دەکرد.

لە ساڵی ٦٢٣ هاوپەیمانەکانی محەمەد چەندین جار هێرشیان کردبووە سەر کاروانەکان و بە تاڵانی بازرگانەکان سامانێکی زۆریان کۆکردبۆوە - بەردەوام گوشاریان بۆ خەڵکانی مەککە دەهێنا و هانیان دەدان باجیان پێ بدەن. لە مانگی سێیەمی ساڵی ٦٢٤دا محەمەد و هاوپەیمانەکانی لە چیای حیجاز"Hedschas" چاوەڕێی کاروانێکی گەورەیان دەکرد کە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕووبەڕووی بەرخۆدان بوونەوە. مەککەییەکان چیتر نەیاندەویست زیان قبوڵ بکەن و بە سەرکردایەتی ئومەوییەکان هێرشی پێچەوانەیان دەستپێکرد. بەڵام هاوپەیمانییەکەی محەمەد، هەرچەندە ژمارەیان کەمتریش بوو، سەرسوڕهێنەرانە لە شەڕی بەدردا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. ئەو سەرکەوتنە کە دواتر قورئان وەک کردەیەکی خودایی ناساند (سوورەی ٣:١٣)، پێگەی محەمەدی تا ڕادەیەکی زۆر لە مەدینە و دەوروبەری بەهێزتر کرد. [ئەمە بۆ ئیوە دەرسیک بوو کە دوودەستە لە خوتان دەگژیەک ڕاچون؛ دەستەیەکتان بو خودا بەشەڕدەهاتن و دەستەکەیتر لە دژی خودا دەشەڕین و زەق دەیاندی کە خوانەناسەکان دوهیندەی ئەمانن. دیارە خودا بە مەیلی خوی هەر کەسیکی خوی حەزبکا سەری دەخا؛ ئەمەش پەندە بۆ ئەوانەی خاوەن فامن] (سوورەی ٣ ئایەی ١٣). محەمەد

بەهۆی دانی پارە بۆ کڕینی ئازادیی تاوانکاران لایەنگری نوێی بەدەستهێنا و سەرنجی زیاتری بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

محەمەد بۆ یەکگرتوویی مەدینە و پاراستنی لە ململانێ ناوخۆییەکان، ستراتیژێکی بەکارهێنا کە دواتر جێگرەکانیشی دووبارە و سێبارە پەنایان بۆ بردووە: "شەڕ وەک ئەڵقەیەکی یەکگرتوو لە کۆمەڵگەیەکی دابەشکراودا و وێنەی دوژمنێکی هاوبەش وەک ناوەندی شوناسێکی هاوبەش". محەمەد و هاوپەیمانەکانی شەڕیان لە دژی عەشیرەتە دەوڵەمەندەکان بەڕێوەبرد و بە چەکی نوێ و غەنیمەتەکانی شەڕەوە گەڕانەوە بۆ مەدینە. شاری مەدینە نەک هەر وەك قەڵایەکی بەهێز، بەڵکوو بووە شارێکی دەوڵەمەند و تامەزرۆیی زۆرێک لە خێڵە عەرەبەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. محەمەد، ئیتر نهێنی نەبوو، لە سایەی هاوپەیمانییە زیرەکەکانی و باندە ترسێنەرەکانیەوە، بووە پیاوە گەورە نوێیەکەی سەر سەکۆی شانۆی سیاسی. هەرکەس بەشێک لە هاوپەیمانییەکەی بووبایە، بە دڵنیاییەوە سەرکەوتویی تەنیا بۆ ئەو دەبوو.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم باندانە قبوڵ بکرێن، دەبوو ملکەچی محەمەد بن و بچنە ناو شەڕکەرانیەوە. بەم شێوەیە ئەم گرووپە بوونە تۆپێکی بەفر کە لە خولانەوەیدا بەردەوام گەورەتر دەبووەوە. هەمان ڕەوتی دینامیکیی لە داگیرکارییەکانی ئیسلامی دوای مردنی محەمەدیش دووپات بۆوە. ئەو گەلانەی هێرشیان کرایە سەر و دۆڕان وەک ئێرانی و بەربەر و سورییەکان تەنیا بە

لەئامێزگرتنی ئایینی ئیسلام و بوون بە بەشێک لە موتوڕی هێرشکاریی ئیسلامی توانیان خۆیان لە ژێر چەپۆکە بوونی هەمیشەیی بەدوور ڕابگرن.

سیاسەتی سەرکەوتووی هاوپەیمانی و بەکارهێنانی توندوتیژیی بەردی بناغەی گرنگی سەرکەوتنی محەمەد بوون لە مەدینە. بەڵام هەڵە دەبێت ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕە بین پێگەی ئەو تەنیا لەسەر هێزی سەربازی و هاوپەیمانی بەهێز دامەزرابێ. چونکە پاڵنەری سەرەکی هەڵسوکەوتەکانی هەروەك پێشتر، بیرۆکەی یەکخستنی هۆزە عەرەبەکان بوو لە ژێر یەک چەتردا بەڵام ئەمجارەیان لەژێر ناوی خودا. لە شاری مەککە هەوڵیدا بە هێمنی و ئاخافتن خەڵکیی بۆلای خۆی ڕاکێشێ و سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام ئەمجارەیان لە مەدینە بە کردەوەی شەڕخوازیی ئەم کارەی بەڕێوەبرد. بۆ ئەو، هەموو ئەو کارانەی دەیکرد ئەرکێکی خوداییی بوون، لە ڕێگەی ئەم ئەرکەوە نەتەوەی عەرەبی کردبووە گەلی هەڵبژێردراوی نوێ لە لایەن خوداوە. لێرەوە قورئان وەک ئایین باس لە ئیسلام دەکات نەك تەنیا وەك باوەڕێك. ئایەتی قورئان "دین لای خودا ئیسلامە" لە قۆناغی مەدینەوە سەری هەڵداوە.

[لە لای خودا دین ئیسلامە و ئەوانەی ئەهلی کتێبن لەو ڕاستەقینە دەزانن؛ بەڵام هەر لەبەر ئێرەیی – کە لەناو خۆیاندا هەیە – پێك نەهاتوون. هەرکەسێکیش – بەهەر جۆرێ – لە نیشانەکانی خودا حاشا بکا، با تێ بگەن کە خوا لە لێپرسینەوە زۆر بە لەزە و پێ ڕادەگا.] (سوورەی ٣، ئایەی ١٩)

محمد لێرەدا نەک هەر سوپایەکی بەهێزی پێکهێنا، بەڵکوو پێکهاتەی کۆمەڵێکی پێکهێنا بۆ دامەزراندنی ناوکی دەوڵەتێکی عەرەبی. ئەوەی وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و مەعنەوی لە مەککە دەستی پێکردبوو، لە مەدینە بوو بە شۆڕشێکی سیاسی و نیزامی. ئەوەی کە ساڵنامەی ئیسلامی نەک بە ڕۆژی لەدایکبوونی محەمەد و نە بە سەرەتای بزووتنەوەکەی لە مەککە دەست پێدەکات، بەڵکوو تەنیا بە کۆچکردنی بۆ مەدینە، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی دەوڵەت لە ئیسلامدا هەڵگری پەیام و یاساکانی ئایینەکەیە. بۆیە ئەو ئیدیعایەی کە لە ئیسلامدا کلیسە نییە، ڕاست نییە - کلیسەی ناو ئیسلام خودی دەوڵەتە. ئەمەش بیرۆکەی عیلمانیەت لە ئیسلامدا دەکاتە پارادۆکسێک، چونکە کلیسا و دەوڵەت جیا ناکاتەوە، بەڵکوو دەوڵەت لە ناوەوە تێکدەدات و هەڵیدەکۆڵێ. هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ئیسلام لە سیستەمێکی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە بوو بە ئامرازێکی چارەنووسساز بۆ دەستەڵاتی جێنشینەکانی دوای محەمەد. هەر وەك دواتر دەبینین، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی سۆفیگەریی وەک شۆڕشێکی ڕۆحی دژی خواستەکانی ئیسلام بۆ دەسەڵات بە هەمان شێوەی فەلسەفە وەک شۆڕشێکی فیکری دژی دۆگماکانی، سەرکەوتوو نەبووە. جگە لە چەند ئیستسنا یاخود تاقانەیەک، بە درێژایی مێژووی ئیسلام پێوەر بۆ فەرمانڕەوا جۆراوجۆرەکان و ڕەعیەتەکانیان تەنیا زێدەڕۆیی ئایینی ئیسلامیی بووە.

محەمەد پێکهاتە و یاسا و ئامانجی ڕوونی بە کۆمەڵگاکەی دا. ئەم کارەی لە قورئانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بڕگە ڕۆحی و ئاپۆکالیپتییەکان وردە وردە نامێنن و ڕێنماییەکانی شەڕ و کردار جێگەیان دەگرنەوە. فەرمان، یاسا و قەدەغەکردن و ڕێساکانی، بۆ نموونە دابەشکردنی غەنیمەتەکانی شەڕ، جێگەی بانگهێشتی قورئانی سەردەمی مەککە بۆ لێبوردوویی و بیرکردنەوە و مێدیتەیشن دەگرێتەوە. لە پەیامی شوانی شیعرییەوە دەبێتە مانیفێستی دەوڵەتمەدارێکی دەسەڵاتدار کە دەیزانی هۆزە جیاوازەکانی مەدینە چلۆن یەکبخات.

هەروەها محەمەد سەرەتا هۆزە جولەکەکانی هێنایە ناو کەشتییەکەی خۆیەوە و بەڵێنیی دانی ئازادیی باوەڕی پێبەخشین. دیارە ئەو، پێویستی بە پشتیوانی ئەوان بوو و پابەندی کردبوون لە ئەگەری هێرشێکدا یارمەتی بەرگری لە شاری مەدینە بکەن. هەروەها بڕیار بوو ئەوان پارەی یەکەم هەڵمەتە سەربازییەکانی بۆ دابین بکەن. ئەوە قۆناغێك بوو کە قورئان هێشتا جولەکەکانی وەک ئەهلی کتێب وەسف دەکرد. جولەکەکانی عەرەبستان لەو سەردەمەدا چاوەڕێی گەڕانەوەی ڕزگارکەری ئایینی بوون، محەمەدیش هیوای دەخواست وەک ئەم ڕزگارکەرە سەیری بکەن. لە ڕاستیشدا بەڵگەنامەیەکی بیزانس بە ناوی دوکتورینی یاکۆبی "Doctrine Jacobi" لە ساڵی ٦٣٤ باس لە پێغەمبەرێکی

عەرەب دەکات کە هەندێک لە جولەکەکان بە ڕزگارکەریان داناوە.[٣٥]

محەمەد بۆ هەندێک لە یاسا و قەدەغەکردنە نوێیەکانی ناو کۆمەڵگاکەی، سوودی لە نەریتی جوولەکەکانیش وەرگرتووە، وەک ڕێوڕەسمی پاککردنەوە، خەتەنە و خۆبەدوورگرتن لە گۆشتی بەراز و نوێژ کردن، کە سەرەتا ڕوو بە قودس بەڕێوەچووە. تەنانەت وشەی (شەریعەت) (ڕێگا) شتێك نییە جگە لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی هەڵەخا"halakha"ی عیبری کە باس لە یاساکانی ئایینی جوولەکە دەکات. بەڵام دوای شەڕی بەدر، ڕێبازی محەمەد لەگەڵ جولەکەکان بە تەواوی گۆڕا و لە ساڵانی دواتردا بە شێوەیەکی سیستماتیک لە شارەکە دەریکردن.

[٣٥] Patricia Crone, Michael Cook: Hagarism. The Making of the Islamic World, S. 23–79

## لەدایکبوونی ئابووریی ئیسلامی

محەمەد ئەو سەرکەوتوویەی بەدەست هێنا کە پێش خۆی هیچ سەرکردەیەکی عەشیرەتی عەرەبی نەیتوانیبوو بەدەستی بێنێ: توانی زۆربەی هۆزە عەرەبەکانی باشوور و ناوەڕاستی عەرەبستان یەکبخات و ڕوانگەیەکی نوێیان پێ ببەخشێت: واتە گەشەکردنی کۆمەڵگایەکی سەربەخۆئ نەتەوەیی لەژێر سێبەری زلهێزە لاوازەکانی ئەو سەردەمەدا.

لە سەردەمی پێش ئەودا، بۆ ئەوەی بیرۆکەی یەکگرتوویی ناو هۆزە جیاوازە عەرەبەکان گونجاو بکات، بیرۆکەیەکی بەکۆمەڵ، ئەفسانەی دامەزرێنەر و دوژمنێکی هاوبەش بوونیان نەبوو. بەڵام لە سەردەمی محەمەد ڕێگا بۆ ئەو مەرجانە خۆشکرا. هەروەها سوورەکانی قورئانیشی لێ زیاد کرد کە ڕاستەوخۆ لە ئاسمانەوە بۆی دەهاتنە خوارەوە. تەواو ئەو بارودۆخە لەبارە هەلێکی بۆ پێکهێنا بتوانێ بۆ ئەو ململانێی سەربازیی درێژخایەنەی لە پێشیانەوە بوو، لایەنگرانی پێ هانبدا. محەمەد نەک هەر بەڵێنیی بەهەشتی هەتاهەتایی لە ژیانی دوای مردن بە خەباتکارانی دەدا، بەڵکوو بەڵێنیی قازانجی دەوڵەمەندبوون و خاوەنی ژنی جوانی کۆیلەی لەم دونیایەشدا پێشکەش دەکردن. ئەمەش لەدایک بوونی "ئابووری ئیسلامی" بوو: غەنیمەتەکانی شەڕ و بازرگانی

کۆیله و هێنانەکایەی باجی زۆرەملیی بۆ کافرەکان چەند سەدەیەک دوای مردنی محەمەد وەک سەرچاوەی سەرەکی داهات بۆ حاکمە ئیسلامیەکان بە میرات مایەوە. جا ئومەوی، عەباسی، فاتیمی، مەملووک یان عوسمانی - هەموو داگیرکەرە موسڵمانەکان هەڵسوکەوتی وەك محەمەدیان پیشە کرد. تەنانەت ئەمڕۆش باندی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە لاساییکردنەوەی محەمەد، فانتازیای لەناوبردنی کۆیلەکانی شەڕ، سەربڕین و ڕاوەنانی کافرانیان، لەسەردایە و ڕەوایەتی جینایەت و شەڕخوازی خۆیان بە چەسپاندن بە سەردەمی محەمەدەوە بەفەرمی دەکەن.

محەمەد دەیزانی چلۆن مەیلی شەڕخوازانەی هۆزە عەرەبەکان بقۆزێتەوە. تەنانەت باندە تاڵانچییە مرۆڤکوژەکانیش ڕێگەیان پێدەدرا لەم وێرانکارییەدا بەردەوام و بەشدار بن و خۆیان بە غەنیمەتەکانی شەڕ دەوڵەمەند بکەن. ئەو جینایەتکارانە نەك هەر تاوانی جینایەتەکانیان نەدایەوە، بەڵکوو ئێستا ئیتر وەبەر نیعمەتی خوداییش کەوتبوون و لە بەرامبەر ئەو هەموو خوێنەی بە پەنجەیانەوە بوو، خودا لێیان خۆش ببوو.[٣٦] بۆ شەڕکەرە جیاوازەکانی بەرەی محەمەد دۆخێکی "دان" و "وەرگرتن" بوو(win-win situation): ئەگەر لە شەڕدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنابا، ئەوا غەنیمەت و ژنی کۆیلەیان وەک پاداشت وەرگرت، ئەگەریش لە شەڕەکاندا گیانیان بەخت کردبا، بە شەهید هەژمار

[٣٦] Ibn Sa’ad: al-tabaqāt, ١:٢٤١

دەکران و لە بەهەشت شەڕاب، حۆری و پاداشتی باشتر چاوەڕوانیی دەکردن.

هۆشیاریی خێڵەکی، ڕۆحی شەڕانگێزیی، ئاسۆی سەرکەوتن، لەگەڵ ئەرکێکی خوداییی تێکەڵ کرا - ئەوە ئەو تێکەڵاوییە بوو کە یارمەتی ئیسلامی گەنج و ساوای دا لە مەدینە سەرهەڵبدات. محەمەد یەکەم ئارشیتێکت بوو کە ئەم بلۆکە بیناسازیانەی بەکارهێنا بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی بنەڕەتیی بۆ ئەوەی کەسانی دوای خۆی بتوانن فانتازیای خۆیانی لەسەر دامەزرێنن. ڕەنگە خۆیشی نەیتوانیبێت خەیاڵی بکات ئەم تێکەڵاوییە چەندە کاریگەر دەبێت. بەڵام لەوانەشە ڕێک ئەوە بووبێت کە پێشتر حیسابی بۆ کردووە. چونکە سەرکەوتنە خێراکەی چەندین لایەنگری نوێی بۆ ناو کۆمەڵەکەی هێنا، بەڵام دوژمنێکی زۆریشی بۆ داتاشی.

محەمەد دەستی ڕانەگرت بۆئەوەی هێرش بکرێتە سەر مەدینە، بەڵکوو خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوانەی دژایەتیان دەکرد، دەستپێشخەریی کرد. جیاوازیی نێوان محەمەدی مەککە و محەمەد لە مەدینە، هاوشێوەی تیۆریی گەنجی مارکسیست لینینیزم و لینین وەك سەرکردەی سۆڤیەت بوو. ئەو پرەنسیپانەی پێشتر بەڵێنیان درابوو، زیاتر دەکەوتنە بەستێنەوە و بە پێی کات لۆژیکی سەرکەوتن، دەسەڵات، قازانج و ترسی خیانەت هەموو شتێکی ناو کۆمەڵی دیاری دەکرد. شەڕ، شەڕی نوێی دەخوڵقاند و بازنەیەکی شەیتانی تیرۆر، ستەم و توندوتیژییان پێکهێنابوو.

محەمەد لە هەشت ساڵی کۆتایی ژیانیدا نیزیکەی نەوەد شەڕی خوڵقاند، واتە لانی کەم مانگانە یەك شەڕی بەڕێوەبردووە. شاری مەدینە وەك قەڵایەکی سەربازی لێهاتبوو کە ئامادەکاریی بۆ شەڕی داهاتوو دەکرد و شوێنی چالاکیی سەرەکی محەمەد و لایەنگرەکانی بوو. تەنیا لە ژێر سێبەری شمشێردا محەمەد پێشکەوتنی خۆی ئەزموون کرد و ئەو ناسنامەیەی دۆزییەوە کە هەمیشە بەدوایدا دەگەڕا. دواجار ساڵی ٦٣٠ سەرکەوتنی بەرامبەر بە نیشتمانە کۆنەکەی واتە مەککە و دژی تەیعف "Taiʾf"، ئەو شارەی کە لێی دەرکرابوو بەدەستهێنا.

سەرکەوتن بەسەر مەککە مژدەی وەرچەرخانی داهاتووی ژیانێکی نوێی بۆی هەبوو و بناغەی ئەو شەپۆلە بێ وێنەیەی داگیرکاریی عەرەبی دامەزراند کە بەدوایدا هات. تەنانەت محەمەد خۆی هاوپەیمانیی لەگەڵ سەرۆکی ئومەوییەکان ئەبو سوفیان"Abū Sufiyan" کرد کە سەردەمانێک یەکێک بوو لە دوژمنە سەرەکییەکانی. ئەبو سوفیان ئایینی ئیسلامی قبوڵ کرد و لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا لە عەرەبستان بەشداریی لە شەڕە داگیرکارییەکانی محەمەددا کرد. بەم شێوەیە نەک هەر بەردەوامبوونی عەشیرەتەکەی گارانتی کرد، بەڵکوو پێگەیەکی باشیشی بۆ داهاتووی ئومەویەکان مسووگەر کرد. عوسمانی ئامۆزای دواتر بوو بە سێیەم خەلیفەی موسڵمانان. دوایین پێشکەوتنیشی بۆ هۆزە زلهێزەکەی لە موعاویەی کوڕیەوە بوو، کە دڵنیایی پێدا خەلافەت لە ژێر دەسەڵاتی سەلاسەی ئومەویدا بۆ ماوەی نزیکەی سەد ساڵ بمێنێتەوە.

لە شاری مەککە، محەمەد کۆمەڵگەیەکی بچووکی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە و پشتیوانیان لێدەکرد، چونکە باوەڕیان بە پەیامەکەی هەبوو. بەڵام لە مەدینە مرۆڤ لەوە زۆر دڵنیا نەبوون ئایا ژمارێکی زۆری شوێنکەوتوانی تەنیا لە ڕووی ترسەوە یان ئارەزووی قازانجی ماڵی خۆیان، لەگەڵیدا مابوونەوە؟ ئایا هۆزە دۆڕاوەکان لەبەر ئەوەی قەناعەتیان پێی بوو، ئیمانیان پێهێنا یان لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگا و بژاردەیەکیتریان لەبەردەم دەسەڵاتی محەمەددا بۆ نەمابوو؟

قورئانی قۆناغی مەدینە چەندین جار باس لە مونافیقەکان دەکات کە لە دەرەوە خۆیان وا نیشان دەدەن ئیماندارن بەڵام بە نهێنی قسەی خراپ لە پشت سەر محەمەد دەڵێن: [نێر و مێ لەم دۆڕانە وەکوو یەکن؛ فەرمان بە خراپە دەدەن و ڕێگە لەبەر چاکە دەگرن؛ دەستی خۆشیان لە خێرکردن دەقووچێنن؛ خودایان لەبیر بردووە و خوداش ئەوانی لەبیر کرد. ئەوانەی دووڕوویی دەکەن، هەموویان لەڕێ لادەرن. بڕیاری خودا بەڵێنی بە پیاوان و ژنانی بەباوەڕ داوە، باغاتیان خەڵات دەکا، جۆباریان بە بەردا دەڕوا و هەر دەوێدا دەمێننەوە. چەندین خانووی هەرە باشی لەناو باغاتی عەدەندا بۆ داناون. ڕەزای خوداش، کە لە گشتی هێژاترە؛ دەسکەوتی مەزن ئەوەیە ....](سورە ٩: ٦٧-٧٥). لە قۆناغی شەڕی بەردەوامدا، محەمەد چیتر لەهەنبەر ئەم چەشن

هەڵسوکەوتانەدا لێبوردوویی و تولەرانسی لەخۆ نیشان نەدەدا. لەسەر ئەو پرەنسیپە هەڵسوکەوتی دەکرد : "**ئەوەی لەگەڵم نەبێت دژی منە**". جولەکەکانی مەدینەش هەستیان بەم شتە کردبوو. کاتێک ئەوان ئامادە نەبوون بەشداریی شەڕەکانی محەمەد بکەن یان پارەیان بۆ دابین بکەن، جنێویان بە جولەکەکان دەدا، سووکایەتیان پێدەکردن، لە مەدینە دەریان دەکردن و زەوی و موڵک وماڵیان لێ زەوت دەکردن. هەروەها قیبلەی نوێژی لە قودسەوە بۆ مەککە گۆڕی. داوای لە شوێنکەوتووانی دەکرد ڕۆژانە پێنج جار لە کاتی نائاساییدا کۆببنەوە بۆ ئەوەی پێکەوە نوێژ بکەن. لەو ڕێگایەوە دەیویست بزانێت کێ ئیمانەکەی بە جددی وەرگرتووە و کێ نا. لە جیهانی میلیتاریزەکراوی مەدینەدا نوێژ مانای نمایشی سەربازیی هەبوو. بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاتر، محەمەد بەردەوام ڕێوڕەسم و یاسای نوێی بۆ ژیانی ڕۆژانەیان دادەنا. بەڕۆژووبوون لەو گەرما توندەدا مەبەست لێی ئامادەکردنی شەڕکەرەکانی بوو بۆ مانەوە لە هەلومەرجێکی سەختدا. قەدەغەکردنی خواردنەوەی ئەلکۆڵی بە مەبەستی ڕێگریکردن بوو لە دەمەقاڵە لەنێوان سەربازەکانیدا. قەدەغەکردنی سوودخۆریی وەک هەوڵێک بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵگاکەی کاری دەکرد؛ چونکە هەرکەسێک پارەی قەرز کردبێت و نەیتوانییێ بیداتەوە، دەبووە کۆیلەی قەرزدەرەکەی. محەمەد دیاریشی دەکرد شوێنکەوتووانی ڕێگەیان پێ بدرێ چی بخۆن و بخۆنەوە، چی لەبەر بکەن، چۆن لەگەڵ ژنەکانیان بخەون و چلۆن ژنەکانیان ڕاهێنن. هەروەها

ڕووپۆشی وەک مەرجێک لەم سەردەمەدا پێ ناساندن. کۆمەڵگایەک کە بەهۆی هێزی سەربازی و بە ڕۆحی شەڕەوە تایبەتمەند کرابێت، شوێنێکی کەمی بۆ ژنان تێدا بوو.

ڕەگەزی مێینە لەم کۆمەڵگەیەدا ئەرکێکی ڕوونی بۆ دیاریی کرابوو: بۆ تێرکردنی تەماحی سێکسی پیاوان و بەدنیا هێنانی "کوڕ" بۆ ئەوەی سەربازانی داهاتوو گارانتی بکات. تەنانەت لە ژیانی دوای مردنیشدا، ئەرکی ژنان دیاری کرابوو– وەک پاداشتێکی سێکسی بۆ شەهیدانی "پیاو"ی ڕێگای ئیسلام ڕۆڵی حۆری بگێڕن. جگە لەوەش پێویست بوو ژنان تا دەتوانن لە ناوچەی میلیتاریزەکراوەکاندا خۆیان نیشان سەربازەکان نەدەن، بۆ ئەوەی نەکا سەربازەکان بیرۆکەی گەمژانەیان تێدا پەروەردە بێ.

دیارە هەندێک لەو یاسا و قەدەغەکردنانە پێش ئیسلامیش بوونیان هەبووە. بۆ نموونە "ڕووپۆشین" داهێنانی محەمەد نەبووە، بەڵکوو بەتایبەتی لای ژنانی ئازاد نەریتێکی گەلێك کۆن بوو. هەروەها هۆزە عەرەبەکان پێشتریش سزای دزیکردنیان بە دەست بڕین تاوان دەدا. بەڵام جیاوازییەکەی ئەوە بوو: محەمەد شەڕی کردە ئەرکێکی پیرۆز و ئیلاهی و مردن یاخود شەهیدبوونی کردە بەرزترین ئاستی ئیمانداریی. غەنیمەتەکانی شەڕی کردە پراکتیزەیەکی ئایینی و لە قورئاندا ڕایگەیاند بە گوتەی خوای گەورە "پێغەمبەر" بە شێوەی کەسێکی تایبەتی مافی یەک لەسەر پێنجی غەنیمەتەکانی شەڕی هەیە. ڕووپۆشی کردە جلێکی پیرۆز و خۆکونترۆڵکردنی سێکسی کردە نیشانەی ئیمان.

ئەم یاسایانەی شەریعەت لە سەردەمی پڕ لە گێژاو لە نێوان شەڕە بێژمارەکانیدا سەریان هەڵدا. ئەم یاسایانە بەرهەمی دۆخێکی ناوازەن کە هەشت ساڵی خایاند. ئەوان چارەسەری پراگماتیکی بوون بۆ کۆمەڵگەیەکی هێشتا ناجێگیر کە بەردەوام لەگەڵ دەوروبەرەکەی لە ململانێدا بوو. لۆژیکی ئەم ڕێسا و یاسایانە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی میلیتاریزەکراوی محەمەد لە سەدەی حەوتەمدا تەواو جێی تێگەیشتنە. بەڵام ئەو کارە کاتێک کێشە دروست دەکات، ژن و پیاوی موسڵمان لە سەدەی بیست و یەکەمدا هەمان ڕێسا و هەمان ڕۆڵی ڕەگەزپەرەستی و هەمان دوژمنایەتی بەرامبەر جولەکە و مەسیحی لە ئایینەکەیاندا بەڕێوەبەرن و ئەم ڕوانگانە بە بەشێکی گرنگ و جێی مشتومڕ نەکراو لە ئیمانەکەیان دابنێن.

## قورئانی مەدینە

لە مەدینە ستراتیژی محەمەد گۆڕانی بەسەرداهات و لەگەڵیدا زمانی قورئانیش گۆڕا. لە مەککە قورئان زیاتر خۆی بە ململانێی محەمەد لەگەڵ عەشیرەتی قورەیشەوە خەریك كردووە. دیارە لە مەدینەش ئەم ململانێیە بەردەوام بووە، بەڵام ئەکتەری نوێش سەریان هەڵداوە. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جولەکەکان بەشێکی جەوهەریی ئەو سوورانە دەگرێتەوە کە لە مەدینە پێکهاتبوون. لێرەوە قورئان دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی تۆماری شەڕەکانی پێغەمبەر. زۆربەی ئایەتەکانی ئەم قۆناغە ئیلهامبەخشن بۆ سەربازەکان و هاندانیان بۆ شەڕخوازیی، هەندێکیان باسی سەرکەوتنەکان دەکەن، هەندێکیتر دان بە شکستەکانیدا دێنن. هەروەها پرسی دابەشکردنی غەنیمەتی شەڕەکانیش لە قورئاندا ڕوون کراوەتەوە. جگە لەوەش هاوسەرگیرییەکانی محەمەد لە مەدینە، لە قورئاندا ڕەنگ دەداتەوە. بە پتوونی سوورەیەك بە ناوی "ژنەکان" تایبەتە بە هەڵسوکەوتی گونجاو و نەگونجاو لەهەنبەر ژنان و بابەتگەلی هاوسەرگیریی، هەڵسوکەوتی سێکسی، سزای جەستەیی و جیابوونەوە. هەروەها لەوێدا محەمەدی تەمەن شەست ساڵان دوای ئەوەی دوو ژنی بە نیزیکیی لەگەڵ پیاویتر تۆمەتبار کران، هەوڵی داوە ژنە گەنجەکانی خۆی لە ژێر کۆنترۆڵ بگرێ.

هەروەها دەنگی شوێنکەوتوانی لە قۆناغی مەدینە گەلێك ڕوونتر لە قورئاندا باسی لێوەکراوە. کۆمەڵگاکەی بەردەوام گەشەی کردووە و گەورەتر بۆتەوە و دیارە پرسیار و پێویستیی نوێیش چاوەڕوان کراوە. قورئان ئەم قۆناغەشی بەڵگەدار کردووە. هەروەها لە دەقەکەدا مرۆڤ دەتوانێ گەشەی سەردەمی محەمەد و کۆمەڵگاکەی لە هاوچەرخی ئەخلاقی- مرۆڤخۆشەویستییەوە بۆ ڕۆیشتن بەرەو باندێکی پیلانگێڕ و شەڕخواز هەست پێ بکات.

توێژەری پەرتووکی قورئان ئەنجلیکا نۆیوێرت" Angelika Neuwirth" لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە قورئان بەشێکی زۆری "نووسراوەی ڕەوتی پێکهێنانی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیەتی." ئەم بۆچوونە بە دڵنیاییەوە بۆ سەردەمی مەدینە گەلێك گونجاوە. زۆرێک لە ئایەتەکانی ئەو سەردەمە بەم دەستەواژەیە دەست پێدەکەن: "وە ئەوان پرسیارت لێدەکەن دەربارەی (...)، بۆیە پێیان بڵێ (...)"

بە گشتی قورئان لە مەدینە لەسەر بنەمای هەڵسوکەوت و کارلێکی نێوان پێغەمبەر و شوێنکەوتووانی گەلێك دینامیکتر و پەیوەندیدارتر بووە. نموونەی ئەمەش لە سوورەی دووەمدا دەبینرێت: "لەمەڕ شەراب و قوماریش لێت دەپرسن؛ بێژە: تاوانیان گەورەیە و بۆ خەڵکیش بەهرەیان هەیە؛ تاوانەکە لە بەهرەکەیان زۆرترە."(سوورەی ٢، ئایەی ٢١٩). بەردەوام لەسەر پرسیاری مرۆڤی کۆمەڵگا، لێدوانێکی بەراوردکاریی هاوسەنگ پێشکەش

کردووە. بەڵام کاتێک ئیمانداران زۆرجار لە کاتی نوێژەکانیاندا لە لایەن نوێژکەرە سەرخۆشەکانەوە توورە کراون، ئامۆژگارییەکی جددی لێکەوتۆتەوە: "ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بە سەرخۆشیی لە نوێژ نیزیك مەبنەوە، بۆ ئەوەی تێبگەن دەڵێن چی. بە لەش پیسیش نوێژ مەکەن – مەگین وەختێ ڕاگوزەر بن – تا کاتێ لەخۆ دەشۆرن. ئەگەر – دنیا بوو – نەخۆش بوون یان ڕێبوار بوون یان یەکێکتان لەسەر پێشئاوێ هاتنەوە یان تخوونی ژنان کەوتن دەستو بە ئاو ڕانەگەییشت، خۆڵێکی پاك پەیداکەن ڕوخسار و دەستەکانتانی پێ بهەنوون. خودا چاوپۆشیولێدەکا و لێودەبووریێ"(سوورەی ٤، ئایەی ٤٣).

دواتر ڕاگەیاندنی قەدەغەکردنی بەگشتی خواردنەوە ئەڵکۆڵ – جگە لەو کاریگەرییە ئەرێنییەی بۆ دۆخی سەربازەکانی هیوای بۆ دەخواست – هۆکاری پێشینەی کەسیی هەبوو: عومەر هاوەڵ و خەزووری محەمەد، پێش موسڵمانبوونی، ئەڵکۆڵێکی لەڕادەبەدەری دەخواردەوە. لەوناوەدا عومەر کە گەلێك سەختگیر بوو، داوای لە محەمەد کردبوو لێدوانێکی ڕوون لەسەر بابەتی خواردنەوە ئەڵکۆلی بدات. ئەوەش لە سوورەی ٥ ئایەی ٩٠ دەخوێنرێتەوە: "ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! شەڕاب خۆری و قوماربازی و کێل پەرەستی و گرێو لەسەر تیران کردن، لە کارەکانی شەیتانن؛ خۆتانی لێ بپارێزن، بەشکەم تووشی ڕزگاریی بن."

بێگومان هەموو ئیمانداران کاریگەریی وا ڕاستەوخۆیان لەسەر محەمەد و قورئانەکەی نەبووە، بەڵکوو تەنیا سەرکردە هۆزەکانی مەدینە یان چەکدار و هەڤاڵە گرنگەکانی وەک عومەر. سەرەڕای ئەوەش لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەموو شوێنکەوتوانی

محەمەد لە قورئان وەک کتێبێکی ڕاستەقینەی ئاسمانی کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە دیکتە کرابێ تێنەگەیشتوون، بەڵکوو خۆیان وەک خوڵقێنەری ئەم دەقە دەبینن. بیرۆکەیەک بە پێچەوانەی گرنگیی قورئانی دوای کۆچی دوایی محەمەد. چونکە تا مرۆڤ لە سەردەمی وەحی دوور بکەوێتەوە، لە لایەکەوە محەمەد و قورئان پیرۆز و ڕەخنەلێگرتنیان بڤە دەبێتەوە، و لەولاشەوە بە هەمان ڕادە مەودا و مەیدانی لێکدانەوەی دەقەکان تەنگ و بچووکتر دەبێتەوە.

## بەشی سێ

### لە مەدینەوە بۆ کووفا: چوار خەلیفەی کووژراو و دابڕانی ئیسلام

کاتێک محەمەد ساڵی ٦٣٢ دوای نەخۆشییەکەی زۆر زوو بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کۆچی دوایی کرد، ئیسلام هێشتا ئایینێکی تەواو و کامیل نەبوو و لە ڕەوتی پەرەسەندنی خۆیدا بوو. هەرچەندە یاساگەلێکی زۆر هەبوون ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییان دیاریی و ڕێکدەخست، بەڵام سیستمێکی حوکمڕانیی ڕوون بوونی نەبوو. هەروەها ئەو کۆمەڵگەیەی محەمەد بەجێی هێشتبوو، شایستەی پێکهێنانی دەوڵەت نەبوو، چونکە کۆمەڵگاکە لە عەرەبی بیابانی و شەڕکەر پێکهاتبوون کە بیرۆکەی دەوڵەت هێشتا لایان گەلێك نامۆ بوو. دڵسۆزیی خێڵەکیی هێشتا هێزی بزوێنەری ئەم کۆمەڵگەیە بوو و ئەوەش ململانێیەکی زۆری دروستکرد. بەڵام گەورەترین کێشە ئەوە بوو کە محەمەد هیچ ڕێسایەکی بۆ دیاریکردنی جێنشین لەخۆی بەجێ نەهێشتبوو.

ماوەیەکی کورت پێش مردنی داوای ڕەنگ و پێستی مەڕی کردووە بۆ ئەوەی دوا وەسیەتنامەکەی بنووسێت، بەڵام عومەر، خەزووری ڕەتیکردۆتەوە و گوتوویە: "پێغەمبەر لە خەیاڵات دایە". بە گوتەی عەباسی مامی محەمەد، ئەو هەڵسوکەوتەی

عومەر کارەساتی پێکهێنا. ئەگەر عومەر ڕێگەی دابا وەسیەتنامەکەی بنووسێت، مێژووی ناوخۆیی موسڵمانان زۆر کەمتر خوێناویی دەبوو.

شوێنکەوتوانی مامی محەمەد و عەلی ئامۆزای قەناعەتیان بەوە هەبوو کە پێغەمبەر دەیەوێت عەلی بکاتە جێنشینی خۆی و عومەریش بە ئاگاییەوە ڕێگری لەوە کردووە. ئەمە کێشەی ناوەندیی شیعەکانە، کە خۆیان لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بە فێڵ لێکراو دەبینن.

ماوەیەك دواتر محەمەد کۆچی دوایی کرد، ئایینێکی تەواونەکراوی بەجێهێشت کە بە ڕادەی هەورێکی باران هەڵگر، شەڕ هەڵگر بوو. لایەنگرانی لەسەر جێنشینییەکەی کەوتنە قۆناغێکی شەڕ و بەربەرەکانییەوە. هاشمییەکان دەیانویست عەلی ببێتە جێنشینی، هۆزەکانی مەدینەش بەو پێیەی زۆرترین بەشدارییان لە دامەزراندنی پرەنسیپی کۆمەڵگای پێغەمبەردا هەبووە، دەیانویست یەکێک لە خۆیان وەک خەلیفە هەڵبژێرن. بۆ کۆتایی پێهێنانی ئاژاوەگێڕییەکان، ئەبوبەکر و عومەر کە هەردووکیان خەزووری محەمەد بوون، خۆیان دەیانویست دەست بەسەر کۆمەڵگادا بگرن - هەردووکیشان مرۆڤی "ئۆلیگارش" واتە دەوڵەمەند و بەهێزی شاری مەککەیان لە پشت خۆیانەوە هەبوو. لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا هەردووکیان لەسەر ئەوەی ئەبوبەکر ببێتە جێنشینی محەمەد ڕێککەوتن کە دواتر عومەر خۆشی دەبێتە جێنشینی محەمەد.

ئەم ئۆپەراسیۆنە نەک هەر لەسەر جێنشینی محەمەد بەڵکوو لەسەر مێژووی ئیسلام بە گشتی کاریگەریی خۆی دانا. چونکە ئەمە تەنیا بە ململانێی بەردەوامی نێوان سوننە و شیعە تایبەتمەند نەبوو، بەڵکوو بووە هۆکاری سەرەکی بۆ شەڕی نێوان چەندین گرووپی ئیسلامی لەسەر بەفەرمیکردنی دەسەڵات و شیکردنەوە و لێکدانەوەی قورئان. لێرە بەولاوە نەک هەر خواپەرستەکان، بەڵکوو زلهێزەکانیش هەم ئاراستەی سیاسی و هەم ئاراستەی ئیلاهیاتی ئیسلام دیاریی دەکەن. لەمەودوا دڵسۆزیی خێڵەکیی بەسەر ئاییندا زاڵ دەبێت.

هەواڵی مردنی محەمەد و ململانێی دەسەڵات بۆ جێنشینەکەی دوای ماوەیەك گەیشتە ناو عەشیرەتەکانی عەرەبەوە. زۆرینەیان لە ترسی محمد یان لەسەر تامەزرۆیی قازانجوەرگرتنیان ئایینی ئیسلامیان وەرگرتبوو، بەڵام ئێستا ئیتر لە ئیمانداریی دەستیان هەڵگرت و دڵسۆزییان بۆ جێنشینی ئەبوبەکر ڕەتکردەوە. هەروەها ئەوەی بە تایبەتی بە ئازار بوو، خۆکشانەوەیان لە دانی باج بوو. ئەبوبەکر بە هەموو درندەییەوە بەرامبەر هۆزە لادەرەکان هەڵسوکەوتی کرد. پێش ئەوەی ئیسلام بە هێزی شمشێر بگوازرێتەوە بۆ جیهان، دەبوو لە ڕێگەی شەڕێکەوە لە دژی لادەرانی ناوخۆیی بەرگری بکرێت. لەو کاتەوە لادان بە خیانەتێکی بەرز دادەنرێت و بوونی ئومەت دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە بەپێی یاسای شەریعەت کەسێك لە ئایینی ئیسلام لابدا سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت.

دوای تەنیا دوو ساڵ دەسەڵات، ئەبوبەکر لە ساڵی ٦٣٤ کۆچی دوایی کرد، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ژەهراوی کراوە. عومەری جێنشینی ویستویەتی باشتر کۆمەڵگا بەڕێوەبەرێ - وەک محەمەدی زاوای - پشتی بە دوژمنێکی هاوبەش بەستەوە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە عەرەبەکان لێك گرێ بدا و لە ژێر چەتری ئیسلامدا یەکیان بخات. بەڵێنی محەمەدی وەبیر لایەنگرەکانی دەهێنایەوە کە عەرەب تاجی حکوومەتی ئێران و بیزانس بە میرات وەردەگرێ. پێدەچوو زەبری هێزەکە لە بەرەی ئەو بوو. عومەر سوودی لەو سوپا گەورەیە وەرگرت کە محەمەد لەدوای خۆی بەجێی هێشتبوو، هەروەها توانی هۆزە عەرەبەکانی سەر سنوور کە یارمەتی دوو زلهێزە گەورە ڕکابەرەکانیان دەکرد، بە بیرۆکەی ئیمپراتۆریەتێکی تایبەت بە نەتەوەی عەرەب ڕازی بکات و بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

دە ساڵ دواتر تا کۆچی دوایی عومەر لە ساڵی ٦٤٤ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکان گەلێك سەرکەوتوو بوو. سوپاکەی لە سەرەتادا توانیان ناوچەی ئێران و عێراق داگیر بکەن. لە شەڕی ئەفسانەیی یارموک "Yarmuk" لە ساڵی ٦٣٦ عەرەبەکان توانیان بیزانس بشکێنن و سوریا و فەلەستینیش داگیر بکەن. پاشان نۆرەی ناوچەکانی ئەرمینیا، میسر و باکووری ئەفریقا هات. دوای شەش ساڵ، ئیمپراتۆریەتی ساسانی جگە لە مێژووی هیچیتری لێ نەمابۆوە. بیزانس ناچار بوو زۆرێک لە خاکەکان بەجێهێڵێ و ڕادەستی عەرەبەکانی بکات.

کاتێک عومەر لە مانگی نوامبری ساڵی ٦٤٤ لە ئەنجامی برینێکی کە لەلایەن کۆیلە و سەربازێکی پێشووەوە بە چەقۆ لێدرابوو ڕەنجی دەکێشا، کۆچی دوایی کرد و ئەندامانی شورا کۆبوونەوەیان بۆ دۆزینەوەی جێنشینییەکەی وەڕێخست. عومەر خۆی ئەندامانی لیژنەکەی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی ناکۆکی نوێ لەسەر دەسەڵات ڕوونەدات. شوراکە، عوتمانی کوڕی عەفان " Uthmān ibn ʿAffān" کە بە عوسمان ناسراوە وەک خەلیفەی سێیەم هەڵبژارد.

## عەلی و دادگای ناوبژیوانی

سەرەتای دەوڵەتی ئومەوی زۆرجار پەیوەستە بە ساڵی ٦٦١ کە تێیدا موعاویەی یەکەم"Muaʾāwiya I" بوو بە خەلیفە. بێ گومان یەکێک بوو لە فەرمانڕەوا هەرە گرنگەکانی مێژووی عەرەب، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ئومەوی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفەی سێیەم واتە عوسمان.

عوسمان لە هۆزی بەناوبانگ و دەسترۆیشتووی ئومەوی بووە، هاوسەرگیری لەگەڵ دوو کچی محەمەد کردووە و هەر لەسەرەتاوە بۆ جێنشینی عومەر بە یەکێک لە گونجاوترین کاندیداکان دانراوە. دیارە عەلی ئامۆزای محەمەدیش لە عەشیرەتی هاشمی شانسی خۆی بۆ جێنشینی هەبوو. ئەوەی لەو کێبەرکێیەدا عەلی دیسان پشتگوێ خرا، بێ دەرئەنجام نامایەوە.

عوسمان هەر لە سەرەتاوە ئەندامانی بنەماڵە و خێڵەکەی لە پۆستە ناوەندییەکان دامەزراند و بە شێوەیەکی سیستماتیک دەسەڵاتی ئومەوی بەربڵاوتر کردەوە. سەرۆکی لە هۆزی ئومەوی بۆ دەوڵەمەندترین و گرنگترین پارێزگاکانی میسر و سوریا و عێراق هەڵبژارد. بەڵام ئەم لایەنگرییە تاکلایەنەیە بۆ خێڵی خۆی و گەندەڵیی زۆرێک لە پارێزگارەکان کە لەسەر حیسابی خەڵک خۆیان دەوڵەمەند دەکرد، بووە هۆی چەندین ڕاپەڕین لە

ناوچەکاندا. بەتایبەتی لە عێراق و میسر، سیاسەتی ئابووریی خزمایەتی خەلیفە بووە هۆی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز. لەساڵی ٦٥٦دا، بە دانانی پارێزگارێکی نوێ، سەبری خەڵکیی بە ئەوپەڕی لووتکەی خۆی گەیی. یاخیبووان هێرش دەکەنە سەر مەدینە و هەڵیانکوتایە سەر شوێنی نیشتەجێبوونی خەلیفە و بێ محاکمە و دەسبەجێ کوشتیان.

ئێستا ئیتر نۆرەی هۆزی هاشمییەکان هات: عەلی ئامۆزای محەمەد لەم کاتە پڕ لە گێژاوەدا لە ساڵی ٦٥٦ کرایە خەلیفە، بەڵام ئومەوییەکان ئامادە نەبوون شوێنی بکەون. پچڕانێک لەگەڵ پرەنسیپی بەیعە "Baiaʾa"، هەروەها لەگەڵ سوێندی دڵسۆزیی کە دەگەڕێتەوە بۆ بەڵێنی یەکەمین موسڵمانان بۆ بەیعەتدان بە محەمەد، پێکهات. ڕەتکردنەوەی دڵسۆزیی بۆ عەلی، یەکەمین هەڤاڵی پێغەمبەر، کارێکی گەلێك نەگونجاو بۆ موسوڵمانان بوو. بەڵام بۆ ئومەوییەکان ئەمە گەلێك لۆژیکی بوو: عەلییان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە نایەوێت تۆڵەی خوێنی عوسمان بکاتەوە. هیچکام لە یاخیبووانی بەرپرسیار بۆ مردنی عوسمان دادگایی نەکرابوون. هەروەها کوشتنی عوسمان و دانانی عەلی وەک خەلیفە لە جێی ئەو، سەرەتای دابەشبوونی ئومەتی ئیسلامی و کۆمەڵگای موسڵمانان بەسەر ئۆردوگای جیاوازی ئایینی و سیاسیدا بوو.

عەلی پێتەختی خەلافەتەکەی لە مەدینەوە گواستەوە بۆ کوفەی عێراق بۆ ئەوەی لە کارتێکەریی ئومەوییەکان دەرباز بێ.

بەڵام ئەوان لە دەرەوی مەدینەش دەسەڵاتیان هەبوو و لە هەموو شوێنێک ڕاپەڕینیان لە دژی خەلیفەی نوێ وەڕێکخست. تەنانەت عائیشە، هاوسەری گەنجی محەمەدیش، لەشکرێکی لەدژی عەلی هێنا مەیدانەوە. لە شوێنی بەناو "شەڕی وشترەکان" لە نزیک بەسرە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٦٥٦ خوێنی هەزاران مرۆڤی موسڵمان ڕژا. هەڤاڵانی نزیکی محەمەد کە پێغەمبەریان بە ڕێبەری درەوشاوە بۆ موسڵمانان دانابوو، دەستیان کرد بە کوشتنی یەکتر.

سەرەڕای ئەوەی لە شەڕ دژی لەشکری عائیشە سەرکەوتوو بوو، عەلی نەیدەتوانی ئەوەندە بە ئاسانی دەسەڵاتی خۆی لە دژی موعاویەی ئامۆزای عوسمان کە ئەوکات پارێزگاری سوریا بوو بەڕێوەبەرێ. پاشان ئەویش سوپایەکی کۆکردەوە و لە شەڕی سیفین "Siffīn" لەسەر چۆمی فورات سەربازانی ئەو دوو هێزانە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. دوای چەند شەڕێکی بچووک و گەورە، سەد ڕۆژ چاودێری یەکتریان کرد، دانوستانیان کرد و لە پەناشییەوە شەڕی بچووک بەڕێوەدەچوو، بەڵام هەردووکیان بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان لە هێرشێکی یەکلاکەرەوە دوور ڕاگرتبوو. تا مانگی تەمموزی ساڵی ٦٥٧ کە شەڕێکی گەورە لە نێوانیاندا ڕوویدا و وێدەچوو لە بەرژەوەندی عەلی پەرەی سەندبێت. پاشان موعاویە کۆمەڵێک شەڕکەری نارده ناو ئۆردوگای عەلی، لاپەڕەی قورئانیان بە نوکی نەیزەکانیانەوە هەڵواسیبوو بۆ ئەوەی نیشانی بدەن ئەوانیش موسڵمانن. داواکاریان ئەوە بوو بڕیارەکە بە کتێبی

پیرۆزی قورئان بسپێرن و تا ئەو کاتە شەڕەکە ڕابگیرێت. عەلی بەو پێشنیارە ڕازی بوو.

عەلی ئامۆزای پێغەمبەر، هاندەرێکی گەورەی ململانێی سەربازی نەبووە، بۆیە بەگشتی دەسەڵاتەکەی تاڕادەیەک ئارام دامەزراند. بەڵام ئەوە خاڵێکی لاواز لە شێوازی سەرکردایەتییەکەیدا بوو. محەمەد و سێ خەلیفەی دوای خۆی دەیانزانی چلۆن لە ڕێگەی هەڵمەتی سەربازی دژ بە دوژمن و نەیارانیان هەڵسوکەوت بکەن و سەرکوتیان بکەن. عەلی دەیتوانی شەڕی ناوخۆی نێو موسڵمانان بکاتە شەڕی سەرکەوتوویی خۆی، بەڵام ئەو کارەی نەکرد. ئەوەی کە جارێکیتر بەناوی ئایینەوە "برا" دژی "برا" شەڕی بەڕێوەدەبرد، بۆ ئیدیالیستێکی وەك عەلی قەبووڵ نەدەکرا - موعاویەی نەیارەکەی دەیزانی چلۆن سوود لەم لاوازییە و هەڵسوکەوتەی وەربگرێت.

کوڕی دوژمنی سەرسەختی پێشووی محەمەد واتە ئەبو سوفیان "Abū Sufyān" لە سەردەمی پێغەمبەردا ببووە سەرۆکی خێڵ و بازرگانی لە مەککە. دوای شەڕی بەدر لەساڵی ٦٢٤دا، بووبوو بە بەهێزترین پیاوی شارەکە و بە شێوەیەکی بەرفراوان دژی محەمەد شەڕی بەڕێوەبردبوو. تەنیا کاتێک شەڕکەرەکانی محەمەد سەرکەوتووانە گەمارۆی مەککەیان دا، دەستبەرداری خۆڕاگری خۆی بوو، خۆی بۆ ڕادەستکردنی ئاشتیانەی شارەکە ئامادە کرد و لە کۆتا ساتدا ملی بۆ موسڵمانبوون دانەواند.

وەک حاکمی دیمەشق بە باشی ئاشنایی لە بەڕێوەبردنی شەڕی مۆدێرن هەبوو و ئیدارەکردنی دەوڵەتیش لە ڕۆمییەکان فێر ببوو. هەروەها لە گواستنەوەی ناوەندی دەسەڵاتی عەلی بۆ عێراق بۆ زیاتر چەسپاندنی پێگەی ئومەوییەکان کەڵکی وەرگرتبوو. بە تاکتیکێکی زیرەکانە بۆ یەکلاییکردنەوەی دەسەڵات پرسی کێشەکەی خستە بەر دەست دادپەروەرانەوە. عەلی بۆ ئەوەی پێش بە خوێن ڕشتنی نوێ بگرێ، قەبووڵی کرد. ئەمەش ڕەخنەی لایەنگرانی لێکەوتەوە. وەك بەڵگە ئاماژەیان بە قورئان کردووە کە فەرمانی بەرەنگاربوونەوەی یاخیبووان دەدات. لەو سەردەمەدا باوەڕ ئەوە بوو کە دادگا بڕیارێکی مرۆیی لێدەکەوێتەوە، لە کاتێکدا سەرکەوتن لە شەڕدا بە بڕیارێکی خودایی دادەنرا. شوێنکەوتوانی عەلی بەسەر چەند ئۆردوگای جیاوازدا دابەشبوون. خەریجییەکانی "Charidschiten" ناوچەی دەوروبەری کوفە بە تایبەتی ڕەزامەندیی خۆیان بۆ ئەم ناوبژیوانییە بە کردەوەیەکی کوفر دانا.

دوو بەرەکە لە ساڵی ٦٥٨ دوو نوێنەریان بۆ دادگای ناوبژیوانی دەستنیشان کرد. پێشتر بە نهێنی ڕێککەوتبوون کە نە عەلی و نە موعاویە، بەڵکوو کەسێکی سێیەم، بە خەلیفە هەڵبژێردرێ بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆ بۆ هەمیشەیی کۆتایی پێبهێنرێت. نوێنەری عەلی سەرەتا دەستبەرداربوونی عەلی لە دەسەڵات ڕاگەیاند. بەڵام نوێنەری موعاویە پابەند بەو ڕێککەوتنە نەبوو، بەڵکوو لەبری ئەوە ئیدیعای خۆی بۆ خەلافەتی معاویە دووپاتکردەوە.

بۆ بەشێک لە شوێنکەوتوانی عەلی ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە عەلی خیانەتی لە ئومەت کردووە و دەسەڵاتی بە ئومەوییەکان فرۆشتووە. ئەمەش نەیاری نوێی لە ڕیزەکانی خۆیەوە بۆ دروست کرد، کە دواتر چەندین جار ڕاپەڕینیان پێکهێنا و لە ئەنجامدا ژمارەیکی زۆری مرۆڤ کوژران. عەلی خۆی کە بە پێی کات پێگەکەی بەرز دەبۆوە، لە ساڵی ٦٦١ لە مزگەوتی کوفە بە دەستی خەریجییەک کووژرا. بۆ موسوڵمانان ئەمە کۆتایی قۆناغی "خەلیفە ڕێنمایی کراوەکان" بوو، کە بووە هۆکاری سەرەکی بۆ دابەشبوونیان بەسەر شیعە و سوننەدا.

چارەنووسی چوار خەلیفەی یەکەم بووە نەریتێکی خەمناک لە گواستنەوەی دەسەڵات لە جیهانی ئیسلامیدا. لێرەوە ئیتر شتێکی نامۆ نەبوو خەلیفەیەک لە پێناو بەدەستهێنان یان دەستەبەرکردنی دەسەڵاتدا برا، مام، ئامۆزا، کوڕ یان تەنانەت باوکی خۆی بکوژرێت. لە یادەوەری بەکۆمەڵی ئیسلامیدا، سەرەڕای ئەوەش خەلافەت وەک فۆڕمی دادپەروەرانەی حکومەت ڕۆمانتیزە کرا. هەروەها بەتەواوی قۆناغی یەکەمی چوار خەلیفەی ڕێنماییکەر بە شێوەیەکی زێدەڕۆیانەوە شکۆمەند کرا، هەرچەندە لانیکەم سێ کەسیان بەهۆی شێوازی نارەوای حوکمڕانییەوە کوژراون. کوشتنی عەلی سەرەتای دابەشبوونی موسڵمانان بەسەر دوو بەرەی شیعە و سوننە دابوو، کە تا ئەمڕۆش لەسەر ململانێی دەسەڵات کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم، لە شەڕ لەگەڵ یەکتر بەردەوامن.

له دادپەروەریدا بنەمایەک هەیە: هەر شتێک لەسەر نادادپەروەری بونیات نرابێ هیچ ڕەوایەتییەکی نییە. هەروەها له زانستی بیناسازییەوە دەزانین: هەر کەسێک لەسەر بناغەیەکی خواروخێچ بینا ساز بکات، لەگەڵ هەر نهۆمێکی نوێ که لەسەرەوە دروست دەکرێت، بیناکه و دانیشتووانەکەی زیاتر دەخاته مەترسییەوە. سیستەمی سیاسی ئاییني ئیسلام لەسەر بناغەیەکی نادادپەروەری و توندوتیژیی بنیات نراوە. بناغەیەکی مەترسیدار و خوار و خێچ که سەرەڕای سەرکەوتنی خێرا و گەورەی سەرەتاکانی سەردەمی خۆی، بەو مانایه دەبێ که هەموو ئەو شتانەی دیکەی لەسەری دروستکرابوون، ناجێگیر و ناسەقمگیرن. شەڕی ناوخۆ و ململانێکان که لەو کاتەوە دەستیان پێکرد، تا ئەمڕۆش جیهانی ئیسلامیان نیگەران کردووە. له یەکەمین شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا زیاتر له دوو ملیۆن مرۆڤ له هەردوولا کوژران ، شەڕی ناوخۆی سوریا به سەدان هەزار کوژراو و ملیۆنان پەنابەری لێکەوتەوە، شەڕی ناوخۆی یەمەن، مردنی بێشوماری منداڵی بەدوای خۆیدا هینا، ڕکابەریی نێوان ئێران و سعودی بۆ دەیان ساڵ ناسەقامگیری بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کرد- هەموو ئەم ململانێیانه ڕەگ و ڕیشەیان له ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر له دابەشبوونی ناوخۆیی ئیسلامیدا هەیە.

## بەشی چوار

### لە کوفەوە بۆ دەمیشق: دەسەڵاتداریی ئومەوییەکان

دیارە لە سەرەتاوە هەوڵێ دژایەتیکردن بۆ نەیارانی عەلی بە ئاسانی بەڕێوەنەچوو. لە کاتی دادگای ناوبژیوانیدا، نوێنەرەکەی ئیدیعای خۆی بۆ دەسەڵات دووپات کردبووەوە، بەڵام تەنیا دوای مردنی عەلی توانی جێبەجێی بکات - ئەویش نەك بەبێ بەرەنگاربوونەوە. لە عێراق حەسەنی کوڕی عەلی بە خەلیفە دانرابوو، بەڵام ئومەویەکان دەیانویست موعاویە لە دەسەڵاتدا ببینن. ژمارێکی زۆر سەربازیان ڕەوانەی عێراق کرد و داوای دانپێدانانی مافی تەختی خەلیفەیان کرد. دوای دانوستاندنێکی توند و پێدانی پارەیەکی زۆر و بەڵێنی ئەوەی کە نەوەکانی حەسەن لە داهاتوودا مافیان لە جێنشینی تەختی پاشایەتیدا دەبێت، توانیان حەسەن ڕازی بکەن دەستبەرداری خەلافەت بێت. بەڵام دواتر موعاویە ئەم پەیمانەی شکاند و یەزیدی کوڕی وەک جێنشینی خۆی دیاری کرد.

بەم کارە سیستەمێکی نوێی حوکمڕانی هێنایە ئاراوە کە لەسەر بنەمای ئیمپراتۆریەتی بیزانس و ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان دامەزرابوو. پرەنسیپی بەیعە"Baia’a"، کە بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە

ڕێز لە تەقوا و نزیکیی لە پێغەمبەر و خزمەتکردن بە ئیسلام دەگیرا، ئیتر ڕابردوو بوو و جیا لە مێژوو شتێکیتر لێ نەماوە. موعاویە سیستەمی خانەدانی گۆڕی و خۆی لە ڕیزی ئیمپراتۆرێکی بیزانس دانا و تاجی پاشایی لەسەر کرد. لەمەودوا ئەنجوومەنی "دانا" تێکچوو، تەنیا یاسای خوێن و یاسای بەهێزترینەکان دیاری دەکرد کێ پێشەنگی موسڵمانانە. ئەم هەڵوێستە لە لایەکەوە پاشگەزبوونەوە بوو بۆ عەشیرەتگەرایی پێش ئیسلام، بەڵام لە لایەکیترەوە حوکمڕانی موعاویە ئیسلامی بەرەو گەشانەوەی نوێ هان دا.

بێگومان ناوزەدکردنی خۆی وەک خەلیفە ڕاپەڕین و شۆڕشی لێ کەوتەوە، بەڵام پەنای بۆ شێوازە کۆنەکان برد بۆ ئەوەی دژبەرەکانی لێك بڵاو بکاتەوە و نەهێڵێ یەکیەتییان تێدا پێکبێ. تەنانەت ئەو سەردەمەی پارێزگاری سوریاش بوو سوپاکەی گەلێك مۆدێرن کردبوو و یەکەم بەلەمی عەڕەبی دروستکرد، کە لە شەڕی فۆنیکس"Phönix" لە دەریای ناوەڕاست لە ساڵی ٦٥٥دا بەلەمەکانی بیزانسی تێکشکاند. ئێستا ئیتر خاکی ئیسلامیی بەربڵاوتر کردبوو، مەغریبی داگیرکرد و غەنیمەتەکانی شەڕی بۆ نوێکردنەوەی سیستەمی حوکمڕانی و ئیدارەیی خۆی بەکارهێنا. سیستەمی ئاودێریی مۆدێرن کرد و باجی نوێی هێنایە ئاراوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا، بەهۆی دانی باجی زۆری ناوچە داگیرکراوەکانەوە خەزێنەی دەوڵەت بە باشی پڕ کرا.

بەڵام گەورەبوونەوەی خێرای ئیمپراتۆریەتەکە کێشەی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا. چلۆن خەلیفە بتوانێ هەموو ئەو ناوچانە لەگەڵ نەتەوە جیاوازەکانیدا پێکەوە بحاوێنێتەوە؟ ئایا ئایین دەیتوانی ئەو کارە بکات؟ لە ڕاستیدا حاکمی ئومەوی کەمتر ئەرکی خۆی وەک ڕاگەیاندنی ئایینی ئیسلام دەبینی، بەڵکوو زیاتر وەک پاشایەکی عەرەبی دەبینی کە بەدوای ئامانجی ئیمپریالیستیدا دەگەڕا و بە پلەی یەکەم خزمەتی بەهێزکردنی پێگەی دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆی دەکرد. دیارە ئایینی ئیسلامی وەك ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بەدەستەوە گرتبوو، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئایینەکە وەك خەمی سەرەکی لا گرنگ نەبوو.

وەک وەبیرهێنانەوە، هۆزی بەهێزی ئومەوی لە مێژ بوو یەکێک لە توندوتیژترین دوژمنەکانی محەمەد بوون. تەنیا کاتێک محەمەد توانی سوپایەکی بەهێز لە مەدینە پێکبهێنێت و زۆربەی هۆزەکانی ناوەڕاست و باشووری عەرەبستان بخاتە ژێر سەرکردایەتی خۆیەوە، ئومەویەکانیش ئیسلامیان قبوڵ کرد و لە بەرەی محەمەد شەڕیان کرد. کەواتە ئەوانیش وەک زۆرێک لەو گەلانەی لە ڕەوتی گەورەبوونەوەی ئیسلام ژێردەستە کران، بەزۆر ئایینی ئیسلامیان پێ قەبوڵاندن.

دواتر موعاویە لە بەرامبەر ئیمپراتۆریەتێکدا وەستابوو کە بەردەوام گەورەتر دەبۆوە، لایەنە ئەرێنییەکانی ئایینی ناسی و بۆ قایمکردنی دەسەڵاتەکەی کەڵکی لێوەرگرتن. ئایینی ئیسلام لە سەردەمی ئەو و جێنشینەکانی لە ئایینێکەوە کە لانی کەم لە

بەشێك لە قاوکردنەکەیدا بانگەشەی یەکسانی و دادپەروەری دەکرد، بۆ ئایینێک کە لە بەرژەوەندی نەتەوەی عەڕەبدا بوو و لەسەر حیسابی گەلانی دیکە سەروەت و سامانی زیاتر و دەسەڵاتی زیاتری بە خۆی دەبەخشی، نزم بۆوە. ئومەوییەکان مرۆڤی بە بیر و ڕێبازی جیاواز لە خۆیان، ڕاودەکرد، چەشن ئیسلامێکی ئەوتۆیان دروست کرد کە شیاوی دەسەڵاتەکەیان بوو و هەر چەشن نادادپەروەرییەکیان بە ناوی خەلافەتەوە بە فەرمی دەکرد و ڕێگەیان بۆ خۆش دەکرد.

قەیسەر کۆنستنتینیش بە هەمان شێوە هەڵسوکەوتی دەکرد. کاتێک ئایینی مەسیحی خۆی وەک ئایینێکی سەربەخۆ لەناو کۆمەڵدا گەشە پێدا، لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمەوە بە توندی دژایەتی کرا و شوێنکەوتووانی گۆشەگیر کران، سوکایەتیان پێکرا و ڕاوەنران. بەڵام دوای ئەوەی پەیامی مەسیحیی توانی سەرەڕای گۆشەگیری بۆ هەموو گۆشەکانی ئیمپراتۆریەتەکە خۆی بڵاوبکاتەوە، کۆنستنتین تێگەیشت کە لەم ئاینە دەتوانێ وەک ئامرازێکی دەسەڵات کەڵک وەرگرێ. قەیسەر بوو بە مەسیحی و وەشانێکی ئایینی مەسیحی دروست کرد کە شیاو بێت بۆ دەسەڵاتەکەی، هەرچەندە دامەزرێنەری ئەو ئایینە گوتبووی: "مەڵبەندی حوکمڕانی من لەم جیهانە نییە." ئومەوییەکان شمشێری ئیسلامیان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێک کە لە چینەوە تا ئیسپانیای داگیر کردبوو.

پێش ئیسلام، ئومەویەکان کاروباری زیارەتیان لە مەککە بۆ ڕکابەرەکانیان واتە هاشمییەکان بەجێهێشتبوو و خۆیان بە کاری بازرگانی لەگەڵ بیزانس خەریك کردبوو. محەمەد دەیزانی ئەگەر ئەو پەیوەندییە بازرگانییانە تێکبدات، ئازار بۆ نەیارەکانی لە مەککە دروست دەکات. هەر بۆیە چەندین جار هێرشی کردە سەر کاروانەکان و هاوکاتیش یەکەم شەڕەکانی ئیسلامی خوڵقاند. لە شەڕەکانیتری نێوان محەمەد و مەککەییەکانیشدا هەمیشە ئومەوییەکان لە پێشەنگی سەفی شەڕدا بوون. هاوپەیمانییەکی عەرەبییان لە دژی محەمەد دروست کرد، کە تەنیا لە ماوەی چەند ساڵێکدا بوو بە بەهێزترین ڕکابەر. بەڵام هاوپەیمانی محەمەد بەهێزتر بوو. نەک لەبەر ئەوەی لە ڕووی ژمارەوە زیاتر بووبن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بیرۆکەکەی بەهێزتر بوو.

بەڵام کاتێک محمد مەککەی بە زۆرەملیی داگیر کرد، ئومەوییەکانی نەسڕییەوە، هەرچەندە دەیتوانی ئەو کارە بکات. ئەو ئەوانی هێنایە ناو ریزەکانی خۆیەوە، چونکە دەیویست کەڵك لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بیزانس، ئەزموونی بازرگانی و شەڕکردنیان وەرگرێ. محەمەد پۆستی فەرماندەی سوپای دا بە ئەبو سوفیان دوژمنە سەرسەختەکەی، هەرچەندە لە بنەڕەتدا زۆر تەمەنی پیر بۆ و دەشیزانی لەڕووی قەناعەتەوە ئیسلامی قبوڵ نەکردووە. پێگەی بەناوبانگی ئەبو سوفیان تاکە ئامانجی محەمەد بوو کە خزمەتی بە ڕاکێشانی ئومەوییەکان بۆ ناو سوپاکەی دەکرد. وەک چۆن محەمەد بۆ ئەوەی بەشێک لە عەرەبستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەکاری هێنابوون، ئێستاش بۆ پەیامەکەی

وەک هێزێکی سیاسی بۆ وەدیهێنانی ئیمپراتۆریەتە گەورەکەی کەڵکی لیوەرگرتن.

## یۆحەنای دیمەشق

موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لە سەرچاوە سوننەکاندا بە سەرکردەیەکی موسڵمان وەسف دەکرێت کە بۆ بەرژەوەندیی ئایینی ئیسلام خەباتی کردووە. لە بەرامبەردا سەرچاوە شیعەکان وەک ساختەکارێکی خوێنڕێژ سەیری دەکەن کە تەنیا لە ڕێگەی فیتنەوە دژی جێنشینی شەرعی پێغەمبەر هاتۆتە سەر دەسەڵات. تەنانەت هەندێک گومانیان لە موسڵمانبوونی هەیە. سکە و نووسراوەکانی سەردەمی ئەو هێمای مەسیحییان لەسەرە، کە جێنشینەکانیشی پێیەوە پابەند بوون. خاچێک لە تەنیشت ناوەکەیەوە لەسەر دیوارێک لە تەعیف"Ta'if" هەڵکەندراوە. هەروەها تاج لەسەر دانانیشی پرسیار دەوروژێنێت، چونکە لە مەککە و مەدینە و لە دیمەشقی پێتەختی ئیمپراتۆریەتەکەی تاجی لەسەر سەری دانەنا - بەڵکوو لە قودس، هەر لەو شوێنەی کە عیسا لە خاچدراوە. هەروەها لە مزگەوتدا نوێژی نەکردووە، بەڵکوو لە کلیسای سانت مەریەم نوێژی کردووە. هاوکات نووسراوەی تریش هەن کە بە ئەمیر الممینین سەرکردەی ئیمانداران ناوی دەبەن، نازناوێك کە تەنیا بە خەلیفە موسڵمانەکان دراوە.

مەسیحی یان موسڵمان؟ ئەم پرسیارە بە دڵنیاییەوە وەڵامی نادرێتەوە. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئەو مەسیحییەک بووبێت کە باوەڕێکی جیاوازی لە بیزانس هەبووبێت؛ تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە بۆ ئەوەی لە سوریا و میسر و عێراق پێش بە ڕاپەڕین بگرێ، بە فیتنەوە خۆی لە ئایینی مەسیحی نزیك کردبێتەوە. چونکە زۆرینەی ڕەعیەتەکانی ئیمپراتۆریەتی نوێی عەرەبی لەم قۆناغەدا مەسیحی بوون. ڕەنگە نە موسڵمانێکی دڵسۆز بووبێت و نە مەسیحییەکی دڵسۆز، بەڵکوو وەک باوکی، هەلپەرست و تەنیا ستراتیژی دەسەڵاتی لەسەردا بووبێ.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە سەردەمی چوار خەلیفەی یەکەمی ئومەویدا لێبوردەییەکی زۆری بەرامبەر بە مەسیحییەکان هەبووە. جیاکاری لەسەر بنەمای ئایینی نەبووە، بەڵکوو لەسەر بنەمای نەتەوەیی بووە. مرۆڤی ناو کۆمەڵ بەسەر عەرەب و مەوالی، واتە غەیرە عەرەب دابەش کراون. لە سەردەمی موعاویە، مەسیحییەک بە ناوی سەرجونی کوڕی مەنسوور "Sarjun ibn Manṣūr" خەزێنەداری خەلیفە بووە. یەحیا "Yaḥyā" کوڕەکەی کە لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان بە "یۆحەنای دیمەشق" ناسراوە، لە کۆشکی خەلیفە ڕاهێنراوە. یۆحەنا کە دەبێتە زانایەکی بەناوبانگی ئیلاهیات و باوکی کلیسا، هاوڕێی یاریکردنی سەردەمی منداڵیی یەزید بووە کە دواتر دەبێتە خەلیفەی داهاتوو. لە سەردەمی دەسەڵاتیدا پۆستی ئەنجومەنی سەرەکی دیمەشقی پرۆتۆسیمبۆلۆس "Protosymboulos"ی بەدەستەوە بووە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە یۆهانس هەڵوێستێکی زۆر ڕەخنەگرانەی بەرامبەر ئیسلام هەبووە و ئەمەی بە ئاشکرا لەخۆی نیشانداوە. محەمەدی بە پێغەمبەری درۆزن ناوبردوە و فێرکارییەکانی وەک بیدعەیەکی مەسیحی سەیر کردووە. ڕەخنەکانی ئەو یەکەم ڕەخنە لەسەر بنەمای تیۆلۆژی و فەلسەفی بووە لە مێژووی ئیسلامدا. ڕوانگەی دەرەوەی مەسیحییەکانی وەک یۆحەنای دیمەشق لە سەرهەڵدانی ئیلاهیاتی ئیسلامی وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە ڕەخنەی سەرەتایی لە ئیسلام کارتێکەریی بووە. ئەوەی کە یۆحەنا تەنانەت بەهۆی ئەو جۆرە ڕەخنانەوە پێگەی خۆی لەدەست نەداوە، پرسیار لەسەر گرنگی نەدان بە ئایینی ئیسلام لە لایەن یەکەم فەرمانڕەوا ئومەوییەکانەوە دەوروژێنێت. چونکە چلۆن دەیانتوانی بەناوی ئایینێکەوە حوکمڕانی بکەن کە بەرپرسی باڵایان بە بیدعەی مەسیحی ناوی بردووە؟ تەنانەت چلۆن دەیانتوانی خۆیان بە "جێنشینی پێغەمبەر" ناوببەن لە کاتێکدا یۆحەنای دیمەشقی بەبێ سزادان ڕێگەی پێدرابوو بە پێغەمبەری درۆزن ناوی بهێنێت؟

چوار ساڵ پێش مردنی، موعاویە یەزیدی کوڕی وەک جێنشینی دیاریکراو، ناساندبوو. تەنانەت لە ناو ڕیزەکانی خۆیدا، یەزید وەک کەسێکی لە ڕادەبەدەر نەگونجاو بۆ ئەو ئەرکە سەیر دەکرا؛ حەزی لە مەی و قومار بوو بە گەندەڵ و کەسایەتییەکی لاواز دادەنرا. ئەمەش لەلایەن یەکەمین مێژوونووسە موسڵمانەکەی

التباريەوە "at-Tabarī"باسکراوە، کە باس لەوە دەکات یەزید نوێژیشی بەڕێوە نەبردووە.[٣٧]

کاتێک لە ڕاستیدا یەزید ساڵی ٦٨٠ شوێنی باوکی گرتەوە، داوای سوێندخواردنی بەیعەتی لە هەموو پارێزگاکان کرد. هەرکەسێک ڕەتی کردبایەوە سەری دەبڕدرا. ئەوەش هەڕەشەیەکی بەتاڵ نەبوو. حسێن، کوڕی عەلی، سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکی کرد کە لە ڕوانگەی خۆیانەوە یەزیدیان بە خەلیفەی ناشەرعی دەبینی. لە مێژووی ئیسلامیدا شەڕی کەربەلا لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٦٨٠ نوێنەرایەتی شەڕی نێوان چاکە و خراپە دەکات. ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخانە چونکە سەرەتای شەڕێکی نوێی ناوخۆی نێوان شیعە و سوننە بوو کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. حوسێن و شوێنکەوتووانی بە شێوەیەکی توندوتیژ سەرکوت کران و لەناوچوون. دەوترێت لە دەستێکیدا شمشێر و بە دەستەکەیترەوە قورئان بەڵێنی پاراستنی شەڕەکەی داوە، بەڵام بێهودە، چونکە سەرە بڕاوەکەیان بۆ یەزید ناردۆتەوە.

بۆ شیعەکان کەربەلا ڕووداوێکی سەرەکییە کە دواتر لە ئایدۆلۆژیاکەیاندا زیاتر پەرەیان پێداوە. مردن بە ناوی ئایین لە شەڕی دژ بە نەیارێکی سەرسەخت تا ئەمڕۆش توخمێکی ناوەندی جیهادیستە شیعەکانە و لە سەدەی بیستەمدا لە ڕووی

[٣٧] At-Tabarī: Tarikh ٣, S. ٦٠

سیاسیشەوە بەهرەی لێوەرگیرا، بۆ نموونە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ئێران و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی.

حوکمڕانی یەزید بە توندوتیژی و هەڵسوکەوتێکی ئەوتۆوە تایبەتمەند بوو، کە بە پێی کات زیاتر نائارامی و دوژمنایەتی لە نێو موسوڵماناندا دروست کرد. دەنگۆی ژیانی گرانبەهای ئەو گومانی لەسەر ئیمانداربوونی دروست کردووە. شاری مەدینە یەکەم شوێن بوو بۆ بوێری ڕاپەڕین و جیابوونەوە لە یەزید؛ کەمێک دواتر لە شاری مەککەش بە گشتی ڕاپەڕینێکی گەورە لە دژی ئومەوییەکان دەستپێکرد. عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر "Abdullāh ibn az-Zubair" (٦٢٤-٦٩٢)، کوڕەزای عائیشە و نەوەی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکر، لە دژی یەزید ڕاپەڕین، سەربازەکانی یەزید شارەکەیان گەمارۆ دا و کەعبە بەهۆی ئاگرتێبەردان، زیانێکی زۆری بەرکەوت.

کاتێک یەزید مانگی نوامبری ساڵی ٦٨٣ لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کۆچی دوایی کرد - دەنگۆکان لە نەخۆشیی سییەکانیەوە تا دەگاتە کەوتنە خوارەوە لەسەر ئەسپێک لەکاتی سەرخۆشیدا، بڵاو بوونەوە – پاشان عەبدوڵلا خۆی دژ بە خەلیفە وەك نوێنەری موسوڵمانان ڕاگەیاند.[٣٨] قۆناغی دژە خەلافەتی مەککە تا ساڵی ٦٩٢ بەردەوام بوو و وەک فیتنەی دووەم کە سەردەمی جیاکاریی ئایینی بوو، هاتە ناو

---

[٣٨] l-Ish, Youssuf: ad-dawla al-umawiyya wal-ahdāth allati sabaqatha wamahadat laha, S. ٢٣٤-٢٣٦

مێژووی ئیسلامەوە. تەنیا خەلیفەی پێنجەمی ئومەوی عبدالملیک کوڕی مروان لە کۆتاییدا توانی کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە بێنێ. عەبدوڵڵا لە مەککە لەبەر چاوی خەڵکی لە خاچ درا.

## ئەفسانەی قودس

عبد الملیک کوڕی مروان کە تا ساڵی ٧٠٥ حوکمڕانی کرد، ئەو وێنەیەی ئیسلامی لە قاڵب دا کە ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین. چونکە تەنیا لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بوو کە ڕەنگدانەوەی ڕوون لەسەر ئیسلام و بەم پێیەش سیاسەتێکی دژە ئاینی مەسیحی لە ئیمپراتۆریەتی عەڕەبیدا پەیڕەو کرد. مەسیحییەکان لە نێویاندا یۆحەنای دیمەشق لە پۆستە باڵاکان دوورخرانەوە و زمانی عەڕەبی بوو بە زمانی فەرمی، ئەمەش وایکرد زۆرێک لە ئێرانییەکان و غەیرە عەڕەبەکان کارەکانیان لە دەست بدەن.

دوای ڕاپەڕینەکەی مەککە، خەلیفەی نوێ گرنگی زیندووکردنەوەی پەرستگای محەمەدی لە کۆمەڵگادا ناساند، دراوی نوێ لەچاپ دا کە لەسەر لێوارەکەی نووسرابوو "محمد پێغەمبەری خودایە" و ئایەتی یەکەمی سورەتی ١١٢ لە دیوەکیتریدا نووسرابوو: "بڵێ: ئەو خوایە یەک و تاکە". قوبە بەردەکەی لە قودس وەک دژە خاڵێک بۆ کەعبە لە مەککە دروست کرد و فەرمانی هەڵقەندنی ئەو نووسراوانەی لەسەر دیوارەکانی دا کە قورئان و پێغەمبەریان شکۆمەند دەکرد، هەروەها ئەو گوتانەی هەڵوێستی ئیسلامی بەرامبەر عیساییەکانی ڕوون دەکردەوە. ئامانجی ئەم نووسراوە بەردینانە بەرزکردنەوەی

کەسایەتی محەمەد و عیسا بوو لەسەر ئاستی مێژوویی پیرۆزی ڕزگاربوون. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو عیسا بۆ بەندەیەکی مرۆڤی خودا دابەزێنرێت، لە کاتێکدا محەمەد کە وەک پێغەمبەری خودا لە قورئاندا ناساندراوە، ڕەهەندێکی تایبەتی بۆ دانرێ. ناونانی عیسا بە "بەندەی خودا و پێغەمبەرەکەی" و ئایەتی ١٩ لە سورەتی ٣، سەرەتای سەردەمێکی نوێیە: "لە لای خودا دین ئیسلامە و ئەوانەی ئەهلی کتێبن لەو ڕاستەقینە دازانن؛ بەڵام هەر لەبەر ئێرەیی – کە لەناو خۆیاندا هەیە – پێك نەهاتوون. هەرکەسێکیش – بە هەر جۆرێ – لە نیشانەکانی خودا حاشا بکا، با تێ بگەن کە خودا لە لێ پرسینەوە زۆر بەلەزە و پێڕادەگا" (سوورەی ٣، ئایەی ١٩). شەست ساڵ دوای کۆچی دوایی محەمەد، بۆ یەکەمجار بە بەڵگەی نووسراو، ئاماژە بە ناوی محەمەد و وشەی "ئیسلام" دەکرێت. پەرجۆ یاخود نهێنیەک کە مێژوونووسان تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن.

بەڵام بۆچی زیادە لە هەموو شوێنێك قودس؟ ئەمەش پەیوەندی بە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە "Abdullāh ibn az-Zubair" هەیە. ڕاپەڕینەکەی لە دژی یەزید بەرپرس بوو بۆ لەدایکبوونی ئەفسانەی قودس وەک شوێنێکی پیرۆزی موسڵمانان. لە ماوەی دژە خەلافەتەکەیدا لە مەککە، ئیبن ئەززوبەیر"Ibn az-Zubair" لە کاتی زیارەتدا پێشوازیی لە چەندین بازرگانی سەرکەوتوو و شازادە کردووە، و ویستویەتی بە یاخیبوون لە دژی ئومەوییەکان - هەروەها بە مەبەستی گەورەکردنەوەی ناوچەی خەلافەتەکەی بۆ بەشێک لە عێراق، قەناعەتیان پێ بێنێ. دیارە کاتەکە بە گونجاو هاتۆتە بەرچاو، چونکە

عەبدولمەلیک لە ساڵانی یەکەمی دەسەڵاتیدا دەبوو لەگەڵ تاقمێك قەیرانی جۆراوجۆر ڕووبەڕوبێتەوە. دوو قۆناغی پەتای وێرانکەری تاعون سەریان هەڵدابوو، برسێتی و هێرش لە بیزانسەوە بۆ سەر سوریا دەسیپێکردبوو، هەروەها چەند ڕاپەڕین لە پارێزگا جیاوازەکان بە تایبەت لە عێراقدا ڕوویدابوو.

عبد الملیک بە مەبەستی لاوازکردنی دژبەرانی خەلیفە سەرەتا ویستی پێگەی مەککە وەک شوێنی زیارەت لاواز بکات، هەر بۆیە فەرمانی دروستکردنی قوبە بەردەکەی لە قودس دا. پاشان پەیمانی ئاشتی لەگەڵ بیزانس یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی بتوانێ هێزەکانی لەسەر مەککە و عێراق چڕ بکاتەوە. ئەو ساڵەی قوبەکە تەواو بوو، خەلیفە سوپایەکی نارد بۆ مەککە، کەعبەی دوبارە ئاوەدانکراوەی لەناوبرد و نەیارەکانی لەسێدارەدرا.

عەبدولمالیک بۆ ئەوەی حاجیان بۆ شوێنە نوێیەکەی ڕابکێشێت، وای لە زانایانی ئیلاهیات و فەرموودە کۆکەرەکان کرد، ئەفسانەیەک دەربارەی قودس زیندوو بکەنەوە، بەو پێیە سەنتەری گەشتەکەی شەوی محەمەد بۆ قودس و بەرزبوونەوەی بۆ بەهەشت پێکەوە گرێبدا. لێدوانێکی گوماناویی محەمەد کە دەڵێت قودس شوێنێکی پیرۆزە، بۆ یەکەمجار لە سەردەمی عەبدولمەلیکدا دەردەکەوێت. لەم چوارچێوەیەدا جێگای سەرسوڕمانە بۆچی خەلیفە ئەو ئایەتەی لە قورئاندا باس لە سەفەری شەوانەی محەمەد بۆ قودس دەکات لەسەر دیواری قوبە بەردەکە نەگونجاندووە. ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئایەتی یەکەمی

سورەتی ١٧ ڕاستەوخۆ بە ناوی قودس نەهاتووە: "پاکی و بێ عەیبی بۆ کەسێ لە شەوێکدا شەوڕۆیی بە عەبدی خۆی کرد؛ لە "مسجدالحرام"ەوە تا "مسجدالاقصی" (مزگەوتەکەی ئەولاتر)؛ ئەو مزگەوتەی ئێمە پیت و پیرۆزیمان داوە بە دەوروبەرەکەی؛ بەو نیازەی کە هێندێك بەڵگەی خۆمانی پیشان بدەین. هەر خۆی بیسەر و بینایە."(سوورەی ١٧ ئایەی ١).

مەککە و مەدینە دەبوو وەک گرنگترین مەزارگەی ئیسلام بمێنێتەوە، بەڵام قودس لەو کاتەوە پێگەیەکی تایبەتی پێدرا، چونکە ناوەند و ناوچەی شەڕی هەموو ئایینە ئیبراهیمییەکان واتە یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام بوو. هەرکام لەو ئایینانە دەسەڵاتیان بەسەر قودسدا بایە، دەسەڵاتی لێکدانەوەی یەکتاپەرستیان هەبوو. لە دوای عەبدولمالیکەوە شەڕی داگیرکاریی قودس، ناوەندی پەیوەندیی نێوان جیهانی ئیسلامی و ڕۆژئاوی پێکهێناوە. دواتر خاچپەرستان لە گرتنەوەی قودس بۆ ماوەیەکی کورت بۆ ژێر دەسەڵاتی مەسیحییەکان سەرکەوتوو بوون؛ بەڵام داگیرکردنەوەی دوبارەی لە لایەن سەلاحەدینی ئەیوبی لە سەدەی دوازدەهەمدا بووە هۆی گەڕانەوەی ئەفسانەی شەڕی پیرۆز بۆ شاری پیرۆز.

## ئەرکی محەمەد و بەشداریی عبد الملک

عبد الملیک یەکەم دراوی عەرەبی ناساند و ئیمپراتۆری بیزانس یوستینیان سێیەمی"Kaiser Justinian III" ناچار کرد بەم دراوە باج بە ئومەوییەکان بدات. سیستەمێکی پۆستی مۆدێرنی دروستکرد بۆ ئەوەی ئاگاداری پێشهاتەکانی پارێزگا دوورەکان بێت، ئیدارەی دارشتنەوەی دووبارە و پۆستە هەستیارەکانی بە برا و کورەکانی پرکردەوە. لە سەردەمی ئەودا نەک هەر چەندین خاکی نوێ داگیرکران، بەڵکوو راپۆرتی شەرەکانی پێغەمبەریش پوختە کرانەوە، کە کورەزایەکی عایشەی هاوسەری محەمەد لەژێر نازناوی مەغازیدا "maghazi" نووسیبووی. ئەم گێراوە یاخود چیرۆکانە سەبارەت بە رۆحی شەرانگێزی محەمەد و سەربازەکانی لە سەردەمی داگیرکاریی ئیسلامیدا وەک ئامرازێکی پروپاگەندەی گرنگ کارتێکەریی خۆی لەناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا داناوە.

بەو پێیەی عەبدولمەلیک دەبوو چەندین جار دژ بە راپەرینەکان خەبات بکات، هەمیشە بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتەکەی بەدوای یاسا و شەرعیەتی نوێدا دەگەرا. هەروەها ژمارێکی زۆر گوتەی حەدیس بۆ یەکەمجار لە سەردەمی ئەودا دەرکەوتن کە یاخیبوون و شۆرش دژ بە حاکمیان قەدەغە دەکرد، تەنانەت ئەگەر وەڵامی حاکم نارەوا و بێ ئەخلاقیش بوایە. گوتەی

حردیسیتریش خوڵقێندران کە بە ئاشکرا ستایشی ئومەوییەکان و پشتیوانیان لە پێغەمبەر دەکرد. خوڵقاندنی بنەمایەک کە ڕەوتی گەورەکردنەوەی ناوچەی حوکمڕانی و بەردەوامیی حکوومەتی کوڕەکانی گارانتی دەکرد.

خەلیفە ئیمپراتۆریەتێکی سەقامگیر و دەوڵەمەندی بۆ کوڕەکانی بەجێهێشت کە لەشکرێکی بەهێز، ئیدارەیەکی تەندروست و یاسا و ڕێسای گونجاوی ئیلاهیاتی ئیسلامی بە دوورین دا کە تەواو پڕ بە بەری ئیمپراتۆریەتەکەی بوو. لە سەردەمی خەلافەتیاندا کە تا ساڵی ٧٥٠ بەردەوام بوو، خەلیفە ئومەوییەکان توانیان سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتەکە تا نیمچە دوورگەی ئیبەری و ئیندوس "Indus" فراوان بکەنەوە. بە یارمەتیی ئایین توانیان ناسنامەیەکی هاوبەش بە ئیمپراتۆریەتەکەیان بدەن و جەماوەر بە باشی کۆنترۆڵ بکەن. بەڵام سەردەمی ئومەوی تا چ ڕادەیەك ئیسلامی بووە؟

زۆر کەس شانازی بە دەستکەوتەکانی وەک دروستکردنی قوبە بەردەکی قودس و شکستپێهێنانی بیزانس و داگیرکردنی ئەندەلوس دەکەن. بەڵام هاوکاتیش زۆر لە ئایین ناسان کارەکانی زۆربەی خەلیفە ئومەوییەکان بە نائیسلامی دادەنێن. ئەوان دەڵێن ئومەویەکان تامەزرۆییەکی کەمیان بۆ ئایین هەبووە، چونکە کەعبەیان لەناوبردووە و هەموو نەوەکانی محەمەدیان لە شەڕی ناوخۆدا کوشتووە. تەنانەت ڕیفۆرمخوازانیش پێیان وایە ئومەوییەکان ئیسلامیان لە ناوەڕۆکی ڕۆحی ئایینی بەتاڵ

کردووەتەوە و تەنیا وەک ئامرازێك بۆ داگیرکاریی و چەوساندنەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان هێناوە. بە بڕوای من ئومەویەکان لەو شتەی پێشتر هەبوو، واتە لە ئاستی خێڵ و پێکهاتەی بچووکی هۆزەکانەوە، گەیاندیاننە ئاستی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە. ئەوان ڕەوتی دروستکردن و پەرەسەندیان بە ئایینێکە بەخشی و بە کردەوە هێزیان بۆ دامەزراند. هەروەها ئەوان نەك هەر ئایینەکەیان نەشێواند، بەڵکوو ئایینی ئیسلامیان بەربڵاو و گەورە کردەوە. ئەم ڕەوتە پێشتر لە هەموو ئایینێک و هەموو ئایدۆلۆژیایەکدا ڕوویداوە. بەڵام بە لاسایی کردنەوەی محەمەد و یەکەم خەلیفەکانی دوای ئەو، ئەوانیش بە لۆژیکی شەڕ و هێزی دەسەڵات کارەکەیان بەرێوە بردووە. هەروەها فەرزیۆن یاخود وەشانی ئەوان لە ئیسلام لە سەردەمێکی پڕ لە ململانێ، فیتنە و ڕاپەڕین سەریهەڵدا و شوێنەواری ئەو سەردەمەی لەگەڵ خۆی هەڵگرت. هەروەك چلۆن ئیسلامی محەمەد لەگەڵ کۆمەڵگاکەی و پێداویستیەکانیدا دەگونجا، ئیسلامی ئومەوییش لەگەڵ ئیمپراتۆریەتەکەیان و ڕووبەڕووەوەستانیاندا دەگونجا.

سەرچاوە ئیسلامییەکان تەنیا ستایشی یەک خەلیفەی دادپەروەری ئومەوی دەکەن کە عومەری دووەمە و لە ساڵانی ٧١٧ تا ٧٢٠ حوکمڕانی کردووە. دەڵێن خەلیفە سکاڵای زۆری لە ڕەعیەتە بێبەش و زوڵملێکراوەکان وەرگرتووە. بە تایبەتی لە مرۆڤە غەیرە عەرەبەکان کە بەهۆی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ئومەوی و باجی زۆرەوە زیانێکی زۆریان بەرکەوتبوو. عومەری

دووەم گوتوویە:" خوای گەورە پێغەمبەری وەک ئامۆژگاری نارد، نەک وەک باج وەرگر." ڕێکخراوەیەکی یارمەتیماڵیی گەورەی لە نێو شازادەکاندا کە پێشتر بە شێوەیەکی بەرفراوان دەوڵەمەند ببوون پێکهێنا و پارەکەی بەسەر چەوساوە و بێبەش و هەژاراندا دابەشکرد. باجی سەرانەی هەڵوەشاندەوە و لەبری ئەوە باجی زەوی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. هەروەها کۆمەڵگای بە مەبەستی ئیسلامیکردن، بەهێزتر کرد، خاچەکانی لەناوبرد و فەرمانی دا مەسیحی و جولەکەکان دەبێ جلەکانیان نیشانە بکرێن بۆ ئەوەی بتوانن لە یەکەم نیگادا لە موسڵمانان جیایان بکەنەوە. (کارێك کە هیتلێریش سەردەمی خۆی لەگەڵ جوولەکەکان کردی"وەرگێڕ").

بەڵام چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی عومەر زۆری نەخایاند، دوای چەند ساڵێک لە دەسەڵات، بوو بە قوربانی فیتنەیەکی ناو کۆشکەکەی خۆی. موسڵمانانی ئەمڕۆ وەک نوێنەری ئیسلامی ڕاستەقینە دەیبینن، کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە تەنیا ئاشتی و دادپەروەریی دەناسێت، بەڵام تامەزرۆیی بۆ ئیسلامیکردنی کۆمەڵگاش لێرەدا گرنگایەتی خۆی هەیە.

خوێندنەوەی هەڵبژێردراوی تەوەری ئیسلامی لە مێژووی سەردەمی ئومەوی دژ و پێچەوانەیی تێدایە. مرۆڤ ناتوانێت شانازی بە فەتحکردنی ئەندەلوس بکات و هاوکاتیش ڕەخنە لە سیاسەتی دەسەڵاتی شەڕانگێزی ئومەوییەکان بگرێت. مرۆڤ ناتوانێت قودس وەک شوێنێکی پیرۆزی ئیسلام سەیر بکات و

هاوکاتیش چاوپۆشی لەوە بکات کە ئەوە ئومەوییەکان بوون بۆ بەرژەوەندیی سیاسی خۆیان ئەم شارەیان پیرۆز کردووە. مرۆڤ ناتوانێت شانازی بەوە بکات کە ئیمپراتۆریەتی عەرەبی- ئایینی ئیسلامی لە سەدەی هەشتەم لە نێوان چین و ئیسپانیادا بڵاوکردەوە و هاوکاتیش بانگەشەی ئەوە بکات کە ئیسلام ئایینێکی ئاشتیخوازە.

لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر مێژووی ئیسلام لە سەردەمی ئومەویدا دەتوانێت ئەو بارودۆخەمان پیشان بدات کە ئیسلامی سوننە لە ژێر چ بارودۆخێکدا پێکهاتووە. چونکە ئەو وەشانەی ئیسلامی سوننە کە ئەمڕۆ باڵادەستە، لە سەردەمی ئومەوی و بەهۆی شەڕێکی ناوخۆی نێوان سوننە و شیعەدا لەدایک بووە و لە پلەی یەکەمدا خزمەتی بە پشتیوانیکردنی ئامانجە سیاسییەکانی ئەو خانەدانە کردووە. لەو ڕوانگەیەوە، ئیلاهیاتی ئیسلامیش وەک ئەفسانەی قودس، داهێنانێکی ئومەوییە. هەندێک مێژوونووسانی وەک تۆم هۆڵاند "Tom Holland" لەوەش زیاتر تێدەپەڕن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئیسلام و قورئان و خودی محەمەدیش داهێنانێکی ئومەوی بوون بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی ڕۆحی بە ئیمپراتۆریەتی عەرەبی بدەن. بەڵام بەو پێیەی دەمانەوێت بە ڕاستییەکانەوە پابەند بین، باس لە تێزێکی دیکە دەکەین کە گەلێك باشتر دەنگ دەداتەوە: ناوکێکی ئیسلامی لە عەرەبستاندا هەبووە و ئایینێکی ناتەواو، کە هەر لە سەردەمی لەدایک بوونی خۆیەوە سیاسی بووە و دواتر لەلایەن ئومەوییەکانەوە تەواو و کامیل کراوە. ئەوەش دەزانین

پێغەمبەرێکی عەرەب هەبووە بە ناوی محەمەد، دەزانین کاسبکار بووە و دواتر جەنگاوەری لێ دەرهاتووە. بەڵام ناشکرێ ئەوە بەدوور بگرین یاخود دڵنیا بین کە دواتر زۆر چیرۆک و لێدوانی گوماناوی لە قورئان و حەدیسی پێغەمبەر لەسەر هۆکاری سیاسی و بەرژەوەندی حکوومڕانانی لێ زیاد نەکرابێت. هەر وەک دەبینین ئەم کارە تەنیا لە سەردەمی ئومەویدا نەبووە، کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانیان نەیانتوانی بۆ هەمیشە دەسەڵاتیان بچەسپێنن. لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمدا لە ناوچە داگیرکراوەکانی ئێران ڕاپەڕینێکی دیکە لە دژی دەسەڵاتی ئەوان ڕوویدا، کە بە هۆی هاوپەیمانییەکی سەرسوڕهێنەرەوە مژدەی کۆتایی هاتنی ئەم خانەدانەی دا.

## ئیکسکورسوس

### له دیهلی تا مەراکش: بڵاوبوونەوەی ئیسلام

کاتێک ئەفسەری بەریتانی ئێدوارد تۆماس لۆرێنس "Edward Thomas Lawrence" ناسراو بە لۆرێنسی عەرەبی ویستی عەشیرەتە بەدەوییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ڕازی بکات لە بەرەی ئینگلیزەکان شەڕ لە دژی تورکەکان لە عەقەبە (ئوردنی ئەمڕۆ) بکەن، لە بەرامبەردا بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبی پێدان. بەڵام یەکێک لە سەرکردە عەشیرەتەکان لە وەڵامدا وتی: "من هیچ عەرەبێک ناناسم، جیا لە عەشیرەتەکەم." کاتێک لۆرێنس بۆی ڕوونکردەوە کە لە عەقەبە زێڕ و پارەیەکی زۆر هەیە و دەرکردنی تورکەکان لە شارەکە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی خۆی و هۆزەکەی، بەرەی گۆڕی و لە بەرەی ئینگلیزەکانی "کافر"ەوە شەڕی دژی تورکە موسڵمانەکان دەستپێکرد.

ڕووداوێکی لەم چەشنە دەکرا ١٣٠٠ ساڵ پێشتر ڕوویدات. لە سەردەمێکدا کە ناسنامەیەکی هاوبەشی تێدا نەبووە و هەستی نەتەوەیی هێشتا لەدایک نەبووە، هەروەها مرۆڤ تەنیا سەر بە خێڵەکەی خۆی لا گەلێك گرنگ بووە، سەردەمێك کە تەنیا

باسی مانەوە بووە، باسی سەرچاوەی ئاو و ئارەزوو و فانتازیا، نەک بیر و باوەڕی نەتەوەیی. هەندێک بانگەشەی ئەوە دەکەن ئیسلام تەنیا لە ڕێگەی پەیامەکەی و بنەماکانی وەك ئایینی نوێ بڵاوبووەتەوە، هەندێکیتر پێیان وایە ئیسلام تەنیا بە یارمەتی شمشێر و داگیرکاریی بەسەر جیهاندا بڵاوبووەتەوە. تیمێکی لێکۆڵینەوە لە زانکۆی بازل"Basel" وا گریمانە دەکەن کە قۆناغەکانی وشکەساڵی لە باشووری عەرەبستان لە سەدەی شەشەمدا شەپۆلی گەورەی کۆچبەری بەرەو باکوور ورووژاندووە. ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی گەلێك مەزن کە ڕێگای هەم بۆ بەرژەوەندی سەرهەڵدان و هەم بۆ بڵاوبوونەوەی ئیسلام خۆش کردووە.[٣٩]

وەک چۆن چەند فاکتەری جیاواز هۆکاری سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام بوون، چەند هۆکارێکیش ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەسەندنیدا. ڕەنگە بارودۆخی کەشوهەوا و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی ڕۆڵی هەبووبێت، بەڵام بەبێ شمشێر و بێ هەڵسوکەوتی شەڕانگێزیی ئیسلام هەرگیز نەیدەتوانی بگاتە عێراق، ئێران، سوریا، میسر، باکووری ئەفریقا و ئەندەلوس. هەروەها بەبێ شمشێر هەرگیز نەدەکرا ئەو ڕاپەڕینە زۆرانەی دژی فەرمانڕەوا موسڵمانەکان لە ناوچە داگیرکراوەکاندا سەریانهەڵدا، سەرکوت بکرێ. هاوکاتیش، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە دوای شەپۆلی یەکەمی داگیرکاریی، زۆرینەی

[٣٩] https://www.science.org/doi/١٠,١١٢٦/science.abg٤٠٤٤

کولۆنییە نوێیەکان توانیان بۆ ماوەیەکی زۆر ئایینی ڕەسەنی خۆیان بپارێزن. ئەگەریش لەم قۆناغەدا ئایینی ئیسلامیان قەبووڵ کردبێ، هۆکاری جیاوازی بووە. هەندێکیان پاڵنەری تیۆلۆژییان هەبوو، هەندێکی تریان لە ڕووی ئابووری یان کۆمەڵایەتییەوە ڕوویان لە ئیسلام کردووە. هەندێکیش تەنیا ئیسلامیان قبوڵ کرد بۆ ئەوەی بتوانن سەر بە نوخبەی ناو ئیمپراتۆریەتی عەرەبی بن و پۆستی گرنگیان هەبێت.

قۆناغی لێبوردەیی ئایینی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بڵاوبوونەوەی ئیسلام ئامانجی سەرەکی داگیرکارانی سەرەتایی نەبووە، بەڵکوو تەنیا وەک پلانێك بۆ داهاتوو دواتر جێبەجێکرا بۆ ئەوەی شوناسێکی هاوبەش بۆ ئەو ئیمپراتۆریەتە کە بەردەوام گەورە دەبۆوە، دروست بکات. ئەگەر سەیری مێژووی گەلانی کۆچەری دیکە بکەین کە توانیبێتیان ئیمپراتۆریەتی گەورە پێکبێنن، بۆمان دەردەکەوێت نزیکەی هەموو داگیرکارییەکانیان بە شێوەی هەڵکوتانە سەر، تاڵانکاریی و شەڕانگێزییەوە بەڕێوەچووە. دامەزراندنی سیستەمێکی بەهادار یان ئایینێکی نوێ تەنیا دوای هێرشکاریی و تاڵانکارییەکە سەرکەوتوو دەبوو بۆ ئەوەی بەرەیەکی هاوبەش لەناو گروپە جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکە دروست بکات.

پرسیارێك: سەرەتا شمشێر و دواتر دین یان بە پێچەوانەوە؟ لێکۆڵینەوەکان خۆی بە سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کۆتایی سەدەی ١٣ خەریك کردووە. لەسەر ئەمە دوو بۆچوون

هەن. هەر لە کۆتایی سیەکانی سەدەی ڕابردوودا، مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی نەمسایی پاوڵ ویتێک"Paul Wittek" بانگەشە بۆ تێزی بەناو غازی"Ghazi" کرد، کە بەپێی ئەو تێزە عوسمانییەکانی سەرەتایی کۆمەڵگەیەکی ئایینی بوون و شەڕیان لەپێناو ئایینەکەیان بەڕێوە بردووە. چەمکی "غازی"، فەتحکەر یاخود داگیرکەر، کە نازناوی زۆرێک لە سوڵتانەکانی عوسمانیش بووە، لە وشەی عەرەبی غەزو "ghazw"وەرگیراوە. پێش ئیسلام هۆزەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی هێرشکاریی و هەڵکوتانە سەر هۆزەکانیتر. محەمەد سوودی لەم پرەنسیپە وەرگرت کاتێک لە مەدینەوە هێرشکاریی بۆ سەر کاروانەکانی ڕێکخست. ئەمەش دواتر بوو بە چالاکییەك"لە ڕێگای خودا."

بەهۆی تامەزرۆیی ئایینیەوە، بە گوتەی ویتێک، شەڕکەرانی ئایینی عوسمانی شەڕیان لەگەڵ دراوسێکانیان کردووە بۆ ڕازیڕاگرتنی خوداکەیەن. بۆ ڕۆژهەڵاتناسان، سەرهەڵدانی عوسمانییەکان وەک زلهێزێکی جیهانی، دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی تەقوا و ویستی ئەوان بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لە جیهاندا. لە ئەنجامدا هۆکاری هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەگەڕێننەوە بۆ لەدەستدان و کەمڕەنگ بوونەوەی ویستی ئایینی مرۆڤ لە ئیمپراتۆریەتێکی مۆدێرن کراودا.[٤٠]

[٤٠] Paul Wittek: The Rise of the Ottoman Empire. Studies in the History of Turkey, ١٣th-١٥th Centuries, S. ١٥-٨٤

بۆ دەیان ساڵ تێزی غازی بە تێڕامانترین ڕوونکردنەوە بە سەرچاوەی پێکهاتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دادەنرا، هەرچەندە ڕەخنەش لەسەر هەڵسەنگاندنی ویتێک هەبوون. مێژوونووسی تورک مەهمەت فوئات کۆپرولو"Mehmet Fuat Köprülü" گوتوویە ئایین وەک موتورِ و تاکە هێزی بزوێنەر تەنیا دەتوانێت بە شێوەیەکی ناتەواو ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزییەکانی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکە بێت. بەڵام تا تیۆرێکی نوێ جێگای ئەم تێزەی گرتەوە دەبوو تا ساڵی ١٩٨٣ قەناعەتی پێبکەین. مێژوونووسی ئەمریکی ڕودی پاوڵ لیندنەر "Rudi Paul Lindner" توانی کەڵک لە دۆزینەوە زانستییە نوێیەکان وەربگرێت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت عوسمانییە سەرەتاییەکان لە کۆمەڵەی خێڵە کۆچەرییەکان پێکهاتبوون. بە پێچەوانەی نەتەوە عەرەبەکان پەیوەندی خوێن و دڵسۆزی خێڵ و هۆزەکەیان نەبوون کە لایەنگریی کۆمەڵگاکەیان بن، بەڵکوو بەرژەوەندیەکی هاوبەشیان بووە. ئەنجامەکەی گۆڕینی هاوپەیمانی بووە، بە ئامانجی دۆزینەوەی زەوییەکی لەوەڕگەی گونجاو یان گرتنی غەنیمەتەکانی شەڕ.[٤١]

لە ڕاستیدا گەڕان بەدوای زەوییەکی بە پیت و لەوەڕگە هێزێکی بزوێنەری گرنگ بووە بۆ هەوڵی داگیرکاریی ناوچەکان. لە سەرەتای خۆ بڵاوکردنەوەی عوسمانییەکان بۆ ڕۆژئاوا، کۆمەڵەی کۆچەر ناوچەی گونجاویان لە سەر سنوورییەکانی بیزانس لە

[٤١] Rudi Paul Lindner: »What was a Nomadic Tribe?«, in: Comparative Studies in Society and History, ٢٤/٤,١٩٨٢, S. ٦٨٩ ff.

باکووری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ داگیرکردبوو کە بەزەحمەت لەلایەن سوپای بیزانسەوە بەرگرییان لێدەکرا.

هەروەها لیندنەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا قسەی مێژوونووس عومەر لوتفی بارکان "Ömer Lütfi Barkan" دەهێنێتەوە کە لە بەشێکیدا دژایەتی تێزی غازی ویتێک دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کەسایەتییە بەناوبانگەکانی سەرەتای سەردەمی عوسمانی ناوی مەسیحییان هەبووە، هەروەها بڕێکیشیان بێدین بوون.[٤٢] خەلیل ئینالجیک "Halil İnalcık" توانی نموونەی هاوکاریی نێوان عوسمانی و بیزانسەکانی مەسیحی لە قۆناغی سەرەتاییدا نیشان بدات، ئەمەش گومان دەخاتە سەر تێزی تەقوای ئیسلامی وەک هێزی بزوێنەری شەپۆلی یەکەمی بڵاوبوونەوەی عوسمانی لە ناوچەکە.[٤٣]

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە، ئامانجی یەکەمی عوسمانییەکان دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی جیهانی ئیسلامی نەبووە، بەڵکوو بەدەستهێنانی بەشێک لە سامانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات بووە. هەر وەك چلۆن بۆ عەرەبەکان، بۆ عوسمانییەکانیش بیزانس هەم دوژمن بووە و هەم سیمبۆلی حکوومەتداری. هەروەها ئەوانیش هەر وەك عەرەب سودیان لە

[٤٢] Ömer Lütfi Barkan: Osmanlı İmpartorluğunda bir iskan ve kolonizasyon metodu olarak sürgünler. İktisat fakultesi mecmuası ١١, S. ٥٣٩ f.; zitiert nach: Rudi Paul Lindner: »Stimulus and Justification in early Ottoman History«, in: The Greek Orthodox Theological Review, Vol. ٢٧, ١٩٨٢, S. ٢٠٧ ٢٢٣

[٤٣] Halil İnalcık: Fatih devri üzerinde tetkikler ve vesikalar. ١, S. ١٤١ ff.; zitiert nach: Rudi Paul Lindner: »Stimulus and Justification in early Ottoman History«, a. a. O.

لاوازییەکانی دەسەڵاتەگەورەکانی ناوچەکە وەرگرتووە. کاتێک مەحمەدی دووەم لە مانگی ئایاری ساڵی ١٤٥٣ قوستەنتینیەی داگیرکرد، بە ئاگاییەوە خۆی بە "قەیسەری ڕوم"، واتە ئیمپراتۆری ڕۆمی ناوبرد. زاراوەی خەلیفە زۆر دواتر کەڵکی لێ وەرگیراوە بۆ ئەوەی لە ناوچە ئیسلامییە داگیرکراوەکانی سوریا و میسر لە سەدەی ١٦دا فەرمییەتی ئایینی بە دەسەڵاتی عوسمانی بدات.

عوسمانییەکانی سەرەتایی بە پلەی یەکەم کۆچەر و شەڕکەر بوون کە وەدوای ئامانجە عیلمانییەکانی ڕۆژئاوا کەوتبوون. ئایین زۆر دواتر بوو بە پێکهاتەیەکی نوێی کردارەکانیان. ئایینی ئیسلام پاڵنەرێکی گرنگ بوو، بە تایبەت بۆ گیان نیسارە"Janissaries"[٤٤] ترسهێنەرەکان. ئەم هێزی نوخبەیە لە سەدەی ١٤ وە پێکهاتووە. لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە شەڕدا بەدیل دەگیران، پیاوانی شیاوی شەڕکەر بۆ خزمەتکردنی سەربازی، بەڵام زۆرجار پابەند بە باوەڕی جیاواز. هەروەک چۆن پێشتر لەگەڵ مەملوکی مەسیحی لە باڵکان هەڵسوکەوتیان کردبوو، ئێستاش بە هەمان شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو زیندانییانە دەکرد. دەخرانە شوێنێکی تایبەتەوە و "بە شێوەیەکی نوێ لە سەرا پەروەردە دەکرانەوە." منداڵان لە دایک و باوکیان دەسەندرانەوە و وەك موسڵمانی زێدەڕۆ پەروەردە دەکران.

[٤٤] جانیسار سەربازی نوخبەی سوپا بوون لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. پاسەوانی سوڵتانیان دەکرد و گەیشتنە بەرزترین پۆستەکانی دەوڵەتی عوسمانی. دەموچاویان دادەپۆشی و گەلێك ترسهێنەر بوون.

هەروەها شوناسی ئیسلامی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە شەرعیەتدان بە حاکم بەتایبەت لە ناوچە موسڵمانە داگیرکراوەکاندا. چونکە تەنیا وەک خەلافەتێکی ئیسلامی، دەسەڵاتی عوسمانی تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن موسڵمانانەوە قبوڵ دەکرا. بەڵام ئەوە خۆی بە تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی سەرەتای ئایینەکە هێزی بزوێنەری یەکلاکەرەوە نەبووە.

مرۆڤ دەتوانێت دوو تێزە جیاوازەکە، تێزی "کۆچەری" و "غازی" بگوازێتەوە بۆ یەکەم داگیرکارییەکانی عەرەب لە سەدەی حەوتەمدا. ئێمە سەرچاوەی غەیرە ئیسلامی کەممان هەیە بتوانێت شتێکمان دەربارەی پاڵنەرەکانی یەکەمین شەڕکەرەکانی عەرەب کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا عێراق، ئێران، سوریا، قودس و میسریان داگیرکرد، بۆ ڕوون بکاتەوە. سەرچاوە ئیسلامییەکانیش بە تێکۆشەرانی ئایینی وەسفیان دەکەن کە لە مردن نەترساون و هەر بۆیە توانیویانە شکست بەو سوپا گەورانە بێنن کە زۆر لە خۆیان بەهێزتر بوون.

لە ڕاستیشدا لەو سەردەمەدا کۆچەرییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی نە لە ڕووی ژمارەوە و نە لە ڕووی لێهاتویی سەربازییەوە توانای ئەوەیان نەبووە چۆك بە سوپای ئێران، حەبەشە، بیزانس، هەروەها هۆزە عەرەبە مەسیحییەکان دابێنن بۆ ئەوەی دواتر ناوچەیەکی گەورە لە ئەندەلوسەوە تا چین داگیر بکەن، جا باس لەسەر حکوومەتکردن بەسەر ئەو ناوچە ئاڵۆزانەدا هەر ناکەین. پێدەچێت زیاتر وا بووبێت کە سەرەتا هاوپەیمانیی خێڵە

کۆچەرییەکان لەگەڵ هاوپەیمانە عەڕەبە مەسیحییەکان، و بێهێزبوونی ئێران و بیزانس لە ناوچەکە، سەرکەوتنی لە دژی ئەم زلهێزە جیهانییانە بۆ مسووگەر کردبن. سوپاکانیان نەک هەر چەک و تێکنیکی شەڕی مودێڕنی هاوچەرخیان هەبوو، بەڵکوو زانیاری گرنگیشان سەبارەت بە ستراتیژی و خاڵە لاوازەکانی سەربازانی ئێرانی و بیزانس هەبوو. هاوپەیمانییەک کە هەردوولا سوودیان لێوەرگرت: کۆچەرییەکان دواجار دەیانویست سامان، دەوڵەمەندی و پارچەیەک دەسەڵاتیان بەدەستەوە بێ، و مەسیحییە عەڕەبەکانیش چیتر نەیاندەویست خزمەت بە ئیمپراتۆریەتە زلهێزەکانی ئێرانی و بیزانس بکەن، بەڵکوو لەبری ئەوە دەیانویست خۆیان ببنە زلهێزێکی گەورە. جگە لەوەش، لە سەردەمی یەکەمین داگیرکارییەکاندا، ئیسلام هێشتا هیچ کۆنتورێکی تیۆلۆژی نەبووە کە لە ئایینی مەسیحی یان جوولەکەیان جیا بکاتەوە. بۆیە نە بە عەڕەبی و نە لە سەرچاوەی بیزانس، سریانی، قبتی و ئەرمەنی لەم سەردەمەدا چەمکی ئیسلام یان موسڵمان لە پێوەندی لەگەڵ داگیرکارییەکاندا نادۆزینەوە. لێرەدا باسی عەڕەبی، ساراسین"Sarrazen" یان هاگاری "Hagari" دەکەین، پشتیوانانی هاجەری کۆیلەی ئیبراهیم، کە ئیسماعیلی لێ لەدایک بووە و بە باوکی عەڕەب دادەنرێت.

پاتریشیا کرۆن "Patricia Crone" و تۆماس کوک "Thomas Cook" وا گریمانە دەکەن کە جولەکەکانیش بەشێک بوون لەم هاوپەیمانییە، بەو هیوایەی لە دەسەڵاتی بیزانس و هەڕەشەی زۆرەملێی بە مەسیحیکردنیان ڕزگاریان بێت. ئەگەر بەم شێوەیە

سەیربکرێت، ئەوە ئایینی ئیسلام نەبوو، بەڵکوو بەرژەوەندی هاوبەشی هاوپەیمانییەکی فرە ئایینی بوو کە چارەنووسساز بوو بۆ ئەم شەپۆلە داگیرکارییانە. بەو پێیەی موسڵمانان بە سەرکەوتوویی دەرکەوتن و خۆیان مێژووی داگیرکارییەکانیان نووسیوە، پاشان وایان ڕازاندەوە کە وەک سەرکەوتنێکی ئایینی دەربکەوێت.

لە ڕوانگەی کاتییەوە زۆر دواتر ئایین نەک هەر لە داگیرکارییەکاندا بەڵکوو لە دامەزراندنی ناسنامەیەکی هاوبەش لە ناوچە داگیرکراوەکاندا ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت. واتە لە سەردەمی خەلیفەی پێنجەمی ئومەوی (عبد الملیک) بەولاوە ئیسلام وەک ئایینێکی سەربەخۆ کۆنتوری تایبەت بە خۆی بەدەستهێنا. لە پەنا بیۆگرافی یاخود ژیاننامەی پارچە پارچە کراو و ناتەواوی محەمەد، قورئان بە شێوازی نووسراوە ئامادە کرا، کاتێ دەقەکانی پێشتر هەموویان سووتاندرابوون. وشەی "ئیسلام" بۆ یەکەمجار لە دوو ئایەتدا لە وەشانی قورئانەکەی عەبدولمەلیکەوە دەردەکەوێت. لە سوورەی ٣:١٩ کە پێشتر چەند جارێک باسی لێوە کراوە، دەڵێت: " لە لای خودا دین ئیسلامە" و لە سوورەی ٣:٨٥یشدا دەڵێ:"هەر کەسێ بەدەر لە ئیسلام، هەر دینێکی دیکەی هەبێ، قبووڵ نییە و لە دوارۆژا ڕێزەی دۆڕاوانە".

ئەم دوو ئایەتە بە ڕوونی دژایەتی ئایەتەکانی دیکەی قورئان دەکەن. بۆ نموونە لە سوورەی ٢:٦٢ دا هاتووە: "ئەوانەی خاوەن

باوەڕن و ئەو کەسانەش کە جوولەکە و فەلە و سایی مەزەب بوون، ئەگەر بە خوا و ڕۆژی پەسڵان باوەڕیان پێ و ئاکار چاك بن، لە لای پەروەردەیانڕا پاداشی خۆیان پێ دەگا و نە هیچ ترسێکیان لە سەرە، نە خەم دەخۆن."

لێرەدا بە ڕوونی باس لەسەر دوو قۆناغی جیاواز دەکرێ. ئەو قۆناغەی کە شوێنکەوتوانی محەمەد ئامانجێکی هاوبەشیان لەگەڵ نوێنەرانی ئایینەکانیتردا هەبووە (واتە ڕزگاربوون لە بیزانس یان داگیرکاریی)، قۆناغێکی دواتر کە موسڵمانان ئیدیعای دەسەڵات تەنیا بە خۆیان ڕەوا دەبینن و هەموو کەسێکی دیکەیان وەک هاووڵاتی پلە دوو سەیر کردووە. لە ڕاستیشدا بەڵگەی مێژوویی لەسەر پراکتیزەکردنی جزییە "Dschizya"، باجی ڕاپرسی لەسەر جولەکە و مەسیحییەکان و کەسانی دیکەی غەیرە موسڵمان، لە سەردەمی عبد الملک بەولاوە بەڵگەدارە. کەواتە ناتوانرێت ڕەت بکرێتەوە ئەو ئایەیەی ناو قورئان کە جیزیا ڕەوا دەکات تەنیا لە سەردەمی عبد الملک لە قوڕئان زیاد کراوە: "وەل ئەوانە بجەنگن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە ناڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەوکاتەی بە زەلیلی و بەدەستی خۆ، سەرانەی خۆ بەنگۆ نەدەن." ئایەتێک دواتر دەڵێت نەفرەتی خوا بەسەر جولەکە و مەسیحییە گومڕاکاندا بێت.

بەڵام بەو پێیەی پێش سەردەمی عەبد الملیک وەشانێکی تەواومان لە قورئان لەبەر دەستدانییە، تەنیا دەتوانین بە گریمانەی دابنێین. دەکرێت ئەم ئایەتەش لە سەردەمی ئەوەوە سەری هەڵدابێت: "ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەرفەرمانی خودا و

پێغەمبەری خودا و کاربەدەستانی خۆتان بن. هەرکاتێکیش لەسەر شتێك لە نێوخۆدا پێکنەهاتن، ئەگەر بڕواتان بە خودا و ڕۆژی قیامەتی هەیە، کێشەی خۆتان حەواڵەی خوا و پێغەمبەری خودا بکەن. ئەم کارە بۆتان باشترە و ئاکامی چاکتری هەیە." (سوورەی ٤، ئایەی ٥٩)

بەڕواڵەت ئەم ئایەتە بابەتێک لە سەردەمی ژیانی محەمەد یەکلا دەکاتەوە. بەڵام ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ سەردەمی پێغەمبەردا ناگونجێت، بەو پێیەی محەمەد تەنیا کۆمەڵگەیەکی بچووکی هەبووە و خۆی تاکە کەسێك بووە لەویٚ دەسەڵاتی هەبووە. هەموو بڕیارەکان لە دەستی ئەودا بووە بۆ ئەوەی دووبەرەکی لە کۆمەڵگادا دروست نەبێت. جگە لەوەش هیچ بەڵگەیەک لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا نییە ئاماژە بە ناکۆکییەکی گەورە یان تەنانەت دابەشبوونێک لە سەردەمی محەمەددا بکات کە فەرمییەت بە ئایەتێکی لەو شێوەیە بدات. بەڵام ئەم ئایەتە بۆ سەردەمی عەبدولمەلیك گەلێك گونجاوترە، چونکە ئەو حوکمڕانی بەسەر ئیمپراتۆریەتێکی مەزندا دەکرد کە بەردەوام هەڕەشەی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی لێدەکرا.

هەروەها ئاماژەیەکی تریش: هاوتەریب لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم ئایەتە، لێدوانێکی حەدیسی محەمەد بڵاو دەبێتەوە کە دەبیٚ فەرمانی بە موسڵمان دابیٚ گوێڕایەڵی حاکمانی ئیسلامی بکەن تەنانەت ئەگەر نادادپەروەریش بن. لەخۆڕا نییە کە عبد الملک بە دووەم دامەزرێنەری ئیسلام دادەنرێت، چونکە تەنیا لە سەردەمی ئەودا دەقەکانی پێشوو سووتێنران و قورئان بە شێوازێکی نویٚ نووسراوە و تەواوکەری گوتەکانی محەمەد (حەدیس) و

لێکدانەوەکان بووە کە ناوکی یەکەمی ئیلاهیاتی ئیسلامی پێکهێناوە. عەبدولمەلیک ئیسلامێکی تایبەت بە ئیمپراتۆرییەکی فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی دارشتووە.

هەمان شت بۆ هەموو خەلافەت، سوڵتان، شانشینی و میرنشینە ئیسلامییەکانی دواتریش دەگونجێت کە لە بزووتنەوەیەکی قەومی یان سیاسییەوە سەریان هەڵدا، دواتر بە یارمەتی ئیسلام فەرمییەتیان بە بووبی خۆیان دا و مەیدانی دەسەڵاتیان فراوانتر کردەوە. هەروەها دابەشبوونی موسڵمانان بەسەر سوننە و شیعەدا بە پلەی یەکەم جیابوونەوەیەکی سیاسی بوو. سەرچاوە ئیسلامییەکان ئەم جیابوونەوەیە بە ململانێی دەسەڵات لە نێوان دوو هۆزی قورەیش لە شاری مەککە ، لە نێوان هاشمی و ئومەییەکاندا وەسف دەکەن.

لەگەڵ کۆچی دوایی محەمەد و خەبات بۆ جێنشینەکەی، عەرەب و بەتایبەتی مەککەییەکان بوونە نوێنەرێکی خوازراو. لەگەڵ سەرکەوتنی داگیرکارییەکانی عەرەب، زۆرێک لە سەرکردە هۆزەکان کۆچیان کرد بۆ ناوچەی نوێ و نوخبەی نوێیان لەوێ پێکهێنا. سیستمی حوکمڕانی پێشوو، کە بەپێی ئەو سیستەمە دەبوو دۆستێکی محەمەد جێنشین بێت، لەمەودوا باوی نەما، بەتایبەتی کە زۆرێک لە دۆستەکانی محەمەد لە شەڕی ناوخۆی ئیسلامیدا لەدوای کوشتنی خەلیفەی سێیەم عوسمان، کوژران. لەم رژیمە گەنجەدا قەیرانی ناسنامە دەستیپێکرد.

ئومەوییەکان سیستەمی حوکمڕانی ئێرانی و ڕۆمییان کۆپی کردبوو و سیستمی خانەدانیان دامەزراندەوە کە تێیدا فەرمانڕەوا دەسەڵات بۆ کوڕ یان براکەی بە میرات بەجێ دێڵێ. ئەمەش شوێنکەوتوانی خەلیفەی چوارەمی عەلی (شیعەکان)ی تووڕە کرد، خانەدانی ئومەویەیان تۆمەتبار کرد بەوەی ئاییی ئیسلامیان بۆ مەبەستی خۆیان خراپ بەکارهێناوە و شێواندوویانە. ئومەویەکان لقی سوننەی ئیسلامیان لێکەوتەوە، کە لە ڕوانگەی شیعەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دژایەتی وەشانی ڕەسەنی ئیسلامە.

## یازدە پیرۆکە بۆ یەکخستنی موسوڵمانان

سەرهەڵدانی عەرەب لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا لە سەرهەڵدانی هون"Hunn" و مەغۆلەکان"Mongolen" جیا ناکرێتەوە: خێڵە کۆچەرییەکان کە لە لێواری کولتوورێکی پێشکەوتوودا دەژیان و دەیانبینی چلۆن ئەم کولتوورە پێشکەوتووە لە ناوەوە هەرەسی هێناوە و هەڵدەوەشێتەوە، بە هاوکاری شەڕڤانانی ئاکارکێوی هێرشیان کردە سەر ئەم کولتوورە پێشکەوتووانە بۆ ئەوەی سامان و دەسکەوتەکانیان تاڵان بکەن. بەڵام نە هون و نە مەغۆلەکان نەیانتوانی ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی بنیات بنێن کە تا ئەمڕۆش لە ڕووی سیاسی و کولتوورییەوە زیندوو بێت. لەبەرامبەردا عەرەب توانیان بە یارمەتی ئاینی ئیسلام ئەو کارە بکەن، ئایینێك کە وێنەیەکی ڕوونی خودای بۆ مرۆڤ خوڵقاند و ڕێنمایی ڕوونی بۆ کردار و نەزمی کۆمەڵایەتی و ئامانجی سەربازی تێدا دیاری دەکرد.

لەوانەیە ئایینی مەسیحیش تەنیا وەک ئایینێکی کەمینە بمایەتەوە ئەگەر ئیمپراتۆر کۆنستنتین نەیکردبایە بە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم. بە پێچەوانەوە، ڕەنگە ئیمپراتۆریەتەکەی کۆنستنتین دارمابا ئەگەر مەسیحیەت وەک توخمێکی ناسنامەساز بۆ مرۆڤ کاری نەکردبایە. ئیمپراتۆریەتێک پێویستی

بە بیرۆکەیەکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی لەناو خۆیدا بەیەکەوەی گرێ بدا و بیرۆکەیەکی گەورەش لە بەرامبەردا پێویستی بە هێزێکە بۆ ئەوەی لەناو جیهاندا بڵاوی کاتەوە و بەرگریی لێبکات.

دۆخەکە لە جیهانی ئیسلامیشدا بە هەمان شێوازە. ئەگەر ئایین وەک توخمێکی یەکگرتوو نەبوایە، ڕەنگە شەڕڤانانی عەرەب نەیانتوانیبا هەندێک ناوچەی بیزانس و ئێران داگیر یان تاڵان بکەن، هەروەها ئەم سەرکەوتنانە بەردەوام نەدەبوون ئەگەر ئەرکێکی پیرۆز لە پشتیانەوە نەبووایە.

ئایینی ئیسلام بە ڕەهەندە جیهانیی، هەروەها بە لایەنە میتافیزیکییەکەیەوە، نەک هەر ئەفسانەیەکی دامەزرێنەری بە ئیمپراتۆریەتی عەرەبی بەخشی، بەڵکوو فەرمییەت و ئاراستەکردنیشی بۆ ئیمپراتۆریەتی عەرەبی دابین کرد. هێزی سەربازی و ویستی شەڕکردن بە تەنیا بەس نییە بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێک و لە سەرووی هەمووشیانەوە بۆ ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە بۆ چەندین سەدە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. مرۆڤ پێویستی بە بیرۆکەیەک هەیە کە لە ناوەندی ئەم هێزەدا وەستابێ. ئیسلام یازدە بیرۆکەی بەهێزی بە عەرەبەکان بەخشی:

1 - **ملکەچبوون:** موسڵمانان تەنیا کاتێک بەهێز و سەرکەوتوو بوون کە ملکەچی خوا و ویستی ئەو کران.
2 - **باڵادەستی:** موسڵمانان لە گەلانیتر سەرترن و ئیسلام تاکە ئایینی ڕاستەقینەیە.

3- **گشتگیربوون:** ئیسلام ئایینێکی تایبەت بە نەتەوەی عەرەب نییە، بەڵکوو بۆ هەموو مرۆڤێکی جیهانە.

4- **گوێڕایەڵی کوێرانە:** مسوڵمانان فەرمانیان پێکراوە بێ ئەملا و ئەولا گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر و فەرمانڕەواکانیان بکەن.

5- **شەریعەت:** خوای گەورە یاسادانەرە، یاساکانیشی لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکدا ڕاستن و پابەندکەرن.

6- **جیزیا:** "مرۆڤ"ە غەیرە موسڵمانەکان دەبێت ناوچە داگیرکراوەکان بەجێبهێڵن یان لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا بژین و باجی ڕاپرسی بدەن.

7- **جیهاد:** شەڕکردن بۆ ڕێباز و لە ڕێی خودا ئەرکێکە دەبێ هەموو ئیماندارێک بیکاتە پیشەی خۆی. هەموو موسڵمانێک بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سەربازێکە لەناو سوپای بەهێزی خوادا.

8- **ترس:** ترس لە جەهەننەم، لە سزای جەستەیی، لە لادان لە ڕێبازی دین، لە ویژدانی هەموو موسڵمانێکدا بنیات نراوە.

9- **بەهەشتی هەستیاری:** لە ژیانی دوای مردندا ئیمانداران بە خواردن، خواردنەوەی شەراب و ژن پاداشت دەدرێن.

10 - **ڕۆحانیەت:** بۆ ئەو کەسانەی دژایەتی شەڕ و سزای جەستەیی توندیان دەکرد، بزووتنەوەی ڕۆحی سۆفیگەریی لە ئیسلامەوە سەریهەڵدا. سۆفییەکان توانیان ڕوح وەبەر برگە توندوتیژەکانی قورئان بێنن و لەبری ترس لە دۆزەخ بانگەشەی خۆشەویستی خودایییان قاو دەکرد. ئیسلامی عیرفانیی لایەنگرێکی زۆری دۆزیەوە، بەتایبەتی لە قورنەی ئاسیا و ئەفریقا.

11 - **نەرمی و لێهاتوویی گونجاندن:** ئیسلام توانی خۆی لە زۆربەی کولتووره داگیرکراوەکاندا جێگیر بکات، چونکە تا سنوورێکی دیاریکراو توانی خۆی تێکەڵ بە داب و نەریت و جیهانبینی ئەو شوێنانە بکات. تا ئەمڕۆش کۆکراوەیەک لە ئیسلام و شامانیزم"Schamanismus" لە ئەفریقا، لە ئیسلام و کۆنفۆشیۆسیزم"Konfuzianismus" لە چین دەبینین. لە هیندوستان ئیسلام دەستی بەسەر سیستەمی کاستی هیندۆسی نەریتی گرت. تەنانەت ماتریاکیش "Matriarchat" لەناو کۆمەڵگە موسڵمانەکان لە هەندێک ناوچەی ئەندەنوزیادا مایەوە. لەوێ شتێکی ئاسایيە ژن لە ئەرکی ناو کۆمەڵدا بەرپرسن و هاوکاتیش دەتوانن لەگەڵ چەند پیاوێک هاوسەرگیری بکەن.

بیرۆکەی ناوەندیی ئیسلام پەرستشە. وشەی ئیسلام بە واتای ملکەچبوونە لەهەنبەر ویستی خودا. ئەم ئیدەیە لە سوورەی ٦ ئایەی ١٦٢دا دەخوێنینەوە: "بێژە: من نمێژکردنم و پێکهێنانی ڕێوشوێنی حەج کردنم و ژین و مەرگم، بۆ خودایە؛ کە ڕاهێنەری ئەم دنیایە هەر

خۆیەتی." دووەم و گرنگترین بیرۆکەی ئیسلام بریتییە لە قەدرزانینی موسڵمانان و هاوکاتیش لایان ئەرکێکی گەلێك گرنگە. لە سوورەی ٣ ئایەی ١١٠دا دەخوێنینەوە: "ئێوە چاکترین کۆمەڵن "ئومەت" لەناو مردمی دنیادا سەروهەڵدا؛ فەرمان بە چاکە دەدەن و رێ لە نارەوا دەبەستن. باوەڕیشیان بە خوا هەیە. خۆ ئەگەر ئەهلی کتێبیش بڕوایان بهێنابا، بۆیان چاکتر بوو. ئەوانیش ئی وایان تێدا کە بەبڕوان؛ بەشی زۆریش لە ڕێی خودا لایان داوە." بیرۆکەیەکی تری ئیسلام گشتگیربوونی ئەم ئایینەیە. لە سوورەی ٣٤ ئایەی ٢٨دا خودا بە محەمەد دەڵێ: "ئێمە تۆمان هەر بۆیە نارد کە بۆ گش خەڵکی سەرزەمین مژدەدەر و ترسێنەر بی؛ بەڵام زۆربەی ئاپوورەی مەردم نازانن."

بیرۆکەی ئەوەی کە ئیسلام تەنیا پەیامێک نییە کە ئاڕاستەی عەرەب کرابێ، بەڵکوو ئایینێکە بۆ هەموو مرۆڤی جیهان، بۆ کاری میسیۆنەری و پەرەپێدانی ئایینەکە ئیلهامبەخش بووە. دیارە لە زۆرێک لە ئایینەکاندا پرەنسیپی گوێڕایەڵی هەیە بەڵام لە ئیسلامدا کردەوەیەکی ناوەندییە، ئیسلام پرەنسیپی گوێڕایەڵی پەرە پێدا بۆ ئەوەی نەک هەر بۆ خوا و پێغەمبەر، بەڵکوو بۆ هەموو سەرکردە ئایینییەکانی داهاتووش ڕێگا بۆ ویست و فەرمانەکانیان خۆش بکات. هەرچەندە یاسای شەریعەت سزای جەستەیی دڕندانە لەخۆدەگرێت، بەڵام توانیشی سیستەمێکی دادپەروەری سەقامگیر لە ناو موسوڵمانادا جێگیر بکات. مرۆڤی موسوڵمان لە ترسی سزای جەستەیی کۆمەڵگای لە کاتی ئاساییدا گەلێك سڵامەت و ئارام کردبوو. کوشتن یان دزیکردن بە دەگمەن هەبوون. جزییە، واتە باجی ڕاپرسی بۆ غەیرە موسڵمانان، ڕۆڵێکی

چارەنووسسازیشی هەبوو، چونکە ئەم باجە خەزێنەی دەوڵەتی پڕدەکرد؛ لە لایەکی دیکەوە زۆربەیان بوون بە موسڵمان بۆ ئەوەی لەم بارگرانییە دارایيە دوور بکەونەوە.

دواجار "جیهاد" وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکان دێتە ئاراوە کە بەشداریی ڕاستەوخۆی لە گەشەکردنی ئیسلامدا بووە. لە هەموو کولتوورەکاندا بەرگریکردن لە زێدی خۆ ئەرکێکی بەنرخە. لە پەرتووکی قورئاندا چەندین ئایەت هەن کە پاڵنەری موسڵمانانن بۆ شەڕکردن دژ بە بێباوەڕان و لایەنگرانی ئایینەکانیتر. بەڵام لەم ئایەتانەدا بە شەفافی ڕوون نییە ئایا ئەمە شەڕێکی گشتگیرە لە دژی هەموو بێ باوەڕان و لایەنگرانی ئایینەکانیتر بۆ هەموو کاتێك، یان تەنیا ئاماژە بە سەردەمی محەمەد دەکەن. بەڵام بە ئیلهام وەرگرتن لە قورئان، ئیلاهیاتی ئیسلامی شەڕی بەسەر دوو بەش و دوو مەبەستدا دابەش کردووە: **"جیهاد بۆ بەرگری"** و **"جیهاد بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام"**. مەبەست لە جیهادی دووەم واتە شەڕ لەهەنبەر ئەو ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتانەیە کە هێرشیان نەکردۆتە سەر ناوچە موسڵمانەکان، بەڵکوو هەوڵیان داوە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئەو باوەڕە لە ناوچەکانی خۆیاندا بکەن. تەواو ئەم چەشنە لە جیهادە بوو کە یارمەتی ئیمپراتۆریەتی عەڕەبی-ئیسلامی دا بۆ بەدەستهێنانی سەروەت و سامانی گەورە و دەستکەوتی خاکی نوێ. هەروەها دەرفەتێك بە لایەنگرانی نوێی ئیسلامی واتە مرۆڤی مەسیحی، ئێرانی یان بەربەر بدرێ بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە سوپای

موسڵمانان و بەم شێوەیەش بەشداری لە غەنیمەتەکانی شەڕدا بکەن.

لە کۆتاییشدا بیرۆکەی بەهەشتی ئیسلامی وەک پاداشتێک بۆ باوەڕدارانی خواپەرست یان شەهیدە کووژراوەکان دێتە ئاراوە. ئەمەش وا دەکات شەڕکەر بۆ دۆزی خودا خەبات بکا و لە هەر حاڵەتێکدا سەرکەوتوو دەمێنێتەوە. ئەگەر لە شەڕدا سەرکەوت، دەوڵەمەند دەبێت. ئەگەر وەک شەهید گیانی بەخت بکات، دەچێتە بەهەشت و چێژ لە خواردن، شەراب و ژنە جوانە ڕووتەکان وەردەگرێت.

لەو ڕوانگەیەوە بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام ئەم هۆکارانەی هەبووە:

1 - **هۆکاری سیاسی:** تەماحی هۆزە عەرەبەکانی هاشمیی و ئومەوییەکان بۆ بە میراتوەرگرتنی ناوچەکانی بیزانس و ئێران.
2 - **هۆکاری ئابووری:** وشکەساڵی و برسێتی کە عەرەبی ناچار کرد بەرەو بیزانس و ئێران هەنگاو بنێن، پارەی کۆکراوەی جیزیا، غەنیمەتەکانی شەڕ و بازرگانی کۆیلە، بەڵام هیوادارکردنی مرۆڤی غەیرە موسڵمانیش بۆ سوودمەندبوون لەم سامانە.
3 - **هۆکارە تیۆلۆژییەکان:** وێنەی ڕوون و شەفافی خودا، یاسا و ڕێنمایی ڕوون لە ئیسلامەوە بۆ ژیانی ڕۆژانە و جیهاد وەک ئەرکێکی پیرۆزی ئایینی هەروەها

سنووردارکردنی ڕوونی ئیسلام لە ئایینی جوولەکە و مەسیحی.

4 - **بیرۆکەی گەورە:** گشتگیربوون، باڵادەستی و ئەرکی بەجێگەیاندنی ویستی خودا.

5 - **هۆکاری مەعنەوی:** سۆفیگەریی وەک دژە شۆڕشێك دژی یاساکانی جیهاد و شەریعەت.

6 - **هۆکاری کولتووریی:** ئایینی ئیسلام هەوڵی داوە خۆی لە داب و نەریتی ناوخۆیی مرۆڤی ناوچە داگیرکەرەکان گرێدا، باروەریان پێ بکات و ڕێگەی بە خۆی داوە لەلایەن ئەوانەوە باروەری پێ بکرێت. بەم شێوەیە ڕێگەی بە قورنەکانی ئاسیایی و ئەفریقی دا ئیسلام وەربگرن و تێکەڵ بە نەریت و ڕێوڕەسمە ناوخۆییەکانیانی خۆیانی بکەن.

بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە چەند قۆناغدا بەڕێوەچوو. لە باشوور و ناوەندی عەرەبستان ئەم ئایینە نوێیە دوای سەرکەوتنە سەربازییەکانی محەمەد لە دژی هۆزە عەرەبەکان بەسەر نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بڵاوبووەوە. هۆزەکان هەستیان بەوە کردبوو محەمەد دەبێتە بەرەی سەرکەوتوو لە عەرەبستان و لە پەیامەکەیدا نەک هەر ئەگەری ڕازیبوونیان، بەڵکوو شانسی قازانجێکی ماڵیی گەورەیان بۆ خۆیان دەبینی کە لەڕێگەی هێرشکاریی و شەڕ دژ بە ئیمپراتۆریەتەکانی دەوروبەری، واتە ئێرانی و بیزانس دابین دەکرا. ئەم ململانێ و هێرشکارییانە بۆ بەردەوامبوونی ئایینی ئیسلام گەلێك پێویست بوون. دوای

ئەوەی جێگیر بوون، فەرمانڕەواکان لێهاتوویی و پۆتێنسیالی شەڕکەریی هۆزەکانیان بەرەو دوژمنێکی هاوبەش ئاراستە کرد: دوو زلهێزی جیهانی ئێران و بیزانس.

پاشان قۆناغی ئیمپراتۆریەت هاتە ئاراوە کە تێیدا شوێنکەوتوان و لایەنگرانی ئایینی ئیسلام وەک دەسەڵاتێکی داگیرکەر هێرشیان کردە سەر ناوچە نوێیەکان. ئەوەی کە زۆرینەی خەڵک لە ناوچە داگیرکراوەکاندا ئایینی ڕەسەنی خۆیان پاراست، بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی فەرمانڕەوا عەرەبەکاندا بوو، چونکە غەیرە موسڵمانەکان بەشی زۆریان (دیمی"Dhimmi"، یەکتاپەرستی خاوەن پێگەی یاسایی سنووردار) بوون و باجی زیاتریان وەردەگرت. موسڵمان بوونیان بە مانای زیانێکی ناپێویست بۆ خەزێنەی دەوڵەت لە ئەژمار دەهات. تەنانەت داگیرکەرانی عەرەب بە هۆکاری پراگماتیک، مرۆڤی ئێرانی کە سەر بە ئایینی زەردەشت بوون، بە یەکتاپەرست یان مرۆڤی کتێب دادەنا بۆ ئەوەی بتوانن باجی ڕاپرسیان لێ وەربگرن.

سەرەڕای ئەوەش دەرگای موسڵمانبوون کراوە بوو. زانا، فەیلەسوف، وەرگێڕ و شەڕڤانانی بەهرەمەند بەتایبەتی دەیانتوانی بە وەرگرتنی ئایینەکە ببنە بەشێک لە نوخبەی ئیسلامی. هەروەها قەشە و کاسبکاران و چەکدارە کاریگەرەکانی ناو کۆمەڵ بە هاوکاری لەگەڵ حاکمە نوێیەکانی عەرەب توانیان لە ئیمپراتۆریەتی عەرەبیدا درێژە بە ئەرکەکانی خۆیان بدەن بەبێ ئەوەی ناچار بە موسڵمان بوون بکرێن. ئەم فەرمانڕەوا نوێیانە لە

هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕەعیەتەکانیان زۆر لێهاتوو بوون. بە دەگمەن بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵدا دەکردن، بەڵکوو لەبری ئەوە، بۆ کۆکردنەوەی باج و نێوانجیگەری کێشە و ململانێکان لە هێزی ناوخۆیی ناوچە داگیرکراوەکان کەڵکیان وەردەگرت. ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە لە ئەگەری ڕەخنە و گلەییکردندا، ڕەخنەکان ئاڕاستەی دەسەڵاتی ناوخۆیی و پارێزگارەکان دەکران و بەو شێوەیە وەک دەستدرێژکار یاخود بەرپرس هەستیان پێنەدەکرا.

هەروەها بە زیرەکی هێزی نیزامی نوێیان لە هەڵمەتەکانیاندا تێکەڵ دەکرد. بەرپرسیارەتیان بە عەرەبی مەسیحی بۆ داگیرکردنی سوریا و میسر دابوو. سەربازە بەربەرەکان کە ماوەیک پێش لە لایەن عەرەبەکانەوە شکستیان هێنابوو، خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئەرکی داگیرکردنی ئەندەلوس، بە ئازایەتی بۆ بەرژەوەندی عەرەب، بۆ خودا و لە سەرووی هەمووشیانەوە بۆ قازانجی ماڵیی خۆیان شەڕیان دەکرد. بەرپرسی ئەم کاریگەرییە کە وەك تۆپی بەفر هێزی سەربازی بەردەوام گەورەتر دەکردەوە، لە ئەستۆی فەرمانڕواکانی عەرەب بوو. خاکێکی نوێ داگیر دەکرا، هێزێکی نوێیان لەناو خەڵکە داگیرکراوەکان ڕێکدەخست و بۆ داگیرکاریی نویێ کەڵکیان لێوەردەگرتن.

هەروەها ئیسلام بەبێ شمشێریش گەیشتە زۆر شوێن، وەک ئەندەنوزیا و باڵکان و ڕۆژئاوای ئەفریقا. بە شێوەیەکی سەرەکی کاسبکارانی موسڵمان بیرۆکەی ئیسلامی عیرفانیی سۆفیگەرییان

لەم ناوچانەدا بڵاوکردەوە. بە تایبەتی لەم شوێنانە ئیسلام تێکەڵ بە نەریتە ناوخۆییەکان کرا و بەهۆی ئەم هاوژیانییەوە توانی بڵاوبێتەوە.

یەکێک لە گەورەترین شەپۆلەکانی گۆڕانکاری لە مێژوودا تەنیا لە سەردەمی شەڕە خاچپەرستەکانی نێوان سەدەی ١١ و ١٣ ڕوویدا. مەسیحییەکان لە میسر و سوریا بەتایبەتی تا سەدەی ١٠ زۆرینەی مرۆڤی ئەو ناوچانە بوون، بۆ ئەوەی دڵسۆزی و وەفاداریی خۆیان بۆ فەرمانڕەوا موسڵمانەکان بسەلمێنن، ناچار بوون ببن بە موسڵمان. حوکمڕانانی ئیسلامی متمانەیان بە ژێردەستە مەسیحییەکانیان نەبوو و ترسیان لەوە هەبوو کە بەهۆی هاوپەیمانییەک لەگەڵ خاچپەرستانی ڕۆژئاوایی تێکەڵ بن و لە دژی ئەوان شەڕ بکەن. تا هێرشی خاچپەرەستان موسڵمانان وا ڕاهاتبوون خۆیان هێرش کەن و داگیر بکەن. ئێستا پێدەچوو لاپەڕەکە گۆڕاوە و ناوچە ئیسلامییەکان ناچاربوون بەرگریی لە هێرشی مەسیحییەکان بکەن. ئیماندارانی ئیسلامی توڕەیی و نادڵنیایی خۆیان بەسەر کەمینە ئایینییەکاندا دێنا و ئازاریان دەدان. جارێکیتر دەبوو مەسیحی و جولەکەکان جلوبەرگەکانیان نیشانە بکەن بۆ ئەوەی بناسرێنەوە. دروستکردنی کلیسای نوێ قەدەغەکرا و باجی ڕاپرسی لەسەر دیمیەکان"Dhimmis" زیادکرا.

قۆناغی نێوان شەڕی خاچپەرستی یەکەم لە ساڵی ١٠٩٦ و دوایین شەڕی خاچپەرستی لە ساڵی ١٢٩١ ئەو قۆناغە بوو کە

دیمۆگرافیای ئایینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قازانجی ئیسلام گۆڕدرا. موسڵمانبوونی بەکۆمەڵ لە جوولەکە و مەسیحی و زەردەشتیەکان بەڕێوەدەچوو چونکە چیتر بەرگەی بێمتمانەیی موسڵمانان و باجی زۆریان نەدەگرت. تا ئەو کاتە نزیکەی لەسەدا شەستی سووری و میسرییەکان مەسیحی مابوونەوە.

## بەشی پێنج

### لە دەمیشقەوە بۆ بەغدا: عەباسیەکان و ناکۆکی نێوان زانایان سەبارەت بە ئیمان و عەقڵ

دیارە هەموو سەرکەوتنێک باجی خۆی هەیە. هەروەک چلۆن بڵاوبوونەوەی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی لە ژێر دەسەڵاتی ئومەویدا توانی هەندێک ململانێی ناوخۆیی لەناوبەرێ، ئەم خۆبڵاوکردنەوە و گەورەبوونەوەیە درزێکی گەلێك قووڵی لە ئیمپراتۆریەتی گەنجدا بە کراوەیی هێشتەوە. گەلانی وەک بەربەرەکانی باکووری ئەفریقا، ئێرانی، مەسیحییەکانی عێراق، جوولەکەکانی قودس، سوریی، میسریی، کوردەکان و وێستگۆتەکان"Visigothen"[٤٥] لە ژێر دەسەڵاتی ئومەویدا پەراوێز خران و زوڵمێکی زۆریان لێکرا و تاڵان کران. ڕاپەڕین و فیتنەی بەردەوام بوونە هۆی ئەوەی خەلیفەکان بە پارە و زەوییەکی زۆر وەك بەرتیل بە پارێزگار و فەرماندەکانی سوپاکەیان بدەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان لە ناوچەکە بۆ بپارێزن. هەروەها سەرکردە خێڵە دەستڕۆیشتووەکانی عەرەبستان بە پێدانی ئاڵتوون بێدەنگ

[٤٥] وێستگۆتەکان گەلێکی ژێرمانی بوون کە لە ژێر دەسەڵاتی پاشایەتیدا یەکگرتوو بوون کە لە کۆتاییەکانی ئیمپراتوریەتی ڕۆمدا ژیاون .وێستگۆتەکان بۆ یەکەمجار لە باڵکان وەک گروپێکی سەربازی بەربەری دەرکەوتن کە هاوپەیمانی ڕۆمەکان بوون.

کران بۆ ئەوەی لێیان یاخی نەبن. هەموو ئەمانە لەسەر حیسابی غەیرە عەڕەبەکان و باجی ئەوان بەڕێوەچوو. دەبوو لە ڕێگەی باجێکی زۆرەوە پارەی ژیانی لوکسی سەرکردە شەڕخوازەکانی عەڕەب دابین بکرێ.

ئومەوییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر توانیبوویان بە سەرکەوتوویی شەڕ لەگەڵ نەیارەکانیان لە ئیمپراتۆریەتەکەدا بەڕێوەبەرن، چونکە تەنیا سوپای یاخیبووی گۆشەگیرکراو و بەتەنیا مابوونەوە کە هەوڵی ڕاپەڕینیان دەدا، هەروەها لەبەر ئەوەی ئومەویەکان شەڕکەری بەئیمان و زۆرێک لە لایەنگرانی دەسترۆیشتوویان لە پشت بوو بە هەموو توانایی خۆیانەوە بەرگرییان لە ئیمپراتۆریەتەکە دەکرد. بەڵام دوای نەوەد ساڵ درێژەی میرنشینی ئومەوی، هاوپەیمانییەکی نائاسایی سەریهەڵدا: شیعە لە عێراق، ئێرانی لە پارێزگای خوراسان و عەباسی سوننە لە خێڵی هاشمی، هاوپەیمانییەکی پتەویان دژی ئومەوییەکان پێکهێنا.

هاوپەیمانییەکە فەرمییەت و شەریعەتی سیاسی و ئایینی هەبوو. ئەو گەلە ستەملێکراوانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئومەویدا زۆرترین ئازاریان چەشتبوو، خۆیان لەگەڵ هۆزی پێغەمبەر هاوپەیمان کرد، کە دەیانتوانی ئیدیعای ئایینی لەسەر مافی خەلافەت بکەن. ئەوەی لە سەرەتادا وەک ڕاپەڕینێکی بچووک دەهاتە بەرچاو، لە زۆربەی پارێزگاکاندا بووە ڕاپەڕینێکی گەورە لە دژی ئومەوییەکان. تێکەڵاوییەك لە سیاسەت، ناسیۆنالیزم و ئایین زۆرێک لە شەڕکەرانی لە دەوری یەکتر کۆکردبووەوە چونکە

هەموو لایەنەکان حیسابێکی کراوەیان لەگەڵ ئومەویەکاندا هەبوو کە دەبوو یەکلایی بکەنەوە. هەروەها زۆرێک لە مرۆڤی خۆبەخشی ئاسایی لە دانیشتوانی ناوچەکە هاتنە ڕیزی شەڕکەرەکانەوە، چونکە بانگەوازێك بوو بۆ دادپەروەری و تامەزرۆیی ناو کۆمەڵگای ئیسلامی هەروەها پشتیوانیکردن لە خەلیفەیەکی بنەماڵەی پێغەمبەر لەو سەردەمەدا گەلێك بەهێز بوو.

سەربازە یاخیبووەکان لەلایەن شازادەیەکی فارسی شیعە ئەبو موسلیم خوراسانی (٧١٨-٧٥٥) سەرکردایەتی دەکران. هاوپەیمانییەکە توانی پارێزگاکان، یەک لە دوای یەک لە ڕۆژهەڵات داگیر بکات. دواجار ساڵی ٧٥٠ هێرشیان کردە سەر شاری دیمەشق. دوا خەلیفەی خانەدانەکە، مەرەوان ئیبن محمد ناچار بوو هەڵبێت بۆ میسر، دوای ماوەیەکی کەم لەوێ کوژرا. تەنیا شازادەیەک بە ناوی عەبد ئەرڕەحمان ڕزگاری بوو کە لە ڕێگای مەغریبەوە هەڵات بۆ ئەندەلوس. یاخیبووان بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە و لەژێر کاریگەریی مادەهۆشبەرەکان، نەک هەر کۆشک و شوێنی نیشتەجێبوونی میرنشینەکانیان تاڵان کرد، بەڵکوو گۆڕی فەرمانڕەوا ئومەوییەکانیان ڕووخاند و تەرمەکانیان بۆ نمایش لەسەر شەقامەکان دانا. ئەوە یەکەم هاوپەیمانی ئێران و عەرەب و یەکەم هاوپەیمانی سوننە و شیعە بوو لە مێژوودا - هەروەها دوایین هاوپەیمانیش. شیعەکان پێیان وابوو ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خەونی پێکهێنانی دەوڵەتێکی شیعە بۆیان بە ڕاست وەرگەڕێ. بەڵام هەوڵ و هاوکاەیی ئێران و

عێراقییەکان پاداشت نەدرایەوە. عەباسییە سوننەکان وەک ئومەویەکانی پێش خۆیان لەسەر پاساوی ئەوەی بنەماڵەیان دەگەڕێتەوە بۆ مامی پێغەمبەر، العبباس بن عبد المتەلب، ئیدیعای دەسەڵاتی بە تەنیایی خۆیان کرد. خەلافەتی نوێ لەژێر ناوی "ئیمپراتۆریەتی عەباسی" بە خەلیفەی یەکەم درا.

پیاوە نوێیەکەی لوتکەی خەلافەت، ئەبو عەباس بوو کە تا ساڵی ٧٥٤ لە دەسەڵاتدا مایەوە، بە دەستێکی ئاسنین حوکمڕانی دەکرد کە نازناوی ئەس سەففای"as-Saffah" پێدرا کە بە مانای "خوێنڕێژە". دیارە لەسەر ویستی خۆی و پێویستیشی بەوە هەبوو هێزی خۆی نیشان بدات و بەردەوام دووری لە هەموو ئەو کەسانە بکات کە سوودیان لە ئومەوییەکان وەرگرتبوو یان پشتگیریان کردبوون.

وەك دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئیمپراتۆریەتی عەباسی، برا و جێنشینی خۆی ئەلمەنسووری دەسەڵاتی بەدەتەوە گرت کە لە ساڵانی ٧٥٤ تا ٧٧٥ حوکمڕانی کردووە. ئەلمەنسووری ستراتژیستێکی لێهاتوو بوو، حەزی لە فەلسەفە و زانست بوو و پێتەختێکی نوێی هەڵبژارد کە لە سەردەمی ژیانیدا بوو بە شارێکی جیهانی: "بەغدا". بەڵام بۆچی بەغداد؟ یەکەم: لەبەر ئەوەی دیمەشقی پێتەختی ئومەوییەکان لە نزیکیەوە بوو، دووەم: لەبەر ئەوەی فارسە ناهومێدەکان کە هێشتا هیوایان بە دامەزراندنی دەوڵەتی شیعەی خۆیان هەبوو و لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتدا کێشەیان دروست دەکرد، شاری بەغدا لە ڕوانگەی

ستراتتیژییەوە بۆ چاوەدێریکردنیان گەلێك گونجاو بوو. خەلیفە سیستەمێکی بەرزی زانیاریی دامەزراند و وەک هۆشدارییەک بۆ هەموو یاخیبوویەکی ئەگەریی، ئەبو موسلمی خوراسانی لەسێدارە دا، سەرەڕای ئەوەی بەبێ یارمەتی ئەو و هاوپەیمانییەکەی دژی ئومەوییەکان هەرگیز سەرکەوتوو نەدەبوو.

## ئیبن ئیسحاق و یەکەمین خوڵقێنەری "ڕۆمانی محەمەد"

بەو پێیەی خەلافەتی نوێی ئیسلامی، ژیانی پیشەیی خۆی لەسەر بنەمای شەرعیەتی ئاینی دانابوو، ئیمپراتۆریەتی نوێ پێویستی بە ئاراستەیەکی نوێی تیۆلۆژی هەبوو. ئومەوییەکان پێشتر پێشدەستیان کردبوو، قورئانیان نووسیبۆوە و مزگەوتی شایستەیان بە دروستکردن دابوو. ئەوەی هێشتا لە سەردەمی ئەواندا بوونی نەبوو، ژیاننامەیەکی یەکگرتووی پێغەمبەر بوو کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی چیرۆکەکەی بە شێوەیەکی سۆزادارانە بگێڕێتەوە.

نوخبەی سیاسی نوێ لە بەغدا نەک هەر پێویستیان بە ژیاننامەی پێغەمبەر هەبوو، بەڵکوو بۆ بەرژەوەندیی خەلافەت بە کارێکی گەلێك پێویست دادەنرا و بۆ نووسینی هاندەری تایبەتی لە پشت بوو. مەبەست لێی جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی هۆزەکەیان وەک بنەماڵە و لایەنگرانی محەمەد هەروەها دابینکردنی بناغەیەکی ئاینی بەهێزتر بۆ سەلاسەی عەباسییەکان و بۆ خەلافەتەکەیان بوو. ئەلمەنسووری زانای حەدیس ئیبن ئیسحاقی ڕاسپارد کە چیرۆکی پێغەمبەر بنووسێتەوە. کارێکی تارادەیەك ئاڵۆز، چونکە ناوەڕۆکی قورئان بە دەگمەن زانیاریی لەبارەی ژیانی پێغەمبەرەوە تێدابوو، شایەتحاڵانی هاوچەرخ لە

ژیاندا نەمابوون، هەروەها نەریتە زارەکییە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە ژیانی پێغەمبەر نەدەتوانرا پشتڕاست بکرێنەوە. بەڵام داواکاریی خەلیفە فەرمانێک بوو دەبوو جێبەجێ بکرێ.

ئیبن ئیسحاق لە بنەماڵەیەکی مەسیحییەوە هاتبوو کە لە کاتی داگیرکارییەکانی عەرەبدا لە عێراق بەدیل گیرابوو، کرابووە کۆیلە و بە ناچاری سەری بۆ ئاینی ئیسلام دانەواندبوو و ببوو بە موسڵمان. لە سەردەمی ئومەویەکاندا کەسانی وەک ئەو بە هاوڵاتی پلە دوو دادەنران و شانسی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کەمیان هەبوو. بەڵام عەباسیەکان لێزانتر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ڕەعیەتەکانیاندا دەکرد. هەرکەسێک زانستێکی بوایە یان بیتوانیبا کارێك بکات، شانسی ئەوەی هەبوو لێهاتووییەکانی خۆی نیشان بدات. بۆ ئیبن ئیسحاق، داوای خەلیفە پڕۆژەی ژیان و شانسێکی باش و حەیاتی بوو بۆ بۆ دەرچوونی بنەماڵەکەی لەژێر سێبەری مێژووی کۆیلایەتی. ئەو دەشیزانی ئەگەر خۆی بەو چیرۆکانەی کە بە ڕاستەقینە دادەنرێن سنووردار بکات، ژیاننامەی محەمەد لە چەند لاپەڕەیەک زیاتر تێپەڕ نابێت. هەروەها دەیزانی کە خەلیفەی عەباسی دەیەوێت لەم چیرۆکەدا نەک هەر پێغەمبەر بەڵکوو هۆزی هاشمیش بە شەفافییەکی باش و شێوازێکی ئەرێیی نیشان بدرێ و گوێبیستی ئەو گێڕاوەیە بێ کە لە بەرژەوەندیی بنەماڵەکەیاندایە. بۆیە ژیاننامەیەکی بە مانا مێژوونوسیی یاخود لە پێناو ڕاسەقینەی مێژوویی نەنووسیوە، بەڵکوو ڕۆمانێکی لەسەر محەمەد نووسی، چیرۆکێکی پڕ لە ڕوودای ڕۆمانتیکی خولْقاند و تاجی سەرکەوتنێکی مەزنی لەسەر دانا.

لەو ڕۆمانەدا هۆزی هاشمی کە عەباسییەکانیش دەگرێتەوە، بێ وێنە و شەریف وێنا دەکرێن، لە کاتێکدا ئومەوییەکان وەک دوژمنی خیانەتکاری پێغەمبەر دەخرێنە بەرچاو. هەروەها ئیبن ئیسحاق بە وردی ئاگاداری ئەو هەڵسوکەوتانە بوو کە لە دەرباری خەلیفە ڕوویان دەدا و بە زیرەکییەوە لە چیرۆکەکانی ژیانی پێغەمبەرەوە پاساوی بۆ گەلێك ڕووداو دۆزییەوە بۆ ئەوەی شك لە هەڵسوکەوتی نەکرێ، بەتایبەت هاوسەرگیری لەگەڵ عائیشەی شەش ساڵان یان ئەوەی لەگەڵ زەینەب بنت جاحش"Zeinab bint Dschahsch"، واتە بووکەکەی خۆی کردی.

"کتێبی مەزن"ی ئیبن ئیسحاق لە سێ بەش پێکهاتبوو. "سەرەتا"ی کتێبەکە ئینجیل وەبیر مرۆڤ دەهێنێتەوە و باس لە خوڵقاندنی جیهان دەکات تا دەگاتە سەرهەڵدانی محەمەد. پاشان لە ڕەچەڵەکی بنەماڵەیی محەمەدەوە دەستپێدەکات و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای خوڵقاندنی مرۆڤایەتی، واتە ئادەم. گێڕانەوەکە لە دووگیانبوونی دایکیەوە دەست پێدەکات، هەروەها لەو نیشانە ئاسمانییەی گۆیا لە کاتی دووگیانبوونیدا لەسەر محەمەد بینیویەتی، تا دەگاتە ئەو پێشبینیانەی هاوڕێیانی شایدحاڵی لەدایک بوونەکەی بوون. ئەم چیرۆکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش مەریەم و عیسا وەبیر مرۆڤ دەهێنێتەوە.

هەرچەندە قورئان باس لەوە دەکات کە محەمەد پەرجۆی نەبووە، بەڵام ژیاننامەی ئیبن ئیسحاق پڕە لە حیکایەتی پڕ لە ڕووداو و کردەوەی چەشنی پەرجۆ:

"دەبێ لە گەشتێکی لە مەککەوە بۆ مەدینە تاکە هەورێک هاوڕێی پێغەمبەر بووبێ بۆ ئەوەی لەناو بیابانی گەرمدا سێبەری بۆ دابین بکات."

"کاتێک لە ئەشکەوتێکدا لە ترسی دوژمنەکانی خۆی حەشاردابوو، جاڵجاڵۆکە بە تۆڕێکی چندراو دەرگای چوونە ژوورەوەیان پاراستووە و کۆترێک هێلکەکانی لەوێ داناوە."

"محەمەد پیرەژنێکی بینیوە کە بزنێکی پیری پێبووە و شیری نەداوە، بەڵام کاتی محەمەد دەستی لە سنگی بزنەکە دەدات، دەستدەکا بە شیردان."

"کاتێک حاجیان دوای گەشتێکی دوور و درێژە بەناو بیابانێکدا ئاویان لێ تەواو بووە، محەمەد دەستی خستۆتە ناو دەفرە ئاوەکەیانەوە و وەک کانییەک دەستی کردوە بە ئاو لێهەڵقوڵان – هەر وەک مووسا کە بووە هۆی ئەوەی ئاو لە بەردێکەوە بڕژێتە خوارێ."

" دەڵێ قاچی پیاوێکی نەخۆشی چاک کردۆتەوە و لە چەند دەنکە خورمایەك کۆگایەکی گەورەی خورمای لێ ساز کردووە، کە دەکرا لەشکرێکی پێ تێر بکرێ."

ئەم چەشن چیرۆکە خەیاڵییانە و هاوشێوەییان لەگەڵ چیرۆکەکانی عیسا وەکوو هێڵێکی سوور بەناو کتێبەکەیدا دەڕوات، هەروەها زۆربەی گێڕاوەکان بە گشتیی لەسەر بنەمای پێکهاتەی ئینجیلی مەتیووس "Matthäusevangeliums"،

وەسیەتنامەی کۆن واتە (تەوڕات) و وەسیەتنامەی نویٚ (ئینجیل) هۆنراونەتەوە.

هەروەها لە ژیاننامەکەی ئیبن ئیسحاقدا تووشی یەکەم باسی نووسراوی وردی سەفەری شەوانەی محەمەد بۆ قودس لەسەر پشتی ئەسپێکی باڵدار و گێڕانەوەی فڕینی بۆ بەهەشت دەبینینەوە. ئەفسانەی بەرزبوونەوە لە ڕێگەی پلیکانێکەوە بۆ بەهەشت لە چەند کولتوورێکی پێش محەمەدیش بۆ مرۆڤ ناسراو بووە. سەرچاوەیەکی ئەگەری ئەم چیرۆکە دەتوانێت ئەفسانی خوڵقاندن "Genesis" ٢٨: ١١-١٧ بێت. بەپێی چیرۆکی ئینجیل، یاقوب لەکاتی هەڵاتن لە بەعێرشێڤا "Be'er Scheva" بۆ حەران"Harran"، لە خەودا پلیکانێکی بینیوە کە لە زەویەوە بەرەو ئاسمان(بەهەشت)بەرز بۆتەوە. لەسەری فریشتەکان دەبینێت کە بۆ سەریٚ و خوارەوە لە هات وچۆدان، خوداش لەسەروی هەموویانەوەیە. هەروەها گێڕاوەیەکی کۆنتر بۆ "فڕینی شەوانە"ی بۆ قودس هەیە. لە کتێبی (ئاڤێستا) یان نووسراوەی پیرۆزی زەردەشتیەکانیشدا، زاراتوسترا واتە زەردوشت لەسەر پشتی باڵندەیەکی گەورە بەرەو ئاسمان دەفڕێت.

ئەوەی کە ئەم دوو چیرۆکە ڕێگەی خۆیان بۆ ناو ژیاننامەی ئیبن ئیسحاق دۆزیوەتەوە، دەکرێت هۆکارەکەی ئەوە بێت کە زۆرێک لە ئێرانی و مەسیحییەکان لە بەغدا لەو سەردەمەدا مشتومڕیان لەگەڵ موسڵمانان دەکرد کە محەمەدیان لەگەڵ عیسا یان زەردەشت هەڵدەسەنگاند. ئەوەی پەیوەندی بەو چەشن

پەرجۆیانەوە بێ، لە ڕوانگەی لایەنگرانییەوە نەدەبوو پێغەمبەر لە عیسا، مووسا یان زەردەشت بە کەمتر دابنرێ.

دوو بەشەکەیتری کتێبەکەی ئیبن ئیسحاق، واتە "پێکهاتن" و "هێرشکاریی"، باس لە سەردەمی محەمەد لە مەککە و هەڵمەتەکانی قۆناغی مەدینە دەکەن. باس لەسەر شەڕەکانی پێغەمبەر و کارە قارەمانەکانی سوپاکەیەتی. ڕەنگە لێرەدا زیاتر کەوتبێتە ژێر کارتێکەریی مێژوونووسانی ئێرانی سەبارەت بە پاشاکانی ساسانی و شەڕەکانیان، هەروەها چیرۆکە پڕوپاگەندەییەکانی سەلاسەی ئومەوی.

ئیبن ئیسحاق هێندە ژیر بوو کە تێگەیشتبێت ئەم ژیاننامەیە دەبێ بۆ ئەرکی جیاواز لە خزمەت سەلاسەی عەباسی، موسڵمانەکان و مرۆڤی غەیرە موسڵماندا بێت. ئەو بە ئاگاییەوە ئەو بەرهەمەی بە بەرە جیاوازەکان دا، کە گوێبیستی بوون، پێویستییان پێی بوو و شانازییان پێوەدەکرد. بۆ ئەوانەی لە دەسەڵاتدا بوون، پەیامێك بوو بۆ سەرچاوەگرتنیان لە خێڵێکی ئەفسانەیی هەروەها میراتگری شەرعی پێغەمبەرێك بوون کە کامیل و تەواو بوو و هیچ کەموکوڕییەکی نەبوو. پەیامەکە بۆ مەسیحییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکە وێنای دەکرد کە محەمەد دەتوانێت نموونەی وەك عیسا بێت کاتێک باس لە پەرجۆ و فڕین بەرەو بەهەشت دەکرێت. هەروەها پەیامی بە ئێرانییەکان کە هێندە شانازییان بە پاشا کۆنەکانیان و شەڕە

سەرکەوتووەکانیانەوە هەبوو، دەدا، کە پێغەمبەری وەک سەرکردەیەکی سەرکەوتوو پێشکەش دەکرد.

کاتێک ئیبن ئیسحاق بەرهەمەکەی پێشکەش کرد کە بەپێی هەندێک سەرچاوە دەبێ بەشی چوارەمیشی هەبووبێ "کتێبی خەلیفەکان"، ئەلمەنسوور بە گێڕاوەیەکی گەلێك درێژی داناوە و کتێبەکەی کورت کردۆتەوە. لەبەرئەوەی هیچ کام لە بەشەکان بە شێوەی ڕەسەنی پێشووی خۆیان لەلایەن نووسەرەوە نەپارێزراون و لەبەر دەستدا نین، مەحاڵە تێبگەین لە کام شوێن خەلیفە قەڵەمی سووری خۆی بەسەردا هێناوە. بەڵام لە بەرهەمە بەردەستەکانی نووسەرانی دواتر دەتوانین بڵێین ئیبن ئیسحاق لە هاوسەنگکردنی پێداویستییەکانی ڕۆحی گەل و داخوازیی زانایان و بەرژەوەندییەکانی حاکمانی بەغدا سەرکەوتوو بووە. دەرئەنجامەکەی تێکەڵەیەک لە چیرۆکە سەرقاڵکەر و ئەفسانە کۆنەکانە بە جلوبەرگێکی نوێوە، کە بە ڕێکوپێکی تا ڕادەیەک کرۆنۆلۆژی ئەو سەردەمە دەگێڕێتەوە. ژیاننامەیەک کە لەسەر نەریتی چیرۆکی ئینجیل و مێژووی شەڕەکانی ئێران هەروەها چیرۆکە عەرەبییەکان پێکهاتووە. جێی سەرنجە ژیاننامەی محەمەد و کۆمەڵە چیرۆکی "هەزار و یەک شەو" هاوکات لە بەغدا نووسراون و بڵاوکراونەوە.

بەرهەمەکەی ئیبن ئیسحاق دوای ١٣٠ ساڵ پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر نووسراوە و گرنگترین سەرچاوە بۆ نووسینی ژیاننامەکانی دواتری بووە. هەرچەندە هاوکات هەندێک ڕەخنەی

تیژ لە میتۆدۆلۆژیا و نادڵنیابوون و گومان لە سەرچاوەکان هەبووە؛ تەنانەت هەندێک لە زانایان بە "شارلاتان" تۆمەتباریان کردووە. سەرەڕای ئەوەش، "کتێبی مەزن" لە وەشانەکانی دواتردا کە پێداچوونەوەیان بۆ کراوە و کۆمێنتیان لەسەر نووسراوە، وەک ژیاننامەی فەرمی محەمەد سەلمێندراوە و تا ئەمڕۆش لە دارشتن و نیشاندانی وێنەی پێغەمبەر بەردەوامە.

هەوڵەکانی هەندێک لە چاکسازیخوازان بۆ تێکدانی هەردوو نەریتی حەدیس و ژیاننامەی پێغەمبەر تا ئێستا بەهۆی دامەزراوەی ئایینی کۆنەپەرستانی وەک ئەلئەزهەر لە میسر و توندڕەوەکانیتری ئۆرتۆدۆکسیی ئیسلامیی شکستی هێناوە. ئەمەش گەلێك پێویست بوو، چونکە نەک هەر فەرمانەکەی ئەلمەنسوری بۆ نووسینی کتێبەکە و بەرژەوەندی خۆی، بەڵکوو زانایانی دواتریش لە قوتابخانە جیاوازەکانی ئایینی ئیسلام بۆ بەفەرمی کردنی هەڵسوکەوت و ئامانجەکانی خۆیان گۆڕانیان بەسەردا هێناوە. بۆ نموونە مێژوونووس ئیبن هیشام " Ibn Hischām" لە پێشەکیی وەشانی خۆیدا سەرەتای سەدەی نۆیەم باس لەوە دەکات کە هەموو ئەو چیرۆک یان شیعرانەی ئاماژە بە ناوی پێغەمبەر نەکراوە وەك شتی "شەرمەزار کەر" یان "سووکایەتی" بە شێوەی ناڕاستەوخۆ باسی لێوە کراوە، لابردراون و قرت کراون.[٤٦]

---

[٤٦] Ibn Hischām: as-sīra an-nabawiyya, S. ١٦ ff.

خۆشگوزەرانی، تولەڕانس و لێبوردەیی ڕێژەیی بەرامبەر بە مەسیحی، ئێرانی، جوولەکە و سەرقاڵبوونی چڕ بە بەرهەمەکانی دێرین لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی عەباسیدا، چوار دژە شۆڕشی نەخوازراوی لەهەنبەر ئیسلامی کلاسیک وەڕێخست: **شۆڕشێکی ئیلاهیاتی** کە فام و عەقڵی بە باڵاترین دەسەڵات لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەقە ئاینییەکان ڕاگەیاند. **شۆڕشێکی زانستی** کە چیتر مرۆڤ بە ڕوونکردنەوەی ئاینیی لەسەر خوڵقاندنی جیهان ڕازی نەبوون. **شۆڕشێکی فەلسەفی** کە لە دەرەوەی تەوەری میتافیزیک بە دوای "ڕاستی" ژیاندا دەگەڕا. هەروەها **شۆڕشێکی ڕۆحی و عیرفانیی** کە ڕووی خۆی لە ئایینێکی بەرژەوەندخوازی سیاسی وەرگێڕاند کە ڕۆحانیەتی پشتگوێ دەخست. دەکرا ئەم قۆناغە هەڵچوونە سەرەتای خوڵقاندنی ڕۆشنگەرییەکی ئیسلامی بایە. نیشانەکان لەو سەردەمەدا بۆ پێکهاتنی قۆناخێکی ئەوتۆ گەلێك لەبار بوون.

بەڵام بەپێچەوانەی سەردەمی ئومەوییەکان، ئێرانی، مەسیحی و جوولەکەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی ئازادییەکی ڕادەییان هەبوو، و وەک پیشەوان، کارمەند و وەرگێڕ کاریان دەکرد. زانایانی ئایینی موسڵمان بۆ مشتومڕ سەبارەت بە

سروشتی خودا و ئیمانی ڕاستەقینە گەلێك کراوە بوون. زۆرێک لە حاکمانی عەباسی تامەزرۆییان بۆ زانیاریی هەبوو، بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی فەیلەسوفە یۆنانیەکانیان دەخوێندەوە و حەزیان لە بیرکاری و زانست بوو. ئەلمەنسووری پێشتر کتێبخانەیەکی گەورەی لە کۆشکەکەیدا دروستکردبوو و پڕیکردبوو لە کتێبی جۆراوجۆری زانایانی جیهان. یەکێک لە جێنشینەکانی ئەکادیمیایەکی دامەزراند و ناوی لێنابوو دار ئەلحیکمە، واتە شوێنی حیکمەت. لێرەدا دەیان شارەزا کە زۆربەیان مەسیحی و جولەکە بوون، کاریان لەسەر وەرگێڕانی بەناوبانگترین بەرهەمەکانی دێرین لە زمانەکانی یۆنانی، ئارامی و فارسیەوە دەکرد. مەبەستی زانستیی یەك لە هۆکارەکانی دامەزرانی ئەو ئاکادێمییە بوو. هەروەها لە کۆشکی خەلیفەدا مشتومڕ لەنێوان زانایانی ئیلاهیاتی موسڵمان، جولەکە و مەسیحی سەبارەت بە ئایینی ڕاستەقینە بەڕێوەدەچوو و باس و دیالۆگیان لەسەر دەقی بیرکاری، فەلەکناسی، پزیشکی و بۆچوونی فەیلەسوفە بەناوبانگەکان دەکرد.

هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ئیمپراتۆریەتەکە خۆشگوزەرانی ئابووری و پەرەسەندنی کولتووری بەدوای خۆیدا بێنێت، کە لە سەردەمی خەلیفەی پێنجەم، هارون ئەرڕەشید (٧٨٦-٨٠٩) گەیشتە لوتکەی بەرزی خۆی. ئیمپراتۆریەتی عەرەبی لە جیهاندا گەورەترین و مۆدێرنترین بوو؛ پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ هیندوستان و چین پاراست، لەوێشەوە زانیاری لەسەر بەرهەمهێنانی کاغەز هەر لە سەدەی هەشتەمەوە

گەیاندبووە نیمچە دوورگەی عەرەبی. هەروەها ئاڵوگۆڕێکی زیندوو لەگەڵ ئورووپادا بەڕێوەچوو، بەتایبەتی لەگەڵ حاکمی فرانکەکان کارلی مەزن"Karl dem Großen"(٧٤٢-٨١٤ دوای زایین).

بەغدا تەنیا ناوەندێکی تەلارسازی شایستە نەبوو، بەڵکوو لە بواری مۆسیقا، فەلسەفە، پزیشکی، بیرکاری هەروەها ئاشپەزیی "چێشتلێنان" پێشەنگ بوو. زۆرێک لەو دەستکەوتانە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرانییەکان کە لە سەردەمی خۆیاندا لەلایەن زانایانی ئایینی زێدەڕۆی موسڵمانەوە بە "کافر" ناویان دەبردن. بیرکار و فەلەکناسی ئێرانی ئەلخوارەزمی (٧٨٠-٨٥٠) کە شۆڕشێکی مەزنی لە بواری بیرکاریدا بەڕێوەبرد، بە مرۆڤێکی زەردەشتیی دەناسێندرا. هەروەها جابیر کوڕی حەیان " Dschābir ibn Hayyān" (٧٢١-٨١٥) کە بە "باوکی کیمیای عەرەبی" دادەنرێت و یەکەم کەس بووە هەوڵی پۆلێنکردنی توخمە کیمیاییەکانی داوە، بە کافر ناوزەد کراوە، چونکە زانا ئایینیەکان زانستی کیمیاییان لە کردەوەدا بە دەستێوەردانێک لە خوڵقاندنی خودایی دادەنا.

فەیلەسوف و مۆسیقاژەنی ئێرانی ئەلفەرابی لە سەرەتای سەدەی دەیەمدا لە بیرۆکە ئیسلامییەکان سەبارەت بە بنەمای حوکمڕانی و ئومەت دابڕا، هەروەها تووشی ڕەخنەی زانایانی ئیلاهیاتی کۆنەپەرست بۆوە. بە چاولێکەری لە (پۆلیتیای ئەفلاتون) یۆتۆپیایەکی سیاسی بۆ دەوڵەت دارشت کە بە

مەعریفە و عەقڵی فەلسەفی بەڕێوە دەچوو. لەوێدا نەک پێغەمبەر، بەڵکو فەیلەسوف دەبوو لە سەرەوە بێت، چونکە تەنیا ئەو دەیتوانی لە ڕێگەی پشکنینی لۆژیکییەوە بە شێوەیەکی عەقڵانی ڕێنماییەکان پشتڕاست بکاتەوە.

هەروەها لە سەدەی دەدا زانایەکی ئێرانی ناسراو لە ئورووپا لەژێر ناوی ئەلحازن "Alhazen" (٩٦٥-١٠١٤) (لە ڕاستیدا ئیبن ئەلحەیثم) بەتایبەت لە بواری بینایی لە تیۆریی زانستیدا ناوی خۆی تۆمار کرد. تا ئەو کاتە وا باو بوو، تەنیا لە ڕێگەی پراکتیکی لۆژیکییەوە دەکرا دەرەنجامی زانیاری بەدەست بهێنرێت - هەروەها لە ڕێگای تاقیکردنەوە، ئەگەر ئەو کارە بکرایە – بۆ مەبەستی شەفاف بوون و وێناکردنی تیۆرییەکان. ئەلحازن دۆخەکەی وەرگەڕاندەوە و سەرەتا تاقیکردنەوەی بەڕێوەبرد و لەسەر ئەزموونی شەفافبوونی ئەم تاقیکارییانە تیۆریی خوڵقاند. ئەم گوتەیەی خوارەوە لە ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەتوانرێت نەک هەر بۆ زانست، بەڵکوو بۆ هەموو چەشنەکانی بەدەستهێنانی زانست بەکاربهێنرێت: "هەرکەسێک بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت، پێویستە تەنیا متمانەی بە عەقڵییەتی هەبێت و گومان لە هەموو ئەو شتانە بکات کە لە لایەن زانایانی ئایینییەوە نووسراوە. تەنانەت پێویستە مرۆڤ گومانی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆشی بکات بۆ ئەوەی لە ئاسانکاری و پشتڕاستکردنەوەی هەڵەکان دوور بکەوێتەوە. گەڕان بەدوای ڕاستەقینە دەبێت لە پێناو ڕاستییەکاندا ئەنجام بدرێت. گەڕان بەدوای حەقیقەت ئەو کارە نییە کە نووسینی پێشینەکان

بخوێنێتەوە و کوێرکوێرانە متمانەیان پێ بکەیت، بەڵکوو ئەو کارەیە کە مرۆڤ بتوانێ باوەڕی خۆی پشتگوێ بخات و لە خۆی پرسیار بکات لەڕاستیدا ئەوان چییان بۆ کردووە؟ نابێ کوێرانە متمانە بەو کەسە بکەی کە سروشتی پڕ بێت لە کەمی و ناتەواویی."[٤٧]

بەهۆی ئەو چەشن بیرکردنەوە، ئەویش لەلایەن زانایانی ئایینی سەردەمی خۆیەوە بە کافر ناسێندرا. چارەنووسێک کە لەگەڵ مرۆڤێکی بێشوماری دیکە هاوبەشی کرد، ئەو مرۆڤانەی بەبێ تێڕوانین و دەستکەوتەکانیان جیهانی مۆدێرنی ئەمڕۆیی بیری لێنەدەکرایەوە. مامۆستا و ڕاهێنەرانی وەك ئەو مرۆڤانە - بەبێ گوێدان بە باوەڕ و ئیمانیان – بۆ نیشاندانی لێهاتوویی لێکۆڵینەوەکەیان، بەسترابوونەوە بە حاکمانی ناو کۆشکی خەلیفەکان. ئەوان پشتگیریان لە شۆڕشی مەعریفە کرد و بە کردنەوەی کتێبخانە گەورەکان بەڕووی خەڵکدا ڕێگەیان بە مرۆڤ دا بەشداری تێدا بکەن. تەرکیز تەنیا لەسەر ئایین نەبوو، بەڵکوو زیاتر لەسەر لێبوردەیی و پراگماتیزم بوو بۆ پێشخستنی ئیمپراتۆریەتەکە. ئەمەش بە نامەیەکی خەلیفە هارون ئەرڕەشید کە بۆ کارلی مەزنی نووسیوە، دەسەلمێنرێت. نامەکە پەیوەندیی بازرگانی و هاوپەیمانی سیاسی بووە، نەک ئیمانداریی. خەلیفە کاتژمێرێکی ئاویی گەلێك ورد کە کارێکی هونەری بووە و فیلێکی بە ناوی ئەبو ئەلعەباس پێشکەش بە پاشای فڕانکەکان دەکات،

[٤٧] Ibn al-Haitham, al-Hassan: al-shukuk ala batlaimos, S. ١٢

هەرچەندە دەوترێت فرانکەکان زیاتر سەریان لە وردبینی کاتژمێرەکە سوورِ مابوو نەک لە فیلە پێست ئەستوورەکە. دیارە کارل و هارِوون ئەلرِەشید دوژمنی هاوبەشیان هەبوو: بیزانسی مەسیحی و ئیمپراتۆریەتی موسڵمانان لە ئەندەلوس، کە تاکە وڵات بووە کە لە ژێر دەسەڵاتی عەباسیدا نەبوو. چەندین جار هاوپەیمانییان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتەکانی مەسیحی دروست کرد بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان لە دژی ئەو موسڵمانانە دووپات بکەنەوە کە هەرِەشەیان لە دەسەڵاتەکەیان دەکرد. تەنانەت ئەگەر ئەم پەیوەندیانە تەنیا کاتیش بووبن، زانایانی کۆنەپەرستی ئاینی وەک خراپەیەکی بەقەرا بازدانێکی کوانتەمی زانستی یان رِووداوەکانی دەرباری خەلیفەی بەغدا دەیانبینی چونکە شارەکە بە یاسای شەریعەت بەرِێوە نەدەچوو، پێشبرِکێکانی سەما و گۆرانی و مەی و شیعر کە تەنانەت تێیدا رِەخنە لە پێغەمبەریش دەگیرا بەشێک بوون لە ژیانی رِۆژانەی خەڵکی.

## قوتابخانەی یاسایی ژێر

لە ئورووپا، هارون ئەررەشید کەمتر وەک هاندەری زانست و فەلسەفە ناسراوە، بەڵکوو بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی کۆمەڵە چیرۆکەکانی "هەزار و یەک شەو"ەوە دەیناسن. لەوێدا ئەو وەک قارەمانێکی شەهوەتبازی ژنان وێنا دەکرێت کە لەگەڵ ٢٠٠٠ ژنی کۆیلە کاتێکی خۆشی سێکسی بەسەر دەبات. دیارە ئەم کارەی بە زێدەڕەوییەوە وێنا کراوە، بەڵام ناوکێکی بەهێزی مێژوویی خۆشی هەبووە، چونکە لەگەڵ گەورەبوونەوەی ئیمپراتۆریەتەکە و یاسای ئیسلامی کە ژنی سەربازە دۆڕاوەکان وەک غەنیمەتێکی شەڕ سەیر دەکران، کۆیلەیەکی زۆر لە ئیمپراتۆریەتی عەباسی کۆببوونەوە. خەلیفە دوو ژنی دڵخوازی خۆی هەبوو: ژنێکی عەرەب کە کوڕێکیان بە ناوی ئەلئەمین "al-Amīn" هەبوو و کۆیلەیەکی فارسیش کە کوڕێکی هاوبەشیان بە ناوی ئەلمەعموون "al-Maʾmūn " هەبوو. ململانێی دەسەڵاتی دواتری نێوان ئەو دوو برایە نزیک بوو خەلافەت دابەش بکات. بەڵام دوای چوار ساڵ شەڕی ناوخۆ، ئەلمەعمون توانی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت. خەلیفەی حەوتەمیش هاوشێوەی باوکی دۆست و لایەنگری زانست بوو. بەڵام ناچار بوو دەستی پارێزەری خۆی زۆر بەهێزتر بەسەر فەیلەسوف و پۆلیماتەکاندا بهێڵێتەوە، چونکە دژە شۆڕشێکی تیۆلۆژی لە سەردەمی ئەودا بەڕێوەچوو.

له ئیسلامی سوننەدا چوار قوتابخانەی یاسای ئایینی جیاواز هەیە، هەموویان کونزێرواتیف یاخود کۆنەپەرستن، چونکە فەزایەکی کەم بۆ لێکدانەوەی قورئان یان حەدیس دەهێڵنەوە. کۆنەپەرسترینیان قوتابخانەی یاسای سوننەی حەنبەلییە. ئەم قوتابخانە ئایینییە لە سەدەی نۆ لە بەغدا لە لایەن ئەحمەدی کوڕی حەنبال (٧٨٠-٨٥٥) دامەزراوە و ڕوانگەی فەلسەفەی سەرلێشێواندنی باوەڕداران و شێواندنی ئیلاهیاتی ئیسلامی ڕەسەنی پیشە کردووە.

بۆ بیرخستنەوە: یەکەم هەوڵی ئایینی ئیسلامی لە سەردەمی ئومەویدا ئامانجی شەرعیەتدان و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەیان بوو. لە سەرەتای سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا، مەبەستی ئایینی نوێ، پاساوی شۆڕشی دژ بە ئومەوییەکان و نیشاندانی حاکمە نوێیەکان وەک میراتگری شەرعیی ئایینەکە بوو. لە قۆناخی ئاژاوەگێڕیدا، ئیلاهیاتی ئیسلامی سەرقاڵی بەرگریکردن و جیاکردنەوەی ئیسلام لە ڕەخنەی مەسیحی، ئێرانی و جوولەکەکان بوو. هەروەها لە سەردەمی مشتومڕە گەورەکانی فرە ئایینیدا، ئیلاهیناسەکان دەبوو بەرهەمە فەلسەفییەکان بخوێننەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئاگۆمێنتی هۆکارداره‌وه بە شێوەیەك بەرگری لە ئایینەکەیان بکەن.

یەکەم پرسیاری ئیلاهیاتی کە موسڵمانانی لەو سەردەمەدا بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو، پرسیاری سروشتی خودا بوو. ئایا خودا جەستەی هەیە یان نا؟ قورئان دەڵێت خودا یەک دەست،

چاوێك، قاچێک و تەختێکی هەیە. بەڵام پەرتووکی قورئان لە شوێنێکیتردا دەڵێت خودا لە هیچ شتێک ناچێ. ئیلاهیات دەبوو ئەم دژایەتییە چارەسەر بکات. زانایانی ئایینی مەسیحی ئەو سەردەمە لە ڕێگەی فەلسەفەوە کێشەی سروشتی عیسایان چارەسەر کردبوو و توانیبوویان لە فەلسەفە کەڵکوەرگرن بۆ ئەوەی نیشان بدەن عیسا تێکەڵاوییەك لە سروشتی مرۆڤبوون و سروشتی خودابوونی تێدایە.

هەندێک لە زانایانی ئایینی موسڵمان کە شارەزای فەلسەفە بوون پێیان وابوو ئەندامەکانی جەستەی خودا لە قورئاندا تەنیا هێمای تایبەتمەندییەکانی خودان. بۆ وێنە دەستی خودا هێمای بەخشندەیی خۆیەتی بەرامبەر بە باوەڕداران، گوێچکەکانی هێمای توانایی وەڵامدانەوەی دوعاکانیەتی، چاوەکانی نوێنەرایەتی لێهاتووییەکەی دەکەن، تەختەکەی نوێنەرایەتی دەسەڵاتەکەیەتی. هەروەها ئەم لۆژیکە ڕێگەی بۆ خۆش کردن هەندێک چیرۆکی ناو قورئان وەک ڕەمزی ژیان لێکبدەنەوە، نەک ڕەوتێکی مێژوویی. لەم مشتومڕانەدا قوتابخانەی موعتەزیلە "Muʾtazila" سەریهەڵدا کە عەقڵ و ژیریی مرۆڤی بە باڵاترین دەسەڵاتی ئیلاهیات دادەنا. ئەم قوتابخانەیە بۆ سەردەمی خۆی هەڵوێستێکی زۆر پێشکەوتنخوازانەی هەبوو لە پێناو ئازادی مرۆڤ. بە پێچەوانەی ئیلاهیاتی کلاسیک، موعتەزیلیەکان مرۆڤیان وەک بوونەوەرێکی خاوەن ئیرادەی ئازاد دەبینی، کە کردارەکانی لە ویستی خودا سەربەخۆ بوون. هەروەها هەڵوێستیان بەرامبەر بە قورئان گەلێك شۆڕشگێڕانە بوو.

ئیلاهیاتی ئیسلامی کلاسیک وا گریمانە دەکات کە پەرتووکی قورئان ئەبەدییە و لە خودی خۆڵقاندنەکە کۆنترە و پێویستە بە شێوەیەکی ڕستەیی لێی تێبگەین. بە پێچەوانەوە موعتەزیلییەکان دەیانگوت قورئان لە چوارچێوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا خوڵقێندراوە. لەکاتێکدا زانایانی ئیلاهیاتی کلاسیک گەشتی شەوانەی محەمەد بۆ قودس و فڕینی بۆ ئاسمان وەک ڕووداوێکی ڕاستەقینە سەیر دەکرد، موعتەزیلیەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە گەشتێکی ڕۆحی بووە لە خەودا، چونکە چیرۆکی ئەسپی فڕیو، دژ بە عەقڵانییەت دەوەستا.

بیری شۆڕشگێڕانەی موعتەزیلیەکان بووە هۆی دروستبوونی سەرلێشێواویی لە نێو حەنبەلیەکاندا، چونکە پێنج بنەماکەیان دژایەتی ئایینگەرایی کلاسیکیان دەکرد:

1. **یەکتابوونی خودا:** خودا هێزێکی تاقانەیە. هیچ شتێک هاوتای ئەو نییە و هیچ سیفەتێکی جەوهەری نییە. ئەو دەقانەی کە پێشنیاری ئەم تایبەتمەندیانەی بۆ دەکەن، دەبێ بە شێوەیەکی ڕەمزی و هێمایی لێکبدرێنەوە.
2. **دادپەروەریی:** مرۆڤ ئازادە و بەرپرسیارە لەبەردەم خودا بۆ ئەو کارانەی دەیکا. بەبێ ئیرادەی ئازاد بەرپرسیارێتی و دادپەروەریی بوونی نییە.
3. **عەقڵ:** هەموو مەعریفەی پێویست بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە ڕێگای عەقڵەکەیەوە سەرهەڵدەدات؛ چ پێش وەحی

ئیسلامی و چ دوای وەحی ئیسلامی، مرۆڤ توانیویە تەنیا لە ڕێگەی ڕۆشنایی عەقڵەوە زانست بەدەست بهێنێ. ئەمەش وا دەکات زانین مرۆڤ، لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێکدا پابەندی خۆی بکات.

4. **سزا و پاداشت:** بەهەشت و دۆزەخ ڕاسەقینەن. بێباوەڕ یان کەسێک کە تاوانێکی گەورە ئەنجام بدات، بۆ هەتا هەتایە لە دۆزەخدا دەسوتێت. ئیماندارێک کاری باش ئەنجام بدات، پاداشتی کارەکانی لە بەهەشتدا دەدرێتەوە.
5. **کاری چاک بکە و کاری خراپ حەرام کە:** ئەرکی موسڵمانە کاری چاك بکات و دووری لە کاری خراپ بکات.

حەنبەلیەکان ئەم ڕێبازە تیۆلۆژیانەیان بە ساختەکردنی ئیسلامی ڕەسەن دەزانی و لایەنگرانیان دژی موعتەزیلیەکان هان دەدا. خەلیفە مەعموون دەبوو بڕیارێك دەربڕێ و لایەنگری لەو کەسانە کرد کە لە ڕێگای عەقڵەوە ڕێنمایی دەکران. کاتێک ئەحمەد کوڕی حەنبال زانای کاریگەری سوننە بوێری ئەوەی بەخۆی دا لەسەر هەڵوێستەکەی ڕەخنە لە خەلیفە بگرێت، ئەلمەعموون دەستووری دا بخرێتە زیندان و ئەشکەنجە بکرێت. ئەمە یەکەمجار بوو لە مێژووی ئیسلامدا زانای ئایینی لە حاکم یاخی ببوو. خەلیفە دۆخەکەی بەو شێوەیە جێی نەهێشت، بەڵکوو بنەماکانی موعتەزیلەکانی بە باوەڕی دەوڵەتەوە چەسپاند: عەقڵ لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئاییندا بەو مانایەیە کە هەر

شتێک دژایەتی عەقڵ بکات قبوڵ ناکرێت. بەڵام دوکترین یاخود دەستێوەردانەکەی دەرئەنجامی کوشندەی بەدوادا هات کە تا سەدەکانی داهاتوو بەردەوام مایەوە. چونکە پێش ئەوەی بتوانێت بە ئاگۆمێنت قەناعەت بە جەماوەر بێنێت، قوتابخانەکەی بە ڕاستەقینە ڕاگەیاند و مشتومڕی ئیلاهیاتی ئایینی لە گەرودا خنکاند. ئیماندارانی ناچار دەکرد بەو شێوەیەی کە خۆی بە گونجاوی دەزانی ئایینەکەیان لێکبدەنەوە و بە خستنە ناو سجنەکان توندڕەوەکانی کردە شەهیدی ئایینی. ئەمەش دواتر بوو بە نەریتێکی ناخۆش لە هزری ئیسلامیدا. لێرەوە هەر حاکمێک تەنیا ئەو وەشانەی ئایینی ئیسلامی بەسەر جەماوەردا دەسەپاند کە لەگەڵ باوەڕی خۆیدا دەگونجا، هاوکاتیش هەر وەشانێکیتری سەرکوت دەکرد کە لە خزمەت بە ئامانجەکانی خۆیدا نەبایە. ئەمەش فەزای مشتومڕەکانی بەرتەسک و تەنگ کردەوە کە تێیدا بیرۆکە و ئاگۆمێنتەکان بە ئاشکرا ئاڵوگۆڕ دەکران. لەو کۆمەڵگایانەدا هەموو ئارگومێنتێکی باش زاڵ نەبوون، بەڵکوو ئیرادەی دەسەڵات بڕیاردەر بوو کام ئارگۆمێنت ڕاست یان ناڕاستە. بەم شێوەیە فەیلەسوف و ئیلاهیاتناسانی چاکسازی تەنیا وەک دیاردەیەکی نوخبەگەرایی مانەوە کە هەرگیز نەیانتوانی ببنە پاڵنەری بزووتنەوەیەکی بەهێز کە بتوانێت ڕۆشنگەرییەکی ڕاستەقینە بهێنێتە ئاراوە.

هەروەها ڕێبازەکانی ڕیفۆڕم و چاکسازی لە سەردەمی مۆدێرندا چەندین جار هەوڵیان داوە شوێن پێی دیسپۆتی ڕۆشنگەریی ئەلمەعموون بگرنەبەر: محەمەد عەلی پاشا لە سەرەتای سەدەی

نۆزدەهەمدا هەوڵی دامەزراندنی مۆدێرنیتەی لە میسر دا. بەڵام هەرەسی هێنا چونکە تەنیا نیوەی مۆدێرنیتی دەویست. ئەو دەستڕاگەیشتن بە کاڵای بەکاربەری ڕۆژئاوایی بە نوخبەکان بەخشی، بەڵام ڕێگەی نەدا بیرۆکەکانی ڕۆشنگەریی بچێتە ناو مێشکی دانیشتووانەوە. کەمال ئەتاتورک لە بەرامبەردا کاریگەری زانایانی زێدەڕۆی ئیسلامیی کەمکردەوە بۆ ئەوەی تورکیا بەرەو مۆدێرنیتە ببات، بەڵام ڕێگەی نەدا کەشێکی ئازادی پەرەبستێنی و ڕۆشنگەریی تێیدا گەشە بکات. شای ئێرانیش بە دەستێکی ئاسنین هەوڵیدا دەسەڵاتی مەلاکان بشکێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ دەرفەتێکی نەدا بە هێزە دیموکراسیخوازەکان بۆ ئەوەی بەرەیەك دژ بە توندڕەوانی ئایینی پێکبهێنن. هەموو ئەم خۆسەپێنانە شکستیان هێنا چونکە تەنیا دەیانویست بەشێکی ڕۆشنگەریی و مۆدێرنیت بە خەڵکانی وڵاتەکەیان بناسێنن. دیارە ئەوان دەیانویست دەسەڵاتی ئایین بشکێنن، بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی خۆیانی پێ بەهێز بکەن. ئەوان بانگەشەیان بۆ ئازادی ئایینی دەکرد، بەڵام ئازادییە سیاسییەکانیان لە شاروەندان قەدەغە دەکرد. بەم شێوەیەش ئەوەی دەبوو ڕووبدات، ڕوویدا. ئەوەی محمد عەلی پاشا کردبووی، ئیسلامیستەکان لە میسر لە سەدەی بیستەمدا پێچەوانەیان کردەوە. ئەو زانستەی ئەتاتورک هێنابووی بۆ تورکیا، لەلایەن ئەردۆغان و ئاکەپەوە هەڵوەشایەوە. هەروەها ئاسەواری مۆدێرنیتە لە ئێراندا دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینیەوە بە تەواویی سڕدرایەوە.

سەردەمی ئەلمەعمون و چاکسازییەکانی ڕێک بەو شێوەیە بوو. چەند ساڵێک دوای مردنی، خەلیفەی موتەواکیل "al-Mutawakkil" (٨٢٢-٨٦١) ئۆردوگای گۆڕی و چووە بەرەی حەنبەلییە دڵسۆزەکانی دەقەکە و موعتەزیلەکانی خستە دۆخی گۆشەگیری. لەو سەردەمەوە فەیلەسوف و چاکسازیخوازان دووبارە و سێبارە هەوڵیانداوە دارە ڕەقەکانی ئایینگەرایی کلاسیک بشکێنن، بەڵام هەرگیز لە شکستپێهێنانی نەریتخوازەکان سەرکەوتوو نەبوون. بە پێچەوانە، بەو ڕادەیەی لە ڕابردوودا جیهانی موسڵمانان زیاتر دەکەوتە ژێر گوشارەوە، بە هەمان ڕادەش شەپۆلەکانی زێدەڕۆیی بەرزتر بوونەوە و تا ئەمڕۆش ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە.

## ڕیفۆرمخوازیی لەپێناو ڕۆحی ڕۆشنگەریی؟

زۆرێک لە ڕیفۆرمخوازانی ئیسلامی مۆدێرن و زانایانی ئیسلامی ڕۆژئاوا بیرۆکەی موعتەزیلیەکان لەگەڵ بیرۆکەکانی ڕۆشنگەریی ئورووپا هەڵدەسەنگێنن. بەڵام هەڵسەنگاندنیان هەڵەیە. چونکە باوەکوو موعتەزیلیەکان عەقڵ و تێگەییشتوویی مرۆڤیان وەک باڵاترین دەسەڵاتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ناوەڕۆکی قورئان دەڕوانی، بەڵام بۆ ئەوان دەقەکە لە سەرووی عەقڵەوە وەستابوو، لە عەقڵ و هۆش تەنیا وەك ئامرازێک بۆ لێکدانەوەی دەقەکە کەڵکیان لێوەردەگرت. هەروەها ئەوان لە قوتابخانە یاساییە کۆنەپەرستەکانیتر هەڵوێستیان بەرامبەر بە موسڵمانێک کە تاوانێکی گەورەی وەک کوشتن یان زینای ئەنجامدابێ گەلێك توند و تیژتر بوون. کۆنەپەرستانی ئاییني پێیان وابوو گوناهباری تۆبەکار دەتوانێت پێش مردنی لەلایەن خوداوە لێی خۆش بێت یان تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە دۆزەخدا بسوتێت. بەڵام بۆ موعتەزیلییەکان مانەوەی تاوانبار لە دۆزەخدا بۆ هەمیشەیە، وەک ئایەتێکی قورئان بە ڕوونی ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەمەش پەیوەندییەکی کەمی بە ڕۆشنگەرییەوە هەیە.

تەنانەت ئەگەر پێیان وابووبێ مرۆڤ سەربەخۆ و بە بێ ویستی خودا هەڵسوکەوت دەکەن و بەو هۆیەوە ئازادن، ئەم ئازادییە

زیاتر بارگرانی بووە، چونکە بە پێی قورئان مرۆڤ دەبێت لەبەردەم خودادا وەڵامی کار و هەڵوێستەکانی بداتەوە. تەنانەت مرۆڤ ئیزنی ئەوەی هەبووە لە ئیمانیش لابدات، بەڵام دەرئەنجامەکەی لە ڕوانگەی موعتەزیلیەکانەوە، ئازاری هەتاهەتایی بووە لە دۆزەخدا. بەڵام بۆ ڕۆشنگەریی ئۆرووپی، خودی مرۆڤ ئامانجی عەقڵ و ئازادییەکەی بووە، نەک ئایین یان خودا. لێرەدا هیچ شوێنێك یان بەربەستێك بۆ ترسی خودا و دۆزەخ لە ئارادا نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا بیری موعتەزیلیەکان بە شێوەی ڕادەیی بۆ سەردەمی خۆیان زۆر پێشکەوتووانە بووە. ئەگەر ئەوە بۆ ئەو سەردەمە نوخبەگەرایی نەبوایە و ئەگەر خەلیفە بە زۆرەملی باوەڕەکەیانی بە فەرمی نەکردایە، لە ڕاستیدا ڕێبازەکەیان دەکرا نوێنەرایەتی سەرەتای پرۆسە یاخود ڕەوتێك بکات کە بۆ دواتر شتێکی وەک ڕۆشنگەریی لێ دروست کرابایە. بەڵام لێکدانەوەی ئایین لەسەر بنەمای عەقڵ نە سوودی بۆ فەرمانڕەواکان هەبوو و نە لە ڕووی ڕۆحییەوە بۆ باوەڕدارانی موسوڵمان جێبەجێ دەکرا. چونکە قوتابخانە ئایینییەکانیتری سوننە و شیعە دەیانتوانی زۆر بە هاسانی بۆ جەماوەر ئیلهامبەخش بن. کۆنسێپتی ئایینیان بە شێوەیەك بە ئەفسانە و ڕێوڕەسمەکانەوە ڕازاندبۆوە و مرۆڤیان وا لێک نیزیك کردبۆوە کە دربازبوونیان گەلێك دژوار بوو. وێنەی خودا لای موعتەزیلیەکان ئەبستراکت و ناسەرنجڕاکێش بوو بە بەراورد لەگەڵ وێناکردنی ئایینی کلاسیکی، لای ئەوان خودا زیاتر لە خوڵقێنەرێکی کامیل و هاوکاتیش تەنیا کەسێك کە هەموو ئەو

شتانەی جیهان دەگرێتەوە، دەچوو، خودایەکی بێ وێنە و بێ هەست. هەر بۆیە لە ڕاستیدا تەنیا بۆ کۆمەڵێکی بچووك وەک خودا مایەوە، نەک بۆ جەماوەرێک کە دەیانویست خودا بە هەست و سۆز بارگاویی بکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەش، مەزهەبی قوتابخانەی موعتەزیلی یاخیبوونێکی گرنگ بوو لە دژی لێکدانەوەی باڵادەستی و زۆرینەی مرۆڤی ئایینی سوننە بۆ ئیسلام. شۆڕشی یەکەم لەلایەن شیعەکانەوە بەڕێوەچوو، بەڵام ئەوان هەڵوێستی دۆگماتیکی هاوشێوەی سوننەکانیان بەرامبەر بە قورئان گرتەبەر. تەنیا جیاوازیی نێوان ئەم دووانە پرسی حوکمڕانیی بوو. بۆ شیعەکان دەبوو حاکم (ئیمام) لە بنەماڵەی پێغەمبەرەوە هاتبێ. سوننەکان ئەم مەرجە بە پێویستییەکی گرنگ نازانن. لە بنەڕەتدا ئیسلامی شیعە بە چەشنێک درێژەپێدەری نەریتە ئێرانییەکانە بەڵام بە جلوبەرگی ئیسلامییەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو بیرۆکەی شیعە توانیان لە عێراق و ئێران بەهێزتر خۆیان بسەپێنن بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سوریا و میسر کە بەردەوام نەریتی بیزانسیان لە ڕووی سیستەمی حوکمڕانی و ئیدارەیی لە سەردەمی ئومەویەکاندا بەخۆیەوە بینیبوو. بەڵام بۆ نموونە یاساکانی سوننەی وڵاتی سعودیە و ئێرانی شیعە تا ئەمڕۆ زۆر کەم لەیەکتر جیاوازن. چونکە جیاوازییەکە هەر وەك ئێستاش سیاسی بوو. هەروەها لەوانەیە دابەشبوونە ئایینییەکەش، کە چەندین جار لە مێژووی ئیسلامدا ڕوویانداوە، زۆرجار پاڵنەری تیۆلۆژیان

نەبووە، بەڵكوو لە لایەک دەربڕینێک بووە لە دەسەڵات و لەولاشەوە هەستکردن بە چەوسانەوە.

## ڕەخنەگرتن لە ئایین و فەلسەفە وەک دەربڕینێک بۆ "بەلارێدابردن"

ناکۆکیی سیاسی نێوخۆیی، ئیسلامی شیعە و خەریجیی "Charidschiten" لێکەوتەوە. هەروەها دەوڵەمەندیی، ئاوەدانی، گەورەبوونەوەی ئیمپراتۆریەت، دەستڕاگەیشتنی موسڵمانان بە ئایینەکانیتر و کولتووری مەعریفە، فەلسەفە و سۆفیگەریی لێکەوتەوە. هەردوو چەمکەکە لە وشەی یۆنانی کۆنی سۆفیا "Sophía"وە وەرگیراون کە بە مانای حیکمەتە. هەردووکیان بەرهەمی شەپۆلی وەرگێڕانن لە سەدەی هەشت و نۆدا، هەروەها هەردووکیان کەوتبوونە ژێر کاریگەری نیوپلاتۆنیزم "Neoplatonismus" واتە ئەفلاتونیزمی نوێ و زانستی مەسیحی. هەردووکیشیان لە ئیسلامی ئۆرتۆدۆکس واتە زێدەڕۆی سوننە جیا دەبنەوە و بەدوای وەڵامی نوێ لەسەر تەوەری گەردوون و ئیماندا دەگەڕێن.

ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوف و سۆفی عەرەب زمان، بیرۆکەی شۆڕشگێڕانەیان هێنایە جیهان و توانیان بۆ ماوەیەکی کاتی بیری ئیسلامی لە دۆگما کۆنەکان ڕزگار بکەن تا ئەو کاتەی کە ئیلاهیناسێکی ئێرانی بە ناوی ئەلغەزالی "al-Ghazālī" توانی فەلسەفە و سۆفیگەریی لە سەدەی یازدەهەمدا بۆ مەبەستی... زێدەڕۆیی ئیسلامی بەلارێدا بەرێ (دواتر لەسەر ئەمە دەدوێین).

غەزالی فەلسەفەی وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ڕاستی ڕەتکردەوە و موسڵمانانی وەک ئەلفارابی و ئیبنی سینای بە کافر ناساند کە دەیانویست لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتن بە بەرهەمی فەیلەسوفە کۆنەکانەوە باوەڕی ئیسلامی پووچەڵ کەنەوە. غەزالی ئەو فەلسەفەیەی بەها بە عەقڵ دەدات بە "لاڕێدابردن" ناو دەبا و ڕیسالەیەکی دوورودرێژی لەسەر ڕێبازی هەڵەی فەیلەسوفەکان نووسیوە، کە تا ئەمڕۆش ئاگۆمێنت بۆ سەلافیستەکان دروست دەکات کە بۆچی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی مەترسییەکی مەزنە دژبە ئیمان. هەروەها داهێنەرێکی ڕاستەقینەی وەک ئاڤێرۆس "Averroës" لە سەدەی دوازدەهەمدا بەهۆی نووسینەکانی ئەلغەزالی کە ماوەیەکی زۆر بوو کۆچی دوایی کردبوو بە کافر ناسێندرا و ناچار کرا ئەندەلوس بەجێبهێڵێت. کتێبەکانی، لەوانەش شرۆڤەی بێشومار لەسەر بەرهەمەکانی ئەرستوو، سووتێندران چونکە هەوڵەکانی بۆ ئاشتکردنەوەی ئایین لەگەڵ عەقڵ، زانست و فەلسەفە وەک دەربڕینێک بۆ "بەلاڕێدابردن" سەیر دەکرا.

قوتابخانەی موعتەزیلە پێشتر هانی بیرمەندانی نەک هەر بۆ عەقڵانیکردنی ئیسلام، بەڵکوو بۆ ڕەخنە لێگرتنیشی دەدا. زانای ئایینی ئیبن ئەرڕاوەندی "Ibn ar-Rāwandī" کە سەرەتا خۆی لایەنگری ڕێبازی موعتەزیلە بوو، هەر لە سەدەی نۆیەمەوە بیرۆکەی وەحی خودایی و محەمەدی وەک پێغەمبەری خودا ڕەتکردەوە. ئەو بە یەکەم ڕەخنەگری موسڵمان لە ئایینی ئیسلام دادەنرێت کە هەم لە ڕووی ئیلاهیات و هەم لە ڕووی

فەلسەفەوە مرۆڤێکی گەلێك زانا بوو. بەڵام ناچار بوو بەغدا بەجێبهێڵێت بۆ ئەوەی لە ئازاردانی لە لایەن موسوڵمانانەوە دوور بکەوێتەوە. هەروەها ئەبوبەکر ئەلڕازیش "Abū Bakr ar-Rāzīs " (٨٦٥-٩٢٥) بە لێدوانەکانی کە ڕەخنەی لە ئایین دەگرت، دوژمنایەتی زانایانی زێدەڕۆی ئیسلامیی هەست پێکرد. لە ئوروپا پزیشک و کیمیازان و فەیلەسوفی ئێرانی بە ڕازی "Rhazes" ناسراوە؛ ڕیساڵە پزیشکییەکانی تا سەدەی ١٨ وەك وانە لە ناوەندە پزیشکییەکان فێری قوتابیانی زانستگە دەکران.

ڕازی بۆچوونی خۆی هەبوو لەسەر دژوپێچەوانەبوونی گوتارەکانی ناو قورئان، کە دەبێ باوەڕدارانی سەردەمی خۆی تووشی شۆک کردبێت. ئەو پێی وابوو بەرهەمی شاعیران و ڕیتۆریستەکان گەلێك لە قورئان باشترە، چونکە فۆرمولەکردنیان لە ڕوانگەی هونەری - ئەدەبییەوە وردتر و کورتترە. بۆ ئەو قورئان پڕ بوو لە دژایەتی، هەروەها خاڵی بوو لە زانیاری بەنرخ.[٤٨] بەهۆی ئەم تێڕوانینە دژە ئایینییەی ناچار کرا دەستبەرداری پۆستی بەرپرسی نەخۆشخانەی بەغدا بێت و لە ماڵی خوشکەکەی لە شاری ڕەی فارس لە دۆخێکی هەژاریدا کۆچی دوایی بکات.

ڕەخنەگرێکی دیکە پزیشک و زانای ئێرانی ئیبنی سینا (٩٨٠-١٠٣٧) بوو. ئەو زانای ئایینی، فەیلەسوف، فەلەکناس، پزیشک و تیۆریستی بواری مۆسیقا بووە. شاکارە فرە بەرگییەکەی "کانۆنی

[٤٨] Jennifer Michael Hecht: Doubt: A History: The Great Doubters and Their Legacy of Innovation from Socrates and Jesus to Thomas Jefferson and Emily Dickinson, S. ٢٢٧-٢٣٠

پزیشکی" وەک بەرهەمێکی ستاندارد لەسەر زانستی پزیشکی ماوەتەوە، تەنانەت لە ئورووپاش، پێنج سەدە دوای مردنی کەڵکیان لێوەرگرتووە. یەکێك لە گرنگترین نووسینەکانی کتێبی بە ناوبانگی ئەل شیفا"Kitāb aš-šifāʾ"یە. لەوێدا باس لەسەر چاکبوونەوەی ڕۆحی دەکات لە ڕێگەی ئیمان، مێدیتەیشن و مۆسیقاوە. هەر بۆیە ئەم کارە ئەدەبییەی بۆ سۆفییە عیرفانییەکان گەلێك گرنگ بوو. ئیبنی سینا لە سەدەی ١٣ لە ئورووپا ناسرا کاتێک نووسینەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی لاتینی و ئیسپانی. لە کاتێکدا لە جیهانی دەرەوە لەلایەن پزیشک و فەیلەسوفە زانستییەکانەوە ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا، ئیلاهیناسانی موسڵمانی سەردەمی خۆی بە کافر ناویان دەبرد، چونکە بیرۆکەی ڕۆحی بە جیاواز لە بیرۆکەی قورئان دادەنا. چونکە لای ئەو ڕۆح هەمیشەیی نەبوو بەڵکوو تەنیا دوانەیەکی جەستەیی بوو. بۆ ئیبنی سینا جەستە و ڕۆح، عەقڵ و هەستەکان بە شێوەیەکی دانەبڕاو بەیەکەوە گرێدرابوون.[٤٩] سەرەڕای ئەوانەش ئیبنی سینا لەسەر ئەو بۆچوونە بوو کە مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینەی ژیان پێویستیان بە ئایین نییە، بەڵکوو تەنیا بە پشتبەستن بە عەقڵی خۆیانەوە دەتوانن ڕێگای ژیانیان بدۆزنەوە. بەڵام ئیلاهیناسانی موسڵمان هەر لەم بیرۆکەیەدا دەرگایەکی پشتەوەی "بێدینی"یان بۆ دۆزیەوە، چونکە ئیبنی سینا بەم شێوەیە پێگەی عەقڵی لە بەرمبەر خودادا بەرز کردبۆوە و پەرتووکی قورئانی وەک سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە پشتگوێ خستبوو. هۆکارێکی سەرەکی و

[٤٩] Ibn Sina: al-irshadāt, S. ١٣١

بەهانەیەك بۆ الغەزالی: لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە "ناتەبایی فەیلەسوفەکان" (تەهافوت الفلاسیفە)، بۆ ئیلاهیناس ئیبنی سینا و ئەلفەرابی تاوانی دوای مردنیانی داوە چونکە فەلسەفەیان لە خزمەت ئیماندا بەکارنەهێناوە، بەڵکوو بۆ سەرلێشێواندنی باوەڕداران کەڵکیان لێوەرگرتووە. بەو پێیەی ئەمە بەشێک نەبووە لە ڕاهێنانی سەرەتایی ئیلاهیاتی ئایینی، وەک تەنێکی نامۆ لەناو بیری ئیسلامیدا ماوەتەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی فەلسەفە سەرچاوەکەی لە یۆنانی "کافر"ەوە وەرگیراوە و ڕەگ و ڕیشەی ئیسلامی نییە، فەیلەسوفە موسڵمانەکان وەک شەرکەرێکی تاقانە لە مەیداندا ماونەوە. لە کاتێکدا فەلسەفە لە یۆنانی کۆن توانی لە بواری پەرەپێدانی ئەفسانەدا گەشە بکات، لە جیهانی ئیسلامیدا دژ بە بواری تەسکی ئیلاهیاتدا تووشی بەربەست بوو و لە قوڕ چەقی. ئەفسانە ئیسلامییەکان لە ڕێگەی ئایینەوە بوون بە مێژوو و بەم شێوەیەش پێگەی ڕاستەقینەی ڕەهایی مرۆڤیان بەدەستهێنا. فەزای بیرکردنەوەی ئازاد، بۆ پەرەپێدانی هێزی خەیاڵ، کە گرنگایەتییەکی زۆریان لە ئەفسانە کۆنەکانی عەرەبیدا هەبووە، بە گرێدان لە ئیلاهیاتی ئیسلامی تەواو کرا و داخرا. هەر بۆیەش فەیلەسوف، زانا و لێزانانی موسڵمانی درەوشاوە لە کۆتاییدا کاریگەریی زیاتریان لەسەر ئورووپا هەبوو نەک لەسەر جیهانی ئیسلامی.

## سۆفیگەریی یان شۆڕشی عیرفانیی

لە حاڵەتی ئاسایی خۆیدا ئایینێکی نوێ وەک شۆڕشێکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی لە دژی هەلومەرج و پێکهاتە هەبووەکانی ناو کۆمەڵ دەست پێدەکات. بە تێپەڕبوونی کات سیستەمێکی سیاسی، یاسایی و ئایدیۆلۆژی لە دەوری بنیات دەنرێت کە مرۆڤ بە بۆچوونیترەوە دەچەوسێنێتەوە یان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشێت. ئایین لە ڕێگەی دامەزراندنییەوە دەبێتە کەرەستەی دەسەڵات، ئەمەش هەمیسان دەبێتە هۆی ڕەخنەگرتن لە هەلومەرجی دامەزراو، هەروەها داواکاریی و تامەزرۆیی دۆخێکی نوێ لەناو کۆمەڵدا بەرز دەکاتەوە. وەک چۆن فەلسەفە هەوڵێک بوو بۆ شۆڕشی عەقڵ لە دژی دۆگمای زێدەڕۆی ئیسلام، بە هەمان شێوە سۆفیزم هەوڵێک بوو بۆ پێکهێنانی شۆڕشی ڕۆحیی و هزریی مرۆڤ.

ئەم بزووتنەوە عیرفانییە کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر بە پەرەسەندنی ناوچە ئیسلامییەکان: ئاسایش و خۆشگوزەرانی لەناکاوی دوای یەکەم سەرکەوتووەکان وایکرد زۆرێک لە موسڵمانان واز لە ڕێگای ئایین بهێنن و زیاتر لە خەمی موڵک و ماڵ و کۆیلەکانیاندا بن. هەروەها شەڕە ناوخۆییەکانی ئایینی، لێکدابڕان و جیابوونەوە بوونە هۆی ئەوەی زۆر کەس گومانیان

له بیرۆکەی یەکگرتووی ئیسلامی هەبێت. ناکۆکییە تیۆلۆژییەکانی نێوان سوننە و شیعە واتە نێوان موعتەزیلی و حەنبەلیەکان نیشانیاندا بەزەحمەت تامەزرۆیی بۆ پێکهێنانی ئاڕاستەیەکی ڕۆحی بۆ ئومەتی موسوڵمان دابین دەکرێ. پێدەچوو نە دۆگماتیزەکردنی ئیسلام لەلایەن زێدەڕۆی ئایینی و نە عەقڵانیکردنی بەهێزی موعتەزیلیەکان لەڕووی ڕۆحییەوە بۆ موسڵمانان تەواوکەر بووبێ. جگە لەوەش بەرکەوتن و پەیوەندیی داگیرکاریی عەرەب لەگەڵ مەسیحی و نەریتە عیرفانییەکانی ئێران و دواتر هیندوستان بیرۆکەی نوێی بۆ جیهانی ئیسلامی بەدیاری هێنا. بەتایبەت وەرگێڕانی بەرهەمە نیۆپلاتۆنیەکان بۆ زمانی عەرەبی و خۆ خەریککردن بە فەلسەفەی ستۆیکەکان "Stoiker"ەوە کە بانگەشەی لێبوردووییان دەکرد، لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سۆفیگەریدا کاریگەرییەکی گەلێك زۆریان بووە.

پێشەنگی سۆفییەکان زاهیدی موسڵمان بوون کە پێیان دەگوترا ئەلبککەیین "al-bakka'in"، واتە "گرینۆك". ئەوان کۆمەڵێک شیعە بوون کە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمدا بە دانیشتن لە پەنا ڕێگاکان و بە چاوی گریانەوە، ماتەمینی خۆیان بەهۆی کوشتنی ئەلحوسێن کوڕی عەلی دەردەبڕی. ئەم شیعانە دوو بژاردەیان لەسەر ڕێی خۆیان دەبینی: یان شەڕکردن دژبە ئومەوییە سوننەکان یان پاشەکشەکردن بۆ ناو جیهانی زاهیدبوون.

ڕەنگە یەکەم سۆفی ڕاستەقینە ژنێک بووبێت کە لە سەدەی هەشتەمدا لە عێراق ژیاوە. ڕەبیعە ئەلعەدەویە "Rābiʿa al-

Adawiyya"، کچێکی بێ دایك و باوك و کۆیلەی خێڵێک بووە لە شاری بەسرە. بەڵام لەبری ئەوەی لەڕووی هەڵسوکەوتی جینسییەوە خۆی بخاتە ژێر دەستی ئاغاکەی، خۆی لێ کشاندەوە و خۆی بە نوێژ و دۆعا و مێدیتەیشنەوە خەریك کرد و چەند ڕۆژێک بەڕۆژوو بوو. ئەو ژنە ڕەتیکردۆتەوە ڕێگە بە پیاوێک بدات کە خۆی هەڵی نەبژاردووە و جەستەی خۆی لەبەر دەستی دانێ. خاوەنە موسڵمانەکەی لە ئیمانداریی قووڵی ئەوەندە سەری سوورماوە کە لە کۆیلەیی ئازادی کردوە. ڕەبیعە پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی زاهیدی ژنەوە لە بەسرە کردووە کە هاوشێوەی خانەقای ژنان لە ئایینی مەسیحیدا بووە، بڕیاریداوە دەستبەرداری هەموو چێژە دونیاییەکان بێت و ژیانێکی بێ هاوسەر پیشە بکات. شۆڕشێکی بچووکی وەڕێخستووە، چونکە بەو پێیەی هاوسەرگیری لەلایەن خوداوە دانراوە بە تەنیامانەوە و شوونەکردن بەتایبەت بۆ ژنان لە ئیسلامدا قەدەغەکرابوو ، و دووریکردن لە دابونەریتی خێڵەکی کۆن، بەردەوامبوونی خێڵەکەی خستۆتە مەترسییەوە. "ڕابیعەی بەسرەیی"، وەک ناوی لێنراوە، بە دڵنیاییەوە دەتوانرێت لەگەڵ هیلدێگاردی بینگن "Hildegard von Bingen"[٥٠] بەراورد بکرێت، چونکە ئەو لە جیهانێکی ئایینیی پیاوسالاریدا کە پیاوان بەسەریدا زاڵ بوون، ژنێکی تاقانە بووە. ڕەبیعە یەکەم ژن بووە لە چوارچێوەی ئیسلامیدا کە چەمکی بەهەشت و دۆزەخی ڕەتکردەوە و عیبادەتی

[٥٠] هیلدێگارد ڤۆن بینگن ڕاهیب، ئابێس، شاعیر، ئاوازدانەر و پۆلیماتێکی گرنگی سروشتی هەروەها چارەسەرکەری پزیشکی ئاڵمانی بووە. ئەو ژنە بە یەکەمین نوێنەری عیرفانی ئاڵمانی لە سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێت.

وەک دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خودا سەیر کردووە. بەپێی گێڕانەوەیەکی ئەفسانەیی، ڕۆژێک ڕابیعە لەسەر شەقامەکانی بەسرە بینراوە کە سەتڵێک ئاوی بە دەستێکەوە و مەشخەڵێکیشی بە دەستەکەی ترەوە بووە. کاتێک پرسیاری لێکراوە ئەم کارەی مانای چییە، وەڵامی داوەتەوە: " سەتڵە ئاوەکە بەسەر ئاگری دۆزەخدا دەکەم و بە مەشخەڵەکە ئاگر لە بەهەشت وەردەدەم، بۆ ئەوەی ئەم دوو چارشێوە نەمێنن و ئیتر کەس لە ترسی دۆزەخ یان بە هیوای بەهەشت خودا نەپەرستن، بەڵکوو تەنیا لە پێناو ویستە جوانە هەتاهەتاییەکەیدا پەرەستشی بکەن".[٥١]

ڕەبیعە ئیمانی موسڵمانانی ئاوەژوو کردەوە و ڕەهەندێکی عیرفانیی نوێی بە مرۆڤ ناساند کە تەنیا بۆ سەردەمی خۆی گرنگ نەبوو. میراتەکەی لە جیهاندا لەدەست دەچوو ئەگەر چەند مرۆڤێك لێدوانەکانیان بەڵگەدار نەکردبایە. بە پێچەوانەی ڕێپیشاندەری سۆفیەکانی دوای ئەو، ڕەبیعە هیچ بەڵگەیەکی نووسراوی لەسەر کارەکانی لەخۆی بەجێ نەهێشتووە. بەڵام هەندێک لە شیعر، وتە و حیکایەتەکانی لە لایەن غەزاڵی ئێرانییەوە نووسراوە و شرۆڤەی لەسەڕ کراوە. ئەلالغەزالی لە سەدەی ١١دا سۆفیزمی لە دیاردەیەکی نوخبەیی و فەلسەفیەوە بە تێکەڵکردنی بیرۆکە عیرفانییەکانی سۆفیگەریی لەگەڵ ئیلاهیاتی زێدەڕۆییدا بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەری گۆڕی.

---

[٥١] Annemarie Schimmel (Hrsg.): Gärten der Erkenntnis. Das Buch der vierzig Sufi-Meister, S. ٢١

ئەمەش سەرەتای خۆبەدەستەوەدانی ئەم ژنە سەرسوڕهێنەرە و خودی سۆفیگەریی بوو.

ئەلالغەزالی کە بە گەورەترین ئایینناسی سوننە لە مێژوودا دادەنرێت، وەک بنەمایەکی بنەڕەتی لە "Askese"[٥٢] دوورکەوتەوە و ١٧ خاڵی دانا کە تێیدا فەیلەسوفەکانی بە بێدین تۆمەتبار کرد. یەکێک لەو خاڵانەی ڕەخنەی لێ بوو، فەلسەفەی سیاسی ئەلفەرابی بوو کە وەك "ئایینێکی ئاڵترناتیڤ یاخود جێگرەوە" بۆ ئیسلام سەیر دەکرا. هەروەها فیلەسۆفانی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە عەقڵ لە سەرووی وەحی خوداوە دادەنێن. لە ڕوانگەی الغەزالییەوە فەلسەفە دەبوو بە تەواوی لە خزمەتی ئاییندا بێت. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە سۆفیگەرییەوە هەبوو، نەک هەر توانی بیخاتە ژێر ئیلاهیاتەوە، بەڵکوو توانی لە شەڕی دژی ئیسلامی شیعەدا بیکات بە ئامرازێك و بیخاتە خزمەتی جیهادەوە. بۆ ئەم مەبەستە، لە گێڕاوە و حیکایەتەکانی سەبارەت بە خۆ زاڵبوون و زاهیدبوون لە سۆفییە سەرەتاییەکانی وەک ڕابیعە کەڵکی وەرگرتووە. نامەی بۆ موسڵمانەکانی بەربەری باکووری ئەفریقا نووسی و داوای لێکردن جیهادی دژی مەسیحییەکانی ئەندەلوس بکەن؛ کردەوەیەک کە بە دڵنیاییەوە ڕەبیعە ڕەتی دەکردەوە، چونکە ئەو گوتوویەتی: "خۆشەویستی بۆ خودا ئەوەندە دڵی پڕ کردووم کە چیتر شوێنی ڕق لێبوونی شەیتانم تێیدا نەماوە." ئەمڕۆ یادەوەری ئەم ژنە سەرنجڕاکێشە بە پلەی یەکەم

[٥٢] ئاسکیسیس، ناوبەناو زاهید، دەربڕینێکە لە کرداری یۆنانی "ἀσκεῖν askeín" وە' وەرگیراوە. لە کۆنەوە ئاماژەی بە پراکتیزەیەک کردووە وەک بەشێک لە خۆڕاهێنان بۆ پاڵنەرێکی ئایینی یان فەلسەفی.

له لایەن سۆفیگەریی فۆلکلۆری سادەدا پارێزراوە، هەرچەندە لێرەدا ڕاستی و ئەفسانە تێکەڵاون و ڕەبیعە بە توانایی سەرووی سروشتی و کردەوەی پەرجۆییەوە دەچەسپێندرێ.

زاهید وەک پرەنسیپێکی سۆفیگەریی سەرەتایی دواتر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی لێ دروستبوو، چونکە سۆفیەکان بە ڕوونی جیاوازیی نێوان فێرکارییە ڕەسەنەکانی ئیسلامی پێشوو و ڕاستەقینەی ژیانیان لە ژێر دەسەڵاتی ئومەوی و عەباسیەکاندا ئەزموون کردبوو. لەو ڕاهێنانەدا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، چاوپۆشی و گرنگینەدانی دەسەڵاتداران بە مرۆڤی ژێردەستیان کە لە دۆخێکی هەژاریی و ئازاردا مابوونەوە، دۆخێکی پێکهێنا کە مەودای نێوان ئەم دوو لایەنەی گەلێك قووڵتر کردەوە. تێکەڵکردنی حوکمڕانی، پارە و ئیلاهیاتیش لە ڕوانگەی سۆفیەکانەوە ڕەخنەی لێ کەوتەوە، چونکە ئەوان ئایینەکەیان وەک بزووتنەوەیەکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی سەیر دەکرد کە نە بۆ یارمەتیدانی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێک هاتبوو و نە بۆ ئەنجامدانی شەڕ و کەڵەکەکردنی پارە یان بۆ کۆیلەکردنی مرۆڤ خوڵقێندرابوو.

سۆفیگەریی وەک فەلسەفە و زانست نەک لە مەککە و مەدینە، بەڵکوو لە ئێران، عێراق و میسر و ئەندەلوس گەشەی کرد. هەروەها وەک فەلسەفە و زانست، سۆفیگەریی لەلایەن زۆربەی زانایانی ئایینی موسڵمانەوە بە توندی هێرشی کرایەسەر و

بە ساختەکاریی و درۆ دژ بە ئایینەکە ناسێندرا. بۆ وێنە یەکێک لە سۆفییە سەرەتاییەکان، جابیر کوڕی حەیان "Dschābir ibn Hayyān" (٧٢١-٨١٥)، فەیلەسوف و زانایەک کە لە سەدەی هەشتەمدا خۆی بە زانستی کیمیاییەوە خەریك کردبوو، بەڵام دەقی سەبارەت بە زاهید و لێبووردووییشی نووسیوە، بەهۆی چالاکییە زانستی و فەلسەفییەکانییەوە بە "کافر"ناسێندرا. دیارە پەیوەندی نێوان سۆفیگەریی و فەلسەفە نکۆڵی لێناکرێت، بەڵام هەندێک لە زمانناسان پێیان وایە وشەی عەرەبی بۆ سۆفیگەریی (sufiyya) لە "Wolle"واتە (پشم)ەوە وەرگیراوە، چونکە گوایە یەکەم سۆفیەکان تەنیا بەرگی پشمیان لەبەر کردووە؛ بەڵام زۆرینەیان وا گریمانە دەکەن وشەی یۆنانی بۆ حیکمەت (Sophía) لێرەدا زیاتر ئیلهامبەخش بووە. هەروەها فەلسەفەی ستۆیکەکان[٥٣] "Stoiker" کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سۆفیەکان هەبووە، ئەوانیش وەک ستۆیکەکان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ ڕازیبوون لە زاهیدی و پەرۆشی چارەنووسی مرۆڤ بوون. سۆفییەک کە هەم فەلسەفە و ئیمان، هەم شۆڕشی کۆمەڵایەتی و پەرۆشی  بۆ دیاریکردنی چارەنووس تێکەڵ بە یەك دەکرد، ئەلحەلاج بوو. "شەهیدی خۆشەویستی خودا"، وەک ناوی لێنراوە، لە سەرەتای سەدەی دەیەمدا بە پلەی یەکەم لە بەغدا چالاك بووە. بیرۆکەکانی ڕابیعەی سەبارەت بە خۆشەویستی بۆ خودا پەرە پێدا و هەنگاوێکی

[٥٣] شوێنکەوتوان یاخود لایەنگرانی ستۆیکیزم پێیان دەوترێت ستۆیک. ستۆیکیزم یان فەلسەفەی ستۆیک یەکێکە لە کاریگەرترین باوەڕی فەلسەفی لە مێژووی ڕۆژئاوادا. لەلایەن (Zenon von Kition) لە دەوروبەری ساڵی ٣٠٠ پێش زایین دامەزراوە.

شۆڕشگێڕانەی بەرزی هەڵگرت: ئەو دەیگوت: "ئانا الحقق" - "من حەقیقەتی خودابیم"- مەبەستی لە ئایدیالی بەرزی هەڵوەشاندنەوەی خودی مرۆڤ لە خودادا بوو. بە واتایەکیتر جەخت لەسەر تێکەڵکردنی بوونی مرۆڤ لەگەڵ خودا و وازهێنان لە ئیگۆی کەسی دەکاتەوە. هەروەها حەلاج دەڵێ: ئەو (خودا) و من دوو ڕۆحین کە لە یەک جەستەدا دەژین"، واتە خودا و مرۆڤ یەک حەقیقەتن و بوونەوەرێکی جیا لەیەکتر نین. بەڵام لەبەر ئەوەی "al-ḥaqq" یەکێکە لە ناوەکانی خودا لە قورئاندا، زانایانی ئیسلامی ئەو شتانەیان بیست کە دەیانویست بیبیستن: "حەلاج بانگەشەی خودابوون دەکات". شاعیر و زانای سۆفی چەند جارێک بە بێدین تۆمەتبار کرا و خسترایە ناو زیندانەوە.

چارەنووسی بە تەواوی دیاری کرا، کاتێك دوای ڕاپەڕینی کۆیلە ڕەشپێستەکان (زەناج "Zanadsch") و قورماتە شیعەکان "Qarmaten" ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی حاکمی عەباسی گرت و چووە بەرەی یاخیبووان لە حکوومەت. دادوەرێکی سوننە لە بەغدا بڕیاریدا بەوهۆیەی ئەلحەلاج لادەر بووە، دەبێت بکوژرێت. خەلیفە ڕەزامەندی لەسەر لەسێدارەدانی دەربڕی، ئەلحەلاج بۆ چەند کاتژمێرێک ئەشکەنجە کرا، قاچ و دەستەکانی بڕدرا و لە کاتێکدا بە خاچەوە بەسترابۆوە خوێنی لێ دەڕژا. هەموو ئەمانە لەو قۆناغەدا ڕوویاندا کە پێی دەوترێت سەردەمی گەشەسەندنی ئیسلام. ئەگەر ئەو مرۆڤە لە سەردەمێ ئێمەدا بوایە، پێی دەگوترا "چالاکوانی مافی مرۆڤ". لەو سەردەمەدا

لەسەر بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکانی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ و داواکارییەکانی بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ڕزگارکردنی کۆیلەکان، گیانی خۆی بەخت کرد.

تەرمی ئەلحەلاج سووتێندرا و خۆڵەمێشەکەی لەناو ڕووبارێکدا بڵاوکرایەوە، چونکە حاکمانی بەغدا ترسی ئەوەیان هەبوو گۆڕەکەی ببێتە شوێنی زیارەت بۆ یاخیبووان. هەروەها لەوانەبوو میراتی ئەدەبیشی لەدەست بچێ، چونکە دوای مردنی لە شەست بەرهەم زۆربەیان تیونا کران. زۆربەی ئەو شتانەی ئەمڕۆ لەبارەی ئەلحەلاجەوە دەیزانین، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی لویس ماسینۆن "Louis Massignon" (١٨٨٣-١٩٦٢)، کاتێ لە دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییە هاوچەرخەکانیدا بەدوای شوێنەواری عیرفانیدا گەڕا و ژیان و کارەکانی بنیاتنایەوە.

دەکرا لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا ئاهەنگ بۆ ئەلحەلاج بگێڕدرێ، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بیرۆکەکانی نەخستە ڕوو، چونکە زۆربەی خەلیفە موسڵمانەکان بانگەشەیان بۆ باوەڕدارێك دەکرد کە بۆ فەرمانڕەواکان دڵسۆز بێت و دوور بێ لە شۆڕش. تەنانەت بە پێچەوانە بیرمەندان و سۆفیەکانی وەک ئەو گۆشەگیر کران، بەرهەمەکانیان سووتێنران یان شاردرانەوە، چونکە سۆفیەکان بە هەڵسوکەوتیان پەیوەندییەکی نزیکی نێوان سیاسەت و ئایینیان تێکدەدا. چارەنووسێکی هاوشێوە بەسەر مامۆستای سۆفی ئێرانی سوهرەوەردی "Suhrawardi"دا هات کە لە سەدەی دوازدەهەم لە لایەن سوڵتان سەلاحدینەوە بە تۆمەتی

سەرلێشێواندنی ئیمانداران لە ڕێگای بیرۆکەکانییەوە، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا. سوهرەوەردی پیاوێکی زۆر خوێندەوار بووە و گەشتێکی بەرفراوانی بۆ وڵاتانی هیندوستان، سوریا و میسر کردووە. سەرچاوەی حیکمەت و زانستی لە قورئاندا نەدەبینی، بەڵکوو لە زانیاریی میسرییە کۆنەکان و لە فەلسەفەی هەرمێتیکدا "Hermetic" دەبینی. شرۆڤەی لەسەر بابەتە فەلسەفییەکانی ئەرستۆ نووسیوە و ستایشی ڕۆحانییەتی زانستی مەسیحی کردووە. بیرۆکەکانی تەنانەت لە کۆشکی سوڵتانیشدا زۆر بەناوبانگ بوون. میراتگری تەختی سەلاحەدین، خوێندکارێکی سوهرەوەردی بووە و باوەڕی بە فەلسەفەی ڕۆشنگەریی ئەو هەبووە. سەلاحەدین بۆ ڕزگارکردنی ڕۆحی کوڕەکەی و لە ترسانە سوهرەوەردی لە سێدارە دا. کاتێک جەلادەکانی زیندانی حەلەب لێیان پرسی چلۆن دەتەوێت بمرێت، سوهرەوەردی داوای کردووە زۆر بە ساکاریی ڕێگەی پێبدەن لە برسان و تینوێتیدا بمرێت.

## ئایینی خۆشەویستی

بەڵام ڕاوەنان، چەوسانەوە و ئیدانەکردنی ئیلاهیناسەکان لە لایەن حاکمانەوە نەبووە هۆی ئەوەی کۆمەڵی سۆفیگەریی درێژە بە ڕێبازە عیرفانییەکەیان نەدەن و بیری فەلسەفی خۆیان دەرنەبڕن. تەنیا لە سەدەی ١٣دا چوار مامۆستای سۆفیگەریی کە هاوکات ژیاون، تا ئەمڕۆش کارتێکەریان لەسەر داڕشتنی سۆفیگەریی فەلسەفی داناوە: فەردودین عەتار "Fariduddin Attar" لە ئێران، ئیبن عەرەبی "Ibn ʿArabī" لە مورسیا"Murcia"ی ئەندەلوس، شەمس تەبریزی "Schams-e Tabrizi" و ڕوومی "Rumi" لە کۆنیا "Konya". هاوشێوەی زانای ئایینی ئیبن تەیمییە"Ibn Taimīya"، ڕوومی دوای هێرشی مەغۆلەکان ناچار بوو زێدی خۆی بەجێهێڵێت. لە کاتێکدا ئەم ئەزموونە وای لە ئیبن تەیمییە کرد ڕوو لە ئاینگەرایی توند بکاتەوە، ڕوومی دوای هەڵهاتنی بەدوای مانای ژیاندا دەگەڕا و ئەم ئارەزووەی لە سۆفیگەریدا دۆزیەوە. توخمی سەرەکی ڕاهێنانەکەی بریتی بوو لە تێڕوانینی گەردوون وەک یەکە یاخود کۆیەکی هاوئاهەنگ، کە هەڵگری خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خودا و هەموو ئەو شتانەی کە خوڵقاندوونی بوو.

ئیبن تەیمییە چەمکی یەکتاپەرستی (تەوحید) بە ئەسڵی ئیسلامی دادەنا، چونکە لەو ڕێگەیەوە یەکیەتی سێ یانەی مەسیحی[٥٤] وەک دەربڕینێکی ناپاك ڕەتدەکاتەوە. تەوحید "Tauhīd" بە واتای دانپێدانانی باوەڕ بە یەکگرتوویی خودایە. تەنانەت شیعە یان سۆفیەکانیش بۆ ئیبن تەیمییە بە یەکتاپەرست داناندرێن. یەکتاپەرستییەکەی بە مانای جیابوونەوە لە هەموو کەسێک و هەموو شتێک کە ئیسلامی و سوننە نەبایە بوو.

لە بەرامبەردا ئیبن عەرەبی لە یەکتاپەرستی وەک یەکیەتی بوون وەحدەت الوجود(wahdat al-wudschūd) تێگەیشتووە. ئەویش وەک حەللاجی دەبینێت کە خودا و مرۆڤ یەک حەقیقەتن و بوونەوەرێکی جیا لەیەکتر نین. تەنانەت هەنگاوێک زیاتر هەڵدێنێ و دەڵێت خودا و سروشت یەکن - بیرۆکەیەک کە چەند سەدەیەک دواتر لە ڕێگەی جولەکەکانی سێفاردی "sephardischen Juden" ئەندەلوسەوە گەیشتە ئورووپا و بیرۆکەی باروچ سپینۆزای "Baruch Spinozas" لەبارەی خودا و سروشتی خوڵقاند. لە کاتێکدا ئیبن تەیمییە بانگەشەی چەمکی دابڕانی لە هەموو شتێکی نائیسلامی دەکرد، ئیبن عەرەبی لە شیعرە بەناوبانگەکەی "ئاینی خۆشەویستی"دا داوای لێبوردەیی ئایینی و جێگیرکردنی هەموو ئایین و بیروباوەڕەکان دەکات:

---

[٥٤] یەکیەتی سێیەم لە ئیلاهیاتی مەسیحیدا یەکێتی جەوهەری خودایە کە لە سێ کەس یان هیپۆستازپێکهاتووە نەک سێ ماکە. ئەم سێ کەسە بریتین لە: "باوک"، "کوڕ" و "ڕۆحی پیرۆز".

«دڵم هەموو فۆرمێکی وەرگرتووە: لەوەڕگەیە بۆ گازیل(شوێنێکی لەوەڕاندن بۆ گازێلەکان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئازادی و نزیکبوونەوە لە سروشت)، خانەقایە بۆ دەروێشە مەسیحییەکان(پێشنیاری ڕۆحانیەت و پاشەکشەی مەسیحی دەکات)، پەرستگایەکە بۆ بتەکان(واتە لێبوردەیی بەرامبەر بە ئایینە جیاوازەکان و پراکتیزەکردنی باوەڕ)، کەعبەیە بۆ حاجییەکان(کە هێمای ناوەندییەتی ئیسلام و گەڕانی ڕۆحییە)، پەرتووکە بۆ تەورات(حیکمەت و نەریتی جولەکەکان لەخۆدەگرێت) و ئایەتەکانی قورئان(نوێنەرایەتی کتێبی ئیسلام و وەحی ئیلاهی دەکات).

ئایینەکەم ئایینی خۆشەویستییە:

کاروانەکە بۆ هەر شوێنێک کۆچ بکات، خۆشەویستی ئایینی منە.[٥٥]"

ئەم لێبوردەییە یەکێک بوو لە هۆکارەکان کە بۆچی ئیبن تەیمییە هێندە توند ڕەخنەی لە ئیبن ئەلعەرەبی هاوچەرخی خۆی گرت و فەلسەفەکەی بە کوفر وەسف کرد.

[٥٥] Ibn ʿArabi, Muhyi ad-Din: turjuman al-ashwāq, S. ٦٩

ڕەنگە سۆفیگەریی وەک دیاردەیەکی پەراوێزی فەلسەفی و نوخبەگەرایی بمایەتەوە ئەگەر ئیلاهیناس ئەلغەزەلی لە سەدەی ١١دا ڕێگایەکی ڕۆحی بۆ ئیسلامی سوننە تێیدا نەدۆزیبایەتەوە. ئەم پەیوەندییە بەشێک بوو لە ستراتیژی ئیلاهیاتناسەکان بۆ لاوازکردنی ئیسلامی شیعە، کە لە ڕێگەی عیرفانییەوە پەیڕەوی زیاتری دەدۆزیەوە. دوای ئەلغەزەلی ئیبن تەیمیە هات کە هەم سۆفیگەریی و هەم فەلسەفەی بە دەربڕینی کوفر شەرمەزار کرد؛ سەرەڕای ئەوەش ستایشی هەندێک سۆفی کۆنەپەرستی کرد کە وازیان لە ڕێبازی ئیسلامی سوننە نەهێنا. ئەمڕۆ ئەم دوو ئیلاهیاتناسە کاریگەرییان لەسەر بیری ئیسلامی زیاترە لە هەموو فەیلەسوف، موسڵمان و سۆفیەکان بەیەکەوە. دیارە ئەوەش پاشخانێکی سیاسی هەیە. لە سەدەی دەیەمدا گروپی سۆفی شیعە - ئیسماعیلی - فاتمیەکان توانیان ئیمپراتۆریەتێکی گەورە لە میسر و باکوری ئەفریقا دابمەزرێنن و دژە خەلافەت بۆ ئیمپراتۆریەتی عەباسی سوننە ڕابگەیەنن. مزگەوتی ئەلئەزهەر"Al- Azhar"یان لە قاهیرە دروست کرد و کردیان بە ناوەندێک بۆ ئیسلامی شیعە. سۆفیەکان بۆ یەکەمجار لەگەڵ فاتمییەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، بەڵام ئەمە بۆ ڕزگارکردنی ئیمان نەبوو، بەڵکوو زیاتر بە ئامرازکردنی سیاسی سۆفیگەریی بوو. فاتمیەکان بەرامبەر

بە مەسیحی و ژنان زۆر تولەرانس نەبوون. خەلیفە الحەکیم "al-Hākim" (٩٩٦-١٠٢١) گۆڕەکانی کلیسەی قودسی وێران کرد و پێڵاو سازەکانی قەدەغە کرد کە پێڵاو بۆ ژنان دروست بکەن بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بمێننەوە.

دوای ئەوەی سوڵتانی سوننە سەلاحەدین میسری لە سەدەی دوازدەهەمدا داگیرکرد و لە دەستی فاتیمییە شیعەکان "رزگاری" کرد، ویستی میسر و باکوری ئەفریقا بگەڕێنێتەوە بۆ ئیسلامی سوننە. ئەمری چەوسانەوە و ڕاوەنانی شیعەکانی دا، دەیان هەزار کەسی کوشت و مزگەوتی ئەلئەزهەری کردە دامەزراوەیەکی ئایینی سوننە. سەلاحەدین بۆ بەرپەرچدانەوەی سۆفیگەریی شیعە، سۆفیگەریی سوننەی ئەلغەزالی هاوردەی میسر کرد. ئەو فەرمانە سۆفیگەریانەی پێشخست کە بانگەشەی خورافات، پیرۆزپەرستی، چیرۆکی پەرجۆ و کشانەوەیان لە سیاسەت دەکرد. ئەمەش پەیوەندییەکی کەمی بە جیهانی سۆفیگەریی ئەلحەلاج، ڕوومی و ئیبن ئەلعەرەبیەوە هەبوو، ئەوە سۆفیگەرییەك بوو وەک هۆگرکردنی مرۆڤ بە ماکە هۆشبەرەکان بۆ ئەوەی خەڵک لە سیاسەت و بەم پێیەش لە ئەگەری یاخیبوونیان دوور بخاتەوە.

تا ئێستاش ئەم چەشن سۆفیگەرییە لە هەندێک وڵاتی موسڵماندا لەلایەن سیاسەتوانانەوە پشتیوانی دەکرێن، چونکە بە پێچەوانەی ئیسلامی سیاسی، هەوڵی گۆڕینی ڕژێم نادەن. بەڵام وەک چۆن سۆفیەکان لە سەدەی ١٣دا لەلایەن ئیبن

تەیمیاوە"Ibn Taimīya" بە کافر ناوزەد کران، لە سەدەی ١٨دا لەلایەن وەهابیزم و ئەمڕۆش لەلایەن سەلەفییەکانەوە دژایەتی دەکرێن. هێرش بۆ سەر مزگەوتە سۆفیگەرییەکان لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا دووبارە و سێبارە دەکرێتەوە. یەکێک لە وێرانکەرترین هێرشەکان هێرشی تیرۆریستان بوو بۆ سەر مزگەوتی ئەلرەودا "al-Rawda" لە سینای میسر لە ساڵی ٢٠١٧ کە زیاتر لە ٤٠٠ کەس کوژران.

کێبڕکێی نێوان سۆفیگەریی و سەلەفییەت نەریتێکی دوور و درێژی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ وەهابیزم و ئەم چەشن هەڵسوکەوتە دواکەوتوویەی ئیسلام کە ئێستا باوەڕی دەوڵەتەکانی سعودیە و قەتەرە. محەمەد ئیبن عەبدولوەهاب (١٧٠٣-١٧٩٢) و جێنشینەکانی هەر لە سەدەی ١٨وە گۆڕی پیرۆزی سۆفییەکانیان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی و عێراق ڕووخاندووە و بێحورمەتیان پێکردووە. ڕێزگرتن لە پیرۆزەکان، وەک ئەوەی لە ئاینی مەسیحیدا ڕوودەدات، لێرەدا وەک چەشنێك لە شیرک سەیر دەکرێت. ئیسلام جەخت لەسەر پابەندبوونی توند بە یەکتاپەرستی دەکاتەوە، واتە باوەڕبوون بە یەک خودا (الله). ڕێزگرتن لە پیرۆزەکان وەک کێشەیەک سەیر دەکرێت، چونکە بە لادانێک لە یەکتاپەرستی لێکدەدرێتەوە و بەم شێوەیەش پێشێلکردنی بنەما بنەڕەتییەکانی ئیسلامە.

## ئایا سۆفیگەریی وەک بەدیلێک بۆ ئیسلامی زێدەڕۆ گونجاوە؟

لە جیهانی ڕۆژئاوادا وێنەی عیرفانی ئیسلامی وەک بەرپەرچدانەوەی سەلەفیەت و زێدەڕۆیی ئایینی جێگیر بووە. بە دڵنیاییەوە ئەم ڕوانگەیە لە بنەڕەتدا هەڵە نییە، بەڵام ئاڵۆزترە لەوەی لە یەکەم نیگادا دەردەکەوێت. سۆفیگەریی خۆی نە لە بنەڕەتدا ناسیاسیە و نە وەك پێشکەوتنخوازێکە بە مانای ڕۆژئاوایی. چونکە لە نێو سۆفیەکانیشدا ئیسلامی زێدەڕۆ و برایەتییە عیرفانییەکانیتر هەن کە پشتیوانی گەلێك گرنگی دەوڵەتیان بەدەستهێناوە.

هەر لە سەدەی ١٠بەولاوە، سۆفیگەریی و جیهاد وەک یەکەیەك سەیر دەکرا کە لەسەر بنەمای تێزەکانی ئەلغەزاڵی دامەزرابوو. بیرکردنەوەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە داگیرکردنی ئەندەلوس لەلایەن بەربەرەکانەوە. هەروەها سۆفیگەریی هێزی بزوێنەری بزووتنەوە جیهادییەکانی باکووری ئەفریقا و سودان بوو لە ڕاپەڕینەکانی سێنوسی "Senussi" و مەهدی "Mahdi" لە سەدەی بیستەمدا. لەم بزاڤانەدا دەگوترا "خۆشەویستی بۆ خودا بەمانای ڕق و کینە لەهەنبەر دوژمنان و شەڕکردن و بەربەرەکانییە لەگەڵیاندا" (مەبەست ئینگلیز و فەرەنسا بوو). دامەزرێنەری ئیخوان ئەلموسلیمین، حەسەن ئەلبەنا (١٩٠٦-

١٩٤٩)، لە تەمەنی گەنجیدا بەرهەمەکانی ئەلغەزالی خوێندەوە و بەلای سۆفیگەرییەکەیدا ڕاکێشرا، کە جیهادی وەک بەشێک لە ڕێبازی ڕۆحی لە ئیسلامدا سەیر دەکرد. ئەلبەنا پێش دامەزراندنی ئیخوان ئەلموسلیمینی بناژۆخواز، بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئەندامی ڕێبازی سۆفییە حەسافییە "Hasafiyya-Sufi"کان بووە لە دێڵتای نیل. ڕێکخراوەی زێدەڕۆی ڕێبازی سۆفیگەریی و بیرکردنەوەکانی سەبارەت بە جیهادی بچووک (دژی دوژمنانی ئیسلام) و جیهادی گەورە (بەسەرخۆدا زاڵبوون) مۆدێلی ئەلبانا "al-Bannā" بوون بۆ ڕێبازی ئیخوان ئەلموسلیمین. هەروەها بانگەوازی فەتحوڵلا گولەنی تورکیش ئاماژە بە سۆفیگەریی دەکات؛ دەگوترێ لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ماوەیەک پەیوەندییان لەگەڵ مامۆستایەکی سۆفیگەریی نەقشبەندی لە بەشی تورکی زمانی قوبرس هەبووە. بەڵام وێدەچێ شێخ نازم نەیویستووە هاوبەشی ڕوانگەی نیوعوسمانییەکانی ئەردۆغان بووبێت، هەر بۆیەش جارێکی دیکە لەیەکتر جیابوونەوە و ڕێبازی جیاوازیان گرتەبەر. ئەمڕۆ سەرۆک کۆماری تورکیا(ئەردۆغان)، "گولەن" هاوڕێی پێشووی خۆی بە بەرپرسیار بۆ بەڕێوەبردنی کودەتاکەی ساڵی ٢٠١٦ دەزانێت و شوێنکەوتووانی خستۆتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە. کەمال ئەتاتورک دامەزرێنەری تورکیا، سۆفیگەریی قەدەغە کرد، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو دژایەتی بانگەشەی دەوڵەتە عیلمانییە نوێیەکەی بکەن.

سۆفیگەریی کە وەک شۆڕشێکی فیکری و کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەستی پێکرد، بە تێپەڕبوونی کات وەک

پاڵپشتێك بۆ یارمەتی شەڕکەری جیهادیست و زێدەڕۆی بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان یان بۆ ئەو حاکمانەی دەیانویست بە یارمەتی ئەفسانە و خوڕافات مێشکی مرۆڤی ناو کۆمەڵی پێ بشێوێنن، لێهات. سەرەڕای ئەوەش، زۆر کەس بەتایبەتی لە ڕۆژئاوا، سۆفیگەریی بە باوەڕێکی جیا لە ناو ئیسلامدا دەزانن و ئەم بزووتنەوە عیرفانییە بە مایەی ئومێدێک بۆ چاکسازی و ڕفۆرم لە ئیسلامدا دەبینن. بەڵام ئەمە تەنیا سۆفیگەریی نییە: سۆفیگەریی نوخبەگەرایی-فەلسەفی، شیعە، سوننە، جیهادیست هەروەها سۆفیگەریی جەماوەریش لەخۆ دەگرێت. هەر بۆیە هیواداربووم سۆفیگەریی بەکۆمەڵ بتوانێت وەک ئالترناتیڤێك دژی ئیسلامی زێدەڕۆ و کۆنەپەرستانە یان ڕادیکاڵ بۆ خزمەت بە ئایینی ئیسلام بوەستێ، بەڵام ئەم کارە بە ڕەوا نابینم. ڕەنگە لەسەر ئاستی کەسیی زۆر باش بتوانێت ببێتە بەدیلێک بۆ مرۆڤە ڕۆحییەکان، بەڵام نەك وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی. چونکە زۆربەی بزووتنەوە سۆفیگەرییەکانی ئەمرۆ ڕاهێنان لە ڕێگای عەقڵ و خۆشەویستی و سەربەخۆیی ناکەن، بەڵکو پشتگیریی لە پیاوسالاریی و پلەبەندیی و پاسیڤیەتی سیاسی و بیرکردنەوەی ئەفسوناوی دەکەن و بەو هۆیەوە دژ بە ڕۆشنگەریش وەستاون.

هەرەسهێنانی سۆفیگەریی وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە هۆکاری شکستی هاوشێوەی فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە: بەهێزیی و لێنەبووردوویی ئۆرتۆدۆکسی ئیسلامی و لێنەهاتوویی ڕۆشنبیرانی موسڵمان و هاندانی بیرۆکەیەك کە بتوانێ

بزووتنەوەیەکی جەماوەری وەڕێکخات بەبێ ئەوەی بکرێتە ئایدۆلۆژیایەکی هەژموون یان مادەی هۆشبەری جەماوەری. ئەمە کولتوری ئیسلامی بێ بایەخ ناکات کە زۆرێک لە فەیلەسوف و زانا و سۆفییە نایابەکانی وەک ئەلفەرابی، ئیبنی سینا، ئاڤێرۆس، ئەلحەلاج، ڕوومی یان ئیبن عەرەبی پشتیوانیان لێکردووە، لە لایەن تەنیا دوو مرۆڤی وەک ئەلغەزالی و ئیبن تەیمیە بتوانرێ سێبەریان بخرێتە سەر. بۆ ئەم کولتوورە، گونجاو نییە بیرکردنەوە شەڕانگێزەکانی ئیبن تەیمییە کە نەک هەر مێژووی ئیسلامیان بە ئاڕاستەیەکی نوێدا وەڕێخست، بەڵکوو ژیانی ملیۆنان موسڵمانی ئەمڕۆی جیهانیان پێ دیاری کردووە، لە کاتێکدا کاری ئەو هەموو هزرە درەوشاوانە تەنیا تێیدا وەك بەڵگە لە کتێبەکاندا مانەوە و بە دەگمەن لەلایەن موسڵمانانەوە دەخوێندرێنەوە یان باسیان لێوەدەکرێت.

## بەشی شەش

### لە بەغداوە بۆ کوردوبا: مامۆستایەکی مۆسیقا، دوو خەلافەت و ئەفسانەی ئەندەلوس

لە سەدەی نۆهەمدا بەغدا دەوڵەمەندترین شاری جیهان بوو، گەورە شارێکی گەشەسەندوو بوو بۆ زانست، فەلسەفە و هونەر، هەروەها ئاسایش، خۆشگوزەرانی و کات بەسەربردن. ئەو کۆیلانەی کە لە ڕوانگەی هونەرییەوە بۆ کۆمەڵ بەهرەمەند بوون، بەدوایاندا دەگەڕان و ئاوێتەی کۆمەڵگایان دەکردن. ڕەنگی پێست گرنگایەتییەکی ئەوتۆی نەبوو ئەگەر مرۆڤی لێهاتوو توانیبای سەرنجی ئەوانەی لە دەسەڵاتدابوون بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. لەسەر ئەم شێوازە خوێندکاری مۆسیقا زیریاب "Ziryab" (٧٨٩-٨٥٧) توانی پیشەیەکی نائاسایی هەبێت، سەرەتا لە بەغدا و دواتر لە کۆردۆبا.

مێژوونووسان لەبارەی بنەچەی ئەو مرۆڤەوە مشتومڕ دەکەن: هەندێک وا گریمانە دەکەن کە ئێرانی بووە، هەندێکیتر ڕەگ و ڕیشەی لە ئەفریقا دەبینن، چونکە نازناوی زیریاب بە واتای "کۆرە ڕەش" دێت، کە ئاماژەیە بۆ ڕەنگی پێستی. ئەوەی دەزانرێت زیریاب لە بنەماڵەیەکەوە هاتووە کە لە عێراق وەک

مرۆڤی غەیرە عەرەب دەژیان. ئەم بەناو "مەوالیانە" لە ژێر دەسەڵاتی ئومەویدا زۆر بێبەش بوون، بەڵام توانیان لە سەردەمی عەباسیەکاندا پیشەی زانست و هونەر و فەلسەفە بە باشی بەڕێوەببەن. تەنانەت زۆرێک لە مەوالیەکان لە ئیلاهیاتدا سەرکەوتوو بوون، وەک ئیبن ئیسحاق کە یەکەم ژیاننامەی پێغەمبەری نووسی.

پێش ئیسلام نەتەوەی عەرەب تەنیا بە فۆرمێکی زۆر سادە مۆسیقایان دەزانی: تەپڵیان لێدەدا یان فلوتیان دەژەند. بڵاوبوونەوەی عەرەبەکان لە ناوچەکانی دەوروبەر مرۆڤی بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ کولتوری مۆسیقای ئێران کە بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەسەندوو بوو، ناسیاو کرد. هەروەها عەرەبەکان سەمای زگیان لە ئێرانییەکانەوە وەرگرتووە. زیریاب خوێندکاری مامۆستای موزیکی ئێرانی ئیسحاق ئەلمەوسیلی "Ishaq al- Mawsili" بوو لە بەغدا، بەڵام بە خێرایی مامۆستایەکی بەئەزموونی ئەوتۆی لێ دەرهات کە بوو بە میوانی هەمیشەیی لە دەرباری خەلیفە هارون ئەررەشید و بە دەنگی عودی زیریاب، دەنگخۆشی و گورانی بێژییەکەی دڵخۆش بوو. زیریاب تەنیا گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و مۆسیقاژەن نەبووە، بەڵکوو شارەزای بواری فەلسەفە، جوگرافیا، فەلەکناسی و مێژوو بوو و شیعری خۆشەویستی گەلێك جوانی خوڵقاندووە. هەروەها زیریاب گەلێك پێشەنگ بوو کاتێک باس لە بواری ڕووەکناسی، چێشتخانە، جوانکاری و مۆد دەکرا. سەرەڕای پێستی ڕەش و پاشخانی بنەماڵەیی، پیاوێکی متمانە بەخۆ و سەربەرز بوو کە

تەنانەت لە حوزووری میرەکانی عەباسیشدا خۆی بە بچووکتر لەوان دانەدەنا. دوای ناکۆکی لەگەڵ یەکێک لەو شازادانە، زیریاب شیعرێکی ڕەخناوی نووسیوە و بە ئاشکرا خوێندوویەتەوە. شازادە هێندە لێی توڕەبووە، داوای کردوە زیریاب شاری بەغدا بەجێهێڵێت. چیرۆکەکانی دیکە باس لەوە دەکەن کە مامۆستای پێشووی وەک مۆسیقاژەنی دەربار بەهۆی بەناوبانگی شاگردەکەیەوە ترسی لەدەستدانی پۆستەکەی هەبووە.

هەرچۆنی بووبێ، زیریاب ناچار کرا عیراق بەجێ هێڵێت و لە ڕێگەی سوریاوە بگاتە باکووری ئەفریقا، کە ئەغالبیەکان "Aghalbiden" تازە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە عەباسییەکانیان لە ئیفریقییە "Ifriqīya" (تونس) دامەزراندبوو. لێهاتوویەکانی وایکرد لە بارەگای میردا بمێنێتەوە، بەڵام شانازییەکەی جارێکی دیکە ژیانی پیشەیی تێکدا. لەگەڵ میری ئەوێش کەوتە کێشەوە و ساڵی ٨٢٢ دەرکرا. وێدەچوو زیریاب ڕووبەڕووی وێرانبوونی ژیانی بووبێتەوە، چونکە هونەرمەندێکی غەیرە عەرەبی کە بە سووکایەتیکردن بە شازادەکان ناسراو بوو، بەزەحمەت دەیتوانی خاوەنکارێکی نوێی بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بەڵام دواتر بانگهێشتنامەیەکی پێگەیشت کە ژیانی بۆ هەمیشە گۆڕی: لە دەرباری ئەمیری ئومەوی لە شاری کۆردۆبای ئەندەلوسەوە.

## ئیمپراتۆریەتی ئومەوی لە دەربەدەریدا پێوەری نوێی کولتووریی دادەنێت

لە ساڵی ٧١١ ئومەوییەکان توانیان بە هاوکاریی بەربەرەکانی باکووری ئەفریقا بۆ شکستپێهێنانی وێستگۆتەکان "Westgoten" لە نیمچە دوورگەی ئیبەری و داگیرکردنی ئەندەلوس گەلێك سەرکەوتوو بن. هەروەها ئەم شکستە، داگیرکاریی موسڵمانانی بۆ باشوور و باکوری ڕۆژهەڵات بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمەش وایکرد موسڵمانەکان لە شاخەکانی ناوچەی"Pyrenäen" بپەڕنەوە و باشووری فەرەنسا داگیربکەن. تەنیا شەڕی تۆر"Tours" و پۆیتێر "Poitiers" لە ساڵی ٧٣٢ لەلایەن کارل مارتێلە"Karl Martell"وە توانی ئەم داگیرکارییەی ئورووپا بوەستێنێ. لەدەستدانی ئیسپانیا چاوی هێزەکانی ئورووپای بۆ ئەو مەترسییەی داگیرکەرانی عەرەب دروستیان کردبوو، کردەوە. چونکە ئەوان نەیاندەویست تووشی هەمان چارەنووس بن کە بیزانس تووشی هاتبوو، واتە زۆربەی ناوچەکانی بەتایبەت ڕۆژهەڵات بە دەستی موسڵمانان داگیر کرابوو. پرۆژەی ڕیکۆنکیستا "Reconquista"، واتە داگیرکردنەوەی ئەندەلوس، هەر لە سەدەی هەشتەمەوە لەگەڵ دامەزراندنی شانشینی ئەستوریاس "Asturien" دەستی پێکرد، کە بڕیار بوو ناوەکی سەرەکی بەرخۆدانی مەسیحییەکانی ئیسپانیا لە بەرامبەر دەسەڵاتی عەرەب پێکبهێنێت (دواتر زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین).

دوای بە تەواویی چوار دەیە، عەباسیەکان جێگەی خەلافەتی ئومەوییان گرتبووەوە و لە ئێران، عێراق، سوریا و میسریان دەرکردبوون. تاکە شوێنێك کە نەیانتوانی داگیری بکەن ئینکلاڤیان "Enklave" بوو لە ئەندەلوس. شازادە عەبدرڕەحمان لە ساڵی ٧٥٥ ڕێگەی خۆی بۆ ئەو ناوچەیە خۆش کرد و دوای ساڵێک میرنشینی کۆردۆبای دامەزراند، ئیمپراتۆریەتێکی تاراوگەی ئومەوی کە بڕیار بوو لە سەدەی ١٠دا خەلافەتی دووەم پێکبێنێ.

سەرەڕای دوژمنایەتی قووڵی نێوان عەباسی و ئومەوییەکان، ئەندەلوس دەستی بەسەر بەشێکی زۆری بەغدادا گرت. هەموو هۆگرییەکان لەوێوە دەستیان پێکرد، بەڵام لە کۆردۆبا پاڵاوتە کرا و زیاتر پەرەی پێدرا. ئەمەش بواری فەلسەفە، زانست و بێگومان موسیقاشی دەگرتەوە. باشترین مەرج بۆ دەستپێکردنی ژیانی پیشەیی نوێ بۆ مۆسیقاژەن و زانای بەناوبانگ واتە زیریاب"Ziryab"بوو. بەڵام وێدەچوو ئەم دۆخە زیاتر بەدشانسیی بۆ هێنابێ. میری ئەلحەکامی یەکەم"Emir al-Hakam I" بانگهێشتی کردبوو، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی بۆ ئەندەلوس کۆچی دوایی کرد. لە ماوەی مانگەکانی ماتەمینیدا، ژەنینی مۆسیقا یان هەر چەشن چالاکی خوشگوزەرانی یان کات بەسەربردنێک نەگونجاو بوو. بەو هۆیەوە زیریاب بێکار مایەوە. ئایا پێویست بوو جارێکیتر ئەندەلوس بەجێبهێڵێت و لە شوێنێکیتر بەدوای سپۆنسەرێکی نوێدا بگەڕێت؟ بەڵام ماوەیەك دواتر میری نوێ عەبدالڕحمانی دووهەم هێنایە دەرباری خۆی و مانگانە مووچەی ٢٠٠ دیناری زێڕینی بۆ بڕییەوە. زیریاب دۆخێکی بۆ ئامادە کرا شۆڕشێکی مەزن

لە کولتوری مۆسیقی و هونەریی ئەندەلوس بەڕێوەبەری. هەروەها توانی ستانداردێکی نوێی لە داب و نەریتی جل و بەرگ، خواردن و ڕەوشتی ئیدارەکردن وەرێبخات. ئەو بە داهێنەری مینیوی سێ ژەم دادەنرێت کە بە خواردنی سووپ دەستیپێدەکرد، خواردنێکی سەرەکی بە گۆشت یان ماسی و پاشان خواردەمەنییەکی شیرین یان زەڵاتەی میوە لەگەڵ گوێز بۆ دسێر. هەروەها دانانی پەڕۆی سەر مێز، دەسماڵی تایبەت بۆ خاوێنکردنەوە و پەرداخی جیاواز بۆ خواردنەوە جیاوازیی خۆی ناساند. ئەم دەستکەوتانەی نەک هەر لەنێو شازادە و ئەرستۆکراتەکاندا، بەڵکوو لەناو خەڵی ئاساییشدا خۆشەویستییەکی تایبەتیی بۆ دروست کرد. لێرەدا بە پلەی یەکەم مۆد و جوانکاریی ستانارد کرد. بەپێی وەرزی ساڵ، بانگەشەی بۆ قوماش، دیزاینی جیاواز بۆ جلوبەرگی خانمان، قژبڕینی پراکتیکی کورت و ڕیش تاشین بۆ پیاوان دەکرد، بۆن و بۆنخۆشکەر و عەتری ڕەسەن بۆ نەهێشتنی بۆنی ناخۆش، تەنانەت مەعجونێکی دروستکردبوو بۆ شوشتنی ددان کە پێشی بە بۆنی دەم دەگرت. هەموو ئەو کارانەی دەستی پێکردبوو سەرکەوتوو بوون و پیاوە ڕەشپێستەکەی لە بنەماڵەیەکی مەوالییەوە کرد بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین پیاوەکانی ئەندەلوس.

سەرەڕای ئەم دەرفەتە مەزنە هەمەلایەنەی بۆی هەڵکەوتبوو، گەورەترین خولیای ئەو بۆ مۆسیقا وەك خۆی مابۆوە. سوودی لە تێکنیکەکانی مۆسیقای ئێرانی وەرگرت کە لە بەغدا فێری ببوو

و بە تێکەڵکردنی لەگەڵ مۆسیقای ئەندەلوسی ناوخۆیی ئاوازی نوێی خوڵقاند کە تا ئەمڕۆش لە مۆسیقای عەرەبی مۆدێرن لە هەموو شوێنێکدا زیندوون. تارێکی پێنجەمی لە ئامێرەکە زیاد کرد و بەم شێوەیە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەی لە پەرەپێدانی ئامێری گیتاری مۆدێرن هەڵێنا، کە دواتر کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر مۆسیقای ئیسپانی دانا. زیریاب قوتابخانەیەکی مۆسیقای زۆر پرۆفیشناڵی بۆ ژنان و پیاوان دامەزراند، کە یەکەم قوتابخانەی تایبەتی سەردەمی خۆی بوو لە جیهاندا. لەوێدا قوتابیان فێری ژەنینی ئامێرەکان دەبوون هەروەها فێری گۆرانی وتن و تێکنیکەکانی هەناسەدان دەکران کە زیریاب خۆی پەرەی پێدابوو.

## پەناگەیەکی لێبوردەیی؟

لەگەڵ ڕاگەیاندنی خەلافەتی سەربەخۆ لە سەردەمی عەبدالڕحمانی سێیەم لە ساڵی ٩٢٩ هەموو هونەرەکان بووژانەوەیەکی گەورەیان بەخۆیانەوە بینی. شاعیر، نیگارکێش و مۆسیقاژەنان لە دەوری دەرباردا کۆ ببوونەوە، هەروەها باغداری و تەلارسازیش پەرەی ساندبوو. بینا جوانەکانی کۆردۆبا و دواتریش لە سێڤیلا "Sevilla" و گرانادا "Granada" تا ئەمڕۆش بەڵگەی کولتوورێکی بیناسازی و جوانکارین کە لە چەندین نەریتی جیاواز پێکهاتوون. دیارە عەرەبە کۆچەرییەکان شتێکی لەم شێوەیەیان نەدەزانی، چونکە بەردەوام لە جێگۆڕکێدا بوون و خاوەنی هیچ کەرەستە یاخود ئەزموونێکی بیناسازیی لە بیابانەکاندا نەبوون. تەنیا لەگەڵ خۆبڵاوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی بۆ خوراسان، بەغدا، دیمەشق و میسر بوو کە لە نیزیکەوە ناسیاویان لەگەڵ کولتووره دەوڵەمەندەکان بۆ مسووگەر کرا. ئەوە تەلارسازەکانی ئێرانی، سوریا و میسر بوون کە لەژێر دەسەڵاتی عەرەبدا هونەری بیناسازیی جیاوازیان خوڵقاند. تاکە عونسور یان توخمێکی ئیسلامی لەو ناوەدا لەسەر هۆکاری ئایینی، وازهێنان لە وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ بوو، کە دەرفەتی بۆ خەتنووسیی خۆش کرد.

لە قۆناغی یەکەمی خەلافەتی ئەندەلوسدا کە تا ساڵی ١٠٣١ بەردەوام بوو، دەرگا بۆ ئێرانی، هەروەها بۆ جولەکە و مەسیحییەکانیش بۆ یارمەتیدان لە دارشتنی کولتووره نوێیەکەی ئەندەلوس کرایەوە. خۆشگوزەرانی و دوورکەوتنەوە لە ململانێی ئایینی و سیاسی لە باقی جیهانی عەرەبیدا دۆخێکی لەباری پێکهێنا و ناوبانگی ئەندەلوسی وەک پەناگەیەکی لێبوردەیی لە جیهاندا بەرز کردەوە. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەوە وابوو؟ کام لەم گێڕاوانە ئەفسانەیە؟ هەروەها ئەم ڕوانگەیە چلۆن هاتە ئاراوە؟

لە ڕاستیدا ئەفسانەیەکی ڕۆمانسی سەبارەت بە پێکەوەژیانی پڕ لە لێبوردەیی نێوان موسڵمان، جولەکە و مەسیحییەکان خوڵقێندرا کە تەنیا لە سەردەمی ئێمەدا داهێنراوە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ڕۆشنبیرانی جوولەکە بەهۆی ئەو دژە جوولەکەگەراییەی بە پێی کات شەڕانگێزیی زیاتری لە ئورووپادا بۆ خوڵقاندبوون، هەروەها بە پشکنینی مێژوو بۆ دۆزینەوەی بەڵگە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن جولەکەش دەتوانن بە شێوەی ئاشتیانە لەگەڵ لایەنگرانی ئایینەکانی دیکە ژیان بکەن، ترس و نیگەرانییان تێدا پێکهاتبوو. مێژووی ئەندەلوسیان دۆزیەوە و ئەم سەردەمە زێڕینەی گەشەسەندنیان بە زێدەڕۆییەوە ڕۆمانسی کرد. موسڵمان، مەسیحی و جوولەکەکان بۆ ماوەی هەشت سەدە لە ئەندەلوس لە ئاشتی و یەکسانیدا پێکەوە ژیان و بارودۆخێکی لێبوردەییان خوڵقاند کە گەشەسەندنی کولتوری پێشکەوتووی ئەندەلوسییان گونجاو کرد.

له ڕاستیدا له ئەندەلوس - وەک له بەغدا - له سەدەی نۆیەمدا یاسای شەریعەت بەڕێوەنەدەچوو، مەی بە ئاشکرا دەخورایەوە، گۆرانی و سەما و ئەدەبیاتی ئیرۆتیک بەشێک بوون لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی، جولەکەکان ڕێگەیان پێدەدرا پۆستی باڵایان هەبێت هەروەها لە سیاسەت و ناو سوپاشدا چالاک بوون. ڕەنگە لێبوردەترین قۆناغ لە ئەندەلوس لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمدا لە ژێر دەسەڵاتی میری حەکامی یەکەم " Emirs al-Hakam I" (٧٩٦-٨٢٢) و دواتر لە ژێر دەسەڵاتی کوڕەکەی عەبدولڕەحمانی دووەمدا "Abd ar-Rahman II"بووبێت. قۆناغێك کە بە هاتنی زیریاب بۆ کۆردۆبا هونەرە جوانەکانی ژیانی دەرباری پەرە پێدا. بۆ جولەکە و مەسیحی، ئەم قۆناغە کاتێکی باش بوو و وەك پشوودان لە ئەژمار دەهات بەڵام بە هاتنەسەر کاری میری داهاتووی کۆردۆبا کۆتایی پێهات. محەمەدی یەکەم (٨٥٢-٨٨٦) فەرمانی لەناوبردنی هەموو ئەو کلیسایانەی دا کە دوای داگیرکردنی ئیسپانیا لەلایەن عەرەبەکانەوە، دروستکرابوون و نزیکەی پەنجا دەروێشی مەسیحی لە نێوان ساڵانی ٨٥١ تا ٨٥٩ بەهۆی ڕەخنەگرتن لە ئیسلام لەسێدارەدان. ئەو کووژراوانە بە ناوی "شەهیدانی کۆردۆبا" هاتنە مێژووەوە.

قۆناغێکی نوێی لێبوردەیی ڕێژەیی لە ساڵی ٩١٢ لە سەردەمی عەبدولڕەحمانی سێیەم و کوڕەکەی ئەلحەکامی دووەم، هەمیسان دەستی پێکردەوە. زۆرێک لە جولەکەکانی ئەندەلوس لە خەلافەتی تازە ڕاگەیەندراوی کۆردۆبادا سەروەت و سامانێکی زۆریان بەدەستهێنا و بەشدارییەکی گەورەیان لە زانست،

پیشەسازی و بازرگانی لە پێناو خۆشگوزەرانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا هەبوو، کە تەنانەت لەم ماوەیەدا بوو بە پەناگەیەک بۆ ستەملێکراوانی جولەکەی وڵاتانیتریش. بەڵام لە کۆتایی سەدەی ١٠دا تولەرانس و لێبوردەیی لە ئەندەلوس کۆتایی پێهات.

## ئیسلامی پوریتان[٥٦] ئەندەلوس داگیر دەکات

لەم قۆناغەوە هەندێک لە پارێزگارەکان لە خەلافەت جیابوونەوە و میرنشینی بچووکی سەربەخۆیان دامەزراند کە پێیان دەگوترا شانشینی تەیفە"Taifa". ئەم تایفا موسڵمانانە کە زۆرجار ژمارەیان لە نزیکەی سی کەس تێپەڕ نەدەبوو، زۆری نەخایاند لە گۆڕینی هاوپەیمانییەکاندا دەستیان کرد بە شەڕی خۆ بەخۆ. شا ئەلفۆنسۆی شەشەم "Alfons VI" ی کاستیل"Kastilien" پارچەپارچەبوونی موسڵمانانی بە دەرفەتێکی گەورە بۆ داگیرکردنەوەی دوبارەی ئەندەلوس دەبینی. دوای ئەوەی شاری تۆلیدۆ"Toledo"ی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، میرنشینیە بچووکەکان بۆ داوای یارمەتی ڕوویان لە پاشای ئەلمۆراڤی "Almoraviden" یوسف کوڕی تەشفین "Yusuf ibn Taschfin" (حوکمڕانی لە ساڵانی ١٠٦١-١١٠٦) کرد کە ئێستا مەغریبە. ئەلمۆراڤییە"Almoraviden" دیندارە توندەکان کە پابەند بوون بە تێکەڵاوییەك لە سۆفیگەری و ئیسلامی سوننە، دواتر شاخەکانی جبل التارقیان بەزاند و ئەلفۆنسۆی"Alfons VI" شەشەمیان ساڵی ١٠٨٦ لە شەڕی زەڵاقە "Zallaqa" شکست دا. دوای ئەم

[٥٦] پوریتانیزم بزووتنەوەیەک بوو کە لە سەدەی ١٦ تا ١٧ لە ئینگلتەرا و سکاتلەند و دواتر لە نیو ئینگلاند چالاک بووە، بەپێی بنەماکانی ئینجیلی ڕیفۆرم یان کالڤینیست بانگەشەیان بۆ چاکسازییەکی درێژخایەنی کلیسای مەسیحی دەکرد.

سەرکەوتنە نەگەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، بەڵکوو لەبری ئەوە پشتیان لە برا موسڵمانەکانیان کرد کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە تامەزرۆی خۆشگوزەرانی ئەم دنیایە بوون. لە دە ساڵی داهاتوودا تایفە"Taifa" میرنشینییەکان یەك لە دوای یەک داگیر کران.

لەگەڵ ئەلمۆراڤیەکان "Almoraviden" ئیسلامێکی پاك و خاوێن هاتە ئەندەلوس کە پێشتر بۆ دانیشتووانی گەلێك نامۆ بوو. سەردەمی جوانناسی، ڕێکوپێکیی یاسا و هاوئاهەنگی لەگەڵ سروشت، هونەر و ئازادیی مرۆڤ کە لەگەڵ هاتنی زیریاب"Ziryab"ەوە دەستی پێکردبوو بە هاتنی بەربەرەکان کۆتایی پێهات. فەرمانڕەوا نوێیەکان دەیانبینی چلۆن ژن و پیاوان لە ڕووباری گوادالکیڤیر "Guadalquivir" پێکەوە چێژیان لە گەشتی بەلەم وەردەگرت، چلۆن گۆرانی و مەی بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی موسڵمانان بوو، هەروەها بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئەو ڕاستییەیان دەکرد کە جولەکە و مەسیحی پێگەی بەرزیان لە دەوڵەت و لە کۆمەڵگادا هەبوو. ئەمانەیان بە نائیسلامی دەزانی، دژی وەستان و ڕایانگرت. دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئەلمۆراڤید لە سەدەی دوازدەهەمدا، ئەلموحەدەکا "Almohaden" دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، حکوومەتێکی بەربەری ئاینی و زێدەڕۆ کە تا ساڵی ١٢٦٩ فەرمانڕەوایی بەشێکی زۆری مەغریب و ئەندەلوسیان بەدەستەوە گرت.

سەرەڕای ئەوەش، مرۆڤ ناتوانێت بە سادەیی ژیانی ئەندەلوس بەسەر قۆناغێکی لێبوردەیی پێش ئەلمۆراڤیەکان و

قۆناغێکی نالێبوردەیی لە دوای ئەوان دابەش بکات، چونکە تەنانەت پێش هاتنە سەر دەسەڵاتیشیان لە بەرامبەر مەسیحییەکان و جولەکەکاندا نالێبوردەیی هەبووە. تەنانەت داریۆ فێرناندێز مۆرێرا "Darío Fernández Morera"[٥٧] زانای ئەدەبی ئیسپانی لە وتارەکەیدا "ئەفسانەی بەهەشتی ئەندەلوس" دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی نێوان ئەو سێ گرووپە ئایینییە بە ململانێی ئایینی و سیاسی و ڕەگەزی تایبەتمەند بووە کە باشترین کاتەکانی ژیانی هاوبەشیان تەنیا بەهۆی جەختکردنەوەی ستەمکارانەی فەرمانڕەواکان خستراوەتە ژێر کۆنترۆڵەوە.

لە ڕاستیدا پێشتر لە ساڵانی ١٠١١ و ١٠٦٦دا پۆگرۆم "Pogrome"[٥٨] دژی جولەکەکانی کۆردۆبا و گرانادا ڕوویدابوو.[٥٩] بە تایبەتی کۆمەڵکوژیی گرانادا وەک بەڵگەیەک بۆ ئەو هەستە دژە جوولەکە سەیر دەکرێت کە لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمەوە لە ئەندەلوس بەڕێوەچووە. شاعیر و زانای ئایینی جولەکە ساموێل کوڕی نەغریلا "Samuel ibn Naghrillah" لە دەرباری حەبوس"Habbus" پاشای بەربەرەکان لە گرانادا وەزیرێکی گەورە بووە. کاتێک کرایە فەرماندەی گشتی سوپا، لە ئەندەلوس لە نێوان زانایانی ئایینی موسڵماندا بەرخۆدان و بەرگرییەکی جیددی دروست کرا. ئیبن حزم "Ibn Hazm"، زانا و مرۆڤی ئایینی سەرەڕای

---

[٥٧] Darío Fernández-Morera:»The Myth of the Andalusian Paradise«, in: The Intercollegiate Review, ٢٠٠٦, S. ٢٣–٣١

[٥٨] پۆگرۆم وشەیەکی ڕووسییە و بە واتای هاندان و هێرشی توندوتیژی دژ بە ژیان و ماڵی کەمینەی ئایینییە.

[٥٩] Frederick M. Schweitzer, Marvin Perry: Anti-Semitism: Myth and hate from antiquity to the present, S. ٢٦٧ f.

میانەڕەو بوونی، ئەم دامەزراندنەی بە مەترسی خستنە سەر پێگەی دەسەڵاتی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی ئیبەریدا دەبینی. هەڵوێست و لێدوانەکانی بە تایبەتی لەلایەن کۆچبەرە موسڵمانەکانی باکووری ئەفریقاوە پێشوازییەکی بەرچاوی لێکرا. ئەوان دژی جولەکە، مەسیحی و ئەو موسڵمانانەی بەپێی یاسای شەریعەت هەڵسوکەوتیان نەدەکرد، دەوەستان.

کاتێک دوای کۆچی دوایی ساموئێلی کوڕی نەغریلە، کوڕەکەی یوسف بوو بە وەزیر و پاشان سەرکردەی سوپا، زانایانی ئایینی موسڵمان داوایان لە جەماوەر کرد بە توندوتیژیی لە پۆستەکەی لاببەن. لایەنگرانی ئایینی توورە بەناو گەڕەکە جولەکەکانی گرانادادا هێرشیان کردە سەریان و ماڵەکانیان وێران کردن و تووشی هەر جولەکەیەك هاتبان، بە ئەوپەڕی بێڕەحمییەوە دەیانکوشتن. ئەم هێرشکارییە ژیانی زیاتر لە ٤٠٠ جولەکەی توونا کرد، هەروەها وەزیری مەزن ئیبن حزمیش لەناو کووژراوەکاندا بوو. دوای ماوەیەکی کەم، ئەلمۆراڤییە بناژۆخوازەکان و سەدەیەک دواتر ئەلمۆهادەکان بەشێکی زۆری ئەندەلوسیان داگیرکرد. بەربەرە موسڵمانەکان ژیانی ئەو ناوچەیان لە لێبوردەیی و خۆشگوزەرانییەوە بۆ کاولی و مرۆڤکوژی گۆڕی. لێرە بەدواوە سەما، مۆسیقا و خواردنەوەی مەی بە گشتی قەدەغە کرا. یاسای دیمی "dhimmi" کە محەمەد ڕۆژێک بۆ مسۆگەرکردنی پێکەوەژیانی موسڵمانان و غەیرە موسڵمانان دایبنابوو، گەلێك توند و تیژتر کران. هەرچەندە هێشتا مەسیحی و جولەکەکان ئازادیی ئایینییان بۆ گەرەنتی کرابوو، بەڵام ئیتر ڕێگەیان پێنەدەدرا

سواری ئەسپ بن، خانووی بەرز دروستبکەن یاخود پۆستی گرنگیان هەبێت، بەڵکوو دەبوو نیشانەیەک بە جلوبەرگەکانیانەوە هەڵواسن کە ناسنامەی ئایینییان دیاری بکات. زانستی فەلسەفە بە سووکایەتی و کوفر دژ بە ئایینی ئیسلام دادەنرا و سزای بۆ دەبڕایەوە. لە کۆردۆبا کتێبەکانی فەیلەسوفی مەزن "Averroës" سووتێنران و خۆشی لەلایەن زانایانی ئیسلامی زێدەڕۆی ئەندەلوسەوە بە کافر ناسێندرا و ڕەوانەی تاراوگە کرا. هەمان چارەنووس بەسەر فەیلەسوفی جوولەکە مووسای بن مایمۆنیدسدا "Moses Ben Maimonides" هات، کە ناچار کرا سەرەتا لەو جەماعەتە توورەیە بۆ فەز "Fes" و دواتر بۆ قاهیرە ڕابکات. هەروەها هەر وەک خۆی، زۆرێک لە جولەکە و مەسیحییەکان ئەندەلوسیان بەجێهێشت، هەندێکیتر لەڕووی ناچارییەوە بوونە موسوڵمان.[٦٠]

چیرۆکی سەرهەڵدان و ڕووخانی ئەندەلوس خەرێکبوو بۆ جارێکیتر لە بەغدا دووپات بێتەوە. دوای قۆناغێکی کورت لە لێبوردەیی، هەمەچەشنی و گەشەسەندنی زانست و فەلسەفە، ئۆرتۆدۆکسی ئیسلامی پارچەپارچە کراو گەڕایەوە و کولتوری ئیسلامی زیندوو کردەوە. چیرۆکەکانی بەغدا و کۆردۆبا هەمیشە چیرۆکی شاعیر و فیزیکزانی ئەندەلوسی عەباسی کوڕی فیرناسم "Abbas ibn Firnas" بیردەخەنەوە. ئەویش لە کۆردۆبا دەژیا، هەر

---

[٦٠] vgl. Hamed Abdel-Samad: Der islamische Faschismus. Eine Analyse, S. 86 ff.

وەك زیریاب، ئەویش لەلایەن میرەکانەوە پشتگیری دەکرا. ئەو بە پێشەنگێکی سەرەتایی فڕۆکەوانی دادەنرێت، چونکە باڵی لە پەڕی هەڵۆ بە جەستەیەوە دەچەسپاند و لە گردێکی نزیک کۆردۆباوە هەوڵی فڕینی دەدا. چەند سەد مەترێک فڕیوە، بەڵام لە کاتی نیشتنەوەدا هەردوو قاچی شکاوە و هەرگیز هەوڵەکەی دووپات نەکردۆتەوە. ئیکاروسی عەرەبی "arabische Ikarus" وەک هێمایەک وایە بۆ مێژووی فەلسەفە و زانستی زمانی عەرەبی. هەردووکیان بە سۆز و وردبینییەکی زۆرەوە دەستیان پێکردوە و قۆناغێکی فڕینی کورتیان هەبووە. ئەوان بە پێچەوانەی ئیکاروسەوە، بۆ شانازییەکەیان لەلایەن خوداوەندەکانەوە سزا نەدرابوون، بەڵکوو لەژێر گاشەبەردی سەرسەختی ئۆرتۆدۆکسی ئیسلامییدا وردوپرد کرابوون.

موسڵمانە کۆنەپەرستەکانی ئەوکات، هەروەک ئێستا، بەدوای هۆکارەکانی ڕووخانی ئەندەلوسدا دەگەڕان. بەردەوام دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە ئایین و پشتگوێخستنی جیهادیان بە هۆکاری سەرەکی دەهێنایەوە. تەنانەت زانای ئیسلامی هاوچەرخی میسری ڕەغیب سیرگانی "Raghib al-Sirgani" گۆرانیبێژ زیریابی بە هۆکاری ڕووخانی ئەندەلوس داناوە. بە شەیتان وەسفی کردووە چونکە دەبێ موسڵمانانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابێ و لە ئایین دووری خستوونەتەوە. ئیمانداران لە جیاتی گوێگرتن لە زانایانی ئاینی گوێیان بۆ ئەو و ئاوازەکەی گرتووە.[٦١] هۆکارێکی دیکە کە ئاماژەی

---

[٦١] Raghib al-Sirgani: qissat al-andalus minal-fath ilal-suquut, S. ١٧٩ f.

پێدەکەن، مولادیەکانن، ئەو ئەندەلوسییانەی لە باوکێکی عەرەب و دایکی ڤیزیگۆتی "westgotische" کەوتوونەتەوە. لە ڕوانگەی ئیسلامیستەکانەوە ئەمانە موسڵمانی ڕاستەقینە نەبوون و سەرکردایەتی فیتنە و ڕاپەڕینیان لە دژی موسڵمانان بەڕێوە بردووە.

لە نەخشە ڕوونکردنەوەکانی ئەم چەشنانەدا دەتوانیت کێشەیەکی تایبەت لە بیرکردنەوەی ئۆرتۆدۆکسی ئیسلامیدا ببینرێ، کە هەمیشە بۆتە هۆی دەستنیشانکردنی بۆچوونی هەڵە: هەمیشە ئایین وەک چارەسەر سەیر دەکرێت، بەڵام هەرگیز وەک کێشە نابینرێت و بەردەوام کەسێکی مولادی"Muladí" یان ڕۆژئاوایی پیلانگێڕیی دژی ئیمانداران و ئیسلام دەکەن.

## کولتووری عەرەب تا چ ڕادەیەك ئیسلامی و عەرەبی بووە؟

مرۆڤ باسی تەلارسازی عەرەبی، فەلسەفەی ئیسلامی و تەنانەت زانستە عەرەبی-ئیسلامییەکانیش دەکەن. ئایا بەڕاستی ئەوانە بوونیان هەبووە؟ ئایا ئایینێک دەتوانێت فەلسەفە، زانست و کاری هونەری بەرهەم بێنێت؟ ئایا ئایینی ئیسلام بەرپرسیاری سەردەمی گەشەسەندنەی ئیمپراتۆریەتی عەباسی و ئەندەلوس بوو؟ ئایا ئەو عەقڵەی ئەم بینا سەرنجڕاکێشانە و ئەم دەستکەوتە زانستیانەی بەرهەمهێنا، عەرەبی بوو؟ مێژوونووسی عەرەب ئیبن خالدون هەر لە سەدەی ١٤دا بە نەرێنی وەڵامی ئەم پرسیارانەی داوەتەوە. ئەو پێی وابوو نەوەی یەکەمی داگیرکەرانی عەرەب عەقڵیەتی بەدەوییان هەبووە کە تەنیا لەسەر داگیرکاریی و تاڵانکاری ساغ ببۆوە. ئەوان نەیاندەویست و نەیاندەتوانی شتێکی نوێ بنیات بنێن، تەنیا دەیانویست ئەوەی ئێران و بیزانسەکان لە خۆیان بەجێیان هێشتبوو، دەستیان بەسەردا بگرن و کەڵکیان لێ وەرگرن. بۆیە بە بڕوای ئیبن خالدون، ئەوە عەرەب نەبوون کە بدرەوشێنەوە، بەڵکوو ئێرانی و دانیشتووان و ئەندامانی گەلانی مەسیحی بوون. تەنانەت زانایانی پێشەنگی

ئیلاهیاتیش ئێرانی یان ئەو عەرەبانە بوون کە ڕاهێنان و خوێندنیان لە شوێنە ئێرانییەکان تەواو کردبوو.[٦٢]

لە ڕاستیدا گرنگترین فەیلەسوف، پزیشک و زانایانی نێوان سەدەی نۆ و ١١ ئێرانی بوون: بۆ نموونە ئیبنی سینا"Avicenna"، ئەل فارابی "al-Fārābī"، ڕازی "Rhaze" یان بیرکاری ناودار ئەل خەوارەزمی "al-Chwarizmi". هەروەها گرنگترین کۆکەرەوەکانی حەدیس وەک (البوخاری "al-Buchārī"، ئەت-تیرمیدی "at-Tirmidhī"، موسلم ئیبن الحجاج "Muslim Ibn al-Hajjaj" و ئیبن مەجاح "Ibn Madschah") هەروەک یەکەم مێژوونووس و تەفسیری قورئان تەبەری"at-Tabarī"یش ئێرانی بوون. سۆفییە گرنگەکانی بە ڕەچەڵەک ئێرانیش وەک ئەلحەلاج "al-Hallādsch"، سوهرەوەردی "Suhrawardi"، مەولەوی "Rumi" و فەریدودین عەتار "Faridudin Attar"یش گرنگایەتی خۆیان هەبووە. تەنانەت ڕێساکانی ڕێزمان و فۆنێتیکی عەرەبییش لە لایەن زماناسێکی ئێرانییەوە بە ناوی سیباویەحی "Sibawyahi" نووسراوە. تەنیا بە یارمەتی ئەو، عەرەب و گەلانی عەرەب زمان توانیان بە باشی قورئان بخوێننەوە و لێی تێبگەن. تەنانەت زانای کۆنەپەرست ئەلغەزالی "al- Ghazālī"یش کە بە توندی ڕەخنەی لە فەیلەسوفەکان دەگرت، ئێرانی بوو.

خەلیفە هارون ئەررەشید و کوڕەکەی ئەلمەعموون کە لە سەردەمی خۆیاندا شۆڕشێکی زانستیان دەستپێکرد، عەرەب بوون

---

[٦٢] Ibn Khaldūn: al-Muqaddima, Bd. ١, S. ٦٢٨ ff.

بەڵام هەردووکیان لەلایەن بنەماڵەی گەلێك کاریگەری بەرمەکی ئێرانییەوە پەروەردە ببوون. دایکی ئەلمەعموون "Al-Maʾmūn" ئێرانی و خۆشی بەرپرسی پارێزگاری خوراسان بووە پێش ئەوەی براکەی بکوژێت و ببێتە خەلیفەی نوێ و لە خورسانەوە چەندین ئەزموون و دەستکەوتی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو.

بەڵام بۆچی ئەم زانا و فەیلەسوفە ئێرانییانە لەژێر دەسەڵاتی موسڵماناندا درەوشانەوە؟ وەڵامی ئەمە لە ئەکادیمیای گوندیشاپور "Gundischapur"دا دەدۆزینەوە کە ماوەیەکی زۆر پێش ئیسلام لە ئێران دامەزرا، بەڵام تەنیا لە سەدەی شەشەمدا لە سەردەمی مەلیک خوسرو بووە ناوەندێکی گرنگی پزیشکی و فەلسەفە و وەرگێڕانی کتێب. مەسیحی سووریی کە لە ژێر گوشاری بیزانس هەڵهاتبوون، پەنایان بۆ ئێران بردبوو. هەندێکیان بە زمانی یۆنانی، ئارامی، فارسی و دواتر عەرەبی ئاخافتنیان دەکرد. ئەوان لەلایەن شا خوسرەوەوە ڕاسپێردرابوون بەرهەمە ستانداردەکانی یۆنانی لە دیسیپلینە جیاوازەکانەوە وەربگێڕنە سەر زمانی فارسی.

زۆری نەخایاند خاکی ئێران لەلایەن عەرەبەکانەوە داگیرکران. نەوەی یەکەمی داگیرکەرانی عەرەب، گرنگییەکی کەمیان بە زانینی گەلانی دیکە دەدا. سەرچاوە ئیسلامییەکان باس لەوە دەکەن کە سەرۆکی سوپای عەرەب لە ئێران نامەیەکی بۆ خەلیفەی دووەم "عومەر" نووسیوە و پرسیاری ئەوەی کردووە سەربازەکانی چی لە کتێبە فارسییەکان بکەن؟ دەوترێت عومەر ڕێنمایی کردووە

کتێبەکان بخەنە ناو ڕووبارەکەوە چونکە ئەگەر بیرۆکەی شەیتانیان تێدابێت ڕەنگە سەر لە موسڵمانان بشێوێنێت. هەروەها ئەگەر بیرۆکەی بەسوودیشی تێدابێت، مرۆڤ پێویستی پێی نییە، چونکە قورئان هەیە، کە هەموو شتێکی بەسوودی لەخۆگرتووە. ١٥٠ ساڵ دواتر لە سەردەمی عەباسیەکان گرنگیی ئەکادیمیای گوندیشاپوریان وەک مۆدێلێک بۆ شوێنی زانست لە بەغدا ناسی. پزیشکی خەلیفەکان و زۆربەی وەرگێڕەکانی سەردەمی عەباسیەکان، مەسیحی سوری ئەو ئەکادیمیایە بوون.

هەرچەند ئەم شۆڕشە زانستییە ڕەگ و ڕیشەی ئێرانی-سوریا-یۆنانی هەبوو، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی بەبێ یارمەتی حوکمڕانە بەخشندە و کنجکۆڵە عەڕەبەکان بەرهەمێکی وای لێ بکەوێتەوە کە بە پارەیەکی زۆر و ژێرخانێکی باش پشتیوانی ئەم گەشەسەندنە بکرێ. ڕەنگە یەکەمین داگیرکەرانی عەڕەب، مرۆڤی ساکار و سادەی کۆچەر بووبن کە باوەڕیان بە زانست و شارستانیەت نەبووبێت، بەڵام تا زیاتر کاتی ژیانیان لە شارستانیەتدا بەسەر دەبرد، زیاتر تایبەتمەندییەکانیان بە فەرمی ناسیوە. لەبەر ئەوەی لە لوتکەی بەرزی خۆیاندا نزیکەی نیوەی جیهانی کۆنیان حوکمڕانی دەکرد، توانیان تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی بیزانس، ئێران، چین، میسر، سوریا و هیندوستان تێکەڵ یەك بکەن. ئەوەی پێی دەوترێت هونەری تەلارسازی ئیسلامی جگە لە هاوژیانییەکی سەرکەوتووی هونەری ئێرانی و بیزانس هیچی تر نییە. هەروەها ئەوەی فەلسەفەی ئیسلامی پێی دەوترێت لە

بنەڕەتدا یۆنانییە و داهێنانەکانی دواتری پزیشک و زانایانی عەرەبی زمان، لەسەر دۆزینەوە کۆنەکانی یۆنانی لەم بوارانەدا خولقاند.

بە دڵنیاییەوە مرۆڤ ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات ئیسلام خۆی بەرپرسیاری ئەم دەستکەوتانەیە، ئەگەرنا ئێمە سەرەتا ئەم سەردەمە گەشەسەندنەمان لە بەغدای ژێر دەسەڵاتی ئێرانییەکان ئەزموون نەدەکرد، بەڵکوو دەبوو لە مەککە و مەدینە کە دەبێ ئیسلام لێیەوە سەرچاوەی گرتبێ، پەرەی سەندبایە. جگە لەوەش زانایانی ئیلاهیاتی کلاسیکی وەک ئەلشەفیعی "al-Shafiʾi" لە سەدەی هەشتەمدا جەختیان لەوە دەکردەوە کە هەر زانستێک لە دەرەوەی بازنەی ئایین بێ، کات بەفیڕۆدانە.

کەواتە با کۆک بین لەسەر ئەوەی سەردەمی گەشەسەندنی ئیسلام لە ناخی دینەوە سەریهەڵنەداوە، بەڵکوو دەرئەنجامی وەرچەرخانێک بووە لە زانستی گەلانی دیکە. لێکگرێدان و پەیوەندیدانی کولتووره جیاوازەکان بەردەوام داهێنان و گواستنەوەی زانیاریی مسۆگەر کردووە. بەم شێوەیە زانستی سەردەمی فیرعەونە کۆنەکان دوای داگیرکردنی میسر لە لایەن ئەسکەندەری مەزنەوە گەیشتبووە یۆنان و بە هەمان شێوە دوای داگیرکردنی ئێران و ڕۆمییەکانیش زانیاریی یۆنانی بۆ ئێران و ناوچە عەرەبییەکان گواسترابووەوە. لە ڕێگەی داگیرکردنی ئەندەلوسەوە، وەرگێڕانی عەرەبیش گەیشتە ئوروووپا و دواتر ئیلهامبەخش بوو بۆ سەردەمی ڕێنێسانس و بەم شێوەیە

مۆدێرنیت بە دەستکەوتەکانی لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، لە ئورووپاوە بۆ هەموو جیهان ڕێگەی خۆی دۆزییەوە.

زانست ئایینی نییە، بەڵکوو میتۆدۆلۆژیای هەیە. هەر کەسێک میتۆدۆلۆژیا پەیڕەو بکات، زانست بەدەست دەهێنێت و دەیگوازێتەوە. هەرکەسێک خۆی بەتەنیا بهێڵێتەوە، سوود لە زانینی کەسانیتر نابینێت. جیهانی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە زۆر بواردا پێشەنگ بوو، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی خواپەرست بوون. بەپێچەوانەوە لە سەردەمی گەشەسەندندا هەم حاکم و هەم ڕەعیەت گەلێك لە حوکمەکانی شەریعەت دوور بوون. سەرەڕای ئەوەی خەلیفە بەناوی ئایینەوە حوکمڕانی دەکرد، بەڵام سەماکاری نیوە ڕووت لە کۆشکەکاندا لێهاتوویی خۆیان نمایش دەکرد و سەدەی نۆیەمیش ژمارەی مەیخانەکانی بەغدا زیاتر بوو لە کۆی هەموو وڵاتانی عەرەبی لەمڕۆدا. هەروەها شیعری ئیرۆتیک و هۆمۆئیرۆتیک لە سەردەمی گەشەسەندنی ئیسلامدا زۆر بەناوبانگ بوون. وەک دەزانرێت هەموو ئەمانە لە ئایینی ئیسلامدا نەک هەر ڕوخساری باشیان نییە، بەڵکو بە تاوانباریش دادەنرێن.

هەر بۆیە من پێموایە ئەزموونی پێچەوانەی دەبێ کاتێک دامەزراوە پەروەردەییەکان و ڕێکخراوە و میدیاکانی ڕۆژئاوا بە مەبەستی وروژاندنی ئارەزووی گەنجانی موسڵمان بۆ زانست و فەلسەفە باس لە فەلسەفەی ئیسلامی یان زانستە ئیسلامییەکان دەکەن. چونکە ئەم لۆژیکە دەتوانێت کاریگەرییەکی تەواو

پێچەوانەی هەبێت: ئەگەر پەسەندکردنی ئایین یان باوەڕ ببێتە ئاماژەدان بۆ مەرجی پێشوەختە بۆ بەدەستهێنانی زانست، ئەو ئایین یان باوەڕە دەتوانێت زانستەکە گەندەڵ بکات یان سنوورداری بکاتەوە. ئەمەش هەر لە سەردەمی گەشەسەندنی کولتوری عەرەبی-ئێرانیدا ڕوویدا، کاتێک فەلسەفە بۆ پاساودانی ئایین بەکاردەهێنرا، هەروەها کاتێک ئیلاهیات ڕەخنەی لە زانست دەگرت و سنووری بۆ دیاری دەکرد. هەرکاتێک ئایین بووبێتە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی زانستی عیلمانی، ئەنجامەکەی ڕۆشنگەریی نەبووە، بەڵکوو بووەتە هۆی بەهێزبوونی زێدەڕۆیی ئایینی. ڕێک ئەمەش لە سەدەی یازدەهەمەوە لە جیهانی ئیسلامیدا ڕوویدا، هەر بۆیەش قۆناغی خۆشگوزەرانی گۆڕا بۆ قۆناغی تەنیامانەوە و گۆشەگیریی. ڕێک ئەوە لەمڕۆدا ڕوودەدات کاتێک تیۆری گەشەسەندن لە پۆلەکانی بایۆلۆژی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی قەدەغە کراوە چونکە دژایەتی چیرۆکی خوڵقاندنی ئایینی ئیسلامی دەکات. هەمان شت بۆ بیرۆکەکانی سپینۆزا "Spinoza"ی کانت"Kant"، ڤۆڵتێر"Voltaire"، نیتچە"Nietzsche" و سارتەر "Sartre"یش دەگونجێت، کە لە سیستەمی پەروەردەی ئیسلامیدا بەهۆی هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان بەرامبەر بە ئایین پێشوازییان لێناکرێت. تەنانەت بیرۆکەی فەیلەسوفە ئیسلامییەکانی وەک ئیبنی سینا "Avicenna"، ئەلفەرابی "al-Fārābī" و ئاڤێرۆس "Averroës" لەمڕۆدا بە دەگمەن لە قوتابخانە عەرەبییەکان دەبیسترێت، چونکە بە نائیسلامی دادەنرێن.

## بەشی حەوت

### لە حەران"Harran"ەوە بۆ دیمەشق: کۆتایی هاتنی سەردەمی گەشەسەندنی ئیسلام و سەرهەڵدانی زێدەڕۆیی ئایینی

زۆرجار ڕووخانی خەلافەتی عەباسی هاوتا دەکرێت لەگەڵ هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر بەغدا لە ساڵی ١٢٥٨. بەڵام دەسەڵاتی سیاسی زۆر زووتر لەو سەردەمە دەستی بە دارمان کردبوو. بەو پێیەی عەباسییەکان پێشتر دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری ئیمپراتۆریەتی ئومەوییەکاندا گرتبوو، هیچ شەپۆلێکی نوێی گەورەی داگیرکاریی نەبوو کە بتوانێت شۆڕشە یاخیبوونە ناوخۆییەکان ڕێڕەو بکات. هەرچەندە نوخبەی ئێرانی، شیعە، مەسیحی و جوولەکە یارمەتیدەر بوون لە دارشتن و سوودمەندبوون لە سەردەمی گەشەسەندنی عەباسی، بەڵام هێشتا مرۆڤی نارازی لەم ئیمپراتۆریەتەدا گەلێك زۆر بوون. تەنانەت موسڵمانانیش لە نێوان خۆیاندا ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژییان هەبوو. ئەمەش کەموکوڕییەکی لەدایکبوونی ئایینی ئیسلام نەبوو، چونکە محەمەد بەبێ ئەوەی وەڵامی پرسیارە گرنگە سیاسی و ئیلاهیاتییەکانی دابێتەوە، کۆچی دوایی کردبوو:

1. **پرسیاری حوکمڕانی:** خەلیفەی شەرعی کێیە و چ مەرجێک دەبێت بۆ سەرکردایەتیکردنی موسڵمانان جێبەجێ بکات؟ ئایا ئەو کەسە ناچارە لە بنەماڵەی پێغەمبەرەوە بێت، یان بەسە، ئەگەر خەڵکی مەککە بێت؟ ئایا کەسێکی غەیرە مەککەیی یان تەنانەت غەیرە عەرەبیش دەتوانێت سەرکردایەتی موسڵمانانیش بکات؟
2. **چارەنووس و ئیرادەی ئازادی مرۆڤ:** ئایا مرۆڤ کردارەکانی خۆی بەجێدێنێت، یان تەنیا پلانی دارِشتووی خودا جێبەجێ دەکات؟ ئایا فەرمانڕەوا لەلایەن خوداوە دەستنیشانکراوە، یان ڕەعیەتەکانی دەتوانن دژی بوەستن ئەگەر نادادپەروەر بێت؟
3. **سروشتی خودا:** ئایا خودا چاو، دەست و پێی هەیە، وەک قورئان دەڵێت، یان لەوە تەنیا وەك ڕەمزێك دەبێ لێی تێ بگەین؟
4. **سروشتی قورئان:** ئایا قورئان دارِێژراوێکی ئەبەدییە یان پەیوەندیی بە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە هەیە؟

بەو پێیەی ئەم پرسیارانە لە قورئاندا وەڵام نەدراونەتەوە، بنەمای سیستەمێکی ئیسلامی سیاسی ناجێگیر پێکهات، بەجۆرێک کە هەموو ئەو شتانەی لەسەری بنیات نرابوو، بە چەقبەستوویی مایەوە. پرسیارە ئیلاهییە بێ وەڵامەکان بە هەمان شێوە بۆشاییەکی بێسنووریان لە نێوان ئایینە جیاوازەکان و قوتابخانەکانی یاساییدا دروستکرد. بەم شێوەیە تۆوی شەڕی ناوخۆی ئیسلامی چێندرا.

شەڕەکانی ناوخۆی ئیسلامی لە سەردەمی ئومەویدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرفراوان بووبوو و ژمارەی قوربانیانیش بەردەوام بەرز دەبوونەوە. تەنانەت لە سەردەمی عەباسیشدا سەرەڕای لێبوردەیی و فرەچەشنی ناو کۆمەڵ، شەڕی ناوخۆ هەبوو کە بەهۆی ئەم چوار پرسیارەوە هەڵگیرسابوون. هەرچەند عەباسیەکان لەڕێگەی ڕەچەڵەکی عەباسی مامی محەمەدەوە شەرعیەتی ئایینی باشتریان هەبوو، بەڵام شیعەکان لێیان یاخی بوون، چونکە دەیانویست کەسێک لە هێڵی عەلی ئامۆزای محەمەد وەک خەلیفە بێت و لەبەرئەوەی عەباسیەکان سەرەڕای هاوپەیمانی و بەشداریی شیعەکان دژی ئومەویەکان، نەیانویست ئەوان دەوڵەتێکی شیعە دامەزرێنن. ئەوان لەبیریان نەچووبۆوە سەرکردەکەیان، ئەبو موسلیم ئەلخورسانی، لە سێدارە درابوو دوای ئەوەی شازادەی ئێرانی نزیک بوو بە تەنیا شکست بە ئومەویەکان بێنێ.

نەوەیەکی عەلی بە ناوی محەمەدی نەفس ئەز زەکییە "Mohamed an-Nafs az-Zakiyya" یەکەم کەس بوو لە ساڵی ٧٦٢ توانی لە مەدینە بوێری ڕاپەڕین لە دژی عەباسیەکان بکات، بەڵام ڕاپەڕینەکە سەرکوت کرا. نەوەی عەلی و نەوەکانیتری ئەم هێڵە کوژران. ئەمەش بیرەوەرییەکانی سەردەمی ئومەویەکانی هێنایەوە یاد، کە لە بەرەکانی شەڕی کەربەلا حوسێنی کوڕی عەلی کوژرا و نەوەکانی دوای حسێنیش گۆشەگیر کران.

له ساڵی ٧٦٨ کۆمەڵێک شیعە بە سەرۆکایەتی ئیدریسی کوڕی عەبدوڵڵا "Idris ibn Abdallah" کە نەوەیەکی حوسێن بوو، ڕایان کرد بۆ ئەو شوێنەی ئێستا مەغریبە و ئیمپراتۆریەتی ئیدریسییان "Idrisiden" دامەزراند، کە یەکەم دەوڵەتی شیعە بوو لە مێژوودا. لە ژێر کاریگەریی عەباسییەکان یەکەم لاوازبوونی خەلافەت لە ڕۆژئاوای مەغریب دەستی پێکرد.

لە سەردەمی خەلیفەی حەوتەم ئەلمەعمون "al-Maʾmūn"، ڕاپەڕینێکی گەورەی قبتیەکان لە ناوچەی باشمور "Bashmur" لە دێلتای نیل لە میسر ڕوویدا. ناوچەی باشموری قبتیەکان بەدەست باجی گەلێك زۆرەوە دەیانناڵاند و دەیانویست لە دەسەڵاتی عەباسی جیاببنەوە؛ خەلیفە خۆی سەرکردایەتی سوپاکەی بۆ ناو دێلتای نیل کرد و ئاگری لە گوندەکانی یاخیبووەکان بەردا و شۆڕشەکەی سەرکوت کرد. ژن و پیاو و منداڵی قبتی بە کۆیلە کران و لە بازاڕی کۆیلە لە دیمەشق فرۆشران.

یەك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی لاوازبوونی هەرچی زیاتری پێگەی خەلافەتی بەغدا لەوەدا بوو کە چەند سەد هەزاران کۆیلە لە ئیمپراتۆریەتی عەباسیدا دەژیان. سەقەلیبا "Saqaliba" (کۆیلەی سلاڤی) بە تامەزرۆییەوە وەک خزمەتکار و چێژی سێکسی لە لای بەرپرسانی حکوومەتی ڕاگیرابوون. لە بەرامبەردا زاناجەکان "Zanadsch" (کۆیلە ڕەشپێستەکان) سووکایەتییان پێدەکرا و دەبوو لە باخەکانی میوە یان بۆ ئیشککردنەوەی تاڵاوەکانی خوێ

دەوروبەری ڕووباری فورات کاری قورس بەڕێوەبەرن. بارودۆخی کارکردن ئەوەندە نامرۆڤانە بوو کە لە سەدەی نۆیەمدا ڕاپەڕینێکی بە پێکهاتەی تیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی خوڵقاند. سەرکردەی ئەو ڕاپەڕینە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لە بنەماڵەی پێغەمبەرەوە هاتووە و دەیگوت ئیسلام دژی کۆیلایەتییە چونکە یەکەم شوێنکەوتوانی محەمەد خۆیان کۆیلە بوون. لایەنگرانی ڕاپەڕینەکە دەسەڵاتدارنی بەغدایان ئاگادار دەکردەوە کە پێغەمبەر دژی ڕووتاندنەوەی کۆمەڵایەتی بووە و فەرمانی بە دەوڵەمەندەکان دەدا گرنگی بە هەژاران بدەن و یارمەتیدەریان بن. ڕاپەڕینەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەوە و بیست ساڵی خایاند تا عەباسیەکان توانیان کۆتایی پێبهێنن. ڕاپەڕین و سەرکوتکردنی بووە هۆی لەناوچوونی سەدان هەزار گیانی مرۆڤ.

هەندێک لە پارێزگا شیعەکانی ئێران ئەم قۆناغە ناسەقامگیرییە ناوخۆییەیان بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆیان قۆستەوە، لەوانە بویدەکان "Buyiden"، قەرماتیەکان "Qarmaten" و زیاریدەکان "Ziyariden". تەنانەت ئێرانییە سوننەکانیش دەیانویست لە خەلافەت جیاببنەوە. دەوڵەتی سامانی "Samaniden" سوننە لەلایەن بنەماڵەیەکی شازادەوە دامەزرا کە دەیانویست نەریتی پاشاکانی پێش ئیسلام زیندوو بکەنەوە. سەرەتا سامانییەکان خۆیان خستە ژێر دەستی خەلافەتی عەباسی، بەڵام دواتر سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. لە بوخارای پێتەختەوە ئەمیرەکانی سامانی لە ساڵانی ٨١٩ تا ١٠٠٥ حوکمڕانی بەشێک لە ناوچەی ترانسۆکسانیا "Transoxanien" و خوراسانیان بەدەستەوە گرت.

ناوچەکەیان ناوەندی بازرگانی نێودەوڵەتی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو و سوودێکی زۆریان لێ وەردەگرت. لەژێر سێبەری گەشانەوەی ئابووری، زانست، پەروەردە و هونەری کاری دەستیش پەرەیان ساند هەر بۆیەش هەر لە سەدەی دەیەمەوە شارە گەورەکانی وەک بوخارا و سەمەرقەند توانیان لەگەڵ بەغدا کێبەرکێ بکەن. کەسایەتییە گەورەکانی وەک دوکتۆر و فەیلەسوفی بەناوبانگ ئیبنی سینا و شاعیری مەزن فیردوسی کە لە کتێبی شاهنامە (کتێبی پاشاکان) لە ٦٠ هەزار بەیتدا ژیان و بەرهەمی پاشا گەورەکانی پێش ئیسلامیی ئێرانی زیندوو ڕاگرت، لەو قۆناغەوە دەستیان بە کارەکانیان کردووە. هەروەها حەدیس کۆکەرەوەی بەناوبانگ البوخاریش لەم ناوچەیەوە هاتووە.

قەرماتییە شیعەکان لە بەحرەین دەوڵەتی خۆیان دامەزراند و لە میسر و باکووری ئەفریقاش فاتمییە شیعەکان لە سەدەی ١٠دا خۆیان لە خەلافەتی عەباسی جیاکردەوە. تورکی سەلجوقی دەوڵەتی خۆیان لە ئاسیای ناوەڕاست ڕاگەیاند کە وردە وردە لەسەر حسابی عەباسیەکان خۆیان لە ئێرانەوە بەسەر سوریا و ناوچەی ئەنادۆڵدا بڵاوکردەوە.

عەباسییەکان نەک هەر لەگەڵ لەدەستدانی خاکدا ڕوبەڕو ببوونەوە، بەڵکوو خەلیفەکان ترسیان لە فیتنەی ناوکۆشک لەلایەن برا، مام و کوڕەکانی خۆیانەوە هەبوو. بەم شێوەیە لە بەکرێگیراو و سەرکردەی شەڕی نەتەوەی تورک کەڵکیان وەرگرت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیانی پێ دەستەبەر بکەن. دەوڵەت و

میرنشینە تازە سەربەخۆکانیش هەمان کاریان بەڕێوەبرد، ئەمەش بەو مانایە بوو کە سەرکردەکانی جەنگ واتە تورکەکان زیاتر و زیاتر کاریگەرییان بەدەستهێنا.

## کۆتایی شارستانیەتی ئیسلامی

لە کۆتایی سەدەی دەیەمدا چوار خەلافەتی جیاواز هەبوون: خەلافەتی عەباسی لە بەغدا، خەلافەتی فاتمی لە قاهیرە، خەلافەتی ئومەوی لە ئەندەلوس و خەلافەتی قەرەماتی لە بەحرەین. هەروەها چەندین دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسلامیش هەبوون، وەك حەمدانیدەکان "Hamdaniden" لە حەلەب "Aleppo" و دواتر سەلجوقییەکان لە ئاسیای ناوەڕاست، ئێران و ئەنادۆڵ. هەموو ئەمانە بە تێپەڕبوونی کات بوونە هۆی ئەوەی خەلیفەکانی بەغدا تەنیا پێگەیەکی سیمبۆلیکیان لێ بمێنێتەوە. تەنیا پرسیارێکی کاتیی بوو دەسەڵاتێکی نوێ خەلافەتی عەباسی لەناو بەرێ. ئایا دواجار ئێرانییەکان هەژموونی خۆیان بەکاردەهێنن و دەست بەسەر خەلافەتدا دەگرن؟ یاخود تورکە بەهێز و سەرهەڵداوەکان ئەو کارە بەجێ دێنن؟ نەخێر، هیچکامیان، ئەوە مەغۆلەکان بوون کە یەکەم کەس بوون بوێری هێرشکردنە سەر بەغدایان هەبوو.

مەغۆلەکانی سەدەی ١٣ هاوشێوەی داگیرکەرە عەرەبەکانی سەدەی حەوتەم بوون: مرۆڤی کۆچەر، ئاکارکێوی، ئیرادەدار، برسی دەسەڵات و پارە – هەروەها لە هەمووشی گرنگتر هیچیان نەبوو لەدەستی بدەن. عەباسیەکانی سەدەی ١٣ وەک

بیزانسەکانی سەدەی حەوتەم بوون: لێکدابڕاو و دابەشبوو، بێ خەیاڵ و ماندوو لە شەڕ. ئیتر نەیاندەتوانی ئەو ناوچە بەربڵاوەی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بوویان بەیەکەوە ڕابگرن. هەروەها نابێ لەبیرمان بچێت شەڕە خاچپەرستەکان لە ئارادابوون، کە باسێکی تایبەت بەخۆیان هەیە. پێگەی دەستپێکی داگیرکەران لە سەحرای دەوروبەری ئەو شوێنەی کە دواتر بوو بە پێتەختی کاراکۆروم "Karakorum"، لەڕادەبەدەر دۆخێکی لەباری بۆ پێکهاتبوو.

وەک عەرەبەکانی پێش ئیسلام، مەغۆلەکان سەرەتا وەک خێڵی کۆچەر لە ناوچە ساراکانی مەنگۆلیا و باکووری چین و باشووری ڕووسیا دەژیان و بە زاراوەی جیاواز ئاخافتنیان دەکرد. تەنیا چەنگیزخان (١١٥٥-١٢٢٧) بوو کە توانی خێڵە جیاوازەکان یەکبخات و زمانێکی نووسراو بناسێنێت و دەقی یاسایی بۆ ناوچە نیشتەجێبووەکان دیاری بکات. لە ماوەی چەند ساڵێکدا چەنگیزخان لە خێڵەوە بووە زلهێزێکی جیهانی، ئیمپراتۆریەتەکەیان کە لەو سەردەمەدا گەورەترین بووە، خۆی لە نێوان چین و مەجارستاندا بڵاوکردبۆوە. لە ساڵی ١٢٥٨ مەغۆلەکان توانیان بەغدا داگیر بکەن؛ تەنیا مەملوکەکان بوون کە ڕێگرییان لێکردن کە سوریا و میسریش بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. ئیسلام هەر لە سەدەی ١٣دا هاتە ناوچەکانی مەنگۆلیا و لەلایەن هەندێک شازادەوە بە فەرمی وەرگیرا. بەڵام تا سەدەی ١٤ کە ئیمپراتۆریەتەکە لە ئیسلامدا شوناسێکی هاوبەش و موتۆڕێکی بزوێنەری بۆ شەڕ و داگیرکاریی دۆزیەوە، بە جیددی وەرنەگرت.

لەشکرکێشی و داگیرکاریی مەغۆلەکان و وێرانکردنی بەغدا لە شوباتی ساڵی ١٢٥٨ کۆتایی بە شارستانیەتی موسڵمانان هێنا. دەوترێت ئەو جەماوەرە دڕندانە هەڵیانکوتایە سەر شوێنی زانست لە بەغدا و هەزاران کتێبی بەنرخیان فڕێدایە ناو ڕووباری دیجلەوە.

زۆرێک لە مێژوونووسان تەنیا مەغۆلەکان بە هۆکاری ڕووخانی شارستانیەتی ئیسلامی دەزانن، هەرچەندە وەک بینیمان زۆر پێش ئەوەی مەغۆلەکان تەنانەت لەسەر شانۆی جیهانیش دەربکەون، عەباسیەکان خۆیان لە ناوەوە لاواز ببوون و گنخابوون. مەغۆلەکان تەنیا زەربەی کۆتاییان لە خەلافەتی لاواز و تێکشکاوی ئیسلام کوتا.

## دوکتورینی دڵسۆزیی و دابڕانی ئیبن تەیمییە

شکستە شەرمەزارکەرەکەی بەرامبەر مەغۆلەکان و کۆتایی هاتنی خەلافەتی بەغدا وەک شۆکێک جیهانی موسڵمانانی مات کرد و زانایانی ئیلاهیاتی نوقمی قەیرانی ناسنامەیی کرد. بەدواداچوونیان بۆ ناسینەوەی هۆکارەکان بەرێوەبرد و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی موسڵمانان بۆیە شکستیان هێناوە، چونکە لە ئیسلامی ڕەسەن دوورکەوتوونەتەوە و لەبری پشت بە قورئان ببستن زۆرتر پشتیان بە زانستی یۆنانیەکانەوە بەستووە. لە هەمبەر ئەو زەلیلبوونەدا، ئۆرتۆدۆکس واتە ئایینی زێدەڕۆی ئیسلامی لە هەموو کاتێک بەهێزتر بووەوە. کەسایەتی سەرەکی لەم کارەدا زانا ئیبن تەیمییە (١٢٦٣ – ١٣٢٨) بوو، کە خۆی ناچار بوو لە زێدی خۆی لە حەران "Harran" (سنووری تورکیا و سوریا) هەڵبێت کاتێک مەغۆلەکان داگیریان کرد. ئیبن تەیمییە لە دیمەشق نیشتەجێ بوو و بەدوای هۆکاری لاوازبوونی جیهانی ئیسلامیدا دەگەڕا. ئەو هاوکاریی دەوڵەتە موسڵمانەکان لەگەڵ مەسیحی و جوولەکەکان و لێبوردەیی لەهەنبەر بیرکردنەوە و کردەوەی نائیسلامی بە هۆکاری سەرەکی شکستی موسڵمانان دەزانی. بیری نائیسلامی فەیلەسوف، سۆفی، شیعە، عەلەوی و دروزی لەخۆگرتبوو. ئیبن تەیمییە سەرکردایەتی جەنگێکی ئیلاهیاتی کرد دژی هەموو کەمینەکانی جیهانی ئیسلامی و

بەرهەمێکی بەناوی "پەیڕەوکردنی ڕێگای ڕاست لە دژایەتیکردنی خەڵکی دۆزەخدا" تۆمار کرد. لەوێدا کۆمەڵێک جێژنی جولەکە، مەسیحی و غەیرە ئیسلامییەکانی خستۆتە ڕوو کە موسڵمانان لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت بەشدارییان تێدا بکەن.

ئیبن تەیمییە بیرۆکەی الولاء البراء "al-Walāʿ a-l-barā" (دڵسۆزیی و دابڕان)ی ناساند، بەپێی ئەو بیرۆکەیە موسڵمان تەنیا دەبوو لە خزمەت دڵسۆزیی بۆ ئایینی ئیسلام و فێرکارییەکانیدا بمێنێتەوە و نەک هەر دەبێت لە هەموو ئەو کارانە دوور بکەونەوە کە نائیسلامین، بەڵکوو دەبێ شەڕیشی لەهەنبەردا بکەن. بیرۆکەکەی خۆی لەسەر چەندین ئایەتی قورئان بە تایبەت بە سوورەی ٦٠ ەوە بەڵگەدار کردووە. لە سوورەی ٦٠ ئایەی یەکەمدا هاتووە: "ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی دوژمنانی من و خۆتان. ئێوە دۆستایەتیو بەوان ڕادەگەیێنن؛ کەچی ئەوان بەو دینە ڕاستەقینەیە کە بۆ ئێوە هاتووە، بڕوایان نییە[و] لەبەر ئەوە بە خودای پەروەرەندەتان بەباوەڕن، ئێوە و پێغەمبەر لە زێدی خۆ دەردەکەن. هەر بۆ خەزا لە ڕای من و ڕەزامەندیم دەردەکەون، [دۆستایەتی ئەوان مەکەن]. پەنامەکی پێیان ئێژن: خۆشمان دەوێن؛ کەچی من لە هەر شتێ دەیشارنەوە و هەر شتێ ئاشکرای دەکەن، لە خۆتان ئاگادارترم. کێ لەنگۆ ئەو کارە بکات، ڕێگەی ڕاستی لێ تێکچووە. ئەگەر دەگیریان بکەون، دوژمنایەتیتان دەکەن؛ بۆ ئازارتان دەست و زمان وەکاردەخەن؛ حەزدەکەن لە دین وەرگەڕێن."

ئیبراهیم کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ بێباوەڕان پچڕاند و لێیان جیا بووەوە، وەک نمونەیەکی ئەرێنی بۆ باوەڕداران پێشکەش دەکرێت: "ئیبراهیم و ئەو کەسانەی دەگەڵ ئەو بوون، بۆنگۆ نموونەی

زۆر باشن؛ کە بە هۆزەکەی خۆیان وت: ئێمە لەنگۆ و لەو شتانەی – لە خوا بەدەر – دەپەرەستن، بەدوورین و باوەڕمان بە ئێوە نەماوە، تا هەتایە دوژمنایەتی و ڕکوونی کەوتۆتە نێوانمانەوە؛ تا ئەو کاتەی ئێوە باوەڕ بە خودای تاقانە دێنن. (سوورەی ٦٠ ئایەی ٤)

برگەکانیتری قورئان کە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بیرۆکەکەی بەکارهێنراون بریتین لە: "باوەڕداران، با جگە لە باوەڕداران نەگرن بە دۆست. هەرکەس لەم فەرمانە دەرچێ، هیچ بەشی بە خواوە نییە. جا مەگین لێیان بترسن و لە ناچاری پێیان بڵێن: دۆستی ئێوەن. خوا دەیەوێ هەر بەڕاستی لەو بترسن و پاشەڕۆژتان هەر لای ئەوە."(سوورەی ٣، ئایەی ٢٨)

"ئەو دووڕوانە – هەر وەك خۆیان بێدینن – گەرەکیانە ئێوەش لە دینوو وەرگێڕن؛ ئەوسا وەکوویەکتان لێ بێ. جا تا ئەوان لە ڕای خودا خۆیان دەربەدەر نەکەن و وەلتان نەیێنە خەزایە، ئێوە دۆستایەتیان مەکەن. ئەگەر ئەو کارەشیان نەکرد، ئێوە لەهەرکوێ تووشیان بوون، ڕێی هەڵاتنیان مەدەنێ و فەراقی ڕەشیان لێ ببڕن."(سوورەی ٤ ئایەی ٨٩)

"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەم مووساییی و مەسیحییانە؛ با ئەوان دۆستی یەکتر بن. هەرکەسیش لە ئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش لەوان دەژمێردرێ. ئەوانەی لەسەر ناهەقین، خودا ڕێیان نیشان نادا." (سوورەی ٥ ئایەی ٥١)

ئیبن تەیمییە ڕق و کینەی خۆی نەک تەنیا بەرامبەر بە "کافر"، فەیلەسوف، شیعە، دروزەکان و عەلەوییەکان دەربڕێوە، بەڵکوو بەرامبەر موسڵمانە سوننەکانیش کە گۆمانیان لە ئەرکەکانی ئایین کردووە، یان ڕوانگەیەکی جیاواز بە

هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئۆرتۆدۆکسی ئیسلامی لەسەر خودا بوویانە. لەسەر ئەو بابەتانە زنجیرەیەک فیتوای دەرکردوە کە داوای لەسێدارەدانی ئەو مرۆڤانەی کردووە ئەگەر کەسێک: ١. بانگەشەی ئەوە بکات کە خودا یەکتا نییە، ٢. یەکێک لە پێنج کاتەکانی نوێژ بەجێ نەهێنێ، ٣. نوێژەکەی بەهۆی کارەوە دواخستبێ، ٤. بانگەشەی ئەوە بکات کە قورئان دروستکراوە و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا سەریهەڵداوە، ٥. ئیدیعا بکات ڕێگایەکیتری جیا لە ڕێگای شەریعەت بۆ گەییشتن بە خودا دۆزیوەتەوە یان یەکێک لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر بە بکوژ ناوبەرێ.

ڕێ و شوێن و دوکتورینی دڵسۆزیی ئیبن تەیمییە لە سەردەمی قەیرانی جیهانی ئیسلامیدا سەریهەڵدا و دواتر بەردەوام لە کاتی قەیرانەکاندا چەندین جار زیندوو کرایەوە. بۆ نمونە زانای سعودی محمد ابن عبد الوهاب لە سەدەی هەژدەهەمدا جارێکیتر بیرۆکەکانی زیندوو کردەوە و ئەو بیرۆکەیەی کردە بەشێکی دانەبڕاو لە وەهابیزم.

ئەوە سەردەمێک بوو کە نەتەوەی عەرەب چارەنووسی جیهانی دیاری کردبوو و لە گۆشەگیری و هەژاریدا دەژیان. لاوازیی سەرکردەکانیان - تەنانەت یاسای شەریعەتیش بە بەردەوامی جێبەجێ نەکرابوو - دۆخی ژیانی ناجێگیری کەسیيان وایکرد زۆرێک لە موسڵمانان هۆگری سۆفیگەریی بن و لە بیرۆکەی جیهاد دوور بکەونەوە. لەم دۆخەدا ئیبن عەبدولوەهاب پەنای

بۆ فێرکارییەکانی ئیبن تەیمییە برد و داوای دەستبەرداربوونی بەردەوامی مرۆڤ لە هەموو شتێکی نائیسلامی کرد. لە وتارە ڕادیکاڵەکانیدا داوای هەڵمەتێکی زێدەڕۆیی دژ بە سۆفی و شیعە دەکات و بە توندی ڕەخنە لە سەرکردە عەشیرەتە ناوخۆییەکان دەگرێ کە نایانەوێت ڕێگاکەی درێژە پێبدەن.

لە ئەنجامدا بەستنی پەیمانێک لەگەڵ سەرکردەیەکی بەهێز بە هانایەوە هات: محەمەد ئیبن سعود. ئەو دووانە لە ساڵی ١٧٤٤ لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی ڕێککەوتن کە تێیدا ئیبن عەبدولوەهاب بەرپرسی فێرکارییە ئاینییەکان بێت و ئیبن سعودیش کاروباری سەربازی و سیاسی لە ئەستۆی خۆی بگرێت. ئەمەش بنەمای لێکدانەوەی بناژۆخوازانەی بۆ ئیسلام وەک (ئایین – دەوڵەت) لە سعودیە خوڵقاند. بیرۆکەکانی ئیبن تەیمییە و ئیبن عەبدولوەهاب بەرزکرانەوە بۆ بیرۆکە و دوکتورینی دەوڵەت و لە سەدەی بیستەمدا بە هاوکاری نەوت و دۆلار هەناردەی جیهان کران.

هەروەها سەید قوتب، دارێژەری لێهاتوی ئیخوان ئەلموسلیمینی میسر، ئەو بیرۆکەیەی پەسەند کرد و هەموو حاکمە موسڵمانەکانی ئاگادار کردەوە ئەم بیرۆکەیە بە فەرمی بناسن و لەگەڵ غەیرە موسڵمانان هاوکاریی نەکەن. ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری جێنشینی ئەو، ئارگۆمێنتی هاوشێوەیان بەکارهێناوە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هەڵمەتەکەیان دژی ڕۆژئاوا. لە کۆتایی نەوەدەکاندا، ئەلزەواهیری پەیوەندی بە بەرەی

نێودەوڵەتی ئەوکاتەی بن لادنەوە کرد بۆ "جیهاد دژی جولەکەکان و خاچپەرستان" هەروەها دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ بۆ سەر ناوەندی بازرگانی جیهانی و پنتاگۆن، نامیلکەیەکی هاندەرانەی بە ناوی "شەڕکەری ژێر ئاڵای پێغەمبەر" بڵاوکردەوە. لەوێدا فەرمانەکانی ئیسلامی وەبیر موسڵمانان هێنایەوە کە هاوڕێیەتی بێباوەڕان نەکەن و شەڕ و بەربەرەکانی "دژی هێزەکانی بێباوەڕ" پیشە بکەن. هەڵبژاردنی هەر ئامرازێک کارێکی دروستە، تەقەیەک، چەقۆیەک، تەقەمەنییەک - هەموویان ئامرازێکی شەرعین بۆ دربڕینی رق و کینە لەهەنبەر کافران.

هەروەها ئەلزەواهیری "Al-Zawahiri" لە بوارەکانی تریشدا بیرۆکەی (الولاء البراء) پەیڕەو دەکات. بۆ نموونە داواکاریی ئەوی دژ بەو حوکمڕانە ئیسلامییانەش بوەستن کە هاوکاریی کافران دەکەن و لە بەرەی بەرژەوەندی سیاسی ئەوان وەستاون. ئەم حکومەتانە خۆیان کافرن و ئەگەر پێویست بێ بە زۆرەملی بیانڕووخێنن بۆ ئەوەی سەرکردە ڕاستەقینەکانی ئیسلامی شوێنیان بگرنەوە. هاوکاتیش پێویستە بە شێوەیەکی چالاکانە پاڵپشتی ئەو کەسانە بکرێن کە هەڵگری ڕۆحی جیهاد لە هەموو جیهاندان. وەک ڕێکخراوەی تیرۆریستی داعش لە عێراق و سوریا، بۆکۆحەرام "Boko Haram" لە نەیجیریا یان وەک ئەلشەباب "Al-Shabaab" لە سۆماڵیا.

ئیبن تەیمییە کە نزیکەی ٧٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە، بیرۆکەیەکی بەجێهێشتووە کە لە ئیلهامبەخشین بە ئیسلامییە مۆدێرنەکان و سەلەفییەکان لە کۆنەپەرستترین ڕیزدا تا ئەمڕۆش بەردەوامە. بیرۆکەیەك کە لە سەردەمێکی زەلیلبوون و قەیرانی ناسنامەییدا خولقێندراوە و بەردەوام سەرهەڵدانی نوێی ئەزموون کردووە، کاتێک هەست بە دووپاتبوونەوەی کراوە. هەروەها هەست بە زەلیلبوون و خۆ بەکەمدانان و هەستی بەزەیی بەخۆداهاتن لە بەرامبەر ڕۆژئاوا لە جیهانی ئیسلامیدا گەلێك بەرچاوە. بەڵام بە پێچەوانە لە سەردەمی خۆشگوزەرانی و متمانە بەخۆبووندا بەردەوام فەلسەفە و مشتومڕی ڕەخنەگرانە و ئیسلامێکی میانڕەو گەشەی سەندووە.

## بەشی هەشت

### لە کلێرمۆنت"Clermont"ەوە بۆ قودس: شەڕە خاچپەرستەکان و زەبر و زەنگی ئیسلامی ئورووپی

زۆرجار شەڕی خاچپەرستان وەک لوتکەی ململانێی نێوان جیهانی ئیسلام و مەسیحییەت سەیر دەکرێت. لە یادەوەریی ناو مێشکی موسڵماناندا، هێرشە سەربازییەکانی خاچپەرستان بۆ سەر قودس و دواتریش بۆ سەر ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک زەبرێکی مێژوویی لەنگەری گرتووە و بە بەڵگەیەک بۆ دەستدرێژیی بەردەوامی ڕۆژئاوی مەسیحی لێکدەدرێتەوە. لە کتێبەکانی مێژووی عەرەبیدا، خاچپەرستان نەک هەر وەک جەنگاوەری دڕندە، بەڵکوو وەک مرۆڤخۆر وەسف دەکرێن. هەواڵەکان دەگێڕنەوە شەڕکەرە مەسیحییەکان لە ساڵی ١٠٩٩ بە ئەسپ چوونەتە ناو مزگەوتی ئەقسا لە قودس و لە یەک ڕۆژدا ٧٠ هەزار موسڵمانیان لە سێدارە داوە.[٦٣] دیارە ئەمە دەبێ زێدەڕۆیی بێت، بەو پێیەی مزگەوتی ئەقسا زیاتر لە ١٠ هەزار کەسی تێدا جێ نابێتەوە (تازە بە بێ ئەسپیش). جگە

[٦٣] Ibn al-athir: al-kamil fit-tārikh, Bd. 6, S. 94

لەوەش هیچ سوپایەک لە جیهاندا لەو کاتەدا نەیدەتوانی لە یەک ڕۆژدا ٧٠ هەزار کەس بکوژێت.

سەرەڕای ئەوەش، ئەم چەشن چیرۆکە ترسناکانە بەردەوام دەهۆنرێنەوە. ڕۆژی ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٧ کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە باسی ئەوەی کردوە کە خاچپەرستان لە سەدەی ١١دا لە شاری مەعرەت النومان "Maaʿrat al-Nuʿman" لە وڵاتی سوریا منداڵی موسڵمانیان کوشتووە و گۆشتیان خواردوون. لە ڕاستیدا ئەم وێناکردنە زێیدەڕەویانە زیاتر پەیوەندییان بە ئێستاوە هەیە نەک بە خودی مێژوو. تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوە، لەشکرکێشی مەغۆلەکان بۆ سەر بەغدا و سوریا لە سەدەی ١٣دا زیانی گیانی زۆر زیاتری موسڵمانانی لێکەوتەوە و زیانێکی درێژخایەنی زیاتری بە کولتوری عەرەبی- ئیسلامی گەیاند لە چاو شەڕە خاچپەرستەکان. هەروەها شەڕەکانی ناوخۆی ئیسلامی لە دامەزراندنی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ وێرانکارییەکی گەورەتری لێکەوتووەتەوە بە هەڵسەنگاندن لە کۆی هەموو شەڕەکانی دژی ئیمپراتۆریەتی مەسیحی. هەمان شت بۆ شەڕەکانی ناوخۆی مەسیحییەکانیش دەگونجێت، کە خوێنڕشتنی زۆر گەورەتر و زیانێکی گەورەتری لە هەموو شەڕەکانی دژی سوپای موسڵمانان لە ماوەی ١٤٠٠ ساڵدا بە مرۆڤی مەسیحی گەیاندووە. تەنیا شەڕی ٣٠ ساڵە کە نزیکەی یەک لەسەر سێی دانیشتوانی ئورووپا بوونە قوربانی، هەموو شەڕەکانی مەسیحی و ئیسلامی دەخاتە ژێر سێبەری خۆی.

بەڵام زۆرێک لە موسڵمانان/عەرەبەکان – و زۆرێک لە مەسیحییەکان/ئورووپییەکانیش – لە یادەوەرییەکانیاندا چەشنێك تێگەییشتووی هەڵبژێردراویان هەیە ، چونکە ئەم یادەوەرییانە سووتەمەنی ترس و ناڕەزایی ئێستایان لەخۆ دەگرن و دەتوانرێت وەك هۆکاری سەرەکی بقۆزرێنەوە. لەو کتێبە دەرسیانەی کە بۆ فێرکردنی تەوەری مێژوو لە قوتابخانە موسڵمانەکاندا بەکارهێنراون، تەنیا لاپەڕە و نیوێک باسی لەشکرکێشی مەغۆلەکان دەکەن، لەحاڵێکدا بۆ شەڕی خاچپەرستان و کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا بابەتی ورد و گەلێك دوور و درێژ تەرخانکراوە. بەڵام لەبەر ئەوەی مەغۆلەکان ماوەیەکی کەم دوای هێرش بۆ سەر بەغدا ئیسلامیان قەبووڵ کرد و بە ناوی جیهادەوە درێژەیان بە هەڵمەتەکانیان دا، ڕۆژئاوا بە دوژمنی گەورە دادەنرێت. جیهانی ڕۆژئاوا بە گشتی لە لایەن موسوڵمانانەوە وا گریمانە دەکرێت کە ڕقێکی درێژخایەنی لە ئیسلام هەبێت و ئەمەش وەک پاساوێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام بەکاردەهێنرێت. ئەم فۆرمەی دابڕان لە جیهانی مەسیحی ڕۆژئاوا هێشتا بەشێکە لە سیاسەتی شوناس لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا و بەشێکە لە قسە و گوتاری سەرەکی ئایینی ئیسلامی و بە تایبەت ناسیۆنالیستە عەرەبەکان.

بە پێچەوانەوە ترس لە ئیسلام دۆخێکی بۆ زۆرێک لە ئورووپییەکان پێکهێناوە، کاتێک پرسیار لە مێژووی هاوبەشیان دەکرێت و دەستبەجێ بیر لە داگیرکارییەکانی عەرەب بۆ سەر ئیسپانیا، داگیرکاریی عوسمانییەکان بۆ سەر قوستەنتینیە و

گەمارۆدانی ڤیەن، دواجاریش ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١، یان هێرشەکانیتری تیرۆریستان و جیهادیستەکان دەکەنەوە. ئەمەش خۆی چەشنێك تێگەییشتوویی هەڵبژێردراوە، چونکە لەبیر دەچێتەوە کە مێژووی ئیسلامی-ئۆرووپی تەنیا لە داگیرکاریی و خوێنڕشتن پێک نەهاتووە. بە دڵنیاییەوە گەلێك قۆناغی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و پڕ لە هاوکاریشیان بووە. ڕێک لەم کاتانەدا بوو کە گواستنەوەی کولتووریی ڕوویدا، هەروەها ئاڵوگۆڕێکی فیکری و زانستی کە هەردوو ناوچە کولتوورییەکەی بە شێوەی یەکسان دەوڵەمەندتر کرد.

هەرچەندە موسڵمانان لە سەدەی حەوتەمەوە جیهانی دێرینی دەریای ناوەڕاستیان وێران کرد و زۆرێک لە ناوچەکانی پێشتری مەسیحییان لە باکووری ئەفریقا، ئێران و عێراق داگیرکرد، بەڵام بەسەر ڕێڕەوی ئاوی نێوان دەریای ناوەڕاست و زەریای هیندیدا ڕێگای نوێشیان بۆ ئورووپا بۆ کرایەوە. ئیمپراتۆریەتی عەرەبی لە بەغدا و کۆردۆبا ناوچەیەکی بازرگانی گەورەیان دروست کرد کە تێیدا کاڵاکانی هیندوستان و چین ڕێگایان بۆ ئورووپا دۆزییەوە. ئورووپییەکان تەنیا ئەو کات لەگەڵ نەیشەکر، قەیسی، شەکر، برنج، ئەسپەناغ، ئارتیشۆک، میوەی جۆراوجۆر، لیمۆ و پەتاتە ئاشنا بوون کە عەرەبەکان لە هیندوستانەوە هاوردەی ئورووپایان کرد. هەندێک لەو کاڵایانە هەر لە سەدەی ١٠دا لە ڕێگەی ئەندەلوسەوە گەیشتنە ئورووپا، هەندێکیتر لە سەدەی ١٢ لەگەڵ خاچپەرستان ڕێگای خۆیان بۆ ئەم قورنەیە دۆزییەوە. بەهۆی "ڕێگای ئاوریشم" و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی چینەوە

بەرهەمهێنانی کاغەز لە ناوچە عەرەبییەکاندا ناسرا. ئەم دەسکەوتە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە تەقینەوەی زانست لە ئیمپراتۆریەتی عەباسیدا. بە وەرگێڕانی چەندین بەرهەمی فەلسەفی و زانستیی کۆن، پردێکیان بۆ گەییشتن بە سامانی زانستی یۆنانییە کۆنەکانی ئورووپا دروستکرد. ڕێنێسانسی ئورووپیش بە هەمان شێوە سوودی لەم وەرگێڕانە هەروەها لە بەرهەمی فەیلەسوف، بیرکار، پزیشک و هونەرمەندانی ئێرانی و عەرەبی وەرگرت.

هەروەها جیهانی ئیسلام بەشداریی سیاسی لە چاکسازی ئورووپادا کردووە. چونکە ئەو گوشارەی بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە باشووری دەریای ناوەڕاست و لەسەر نیمچە دوورگەی ئیبری لەسەر ئیمپراتۆریەتەکانی ئورووپا پێکهاتبوو، بیرۆکەی بەفەرمیکردنی ڕۆژئاوای مەسیحی و وێنەیەکی یەکگرتووی دژبە دوژمنێکی نوێ پێبەخشی. بەتەواوی ئەگەری ئەوە هەیە کە خەلافەتی ئیسلامی مۆدێلێک یان هۆکارێک بووبێت بۆ سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمیی، هەروەها جیهادی ئیسلامی مۆدێل یان هۆکارێک بووبێت بۆ داگیرساندنی شەڕی پیرۆزی مەسیحییەکان دژ بە ئیسلام. بەڵگە و ڕاستییەکە ئەوەیە: هەردوو ناوچەی کولتووری ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە پێکهێنانی ناسنامەی یەکتردا گێڕاوە.

مێژوونووسی بلژیکی هێنری پیرێنە"Henri Pirenne" ئەم تێزەی داوە: "Sans Mohammed, pas de Charlemagne". کارلی مەزن بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئیسلامدا نەدەبووە دامەزرێنەری

ڕۆژئاوای جیهانی مەسیحی. تێزەکەی پێرین لە ساڵی ١٩٢٠ەوە بووە هۆی تەقینەوەی باسێک بۆ کۆتایی پێهێنان بە سەردەمی کەون. باس لەوەش دەکات کە نە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژئاوا و نە کۆچی گەلان لە نێوان سەدەی چوارەم و شەشەمدا نەیانتوانی یەکێتی کولتووری و ئابووریی جیهانی کۆنی دەریای ناوەڕاست و سەردەمێکی نوێی دەستپێکردن بگونجێنن، بەڵکوو ئەوە گەورەبوونەوە و بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە سەدەکانی حەوتەم و هەشتەمدا بوو کە ئەو کارەی گونجاو کرد.

پیرێن لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە موناقەشەی باسەکە دەکات. ئیمپراتۆریەتەکانی گێرمانی لە ڕووی بەڕێوەبردن و سیستەمی ئابووری و دراوسازییەوە پێکهاتە ڕۆمییەکانیان بەبێ گۆڕانکاریی وەرگرتبوو. هەروەها بەردەوامییان لە بواری زۆر گرنگی بازرگانی ناوخۆیی و بازرگانی مەودای دوور لە سەرانسەری دەریای ناوەڕاستدا بەدەستەوە بوو. ئەم بازرگانییە کە لە ڕێگای دوورەوە بەڕێوەدەچوو، زێڕێکی زۆری هێنایە ڕۆژئاوا، ئەمەش وایکرد هاندەر بێت بۆ دروستکردن و دەرهێنانی دراو. بە گوتەی پیرێن، تەنیا لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشکاریی ئیسلامی لە سەدەی حەوتەمدا بوو کە بازرگانیی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و کەشتیوانی لە ڕۆژئاوای دەریای ناوەڕاست وەستا. بەهۆی داگیرکردنی سوریا (٦٣٦)، باکووری ئەفریقا (٦٤٠-٦٩٨) و ئیسپانیا (٧١١) لە لایەن عەرەبەکانەوە، دەریای ناوەڕاست ئەرکی گرێدانی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی لەدەستدا. لەگەڵ دەرئەنجامە ئابوورییە کوشندەکانی: بازرگانانی گەورە لە ئورووپای ڕۆژئاوا بنکەی

بازرگانی خۆیان لەدەستدا و کاڵا هاوردەکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی وەک پاپیروس، بەهارات، ئاوریشم و زێڕ پێشیان پێ گیرا. پارێزگاکانی باکووری ئەفریقا، بە تایبەت لە میسر، گرنگترین شوێنی پاشەکەوتی دانەوێڵەیی بوون، بەڵام ئێستا ئیتر بەزەحمەت گەرەنتی دابینکردنیان بۆ دەکرا. هەروەها بازرگانی قەرز و ئەو پارەیەی کە لە سووڕانەوەدا بوو بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی، ئورووپا خۆی خستە ناو کەمرەنگبوونەوەی ئابووری و کولتوورییەوە کە مژدەی کۆتایی هاتنی جیهانی کۆنی دەدا.

لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئەم بابەتە بە شێوەیەکی کەمێک جیاواز لە پیرێن دەبینن. دۆزینەوەی دراو دەیسەلمێنێ کە بازرگانی مەودای دوور لە سەرانسەری دەریای ناوەڕاستدا بەهیچ شێوەیەك تووشی وەستان نەهاتووە. کاڵای بازرگانی و مرۆڤ لە نێوان جیهانی مەسیحی و ئیسلامیدا بەردەوام لە سووڕانەوە و هاتوچۆدا بووە. سەرەڕای ئەوەش، تێزی پیرێن بەشدارییەکی گرنگی لە مشتومڕ سەبارەت بە گۆڕانکاریی لە جیهانی ڕۆمی کۆنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاستی ئورووپی کرد، واتە بە ناساندنی پێکەوە ژیانی ئیسلام و مەسیحییەت لە ڕووی سیاسی، ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە وەک فاکتەری پێکهێنەری مێژووی ئورووپا دەناسرێ.

## باوکی ئوروپا

پێشڕەویی نیزامی ئیسلام لە ڕۆژئاوای ئورووپا سەرەتا دوای شەڕی تۆرس"Tours" و پۆیتییێرس"Poitiers" لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٧٣٢ ڕاگیرا. کارل مارتێل"Karl Martell"، پاشای فرانکەکان، دواتر بەهۆی سەرکەوتنەکەیەوە وەک "ڕزگارکەری ڕۆژئاوا" ستایل کرا. لە جیهانی ئیسلامدا شەڕەکە بە ناوی "شەڕی ملیۆنێک فرمێسک" چووە مێژووەوە. لە سەردەمی نەوەکەی مارتێل، کارلی مەزنەوە، ئیمپراتۆریەتی فرانکەکان گەیشتە بەرزترین ئاستی هێزی خۆی. زلهێزێکی گەورەی نوێ کە شانبەشانی بیزانس و خەلافەتی عەباسی کاریگەریی هەبوو و چارلز خۆی لە ماوەی ژیانیدا بە "باوکی ئورووپا" ناوی بردووە.

بۆ زانای سیاسی ئاڵمانی-سوریایی بەسام تیبی"Bassam Tibi"، هەڵسوکەوتی کارل و ستراتیژێکی دوولایەنەی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا گەلێك تایبەتە. کارل لە لایەکەوە تامەزرۆیی بۆ خۆبڵاوکردنەوەی هێزەکەی هەبوو و دەستدرێژی لێرە و لەوێی لەلایەن سەرباز و سوارکەرەکانیەوە ئیزن پێدەدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەدوای دیالۆگ لەگەڵ سەرکردە ئیسلامییەکاندا دەگەڕا. لەو سەردەمەدا جیهانی ئیسلامی بەسەر ئیسلامی ڕۆژهەڵات کە ناوەندەکەی لە بەغدا بوو، هەروەها ئیسلامی

ڕۆژئاوا کە سەنتەری کۆردۆبا بوو، دابەش کرابوو. کارل لە ئیسپانیا شەڕی موسڵمانانی دەکرد، بەڵام هاوکات پەیوەندیی دیپلۆماسی دۆستانەی خۆی لەگەڵ خەلیفەی عەباسی هارون ئەررەشید لە بەغدا نەپچڕاند. ئەم پەیوەندییە بنەمایەکی گرنگ بوو بۆ دەستپێکردنی ئاڵوگۆڕی کولتووری لە نێوان ئورووپا و جیهانی ئیسلامیدا، کە بە تایبەتی ڕۆژئاوا سوودی لێ وەرگرت. لەو کاتەدا کارل ڕەنگە بەرەنگاری ئیسلامیکردنی توندوتیژی کۆمەڵگا بووبێتەوە، بەڵام کراوەش بوو بەرامبەر بە پاڵنەری کولتووریی بەرچاوی جیهانی عەرەب.

تیبی لەسەر ئەو باوەڕەیە دۆخی ئەمڕۆ لە زۆر ڕووەوە بەراورد دەکرێت بە دۆخی ئەو سەردەمە و پێشنیاری بەکارهێنانی ستراتیژی دووانەی کارل دەکات: پێویستە ئورووپا لە گەڕان بەدوای دیالۆگ لەگەڵ جیهانی ئیسلامیی بەردەوام بمێنێتەوە و بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە هەوڵی جیددی بدات. بەڵام دەبێ هاوکاتیش بەبڕیاری گونجاو لە بەرامبەر هەموو هەوڵەکانی ئیسلامی سیاسی و زێدەڕۆ، ئورووپا بەرگری لە خۆی بکات.[٦٤]

هەروەها تیبی دیالۆگ بە بنەمایەکی گرنگ دەزانێ کە تێیدا فەیلەسوفە موسڵمانەکان کاریگەرییەکی بەردەوامیان لەسەر ئورووپا هەبووە: سەروبەندی سەردەمی ڕێنێسانس. لەو کاتەدا دوو ئاڕاستەی جیاوازی ئیسلام لە ئورووپا کاریگەرییان هەبووە:

---

٦٤ vgl. Bassam Tibi: »Der Beitrag des Islam zur Kultur Europas«, Schweizer Monat, Ausgabe ٩٢٦, Juni ٢٠٠٣

ئیسلامی فەلسەفی عەقڵانی و ئیسلامی شەریعەت. لە کاتێکدا ئوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تا ڕادەیەکی زۆر لەهەنبەر دووەمیان خۆڕاگر ببوو، قوتابخانە و زانکۆکانی ئوروپا بەڕووی ئیسلامی فەلسەفی عەقڵانیدا کرانەوە. تیبی باس لەو تێزە دەکات کە بەبێ پاڵنەری عەقڵانی ئیسلامی و بەبێ دۆزینەوەی زانستی کۆنی یۆنانی لەلایەن زانا و وەرگێڕانی یارمەتیدەری عەرەبەوە، عیلمانیکردنی زانست کە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێنێسانس و دواتر چاکسازیی و ڕیفۆرمی بەدواداهات، مسووگەر نەدەکرا.

من خۆم لێرەدا لەگەڵ بۆچوونی تیبی ناکۆکم، چونکە ڕیفۆرم، چاکسازی، عیلمانیەت و ڕۆشنگەریی ئوروپی پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە کە چەندین هۆکاری سەرەکیی لەپشت بووە و دەگەڕێنەوە بۆ ڕەوتی گەلێك جیاواز لەیەکتر. بە دڵنیاییەوە فەلسەفە یەکێک بوو لەو بوارانە، بەڵام لە ڕوانگەی منەوە ڕەنگە بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی ئوروپا گەلێك گرنگتر بووبێت. دووانەیی قەیسەر و پاپا و سەرهەڵدانی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارییەتیی لە هەنبەر کۆمەڵگا. هەروەها مرۆڤ دەبێ لەخۆشی بپرسێت چلۆن عەقڵانییەتی ئیسلامی توانی چاکسازی و ڕۆشنگەریی لە ڕۆژئاوا وەرێ بخات لە کاتێکدا بە ئاشکرایی توانایی ڕیفۆرم، چاکسازی و ڕۆشنگەریی ئیسلامی لە کۆمەڵگای خۆی و بۆ موسڵمانانی نەبوو؟ کەس ناتوانێت نکۆڵی لە ڕۆڵی عەرەب بکات لە گواستنەوەی کولتووری و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە هێلینیستیەکان - بەڵام ڕۆشنگەریی ئوروپی چی؟ بۆ من شۆڕشی ڕۆشنگەریی زۆر لەوە زیاترە کە تەنیا

له چەند بیرۆکەیەک پێکهاتبێ و مرۆڤ لەگەڵیدا هاوڕابیت. بە پلەی یەکەم بیرکردنەوە و کردەوەیەکە کە کاریگەری لەسەر بەشە گەورەکانی کۆمەڵگا هەیە و بە شێوەیەکی بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێنێ. ئەوەش تا ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامدا ڕووی نەداوە. بە پێچەوانەوە، ئەو ڕیفۆرمخوازە ئیسلامییانەی بەم عەقڵانییەتە پابەندن، دەبێ لە دونیای ئیسلامی ئەمڕۆدا لە پێناو درێژەدان بە ژیانی خۆیان بەردەوام ترسیان هەبێ. ئەمڕۆ ئەوە موسڵمانی زێدەڕۆی شەریعەتن کە پێوانەکە لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا دیاری دەکەن و دەشزانن چلۆن ڕێگری لە ئەگەری گفتوگۆی نێوان کولتوورەکان بکەن.

له شارەکانی ئەوروپادا زۆر پێش ڕۆشنگەریی فۆرمەکانی ڕێکخستنی سیستەمی نیمچە دیموکراسی هەبووە، لە کاتێکدا لە شارە عەرەبییەکان تەنانەت لە سەردەمی گەشەسەندنی فەلسەفە و عەقڵانیزمیشدا کۆمەڵگا بە شێوەی پلەبەندیی دابەش کرابوو و پێکهاتەی خێڵەکان دەپارێزران. ئەمەش وایکرد بیرۆکەی دەوڵەتداریی سەرهەڵبدات. بیری فەیلەسوفە موسڵمانەکان دیاردەیەکی نوخبەگەرایی بوو، جەستەیەکی نامۆ بوون لە ناسنامەی ئیسلامیدا و هاوکاتیش شەریعەتی ئیسلام لە ناوەڕۆکیدا چەقیبوو. لە بەرامبەردا ئوروووپییەکان بیرۆکەی فەیلەسوفە یۆنانیەکانیان گرتە ئەستۆ و زیاتر پەرەیان پێدا و وەک بەشێک لە میراتی کولتووری خۆیان سەیریان دەکرد. ڕەنگە پاڵنەر بۆ ئەمە لە دەرەوە هاتبێت، هەر بۆیەش لەگەڵ دەرەنجامەکەی بەسام تیبی هاوڕام: "دۆخەکە پارادۆکسیکە: ئورووپا ڕەوتێکی

ئیسلامی وەرگرتووە کە لە خودی ئیسلامی ئەمڕۆدا بە باشی سەیر ناکرێ."[٦٥]

گەلێك خوازیار دەبوو ئەگەر موسڵمانانی ئەمڕۆ بە هەمان کرانەوە و کنجکۆڵییەوە لە بیرۆکەکانی ڕۆشنگەریی ئورووپی نزیک ببنەوە و لێی تێبگەن، کە ئورووپییەکانی ئەوکاتی لەگەڵ زانستی عەرەب ڕووبەڕوو کردەوە. بەڵام ئەوەی لەسەر ڕێگادا وەستاوە، شانازی و هەستکردن بە باڵادەستی لە لایەک و لەولاشەوە سارێژ نەکردنی برینی کۆن، خۆ بە زەلیل دانان و هەستکردن بە کەمتەرخەمییە. هەروەها لێرەدا شەڕە خاچپەرستەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن.

چەمکی ئەلحەمەلات ئەس-سەلیبییە "al-hamalaat as-salibiyya" بۆ شەڕە خاچپەرستەکان لە وشەسازی موسڵماناندا تاڕادەیەک نوێیە. لە سەردەمی ململانێی سەربازیی نێوان سەدەی ١١ و ١٣، عەرەبەکان ناوی هێرشبەرە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوایان بە ناوی خاچپەرست ناو لێ نەدەنا، بەڵکوو ئەلفرینجە "al-Frindscha" واتە بە "فرانکەکان" ناویاندەبردن. هەروەها بیزانس و وێستگۆتەکان "Westgoten" باسیان لە "موسڵمان" نەکردووە بۆ وەسفکردنی داگیرکارییەکانی عەرەب، بەڵکوو باسیان لە ساراسین "Sarazenern"، ماورن "Mauren" یان عەرەب کردووە. ئورووپییەکان بۆ یەکەم جار سەدەی ١٦ دەستەواژەی "شەڕی خاچپەرستان"یان بەکارهێناوە، ئەو سەردەمەی عوسمانییەکان

---

[٦٥] ebd.

بەشێکی ئوروووپایان داگیر کردبوو و چاویان لە ناوچەکانیتریش بڕیبوو. لە جیهانی ئیسلامیدا ئەو دەستەواژەیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوت، ئەمەش لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەو کۆلۆنیالیزمەی کە بەدوایدا هات، دەستیپێکرد.

تۆمەتی ئاینیی زاراوەکان کۆرپەی ساوای ململانێی مۆدێرن و کولتوورەکانی یادکردنەوەن، ئەو شتەی زۆرجار لەبیر دەچێتەوە کاتێک برینەکانی ڕابردوو دەکولینەوە و بۆ سەقامگیرکردنیان بەرز دەکرێنەوە. هەر بۆیە گەلێك یارمەتیدەر دەبێ ئەگەر ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا پێکهاتوون بخەینە ناو چوارچێوەی مێژوویی خۆیانەوە بۆ ئەوەی لە بارگرانی سۆزداریی ئێستایان ڕزگاریان بکەین. چونکە لەگەڵ بەرزبوونەوەی کۆچی موسڵمانان بۆ ئورووپا و لەبەرامبەر تیرۆری ئیسلامی و ڕێوشوێنە سیاسییەکانی دژ بەو، ئەم برینانەی ڕابردوو تادێت لەلایەن هەردوولاوە جەختیان لەسەر دەکرێتەوە. مرۆڤ لە ئاوێنەی ڕابردووەوە سەیر دەکات و تەنیا زەبر و زەنگەکان دەبینیت، نەک دەرفەتەکانی فێربوون لە مێژوو بۆ ئەوەی هەمیسان دووبارەیان نەکاتەوە.

ڕاستەوخۆ دوای مردنی محەمەد لە ساڵی ٦٣٢، جێنشینەکانی دەستیان کرد بە داگیرکاریی ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست. سوپای خەلیفەی موسڵمانان تەنیا لە ماوەی چەند ساڵێکدا خاکی مەسیحی دیمەشق، قودس و ئانتاکیا"Antiochien" و میسریان داگیرکرد. هەروەها ناوچە مەسیحییەکانی عێراق، ئێران و باکووری ئەفریقاش کەوتنە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانانەوە. تەنیا پێتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی مەسیحی واتە قوستەنتینیە کە موسوڵمانان گەلێك تامەزرۆی گرتنی بوون، سەرەڕای هەوڵە دووپاتکراوەکان لە نێوان ساڵانی ٦٧٤ و ٦٧٨، شکستی هێنا.

لە ساڵی ٧١١ عەرەب و بەربەرەکان گەرووی جبل طارقیان بەزاند و گەییشتنە ئورووپا و وێستگۆتەکانیان لە نیمچە دوورگەی ئیبەریاوە ئاوارەی پیرینین"Pyrenäen" کرد. هێرشی داهاتووی موسڵمانان بۆ سەر قوستەنتینیە لە ساڵی ٧١٧ ڕوویدا. ئەمجارەشیان ئیمپراتۆری بیزانس توانی بە یارمەتی بولگاریا بەرپەرچی ئەم هێرشە بداتەوە. بەڵام ئەوە تەنیا سەرکەوتنی کارل مارتێلی فرانککەکان لە تۆرس "Tours" و پۆیتیێر"Poitiers" بوو کە نەیهێشت موسڵمانان زیاتر بۆ ئورووپای ناوەڕاست پێشڕەوی بکەن. لەولاشەوە کارلی مەزن نەیتوانی هیچ دەستکەوتێکی

بەرچاو بۆ گرتنی خاك بەرامبەر موسڵمانانی ئەندەلوس بەدەستبهێنێت، هەر بۆیەش لە سەرەتادا دۆخەکە بە شێوەیەکی چەقبەستوویی مایەوە. ئیمپراتۆریەتێکی بچووکی مەسیحی لە ئاستوریاس"Asturien" لەسەر سنووری ئەندەلوس بە ئامانجی داگیرکردنەوەی خاکە ونبووەکانی مەسیحی پێکهێنرا. بەڵام ئەم پرۆژەیەی ڕیکۆنکویستا"Reconquista" زۆر دواتر توانرا تەواو بکرێت: لە ساڵی ١٤٩٢ لەگەڵ دەرکردنی عەرەبەکان لە ئیسپانیا. لە لایەکی تریشەوە هێرشی دووبارە لە باکووری ئەفریقاوە ڕوویدا و ئەمەش سیسیلیا "Sizilien" گەورەترین دورگەی ئیتالیای خستە ژێر کۆنترۆڵی موسڵمانانەوە.

لە ئەندەلوس ئیمپراتۆریەتەکانی مەسیحی لە سەدەی ١١دا توانیان هەندێک شاری گرنگ لە ڕووی ستراتیژییەوە بگرنەوە، بەڵام دیسان بە هێزی هەناردەکراو لە باکووری ئەفریقاوە موسڵمانان توانیان لە ڕێگەی بەربەرەکانەوە، ناوچە دۆڕاوەکانیان داگیربکەنەوە و تەنانەت توانیان ئیمپراتۆریەتی موسڵمانان بەربڵاوتریش بکەنەوە. بەتایبەت مەسیحییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیك لە میسر و سوریا لەلایەن فاتمییە دەسەڵاتدارەکانەوە دەچەوسێندرانەوە. لە ساڵی ١٠٠٩ خەلیفەی فاتیمی ئەلحەکیم کەنیسەی گۆڕی پیرۆزی لە قودس وێران کرد و شەپۆلێکی تورەیی لە سەرانسەری جیهانی مەسیحیدا لێکەوتەوە. ماوەیەك دواتر تورکمانی سەلجوقی توانیان بەشێکی گرنگی ئاسیای بچووک لە بیزانس، ئەرمینیا و بەشێکی زۆری ئەنادۆڵ داگیر بکەن.

هەروەها سەلجوقەکان لە ساڵی ١٠٧٠ قودسیان گرتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. لەم سەردەمەدا ئیمپراتۆریەتی جۆراوجۆری موسڵمانان بەسەر دوو لەسەر سێی ئیمپراتۆریەتی مەسیحی کۆنی بیزانس زاڵ بوون و کۆنترۆڵی دەریای ناوەڕاست و ڕێڕەوی بازرگانی و بەشە گرنگەکانی ڕێگای زیارەت بۆ قودسیان بەدەستەوە بوو. سەرەڕای ئەوەش، جیهانی ئیسلامی گەلێك لە یەکگرتوویی دوور بوو. دوو خەلافەتی دژبەیەك هەبوون، سوننە لە بەغدا و شیعە لە قاهیرە. هەروەها چەندین دەوڵەت و ناوچەی سەربەخۆی وەک ئیمپراتۆریەتی سەلجوقی تورک لە ئاسیای ناوەڕاست و ئەنادۆڵ و دەوڵەتی ئەلمۆراڤی بەربەر لە ئەندەلوس هەبوون کە هەموویان لەسەر حیسابی عەرەبەکان خۆیان لە ناوچەکەدا بڵاو کردبۆوە.

دۆخەکە لە ئورووپاش هاوشێوە بوو. ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی پیرۆزی کاتۆلیکی، بیزانسی ئۆرتۆدۆکسی، شار-دەوڵەتەکانی هەنگاریا و ئیتالیا وەک ڤێنیز "Venedig" و جێنەوا "Genua" هەرکام ئاهەنگی خۆیان لێدەدا. لانگۆباردەکان"Langobarden" پێشتر لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمدا ڕۆمییەکانیان لە ناوەڕاستی ئیتالیا وەدەر نابوو. هەروەها هەر وەك ئاماژەی پێکرا کارلی مەزنیش لە دژی بیزانس شەڕی دەکرد و هاوکات پەیوەندیی دۆستانەی خۆشی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عەباسی موسڵمانان دەپاراست. هەرکەسێک تامەزرۆیی و بەرژەوەندیی جیاوازی خۆی بووە و هەمیشە ئایین پاڵنەری سەرەکی بۆ هەڵسوکەوتەکانیان نەبووە. هەروەها ئایینی ئیسلام دوژمنی سەرەکی بۆ ئیمپراتۆریەتە

جیاوازەکانی ئەوروپا نەبووە. هەرچەندە ترسیان لە هەڵمەتە سەربازییەکانی موسڵمانان هەبوو، بەڵام بە پلەی یەکەم حەزیان لە دەستەبەرکردنی باڵادەستی خۆیان بەسەر زلهێزەکانی دیکەی غەیرە ئیسلامی لە ئەوروپادا بوو. تەنیا بانگەوازی ئازادکردنی قودس بۆتە دەنگێکی بەهێزی یەکگرتوو بۆ جیهانی مەسیحی، هەروەک چۆن داگیرکارییەکانی ئیسلام بۆ شاردنەوەی جیاوازییە ناوخۆییەکان، ئاڵای ئایینی ئیسلامیی یەکپارچەیان بەدەستەوە گرتبوو.

## ئەنجومەنی کلێرمۆنت "Clermont"

حەوت شەڕی خاچپەرستی لە نێوان ساڵانی ١٠٩٥ تا ١٢٧٠ ڕوویدا - هەریەکەیان هۆکار و پاڵنەرێکی جیاواز و فرە لایەنەیان هەبوو، هەروەها ورەی ئایینی هەمیشە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ خاچپەرستان نەبووە. هۆکاری دەستپێکی فەرمی بۆ شەڕی خاچپەرستی یەکەم لەناوبردنی کەنیسەی گۆڕی پیرۆز لە قودس بوو لەلایەن فاتیمییە موسڵمانەکانەوە. لەو کاتەوە چەندین جار هەواڵ، هەروەها دەنگۆی گەلێك زۆر لەسەر ئەو توندوتیژیانەی موسڵمانان بەرامبەر مەسیحییەکان لە قودس ئەنجامیانداوە، بڵاوبوونەتەوە. هەروەها زیارەتکارە مەسیحییەکان کە لە ڕێگای قودس لەلایەن تورکەکانی سەلجوقییەوە هەڵسوکەوتی نالەباریان لەهەنبەردا کرا و ناچار بە گەڕانەوە کران، بیانویان بۆ شەڕە خاچپەرستەکان دروست کرد. لە کۆتاییدا ئامانجیان ڕزگارکردنی شوێنە پیرۆزەکانیان بوو لە دەستی داگیرکەرانی موسڵمان. جگە لەوەش زۆرێک لە مەسیحییەکان تامەزرۆ بوون بتوانن دوای هەزار ساڵ لە خاچدانی عیسا، بەبێ ئەوەی لە لایەن موسوڵمانانەوە ڕێگایان لێ بگیرێ یان ئازار بدرێن، زیارەتێک بۆ قودس بکەن و لەوێ داوای خۆبەخشین بکەن. بازرگانییەکی زیارەت، کە مرۆڤی ئایینی بە تامەزرۆییەوە بۆ وەدەستهێنانی پارە بە هێزەوە پشتگیریان دەکرد.

هاوکاتیش شازادە ئورووپاییەکان لە ڕێگەی داگیرکاریی ڕۆژهەڵات هیوای گەییشتن بە زێڕ، زێو، موڵک و ماڵی نوێیان دەخواست. بەتایبەت بۆ ئەو شازادە گەنجانەی مافی میراتیان نەبوو، ئەم دەرفەتەیان وەک شانسێکی باش بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵی کاریگەری خۆیان سەیر دەکرد. ئەمەش هاوکات لە بەرژەوەندیی کلیساشدا بوو، کە نەیدەتوانی لە خانەقاکانیدا شوێنێکی گونجاو پێشکەش بە هەموو ئەندامانی شازادەکان بکات.

هاوکات ئەمانەشی لێ زیاد دەکرا: گەشەسەندنی گەنجان لە ئەوروپا، بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو گەنجانەی لە هەژاریدا دەژیان و هیچ داهاتێکیان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان نەبوو. بۆ ئەوان شەڕی خاچپەرستان جۆرێک بوو لە ڕێوشوێنی ڕەخساندنی هەلی کار، هاوشێوەی جیهادی ئیسلامی کە زۆرجار لەمڕۆدا وەك دەرفەتیکی کاریی بۆ گەنجانی موسڵمان پێشکەش دەکرێ. دیارە تاوانباران و کەسانی دەرەوەی یاساش بەدوای بانگەوازی شەڕدا ڕۆیشتن، چونکە بەشداریی لە شەڕی خاچپەرستانە ئەو هەلەی بۆ دەرەخساندن خۆیان لە لێپرسینەوە بپارێزن و هیوایان بە ژیانێکی نوێ و بەدەستهێنانی سامان لە ڕێگای تاڵانی ڕۆژهەڵاتییەکانەوە دەبینی.

هەروەها لایەنێکی سیاسیشی هەبوو: هەرچەندە پەیوەندیی جیهانی کاتۆلیکی لەگەڵ بیزانس تێکچووبوو، بەڵام ئەوەی کە هێزی موسڵمانی سەلجوقی لە لێواری شاری قوستەنتینیە جێگیر

ببوون، پاڵنەرێکی دیکە بوو بۆ بەشداریی لەم شەڕە. ئیمپراتۆری بیزانس ئەلێکسیۆسی یەکەم "Alexios I" داوای پشتگیری لە پاپا ئۆربانی دووەم "Papst Urban II" کردبوو بۆ داگیرکردنەوەی خاکی ئیمپراتۆری ئاسیای بچووک. پاپا گوێی لە داواکارییەکە گرت و لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٠٩٥ بڕیاری ڕزگارکردنی شوێنە پیرۆزەکان و شەڕێکی خاچپەرستانە لە دژی ئیسلام بە ناوی "خوداش ئەم شەڕەی دەوێ"، دەربڕی! بڕیار بوو موسڵمانان لەو خاکە پیرۆزە دەربکرێن کە لە ساڵی ٦٣٨ەوە داگیریان کردبوو.

## تێڕوانینێکی گشتی لەسەر ڕەوتی شەڕە خاچپەرستەکان و ڕووداوە گرنگەکان

### ١٠٩٦ تا ١١٠٩

لە بەهاری ساڵی ١٠٩٦دا، تیمێکی هەمەڕەنگ کە ئەزموونێکی سەربازیی ئەوتۆشیان نەبوو، لە ئورووپاوە وەڕێکەوتن. "شەڕی خاچپەرستیی جووتیاران یان هەژاران" دوای چەند مانگێک لە ئاسیای بچووک بە تەواوی لەناوچوون. بەدوایدا هێزی ڕاهێنراوی باشتر، بە سەرۆکایەتی شوالییەی دەوڵەمەند و ماقووڵ، کە توانیان لە نێوان ساڵانی ١٠٩٨ تا ١١٠٩ قودس ئازاد بکەن و چوار دەوڵەتی خاچپەرست پێکبێنن: ئیدێسا "Edessa" (١٠٩٨)، ئەنتیکە "Antiochia" (١٠٩٨)، قودس "Jerusalem" (١٠٩٩) و تەرابلوس "Tripolis" (١١٠٩).

لە کاتی داگیرکردنی قودسدا کۆمەڵکوژیی موسڵمانان ڕوویدا، بەڵام لەسەر جولەکەکانیش - کەنیسەکانی ئەوێ بە بڵێسەی ئاگر سووتێندران و پۆگرۆم دژی جولەکەکان دەستیپێکرد.

### ١١٤٧ تا ١١٤٩

بەو پێیەی زۆرێک لە خاچپەرستان دوای داگیرکردنی قودس گەڕابوونەوە بۆ وڵاتی خۆیان، نەیانتوانی لە درێژخایەندا دەست

بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا بگرن کە دایانمەزراندبوون. جگە لەوەش لە کاتێکدا پێشتر خاچپەرەستان دژی دوژمنێکی هاوبەش پێکەوە و لە بەرەیەکدا شەڕیان کردبوو، هەریەکەی سیستەمی حوکمڕانی خۆیان لە دەوڵەتدا دامەزراند و وەدوای بەرژەوەندیی خۆیان کەوتن. یەکەم دەوڵەت ئیدێسا لە ساڵی ١١٤٤ کەوتەوە دەست موسڵمانان. دەرئەنجامەکانی چەند بەرپرسی مەسیحی بوون کە داوای شەڕی خاچپەرستیی دووەمیان دەکرد.

دوای شکست و هەرەسهێنانی سەربازیی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان، بڕیاردرا هێرش بکرێتە سەر دیمەشق کە لە ڕاستیدا بێلایەنیش بوو. بەڵام تەنیا دوای چەند ڕۆژێک دەبوو واز لە گەمارۆکە بهێنرێت و ئەوەی مایەوە کەمپێکی پرژوبڵاوی خاچپەرستان بوو کە بە تەواوی لێکدابڕابوون و بۆ شکستەکە یەکتریان بە تاوانبار دەزانی، لە کاتێکدا موسڵمانان گەلێك بەهێز و سەرکەوتووانە لەو مەیدانە هاتنەدەر.

**١١٨٩ تا ١١٩٢**

لە ساڵی ١١٨٧، سەربازانی سوڵتان سەلاحەدینی سووری-میسری، لە شەڕی حاتین "Hattin"، هێزە خاچپەرستە مەسیحییەکانیان تێکشکاند و قودس و ناوچەکانی دەوروبەریشیان خستە ژێر کونترۆڵی خۆیانەوە. پاشان پاپا جۆرجی هەشتەم "Papst Georg VIII" داوای شەڕی خاچپەرستی سێیەمی کرد. لە ساڵی ١١٨٩ بە سەرکردایەتی فرێدریک باربارۆسا "Friedrich Barbarossa"، فیلیپی دووەمی فەرەنسا "Philipp II" و

ڕیچارد دڵ شێر "Richard Löwenherz"، پاشای ئینگلیز شەڕ دەستی پێکرد. هەرچەندە قودس لە دەستی موسڵماناندا مایەوە، بەڵام خاچپەرستان توانیان ئاکۆن "Akkon" داگیربکەن و پەیمانێکی ئاشتی ئیمزا بکەن کە ڕێگەی بە زیارەتکەرانی مەسیحی دەدا سەردانی قودس بکەن.

## ١٢٠٢ تا ١٢٠٤

لە شەڕی خاچپەرستی چوارەمدا هەرچەندە ئامانجی ڕاستەقینە داگیرکردنی میسر بوو، بەڵام لە قوستەنتینیە "Konstantinopel" شەڕی مەسیحی دژ بە مەسیحی بەڕێوەچوو و شارەکەیان تاڵان کرد. ئەو شەڕە خاچپەرستەی لە لایەن ڤێنیزییەکان "Venezianern" دەستپێکرا، بەبێ ئەمری پاپا ڕوویدا و دەربڕینی ململانێی دەسەڵاتی ناوەوەی ئورووپا بوو لە نێوان کلیسەی ئۆرتۆدۆکسی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، نەک لەگەڵ ئیسلام. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ڤێنیزییەکان و فرانکەکان پێش گرتنی قوستەنتینیە، پەیماننامەیەکیان سەبارەت بە دابەشبوونی ئیمپراتۆریەتی بیزانس لەناو خۆیاندا بەستبوو. تا ئەمڕۆش ئەم شەڕە خاچپەرستییە کاریگەری لەسەر پەیوەندیی گەلێك چەتوونی نێوان کلیسەی ڕۆمی و ئۆرتۆدۆکسی داناوە.

## ١٢٢٨ تا ١٢٢٩

ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین شەڕی خاچپەرستی قەیسەر فرێدریکی دووەم بووبێت "Stauferkaisers FriedrichII"، چونکە تاکە شەڕی خاچپەرستانە بوو کە بێ خوێنڕێژی بەڕێوەچوو. تەنیا لە ڕێگەی دانوستان و بەبێ شەڕی شمشێر، قەیسەر لە مانگی ئازاری ساڵی ١٢٢٩وە بۆ ماوەی دە ساڵ کۆنترۆڵی قودس و نازارەت "Nazareth" و بەیتولمەقەدەسی "Bethlehem" بەدەستهێنا.

قەیسەر "Stauferkaisers" زانیاریی خۆی لەسەر جیهانی عەرەبی بەکارهێنا و بە شێوەیەکی دڵڕفێن لەگەڵ سوڵتانی میسری ئەلمالیک ئەلکامیل قسەی کرد و دواجار توانی پەیمانی ئاشتی لەگەڵیدا ڕێکبخات. لە جیهانی عەرەبیدا قەیسەر فرێدریکی دووەم بە دۆستی موسڵمانان دەناسرێ، چونکە حەزی لە ئەدەبیاتی عەرەبی، بیرکاری و بواریتری زانست بووە کە عەرەبەکان تێیدا پێشەنگ بوون. لە ئەنجامدا فرێدریک بیرکار لیۆناردۆی پیزا (Fibonacci)یشی بۆ دەربارەکەی دەستنیشان کردبوو، کە لە گەشتەکانیدا بۆ میسر و سوریا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بیرکارە عەرەب و ئێرانییەکاندا پێکهێنا و زانیارییەکانی بە شێوەیەکی یەکجار زۆر دەوڵەمەندتر کردووە. کتێبی ژمێریاری "Liber abaci" (کتێبی ئەباکوس)ی پیزا بەشدارییەکی بەرچاوی لە گۆڕینی ژمارەی ڕۆمی بۆ ژمارەی عەرەبی-هیندیی لە ئورووپای ڕۆژئاوا بووە. جگە لەوەش پاسەوانەکانی فرێدریک عەرەب بوون.

جگە لەم ئاماژانە، مێژوونووسانی دواتر بە پلەی یەکەم بۆ خوڵقاندنی ئەفسانەی "دۆستی موسڵمانان" بەرپرسیارن. یەکێک لەوانە ئیبن وەسیل "Ibn Wāsil" (١٢٠٧-١٢٩٨) دەڵێت، لەکاتی دانوستان لەگەڵ سوڵتانی میسردا، فرێدریکی دووەم داوای سەردانی قودسی لێ دەکات، کە ئەویش مۆڵەتی پێداوە. کاتێک فرێدریکی دووەم لە قودس بووە، سەری سوڕماوە کە هیچ بانگەوازێک بۆ نوێژ لە مزگەوتەکانەوە نەکراوە. کاتێک پرسیاری ئەوەی کردووە بۆچی مزگەوتەکان بێدەنگن، پێیان گوتووە ئەوە بەهۆی ڕێزلێنان لە میوانە مەسیحییەکەیە. دەوترێت فریدریش وەڵامی داوەتەوە: "قەسەم بە خوا گەورەترین ئاواتی من ئەوە بوو، کاتێک شەوم لە قودس ڕۆژ کردەوە، شەوێ گوێم لە بانگەوازی موعەز بێ کە چلۆن ستایشی خودا دەکەن."

ڕەنگە مێژوونووسی میسری ئیبن ئەلفورات "Ibn al-Furāt" کە نزیکەی سەدەیەک دوای فرێدریکی دووەم ژیاوە، زۆرترین بەشداری لە خوڵقاندنی ئەفسانەدا بووبێت. ئەو لەسەر ئەو بۆچوونە بووە کە فرێدریک بە نهێنی موسڵمان بووە و تەنانەت وەک مامی دایکیی پەیوەندیی بە سوڵتان ئەلمەلیک ئەلکامیلەوە هەبووە.

لە ڕاستیدا فرێدریکی دووەم نە دۆست و نە دوژمنی موسڵمانان بووە. ئەو تەنیا پراگماتیستێکی وەک کارلی مەزن بوو. ئەویش وەک کارل ستراتیژێکی دووانەیی لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئیسلامدا پەیڕەو کردووە. ئەو موسوڵمانانی نیشتەجێ بووی

سیسیلیای دەرکردن، چونکە هەوڵیان دەدا دوورگەکە بە ئیسلامی بکەن. بەڵام نە لەسێدارەی دان و نە بۆ ڕۆژهەڵات دووری خستنەوە، بەڵکوو لەبری ئەوە ئیزنی پێدان کۆچ بۆ خاکی ئیتاڵیا بکەن. لەوێش پراکتیزەکردنی باوەڕەکەیان، بەڕێوەبردنی دادپەروەری و سەربەخۆیی پێبەخشین. پاسەوانەکانی موسڵمان بوون چونکە فرێدریک کێشەی لەگەڵ پاپا هەبووە و ترسی ئەوەی هەبووە لەلایەن پاسەوانە مەسیحییەکانەوە خیانەتی لەهنبەردا بکرێ.

هەموو ئەمانە لە ناوەڕاستی شەڕە خاچپەرستەکاندا ڕوویانداوە: لێکنزیکبوونەوە لە یەکتر، گواستنەوەی کولتووریی، بازرگانی، پەیماننامەی ئاشتی، ڕادەستکردنەوەی ئاشتیانەی قودس. تەنانەت هاوپەیمانی کۆیلەی موسڵمانان لەگەڵ دەوڵەتانی خاچپەرستان دژی کۆیلەیتری موسڵمان لە ئارادا بووە. بە هەمان شێوە شانشینییە مەسیحییەکان هاوپەیمانییان لەگەڵ شار-دەوڵەتە موسڵمانەکان لە ئەندەلوس دژی سوپای مەسیحییەکانیدیکە پێکهێناوە. پێدەچێت نەرمونیانی فرێدریک لەلایەن هەندێک لە مێژوونووسانی ئیسلامییەوە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ویستویەتی بە هەر شێوازێك بێ، پارێزگاریی لە قودس بکات. نەك وەك دوژمن، بەڵکوو وەك دۆستێک یان وەک فەرمانڕەوا و پاشای نوێی قودس.

**١٢٤٨ تا ١٢٥٤ و ١٢٧٠**

دوای تەواوبوونی پەیماننامەکەی فرێدریکی دووەم، مەسیحییەکان لە ساڵی ١٢٤٤ کۆنترۆڵی قودسیان لەدەستدا و پاش ماوەیەکی کەم کۆنترۆڵی دەوڵەتە خاچپەرستەکانی دیکەشیان لەدەست دەرچوو. بەڵام یەکەم هەوڵی داگیرکردنەوە لە سەردەمی شای فەرەنسی لودویگی نۆیەم"Ludwig IX"، هەر وەک دووەم شکستی هێنا.

**١٢٩١**

لە مانگی ئایاری ١٢٩١دا، ئاکۆن "Akkon" کە دوا قەڵای خاچپەرستان بوو، لەدەستچوو، شوالییەکان لەلایەن مەملوکی میسرییەوە لە خاکی پیرۆز دەرکران و سەردەمی شەڕە خاچپەرستە گەورەکان کۆتایی پێهات. زۆر دواتر زنجیرەیەک شەڕی خاچپەرستانە لە دژی عوسمانییەکان، لە باڵکان و ئەندەلوس دژی عەرەبەکان ڕوویاندا، بەڵام ئەمانە لە مێژوونووسیدا گرنگییەکی کەمیان پێدراوە.

شەڕی خاچپەرستی بە تەواوی گونجاون بۆ خوێندنەوەیەکی هەڵبژێردراوی مێژوویی. بەپێی ئەوەی لە کوێ و چلۆن پێکهاتبن، و بۆ چ مەبەستێك کەڵکی لێوەرگیرابێ، دەکرێ گەلێك جیاواز هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین. دەکرێ مرۆڤ بڵێ ئەوە داگیرکارییەکانی ئیسلامی و هێرشە دووبارەبووەکانی سەر جیهانی مەسیحی بوون کە ئایینی مەسیحییان میلیتاریزە کرد. ئەگەر لەم ڕووەوە سەیر بکرێت، شەڕی خاچپەرستان وەڵامێکی سروشتی دەبوو دژ بە جیهادی موسڵمانی فراوانخواز و داگیرکەر.

لە ڕوانگەی موسڵمانانەوە دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت ئەوە عەرەبەکان بوون کە ئورووپایان لە ڕووی زانست و فەلسەفیەوە دەوڵەمەند کرد، پاشان یارمەتیدەر بوون بۆ سەرهەڵدانی ڕێنێسانس کە دواتر ڕۆشنگەریی بەدوادا هات و پاداشتی ئەمەشیان بە شەڕە خاچپەرستە شەڕانگێزەکانیان پێدراینەوە.

"ڕاستی" وەک هەمیشە لە نێوان بۆچوونەکاندایە: هەردوولا دژ بەیەکتر شەڕیان بەڕێوەبرد و یەکتریان دەوڵەمەند کرد. هەردووکیان کێشە، ترس و ناتەواوییەکانی خۆیان بۆ دیوەکەیتر ڕەوانە کرد. دیارە ئەمڕۆ هەردووکیشیان لە ڕاستیدا هیچ

بژاردەیەکیتریان نییە جگە لە هاوکاریی یەکتر و فێربوون لە یەکتر. چونکە هیچ کولتوورێک ناتوانێت بە تەنیایی خۆراگری بکات، هەروەها شارستانیەتی مرۆڤ و بەرهەمەکانی کە ئەمڕۆ هەمووومان چێژیان لێ وەردەگرین، دەرئەنجامی گواستنەوەی زانست و هاوکاریی نێوان کولتووورە جیاوازەکان بوون، لە میسری کۆنەوە تا ڕۆژئاوای مۆدێرن: یۆنانیەکان سوودیان لە فیرعەونەکان وەرگرتووە، عەرەبەکان لە یۆنانی، ئێرانی و هیندییەکان سوودمەند بوون، ئەمەش سوودێکی گەورەی زانستی بە ئوروووپای سەدەی ناوەڕاست بەخشی. لەم سەردەمە تاریکەدا ئوروووپییەکان پەیوەندییان لەگەڵ زانستی جیهاندا لەدەستدا.

ئەوەی کە جیهانی عەرەبی- موسڵمان پێشەنگیی خۆی لەدەستدا، دەگەڕێتەوە بۆ فۆرمولەیەکی سادەی هەرەسهێنراو: **"گۆشەگیری، خورافات، دۆگما،کۆنەپەرستی ئایینی و ناسیۆنالیزم".** فۆرمولەی سەرکەوتن کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، ئەوەیە: **"کراوەیی بەرامبەر بە زانست و ئەزموونی کۆمەڵانیتر، عەقڵانییەت، لێبوردەیی و فرەچەشنی."** ئەم فورمولانە دەوڵەتە موسڵمانەکان، هەروەها ئوروووپاش دەگرێتەوە.

دیارە ئەورووپا پێشتر ڕێگایەکی دووری لە ڕێبازی شارستانیەتدا بڕیوە، بەڵام هێشتا گەلێك لە گەیشتن بە شوێنی مەبەست دوورە. هەروەها وەك چلۆن کولتوری عەرەبی-ئێرانی دوای قۆناغێکی خۆشگوزەرانی گەڕایەوە ناو سەدەکانی ناوەڕاستی

خۆیەوە، ئەوروپاش دەتوانێت جارێکیتر بگەڕێتەوە بۆ سەدەی ناوەڕاست ئەگەر بە توندی بەرگریی لە دەستکەوتەکانی خۆی نەکات و ئەگەر بەرەنگاری دوژمنانی جیهانی شارستانی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە، نەبێتەوە.

مەبەستم لەم دوژمنانە ئایین یان نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە. دوژمن بیرکردنەوەیەکە کە هەستەکان بە نرختر دادەنێ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ عەقڵ، هەروەها قورسایی زیاتر بە ڕابردوو دەدات نەک ئێستا و داهاتوومان. ئەم عەقڵیەتە ماوەیەکی زۆرە بە هۆی پێشکەوتن، گلۆبالیزم و کێشە و ململانێکانی ئەمڕۆییەوە هەم لە ئەوروپا و هەم لە جیهانی ئیسلامیدا تەشەنە دەکات. لە ڕووسیا و تورکیا، بەڵام لە ئەوروپا و ئەمریکاش حەسرەتێکی گەڕانەوە بۆ مەزنبوونی جیهانی کۆن و خواستە کۆنەکان واتە بوون بە زلهێزێکی گەورەی جیهانی سەردەمی پێشوو ئەزموون دەکەین. وەک ئەوەی مرۆڤ بتوانێت چەرخی مێژوو بگەڕێنێتەوە دواوە و بە لێدانی دەستێک ڕۆم، بیزانس، خەلافەتی ئیسلام یان ئیمپڕاتۆری سۆڤیەت زیندوو بکاتەوە. لە ئێستادا پوتین هەوڵدەدات ڕێک ئەو کارە بکات و خۆی لە نەریتی تزار پیتەری"Zar Peter" مەزندا هەست پێدەکات. کاتێکیش چەکی مۆدێرن بەرکەوتەی هەڵوێستێکی لەو شێوەیە دەبێت، دەرئەنجامەکانی دەتوانن گەلێك کوشندە بن. دوو شەڕی جیهانی ئەمەیان سەلماند و لە ئێستادا هەڵمەتی پوتین دژی ئۆکرائین یان شەڕی ئیسرائیل و حامەز یان حیزبوڵلای لوبنان بە پشتیوانی

ڕژیمی کۆنەپەرەستی ئیسلامی ئێران جارێکیتریش ئەم ئەزموونەمان نیشان دەدەن.

پرسی خاچ بەرامبەر بە هیلال نییە، هەروەها پرسیاری ڕۆژئاوای مەسیحی بەرامبەر بە مەسیحیەتی ئۆرتۆدۆکسیش نییە. پێویستە بە بەرگریکردن لە شارستانیەتێك کە بە درێژایی مێژوو لە ڕێگەی زانینی هەموو کولتوورەکانەوە هاتۆتە ئاراوە، لە بەرامبەر دوژمنانی شارستانیەت بیپارێزین. مێژوو دەبێت وەک ڕاهێنەر و مامۆستایەک خزمەت بکات نەک وەک دابینکەری تەقەمەنی بۆ ململانێی نویێ. چەمکی وەک **"جیهاد"** یان **"شەڕی خاچپەرستی"** نابێت چیتر پێناسەی پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دیاری بکات. ١١ی ئەیلول و شەڕی عێراق کە لە چوارچێوەیاندا ئەو دوو چەمکە زیاتر بەکارهێنران، دەبێ بیرهێنانەوە و ئاگادارییەك بێت بۆ ئێمە. ڕەوتی بەڕێوەچوون و دەرئەنجامە کوشندەکانی ئەم دوو ڕووداوە برینە کۆنەکانی ڕابردووی کولاندەوە و برینی نوێی لێ زیاد کرد. بێگومان ناکرێ هەمیشە خۆ لە ململانێ بەدوور ڕاگرین، بەتایبەتی کاتێک بە ئەنقەست لەلایەن بەرەیەکەوە دەورووژێنرێ. ململانێیەکان ئەوکات مەترسیدار دەبن کە بکرێنە بنەمایەک بۆ پێناسەکردنی ناسنامەی مرۆڤ. هەروەک چۆن لە ئێستادا پوتین چاو لە ئاوێنەی ڕابردووی مێژوو دەکات و پێی وایە دەتوانێت بە ڕەتکردنەوەی مافی بوونی ئۆکرائینی داهاتووی تێدا ببینێت، ئیسلامییەکانیش تامەزرۆی خەلافەتێکی نوێن و نەیارانی یەکێتی ئورووپا بۆ سەرهەڵدانەوەی دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان

تێدەکۆشن. مێژوو دەبێ لەو حاڵەتانەدا وەک بیرخستنەوە و ئاگادارکردنەوەیەک بۆ ئێمە بێت.

## بەشی نۆ

### لە قوستەنتنییەوە بۆ ڤیەن: عوسمانییەکان و زەبر و زەنگی ئیسلامی ئورووپی

لەشکرکێشی مەغۆلەکان و لەناوبردنی خەلافەتی بەغدا لە سەدەی ١٣ کاریگەریی عەرەبی لەسەر ئیسلام گەلێك لاواز کرد. هەروەها ڕیکۆنکیستا "Reconquista"[٦٦] لەم کاتەدا لە ئەندەلوس پێشکەوتنی گەورەی بەدەستهێنابوو. عەرەبەکان هاوکات لە هەموو ناوچەکانی نیمچە دوورگەی ئیبەریاوە پاڵیان پێوە نرابوو و گوشاریان لەسەر بوو. ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی عەرەبی کە سەردەمێک خۆی بەسەر نیوەی جیهاندا بڵاوکردبۆوە، تەنیا سوڵتانە بچووکەکانی گرانادای بۆ مابۆوە.

دابەزینی عەرەبەکان بووە هاندەر بۆ سەرهەڵدانی ئەو گەلانەی ئیسلامیان لە باوەش گرتبوو بەڵام ناسنامە نەتەوەیی و دابونەریتە کۆنەکانی خۆیان هێشتا پاراستبوو. بەشێک لەو گەلانە ئیسلامیان لە هۆگریی بە عەقلیەتی خێڵەکی و لە لێکدانەوە تەسکەکەی قورئان ڕزگار کرد، بەڵام ئایینیان کردە ناوەندی

[٦٦] ڕیکۆنکویستا زاراوەیەکی ئیسپانی و پورتوگالییە بۆ سەرهەڵدان و خۆ بڵاوکردنەوەی ناوچەی کۆنترۆڵکردنی ئیمپراتۆریەتەکانی مەسیحییەکانی نیمچە دوورگەی ئیبەری و هاوکاتیش پاڵنانی ناوچەی دەسەڵاتی موسڵمانان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

سەرەکی شەڕ و ململانێکانیان. دیارە هەرکامیشیان بە لێکدانەوە و بۆچوونی تایبەت بە خۆیان لەسەر ئاییینی ئیسلام.

بۆ نموونە مەغۆلەکان لە سەدەی ١٣ ئیمپراتۆریەتی خۆیان دامەزراند و دواتر بە ناوی ئیسلامەوە داگیرکارییەکانیان دەستپێکرد، تەنانەت لە هێرشکردنە سەر ناوچە موسڵمانەکانیش خۆیان نەپاراست. بۆ نموونە لە باکووری هیندوستان کە سوڵتانییەتی ئیسلامی دەهلی لە ساڵی ١٢٠٦ەوە بوونی هەبووە، هێرشی مەغۆلەکان ڕوویدا، کە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بەرە بەرەی سوڵتانییەت لە ساڵی ١٣٩٨. دواتر لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریەتی موغەکان بنیات نراوە. سەرەتاکانی لە ڕووی لێبوردەیی ئاییینیەوە سەردەمی بەغدا و ئەندەلوس وەبیر مرۆڤ دەهێنێتەوە. موغولی گەورە "ئەکبەر" کە لە ساڵی ١٥٤٢ تا ١٦٠٥ حوکمڕانی کرد، بە چاکسازیخواز، ستراتیژێکی سەربازی بەهرەمەند و دیپلۆماتکاری لێهاتوو دادەنرێ. بەداوای گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئایینە جیاوازەکانی هیندوستاندا دەگەڕا و باجی تایبەتی لەسەر غەیرە موسڵمانان هەڵوەشاندەوە. هاوسەرگیری لەگەڵ شازادەیەکی هیندۆسی کرد، مەیلی بۆ سۆفیگەریی هەبوو، بەڵام وەک فەرمانڕەوایەک پەیڕەویی لە قوتابخانەی یاسای حەنەفی سوننە دەکرد. لە سەردەمی ئەودا موسڵمانان کەمینەیەک بوون لە وڵاتی هیندۆسیان کە ئەو بەسەریدا زاڵ بوو، هەر بۆیەش بەشێوەیەکی پراگماتیکی پشتی بە لێبوردەیی و دیالۆگی ئاییینی بەستبوو. نوێنەرانی چەندین قوتابخانەی ئاییینی جۆراوجۆر بەردەوام سەردانی

دەربارەکەیان دەکرد، لەو ناوەدا، یوزویتەکانی گۆئا "Jesuiten Goa". فەرمانڕەوا ئەو ئاڵوگۆڕەی بەرز نرخاند، بەڵام زیاتر ڕەخنەی کۆمەڵگەی زێدەڕۆی لێکەوتەوە. ململانێیەکە ئەوەندە گەورە بۆوە کە ئەکبەر ناچار کرا لەگەڵ عولاما"Ulamā" کە پیشەی بەهێزی زانایانی ئایینییە لە ئیسلامدا، چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. لەسەر تێبینی عولەماکان ڕایگەیاند کە لەمەودوا یاساکانی خۆی لەسەر بنەمای قورئان دادەنێت.

جێنشینەکانی وازیان لە هێڵی لێبوردەیی ئەکبەر هێنا و سیاسەتێکیان گرتەبەر کە تەنیا لە بەرژەوەندی موسڵماناندا بوو. لە سەردەمی شاجەهان"Shah Jahan" ئیمپراتۆری بەناوبانگی موغولەکان (١٦٢٧-١٦٥٨)، کە تاج مەحالی بە دروستکردن دا، زانایانی موسڵمانی زێدەڕۆ دیسانەوە ئەوەندە کاریگەرییان هەبوو کە توانیان فەرمانڕەوا ناچار بکەن ڕێوشوێنی توند بەرامبەر بە غەیرە موسڵمانەکان بگرێتەبەر. ئەمەش دابەشبوونێکی لە هیندوستان دروستکرد کە زۆرجار لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیادا بۆ مەبەستی سیاسی کەڵکی لێوەرگیراوە. ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی دواتر خۆیان وەک گەرەنتیکەری ئاسایش و سەقامگیری پیشان بدەن دەیانزانی چلۆن ئاگری ململانێی نێوان هیندۆس و موسڵمانەکان پرتین بکەن و بیانوروژێنن. تا ئەمڕۆش هەروەك لە نێوان هیندوستان و پاکستانیشدا هەیە، گرژییەکی زۆر لە نێوان موسڵمانان و هیندۆسەکاندا لە هیندوستان بەدی دەکرێ. زۆرێک لەو ململانێیانە ڕەگ و ڕیشەی لە مێژووی

حوکمڕانی موسڵمانان بەسەر هیندوستان و قۆناغی لەدەستدانی دەسەڵاتیان بەهۆی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیاوە هەیە.

لە میسر و دیمەشق و باکووری ئەفریقا، ئەوە مەملووکەکان بوون کە لە سەدەی ١٣دا دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، لێهاتوویی سەربازی کۆیلە بوو کە بەدرێژایی سەدەکان لەلایەن خەلیفە و میرەکانی عەرەبەوە بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتەکەیان ڕاهێنرابوون. زۆربەی ئەو بەکرێگیراوانە بە ڕەچەڵەک تورک بوون یان کۆیلەی هەڵاتوو بوون کە پێشتر لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و باشووری ڕووسیا ژیانیان دەکرد. ئەوان لە ڕووخانی خەلافەت لە بەغدا و لاوازیی ئیمپراتۆریەتەکانیتری عەرەبی سودیان وەرگرت و بانگەشەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بۆخۆیان دەکرد. ئەوەی یارمەتیدەریان بوو، ئەوە بوو کە سەنگەری کۆتایی بوون لە شەڕی دژ بە مەغۆل و خاچپەرستان. بەو پێیەی مەملوکەکان بە هیچ شێوەیەک لەناو خەڵکیدا شەرعیەتی ئایینییان نەبوو، سەرەتا خەلیفەیەکی ساختەیان لە بنەماڵەی عەباسیەکان لە پەنا خۆیانەوە قوت کردەوە تا دەسەڵاتی خۆیان چەسپاند و خۆیان وەك سوڵتان بە خەڵکی ناساند. ئەوان وەک ئامرازێکی دەسەڵات پشتیان بە سۆفیگەریی جەماوەری بەستووە و پەرەیان بە هێزگرتنی سۆفیەکان دا و هاوکاتیش داوایان لە سەرکردە سۆفیەکان دەکرد کە دڵسۆزی فەرمانڕەوا و ژەنەراڵەکانیان بن. ئەوانیش کارێکی هاوشێوەی زانایانی سوننەی مزگەوتی ئەلئەزهەریان کرد، کە خۆیان تەسلیم کرد و مەملوکەکانیان بە پارێزەری ئیسلام ڕاگەیاند، هەرچەندە ئەوان نەک تەنیا دژی

مەغۆلەکان و مەسیحییەکان، بەڵکوو دژی سەلجوقییە موسڵمانەکانیش شەڕیان دەکرد. سەردەمی حکوومەتی مەملوکەکان تا ڕادەیەك سەقامگیر بوو و بازرگانی گەشەی سەند، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چینێکی نوێ و دەوڵەمەند، بەتایبەتی لە وڵاتی میسر. بەڵام بەو پێیەی بواری پەروەردە تەنیا بە ئایینەوە بەسترابۆوە، زانست بە تەواوەتی پێشی پێگیرا و وەستێندرا. لەم ماوەیەدا موسڵمانان بە گشت لەبیریان چۆوە زانایانی وەك ئەلفەرابی، ئیبنی سینا و مەولەوی بوونیان هەبووە. بیرۆکەی ئیبن تەیمییە و غەزالی ڕێوشوێنیان هەم بۆ ئیلاهیات و هەم سۆفیگەریی خۆش و دیاری دەکرد.

لە هەندێک ناوچەی ئێران و ئەفغانستان و بەشێک لە ئاسیای ناوەڕاست، شانشینی سەفەوی لە سەرەتای سەدەی ١٦ سەریهەڵدا و هەرچەندە زۆرێک لە خەڵکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکەیان سوننە بوون، مەزهەبی شیعەیان وەک ئایینی دەوڵەت بە فەرمی ناساند. سەفەوییەکان لە ڕێگەی شەڕی درێژخایەنەوە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی توانیان سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتەکەیان تا ڕادەیەك دیاری و پارێزراو بکەن. لە سەدەی ١٨دا ئەم دەسەڵاتەش کۆتایی پێهات، چونکە سوننەکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکە لە دژی حکوومەتەکەیان یاخیبوون.

بەڵام هیچ کام لەم ئیمپراتۆریەتانە سەرکەوتووتر لە عوسمانییەکان نەبوون، کە بتوانن کارامەیی و لێهاتوویەکی بەرچاویان وەک عەرەبەکانی سەدەی حەوتەم هەبێت. بەڵام

بۆچی عوسمانیەکان ئەو شتەیان بەدەست هێنا کە هیچ ئیمپراتۆریەتێکی موسڵمانی سەردەمی خۆیان نەیتوانی بەدەستی بێنێ؟ بۆ ئەو سەرکەوتووییە گەلێك هۆکار ڕۆڵیان هەبوو.

## سەرهەڵدانی عوسمانیەکان

عوسمانییەکان جەنگاوەرێکی وەحشی و بوێر بوون هەروەها هێزێکی نوخبەیان هەبوو کە بە تایبەتی شەڕانگێز، ڕەق ئەستوور و بێبەزەیی بوون. ئەوان "تورک"ی ڕەسەن و موسڵمان نەبوون، بەڵکوو وەک مرۆڤی باجگیر لەلایەن ئەو مەسیحییانەی لە شەڕدا دۆڕابوون بەکرێگیرابوون. ساڵانە دەیان هەزار کەس لە تەمەنی نێوان هەشت تا بیست ساڵیدا لە دایک و باوکیان کە یۆنانی، بولگاری، ئەلبانی، کرواتی، سربی و دواتر ئۆکرائینی و باشووری ڕووسیایی بوون جیا دەکرانەوە، بە زۆر موسڵمان دەکران و دەخرانە ناو خێزانە جووتیارەکانی ئەنادۆڵ بۆ ئەوەی بە شێوەی ئیسلامی پەروەردە بکرێن. پاشان لە خانەقای سۆفیەکان فێری سەبووری و زاهیدبوون دەکران، واتە مێشکیان دەشوشتنەوە و دواتر بۆ ئەوەی ببنە شەڕکەرێکی ئایینی فناتیك و زێدەڕۆ، لە ناوەندە نیزامییەکان بە باشی ڕادەهێنران. بەتواناترین خوێندکاری نوخبەی نێوانیان ڕاهێنانێکی تایبەتی و شایستەیان وەردەگرت و بۆ بەرزترین پۆستی دەوڵەتی هەڵدەبژێردران. ستراتیژییەک کە خەلیفەی هەشتەمی عەباسی ئەلموتەسیم "al-Mu'tasim" پێشتر بە سەرکەوتوویی لە سەدەی نۆیەمدا بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتەکەی پەیڕەوی کردبوو. کۆیلەی ڕفێنراو و ڕاکردووی لە دەوری خۆی  کۆ کردبۆوە کە بۆ شەڕکەری فناتیك ڕاهێنرابوون،

به شێوەیەك كە هیچ شوێنێك بۆ باس و گفتوگۆ لەسەر هەڵوێستیان نەدەمایەوە. ئەمەش لە ڕێگەی دەستكاریكردنی ئامانجدارانە و لە ڕێگەی هەڵبژاردنی زانیاریی كۆنترۆڵكراوەوە بە مەبەستی جێبەجێكردنی ئایدیۆلۆژییەكی تایبەت بۆ نەهێشتنی هیچ ڕەخنە یان بەرگرییەك بەڕێوەدەچوو. هەڵسوكەوتێكی مەترسیدار، چونكە ئەم كۆیلە و بەكرێگیراوانە دواتر دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت و خەلیفەكانیان لەژێر قاچیان وردوپرد كرد؛ پاشان هەمان شت لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دووپاتكرایەوە.

عوسمانیەكان وەك عەرەبەكانی سەدەی حەوتەم لە سەرەتادا كۆچەر بوون و هیچیان بۆ لەدەستدان پێنەبوو. هەروەها وەك عەرەبەكانی ئەوكاتە، لە لێواری ئیمپراتۆریەتی بیزانس دەژیان و وەك نمونەیەك لە ڕووی ئیدارە و ستراتیژی سەربازییەوە ناسێندرابوون. عوسمانییەكان دوای هێرش و هەڵكوتانێكی زۆر بۆ سەر بیزانس، هەستیان كرد ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات لە شەڕەكاندا لاواز و ماندوو بووە. هەروەها هۆكاری دیكەش هەبوون كە لە بەرژەوەندیی بەرزبوونەوەی ئەواندا بوون: ڕووخانی خەلافەتی عەباسی، شەڕە خاچپەرستەكان، ئیمپراتۆریەتی سەلجوقی كە بەهۆی هێرشەكانی مەملوكەوە لاواز ببوو - هەموو ئەمانە دەستیان دا دەستی یەكتر و ڕێگەیان بۆ عوسمانی تامەزرۆی دەسەڵات خۆش كرد. بەم شێوەیە لە نێوان سەدەی ١٤ و ١٥دا توانیان ناوچەیەكی گەورە لە بەغداوە تا باڵكان بخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئەوان بیرۆكراسییەكی

کاریگەریان پێکهێنا کە کۆپی مۆدێلی بیزانس بوو و سوودیان لە زانیاریی و ئەزموونی ئەو نەتەوە زۆرانەی کە ساڵیانی درێژ لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا ژیابوون، وەرگرت. هەروەها لە دروستکردنی هاوپەیمانیی و پاراستنی پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتە گرنگەکانی ئەوروپا گەلێك شارەزا بوون.

بەڵام ئەگەر بیانویستبایە نەک هەر لە جیهانی ئیسلامیدا بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاش ببنە دەسەڵاتی پێشەنگ، سەرەتا دەبوو ئەو شتە بەدەستبهێنن کە پێش ئەوان هیچ ئیمپراتۆریەتێکی موسڵمانان بەدەستی نەهێنابوو: داگیرکردنی قوستەنتینیە کە وەك ناوەند و دڵی مەسیحیەتی ڕۆژهەڵات سەیر دەکرا. شوێنی ستراتێژیکی قوستەنتینیە وایکرد شارەکە بەتەواوی بۆ داگیرکردنی سەرنجڕاکێش بێت: ناوەندێکی جیهان بوو، شوێنی یەکگرتنی ئەوروپا، ئاسیا و ئەفریقا بوو. هەر هێزێک کۆنترۆڵی قوستەنتینیەی بەدەستەوەبایە، دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاست و بەو هۆیەوە ڕێڕەوی بازرگانی گرنگی ناوچەکەی کۆنترۆڵ دەکرد. نیزیکبوونەوە لە باڵکان و شار-دەوڵەتەکانی ئیتالیا نەک هەر پێگەیەکی سەربازی و ستراتیژی، بەڵکوو ناوەندێکی بازرگانی نێودەوڵەتیش بوو. واتە دەستڕاگەیشتن بە قوستەنتینیە بەڵێنی دۆخێکی ئابووریی سەقامگیری بۆ عوسمانییەکان دابین دەکرد، بەبێ ئەو دۆخە بڵاوبوونەوەی زیاتری ئیمپراتۆریەتەکەیان بەرەو ئەوروپا بیری لێنەدەکرایەوە.

## ئەو خیانەتەی دۆخی گونجاوی بۆ هێرشکردنە سەر قوستەنتینیە خۆشکرد

بە درێژایی چەندین ساڵ ٢٣ سوپا هەوڵیان دابوو قوستەنتینیە داگیر بکەن، بەڵام بەهۆی دیوارە بەرز و قایمەکانی شارەکەوە هەموویان شکستیان هێنابوو. تەنیا سوپای مەحمەدی دووەم "Mehmed II" کە لە ساڵی ١٤٥١ تا ١٤٨١ حوکمڕانی کرد و دوای مردنی ناوی فاتیحی لێنرا، توانی شارەکەی کۆنستانتینی یازدەهەم "Konstantin XI" کە دوا ئیمپراتۆری بیزانس بوو، داگیر بکات.

مەحمەد کوڕی چوارەمی سوڵتان موڕادی دووەم و دایکی کۆیلەیەک بوو بە ناوی هوماهوتون "Hūma Hatun" و بۆ ماوەیەکی زۆر بە میراتگری تەختی باوکی دانەدنرا. زڕبرا و نیوە برای گەورەتر لە خۆی هەبوون و بەهۆی سروشتی خۆی و ئامادەنەبوونی بۆ ئیماندارێکی ڕاستەقینە تا ڕادەیەک بە مرۆڤێکی ناگونجاو بۆ جێنشینی باوکی دادەنرا. بەڵام دوای ئەوەی زڕبراکانی هەموویان مردن و باوکیشی کە لە ئەرکەکانی بێزار ببوو، ویستی خانەنشین بێت، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٤٤٤ کەوتە سەر تەختی پاشایەتی. محەمەد تەنانەت سەردەمی گەنجیشی هەوڵی لەشکرکێشی بۆ سەر شاری قوستەنتنییەی ئامادە کردبوو. باوکی کە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ بیزانس بەستبوو، هێرشی کوڕەکەی

ڕاگرت و دوای دوو ساڵ لە پۆستەکەی دوورخستەوە و ڕەوانەی تاراوگەی کرد. مەحمەد هەستی دەکرد خیانەتی لەهنبەردا کراوە و زەلیلیان کردووە، دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٤٥١، بە ورەیەکی بەرزترەوە دەستی بە کارەکانی کردەوە.

بۆ ماوەی چەند ساڵی داهاتوو پێش ئەوەی ئامانجی کۆتایی خۆی کە داگیرکردنی قوستەنتینیە بوو، بەجێبێنێ، هەوڵیدا بە هێرش بردنەسەر باڵکان و ئەنادۆڵ دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و قایمتری بکات. باوەکوو ئایین بۆ ئەو وەك بۆچوونی کەسیی خۆی تاکە هێزی بزوێنەر نەبوو، بەڵام دەیزانی ئایین پاڵنەرێکی گرنگە بۆ سەربازەکانی. هەربۆیە خۆی بە حەدیسی پێغەمبەر محەمەدەوە هەڵواسیێ: "ڕۆژێک قوستەنتینیە داگیر دەکرێ. ئەو سوپایەی ئەمە بە ئەنجام دەگەیەنێت،مرۆڤ و سەرکردەکەی بەختەوەر دەکات!"[٦٧] محەمەد دەیویست ئەو سەرکردەیە بێت. لە گێرانەوەیەکی ئەفسانەییدا دەڵێت خەونێکی بینیوە کە خوای گەورە داوای لێکردووە قوستەنتینیە داگیر بکات. دەبێ خودا سێوێکی سووری پێبەخشیێ، وەک هێمای کلیسای سووری هاگیاسۆفیا"Hagia Sophia".( لە خەونەکانی خامەنەیی دەچێت. وەرگێڕ).

پێش ئەوەی بتوانێت هێرش بکاتە سەر قوستەنتینیە، بۆ ئەوەی مەترسی شەڕ لە دوو بەرەدا نەکات، سوڵتان پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ مەجارستان "Ungarn" و ڤێنیز "Venedig" ئیمزا کرد.

---

[٦٧] Musnad Ahmad, Hadith Nr. ١٨٥٦٥

بەڵام هێشتا کێشەی ئەو پەیمانە ئاشتییەی لە نێوان عوسمانییەکان و بیزانس بەسترابوو، مابۆوە. ئەمەش بەو مانایە بوو کە هێرشێکی ڕاستەوخۆ سەرەتا وەدوا خرا. بەڵام مەحمەد دەیزانی چلۆن شەڕ بورووژێنێت: بە دروستکردنی قەڵایەک لە تەسکترین شوێنی بۆسفۆر "Bosporus"، ڕاستەوخۆ بەرامبەر "قەڵای ئەنادۆڵ"ی عوسمانییەکان. ئەمەش ڕێگەی بۆ خۆش دەکرد هاتوچۆی کەشتیوانی کۆنترۆڵ بکات و لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕێگای دابینکردنی کەلوپەلی سەربازی بۆ مسۆگەر بکات.

کۆنستانتین بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەم کارە دوو نێردراوی نارد بۆ هەرێمی مەحمەد، بەڵام سوڵتان ئەمری کرد دیپلۆماتکارەکان لەسێدارە بدرێن و سەرە بڕاوەکانیان ڕەوانەی قوستەنتینیە بکرێنەوە. نیشانەیەکی ڕوون و ئاشکار کە مەحمەد بڕیاریدابوو و خۆی بۆ ئامادە کردبوو. ئیمپراتۆری بیزانس ئەمجارەیان نێردراوی بۆ ڕۆم و دادگاکانی ئەوروپا نارد و داوای هاوکاریی لێکردن. بەڵام ئەوان دۆخەکەیان بە گونجاو دانەنا و ئاماژەیان بە کێشەی داراییی یان سەربازی کرد کە پاڵپشتیکردنیان مەحاڵ دەکات. کاتێک دواجار یارمەتی هات، ئیتر گەلێك درەنگ بوو.

هەرچەندە ئێستا مەحمەد بەو دوو قەڵایە کۆنترۆڵی بۆسفۆری دەکرد، بەڵام هێشتا دیوارە ئەفسانەییەکانی شارەکە مابوونەوە کە تا ئێستا شکستی بە هەر دوژمن و هێرشکارییەك هێنابوو. چلۆن دەیتوانی بیڕووخێنێت؟ تۆپ سازێکی مەسیحی چارەی بۆی

هەبوو: دروستکردنی مۆدێرنترین و گەورەترین تۆپ کە جیهان تا ئەو کاتە بەخۆیەوە نەبینیبوو. مرۆڤێك بەناوی ئوربان "Urban" کە خەڵکی مەجارستان بوو ئەم تۆپەی بۆ فرۆشتن پێشکەش بە ئیمپراتۆری بیزانس کردبوو ، بەڵام بەرپرسانی بیزانس ئەم کارەیان بە پرۆژەیەکی پڕ هەزینە و گران دانابوو. بۆیە ئوربان لە پێشکەشکردنی ئەم پرۆژەیە بە حاکمی موسڵمان مەحمەد یەکسەر فەرمانی دروستکردنی حەفتا تۆپی وەرگرت.

عوسمانییەکان لە ٢ی نیسانی ساڵی ١٤٥٣، ڕۆژێک دوای جێژنی پاك واتە هەینی پیرۆز گەیشتنە قوستەنتینیە. تەنیا چەند ڕۆژێک دواتر بازنەی گەمارۆدانی دەوروبەری شارەکە بە ڕادەیەکی زۆر داخرا و تەنگ کرایەوە. مەحمەد لە سەرەتادا ویستویەتی ئەو دەرفەتە بدات بە ئیمپراتۆری بیزانس تا بە شێوازێکی ئاشتیانە خۆی تەسلیم بکات و دەستی سوڵتان ماچ بکات. قەیسەری بیزنتین ئەو پێشنیارەی سوڵتانی ڕەتکردەوە چونکە پاپا ڕایگەیاندبوو بۆ یارمەتیی کەشتی لە ڤێنیزەوە دەنێرێت و پێداویستی قوستەنتینیە لە کاتی گەمارۆدانەکەدا دابین دەکات.

مەحمەد دەیویست نە تەنیا لە لایەنی وشکانییەوە، بەڵکوو لە هۆڕنی زێڕینیشەوە[٦٨] هێرش بکاتە سەر قوستەنتینیە. لەبەر ئەوەی دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆ بە هۆڕنی زێڕین نەگونجاو بوو، پلانێکی داهێنەرانەی دارشت: سەربازەکانی دەبوو نیوەی بەلەمەکان بەناو دارستانی سەر گردەکانی گالاتا"Galata"دا

٦٨ هۆڕنی زێڕین لە ڕووباری بۆسفۆرەوە تا قوستەنتەنییە ٧ کیلۆمیتر درێژاییەتی.

هەڵبگرن و بە یارمەتی کۆلکەدار بە لێوارەکانی دیوەکەی دیکەیدا بخلیسکێننە ناو ئاوەوە. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پلانە نائاساییەی جێگۆڕکێی بەلەم، دەبوو پەیمانێک لەگەڵ مەڵبەندی پارێزگاریی پێرا"Handelsenklave Pera" ببستێ. پارێزگاری پێرا، گلۆپی سەوزی پێدا. هەر وەک چلۆن هەندێک لە سیاسەتوانانی ئەمڕۆ کورتبینانە هەڵسوکەوت دەکەن و لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە ئابووری یان ستراتیژییە کورتخایەنەکانیان، پەیماننامە لەگەڵ دەوڵەتان و هێزەکان دەبەستن کە دەتوانێ لە درێژخایەندا ئاسایشی خۆیان و مرۆڤی پێ بخەنە مەترسییەوە.

ڕۆژی ١٢ی نیسانی ساڵی ١٤٥٣ عوسمانییەکان لە لای وشکانییەوە دەستیان بە هێرشەکانیان کرد و لە ٢٠ی نیسانەوە لە لای دەریاشەوە دەوری هۆڕنی زێڕینیان گرت. لەو ماوەیەدا پاشەکشە و سەرکەوتن لە هەردوولادا هەبوو، هاوکاتیش بەردەوام هەوڵی دیپلۆماسی دووبارە بۆ گەیشتن بە ڕادەستکردنی ئاشتیانەی شارەکە دەدرا، کە بەردەوام شکستی دەهێنا. لە مانگی ئایاردا یەکەم ڕێگا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوانی قوستەنتینیە کرایەوە. لەو مانگەدا، دۆخی ڕەوانیی لە نێو شەڕکەرەکاندا بەرەو خراپبوون دەڕۆیشت، ئەمەش بەهۆی دیاردەیەکی سروشتییەوە بوو: مانگگیرانێک کە وەک نیشانەیەك بۆ شکستێکی نزیک لێکدەدرایەوە. بەپێی ئەفسانەیەك، کاروانێکی

ماریان[٦٩] دەبوو دوای دوو ڕۆژ ڕابگیرێت. لە کۆتاییدا دەوترێت ڕووناکییەکی سەیر بەسەر ئایاسۆفیادا دەرکەوتووە، کە هەندێکیان وەک نیشانەیەک لێکیانداوەتەوە کە ڕۆحی پیرۆز شارەکە بەجێدەهێڵێت، هەندێک لە مرۆڤیش بە جێبەجێکردنی خەونەکەی مەحمەد لێکیانداوەتەوە.

هەرچۆنێ بووبێت، لە کۆتاییدا پۆلا و ئاگر بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد. تۆپە قورسەکان کە بە شێوەیەکی زێدەڕۆ ناویان لێنرابوو بازیلیکا"Basilica"، دوای ١١٠٠ ساڵ لە ٢٩ی ئایاری ١٤٥٣ دیوارە ئەفسانەییەکانی قوستەنتینیەیان خاپوور کرد و ڕووخاندیان. داگیرکەران هێرشیان کردە سەر شارەکە و کلیسا و خانەقاکانیان تاڵان کرد. ئەوانەی تەسلیم نەبوون، کۆمەڵکوژ کران. دوا ئیمپراتۆریش لەو ئاژاوەدا کوژرا و دوای حەوت ساڵ ئیمپراتۆریەتی بیزانس کە سەردەمێك بەهێزترین ئیمپڕاتۆریی جیهان بوو، ئیتر تەنیا مێژوویەکی زیاتر لێ نەماوە.

بەرگریکارە سەرەکییەکانی شاری قوستەنتینیە بەکرێگیراوانی ئیتالیایی بوون کە لەلایەن چەتەی دەریایی جێنوا "Genua"وە سەرکردایەتی دەکران. ئەو کەشتییانەی پاپا ناردبوونی، هێشتا نەگەیشتبوون و شەڕەکە نزیک بوو کۆتایی پێ بێ. زلهێزە گەورەکانی دیکەی ئەوروپا بەهۆی بەشدارینەکردنیان سەربەرز بوون کە شکست هێنانی قوستەنتەنییە بێ بەشداری ئەوان

[٦٩] نەریتی ماریانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٤. لەو کاتەوە هەموو ساڵێک لە جەژنی هەڵگرتنی مەریەم بۆ ئاسمان لە ١٥ی ئابدا، پەیکەری مەریەم لە کاروانێکی بەلەمی شەوانەدا بەسەر دەریاچەی وۆرزەرسیدا"Wörthersee" دەبرێت.

کارێکی ڕوون و ئاشکار بوو. منداڵە مەسیحییە ڕفێنراوەکان، مێشکیان شۆردرانەوە و مەشقیان پێکرا بۆ ئەوەی ببنە ئامێری شەڕکردن بۆ دڵی سوپای عوسمانی. مەسیحییەکی خەڵکی مەجارستان ئەو تۆپە کوشندانەی بۆ دابین کردن کە بۆ ڕووخاندنی دیوارەکانی شارەکە پێویست بوون. لە کۆتاییشدا، ئەوە سیاسەتوان و پارێزگاری مەسیحی پێرا بوون ڕێگەیان بە عوسمانییەکان دا تا بتوانن بچنە هۆڕنی زێڕین: هەموو ئەمانە دەستیان دا دەستی یەکتر و شاری قوستەنتینیەیان بەدەستەوە دا، بەڵام نەک بە هۆی غیرەتی ئایینی تورکەکان. ئەم خیانەتە لە قوستەنتینیە دەرگای ئەوروپای بۆ عوسمانیەکان کردەوە.

لەگەڵ گرتنی شارەکە، مەحمەد توانایی ئەوەی بۆ مسووگەر کرا هێرشەکانی بەرەو ڕۆژئاوا بەربڵاوتر کاتەوە. لێرە بەولاوە خۆی بە قەیسەر-ی ڕوم، ناوبرد و قوستەنتینیەی کردە پێتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

## وەڵامی ئەوروپا لەمەڕ گەمارۆدانی ڤییەن

لە سەدەی ١٦دا عوسمانییەکان خاکی خۆیان فراوانتر کرد و جگە لە مەغریب نیمچە دورگەی عەڕەبی و ناوچەکانی دیکەشیان گرتەوە. سوریا لە ساڵی ١٥١٦ و دوای ساڵێک میسریش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان. بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستی بەسەر پارێزگاری مەککە و مەدینەشدا گرت و پێگەی خۆی لەناو جیهانی ئیسلامیدا چەسپاند.

لە سەردەمی سولەیمانی یەکەمدا (١٥٢٠ تا ١٥٦٦) ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گەیشتە لوتکەی دەسەڵاتی خۆی. سەربازانی عوسمانی لە ساڵی ١٥٢١ بێلگرادیان گرت و دوای ساڵێک ڕۆدس"Rhodes"یش داگیرکرا. ساڵی ١٥٢٩ عوسمانییەکان گەییشتنە دەروازەکانی ڤیەن و شارەکەیان گەمارۆ دا. بەڵام بەهۆی زووتر دەستپێکردنی وەرزی زستان و سەرماوە ناچار کران کۆتایی بە گەمارۆکە بهێنن. لەم ماوەیەشدا یاسای ئیسلامی بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتدارانی عوسمانی پەرەی گرت و مەبەستی سەرەکیش دابینکردنی پێداویستییەکانی ئیمپراتۆریەتی گەورە و ئیدارە و ئامانجەکانی داگیرکاریی بوون. هەر بۆیەش سولەیمانی یەکەم نازناوی قانوونی "Ḳānūnī"واتە "یاسادانەر"ی

لەسەر دانراوە. لە ئەوروپا، سوڵتان بەهۆی بینا شازەکانییەوە بە "شایستە" ناسراوە.

کاتێک باس لە دەستەبەرکردنی دەسەڵاتەکەی دەکرا، حاکمیان بە مرۆڤێکی بێ بەزەیی و سازش نەکراو دادەنا. تەنانەت کوڕی خۆی و میراتگری شەرعی "مستەفا"ی لە سێدارە داوە، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو بیکوژێت و خۆی تەختی پاشایەتی بگرێتە دەست. جانیسارییەکان "Janitscharen" بە تۆڵەی کوشتنی مستەفا دژی سوڵتان ڕاپەڕین و ڕۆکسلین "Roxelane" هاوسەر و زڕدایکی مستەفایان تۆمەتبار کرد بەوەی فەرمانی لەسێدارەدانی داوە بۆ ئەوەی ڕوستوم "Rustum" کوڕەکەی خۆی ببێتە میراتگری تەختی سوڵتان. سولەیمان ناچار بوو هەڵسوکەوت بکات و بە لێهاتووییەوە وزەی تووڕەی جانیسارییەکانی بەرەو داگیرکاریی نوێ لەسەر خۆی پووچەڵ کردەوە.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەک ئیمپراتۆریەتەکانی پێش خۆی، لەگەڵ چەندین فیتنەی سیاسی ناوخۆییدا ململانێی هەبوو. زۆرجار بۆ یەکلاییکردنەوەی جێنشینی، شەڕ لە نێوان برا و زڕبرادا بەڕێوەدەچوو. شازادە منداڵەکان دەخنکێندران بۆ ئەوەی دواتر ناکۆکی لەسەر جێنشینی تەخت دروست نەکەن. تەنانەت یاسایەکی ئایینیش هەبوو کە ئەگەر لە خزمەت بە سەقامگیریی

سوڵتانییەتدا بایە، ڕێگەی بە کوشتنی ئەندامانی خێزانەکەی دەدا.[٧٠]

لە کۆتایی سەدەی پازدەهەمدا دەریاوانە پورتوگالییەکان ڕێگایەکی نوێ و باشیان دۆزیەوە کە دەتوانرا ڕێگای بازرگانی بۆ هیندوستان بەبێ ئەوەی بە ناو ئەو ڕێگایەدا تێپەڕ بێ کە لەلایەن عوسمانییەکانەوە کۆنترۆڵدەکرا، درێژەپێبدرێ. یەکەم بەربەست لە ڕووی دەسەڵاتەوە. ساڵی ١٦٨٣ عوسمانییەکان بۆ جارێکیتر خۆیان خستە ناو ئەورووپای ناوەڕاست و جارێکی دیکە لە بەردەم دەروازەی شاری ڤینا قوت بوونەوە. بەڵام ئەمجارەیان ئورووپییەکان بە ئیرادەیەکی بەهێزتر و ئامادەگییەکی باشتر بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ گەمارۆدانی پێشووی قوستەنتینیە هاتبوونە مەیدان. هاوپەیمانییەکی باشووری ئاڵمان-پۆڵەن-لیتوانیا توانی پاشەکشە بە عوسمانییەکان بکات. بە ئیلهام وەرگرتن لەم سەرکەوتنە، پاپا ئینۆسێنت "Innozenz XI"ی یازدەهەم دەستپێشخەریی کرد و هاوپەیمانییەکی نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی پیرۆز، پۆڵەندا-لیتوانیا و کۆماری ڤێنیزی پێکهێنا و دەستی کرد بە داگیرکردنەوەی خاکەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە هێشتا لە دەستی عوسمانییەکاندا بوون. لە شەڕی گەورەی دژی تورکەکاند (١٦٨٣-١٦٩٩) هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا توانیان مەجارستان "Ungarn"، ترانسیلڤانیا "Transsilvanien"،

---

[٧٠] Abdel-Aziz: Mohsen: lail al-khilafah al-uthmaniyya at-tawīl (Die lange Nacht des Osmanischen Kalifats), S. ٥٨-٩١

سربیا "Serbien" و بەشێک لە پێلۆپۆنێز "Peloponnes"ی یۆنان داگیربکەنەوە.

لە سەدەی هەژدەهەمدا، دواجار ئیمپراتۆریەتی تێزاری ڕووسیا کۆتایی بە داگیرکاریی ئیمپراتۆری عوسمانییەکان هێنا. دوای لەناوچوونی بەلەمێکی تورکیا لە دەریای ناوەڕاست، ڕوسیا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناچارکرد سەربەخۆیی بە نیمچە دورگەی کریمە بدات، کە دوای ماوەیەکی کەم بە ڕوسیاوە لکێندرا. خاتوو کاتارینای دووەم "Katarina II" ویستی لەگەڵ ڕووسیا ئیمپراتۆریەتی بیزانس زیندوو بکاتەوە و دیزاینی "پڕۆژەی یۆنانی"ی پێشکەش کرد، کە ئامانجی داگیرکردنەوەی یۆنان بوو کە تا ئەوکات لە دەستی عوسمانییەکاندا مابۆوە.

پاشان شۆڕشی پیشەسازی هاتە ئاراوە کە ئەوروپای زۆر دەوڵەمەند و بەهێزتر کرد بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە پشتی بە کشتوکاڵ و بازرگانی بستبوو. هەروەها دۆزینەوەی قورنەی ئەمریکا و پەلەقاژە بۆ وەدەستهێنانی زێڕ و کانزا سرووشتییەکان دواتر ناوەندی هێزی ئابووری جیهانیان بە ئاڕاستەیەکی نوێدا گۆڕی کە بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هەموو جیهانی ئیسلامی دۆخێکی گەلێك نالەبار بوو. پاشان کاتێک بازرگانی کۆیلە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا قەدەغە کرا، جیهانی ئیسلامی و بەتایبەت عەڕەب سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی داهاتیان لەدەستدا.

له ئەنجامدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هێزێك بوو وەكوو هەموو ئیمپراتۆریەتەكانیتر. كاتێک بارودۆخی جیۆپۆلیتیکی، ئابووری و سەربازی لەبار بوو، بەرز بۆوە، كاتێكیش دۆخەكە گۆڕانی بەسەردا هات، دابەزی. زۆربەی حاكمەكانی خەمخۆری دەسەڵات و قازانجیان بوون نەک ئایین و فەزیلەت. عوسمانییەكان چەندین جار لەگەڵ زلهێزەكانی ئەوروپا دژی فەرمانڕەوا موسڵمانەكان پەیمانیان بەستووە، وەک دژبە محمد عەلی پاشا لە میسر، كاتێک لە سەدەی نۆزدەهەمدا خۆی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیا كردەوە. عوسمانییەكان لە كاتی شەڕی كریمیا لە ساڵی ١٨٥٣ لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا هاوپەیمانییان دروست كرد و لە شەڕی جیهانی یەكەمدا عوسمانییەكان لایەنگری حاكمانی ئاڵمانیا بوون.

لە یادەوەریی بەكۆمەڵی ئورووپیدا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پەیوەستە بە داگیركردنی قوستەنتینیە و گەمارۆدانی ڤیەنەوە. لە یادەوەری گشتی موسڵمانانیشدا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پەیوەستە بە دوا خەلافەتی ئیسلامییەوە كە لە دوای ڕووخانی سوڵتانی توركیا هەرگیز نەگەڕێنرایەوە. ئورووپییەكان بەشداریی خۆیان لە سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەو ڕاستییە لەبیر دەكەن كە سەرەڕای داگیركردنی خاكەكانی ئەوروپا، بازرگانی و گواستنەوەی كولتووریی و تەنانەت هاوكاری سەربازیش لە نێوان ئەو دوو لایەنە بەردەوام بووە.

هەروەها زۆرێک لە موسڵمانان لە بەرامبەردا لەبیریان دەچێتەوە کۆلۆنیالیزمی عوسمانی لە جیهانی عەرەبیدا لە زۆر ڕووەوە خراپتر بووە لە کۆلۆنیالیزمی ئورووپی. لەبەرئەوەی عوسمانیەکان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ فەرمانڕەوا کۆلۆنیالیەکانی ئەوروپا، موسڵمانیان زیاتر کوشتووە، بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ، جیهانی عەرەبیان گۆشەگیر کرد و لە جیهانی دەرەوەیان دابڕاند، بۆ خوارترین پلەی ئابووریان ڕاکێشان و بەزەحمەت گرنگییان بە پەروەردە و مۆدێرنیزاسیۆن دەدا. ئەوان جیهانی عەرەبیان لە زۆر دەستکەوتی ڕۆژئاوا بێبەش کردووە، وەک کەرەسەی چاپ. کاتێک گوتنبێرگ لە کۆتایی سەدەی پازدەدا چاپخانەی داهێنا، داهێنانەکەی نیعمەتێکی مەزن بوو بۆ جیهانی مەسیحی. وەرگێڕانی کتێبی ئینجیل لەلایەن مارتن لوتێر و ٩٥ تێزەکەی بەبێ ئەم داهێنانە نەدەکرا هێندە بە باشی لە نێو خەڵکیدا بڵاوبێتەوە. هەمان شت بۆ بەرهەمەکانی سەردەمی ڕێنێسانس و دواتر ڕۆشنگەریی دەگونجێت. ئەم داهێنانە کۆتایی بە قۆرخکاری زانستی کلیسا و شازادەکان هێنا و بەشێکی بەرفراوانی دانیشتووانی ناو کۆمەڵیش توانیان بەشداری تێدا بکەن. ئەمەش بووە هۆی هاندانی توێژینەوە و پەروەردە، کە لە بەرامبەردا گرنگترین بنەمای مۆدێرنیتی دامەزراند. لە لایەکی دیکەوە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زانایانی ئاینی ترسیان لەوە هەبوو ئەو ئامێرە نوێیە ببێتە هۆی ئەوەی وەشانی جیاواز لەسەر قورئان بڵاوببنەوە و زانایان کۆنترۆڵی سەروەریی لێکدانەوەی ئاینی ئیسلامیان لەدەست بێتە دەر.

جارێکیتر ترس بەسەر عەقڵدا سەرکەوت. جارێکیتر جیهانی ئیسلامی بە ناوی ئیمانەوە ڕێگای خۆی بۆ نوێبوونەوە قۆرخ کرد. لە کاتێکدا ئەوروپییەکانی سەدەی هەژدەهەم باسیان لە بیرۆکەی بیرمەندانی ڕۆشنگەریی دەکرد، موسڵمانان سەرقاڵ بوون بە بیرۆکەکانی محمد ئیبن عەبدولوەهابەوە کە بنەمای دابڕان و دڵسۆزیی سەدەی ناوەڕاستی ئیلاهیاتی ئیبن تەیمیای زیندوو کردبۆوە. لە کاتێکدا فەرەنسییەکان بۆ ڕووخاندنی هەردوو ئایین و فیوداڵەکان ڕژانە سەر شەقامەکان، چەتەکان لە عەرەبستان بە سەرۆکایەتی ئیبن عەبدولوەهاب تاڵانیان دەکرد و بۆ کوشتنی سۆفی و شیعەکان کە گوایە ناسنامەی ئیسلامییان شێواندووە، چالاکییان دەکرد. لەگەڵ ئەودا ئیسلام گەڕایەوە بۆ بنەچە عەرەبییەکەی: ئایین بۆ خزمەتکردن بە خێڵ. هەرچەندە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی دواتر هەندێک بیرۆکەی ڕۆشنگەریی، پەروەردە و سیستەمی یاسایی ڕۆژئاوایی هێنایە ناو جیهانی عەرەبی، بەڵام هیچ بزووتنەوەیەکیتر زیاتر لە وەهابیزم و ئیسلامیزم زیانیان بە کۆمەڵگای ئیسلامی نەگەیاند. (دواتر زیاتر لەسەر ئەم باسە دەدوێین).

## پیاوە نەخۆشەکەی بۆسپۆرۆس "Bosporus"

ئەو فاکتەرانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان لە سەردەمی پێش مۆدێرندا بەهێز کردبوو، بۆ سەردەمی زانست کافی نەبوون. هەروەها ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەر هەمان هۆکاری ئیمپراتۆریەتی عەباسی و ئەندەلوس ڕووخا: دوورکەوتنەوە لە مەعریفەی جیهانی، ململانێ بۆ دەسەڵات، شەڕی هاوکات لە چەندین بەرەدا و لاوازبوونی ناوخۆیی کە بووە هۆی لاوازبوون لە سیاسەتی دەرەوەش. لە سەدەی هەژدەهەمدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زۆربەی ناوچەکانی لە بەربەرکانی لەگەڵ هابسبورگەکان "Habsburger" و تێزارە ڕووسیەکان لەدەستدابوو. لە خودی دەوڵەتی عوسمانی فرە نەتەوەییدا، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم بووە هۆی ژمارێك شۆڕش و سەرهەڵدان. ڕیفۆڕم، چاکسازی و کرانەوە بەرەو مۆدێرنیت دەبوو ڕێگاچارەیەکی گونجاو بێ بۆ خۆڕزگارکردن لەم دۆخە. بەڵام بە پێچەوانە جانیسارییەکان و زانایانی ئایینی بەرەیەکی بەهێزیان لە دژی هێزەکانی چاکسازی پێکهێنابوو. کاتێک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ویستی سوپایەکی مۆدێرن لەسەر بنەمای مۆدێلی ئورووپی دابمەزرێنێت، سەربازە نوخبەکان لێیان یاخی بوون. بەم شێوەیە لە لایەکەوە ئەم بەکرێگیراوانە مۆدێرنیتەیان دواخست، لەولاشەوە زانایانی ئایینی، پەیوەندیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان بە جیهانی

مۆدێرنەوە پساند. شەڕە بێکۆتاییەکانی دژی سەفەویی، ڕووس، هابسبورگەکان و دواتر دژی ئینگلیز، فەرەنسییەکان و هەروەها ڕاپەڕینی دووبارەی سربەکان و یۆنانیەکان، هێز و وزەی لە ئیمپڕاتۆرییەتەکە بڕیبوو. کەمایەتییە ئایینییەکان کە چەندین سەدە لە ئۆتۆنۆمی ئایینی بەهرەمەند بوون، ئێستا دەچەوسێنرانەوە. قیزیلباشە شیعەکان و نێستۆری "Nestori" و عەلەڤیەکان بە هاوکاری لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەتی سەفەوی شیعە تۆمەتبار دەکران. ئاشووری، ئەرمەنی و یۆنانیش هەستیان بە گوشاری دەسەڵاتی ئەو ئیمپڕاتۆریەتە دەکرد، چونکە حکوومەت ترسی لەوە هەبوو ئەم نەتەوانە هاوکاری ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیا بکەن.

لە بەرامبەردا زلهێزە گەورەکانی ئورووپا لە سەدەی نۆزدەهەمدا ترسیان لەوە هەبوو هەڵوەشاندنەوەی وردە وردەی "پیاوە نەخۆشەکەی بۆسفۆر"، وەک ڕۆژنامە ڕۆژئاواییەکان لەوکاتەدا ئەو ناوەیان لە عوسمانییەکان نابوو، لەسەر حیسابی ئەوان کاریگەریی ئیمپڕاتۆریەتی تزاری لە ناوچەکەدا بەرفراوانتر کاتەوە و دەستی بە دەریای ناوەڕاست ڕابگات. شەڕی کریمە لە ساڵی ١٨٥٣ لە نێوان ڕووسیا و ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی یەکەمین شەڕی پیشەسازی مۆدێرن بوو. ڕووسیا ئەم شەڕەی بە "شەڕی ڕۆژهەڵات" ناوبرد و بیری لەوە نەکردەوە ئەم شەڕە تەنیا لە کریمیادا سنووردار بکات. ئیمپڕاتۆریەتی تزاری خۆی وەک میراتگری شەرعی ئیمپڕاتۆریەتی بیزانس دەبینی و دەیویست

کاریگەریی پێشووی خۆی لە قودس، قوستەنتینیە، باڵکان و قەفقاز بەهێزکاتەوە.

یەکێک لە هۆکارکانی شەڕەکە ڕووداوێک بوو کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٤٧. لەو کاتەدا تزار نیکۆلاسی یەکەم "Nikolaus I" دوای ئەوەی عوسمانییەکان ئەستێرەی زیوینیان لە کلیسای بەیتولمەقەدەس هێنا خوارێ کە شوێنی لەدایکبوونی عیسا بوو، و خۆی بە پارێزەری هەموو مەسیحییەکانی خاکی پیرۆز ناساند. پاشان ناکۆکی لەسەر بەکارهێنانی کەنیسەی گۆڕی پیرۆز لە قودس دروست بوو. بە تایبەتی مەسیحییە ئۆرتۆدۆکسەکانی یۆنانی و فرانسیسکە کاتۆلیکەکان بە توندی مشتومڕیان لەسەر ئەوە دەکرد کێ ڕێگەی پێبدرێ بەرپرسایەتی دوو کلیساکە لە ئەستۆ بگرێ. ڕێک لێرەدا ململانێی ناوخۆی ئەورووپا هاتنە ئاراوە. ڕووسیا لە پشت ئۆرتۆدۆکسەکانەوە وەستابوو و فەرەنساش لە پشت کاتۆلیکەکانەوە سەنگەری گرتبوو. هەروەها لەبەر ئەوەی موسڵمانان لە قودس و زۆر شاریتری خاکی پیرۆز دەژیان، سوڵتانی عوسمانی وەک نوێنەری سیاسی ئیسلام بە هیچ شێوەیەك نەیدەویست ئەو ڕاگەیاندنەی تێزار قبوڵ بکات.

لە هەندێک ڕووەوە شەڕی کریمە پێشەکییەك بوو بۆ شەڕی جیهانی یەکەم. ڕووسیا لە بەرامبەردا قەیرانی کریمە و شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرائین بە درێژەدانێکی بەردەوامی مێژووی سەدەی نۆزدەهەم سەیر دەکات. لەو کاتەدا بۆ لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پاڵنەرەکە پەیوەندی بە ڕزگارکردنی گەلانی

ئۆرتۆدۆکسی سلاڤی باڵکانەوە هەبوو. شەڕەکانی باڵکان لە ساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٩ و ململانێی نێوان بۆسنە و سرب و کرواتەکان بەشێکی زۆری ڕەگ و ڕیشەی خۆی لەم قۆناغەدا هەیە. ململانێی سوریا، کە تێیدا ڕووسەکان لایەنگری ئێران و ئەسەدی دیکتاتۆری سوریا بوون، بەشێکی ڕۆژئاواش پشتیوانی گروپە ئیسلامییەکان و تورکیایان دەکرد، ئەم ململانێیە نەک هەر وەک درێژەپێدەری ململانێی مێژوویی سوننە و شیعە، بەڵکوو دەکرێ وەک درێژەپێدەری شەڕەکانی ڕووسیا-تورکیا و ڕووسیا-ئورووپای سەدەی ١٨ و ١٩ سەیر بکرێت.

## هاوپەیمانیی هەڵەی ئورووپا

پەیوەندیی پشێوی زلهێزەکانی ئورووپا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی کاریگەریی لەسەر وڵاتانی دیکەی موسڵمانیش دانا. نموونەی ئەمەش هەڵوێستیان بەرامبەر بە حاکمی میسر محمد عەلی پاشا لە سەدەی نۆزدەهەمدا بوو. محمد عەلی پاشا شەڕی وەهابییە بناژۆخوازەکانی کرد، مەککە و جددەی داگیرکرد و ڕێگریی لە فناتیکەکان کرد ئایدۆلۆژیای خۆیان لە جیهانی عەرەبیدا بڵاوبکەنەوە. کاتێ ویستی خۆی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیاکاتەوە، میسر، سوریا و سودانی بەرەو سەربەخۆیی هان دا. خۆی بەرەو ئەوروپا ئاڕاستە کرد و ویستی وڵاتی میسر بەپێی مۆدێلی ئورووپی مۆدێرن بکات. بەڵام وڵاتانی ئینگلتەرا و نەمسا و پرۆس هاوپەیمان، دژی ئەو و لایەنگریی سوڵتانی عوسمانی بوون و پەیماننامەی لەندەنی ساڵی ١٨٤٠یان پەسەند کرد کە بە پێی ئەو پەیمانە پاشای میسر ناچار دەکرا سوریا، عەرەبستان و کرێتا "Kreta" بگەڕێنێتەوە بۆژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. کاتێک بڕیاری عەلی پاشا ماوەیەکی خایاند، هاوپەیمانان هەڵوێستیان گرت دژی سوپای محمد عەلی پاشا بکەونە شەڕ، چونکە دەیانویست ڕێگریی لە سەرهەڵدانی زلهێزێکی گەورەی نوێ لە ناوچەکەدا بکەن. لە ئەنجامدا سەربازانی میسر ناچار

کران مەککە و جددە بەجێبهێڵن و ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی دوبارەی وەهابیەکان.

لەژێر ناوی بەرژەوەندیی سیاسی کورتخایەن، ئوروووپییەکان دژی هێزە مۆدێرنخوازەکان خۆیان هاوپەیمانی ئیسلامی ڕادیکاڵ کرد. نەخشێک کە دواتر بە درێژایی مێژوو خۆی بەردەوام دووپات کردەوە. ڕەنگە هاوپەیمانییەکی ئەگەری ئوروووپییەکان لەگەڵ میسر لە سەدەی نۆزدەهەمدا بیتوانیبا ببێتە هۆی پەرەسەندنێکی گەلێك جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە وڵاتی سەر ڕووباری نیل یەکەم وڵات بوو لە ناوچەکەدا کە خۆی بەرەو ئەوروپا ئاڕاستە کرد و دەیهەویست دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتە هاوردەی ناوچە ئیسلامییەکان بکات و هەڵوێستێکی ڕوونی دژی وەهابیزمە زێدەڕۆکان هەبوو. بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو کە هەم میسر و هەم ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە پێی کات لاوازتر بوون و بەو هۆیەوە بارگرانتریش بوون. میسر لە ساڵی ١٨٨٢ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرکرا و دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەمیش چارەنووسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێشوو مۆرکرا و خاکەکانی لە نێوان ئینگلیز و فەرەنسادا دابەشکرا.

ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دوا خەلافەت، قەیرانی ناسنامەیی لە جیهانی ئیسلامیدا هەڵگیرساند. ڕێک لەبەر ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە وەک ئەوانیتر لەلایەن موسڵمانانەوە دەستی بەسەردا نەگیرا، بەڵکوو لەنێو ئوروووپییە مەسیحیەکاندا دابەشکرا، زۆرێک لە موسڵمانان هەستێکی تووڕەییان تێدا

پەروەردە ببوو. هەروەک چلۆن ئاڵمانییەکان دوای شکستی شەڕی جیهانی یەکەم و کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتەکەیان هاندەری سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی سۆسیال ناسیۆنالیزم بوون، کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دابەشکردنی خاکەکیان ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم خۆشکرد. هەر وەک لە بابەتەکانی پێشوودا جەختم لەسەر کردۆتەوە: بە تایبەت لە کاتی شکستی سەربازی یان کولتووریدا، هێزی زێدەڕۆی ئیسلامی و ئایدۆلۆژیای جیهاد هەمیشە بەسەر عەقڵانییەتدا سەرکەوتووە. زۆربەی موسڵمانان لە جیاتی ئەوەی هەڵەکانی خۆیان ڕاست کەنەوە بە ئاماژەدان و قامکڕاکێشان بۆ ڕۆژئاوا و تاوانبارکردنیان، وەڵامی پرسیاری هەرەسهێنانی کۆمەڵگای ئیسلامی خۆیان دەدەنەوە. هەر ئەم هەڵسوکەوتە خۆی هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئینتیگراسیۆن یاخود خۆگونجاندنی مرۆڤی بەڕەچەڵەک عەرەب و تورک لە ئاڵمانیا و بە گشتی ئورووپا گەلێك ئاستەمتر بێت لە چاو نەتەوەکانیتر، چونکە تا ئێستاش وا ڕادەهێندرێن کە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەرئەنجامی پیلانێکی ئورووپی بووە و ئەم پیلانگێڕانە لەمڕۆشدا بۆ لاوازکردنی تورکیا و جیهانی عەرەبی لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە بەردەوامن. بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتە هەرەسهێنراوەکانی پێشوو دیوارێکی گەورە لە نێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی هەروەها ئێستاش لە نێوان ئەوروپا و ڕووسیادا دروست دەکەن. سێ ئیمپراتۆریەت و بیرۆکەکانیان – خەلافەتی ئیسلامی، ئیمپراتۆریەتی بیزانس و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی پیرۆز - کە نەهامەتی و شەڕێکی

زۆریان بۆ مرۆڤی جیهان بەدیاری هێنا، ئێستا دیسان لەلایەن زۆرێک لە موسڵمان، ڕووس و ئەوروپییەکانەوە وەک قەڵغان دژی مۆدێرنیتە و وەک کەرەسەیەکی گەلێك ترسناك بۆ نارەزایی و ململانێی زیاتر بەکاردەهێنرێن. وڵاتە دۆڕاوەکان بەهۆی خۆدوورخستەوەیان لە مۆدێرنیتە و گلۆبالبوونی کۆمەڵگاکان لەلایەن جیهانەوە هەست بە نادادپەروەری دەکەن، بە زێدەڕەویکردن و بەرزکردنەوەی دۆخی ڕابردووی بریندار و قاچ و دەست شکاو، لە خەونێکی سەیروسەمەرەدا گیریان خواردووە.

پێویستە ئورووپا لە خەونی ناخۆشی دۆڕانی قوستەنتینیەوە تا گەمارۆدانی ڤیەن فێربێت کە هاوپەیمانی لەگەڵ مرۆڤی زێدەڕۆ و دیکتاتۆر کە سووکایەتی بە ئورووپا و بەها ئینسانییەکانی دەکەن، نەکەن. دیارە لەوانەیە دەستکەوتی کورتخایەنیان بۆ دەستەبەر بکات، بەڵام لە درێژخایەندا سەقامگیریی ئورووپا و ئاسایشی مرۆڤ دەخەنە مەترسییەوە و ئاگری ململانێی و کێشەکان زیاتر خۆش دەکەن. جارێکیتر پێویستمان بە ستراتیژی دووانەی کارلی مەزن هەیە: دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەی ئاشتیخوازن و توندوتیژیی بەرامبەر ئەوانەی هەوڵی تێکدانی کۆمەڵگای ئورووپایی دەدەن. گەلێك موسڵمانی بیرمەندی دیموکراسیخواز لە ئەوروپا دەژین و هەن کە بە دڵنیاییەوە مرۆڤ دەبێ هاوکاریان بکات. (بە تایبەتی لە ئێستادا، هەروەها ئەو ڕووسانەی مرۆڤی بە ڕەچەڵەک ڕووسین و "تزار ڤلادیمێر"ی نوێ ڕەتدەکەنەوە) هاوکاتیش کەسانێک لێرە دەژین کە دەیانەوێت ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یان تزاری کۆن زیندوو کەنەوە. ئەوان دڵخۆشیی بە

ئەردۆغان و پوتین دەدەن و وەک درێژکراوەی دەستی ئەم دەسەڵاتدارانە و وەک ئامرازێک بۆ گوشارخستنە سەر ڕۆژئاوا بەکاری دێنن. پێویستە بەپەلە ڕێگرییان لێبکەین کە لەژێر مافی فرەچەشنی و لێبوردەییدا وێرانکاریی لە کۆمەڵگاکەماندا دروست نەکەن و کۆمەڵگای دیموکراسیمان لێ تێک نەدەن!

## بەشی دە

### لە پاریسەوە بۆ ئەسکەندەرییە: کۆلۆنیالیزم و کاریگەرییەکانی لەسەر جیهانی ئیسلام

لە فیلمی ئەفسانەیی ژیانی بریان"Life of Brian"دا، سەرۆکی بەرەی جەماوەریی جولەکە، کە گروپێکی بەرخۆدانی جوولەکەکانە، گلەیی لە داگیرکەرانی ڕۆمی دەکات و دەڵێت: ئەوان خوێنی ئێمەیان ڕژاند، ئەو بەرازانە. هەموو ئەو شتانەی هەمانبوو بە تاڵان بردیان. نەک هەر لە ئێمە، بەڵکوو لە باوك و باپیرانیشمان. لە بەرامبەردا پرسیار ئەوەیە: "چییان پێشکەش کردین؟" یەکێک لە گروپەکە دەڵێت "کەرەسەی ئاو". یەکێکی تر دەڵێت: "دامەزراوە ئاسایشییەکان". ئەویتریان دەڵێ: "شەقامە ڕازاوەکان". یەکیکەش هاوار دەکا: "چاوەدێریی تەندورستی". یەکیتر دەڵێ: "سیستەمی ڕاهێنان لە قوتابخانە". کەسەکیتر دەڵێ:"شەڕاب"، بەڵێ شەڕاب... ئەوە شتێکە کە بە دڵنیاییەوە بیری دەکەین، کاتێک ئیتر ڕۆمییەکان لێرە بڕۆن. جارێکیتر ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی سەرکردەکەیان دەکەم: بەڵێ، باشە، بەڵام جگە لە پاکوخاوێنی، دەرمان، پەروەردە، شەراب، ڕێکوپێکی گشتی، ئاودێری، ڕێگاوبان، چارەسەری کێشەی ئاو و بیمەی تەندروستی گشتگیر، ئایا ڕۆمییەکان هەرگیز کارێکیتریان

بۆ ئێمەکردووە؟ مرۆڤێك دەڵێ: ئاشتیان بۆ هێناین. ئاشتی؟ سەرکردەکە بە تووڕەییەوە وەڵامی مرۆڤەکە دەداتەوە: "دەمت ببەستە!."

مرۆڤ ناتوانێت ئینکاری ئەوە بکات کە کۆلۆنیالیزم لایەنی ئەرێنیشی نەبووبێ. ڕۆمییەکان شارستانیەتیان هێنایە ئاڵمانیا، عەرەبەکان هونەرێکی نوێی تەلارسازی و بیرکاری و فەلسەفەی یۆنانییان هێنایە ئورووپا و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ئورووپا چەندین دەستکەوتی مۆدێرنیان بۆ جیهانی ئیسلامی بەدیاری هێنا، لە دروستکردنی ڕێگاوبان و شەمەندەفەرەوە تا دەگاتە بواری پزیشکی و تەکنەلۆژیای مۆدێرن، داهێنانەکانی وەک کارەبا تا سیستەمی ڕاهێنان بۆ قوتابخانە. ئەگەر بازدانی ڕۆمییەکان لە گەشەکردندا ڕووی نەدابا، ئەمڕۆ دۆخی ئاڵمانیا چلۆن دەبوو؟ بارودۆخی ئورووپا بەبێ کاریگەری عەرەب لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چلۆن دەبوو؟ ئایا دەوڵەتانی ئەفریقایی ئەمڕۆ دیموکراسیتر و ئاوەدانتر و ئاشتیخوازانەتر دەبوون ئەگەر کۆلۆنیالیزم نەبووایە؟

هاوکات مرۆڤ دەبێ چارەسەری ئەو زیانە درێژخایەنەش بکات کە کۆلۆنیالیزم لە هەموو جیهاندا پێکیهێناوە؛ کەمترین شت تێگەیشتن لە بۆشایی نێوان ڕۆژئاوا و زۆربەی ئەو ناوچانەی جیهانە کە کۆلۆنیالیزمیان ئەزموون کردووە. لێرەدا کێشەی تێکنیک نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە برینداركردن، بچووککردنەوە و زەلیلکردنەوە هەیە. باس لە یادەوەرییەکی بەکۆمەڵ و شانازی

نەتەوەیی دەکات، کە هەردووکیان بەهۆی کۆلۆنیالیزم و شەڕی دژ بە کۆلۆنیالیزمەوە پێکهاتوون.

کاتێک باس لە کۆلۆنیالیزم دەکرێت پرسیاری چارەنووسساز تەنیا ئەوە نییە کە سەروەرە کۆلۆنیالیزمەکان چییان بەسەر گەلانی ژێردەستی خۆیاندا هێناوە، بەڵکوو پرسیار ئەوەیە خۆیان چییان لەم ئەزموونە بەدەستهێناوە و چ دەرەنجامێکیان لێ وەرگرتووە. لە کاتی لەشکرکێشی ژاپۆنییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، تایوان وێران کرابوو، بە هەزاران ژن دەستدرێژی کرابووە سەریان و مرۆڤێکی بێشوماریش کووژرابوون. هاوکاتێش داگیرکەران خۆیان بە دامەزراندنی سیستەمێکی کارگێڕی کارا و داهێنانەکانیان لە بواری کشتوکاڵ و تەندروستی و سیستەمی پەروەردە خەریك کردبوو. نموونەیەکیان زانکۆی قەیسەری تایهۆکۆ "Taihoku" بوو کە لە ساڵی ١٩٢٨ دامەزراوە. دوای ڕۆیشتنی ژاپۆنییەکان، تایوانییەکان دەیانتوانی وەک نیشانەیەکی ڕەمزیی ئەم زانکۆیە بتەقێننەوە یان دایبخەن. بەڵام بە پێچەوانەوە بڕیاریاندا نەک هەر ئەم زانکۆیە و چەندین دامەزراوەی دیکە کە پەیوەست بوون بەو داگیرکارییەوە بپارێزن، بەڵکوو زیاتر پەرەیان پێبدەن. بەش بەشی وڵاتەکەیان ئاوەدان کردەوە. پەروەردە وەك بڕبڕەی پشتی ئەم پرۆسەیەی لێهات، زانکۆی دروستکراوی ژاپۆنییەکان و نووسینە وەرگێڕدراوە ژاپۆنییەکان بوون بە جەوهەری سەرەکی ڕاهێنان. لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە زانکۆی نیشتمانی هەر وەك ئێستا ناوی لێنراوە، پلەی یەکەمی لە ڕیزبەندی زانکۆ نوخبەییەکانی جیهاندا

وەرگرتووە و وەپێش گەورەترین زانکۆکانی ژاپۆن کەوتۆتەوە. هەروەها دەکرا لە بوارەکانی دیکەشدا پێش سەروەرە ستەمکارەکەی پێشووی بکەوێت. ئەمڕۆ ژاپۆن و تایوان زۆر لە نزیکەوە هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووی کولتوورییەوە هاوکاریی یەکتر دەکەن، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هۆشیاری مێژوویی پراگماتیکی تایوانییەکان.

لە بەرامبەردا جیهانی موسڵمانان نەک هەر هێزە زێدەڕۆکان بەڵکوو تەنانەت ڕۆشنبیرانیش ئەو ئاگۆمێنتە بەکاردەهێنن کە بەهۆی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپییەوە گەشەسەندنی خۆیان لێتێکدراوە و پاشەکشەیان پێکراوە و وەک گرنگترین هۆکاری دواکەوتووی جیهانی ئیسلامی سەیر دەکەن: زلهێزە کانی ڕۆژئاوا وڵاتە کۆلۆنیکراوەکانیان تاڵان کردووە و لە دۆخێکی نەهامەتیدا بەجێیان هێشتوون، ئەمەش وایکردووە پەیوەندییان لەگەڵ جیهان نەمێنێت و ڕێگری لە پێشکەوتن و چاکسازیان بکرێت. ئەمە بۆچوونێکی تا ڕادەیەک یەکلایەنەیە بۆ ڕووداوەکان. ئەوەی جیهانی ئیسلامی وەک تایوان بە شێوەی ئەرێنی دەستی بە گۆڕینی ڕێگای مێژوو نەکردووە، بەڵکوو لە تۆمەت و نارەزایی خۆیدا نوقم بووە، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر پێشتر لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم. هەر وەك گێڕاوەی ئەشکەوتی ئەفلاتون، بەشی ئیسلامی بۆ چەندین سەدە خۆی لە باقی جیهان دابڕاند و چاوی لە سێبەری خۆی بوو، بەبێ ئەوەی مانا و پێویستیی پەروەردەیی-فەلسەفییەکەی لە پەیوەندیی لەگەڵ پرۆسەی ڕزگاریخوازیدا بناسێ و دان بە مانا و گرنگی ڕێبازەکەی بدات. دیارە ئایین دەیزانی

چۆن ڕێگریی لەوە بکات. مرۆڤ تەنیا لە ئاوێنەی خۆیەوە جیهانی سەیر دەکرد، تا "ئەوانی دیکە" هاتن و بە زۆر دەرکەی داخراوی ئەشکەوتەکەیان بۆ کردنەوە. کاتێک بەلەمەکانی ناپلیۆن لە ساڵی ١٧٩٨ لە ئەسکەندەریە لەنگەریان گرت، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ناهاوسەنگ لە نێوان زلهێزێکی ئورووپی لە ڕووی تێکنیکییەوە باڵادەست و کولتوورێکی عەرەبی وەستاو و بەشێکی دواکەوتوو، ڕوویدا. ناوچەکە لەو سەردەمەدا لەلایەن بەکرێگیراوانی مەملوکەکانەوە بەڕێوەدەبرا و ئاینی ئیسلام بە تەواویی تێکەڵ بە خورافات و ئەفسانەی فۆلکلۆر ببوو. بەڵام هێشتا موسڵمانان پێیان وابوو کە ئەوان باشترین و کامیلترین مرۆڤن کە مرۆڤایەتی تا ئەمڕۆ بەخۆیەوە بینیویە، هەر وەک لە قورئاندا نووسراوە.

ئەرکی سەرەکی دامەزراوەی ئاینی ئەلئەزهەر لەسەر ئەوە ساغ ببۆوە کە لەبەرکردنی قورئان کارێکی گەلێك پێویستە و پێشکەشکردنی بۆچوونی ئاینی لەسەر کاروباری ڕۆژانە و پێدانی شەرعیەتێکی دیاریکراو بە حوکمڕانیی سەرکردەکانی شەڕ گرنگن. هەرچەندە قوتابخانەیەک لەناو مزگەوتەکەدا دامەزرابوو، بەڵام زۆرینەی میسرییەکان نە دەیانتوانی بخوێننەوە و نە بنووسن. دوای هاتنی "ئەوانی دیکە" دۆخێك پێکهات کە موسڵمانان ئاگاداری لاوازی و دواکەوتوویی خۆیان بن. کۆلۆنیالیزم برینێکی وا قووڵی لە دڵیاندا دروستکرد کە تا ئەمڕۆش بەردەوام خوێنی لێدێ. دەرکەوتنی فەرەنسییەکان دەیتوانی ماچێك بێ کە جوانی خەوتووی موسڵمان لە خەو هەڵسێنێت، یاخود دەکرا شەقێك بێت لە قوونیان، ئەگەر هاتنی "ئەوانی دیکە" وەک دەسپێکی

سەردەمێکی نوێ سەیر بکرایە. بەڵام لەبری ئەوە لێفەی ئیمانی خۆیان بەسەر سەریاندا ڕاکێشا.

جیۆلۆژیست، مێژوونووس و زمانناسانی فەرەنسی یەکەم کتێبیان لەسەر میسر نووسی و هیرۆگلیفە کۆنەکانیان شیکردەوە، بەم کارەش میسرییەکان دەستیان بە مێژووی ونبووی خۆیان ڕاگەییشت. لە ڕێگەی فەرەنسییەکانەوە موسڵمانانی میسر فێری سیستەمی یاسایی مۆدێرن کران. بێگومان ناپلیۆن کەسێك نەبوو بەرژەوەندیی خۆی لەبەرچاو نەبێ. دیارە داگیرکردنی میسر لە ئەنجامی ململانێکانی نێوان ئورووپا لەگەڵ بریتانیا بەڕێوەچوو، کاتێك دەیانویست ڕێگاکەیان بۆ هیندوستان لێتێکبدەن. هەروەها کۆلۆنیکردنی دواتری ئەلجەزاهیر، مەغریب و تونس لەلایەن فەرەنسییەکانەوە بە پلەی یەکەم لە خزمەت بە کۆنترۆڵکردنی دەریای ناوەڕاستدا بوو. بێگومان ڕۆشنگەریی و دیموکراسی نەبووە هۆی ئەوەی فەرمانڕەوا کۆلۆنیالیزمەکان بە شێوەیەکی ئینسانانە هەڵسوکەوت لەگەڵ بندەستە نوێیەکانیاندا بکەن. مرۆڤی شوێنە کۆلۆنیالیزەکراوەکان بۆ ئەوەی پاساو بۆ چەوسانەوە و هەڵاواردنەکانیان بهێننەوە وەک مرۆڤی نەزان و بەربەر سەیر دەکران. دیارە ڕەتکردنەوە و بەرخۆدان دەرئەنجامی لۆژیکی ئەو کارە بوو.

بەڵام ناپلیۆن دەیزانی چلۆن دڵی میسرییەکان بەدەست بهێنێت: لە ڕێگای ئایینەکەیانەوە. نامەیەکی بۆ میسرییەکان نووسی کە تێیدا ڕێزی لە ئیسلام و شەریعەت گرتووە و چەند

ئایەتێکی لە قورئان هێناوەتەوە. ناپلیۆن یەکەم کەس بوو باسی "نەتەوەی میسری" دەکرد و بەم شێوەیە بیرۆکەی دەوڵەت-نەتەوەیی هێنایە ڕۆژهەڵات. هەردوو وڵاتانی فەرەنسی و ئینگلیز پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ زانایانی ئایینی، نوخبەی میسر و باکووری ئەفریقا، هیندوستان و ئەفریقا پاراست. لە هەندێک حاڵەتدا ئەم نوخبەانە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە و بەرچاویان لە چەوسانەوەی دانیشتوانی خۆیاندا هەبووە.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی فەرەنسییەکان لە ساڵی ١٨٠١ میسریان بەجێهێشت، مرۆڤی میسری خۆیان بۆ یەکەمجار باسیان لە "نەتەوەیەکی میسری" کرد. دوای چوار ساڵ حاکمی نوێی عوسمانی نکۆڵیان لە وڵاتی سەربەخۆی میسر کرد و پارێزگاری خۆیان واتە محمد عەلی پاشایان بۆ هەڵبژارد. هەستی خۆناسین بەبێ بەرکەوتنی میسریی لەگەڵ فەرەنسییەکان بیری لێنەدەکرایەوە. پیاوە تازە هەڵبژێردراوەکە ویستی میسر لەڕوی مۆدێلی فەرەنسی مۆدێرن بکات و نوخبەکانی نارد بۆ پاریس بۆ خوێندنی زمانی فەرەنسی، کشتوکاڵ، پزیشکی و ئەندازیاری میکانیکی. ئەمەش بەبێ هەڵمەتەکەی ناپلیۆن بیری لێنەدەکرایەوە.

لە شوێنەکانیتر ڕۆحی بەرخۆدان بەهێزتر بوو لە ڕۆحی خۆبەدەستەوەدانی کولتووریی. لە باکووری ئەفریقا و سودان کۆلۆنیالیزم ڕۆحی جیهادی زیندوو کردەوە. بزووتنەوەی سۆفییەکانی سێنوسی "Senussi " و مەهدی "Mahdi" شەڕ دژی

ئینگلیز و فەرەنسییان ڕێکخست. بەڵام نەک هەر جیهاد، بەڵکوو ناسیۆنالیزمیش لە کۆلۆنیالیزمەوە سەریهەڵدا. پەروەردەی نەتەوەیی ناوچەکە بەسەر شەڕ دژی ڕۆژئاوا لە لایەک و خۆ ئاراستەکردن لە لایەکیترەوە دابەش کرا. میسری، سووری، لوبنانی، مەغریبی، تورک و هیندی کە لە بەریتانیا و فەرەنسا خوێندبوویان، بە بیرۆکەی دەوڵەت - نەتەوەیی گەڕانەوە بۆ ناوچەیەک کە چەندین سەدە بوو بەشێوەی خێڵەکی و فرە نەتەوەیی ژیانیان کردبوو. پاشان شەڕی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕووخا. ئینجا کارتەکان لەسەراوە تێکەڵ کرانەوە و ئیسلامیزم پەرەی ساند.

بەریەککەوتن لەگەڵ کۆلۆنیالیزم وایکرد شەکیب ئەرسلان "Schakib Arslan" دیپلۆماتکاری لوبنانی لە ساڵی ١٩٣٧دا کتێبێک بنووسێت بە ناوی "بۆچی موسڵمانان دواکەوتوون؟" وەڵامێکی ڕاستگۆیانە بۆ ئەم پرسیارە لە ڕاستیدا دەکرا سەرەتای ڕۆشنگەرییەکی ئیسلامی بێت. بەڵام وەڵامەکەی نووسەر نەک هەر وەڵامێکی هەڵە، بەڵکوو وەڵامێکی گەلێك مەترسیدار بوو. نووسەر دەڵێ: "جیهانی ئیسلامی دواکەوتووە، چونکە لەبری ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی پێشووی خۆی، هەوڵیداوە لاسایی ڕۆژئاوا بکاتەوە. موسڵمانان خۆیان لاواز کردووە، چونکە یەکگرتوو نەبوون و ڕۆحی جیهادیان لەبیر کردووە." ئەو هۆکارانەی هێزە زێدەڕۆکان لە دوای ئیبن تەیمیە و ئەلغەزالیەوە دووبارە و سێبارە ئاماژەیان پێکردووە.

لێرەدا نموونەیەکی پارادیگماتیکی نەبوونی ڕەخنەگرتن لە خۆ و پاڵنەری خۆدزینەوە لە پشت ڕابردوویەکی شکۆمەندەوە دەبینرێ بۆ ئەوەی ناچار نەکرێن سەیری داهاتوویان بکەن. هەڵسوکەوت لەگەڵ هۆکارە ڕاستەقینەکانی دابەزین، هەروەها لەگەڵ ئەو هێزانەی ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنیان خاوکردبووەوە یان ڕێگرییان لێکردبوو، دواکەوتبوو. بەڵام ڕێک ئەم ڕۆشنگەرییە ڕەخنەگرانەیە بوو کە نەیتوانی بەدی بهێنێت. لە ئەنجامدا بە دەرمانی هەڵە بەرەنگاری نیشانەکانی کۆمەڵگای نەخۆشی ئیسلامیی بوونەوە: ئایینی زۆرتر، شکۆمەندکردنی زۆرتری ڕابردوو، قووڵکردنی زۆرتری برینەکان و تەنانەت جیابوونەوە و دابڕانی زۆرتر لە ڕۆژئاوا. هەڵوێستێک کە تا ئێستاش سیاسەتی شوناس و پەروەردە لە زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان بۆ مرۆڤی موسوڵمان دیاری دەکات. بەڵام ئەم چەرخە بەردەوام دەگەڕێتەوە دواوە، دووبارە و سێبارە، دووبارەکردنەوەی هەمان ڕەوت، جیهانی ئیسلامی نەك هەر خۆی لە دواکەوتوویی ڕزگار نەکرد، بەڵکوو زیاتر لە شوێنی خۆیدا چەقی. هیچ شتێکیش ناتوانێ دۆخەکە بگۆڕێت تا ئەو کاتەی لەبری قامك ڕاکێشان بۆ سەر ڕۆژئاوای شەیتانیی، دەست بکەین بە گەڕان بەدوای بەرپرسیارێتی لەناو دڵی خۆمان و هەستکردن بە هەڵەکانمان.

لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا بەشێکی زۆری کۆمەڵگا موسڵمانەکان پرۆسەیەکی بە ئیسلامیکردنی هەموو بوارەکانی ژیانیان ئەزموون کردووە، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە شتێکی هاوتای نەبینراوەیە. ئیسلامیستە زێدەڕۆکان ئەم پرۆسە یاخود ڕەوتە بە "sahwa islamiyya"، یان "لەخەوهەستانی ئیسلامی" ناودەبەن. سەلەفیەکان و ئیخوان ئەلموسلیمین لە گرتنەوەی پۆستی گرنگ لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و میدیاکاندا گەلێك سەرکەوتوو بوون. ڕووپۆش و جلوبەرگی داپۆشراوی ئیسلامی کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە زانکۆکاندا شتێکی دەگمەن بوو، تا دێت زاڵ و باوتر دەبێت. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی هێزە کۆنەپەرستەکان هیوایان بۆ دەخواست، ئەم سەرلەنوێ سەیرکردنەوەیە بە هیچ شێوەیەک نەبووە هۆی سەرهەڵدانەوە. بە پێچەوانە: جەختکردنەوەی زێدەڕۆ لەسەر ئایین کۆمەڵگاکانی دابەشکرد و شەڕی ناوخۆی لە ئەلجەزایر، سوریا، لوبنان، عێراق، یەمەن و ئەفغانستانی لێکەوتەوە. هەروەها ئایین ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە جیاکردنەوەی هیندوستان و پاکستان و ئاگری ململانێکان تا ئەمڕۆش گەشتر دەبنەوە. گرنگیدان بە ئایین وەک دوا ڕێگا لە کاتی پێویست بزووتنەوە تیرۆریستییەکانی بەهێزتر کرد کە ئاسایشی وڵاتانی ئیسلامی و سەقامگیری ئابوورییانی خستۆتە

مەترسییەکی گەورەوە. تەنانەت دوای بەهاری عەرەبی کە بۆ زۆر کەس تیشکی هیوای گۆڕانکاریی و ڕیفۆرم و چاکسازیی بوو، لە زۆر شوێن ئیسلامیستەکان حکوومەتی دیکتاتۆری دەسەڵاتیان گرتە دەست. لە شوێنەکانی دیکەدا جارێکی دیکە ململانێ کۆنەکان هەڵگیرسانەوە و شەڕی ناوخۆی نوێیان لێکەوتەوە و دابەزین و هەرەسهێنانی دۆخی ئابووریی خێراتر بووەوە. بەڵام تەنانەت تا ئێستاش خەڵک چاوەکانیان لەم پەیوەندییانەدا دەقووچێنن. تاوانباریی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا تا ئێستاش لەلایەن زۆرێک لە موسڵمانە ئەکادیمییەکانەوە وەک ئامرازێک بۆ گوشار و هەرەسهێنان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بەکاردەهێنن.

سەرەڕای ئەوەش، بنەڕەتی بزووتنەوەی بەهاری عەرەبی بەو مانایە بووە کە ئێستا لە جیهانی عەرەبیدا لە هەموو کاتێک زیاتر خەڵکی عیلمانی لە کۆمەڵەکاندا بەشدارن. ئیتر نایانەوێت ڕۆژئاوا بە بەرپرسیاری هەموو نەهامەتیەکانی وڵاتەکانیان دانێن و تەنانەت تێڕوانینێکی گەلێك جیاواز لە پێشوویان لەسەر کۆلۆنیالیزم هەیە. ڕۆشنبیرێکی تونسی پێی وتم: "ئەگەر فەڕەنسا نەبوایە هەرگیز لەوە تێنەدەگەییم عیلمانیەت، دادپەروەری مۆدێرن، پەروەردەی مۆدێرن و یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا مانای چییە." کاتێک ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لە مانگی ئابی ٢٠٢٠ دوای تەقینەوە وێرانکەرەکەی بەندەری بەیروت سەردانی لوبنانی کرد، خەڵک لە شەقامەکاندا بە دەنگی بەرز داوای

هاوکارییان لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالی پێشوویان دەکرد بۆ ئەوەی ڕژێمە گەندەڵەکەی خۆیان لە پۆستەکەی بسڕێتەوە.

ئەم دەنگانە بە ڕادەی دەنگی ڕەخنەگەران گرنگن. هاوڕێیەکی ئەلجەزاهیریم کە لە فەرەنسا دەژی، لەسەر ئەم بۆچوونەیە: "ڕەنگە فەرەنسییەکان لە ڕووی تیۆریەوە نیشانیان داوین ژیانێکی باش و مافی مرۆڤ چییە، بەڵام لە کردەوەدا تەنیا پێچەوانەی ئەویان نیشان داوین. هەرگیز ڕۆشنگەریی لەسەر پشتی تانک و تفەنگ هەڵناگیرێت هەروەها ئەو مۆدێرنیزاسیۆنەی لە ڕێگەی خوێنڕشتنەوە دێتە ئاراوە، دەستدرێژی کولتوورییە." هاوڕێیەکی دیکەی سەردەمی خوێندنم لە ئاڵمانیا بە هەمان شێوە سەیری دەکات: " ئەگەر مامۆستا خۆی نمونەیەک نەبێت بۆ قوتابیەکەی، هەرچی فێری بکات، بێمانایە."

ئەم دووفاقییە بۆ هەڵسەنگاندنی کۆلۆنیالیزم هەنگاوێکی گرنگە، چونکە ڕوانگە لە بیرکردنەوەی یەکلایەنەی ڕەش و سپی ڕزگار دەکات و ڕەنگاوڕەنگیی گەلێك گرنگی بۆ خۆبەهێزکردن پێدەبەخشێ. بەردەوامبوون لە هەڵوێستی قوربانی و لۆمەکردن و ئایین وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێک بڕبەست و لەمپەرێکە لەهەنبەر ئەم بۆچوونە. لەوەش زیاتر: من دەوێرم ئەو تێزە زێدەڕۆیە بخەمەڕوو کە لە ئێستادا فۆرمێکی نوێی کۆلۆنیالیزم لەسەر خاکی ئوورووپا ئەزموون دەکەین. هاوپەیمانییەکی نێوان چەپی خۆبەتاوانباردانەر و کۆچبەر و مرۆڤی بیانی، هەست دەکەن بانگەوازیان بۆ زاڵبوون بەسەر گوتاری

کۆمەڵایەتیدا بۆ دەکرێت و دەبنە وتەبێژی موسڵمانە ستەملێکراوەکانی وڵاتەکە. هاوپەیمانیی دژە ڕەگەزپەرستی داوای هەڵسەنگاندنەوەیەکی نوێ بۆ کۆلۆنیالیزم دەکات و مەبەستی دابەشکردنی ئاسەوارەکانی زمان، دیمەنی شەقامەکان، و ڕووخاندنی شوێنەوارەکانیەتی. دیارە بەم کارە ناتوانرێت هەڵەکانی پێ ڕاست بکرێتەوە یان دەستی خوێناویی پێ بشۆردرێتەوە. مرۆڤ تەنیا دەتوانێت بە پۆلێنکردن و بە کۆنتێکستکردنی مێژوو هەوڵی گۆڕینی هۆشیاری خۆی لێرە و ئێستا بدات. هەروەها مرۆڤ ئەوکات دەتوانیت هەڵوێستەکەی بگۆڕیت کە لە ئاستێکی هاوتا و دادپەروەردا باس و گفتوگۆی شتەکان بکات نەک لە دۆخێکی ناهاوسەنگدا. بەڵام ئەوەش ڕێک بە مانای بەهێزکردنی کەسێکە بۆ ئەوەی داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی بکات، نەك گوتارەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان بۆ بەجێهێنانی سوودی کەسیی بەرتەسک و لەبار بکاتەوە. بە واتایەکیتر، بەرپرسیارپێدان یان بەهێزکردنی کەسێک بۆ داکۆکیکردن لە پرسەکانی خۆی، نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کەسەکە بە ئارەزووی خۆی گوتار کۆنترۆڵ بکات یان سنوورداری بکات.

سەرەڕای ئەوەش جێگای دەستخۆشییە کە بەهێزترین و بنەمادارترین ڕەخنەی کۆلۆنیالیزم لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاواوە سەرچاوە دەگرێت کە نایانەوێت ئەم نادادپەروەرییەی مێژوو دووبارە ببێتەوە. ئەگەر ڕۆشنبیرانی موسڵمان ئەمە وەک نمونەیەک وەربگرن و ڕەخنەگەرانە لە مێژووی خۆیان بکۆڵنەوە، زۆر شت بەدەست دەهێنرێت. پشکنینی هاوبەشی مێژووی

کۆلۆنیالیزم گەلێك گرنگە. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کۆنسێپتێك لە دەرەوەی گوتاری "تاوانباری"، "قوربانیبوون" و "هێماسازیی بۆ کاریگەریی ڕێوشوێنێک یان پرۆسەیەک خستنە سەر خۆ" پەرەپێبدەین. تۆمەتبارکردنی یەکتر بۆ دابڕان لە ڕابردوو یان فێربوون لە مێژوو هیچکات یارمەتیدەرمان نابێ.

## بەشی یازدە

### لە "Ismailia"وە بۆ مونیخ: لە دایکبوونی ئیسلامیزم

زۆرێک لە شارەزایانی ئیسلامی، ئیسلامیزم بە دیاردەیەکی مۆدێرن دادەنێن و ئایدۆلۆژیاکەی وەک دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی کۆلۆنیالیزم سەیر دەکەن. ئیسلامیزم لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ بەردی بناغەی پێشووی خۆی (جیهاد، شەریعەت، هەستی باڵادەستی، دابەشبوونی جیهان بەسەر باوەڕدار و بێباوەڕ، تێکەڵکردنی دین و دەوڵەت) واتە ئەو هەڵسوکەوتانەی لە سەردەمی لەدایکبوونیەوە لە ئایینی ئیسلامدا لەنگەریان گرتووە. هەرکات ئەم بەردی بناغانە لەرزۆک بووبن، جا لەسەر هۆکاری ناوەوە بووبێت یان دەرەوە، بزووتنەوەیەکی دژە ئیسلامی سەریهەڵداوە کە ویستوویە موسڵمانان بەرەو ڕێگای ئیمانی ڕاستەقینە ڕێنوێنی بکاتەوە و سوێند بخوات کە دژی دوژمنانی ئیسلام بوەستێ.

یەکەم بزووتنەوەی ئیسلامی پێکهاتەی محەمەد بوو لە مەدینە. دوای ١٣ ساڵ بانگەشەی ئاشتیانە لە مەککە، محەمەد ناچار بوو بەرەو مەدینە ڕابکات، چونکە نەك هەر سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو گەلێکیش زەلیل بوو. ئەم ئەزموونە تاڵ و ڕاوەنانە

بووە هۆی میلیتاریزەکردنی یارانی پێغەمبەر و کۆمەڵگاکەی. کۆنسێپتی جیهاد، شەریعەت، سزای جەستەیی و دابەشکردنی جیهان بەسەر ئیماندار و بێباوەڕ بەرهەمی لە دایکبوونی ئەم قۆناغەن.

دوای مردنی محەمەد، شوێنکەوتووانی توانیان بەم ئایدۆلۆژیایە بەشێکی زۆری جیهان داگیر بکەن؛ خەلیفەکانی ئیسلامی دەسەڵاتی عیلمانی و هێزی مەعنەویان تێکەڵ بەیەکتر کرد. کاتێک خەلیفە ئەلمەعمون بیرۆکەکانی دوکتورینی دەوڵەتی عەقڵانی موعتەزیلەی دروست کرد، موسڵمانە کۆنەپەرستەکان ئایینی ئیسلامیان لە مەترسیدا بینی. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامیی داهاتوو، واتە قوتابخانە و یاساکانی حەنبەلی.

دوای لەشکرکێشی و هێرشی مەغۆلەکان و ڕووخانی خەلافەت لە بەغدا لە سەدەی ١٣، ئیسلامیزم لە ڕێگەی بیری ئیبن تەیمیاوە "Ibn Taimīya" گەلێك بەهێزتر گەڕایەوە مەیدان. دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی لە سەدەی بیستەمدا دوو بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ بونیاتنانەوەی دوبارەی خەلافەتی ئیسلامی سەریان هەڵدا: بزووتنەوەی مەودودی "Maududi" لە هیندوستان و ئیخوان ئەلموسلیمین لە میسر. دوای شکستی پێنج سوپای عەرەبی لە دژی ئیسرائیل لە شەڕی شەش ڕۆژەدا لەساڵی ١٩٦٧، ئیسلامیزم هەمیسان بووژانەوەی بەخۆیەوە بینی. هەروەها دوای ڕووخانی ڕژیمی سەدام حسێن لە عێراق لە ساڵی

٢٠٠٣، پێشەنگی بزووتنەوەی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) سەریهەڵدا.

لەسەر ئەم شێوازە دەتوانرێت ئەم تێزە دابڕێژرێت: ئیسلامیزم هەر لە سەرەتاوە بەرهەمێکی لاوەکی ئیسلام بووە. ئەگەر خەلافەت بەهێز بووبێ، ئیسلامیزم تەنیا ئەرکیکی هەبووە: شەرعیەتدان بە حاکمانی ئیسلامی و کۆکردنەوەی شەڕڤانان بۆ شەڕی داگیرکاریی. کاتێکیش خەلافەت هەرەسی هێنابێ، زێدەڕۆیانی ئیسلامی دەستیان بەسەردا گرتووە و بەدوای دووبارە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگا کەوتوون.

بۆ من ئیسلامیزم وەک چەمکێك، ناوێکە بۆ هەر بزووتنەوەیەک کە لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاساییەوە نەزمێکی ناسنامەی ئیسلامی لە ئەستۆ گرتبێ. لێرەدا جیاوازییەك لە نێوان بزووتنەوە یاسایی و جیهادییەکان بەدی ناکەم، چونکە یەکێکیان ڕێگا بۆ ئەوی دیکە خۆش دەکات و پاشان نەک هەر فەرمییەت، بەڵکوو بنەمای ئایدیۆلۆژیشی پێدەبەخشێت. هەر بۆیە لای من خەلافەت، کە تێیدا حاکم هاوکات هەم سەرکردەی عیلمانی و هەم سەرکردەی ئایینییە، ناوکی ئیسلامیزمە.

تەنانەت تیلمان ناگل "Tilman Nagel" زانای ئیسلامیی ئاڵمانی لە وتارەکەیدا ئاماژە دەکات: ئیسلام یان ئیسلامیزم؟ کێشەی کێشانی سنوورەکان” لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، کە جیاوازییەک لە نێوان ئیسلام و ئیسلامیزمدا “هیچ بەهایەکی مەعریفی نییە.” ناگڵ دەڵێت: "ئیسلام و ئیسلامگەرایی لە یەکتر جیا ناکرێنەوە، تا

ئەو کاتەی قورئان و سوننەتی ئیسلامی وەک ڕێگایەکی ڕاست و بۆ هەمیشە پێشکەش بە مرۆڤی موسوڵمان بکرێن." ناگڵ جیاوازیی لە نێوان ئیسلامیزم وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئیسلامی زێدەڕۆ ناکات. بۆ ئەو جگە لە موعتەزیلە، هەموو بزووتنەوە و قوتابخانەکانی بیرکردنەوە لە ئیسلامدا، بناژۆخواز بوون. بەکارهێنانی هێز بۆ داگیرکاریی و ملکەچکردنی ناوچە غەیرە موسڵمانەکان لە سەردەمی پێکهاتەکەی محەمەدەوە بەشێک بووە لە پرۆژەی ئیسلامی.[٧١]

پێناسەی ناگل بۆ ئیسلامیزم لە ساڵی ٢٠٠٥دا بە شیکارییەکی زانستی بەهێز دادەنرا. لە ساڵی ٢٠٢٢وە بەشێک لە ئەکادیمیا و میدیاکان ئەم شیکارییە وەک دەربڕینی ئیسلامۆفۆبیا سەیر دەکەن. ئەمەش پەیوەندییەکی کەمی بە گۆڕینی پێوەرە زانستییەکانەوە هەیە، بەڵکوو زیاتر دەرئەنجامی ئەو مشتومڕە گرژانەیە سەبارەت بە ئیسلام و ئینتیگراسیۆن، کە بەردەوام هاوڕێی ترس و هەستی سۆزداریی بووە. هێرشە تیرۆریستییەکانی شاری مادرید، لەندەن، پاریس و بەرلین، مشتومڕی ڕاسترەو و ڕەخنەگەری ئایینی ئیسلام سارازین"Sarrazin"ە، قەیرانی پەنابەران لە ساڵی ٢٠١٥ و سەرهەڵدانی حیزبی ڕاست لە ئاڵمانیا "AfD"، وایکردووە شیکارییەکی هێمن و بابەتیانە بۆ دیاردەی ئیسلامیزم لە ڕاستەقینە نەگونجاو بکات.

---

٧١ Tilman Nagel: »Islam oder Islamismus? Probleme einer Grenzziehung«, in: Hans Zehetmair: Der Islam. Im Spannungsfeld von Konflikt und Dialog, S. ٣٢ f.

هەرچەندە چەمکی "ئیسلامیزم" تارادەیەک تازەیە، بەڵام ئایدۆلۆژیاکەی تەمەنی ١٤٠٠ ساڵە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لەدایکبوونی ئایینی ئیسلام واتە بۆ یەکەمین بزووتنەوەی ئیسلامی ڕێکخراو و یەکەمین پێکهاتەی محەمەد لە مەدینە لە سەدەی حەوتەم. دوای ئەوەش شەڕەکانی داگیرکاریی موسوڵمانان هەموویان ئیسلامی بوون. لەم ڕوانگەیەوە، زانای ئیلاهیات ئەلغەزالی لە سەدەی یازدەهەمیشدا تەنانەت ئەگەر بۆ خانەقایەکی سۆفیگەریش کشابێتەوە و بەرهەمی فەیلەسوفە یۆنانیەکانیشی خوێندبێتەوە، ئیسلامیست بووە. چونکە ئەو نەک هەر داوای جیهاد لە دژی مەسیحییەکان لە ئیسپانیای دەکرد، بەڵکوو داوای ئیسلامیکردنی هەموو بوارەکانی ژیان و بیرکردنەوەشی کردووە. پاشان لە سەدەی ١٣ دا ئیبن تەیمییە زانای ئیلاهیاتی حەنبەلی باوەڕی دابڕان و دڵسۆزیی بۆ ئایین دارِشت و پشتیوانی لە گۆشەگیرکردن و کوشتنی مەسیحی، جوولەکە، شیعە، دروز و عەلەوییەکانی کرد و تەنانەت بانگەشەی بۆ کوشتنی ئەو موسڵمانانە کرد کە بە بەردەوامی نوێژیان نەدەکرد. هەرچەندە ئیلاهیاتەکەی دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی لەناوچوونی خەلافەتی بەغدا و هێرشی خاچپەرستان بووە، بەڵام مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قورئان و حەدیسی محەمەد و بۆچوون و یاسای ئایینی مەکتەبەکانیتری ئیسلامی.

لە سەدەی هەژدەهەمدا جیهانی عەرەبی گۆشەگیر و لاوازتر بوو لە جاران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ڕەوتی هەڵوەشاندنەوەدا

بوو. ئەم قۆناغە شەپۆلی داهاتووی ئیسلامیزمی بەخۆیەوە بینی، واتە گەڕانەوە بۆ بەهاکانی باوباپیریان. زانای سعوودی محمد ابن عبد الوهاب شوێن پێی ئیبن تەیمییە کەوت و سەرکردایەتی سوپایەکی گرتە ئەستۆ کە بۆ "پاککردنەوەی" نیمچە دورگەی عەرەبی لە شیعە و سۆفیەکان تێکۆشی و داوای وازهێنانی ڕیشەیی لە هەموو کارە نائیسلامییەکان کرد. فێرکارییەکانی سەرەتا تەنانەت لە نیمچە دوورگەی عەرەبیشدا لەگەڵ ڕەخنە و ڕەتکردنەوە بەرەوڕوو بووەوە - تا ئەو کاتەی هاوپەیمانییەکی لەگەڵ محەمەد ئیبن سعود، سەرۆکی هۆزێکی جەنگاوەر و دامەزرێنەری دەسەڵاتی پاشایەتی سعودیە پێکهێنا. ئەم هاوپەیمانییە هاوپەیمانێتی محەمەد لەگەڵ هۆزە جەنگاوەرەکانی مەدینە لە سەدەی حەوتەم بیر مرۆڤ دەخاتەوە. کوڕەکەی ئیبن سعود لەگەڵ کچەکەی ئیبن عەبدولوەهاب هاوسەرگیریان کرد و بەم شێوەیە دەسەڵات و ئیلاهیات و هۆشیاری خێڵەکی تێکەڵ بە یەك بوون.

ئەم پەیمانە وایکرد سعودیەکان بتوانن عوسمانەکان لە نیمچە دورگەی عەرەبی دەرکەن و شانشینییەک دابمەزرێنن کە ئەم لقە نەریتخوازەی ئیسلامی سوننە بکاتە ئایینی دەوڵەت و ئەمرۆش خۆی لەڕێگەی کۆمەڵی ئیسلامی جیهانییەوە لەسەر ئاستی جیهانی بڵاو بکاتەوە. لەو کاتەدا وەهابیەکان کە لەلایەن سعودییەکانەوە بەهێزکرابوون، سەرەتا توانیان درێژە بە داگیرکارییەکانیان لە عێراق بدەن ؛ ساڵی ١٨٠٢ هێرشیان کردە سەر شاری کەربەلا، شیعەکان و گۆڕی ئەلحوسێن کوڕی علییان

وێران کرد کە مەزارگەی ناوەندی شیعەکانیش بوو. سەیر نییە ئەم هێرشە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیایەکی نوێی توندڕەوی شیعە کە ئاگری ململانێی نێوان شیعە و سوننەی پڕتینتر کرد.

بەو پێیەی سعودییە وەهابیەکان کۆنترۆڵی مەککە و مەدینەشیان بەدەستەوە بوو، توانیان هاتوچۆی حاجیانی ناوچە جیاوازەکانی جیهان تا قوڕنەی ئاسیاش دابین بکەن. لە هیندوستان ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی گرووپێکی کۆنەپەرست و ناتولەرانس بە ناوی دێوبەندی "Deobandi" کە دواتر ڕۆڵێکی ناوەندیان لە پێکهاتنی ئیسلامیزمی هیندوستان، پاکستان و ئەفغانستاندا گێڕا. مرۆڤی ئایینی هیندی شا والی ئەلە دحلاوی"Schāh Walī Allāh ad-Dihlawī" کە بە سەرۆکی ڕۆحی بزووتنەوەکە دادەنرێت، لە سەدەی ١٨ لە شاری مەدینە خوێندوویەتی و هاوڕێی محمد ابن عبد الوهاب بووە. "دیوباندییەکان" (دەرچووانی ماڵی فێربوون لە دێۆبەند، دارولئولوم، کە لە ساڵی ١٨٦٦ دامەزراوە) خەمباربوونیان بە لەدەستدانی کۆنترۆڵی موسڵمانان بەسەر هیندوستاندا دەربڕی و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیایان بۆ ئەو کارە بەتاوانبار ناساند. ئەوان داوای زیندووکردنەوەی ئیسلامیان کرد کە وەک بزووتنەوەیەکی جیهانی لە دەرەوەی سنووره نەتەوەییەکان دەیانبینی، هەروەها داوای شەڕ دژ بە ئینگلیزیشیان دەکرد.

سەرەڕای ئەم ئەزموونانە، ئینگلیزەکان لەگەڵ سعودی و بەم شێوەیەش لەگەڵ وەهابییەکان هاوپەیمانییان کرد بۆ ئەوەی عوسمانییەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی دەربکەن. هەروەها کاتێک حاکمی پێشکەوتنخوازی میسر محەمەد عەلی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا ویستی وەهابیەکان بوەستێنێت، ئینگلیزەکان لایەنگری ئیسلامییە توندڕەوەکان بوون.

وەهابیەکان تەنیا کاتێک کاریگەریی ڕاستەقینەیان بەدەست هێنا کە لە ساڵی ١٩٠٨ نەوت لە سعودیە دۆزرایەوە. ئەمەش وایکرد لە لایەکەوە هاوکاری لەگەڵ ئینگلیزەکان نزیک و تەنگتر بێتەوە و لەو لاشەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکەیان لە پارەی بازرگانی سەرچاوی نەوت کەڵکیان وەرگرت. دواتریش ئەمریکییەکان بە دوای نزیکبوونەوە لە بنەماڵەی شاهانی سعودیە کەوتن و وەهابیزمیان وەک ڕێگەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم نە تەنیا لە جیهانی عەرەبیدا، بەڵکوو دواتر لە ئەفغانستانیش سەیر دەکرد.

## سەلەفییەت و پان ئیسلامیزم

`

لە سەدەی نۆزدەهەمدا زانای ئایینی جەمال الدین ئەلئەفغانی (١٨٣٨-١٨٩٧) بزووتنەوەی سەلەفیی لە میسر دامەزراند. ئەلئەفغانی ماوەیەک لە لەندەن و پاریس ژیانی کردبوو و بە دامەزرێنەری "مۆدێرنیتی ئیسلامی" دادەنرا، چونکە داوای مۆدێرنیزەکردنی ئیسلامی دەکرد بەبێ ئەوەی لاسایی ڕۆژئاوا بکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا بەسام تیبی "Bassam Tibi" زانای سیاسی بە حەق باس لە "خەونی نیوە مۆدێرنیتە" دەکات. ئەلئەفغانی پان ئیسلامیزمی وەک دژە خاڵێک بۆ شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەنگۆ دەکرد. ئەم بیرۆکەیە دەتوانرا کاتێک بەدی بهێنرێت کە هەموو ناوچە موسڵمانەکانی جیهان لە کۆلۆنیالیزم و چنگی حوکمڕانی بیانی ڕزگاریان بووبێ، ئەوکاتەی گەڕانەوە بۆ ڕەسەنترین سەرچاوەکانی قۆناغی یەکەمی ئیسلام وەدیهاتبێ و موسڵمانان بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو کەڵکیان لە تەکنەلۆژیا و دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوا وەرگرتبێ.

یەك لە قوتابییانی محەمەد عەبدوح"Muhammad Abdoh" (١٨٤٩-١٩٠٥) ئەم تێڕوانینانەی بە بیری موعتەزیلیەکانەوە گرێداوە و ویستوویە عەقڵانییەتی زیاتر بهێنێتە ناو ئیسلامەوە. بۆ وەدیهێنانی ئەم کارە، سوودی لە بنەمایەکی ئیلاهیاتی ئیسلامی

له سەدەکانی ناوە ڕاست وەرگرتووە – ئیجتیحاد "Idschtihād" - ئەو بنەمایەی بەپێی ئەو، زانایەکی ئیسلامی دەبێت عەقڵی خۆی بۆ پێکهێنانی یاسا یان بۆچوونێکی ئایینی بەکاربهێنێت بەو مەرجەی لە ئایەتەکانی قورئان یان حەدیسدا باسی لێوە نەکرابێ. وەک موفتی میسر، سوودی بانکی بە پێویستییەکی گونجاو ڕاگەیاند، بانگەشەی بۆ پەروەردەی ژنان دەکرد هەروەها بانگەشەی بۆ وەرگرتنی ئەزموونی زانستی لە ڕۆژئاوا دەکرد. بەڵام هاوکات دژی دیموکراسی و "ئازادی بێ سنوور"ی ڕۆژئاوا وەستابوو. لای عەبدۆح ژیانی ئایدیاڵ دیسپۆتێکی دادپەروەر بوو کە بە بەردەوامی یاسای شەریعەتی جێبەجێ دەکرد و دەگەڕایەوە ناو ناوەڕۆکی ئیسلام و بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو قەرزی لە ڕۆژئاوا وەرگرت بەبێ ئەوەی ناوک و بنەمای ئیسلام بشێوێنێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دیسپۆتە ڕاستگۆیە بڕیاریدا خزمەت بە چاکەی گشتی بکات، ئەم بزووتنەوە گوماناوییەی چاکسازیی، وەشانێکی هێندەیتر بناژۆخوازانەی ئیسلامی لێ کەوتەوە.

بیرۆکەکانی عەبدۆح لەلایەن سەلەفیی لوبنانی ڕەشید ڕیدا "Raschīd Ridā" پەسەند کرا کە دەیویست لە ڕێگەی پرەنسیپی ئیجتیهادەوە پۆتانسێلی جیهادی ئیسلامی لەخەو هەستێنێ. چارەسەریی ئەو بۆ پێشگیریی لە هەرەس هێنانی ئایینی ئیسلام، گەڕاندنەوەی بۆ "دەوڵەتی ئیسلامی ڕاستەقینە بوو، باشترین دەوڵەت نەک تەنیا بۆ موسڵمانان بەڵکوو بۆ هەموو

مرۆڤایەتی".[٧٢] بیرۆکەکانی ڕەشید ڕیدا لە لەلایەن خوێندکارەکەیەوە حەسەن ئەلبنا دامەزرێنەری ئیخوان ئەلموسلیمین لە ڕێگەی بنەمای ئیجتیهادەوە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەلبەننا لە میسرێکدا دەژیا کە ئیتر بەشێک نەبووە لە خەلافەتی ئیسلامی و تەنیا دەبوو بۆچوونێکی ئایینی خۆی لەو بارەیەوە بخوڵقێنێ. گەیشتە ئەو دەرەنجامەی ئومەت بۆ ئەوەی هێزی پێشووی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، دەبێت بە یارمەتیی جیهاد خەلافەت بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی پێشووی خۆی.

بۆیە عەبدۆح لەبری ئەوەی ببێتە باوکی ڕیفۆرمخوازان، بوو بە باوکی ئیسلامیستەکان. چونکە ئیجتیهاد بەو مانایەش دێت کە بە هەر شێوەیەک مرۆڤ بیهەوێ دەتوانرێت ئایین بقۆزێتەوە. بەو پێیەی قورئان پاساو هەم بۆ بانگەوازی ئاشتی و هەم بۆ توندوتیژی دەهێنێتەوە، دەتوانرێت ئەو پرەنسیپە لە خزمەت بە هەردوو شێوازی چاکسازیخوازانە و تیرۆریستی بەڕێوەبچێت. ئەو ڕێبازە کە ڕۆژانێک وا بیردەکرایەوە بەهۆی عەقڵەوە ڕێنوێنی دەکرێت و مەبەستی چاکسازیی ئیسلام بووە، هانی ئیسلامیستەکانی وەک ئەلبەنا و سەید قوتبی دەدا کە وا بیربکەنەوە کارەکەیان هیچی کەمتر نییە لە هەوڵێکی شۆڕشگێڕانەی سەردەمی خۆیان. چونکە بۆ چەندین سەدە ئیسلام ئایینێکی دۆستی حکومەت و پاڵپشتی دەوڵەت بووە و

[٧٢] Raschīd Ridā: Al-Hiläfa au al-imäma al-ʾuzmä, in: Henri Laoust: Le Califat dans la doctrine de Rashid Rida, S. ١١٦

جیهاد کارێکی کاتی بوو کە فەرمانڕەوایەک فەرمانی پێدەکرد کاتێک هێرش دەکرایە سەری یان ویستبێتی خاکی نوێ داگیربکات، بەوەش جیهاد بووەتە کارێك یاخود بڕیارێکی کەسی، لە لایەن حاکمانی ئیسلامییەوە. هەرکەسێک یان فەرمانڕەوایەک سەرۆکایەتی حکوومەتێکی خوداپی نەکردبێت، هیچ شەرعیەتێکی پێ نەدەدرا، هەر بۆیە ئیمانداران ڕێگەیان پێدەدرا جیهاد ڕابگەیەنن. بەگوێرەی سەید قوتب دەبێت جیهاد بکرێتە فەلسەفەی ژیان، پایەی شەشەمی ئیسلام، واتە ئەرکێک بۆ هەموو موسڵمانێک.[٧٣] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە چاکسازییەکی ئەوتۆ لە ئیسلامدا دەتوانێت بەرەو کوێمان ببات. لە سەدەی نۆیەمدا گرووپی موعتەزیلە"Muʾtazila" لە ڕێگەی عەقڵەوە هەوڵی چاکسازیی ئیسلامیان دا، بەڵام نەیانتوانی خۆیان لە دەقی قورئان و حوکمڕانی خەلیفە ڕزگار بکەن. ئەم چاکسازییە شکستی هێنا و تەنانەت توندڕەوەکانی حەنبەلی بەهێزتر کرد. لە سەدەی ١٨دا محمد ابن عبد الوهاب ویستی ئیسلام لە خورافات و پیرۆز-پەرستی ڕزگار بکات و ئیلاهیات چاکسازی بکات، واتە بۆ ئەو ڕێفۆرم و چاکسازییەی دەگەڕایەوە بۆ قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر. بزووتنەوە چاکسازییەکەی لە ئەنجامدا ڕادیکاڵترین ئایدۆلۆژیای ئیسلامی لێکەوتەوە. هەروەها محەمەد عەبدۆح لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ویستی چاکسازی لە ئیسلامدا بکات، بەڵام چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی

[٧٣] Vgl. Hamed Abdel-Samad: Der islamische Faschismus. Eine Analyse, S. ٧٨

ڕەتکردەوە، هەر بۆیە هەوڵەکانی بۆ چاکسازی بووە هۆی ڕادیکاڵبوونی زیاتری زێدەڕۆیان نەک کراوەیی.

## ئیسلامیزم و فاشیزم

شەڕی جیهانی یەکەم خاڵی وەرچەرخانێک بوو لە مێژوودا کە ململانێی نوێی لێکەوتەوە و تا ئەمڕۆش ئێمەی مرۆڤی بەخۆوە خەریك کردووە و سووتەمەنی نەک هەر بە ئیسلامیزم، بەڵکوو بە گشتی بە هەموو ئایدۆلۆژیا ڕادیکاڵەکان بەخشیوە. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم شەڕە چەندین ئیمپراتۆریەتی جیهانی دارما و بۆشایی دەسەڵاتی بەجێهێشت و قەیرانی ناسنامەی لێکەوتەوە. بەڵام ئەمجارەیان بۆشایی پێکهاتوو بە ئیمپراتۆریەتی نوێ پڕ نەکرایەوە، وەک ئەوەی لە ڕابردوودا زۆرجار ڕووی دەدا، بەڵکوو بە ئایدۆلۆژیاکان پڕکرایەوە. سۆسیال ناسیۆنالیزم جێگەی ئیمپراتۆریەتی ئاڵمانیا و ئیسلامیزم جێگەی خەلافەتی عوسمانی گرتەوە. هەردوو ئایدۆلۆژیاکە بە نارەزایی جەماوەر، تۆتالیتاری و دژە ڕۆشنگەریی تایبەتمەند بوون. هەردووکیشیان سەرکردایەتی شۆڕشێکی دژە مۆدێرنیتەیان دەکرد. بەڵام ئەوان تەنیا دەرئەنجامی شەڕی جیهانی یەکەم و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیدار نەبوون، بەڵکوو دەرئەنجامی سروشتی مێژووی ئەم دوو ناوچە کولتوورییە بوون، کە خەیاڵی دەسەڵاتی گەورەیان لەسەردا بوو و پێیان وابوو هەموو جیهان پیلانگێڕییان لە دژی ئەوان وەڕێخستووە بۆ ئەوەی نەتوانن خەونەکانیان بە ڕاست وەرگەڕێنن.

لە کتێبی "ئیسلامی فاشیستی"دا بە وردی هاوتەرییبیەکانی نێوان سۆسیالیزمی نەتەوەیی و ئیسلامیزم وەک ئایدۆلۆژیایەک شی کراوەتەوە.( ئەم کتێبە کە خۆم لە زمانی ئاڵمانییەوە وەرمگێڕاوەتەوە، لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوکراوەتەوە، شوانە) هەردووکیان لە منداڵدانێکی زەلیل و هەرەسهێنراوەوە لەدایک بوون. هەردوو ئایدۆلۆژیاکە پشت بە سەرکردەیەکی بێ هەڵە و کامیل دەبەستن کە نەتەوەیەك یەکدەخات و دژی دوژمنەکانی دەکەوێتە ناو مەیدانی شەڕەوە. هەردووکیان خەبات یان جیهاد نەک تەنیا وەك ئامرازێک بۆ گەیشتن بە هەندێک ئامانج، بەڵکوو ڕاستەوخۆ وەك ئامانجێک سەیر دەکەن. مرۆڤ تەنیا بۆ شەڕکردن دەژی، نەک بە پێچەوانەوە. هەردووکیان بۆ ترساندنی نەیارەکانیان میلیشیای سەربازییان دامەزراند. هەردووکیان لەڕادەبەدەر دژە جوولەکە بوون و تیۆری پیلانگێڕی گەلێك سامناکیان سەبارەت بە جولەکەکان بڵاوکردەوە. هەردووکیان دوژمنەکانیان بە مرۆڤی ئاسایی دانەدەنا، بۆ ئەوەی بتوانن بەبێ ئازاری ویژدان لەناویان ببەن، تایبەتمەندیی شەیتان و ئاژەڵیان پێوە چەسپاندن. هەردووکیشیان ئازادیی و دیموکراسییان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکگرتوویی خۆیان دەبینی و دەیانویست کۆمەڵگاکانیان بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پێش مۆدێرنیتە.

هاوتەرییبیەکی دیکەی نێوان ئەم دوو ئایدۆلۆژیایە دەتوانین بەم تێزەی خوارەوە ڕوون کەینەوە: فاشیزم و ئیسلامیزم نەخۆشییەکی "گەلانی دواکەوتوو" یان ئەو گەلانەن کە سەرەڕای ئاوڕدانەوە لە مێژوویەکی شکۆمەندی ڕابردوویان ئێستا لە دۆخ

یاخود ڕەوتێکی گەلێك خراپی مێژوویدادا گیریان خواردووە. وڵاتی ئاڵمانیا بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی پیرۆزەوە چەسپاندبوو کە لەمێژ بوو لەکارکەوتبوو هەروەها شانسی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەدەی ١٨دا لەدەستدابوو. بە زێدەڕۆییەوە دەتوانین بڵێین: فاشیزم دەرئەنجامێکی کۆتایی شکستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی پیرۆز بوو، هەروەک چۆن ئیسلامیزم دەرئەنجامێکی سەرەتایی شکستی خەلافەتی ئیسلامی بوو.

## سێ پێشەنگی ئیسلامیزمی مۆدێرن

له قۆناغی ئاراستەکردنی کێشەداردا دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، به ئامانجی گەڕاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی دوو بزووتنەوەی سەربەخۆ له یەکتر سەریان هەڵدا. له هیندوستان له ساڵی ١٩٢٤ زانای ئیسلامی سەید ئەبولعەلا مەودودی "Sayyid Abul Aʿlā Maudūdī " بزووتنەوەیەکی دامەزراند که بیرۆکەی جیهادیشی تێدا زیندوو کردەوە. مەودودی سەرەتا ویستویەتی له دژی دەسەڵاتی ئینگلیز خەبات بکات و ئومەتی کۆمەڵگەی موسڵمانان یەکبخات. داوای له موسڵمانان کرد شەڕ بکەن: "**بڕۆنە دەرەوە و شەڕ بکەن! ئەو خەڵکە بکووژن که له خودا یاخی بوون. (...) ئەگەر باوەڕتان به ڕاستەقینەبوونی ئایینی ئیسلام هەیە، هیچ بژاردەیەکیترتان نییە جگە لەوەی هەموو هێزتان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام لەسەر زەوی حوکمڕانی بکات.**"[٧٤] بیرۆکەی مەودودی دوو ڕەوتی ئیسلامی و ڕۆژئاوایی لەخۆ گرتبوو: ڕەوتی ئیسلامی بزووتنەوەی دیوباندی"Deobandi" هیندی بوو که پێشتر باسمان کرد، (وەهابیزمی هاوردە کردبوو). ڕەوتی ڕۆژئاواشی ناسیۆنالیزمی سەدەی نۆزدەهەمی ئاڵمانی بوو. ماودودی بەرهەمەکانی یۆهان گۆتلیب فیشتە"Johann Gottlieb Fichte" و ئێرنست مۆریتز ئارنتی "Ernst Moritz Arndt" خوێندبۆوە و

[٧٤] Maududi, Sayyed Abul A'la: Als Muslim leben, Karlsruhe, ١٩٩٥, S. ٢٦٠

سەرسامی ئەو بەرهەمانە ببوو. بیرۆکەکانی مەودودی سەرەتا لە هیندوستان و دواتر لە پاکستان و ئەفغانستانیش بە خێرایی بڵاوبوونەوە. تا ئەمڕۆش ئایدۆلۆژیای تاڵیبان بە پلەی یەکەم لەسەر تێگەیشتنی مەودودی لە ئیسلام دامەزراوە.

ئەلمەودودی داوای لە موسڵمانان کرد کە مۆدێرنیتە ڕەت بکەنەوە و بگەڕێنەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی ئایینی ئیسلام. بۆ ئەو "جیهاد" تەنیا ئامرازێک نەبوو بۆ بەرگریکردن لە ئایین، بەڵکوو کەرەسەیەك بوو بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەموو ئەو کارانەی لە جیهاندا پێشێلکردنی نەزم و یاسای کۆمەڵایەتی ئیسلامییان دەکرد. ئیسلام لای ئەو تەنیا ئایین نەبوو، بەڵکوو سیستەمێک بوو کە هەموو بوارەکانی ژیانی - سیاسەت، ئابووری، یاسایی، زانست، فۆڕمی کۆمەڵایەتی و هتدی... لەخۆگرتووە. ناوبراو بانگەوازی بۆ پێویستیی شۆڕشێکی ئیسلامی جیهانی دەکرد کە ڕەوتی مێژوو بگۆڕێت. هەموو موسڵمانێک، گرنگ نییە لە کوێی جیهان بژین، دەبوو بەشداری تێدا بکەن. زانایانی ئایینی، بیرمەندان و نووسەران پێویستە بنەمای تیۆری بۆ ئەم شۆڕشە دابین بکەن، چونکە "سۆسیال ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی بەبێ ئەو چوارچێوە تیۆرییەی کە فیشتە "Fichte" و گۆتە "Goethe" و نیتچە "Nitsche" دایانمەزراندبوو، هەرگیز ئەوەندە سەرکەوتوو نەدەبوو. بۆ ئەمەش باسی سەرکردایەتی درەوشاوە و بەهێزی

هیتلەر و هاوڕێکانی کردووە، هەر بەو شێوەیەی ئەلمەودودی بە تامەزرۆییەوە حەزی کردووە جەختی لەسەر بکاتەوە.[٧٥]

دوای چوار ساڵ و لە ساڵی ١٩٢٨ ئیخوان ئەلموسلیمین لە شارۆچکەی ئیسماعیلیای "Ismailia" سەریهەڵدا. حەسەن ئەلبەنا، مامۆستای زمانی عەرەبی ئەوکاتی تەمەن ٢٢ ساڵە، دوو ئامانجی بۆ بزووتنەوەکەی دانابوو: هەنگاوی یەکەم کۆمەڵگا ئیسلامییەکان لە هەموو توخمە غەیرە ئیسلامییەکان پاکبکرێتەوە و لە هەنگاوی دووەمدا خەلافەتی ئیسلامی بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی محەمەد. ئەلبەنا هەوڵیدا سێ قوتابخانەی ئیلاهیاتی دژ بەیەک کۆبکاتەوە: **سۆفیگەریی** (خۆشی ئەندامی ڕێبازێکی سۆفی بووە)، **فێرکاریی ئەلغەزەلی** کە لە فەلسەفە بۆ خزمەتکردن بە ئیمان کەڵکی وەردەگرت، هەروەها **وەهابیزم** کە خۆی لە نەریتی پێکهاتەی یەکەمی کۆمەڵی محەمەددا دەبینی.

ئەلبانا ئەم کارەی تەنیا لەبەر قەناعەتبوونی بە کارەکە نەکرد، بەڵکوو لەڕووی بەرنامە و حیسابی پێشتر دارڕشتوو بەڕێوەی برد. سۆفیگەریی لە ڕۆحی جەماوەریی عەرەب نزیکتر بوو بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئایدۆلۆژیا ڕادیکاڵەکان و ئەلغەزەلیش ئەو دەستێوەردانە فیکرییەی بە بیرۆکەکانی بەخشیبوو کە لە میسر پێویستی پێ بوو، میسرێك کە لەو سەردەمەدا ڕۆژئاوایی بوو و پەیڕەوی دەستوورێکی لیبراڵی دەکرد. لە کۆتاییشدا بەدوای

[٧٥] Maududi, Sayyid Abul Ala: minhāj al-inqilāb al-islāmi, S. ١٩

نزیکبوونەوە لە وەهابی سعودیدا گەڕا، کە بە یارمەتی پارەی ئەوان توانی بە خێرایی پەیامەکەی لە میسر و سوریا بڵاوبکاتەوە. بەڵام یەکەم پارەی یارمەتیی (٥٠٠ لیرەی میسری) کە ئەلباننا لقی یەکەمی ئیخوان ئەلموسلیمینی پێ دامەزراند، لە بەرپرسی فەرەنسی کۆمپانیای کەناڵی سوێسەوە پێی گەییبوو.[٧٦] هەم ئینگلیز و هەم فەرەنسییەکان پێیانوابوو پشتیوانیکردن لە ناسنامەیەکی ئیسلامی لە جیهانی عەرەبیدا دەبێتە هۆی سنووردارکردنی سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ناوچەکەدا. بەو پێیەی هەردوو بزووتنەوەکە دژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم بوون، هاوپەیمانییەکی کوشندەی دیکە دژ بە ئورووپییەکانیان پیکهێنا، و دواتر ئیخوان ئەلموسلیمین پەرەی سەند و بوو بە بزووتنەوەیەکی دژە ڕۆژئاوا.

ئەلباننا، لایەنگرێکی سەرسەختی هیلتەر و مۆسۆلینی بوو؛ پارتێکی سیاسی دامەزراند، بەڵام نەیتوانی بچێتە پەرلەمانی میسر، چونکە وڵاتەکە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لە ڕووی سیاسییەوە سەقامگیر بوو و حکومەتێکی عیلمانی لەسەر کار بوو. ئەلبەنا دوای دۆڕانی لە هەڵبژاردندا، بە چاولێکردن لە فاشیستی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو هەڕەشەی ئەوەی کرد کە لەگەڵ لایەنگرانیدا ڕێپێوانێک بۆ سەر پەرلەمان ئەنجام دەدەن. ئیسلامیزم بۆ ئەوەی گەشە بکات، بەردەوام پێویستی بە قەیران و نائارامی کۆمەڵایەتی هەبوو. ئەم قەیرانە لەگەڵ دامەزراندنی

---

[٧٦] Al-Banna, Hassan: muthakkirāt al-daa’wa wal-dāi’ya, Kairo ١٩٩٢, zitiert nach: al-Khirabawi, Tharwat: Sirr al-Maa’bad. Cairo: Dar Nahdet Masr, ٢٠١٢, S. ١١ ff.

دەوڵەتی جوولەکەکان لە فەلەستین و شکستی پێنج سوپای عەرەب بەهۆی ئیسرائیل، هاتە ئاراوە. ئەلبەننا و ئیخوان ئەلموسلیمین بۆ گێرەشێوێنی هێرشیان کردە سەر وڵاتەکەی خۆیان کە مەبەستی سەرەکییان تێکدانی سەقامگیری بوو. ئامانجیشیان جولەکەکانی میسر و دامەزراوە حکومییەکان بوو.

سەید قوتب، سێیەم پێشەنگ، ماوەیەک لە ئەمریکا وەک رەخنەگرێکی ئەدەبی گەنج، خوێندکاری زانستگا بوو. سەید قوتب لە لایەکەوە لە ئەمریکییەکان کە هاوسۆزی ئیسرائیل بوون، ترسی هەبوو، لەولاشەوە دەترسا ئەو بەها ئینسانیانەی لە ئەمریکا گەلێك بەرچاو بوون، وەك رەگەزپەرستی، لەشفرۆشی و گرنگایەتیدان بە پارە کە بوونەتە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی، پەرەی پێبدرێت. ئەم ئەزموونانە بوونە هۆکاری سەرەکی بۆ پچڕانێکی ڕیشەیی لەگەڵ ژیانی پێشووی. قوتب دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی المەودودی"al-Maudūdīs".

هاوشێوەی فاشیزم، ئەلمەودودی گرنگییەکی زۆری بە ئامادەیی موسڵمانان بۆ قوربانیکردنی خۆیان دەدا: **" ئەگەر باوەڕتان بە ڕاستی و دروستی ئاینی ئیسلام هەیە، هیچ بژاردەیەکتان نییە جگە لەوەی هەموو هێزتان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ئیسلام لەسەر زەوی زاڵ بێت. یان ئەم کارە بەجێ دەهێنن، یان لەم شەڕەدا گیانی خۆتان بەخت دەکەن."**[٧٧] بانگەوازێک کە نەک هەر لەلایەن قوتبەوە بڵاوکرایەوە، بەڵکوو بوو بە بنەمای بانگەوازی هەمیشەیی جیهاد بۆ گەنجانی

[٧٧] Sayyid Abul Aʿla Maudūdī: Als Muslim leben, S. ٢٦٨

موسڵمانی ئەمڕۆ. چونکە تەنیا لە ڕێگەی ئەوەوە گەنجێکی موسڵمان دەتوانێت بەسەر بێدەسەڵاتی خۆیدا زاڵ بێت، دەتوانێت لە شەڕدا سەربکەوێت و ویستی خودا لەسەر زەوی جێبەجێ بکات، ئەگەریش لەم شەڕەدا بکەوێت، پاداشتی بە ژیان لە بەهەشتی ئەبەدی دەدرێتەوە.

بە گەڕانەوەی بۆ قاهیرە، قوتب لە ساڵی ١٩٥١ پەیوەندی بە ئیخوان ئەلموسلیمینەوە کرد و بوو بە گرنگترین سەرکردەی بیرمەندی ئەم ڕێکخراوەیە. سێ نووسراوەی "نیشانەی سەر ڕێگا"، "داهاتووی ئەم ئایینە" و "خەباتی ئێمە دژبە جوولەکەکان" تا ئێستاش بە بەرهەمە یەکلاکەرەوەکانی ئیسلامگەرایی دادەنرێت. وەک ئیسلامیستێکی چەپ، سەرەتا پشتگیری لە سیاسەتە سۆسیالیستییەکانی سەرۆک ناسر لە دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٥٢ کرد. بەڵام کاتێک ناسر لە ساڵی ١٩٥٤ ئیخوان ئەلموسلیمینی قەدەغە کرد، هەروەها دوای هەوڵە هەرەسهێنراوەکەی تیرۆرکردنی، قوتب ڕووی خۆی لە ناسر وەرگێڕا و حوکوومەتەکەی بە نائیسلامی ناوبرد. بەپێی فێرکارییەکانی ئیبن تەیمییە، ناسر نابێت وەک حاکمی ئیسلامی بناسرێت، چونکە یاساکانی شەریعەتی نەهێناوەتە ئاراوە.

قوتب پەیڕەوی لە عەقیدە واتە دوکتورینی "دابڕان" و "دڵسۆزیی" ئیبن تەیمییە کرد و دەستەواژەی جاهیلیای "Dschāhilīya" بەدەستەوە گرت کە لە ڕاستیدا لە دۆخی جیهانی پێش ئیسلام بە مانای "نەزانی" کەڵکی لێوەردەگیرا. ئیبن تەیمییە

سەردەمانێک ماناکەی گۆڕیبوو: "جاهیلیا لە ئێستاوە ئاماژەیەکە بە هەر لادانێك لە کۆمەڵگای ئیسلامی". قوتب داوای لە موسوڵمانان و بەتایبەت گەنجان دەکرد هەر تاکێک سەرەتا دەبێت باوەڕی ڕاستەقینە و قەناعەتی ڕاستی و دروستی بخاتە ناوکییەوە و خۆی لە هەموو شتێکی نائیسلامی ڕزگار بکات، تەنیا ئەو کاتە دەتوانرێت کۆمەڵگایەکی بەهێز و سەربەخۆی ئیسلامی پێکبهێنرێت. ئەم پاکوخاوێنییەی شوناسی ئیسلامی تەنانەت تا ئەمڕۆش لە ناخی بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا ماوەتەوە. قوتب هیوای ئاگاداربوونەوە و لەخەوهەستانێکی دەخواست کە ئومەت بگەڕێنێتەوە سەر ڕۆژانی شکۆمەندی سەردەمی ڕاستەقینەی ئیسلام. کاتێک ئوسامە بن لادن لە ساڵی ٢٠٠١ ناوەندی بازرگانی جیهانی لە ئەمریکا دارماند، داواکاریی هیوایەکی هاوچەشنی هەبوو. هەروەها ئەبوبەکر بەغدادی کە خۆی بە خەلیفەی ئیسلامی ناودەبرد، هەمان هیوای هەبوو کاتێک لە ساڵی ٢٠١٤ خەلافەتی ئیسلامیی لە عێراق ڕاگەیاند. تەنانەت گرووپە تیرۆریستییەکانی بۆکۆحەرام لە نەیجیریا و میلیشیای شەباب لە سۆماڵیش پشت بە عەقیدەی ئیبن تەیمییە و تێگەیشتنی ئەو لە دەوڵەتداریی و یاسادانان دەبەستن.

هەروەها سەید قوتب لە ئەلمدودیەوە زاراوەی حاکمییەتی خودایی "Hakimiyyat Allah" وەرگرتووە کە بە واتای حوکمی بێ ئەملاوئەولای خودا لەسەر زەوی مانا دەکرێتەوە. لە بنەڕەتدا ئەم حوکمڕانییەی خودا دژی هەر چەشن دەوڵەتێکی نەتەوەیی، دیموکراسی یان سەروەریی گەل دەوەستێت. قوتب ڕێگای

دەربازبوونی لەوەدا دەبینی: "حکومەتێک کە سەروەریی خۆی لەسەر بنەمای خوای گەورە بنیات بنێت و بە حوکمدان بە ناوی ئەوەوە و بە یارمەتی هەموو یاسا و کرداری ناو دەقە پیرۆزەکانی ئیسلامەوە بونیاتنرابێ، حکوومەتی ڕاستەقینەیە". بە گوتەی قوتب، هەرکەسێک داوای سەروەریی مرۆڤ بکات، وەک ئەوەی لە وڵاتانی دیموکراسیدا هەیە، ئەوا تووشی کوفر دەبێت.

بیرکردنەوەی سەید قوتب کۆنەپەرستانە و بناژۆخوازانە بوو. بەڵام ئەو نەك بەهۆی ئەم ڕێبازەی، بەڵکوو بە هۆی پەیوەندیی لە پیلانگێڕی دژی سەرۆک ناسر، لەساڵی ١٩٦٦ لە سێدارە درا. دوای مردنی، نووسراوەکانی بە خێرایی لە جیهاندا بڵاوبوونەوە و وەک ڕێنوێنیی بۆ بزووتنەوە تیرۆریستییە ئیسلامیستەکانی وەک ئەلجیهادی الئیسلامی"Al-Dschiahd al-Islami"، جەماعئیسلامیە "Dschamāʾa al-islāmiyya"، ئەلقاعیدە "Al-Kaida" و داعش"IS" سەیر دەکرێن.

## ئیسلامیزمی سوننە و شیعە: پەیوەندی نێوان خۆشەویستی و ڕق و کینە

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە نووسراوەکانی سەید قوتبی سوننە لەسەر ئیسلامی شۆڕشگێڕ و جیهاد، بۆ سەرکردە ئایدۆلۆژییەکانی شۆڕشی شیعە لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێراندا یەکلاکەرەوە بوون. ساڵی ١٩٦٦ مەلا عەلی خامنەیی (لە دوای کۆچی دوایی ڕوحوڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٨٩ سەرکردایەتی ڕژێمی مەلاکانی گرتە ئەستۆ) کتێبێکی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە: "داهاتووی ئەم ئایینە" نووسینی سەید قوتب. ئەم کتێبە هەندێک لەو بیرۆکانەی لەخۆ گرتووە کە خومەینی لە سەردەمی خۆیدا ڕچاوی کردن، وەک حاکیمیەت خودایی و پاککردنەوەی هەموو شتێکی نائیسلامی و گەڕانەوەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان بۆ سەردەمی شکۆمەندی پێغەمبەر. جێگای سەرنجە کە خومەینی وەک حەسەن ئەلبنا ئەو کاتە نازناوی نائاسایی ئەلمرشیدی "al-Murshid" بۆ خۆی هەڵبژارد. واتە وەرگێڕانی عەرەبی نازناوی (سەرکردە). ساڵی ١٩٧٩ مەترسیدارترین ساڵی مێژووی جیهانی ئیسلامی بوو. لەم ساڵەدا ئەنوەر سادات سەرۆکی میسر ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل کرد و تووڕەیی ئیسلامییەکانی سەرانسەری جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا. هەر لەو ساڵەدا سەربازانی سۆڤیەت هێرشیان کردە سەر

ئەفغانستان. ڕۆژئاوا بۆ لاوازکردنی سۆڤیەت پێویستی بە شێواندنی ناوچەکە بوو، بۆیە پارەی ئیسلامیستەکانی دابین دەکرد و چەکی بۆ دابین کردن. هەر لەو ساڵەدا شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران هەڵگیرسا، شا لە دەسەڵات لابرا و ئایۆتاڵا خومەینی هاتە سەر دەسەڵات.

شۆڕشی خومەینی بۆ هەمیشە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕی. وەک چۆن جەمسەرەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا لە ناوچەکاندا هەبوون، ئێستا جەمسەری وەهابی سوننە و ئیسلامی شیعەی توندڕەو لە جیهانی ئیسلامیدا لە بەرامبەر یەکتردا قوت ببوونەوە. هەردوو بزووتنەوەکە شەڕیان بۆ فراوانکردنی خاکەکانیان لە ناوچەکەدا بەڕێوەدەبرد، بەڵام هاوکات بۆ وەرگرتنی تامەزرۆیی گەنجانی موسڵمانی سەرانسەری جیهانیش بەربەرەکانیان دەکرد. هاوپەیمانیی سعوودیە لەگەڵ ڕۆژئاوا، بنەماڵەی شاکانی سعودی لەبەر چاوی خومەینی ناشیرین کرد. هەروەها خومەینی ڕژیمی خۆی وەک پێشەنگی شۆڕشێکی گەورەی ئیسلامی لە دژی ڕۆژئاوای چاوچنۆک و هاودەستەکانی سعودیە و عێراق هەست پێدەکرد. هەر لەو ساڵەدا سەدام حوسێن دوای ئەوەی لەگەڵ سعودیە هاوپەیمانی پێکهێنا و پشتیوانی ڕۆژئاوای وەرگرت، داسەڵاتی ناوچەکەی بەدەستەوە گرت. ماوەیەك دواتر یەکەم شەڕی کەنداو لە نێوان ئێران و عێراقدا سەریهەڵدا، کە زیاتر لە دە ساڵی خایاند و گیانی زیاتر لە دوو ملیۆن کەسی لە هەردوولا بەفیڕۆدا.

ئێران لە لوبنان میلیشیای تیرۆریستی حزبوڵای دامەزراند کە دەستێوەردانی لە شەڕی ناوخۆی لوبناندا دەکرد. هەروەها ئێران لە ئەفغانستانیش شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتەی بە هاندانی گروپە شیعەکانی خۆی پەرەپێدا. لە یەمەن، ئێران گروپی شیعەی لە دژی سوننەکانی ئەو وڵاتە هەروەها دژی وڵاتی سعودیەی دراوسێی یەمەن هان دەدا. سعودیە ترسی لە داگیرکردنی کەنداوی عەرەبی لەلایەن ئێرانییەکانەوە هەبوو، چونکە ملیۆنان شیعە لە سعودیە، کوێت، عێراق، بەحرەین و یەمەن دەژیان. بەڵام لەوەش ترسهێنەرتر هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران بوو بۆ جیهانی عەرەبی، کە داوای ڕووخانی پاشای سعودیە و هەموو دەسەڵاتدارە عەرەبەکانی بەرەی ئەوی دەکرد.

هەروەها لە ساڵی ١٩٧٩ ئیسلامیستەکان هێرشیان کردە سەر کەعبە لە مەککە و کۆمەڵکوژییان بەڕێوەبرد. ئەوان داوای لابردنی پاشای سعودیی لە دەسەڵات و جێبەجێکردنی توندتری یاسای شەریعەت لە شانشینی سعودیەیان دەکرد. بۆیە حاکمانی سعودیە دەستیان کرد بە وەبەرهێنانی ملیارەها دۆلار بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای وەهابی بە شێوەیەکی پیشەییتر نەک هەر لە جیهانی ئیسلامی بەڵکوو لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش. بەرپرسانی سیاسی ڕۆژئاوا پێشیان بەم ڕێگا ستراتیژییەی عەرەبستان نەگرت، چونکە خۆیان بە نەوتی سعودیەوە بەسترابوونەوە. هاوکات وەهابیزم لە خزمەتی شەڕی ڕۆژئاوا لە دژی کۆمۆنیزمیشدا چالاک بوو و لە مزگەوتەکانی ئەوروپاوە قاوی بۆ جیهاد دژی سۆڤیەتی کافر دەکرد. بەم شێوەیە ئیسلامیزم بە

هەموو ڕەوتی خۆیەوە خۆی لە ئەوروپا جێگیر کرد و ئایدۆلۆژیای خۆی بڵاوکردەوە و ژێرخانێکی بەهێزتری لە جاران بونیات نا. بۆیە ئەوروپا جارێکیتر باجێکی گەلێك مەزن و زۆری بۆ هاوپەیمانییە درۆیین و هەڵەکانی ئیسلامیزم دا.

## تۆڕی ئیسلامیزم لە ئەورووپا

لە ساڵی ١٩٥٨ شاری مونیخی ئاڵمانیا پێشوازییەکی ڕازاوەی لە زاوای حەسەن ئەلبەننا کرد. سەعید ڕەمەزان "Said Ramadan" و نزیکەی نەوەد موسڵمان لە هۆڵی کۆمەڵایەتی کاتۆلیکی کلیسای سانت پاوڵ بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بۆ بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی پان ئیسلامی لە ئاڵمانیا کۆبوونەوە. ئامانج لەو کۆبوونەوەیە دروستکردنی مزگەوتێک بوو لە شاری مونیخ. دوای ماوەی دوو ساڵ، ڕەمەزان بووە سەرۆکی دامەزرێنەری کۆمیسیۆنی بیناسازی مزگەوت کە ئێستا بە کۆمەڵی ئیسلامی لە ئاڵمانیا (IGD)[٧٨] ناودەبرێت و بە گرنگترین ڕێکخراوی ئیسلامی عەرەبی لەم وڵاتە دادەنرێت. ئەم ڕێکخراوەیە پارێزگاریی لە چەندین مزگەوت، شوێنی نوێژ و یانە و کۆمپانیا دەکات، تۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە لە ڕێگای ئەوەوە ئایدۆلۆژیای ئیخوان ئەلموسلیمین بە ئاشکرایی بڵاودەبێتەوە. لە ساڵی ١٩٧٣ مزگەوتی شاری فرایمان "Freimann" کە وەك شوێنی ڕەسەنی کۆمەڵگاکەیە لە ئاڵمانیا وەک ناوەندێکی ئیسلامی کرایەوە.

سەعید ڕەمەزان لە ساڵی ١٩٥٩ لە شاری کۆڵن بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە، هاوکات لقەکانی ئیخوان ئەلموسلیمینی لە

---

[٧٨] Islamische Gemeinschaft in Deutschland (IGD)

جیهانی عەرەبیدا چالاک ڕاگرتووە، لە ساڵی ١٩٦١ ناوەندی ئیسلامی جنێڤی "Genf" لە وڵاتە نوێیەکەی لە سویس دامەزراند و، دوای ساڵێک، لە دامەزراندنی... لە ناوەندی جیهانی ئیسلامی لە مەککە، کە بە چەند قۆڵیی لەلایەن وەهابیزم، سەلەفی و ئیخوان ئەلموسلیمینەوە بەڕێوەدەچێ، کۆبوونەوە. یەکێک لە ئامانجەکانی ناوەندی جیهانی کە لە ڕابردوودا فیتوای جۆراوجۆری دژ بەو کەسانەی گوایە لە ئایین لایان داوە، دەربڕیوە، بەرگریکردن لە شەریعەت بوو لە بەرامبەر عیلمانیکردن و مۆدێرنیزاسیۆن هەروەها چاودێریکردنی بیروباوەڕی ڕاستڕەوەکان.[٧٩] ناوەندی جیهانی و تۆڕی مزگەوتەکانی، ڕاهێنانی مرۆڤی ڕادیکاڵ دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی سەلەفی لە هەموو وڵاتانی جیهان، بەتایبەت وڵاتەکانی ڕۆژئاوایی. سەرەڕای ئەوەش، ڤاتیکان "Vatikan" لە ساڵی ٢٠١٨دا ڕێککەوتنێکی هاوکاریی لەگەڵ ناوەندەکە بۆ بەرەوپێشبردنی گفتوگۆ لە نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکان پەسەند کرد.

لە ئاڵمانیا، شاری ئاخن "Aachen" لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بوو بە ناوەندێک بۆ هێزەکانی زێدەڕۆی ئیسلامی. لەسەر دەستپێشخەری عیسام ئەلعەتار "El-Attar Issam"، سەرکردەیەکی پەناهەندەی ئیخوان ئەلموسلیمینی سوریا، ناوەندی ئیسلامی لە شاری ئاخن دامەزراند هەروەها ئیسلامیستی تورک نەجمەدین ئەرباکان

[٧٩] Wöhler-Khalfallah, Katja: Islamischer Fundamentalimus. Von der Urgemeinde bis zur Deutschen Islamkonferenz, S. ١٤٦

"Necmettin Erbakan" کە لە ساڵی ١٩٥٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئاخن وەرگرتووە، بەردەوام پەیوەندیی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەم گرووپەی ئیخوان ئەلموسلیمین کردووە. ئەرباکان لە ساڵی ١٩٧٠ بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی بە چاولێکەریی لە ئیخوان ئەلموسلیمین لە تورکیا دامەزراند: "Milli-Görüs.". لە ئاڵمانیا سەرەڕای ئەوەی ئەم کۆمەڵگایە لە ژێر چاودێری فەرمانگەی پاراستنی دەستووریدایە، هێشتا ئەندامی گرنگی ئەنجومەنی ئیسلامی بۆ کۆماری فیدراڵی ئاڵمانیایە کە نوێنەرایەتی ٣٧ کۆمەڵەی لایەنگرانی دەکات و بە هاوبەش و هاوکاری دەوڵەت دادەنرێت.

ئەمڕۆ تۆڕێکی بەرفراوان لە ڕێکخراوەکان لە سەرانسەری وڵاتدا هەیە کە لە ئیخوان ئەلموسلیمین یان گروپە ئیسلامیستەکانیترەوە نزیکن و دەتوانرێت بەسەر ئەم پۆلانەدا دابەش بکرێن:

- **سەلەفیەکان:** سەدان مزگەوتیان هەیە بەتایبەتی لە باکووری پارێزگای ڕاین- وێستفالیا و لەلایەن دەوڵەتەوە وەک هاوکار وەرناگیرێن.
- **یەکێتی تورکی-ئیسلامی پەیمانگای ئایینی،** "DITIB": لە ساڵی ١٩٨٤ لە ئاڵمانیا دامەزراوە، بەڵام لەو سەردەمەدا تا ڕادەیەك سیکۆلار بووە. لەگەڵ سەرکەوتنی پارتی ئەک پی بە سەرپەرشتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٣ لە تورکیا، ئەم

ڕێکخراوەیە بوو بە قۆڵی درێژکراوی ئەردۆغان لە ئاڵمانیا. ئەمڕۆ گەورەترین ڕێکخراوەی سوننە لەم وڵاتەیە و بە هاوکاری پڕۆژەکانی یەکگرتن و ڕادیکاڵکردنی گەنجان ناسراوە.

- **گورگە بۆرەکان:** بە ١٨٥٠٠ ئەندامەوە، بە گەورەترین ڕێکخراوەی توندڕەو و ڕاستڕەوی تورك لە ئاڵمانیا دادەنرێن. وەک ڕێکخراوێکی تورکی سەروو نەتەوەیی دەستی پێکرد، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا گەشەی کردووە و بووەتە بزووتنەوەیەکی ئیسلامیستی.
- **عەتیب**"ATIB": لەگەڵ ئیسلامیکردنی گورگە بۆرەکاندا دابڕانێک لە بزووتنەوەکەدا ڕوویدا. ئەمەش بووە هۆی دامەزراندنی یەکێتی کۆمەڵەی کولتووریی تورکی-ئیسلامییەکان لە ئەورووپا.
- **ناوەندی ئیسلامیی هامبۆرگ:** بەپێی نووسینگەی پاراستنی دەستوور، ناوەندی ئیسلامی هامبۆرگ بە قۆڵی درێژکراوی ڕێژیمی مەلای ئێران دادەنرێت. تەنانەت ئیمامێکی مزگەوتی هامبۆرگ بە ناوی محەمەد خاتەمی لە ساڵی ١٩٩٧ بوو بە سەرۆککۆماری ئێران. هیچ سەرۆکێک لە ئێران بە بێ گڵۆپی سەوزی خامنەیی ناتوانێ هەڵبژێردرێت. ناوەندەکە لەژێر چاودێری فەرمانگەی پاراستنی دەستوری وڵاتی ئاڵمانیادایە بەتایبەت کەوتۆتە بەر ڕەخنە، چونکە لایەنگریی لە ڕۆژی ساڵانەی ئەلقودس "al-Quds" دەکات، کە بەردەوام دروشمی دژە

جولەکە دەدرێ. [لەو پەیوەندییەدا لە تەنیشت مزگەوتی سەوزی هامبۆرگ لە نەوەدەکانەوە تەنیا لە لایەن ڕژیمی کۆنەپەرەستی ئێرانەوە نیزیکەی زیاتر لە ٥٠ بنکەی جاسووسی لە ئاڵمان دروستکراوە کە لە لایەکەوە پارە و یارمەتی بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی ئیسلامی بناژۆخواز و تێکدانی مێشکی گەنجان لە دەوڵەتی ئاڵمانیا وەردەگرن، لەولاشەوە دژ بە بەها ئینسانییەکان و مافی مرۆڤ لەم وڵاتە دەوەستن.]

- **کۆمەڵی ئیسلامی پێکهاتە شیعەکان "**IGS**"** لە ئاڵمانیا لە ساڵی ٢٠٠٩ لەسەر دەستپێشخەریی ناوەندی ئیسلامی هامبۆرگ دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوەیە زیاتر لە ١٥٠ مزگەوتی لەژێر چەتری خۆیدا ڕاگرتووە. نزیکیی ئەم ڕێکخراوەیە لە ڕێژیمی ئێران نەبووە هۆی ئەوەی شتاینمایەر "Steinmeier" سەرۆکی فیدراڵی ئاڵمانیا لە ساڵی ٢٠١٨ ڕێگریی لە دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوکە بۆ بەشداریی لە کۆشکی بێلڤیو "Bellevue" بکات. ڕێکخراوەی IGS ئەندامی کۆنفرانسی ئیسلامییە و لەلایەن دەوڵەتی ئاڵمانەوە تا ساڵی ٢٠١٩ نزیکەی ٣٧٨ هەزار یۆرۆ یارمەتی پارەی بۆ کراوە – سەیر ئەوەیە بەشێکی پارەکە بۆ ڕێگریکردن لە زێدەڕۆیی ئیسلامی بووە.
- **ئیخوان ئەلموسلیمین** (MB) کە خۆیان نایانەوێت بەو ناوە ناوبنرێن، لە پێکهاتە نهێنییەکان کاردەکەن و لە بازنەی ئەکادیمی و سیاسیدا گەلێك چالاکن. ئەوان

توانیویانە وەک هاوبەشی دەوڵەت و کلیساکان بەشداری لەو پرۆژانەدا بکەن کە هەڵسوکەوت لەسەر گفتوگۆی نێوان ئایینەکان، کێشەی ئینتیگراسیۆن و تەنانەت لابردنی مرۆڤی ڕادیکاڵیش دەکەن. ئەو ڕێکخراوانەی لە ئیخوان ئەلموسلیمینەوە نزیکن بریتین لە: کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ئاڵمانیا "IGD"، کە دواتر ناوی بوو بە کۆمەڵگەی موسڵمانان لە ئاڵمانیا "MGD".[٨٠] بە وتەی شارەزایان، ڕێکخراوی گەنجانی موسڵمانیش "MJD" بەشێکە لە تۆڕی ئیخوان ئەلموسلیمین. تەنانەت لە کەرتی ئەکادیمیشدا دەوترێت پەیمانگاگەلێک هەن کە لە ئیخوان ئەلموسلیمینەوە نزیکن: بۆ نموونە پەیمانگای ئورووپی بۆ زانستە مرۆییەکان کە ئێستا بڕوانامەی زانکۆیی لە ئیلاهیاتی ئیسلامی پێشکەش دەکەن. زانای ئیسلامی عەلادین سەرحان "Alladin Sarhan" پێی وایە چالاکییەکانی ئەم پەیمانگایە دەبێتە هۆی تێکدانی هەوڵی زانایانیتری ئیلاهیات لە ئاڵمانیا، کە بە کردەوە ئیسلامیستی ڕادیکاڵی ئورووپی لەوێ ڕادەهێنرێن. هەروەها گومانی ئەوە دەکرێت کە "لیژنەی فیتوای ئاڵمانیا" سەکۆیەک بێت بۆ ئیخوان ئەلموسلیمین. زۆرینەی ئەندامەکانی سەر بە "ئەنجومەنی ئورووپی لایەنگری ڕێکخراوەی " European Council for Fatwa and Research" (EC F R) "ن. تا ساڵی ٢٠١٨، EC F R لەلایەن

[٨٠] Verfassungsschutzbericht ٢٠١٦, S. ٢٠٥

یوسف قەرەداوی، زانایەکی سەر بە ئیخوان ئەلموسلیمینی دانیشتووی قەتەر سەرۆکایەتی دەکرا.[٨١]

هەروەک چۆن ئەمڕۆ لە ئورووپادا نوانس یاخود جیاوازیی ئاستەم و وەشانی ئایینی ئیسلامی لە ڕاستی توندەوە (جیهادیزم) تا چەپی (چاکسازیخواز) زۆرن، ژمارێکی گەلێك زۆر نوانس و وەشانی ئیسلامیزمیش هاتوونەتە مەیدانەوە. ئەم ئیسلامیستانە ڕوانگە و ڕێنماییەک لە دارشتنی ژیانی ڕۆژانەیان پێشکەش بەو گەنجە موسڵمانانە دەکەن کە لە ئازادی و دووفاقی جیهانی ڕۆژئاوا سەریان لێ شێواوە و دوودڵن. جیهاد ڕێگایەکی نوێی دەربازبوونیان لەم داواکارییە زێدەڕۆییە و لەو ژیانە گۆیا "گوناهبارانەی" کە لەنێو کافرەکاندا هەیانە بۆ پێشکەش دەکات. پێکهاتەیەکی ژیانی ڕۆژانەیان پێدەبەخشێت، مانایەکی نوێ بە ژیانیان دەدات، تووڕەیی ناسنامە و پاساوێکیان پێدەبەخشێت و بە متمانە بەخۆبوونێکی چێکراو بەڵێنیی چارەسەریی نائەمنیی ناو کۆمەڵیان پێشکەش دەکات. دۆخێك پێکدێنن گەنجانی پەراوێزخراوی کۆمەڵایەتی باوەڕیان بەوە هەبێت بەشێکن لە نوخبەیەک و پێشەنگی ناو شۆڕشێکی ڕاستەقینەن. بەم ستراتیژییە سەلەفییەت تەنانەت خۆی دەگەێنێتە ناو ماڵە ئاڵمانییەکانیش و ئەو گەنجە ئاڵمانییانە هەڵدەخەڵەتێنێت کە ڕەنگە پێشتر کراسی وێنەی چێ گیڤارایان لە بەرکردبێ یان ستایلێکی قژی پانکیان بووبێت و وەک دەربڕینی ناهومێدیی و نارەزایەتی دژ بە

[٨١] vgl. https://www.kas.de/de/web/extremismus/islamismus/diemuslim bruderschaft-in-deutschland

کۆمەڵی خۆیان مانیان گرتبێ، و لەڕووی نائاگاییەوە تیرۆریست بە مرۆڤی ئازادیخواز دابنێن.

ڕێکخراوە ئیسلامیستەکانی تورکیا بەشێوەیەکی سەرەکی خزمەت بە ئامانجە سیاسییەکان دەکەن، ئایدۆلۆژیای ئەکەپە"AKP" دەگوازنەوە بۆ ئورووپا و وەک ئامرازێکی گوشاری سەرۆکی تورکیا بۆ سەر دەوڵەتانی ئەوروپا بەکاری دێنن. هاوکاتیش دژی ئیسلامێکی لیبراڵ و ئوروپی بەربەرەکانی دەکەن. لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٩، "DITIB"کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە شاری کۆڵن ڕێکخست بۆ ئەوەی بیرۆکەی ئیسلامی لیبراڵی ئورووپی ڕەتکەنەوە. ئەندامانی پلە باڵای ئیخوان ئەلموسلیمینیش لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون.

هەرچەندە هەموو ئەم ڕێکخراوانە بەدوای ئامانجی جیاوازدا دەگەڕێن، بەڵام ئێستا پەیوەندییەکی زۆر تەنگ لە نێوانیاندا هەیە، کە دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتەکانی ئیسلامیزم وەک حەسەن ئەلبەنا و سەید قوتب هەروەها ئیخوان ئەڵموسلیمین. دوای ڕووخانی ئەوان لە میسر بەهۆی کودەتای سەربازی ساڵی ٢٠١٣، زۆرێک لە سەرکردەکانی ئیخوان ئەڵموسلیمین ڕوویان لە تورکیا کرد و ئانکارا و ئەستەنبوڵیان کردە ناوەندی نوێی خۆیان. ئەوان ستایشی ئەردۆغانیان کرد کە کودەتاکەی شەرمەزار کردووە و بە "سەرکردەی ڕاستەقینەی" موسڵمانانی دادەنێن. ئەمەش کاریگەریی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئیسلامی لە ئاڵمانیاش

داناوە. لە زۆرێک لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە ئیسرائیل، ئێستا تورک و عەرەب لە ژێر ئاڵای تورکیا پێکەوە ڕێپێوان دەکەن.

کەسێکی شاراوە لە پشت نزیکبوونەوەی ئیسلامیستە تورک و عەرەبییەکانەوە، بە ناوی ئیبراهیم ئەلزەیات"Ibrahim el-Zayat" وەستاوە کە لەلایەن سەرۆکی ئەوکاتی نووسینگەی پاراستنی دەستوور لە باکووری ڕاین-وێستفالیا، هارتویگ مۆلەر" Hartwig Möller"، بە "پێکهێنەری تۆڕی جاڵجاڵۆکەی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان" ناسراوە. ئەلزەیات، کە لەگەڵ تۆڕی کۆمپانیاکانیدا "ئاواتە ئیسلامییەکان لەگەڵ چالاکیی ئابووریی بەرفراواندا تێکەڵ دەکات[٨٢]، وەک کۆمەڵەی خوێندکارانی موسڵمان و کۆمەڵگەی ئیسلامی ئاڵمانیا "IGD" سەرۆکی چەندین ڕێکخراوی سەر بە ئیخوان ئەلموسلیمین بووە. ئەلزەیات دەستپێشخەری ڕێکخراوی گەنجان و خوێندکارانی موسڵمانی ئورووپی و ئەندامی پەیمانگای زانستە مرۆییەکانی ئورووپایە و گەلێك مشتومڕی لەسەرە. هەروەها ئەندامی دەستەی کارگێڕی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە ئورووپایە کە بەشێکە لە کۆمەڵەی ئیسلامی جیهانی. سەرەڕای ئەوانەش نوێنەرایەتی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوی فریاگوزاری ئیسلامی "Islamic Relief" دەکات. ئەلزەیات نوێنەری گشتی کۆمەڵەی بیناسازی و پشتیوانی مزگەوتی ئورووپا (Emug)یە کە پرۆژەی دروستکردنی سەدان مزگەوتی لە ئەستۆ گرتووە و بەڕێوەیان دەبات. بە شێوەیەکی

[٨٢] Kölner Stadtanzeiger, https://www.ksta.de/artikel-vom-٢٠-١٢-٢٠٠٧- el-zayat--der-herr-der-moscheen-١٢٩٦٦٦٢٧٨?cb=١٦٥٧٠٢٠٩٠٢٣٩١&

تایبەت چ لە ڕووی پیشەیی و چ کەسییەوە پەیوەندیی بە میلی گۆرۆسەوە"Milli-Görüs" هەیە، بەو پێیەی هاوسەرگیری لەگەڵ نەجمەدین ئەرباکان خوشکەزای دامەزرێنەرەکەی کردووە، ٣٠٠ مزگەوت لە سەرانسەری ئورووپا لەسەر ئارەزوویی گۆرۆس لە بەرنامە دایە.[٨٣]

ئەلزەیات "El-Zayat" نوێنەرایەتی فۆرمێکی مەترسیداری ئیسلامیزم دەکات کە لە نیگای یەکەمدا بۆ هەموو کەسێک ناناسرێتەوە. ئەو چەشن ئیسلامیزمە خۆی لە پشت کراوات و زەردەخەنەوە دەشارێتەوە، ئامادەیی بۆ بەشداریکردن لە دیالۆگ لەخۆی نیشان دەدات و داوای گشتگیری و ڕێزگرتن دەکات. ئیسلامیستەکانی وەک ئەو بۆیان دەرکەوتووە کە لە میدیا و گۆڕەپانی سیاسەتدا پێویستیان بە هاوپەیمانی هەیە. زۆرجار پەیوەندییان بە ئیخوان ئەلموسلیمینەوە ڕەتدەکەنەوە و ڕایدەگەیەنن کە شەریعەت و دیموکراسی لەگەڵ یەکتر گەلێك گونجاون. ئەوان بە ئاشکرا داوای جیهاد ناکەن، بەڵکوو دەڵێن جیهادێکی بچووک و گەورە هەیە. هەروەها ئەم جیهادە گەورەیە بە واتای بەدەستهێنانی پەروەردەیەکی باش و چالاکبوونە لە کاری ڕۆژانەدا. ناشڵێن دەمانەوێت ئازادیی ڕادەربڕین هەڵبوەشێنینەوە، تەنانەت ڕەخنە لە ئیسلام لەگەڵ ڕەگەزپەرستی بە یەکسان دادەنێن. ئەوان نوێنەرایەتی ئەو ڕێکخراوانە لە ئەورووپا دەکەن کە گوشار لەسەر هاوڕەگەزبازان دادەنێن و جولەکەکان بە هۆکار بۆ

[٨٣] Nederlandse Moskeeenbouw - en Ondersteunings Gemeenschap (NMOG), Niederländische Handelskammer Aktenzeichen: ٣٤١٠٦٢٧٢

هەموو خراپەکارییەک دەزانن. دیارە بە ئاشکرا دیموکراسی ڕەت ناکەنەوە، بەڵکوو بە بەشدارییان لە حزب یان ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان چالاك نیشان دەدەن و بەم شێوەیە کاریگەریی لەسەر مشتومڕی ئاییی ئیسلام دادەنێن. زانکۆ ئیسلامییەکانیان لە ئەوروپا دامەزراندووە بۆ ئەوەی بیرۆکەی حەسەن ئەلبەنا و سەید قوتب بڵاوکەنەوە. ئەوان بەشدارن لە پڕۆژەی ئینتیگراسیۆن و یەکگرتن هەروەها ڕێکخراوە خێرخوازیەکانی وەک "Islamic Relief" کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئیخوان ئەلموسلیمین و حەماسەوە هەیە. ئەوان نوێنەری ئیسلامیستەکانن، بە زمانی ئەوروپی قسە دەکەن، لاسایی مرۆڤی ئەکادیمیکی دەکەنەوە و قسەکانی گۆتە و کانت و ئەدۆرنۆ "Adorno" وەك بەڵگە دەهێننەوە و دەتوانن زۆر باشتر لە سەلەفییە ڕیش درێژەکان لە ڕێگەی دامەزراوەکەیانەوە گەنجان و خەڵکانی موسوڵمان بخەنە ناو داوی خۆیانەوە.

ئیسلامیستەکان لە ئاڵمانیا و ئورووپا لە ئەزموونە ڕۆحییەکانی برای تورك، ئێرانی و میسرییەکانیانەوە فێربوون. ئەوان بە شەوێک وڵاتەکانیان بە ئیسلامی نەکرد، بەڵکوو بە درێژایی دەیان ساڵ ئەو کارەیان بە بەردەوامی درێژە پێداوە. سەرهەڵدانی ئەردۆغان بەبێ ئامادەکاریی بزووتنەوەی گولەن مسووگەر نەدەبوو کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هەزاران قوتابخانە، بەشە ناوخۆیی و زانکۆ و دامەزراوەیتری پەروەردەیی دروستکرد. قوتابییە دەرچووەکانیان لە ڕێگەی دامودەزگاکانەوە توانیان سەرکەوتن بەدەستبهێنن و دواتر پۆستە سەرەکییەکانی

دەسەڵاتی دادوەری، سیستەمی پەروەردە، میدیا و سوپا داگیر بکەن. دەوترێت گولەن بە شوێنکەوتووانی وتووە: "ئێوە دەبێ خۆتان لەناو خوێنبەرەکانی سیستەمەکەدا چالاك ڕاگرن بەبێ ئەوەی کەس سەرنج بۆ ئێوە ڕاکێشن، تا ئەو کاتەی دەگەنە ناوەندی هێزەکانیانەوە."[٨٤]

هەڤاڵ و دواتر دوژمنی، ئەردۆغان جارێکیان شیعرێکی خوێندۆتەوە کە ماناکەی ئەوە بووە: "دیموکراسی تەنیا وەك شەمەنەفەرێك بۆ گەییشتن بە شوێنی مەبەست کەڵکی لێوەردەگیرێ و دوای گەییشتن لێی دادەبەزی." ئایەتوڵڵا خومەینیش بەر لە شۆڕشی ئێران پێشنیاری ئەوەی بە شوێنکەوتووانی کردووە کە خۆیان وەك شیعەی خواپەرست نیشان نەدەن بۆ ئەوەی بتوانن پۆستێکی باش لە ڕژێمی شادا بەدەستەوە گرن. دەستووری سەرکەوتنی ئەم شێوە ئەسپانەی ترۆیا "trojanischen Pferde"[٨٥] لە ئەوروپاشدا بەکارهێنراوە. ئیسلامیستەکان بەناوی بەشدارییەوە پۆستە گرنگ و سەرەکییەکان داگیر دەکەن، پارە وەردەگرن کە هەمان ئەو پارەیە لە داهاتوودا بۆ چەسپاندنی پێکهاتەکانیان و فراوانکردنی پلەی کاریگەرییان یارمەتیدەریان دەبێت.

---

[٨٤] Welt am Sonntag, ١٧. Juli ٢٠١٦

[٨٥] لە ئەفسانەی یۆنانیدا بۆ ئەوەی لە دەروازەکانی ترۆیا تێپەڕ بن ئەسپێکی گەورە لە دار دروستکراوە و سەربازە یۆنانیەکان لەناو سکیدا شاردراونەتەوە.

هەرچەندە ئەلمەودودی، ئەلبەنا و سەید قوتب هەرگیز یەکتریان نەبینیوە، بەڵام بیرۆکەی مێشکیان لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی و هەروەها لە ئەوروپادا یەکتریان گرتۆتەوە. هەرچەندە بزووتنەوەکانیان لە سەرەتاوە زۆر سەرکەوتووانە نەبوون، بەڵام چەندین گروپی چەکدارییان لێکەوتەوە کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بۆ هێرشی تیرۆریستیی بێشومار لە جیهانی ئیسلامی، ئاسیا، ئەوروپا و ئەمریکا بەرپرسیار بوون. گلۆبالبوونی جیهانی ئەم ڕێکخراوانەی لە یەکتر نزیک کردەوە.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە منداڵ و نەوەکانی ئەلبەنا، قوتب و ئەلمەودودی لە ئەفغانستان یەکتریان گرتەوە و بە پارەی سعودیە و چەکی ڕۆژئاوایی دژی سۆڤیەت شەڕێکی ماڵوێرانکەریان دامەزراند. لێرەشدا هاوپەیمانییەکی ناپیرۆز لە نێوان ئایین، دەسەڵات و دۆلار هۆکاری سەرهەڵدانی ئیسلامیزم بوو. بەڵام ئەم هاوپەیمانێتییە کە لە لایەن ڕۆژئاواوە پاڵپشتی دەکرا، لە داهاتوویەکی نیزیکدا ڕۆژئاوای خستە دۆخێکی گەلێك خراپەوە. چونکە دوای کشانەوەی سوپای سۆڤیەت لە ئەفغانستان، ئیسلامیستەکان چەکەکانیان دانەنا، بەڵکوو بزووتنەوەی ئەلقاعیدەیان دامەزراند بۆ ئەوەی خەونی ئەلمودودی و ئەلبنا

لە ڕێگەی جیهادێکی ئیسلامییەوە بە ڕاست وەرگەڕێنن. سەرکردەکانی شەڕی ئەفغانستان هاوپەیمانیان لەگەڵ ئوسامە بن لادن پێك هێنا کە لایەنگری بیرۆکەکانی ئیبن تەیمییە و ئیبن عەبدولوەهاب بوو، دیارە پشتیوانیی ئابوورییەکەشی سعودییە لە ئەستۆی گرتبوو.

لە دوای ڕووخانی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕووداوەکان بە هەمان شێوە لە عێراق دووپات بوونەوە. لەوێ سەربازانی پێشووی عێراق هاوپەیمانییەکی کوشندەیان لەگەڵ ئیسلامیستەکان و شێخە دەوڵەمەندە نەوتییەکان دروستکرد، پاشان دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) سەریهەڵدا، کە بە بیرۆکەی ئیبن تەیمییە و سەید قوتب خۆی تەیار کردبوو و فەرمییەتی بە حکوومەتی ئیسلامیستەکان دەدا. داعش ستراتیژێکی جیاوازی لە ئەلقاعیدە پەیڕەو کرد. لە کاتێکدا ئەلقاعیدە لە چیاکانی ئەفغانستان خۆی حەشاردا و "ناوبەناو" هێرشێکی تیرۆریستی ئەنجام دەدا (نیویۆرک و واشنتۆن لە ٢٠٠١، بالی لە ٢٠٠٢، مەدرید لە ٢٠٠٤، لەندەن لە ٢٠٠٥ و هتد)، داعش ناوچەکانی سوریا و عێراقی داگیرکرد و پێکهاتەیەکی نیمچە دەوڵەتییان دروست کرد، خەلافەتێکی نوێیان ڕاگەیاند و یاسای شەریعەتیان لەسەر ئەو خاکانەی داگیریان کردبوو بەڕێوەبرد.

دەستڕاگرتن و دوودڵی سەرەتایی ڕۆژئاوا لە شەڕ دژ بە داعش پەیوەندیی بە شەڕی ڕووسیاشەوە هەبوو. قەتەر ویستی هێڵێکی بۆری گاز بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی سوریا و تورکیاوە دروست بکات،

بەڵام ڕوسیا کە هاوپەیمانی بەشار ئەسەدی حاکمی سوریایە، پرۆژەکەی ڕەتکردەوە، چونکە ئەم کارە دەیتوانی هەناردەی گازی خۆی بۆ ئەوروپا کەم کاتەوە. هەروەها ڕژێمی ئێرانیش کە هاوپەیمانی ئەسەد بوو، دژایەتی ئەم پڕۆژەیەی کرد. بەڵام داعش و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکەی وەک بەرەی ئەلنوسره"al-Nusra" و ئەحرار ئەلشام "Ahrar al-Scham" و ئیخوان ئەلموسلیمین ئامانجیان ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بوو.

قەتەر، تورکیا، سعودیە، ئەمریکا، ڕۆژئاوا و ئیسلامیستەکان بە هەموو چین و توێژەکانەوە دەیانویست ئەسەد بڕووخێنن، لە کاتێکدا ڕووسیا و ئێران بڕیاریان دابوو ڕێگری لەم کارە بکەن. وەک چلۆن لەسەدەی نۆزدەدا لە شەڕی کریمیا هەروەها لە شەڕی جیهانی یەکەمدا، جارێکی تریش جیهاد لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بەکارهێنرا. هەروەها کاتێک موسڵمانانی باکوری ئەفریقا بە ناوی فەڕەنسا جیهادیان لە دژی ئاڵمانیا ڕاگەیاند، سوڵتانی عوسمانی، وەک خەلیفەی موسڵمانان، لایەنگری ئاڵمانییەکانی کرد، جیهادیان ڕاگەیاند و سەربازەکانی بە ئاڵای پێغەمبەرەوە ڕەوانەی شەڕ کرد. ئەم دۆخە تەواو هاوشێوەی ئەو سەردەمە بوو کە موفتی قودس توانی دەیان هەزار موسڵمان لە باڵکان و ئاسیای ناوەڕاستەوە کۆکاتەوە و دوو لەشکری "SS"ی دامەزراند بۆ ئەوەی شانبەشانی وێرماختی ئاڵمانیا لە شەڕی جیهانی دووهەمدا دژی سۆڤیەت شەڕ بکەن. ڕەنگە ئەم هۆکارانە گەلێك بۆ دۆخی موسوڵمانان هاندەر بن، بەڵام پریشکەی ڕەسەنی ئاگرەکە لە ئایدۆلۆژیا،، شێوازی

خوێندنەوەی مێژوو و بەردەوام خۆ بە مەزلووم دانانی موسڵمانانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش وایان لێدەکات کە تووشی ئایدۆلۆژیای ڕق و کینە بن. ئیسلامیزم دەرئەنجامی سروشتی خۆ گۆشەگیرکردن و دابەشکردنی جیهانە بەسەر باوەڕدار و بێباوەڕدا. واتە دەرئەنجامی سروشتی ڕاهێنانی ترس لە خودا و گوناە و دۆزەخ و ڕق لەهەنبەر مرۆڤ بە باوەڕی جیاواز لە خۆیان. دەرئەنجامی ئەخلاقی توندوتیژیی سێکسییەتە، کە ڕێگە بە هەڵسوکەوتی سروشتی نێوان ژن و پیاو نادات. دەرئەنجامێکی سروشتی کولتی شەهید پەروەرە، کە مردن لە ڕێگای خودا لە بەرزترین ئاستی ئیماندا دادەنێت. دەرئەنجامی سیاسەتێکی پەروەردەییە کە خۆ بە ڕاستەقینەدانان بەرەوپێش دەبات و ڕەخنەگرتن لە خۆ پووچەڵ و بێهیوا دەکاتەوە. دەرئەنجامی بەرزکردنەوەی هەستەکانە بەسەر عەقڵ و ئەفسانە بەسەر ڕاستییەکاندا. دەرئەنجامی سیستەمێکی پیاوسالاریی، دیسپۆتیزم "despotism" و بیرۆکەی عەشیرەتییە کە بەشداریکردنی جیهانی ئیسلامی بۆ ناو مۆدێرنییەت دواخست و ڕێگریی لە سەرهەڵدانی ڕۆشنبیریی مرۆڤی ناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان کرد. دەرئەنجامی نەبوونی ئازادیی، مافی مرۆڤ و ڕۆشنگەرییە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان. لێرەدا مەبەستم لە ڕۆشنگەریی وەک پراکتیکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە نەک تەنیا وەک بیرۆکەیەک.

## بەشی دوازدە

## لە لێسینگەوە[٨٦] بۆ ڕیفەع ئەت-تەهتاوی[٨٧]: ڕۆشنگەریی و ئیسلام

هەڵوێستی زۆرێک لە ئاڵمانییەکان بەرامبەر بە جیهانی موسڵمانان و ئایینەکەیان ماوەیەکی زۆرە کەوتۆتە ژێر پرسیار و لە مێژە دووفاقی بۆتەوە. ڕەگ و ڕیشە و هۆکاری بنەڕەتی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر لەمەوپێش تەنانەت بۆ سەردەمی ڕۆشنگەریی سەدەی ١٨. مرۆڤ لە نێوان تامەزرۆیی و سەرسامییەکی ڕۆمانتیکی بۆ جیهانی "ڕۆژهەڵاتی ناوین"، ڕوانگەیەکی نەرێنی ئایینی ئیسلامی وەک ئایینێکی دواکەوتوو، بەشێوەی بەربەری یان هەڕەشەئامێز سەیر دەکرد. لەم هەڵوێستە دەتوانرێت وەک فۆرمێکی سەرەتایی نارەزایی دژە موسڵمانان تێبگەین، واتە وەک دوژمنایەتی پێشوەختە بەرامبەر موسڵمانان و کولتوورەکەیان، کە لە دژایەتییەکی بنەڕەتیی ئایدۆلۆژیای ڕۆشنگەریدا وەستابوو. لە ڕۆشنگەریدا دوو پرەنسیپ هەیە کە هەڵوێستیان دژ بە ئیسلامی ئەوکات و

[٨٦] گۆتۆڵد ئیفرایم لێسینگ "Gotthold Ephraim Lessing" (١٧٢٩-١٧٨١) نووسەر، فەیلەسوف و شانۆنامەنووسی گرنگی ئەڵمانی بوو لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا.

[٨٧] ڕیفاع التحتاوی "Rifa'a al-Tahtawi " (١٨٠١-١٨٧٣) زانایەکی میسری و بیرمەندی چاکسازی بوو کە بە یەکێک لە پێشەنگەکانی ڕۆشنگەریی عەرەبی (نەهدا) دادەنرێت.

ئێستاش دەوستێ: ڕەخنە لە ئایین هەروەها لێبوردەیی لە هەنبەر مرۆڤ بە ئایین و باوەڕی جیاواز لە ئیسلام.

لە لایەکەوە بیرۆکەی تولەرانس و لێبوردەیی هەیە کە پشت بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی نێوان ئایینەکان دەبەستێت، لە لایەکیترەوە ڕێبازی ڕەخنەیی ڕۆشنگەریی ئایینی لەژێر کارتێکەریی عەقڵ و زانستەوە. مێژووناس جۆزێف کرۆیتۆرۆ "Joseph Croitoru" لە کتێبی "ئاڵمانییەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوین"دا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم دوو جەمسەرە دەکات. ڤۆڵتێر"Voltaire" لە شانۆنامەی "مەحمەدی پێغەمبەر"دا، محەمەدی بە مرۆڤێکی شارلاتان وەسف کردووە کە بۆ مەبەستی سیاسی خۆی، ئایینێکی خوڵقاندووە. بەڵام فرێدریکی دووەم "Friedrich II" کە هاوڕێی ڤۆڵتێر بووە و شانۆنامەکەی بەرز نرخاندووە، بۆ نیشاندانی تولەرانسبوونی حکومەتەکەی ویستویەتی دوو هەزار خێزانی موسڵمان لە پرۆسیا "Preußen" نیشتەجێ بکات، چونکە مرۆڤی موسڵمان "تاکە ئایین" بوون کە هێشتا لە ناوچەی پرۆسیا نیشتەجێ نەببوون. بەم هەڵوێستە پاشای فەیلەسوف کە زۆر باوەڕی بە لێبوردەیی و فرەچەشنی ئایینی هەبووە، لە بۆچوونەکانی لێسینگ "Lessing" نزیکتر بووە تا ڤۆڵتێر. کتێبی ناتانای زانا"Nathan der Weise"ی لێسینگ، ڕۆحی ڕۆشنگەریی بەرجەستە دەکات کە بانگەشە بۆ لێبوردەیی و تولەرانس دەکات.

سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە لایەنە دەسەڵات-سیاسیەکانیش ڕۆڵیان هەبووبێت. چونکە پیرەپیاوەکە ترسی لە هێرشی هاوبەشی ڕووسیا و نەمسا هەبوو و بەدوای هاوپەیمانی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەگەڕا. لە کاتێکدا ڤۆڵتێر عوسمانییەکانی بە "خنکێنەری یۆنانی جوان" وەسف دەکرد و هانی ئیمپراتۆری ڕووسی ئەلیزابێتی دووەمی "Elisabeth II" دا بۆ لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. پاشای پرۆس ستایشی عوسمانییەکانی دەکرد و شەڕکەرەکانیانی بە جەنگاوەری ئازا وەسف دەکرد. بەڵام ئەم هەڵوێستە و لایەنگریی ئیسلامی و عوسمانی لە قۆناخی کۆتایی شەڕی حەوت ساڵەدا گۆڕانی بەسەردا هات، کاتێک هۆگرێکی فرێدریک دوای کۆچی دوایی ئەلیزابێت، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. تزار واتە پیتەری سێیەم "Peter III" لە ساڵی ١٧٦٢ بە پەیمانی ئاشتی سانت پترسبۆرگ کۆتایی بە شەڕی حەوت ساڵە هێنا.

لە پەیوەندیی لەگەڵ پاڵنەرەکانی هەڵوێستی ئیسلامدۆستی لێسینگەوە، کرۆیتۆر "Croitoru" دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ستراتیژییەکی ڕۆژنامەوانی لە پشتەوە بووە: ئەو نووسەرە گەنجە بە وێناکردنی ئەرێنیی فەرمانڕەوای موسڵمان سەلاحەدین، هیوای ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری حاکمانی پرۆسیای هەبووە، چونکە پاشاکەی پابەند بوو بە لێبوردەیی ئایینی. لەو سەردەمەدا هیچ لێدوانێکی ڕەخنەگرانە لەسەر ئیسلام نەبوو، لە کاتێکدا مەسیحییەتی ئۆرتۆدۆکس بە شێوەی گەلێك ڕەخناوی سەیر دەکرا.

ڤۆڵتێر بەناوی ڕۆشنگەرییەوە ڕق و کینەی خۆی لە ئیسلام دەربڕی، لێسینگیش بە هەمان پاڵنەر بەرگری لێکرد. دیوانی ئەدەبیی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوای گۆتە پڕ بوو لە بەسەرداهەڵگوتن لەسەر ئیسلام و ڕۆژهەڵات، بەڵام بۆ فەیلەسوفی ڕۆشنگەریی کریستۆف مارتن ویلاند،"Christoph Martin Wieland" ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆی تیرۆر و دیسپۆتیزم "Despotismus"، ڕاوەنان و ڕفاندنی مەسیحییەکان بوو. لە نێوان دوو چەمکی گۆڕان و ڕق و کینەدا، ئەمانە ئەو جەمسەرانە بوون کە مشتومڕیان لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا کردەوە و پەیوەندیی ئەوروپای لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا تا ئەمڕۆ لە قاڵب داوە. هەردوو هەڵوێستەکە بە یەکسانی لە لایەنێکی گرنگی دیکەی ڕۆشنگەریی دوور خراونەوە: "لە عەقڵانیەت". لەو سەردەمەدا هەر وەک ئێستاش، نەبوونی هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە ئیسلام کە ترس و ڕقی لێی نەوەشێتەوە، هەروەها نەبوونی هەڵوێستی ڕێزدارانە بەرامبەر بە موسڵمانان بەبێ ئەوەی هاوکات ڕەخنە لە ئایینەکەیان بگیرێ یان ئایینەکەیان شکۆمەند بکرێ. واتە لە لایەکەوە پشکنینێکی ڕەخنەگرانە، بەڵام دادپەروەرانە و ڕێزدارانە لە ئیسلام و ئەو کەسانەی سەر بەو ئایینەن هەروەها لەو لاشەوە نە بە شەیتانکردن و نە بە شێوەیەکی زێدەڕۆ ئایدیالیزەکردن و بەسەردا هەڵگوتنی ئایینەکە.

## ئەفسانەی ڕۆشنگەریی ئیسلامی

هەندێک جار دەستەواژەی "ڕۆشنگەریی" وەک چەمکێکی شەڕخوازانە دژی موسڵمانان کەڵکی لێوەردەگیرێ: "ئێمەی شارستانی، دژی ئەوان، بەربەرییە ناشارستانییەکان". ئەمە هەڵەیە و هەڵسوکەوتی لەو چەشنە، دژی ڕۆشنگەرییە. هەندێک جاریش ڕۆژنامەنووسانی ئورووپی مەیلیان هەیە ڕۆشنگەریی بە کەم بگرن و زیاتر سەرنجیان بۆ بەرهەمە لاوەکییە نەرێنییەکانی ئەو بزووتنەوەیە ڕاکێشن کە لە سەدەی هەژدەوە دەستیپێکردووە. لە کاتی گونجاودا بە مەیلەوە گوتەی "دیالێکتیکی ڕۆشنگەریی" ئادۆرنۆ "Adorno" و هۆرکهایمەر"Horkheimer" دووپات دەکەنەوە، بەڵام لەبیریان دەچێتەوە کە ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر خۆیان ڕۆشنگەر بوون و ڕەخنەکانیان لە ڕۆشنگەریی خۆی بەشێکی گرنگە لە تەوەری ڕۆشنگەریی. هەروەها هەندێک جار چەمکی "ڕۆشنگەریی" کەمڕەنگ دەکرێت و بۆ وەسفکردنی وێنەی خێرا و کاڵبووەوەی مێژووی ئیسلامی کە پەیوەندییەکی کەمیان بە ڕۆشنگەرییەوە هەیە بەکاردەهێنرێت.

قوتابخانەی یاسای موعتەزیلی لەلایەن هەندێک ئەکادیمیکار و ڕۆژنامەنووسانەوە بە قوتابخانەی ڕۆشنگەریی وەسف

دەکرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی تێگەیشتوویی و عەقڵی مرۆڤ وەک باڵاترین دەسەڵات لە لێکدانەوەی قورئاندا دەبینی. هەندێک لە فەرمانڕەوا موسڵمانەکان بە ڕووناکبیر دادەندرێن چونکە لێبوردە بوون بەرامبەر بە کەمینە ئایینیەکان. هەروەها هەندێک لە زانایانی ئایینی کە سەرپۆش بە ئەرکێکی ئیسلامی ژنان نازانن یان سزای جەستەیی لە ئیسلامدا بە بەسەرچوو سەیر دەکەن، بە ڕۆشنگەر ناودەبەن. تاقمێکیش لە فەیلەسوفە موسڵمانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، وەک ئیبنی سینا و ئاڤێرۆس کە بێ گومان جیهانیان بە بیرۆکەی گرنگ دەوڵەمەند کرد، تەنانەت وەک پێشەنگی ڕۆشنگەریی وەسف دەکرێن.

بەڵام ڕۆشنگەریی تەنیا لە بیرۆکەی جوان پێک نەهاتووە و ئامانجی سەرەکیی عەقڵانیکردنی ئایین یان بەهێزکردنی ڕۆڵی ژن نەبووە. ڕۆشنگەریی جیهان بینییەکە، عەقڵێکە، پراکتیکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە بەزەحمەت لە دونیای ئیسلامیدا قبوڵکراوە و بەردەوام پێشی پێگیراوە. چونکە بە ڕوونی دژایەتی پرەنسیپەکانی ئیسلام و سیاسەتی ناسنامەکەی دەکات. ناوکی ڕۆشنگەریی ئازادیی، توانایەکی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ دیاریکردنی چارەنووس و بەرپرسیارێتی کەسی، هەروەها گەیشتن بە دۆخێکی سەربەخۆییە کە مرۆڤ دەتوانی بە ئازادیی قسە بکات و گرنگی بە خۆی بدات. ڕۆشنگەریی بەو مانایەیە کە هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی عەقڵەوە نییە جگە لە خودی عەقڵ. ڕۆشنگەریی بە مانای جیاکردنەوەی ڕوونی ئایین و دەوڵەت، لە زانست و باوەڕە و بەو مانایەیە کە یاسادانان گرنگیی بە ئایین، نەتەوە یان ڕەگەزی

کەسێکی تایبەت نادات. بە مانای یەکسانی ژن و پیاو، ئیماندار و بێ ئیمانە، ڕەخنە لە ئایین و ڕەخنەگرتن لە خۆ بە ڕەوا دادەنێ و ترسی مرۆڤ لە دۆزەخ، دامەزراوە ئایینییەکان و لە خودی خودا پووچەڵ دەکاتەوە.

کەنگێ هەموو ئەمانە تەنانەت لە خەیاڵیشدا لە جیهانی ئیسلامیدا بوونیان هەبووە؟ نەک هەر لە خەیاڵدا، بەڵکوو وەک پراکتیکی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی؟ ئایا تەنانەت دەکرێت قۆناغێک لە مێژووی دوور و درێژی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی دەستنیشان بکرێت کە شتێکی وەک ڕۆشنگەریی تێدا ڕوویدابێ؟ ڕەنگە ڕۆژنامەنووسی بەریتانی کریستوفر دی بێلایگ "Christopher de Bellaigue" بە ئەرێیی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. ساڵی ٢٠١٧ کتێبێکی بە ناوی "ڕۆشنگەریی ئیسلامی" بڵاوکردەوە: ململانێی نێوان ئیمان و عەقڵە، کە لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوادا بە خۆشحاڵییەوە ئاهەنگیان بۆگێڕا. لەوێدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئایینی ئیسلام لە ڕابردوودا سەردەمی ڕۆشنبیریی خۆی بەجێهێناوە. دوای مردنی پێغەمبەر، ئیسلام زیاتر لە پێنجسەد ساڵ شکۆمەندی ئەزموون کردوە و لەم ماوەیەدا قۆناغی یەکەمی ڕۆشنگەریی خۆی تێپەڕاندووە. پاشان شەڕە خاچپەرستەکان کۆتاییان بەم دۆخە هێناوە. دی بێلایگ قۆناغی دووەمی ڕۆشنگەریی ئیسلامی لە بیرۆکە و کاری ڕۆشنبیرانی موسڵمانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەناسێنێت. وەك نموونە باسی نامیک کەمال"Namık Kemal"ی تورک (١٨٤٠-١٨٨٨) دەکات، کە بەهۆی بیرۆکەی مۆدێرن و ڕۆژئاوایی خۆیەوە ناچار بوو بچێتە

تاراوگە و بەرهەمەکانی ڤیکتۆر هوگۆ، ژان جاک ڕۆسۆ و چارڵز لویس مۆنتسکیۆی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی تورکی. هەروەها نووسەر باسی دیپلۆماتکاری فارسی زمان میرزا ساڵح شیرازی (١٧٩٠-١٨٤٥) دەکات، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی و دواتر یەکەم چاپخانەی لە تەورێز دامەزراندووە. لێرەدا ئێمە هەڵسوکەوت لەگەڵ دوو ئەرستۆکراتی عیلمانی دەکەین کە لە ڕۆژئاوا ژیاون و لە ژێر کاریگەریی بیرۆکەکانی ڕۆشنگەریدا بوون. بەڵام ئەمە چ پەیوەندییەکی بە ڕۆشنگەریی ئیسلامییەوە هەیە؟ ئایا دەکرێ باسی ڕۆشنگەریی مەسیحی بکەین تەنیا لەبەر ئەوەی کانت و ڤۆڵتێر مەسیحی لەدایک بوون؟

ڕۆشنبیرانی موسوڵمان وەک ئەو دوو کەسەی لە سەرەوە باسمان کرد لە سەدەی نۆیەمەوە گەلێك زۆر بوون، بەڵام بوونی تاکی عەقڵانی بەو مانایە نییە بزووتنەوەیەکیان لێکەوتبێتەوە و لە بنەڕەتدا کۆمەڵگایان گۆڕیبێ. ئەم ڕۆشنبیرانە لە سەدەی نۆ و نۆزدەهەمدا بەرهەمی کراوەیی جیهانی موسڵمانان و بەرکەوتن لەگەڵ کولتووره بێگانەکان بوون، نەک بەرهەمی ئایینی ئیسلام. ئەوان چێژیان لە دەربڕینی بیرۆکەی گرانبەهای جیاواز دەبینی، زۆرجاریش بە کافر دادەنران، دەبوو بکەونە دەربەدەری یان تەنانەت دەشکوژران.

نووسەر وەک نموونەیەکی دیکەی ڕۆشنگەریی ئیسلامی، فاتمە عەلیە تۆپوز"Fatma Aliya Topuz"، نووسەرێکی کۆنەپەرستی

بۆرژوازی تورکی دەهێنێتەوە کە لە گۆڤارێکی تایبەت بە ژناندا، تیشکی خستۆتە سەر جیاوازیی نێوان ژنان بە ئەخلاقی ئیسلامی و کارەکتەری ژنی ئەوروپی ناو ڕۆمانەکان. بۆ لایەنگریی لە مافەکانی ژنان لە سنوورە بەرتەسکەکانی ڕەگەزی ئیسلام و شەریعەتدا چەقاوە کە هیچ مانایەکی بۆ ڕۆشنگەریی نییە، بەڵکوو پرسیارێکە بۆ لێکدانەوە و بۆچوونی خۆی. لە ڕاستیدا گەلێك فێمینیستی بوێریتر لە تورکیا و جیهانی عەرەب هەبوون کە زۆر لە تۆپوز بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانەتریان دەربڕیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەخنەیان لە ئایین و ڕۆڵی ئەو لە چەوساندنەوەی ژناندا گرتووە، چەواشەکارییان بۆ کراوە و لە کۆمەڵگا دوورخراونەتەوە.

بۆ دی بێلایگ"de Bellaigue"، یەکێکی دیکە لە ڕۆشنگەرە گوماناویەکان، ڕیفاء ئەت-تەهتاوی "Rifaʾa at-Tahtawi" میسرییە، کە یەکەم قوتابخانەی زمان و وەرگێڕانی لە قاهیرە لە ساڵی ١٨٣٥ دامەزراند. من خۆم دەرچووی ئەم زانکۆیە بووم لە قاهیرە و بە باشی دەیناسم. ڕیفاء ئەت-تەهتاوی هەموو شتێک بوو جگە لە ڕۆشنگەر. ئیمامی مزگەوتی کۆنەپەرستی ئەلئەزهەر بوو و بەردەوام بەدوای لێژنەیەکی یارمەتیدەری میسری کەوتبوو، کە لەلایەن محەمەد عەلی پاشا لە سەدەی نۆزدەهەمدا دامەزرابوو و پرۆژەکەیان ناردنی گەنجان بوو بۆ خوێندن لە شاری پاریس. بەرپرسانی ئەو سەردەمەی وڵات لەسەر تەندروستی سەربازەکانیان تووشی شۆک ببوون و بە ناهومێدیەوە بەدوای دوکتۆرێکدا دەگەڕان کە لە زانستی پزیشکیی مۆدێرن شارەزا بێ. بۆیە چەند کەسێکیان لە ڕێگای ئەم لێژنە یارمەتیدەرەوە نارد بۆ پاریس بۆ خوێندنی زانستی پزیشکی. ئیمامی زانستگەی ئەلئەزهەر واتە ڕیفاء تەهتاوی بۆ سیخوڕی و بۆ ئەوەی ڕێگریی لە قوتابیان بکات، نەکا ئەو گەنجانە شێوازی ژیانی فەرەنسی بگرنەبەر و ئیتر نەگەڕێنەوە بۆ میسر، لەگەڵ ئەو چەند قوتابییە ڕەوانەی پاریس کرا. دوای گەڕانەوەی ڕیفاء لە فەرەنسا، حاکمی سەردەم ڕایسپارد قوتابخانەیەکی زمانی بیانی دابمەزرێنێت، کە سەرەتا بە پلەی

یەکەم بەرپرسیار بوو لە وەرگێڕانی بەرهەمە پزیشکی و سەربازیی. ڕیفاء ڕاپۆرتێکی سەفەری سەبارەت بە مانەوەی پێنج ساڵەی لە پاریس نووسی. تیایدا ستایشی پاکوخاوێنی و ئەخلاقی کارکردنی فەرەنسییەکان دەکات، بەڵام ڕەخنە لە خواردنەوەی مەی و ئازادییان لە هەڵسوکەوتی جینسی دەگرێت. لەبارەی فەرەنسییەکانەوە دەنووسێت: "ئیمانیان ڕزیوە، چونکە پێیان وایە مێشکی فەیلەسوفەکانیان لە مێشکی پێغەمبەران باشتر و زیرەکترە. باوەڕە فریوکارییەکانیان وایان لێدەکات ئینکاری دیاریکردنی چارەنووسیان بکەن."[٨٨] لە درێژەدا دەڵێت: "دەوڵەتانی ئەورووپایی ڕەنگە لە بیرکاریی و زانستی سروشتیدا سەرکەوتوو بن، بەڵام نەیانتوانیوە ڕێگای ڕزگاری بگرنە بەر و بۆ ئایینی ڕاستەقینەی (ئیسلام) ڕێنوێنیی بکرێن."[٨٩]

ڕەنگە مرۆڤ وا بیر بکاتەوە کە ئەمە تەنیا هەڵوێستی سەردەمی گەنجیی ئەت- تەهتاوی بووبێ کە لە ئەوروپا تووشی شۆکێکی کولتووری بووە. بەڵام با بزانین لە دوا کتێبی خۆیدا چی لەبارەی ژنەوە نووسیوە: " ژنان دەبێ لە ماڵەوە بمێننەوە بۆ ئەوەی کاری ناوماڵ بکەن، پاڵپشتیی لە مێردیان بکەن، منداڵەکانیان بەخێو بکەن و چاوی خۆیان لە بینینی گوناە بپارێزن. (...) ژنان دەبێت خۆیان لە چاوی پیاوان بشارنەوە، پیاوەکەش سەیرکردنی ژنانی لا قەدەغەیە تەنانەت ئەگەر ژنی براکەی یان خوشکی ژنەکەشی بێت، بۆ ژنیش قەدەغەیە سەیری پیاوێک بکات کە هی ئەو

---

[٨٨] at-tahtawi, Rifaa'a: talkhīs al ibrīz S. ١٥٤-١٩٢

[٨٩] at-tahtawi, Rifaa'a: talkhīs al ibrīz S. ٦٨

نەبێت." هەروەها دژی هەڵگرتنی پۆستی کاریی ناو کۆمەڵ لە لایەن ژنانەوە بوو: "زانینی یاساکانی شەریعەت و بۆاری سیاسەت دیارییەکی ئاستەم و ئاڵۆزە کە بۆ مێشکی ژنان گەلێك گەورەیە و سەرەڕای ئەوەش ئایین ڕێگەیان پێنادات تێکەڵ بە بەرپرسانی پیاو بن."[٩٠] لە هەمان بەرهەمدا سەبارەت بە ئازادی نووسیویەتی: "مرۆڤ ئازادە و ڕێگەی پێدراوە بە ئازادیی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر خۆی بجووڵێنێتەوە. بۆی هەیە هەرچی بیەوێت بیکات بە مەرجێک یاسای شەریعەت و فەرمانی حاکم پێشێل نەکات. خەلافەت ئەرکێکە بۆ ئومەت بۆ ئەوەی یاساکانی شەریعەت بەجێ بێنێت و سزاکان جێبەجێ بکات (...) و سوپا کۆبکاتەوە".[٩١]

ئایا ئەم هەڵسوکەوتانە ڕیفاء التهتاوی دەکاتە ڕۆشنگەرێک؟ سروشتییە نا. چلۆن دی بێلایگ توانیویە ئەم ئاستە هێندە نزم بکاتەوە؟ کاتێک ئیمامێکی کۆنەپەرست، هەموو هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە یاسای شەریعەتەوە دەبەستێتەوە، بۆچی دەبێ تا ڕۆڵی ڕۆشنگەر بەرز بکرێتەوە؟ ئەو کارە یارمەتی کێ دەدات؟ ئایا ئەم چەشنە بیرۆکانە شایانی ئەوەن لە ڕۆحی ڕۆشنگەریی نزیک ببنەوە؟ یان لە پشت ئەم کارە چاوەڕوانییەکی ڕەگەزپەرستانەی نزمکردنە لەسەر بنەمای دروشمی: "ئەوە بۆ موسڵمانان لەسەریشیان زیادە"؟

---

[٩٠] at-tahtawi, Rifaa'a: al-murshid al-amin S. ١١٩-٢٨٢

[٩١] at-tahtawi, Rifaa'a: Sirat sakin al-Hijaz, ٣. Band, S. ٢٨

هەموو ئەو کەسانەی نووسەر وەک ڕۆشنگەریی ئیسلامیی ناوی لێبردوون، هەندێک هەڵسوکەوت و بیرۆکەیان لە ئەورووپاوە وەرگرتووە، چونکە وەک ئەرستۆکرات یان وەک لایەنگری دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆیان ئەو دۆخەیان بۆ ڕەخساوە خۆیان بگەیێننە وڵاتانی ڕۆژئاوایی. بەڵام بە چوار چەپکە گوڵ بەهاری لێ دروست نابێ، جگە لەوەش، ئەو کەسانەیان هەڵبژاردووە کە بە شێوەیك لە شێوەکان لەگەڵ ئیسلامدا بگونجێن. ئەوان وەك گورگێکی ناو مەڕان بوون، نمە ئاوێکی بچووک کە هەرگیز نەیتوانیوە وەك لافاوێکی بەهێز ڕەوتێك بە ناوی ڕۆشنگەریی وەڕێ بخەن کە بتوانێ هەموو شتێکی سەر ڕێگاکەی بسڕێتەوە و لە بنەڕەتدا گۆڕان بەسەر کۆمەڵگادا بێنێ. لە سەدەی نۆزدەهەمدا چینی ناوەڕاستی ئیسلامیی یان سیستەمێکی پەروەردەیی نەبوو کە بتوانێت ئەو بیرۆکانە هەڵبگرێت، پاڵاوتەیان بکات و بیانگوازێتەوە بۆ گشت کۆمەڵگا. سەرەڕای ئەوەش، دی بێلایگ ڕۆشنگەریی ئیسلامی بە شێوەیەکی گەلێك ئەرێنی دەبینێت، کاتێکیش شەڕی جیهانی یەکەم دەستپێکرد، بە "سنوورێکی دابڕان لە مێژووی ڕۆشنگەریی ئیسلامی" وەسفی دەکات و گوایە ئەم شەڕە موسڵمانانی لە مۆدێرنیتە بێبەش کردووە. دوای شەڕی جیهانی یەکەمیش، هێزە ئیسلامییە کۆنەپەرستەکان یان ناسیۆنالیستەکان دەستی باڵایان بەدەستهێناوە و هەڵسوڕاوانی ڕۆشنگەریی نەیانتوانیوە بەرپەرچی ئەمانە بدەنەوە.

کەواتە جارێکیتر ڕۆژئاوا بەرپرسە لە شکستی پرۆژەی جوانی ئیسلامی ڕۆشنگەریی. یەکەمجار بەهۆی شەڕە خاچپەرستەکانەوە شکستی هێنا، دووەمجاریش بەهۆی کۆلۆنیالیزم و شەڕی جیهانی یەکەمەوە. دی بێلایگ لەوەی ڕۆژئاوا هێندە خۆبەزلزان و ڕەخنەگرانە سەیری جیهانی ئیسلامی دەکات، گەلێك تووڕەیە. چونکە موسڵمانان وەک ئۆبژێکت نیشان دەدات، وەک قوربانی ئەبەدی ڕۆژئاوا و هەڵسوکەوتێك کە لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی ڕێزگرتن و دانپێدانانە. موسڵمانان بۆ سەرکەوتنیان ستایش دەکرێن، بەڵام بۆ هەرەسهێنانیان نەک خۆیان، بەڵکوو کەسانی دیکە بە تاوانبار دادەنرێن.

دی بێلایگ دەڵێ: "داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە ڕێگر بوو لەوەی بیرۆکە مۆدێرنەکان لەوێدا بە ئازادی باسیان لێوە بکرێ. لە کاتێکدا ئەورووپا بانگەشەی دیموکراسی و ئازادی دەکات، ناوچەکە کەوتۆتە ژێر کۆیلایەتی سیاسی و ئابووری." لە ڕاستیدا دوای شەڕی جیهانی یەکەم، ڕۆشنگەریی ڕاستەقینە لە جیهانی ئیسلامیدا هەبوون کە لە پێناو ئازادی و دیموکراسیدا خەباتیان کردووە، وەک خەلیل جبران "Khalil Gibran" و مایکل نایمی "Michael Naimy" لوبنانی، فەرەح ئەنتون "Farah Antun" و کۆنستنتین زورەیک" Constantin Zureik"ی سوری - بەڵام ئەوان هەموویان مەسیحی بوون و هەر بۆیە ناچنە ناو پۆلی ڕۆشنگەریی ئیسلامی. هەروەها تەها حسێن "Taha Hussein" هەبوو، یەکەم ڕۆشنبیری عەرەب کە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی لەسەر مێژووی ئیسلامی

بڵاوکردەوە و بووە وەزیری پەروەردە. هەروەها ئەحمەد لوتفی ئەس سەعید "Aḥmad Luṭfī as-Saiyid" هەبوو، یەکەم بزووتنەوەی لیبراڵی لە میسر دامەزراند، نووسینەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتونی وەرگێڕا بۆ سەر زمانی عەرەبی و ئازادیی تاکی وەک پێشمەرجێک بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگایەک دەبینی. بۆ ئەو حوکمڕانیی مافێکی خوای گەورە نەبوو، بەڵکوو گرێبەستێک بوو لە نێوان حاکم و خەڵکدا – بەڵام بۆ بەرژەوەندیی خەڵک. دەستپێشخەری هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی پارەی کرد بۆ دامەزراندنی یەکەم زانکۆ لە میسر (زانکۆی میسریی قاهیرە)، بوو بە سەرۆکی زانکۆ و هانی ژنانی میسری دا بۆ خوێندن لەم زانکۆیە. یەکەم دەرچووان لە ساڵی ١٩٣٢ بڕوانامەکانیان وەرگرتووە. لوتفی بە ڕێگاخۆشکەری لیبرالیزم و عیلمانی میسری دادەنرێت.

هەر لە ساڵی ١٩١٩دا ژنانی میسری لە گۆڕەپانی مەیدانی تەحریر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و وەک نیشانەی نارەزایەتی دژی خەلافەتی عوسمانی سەرپۆش و چارشێویان لەسەر خۆیان لابرد. هەر لەو ساڵەدا شۆڕشی میسر دژ بە دەسەڵاتی بەریتانیا هەڵگیرسا. دوای سێ ساڵ میسر سەربەخۆیی بەدەست هێنا و بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا دەستوورێکی نووسی کە زۆر پێشکەوتنخوازانە بوو. لەوێدا نووسراوە: "ئازادی بیروباوەڕ بۆ موسڵمانان، مەسیحی، جولەکە، بەهایی و بۆ کەسانی غەیرە ئایینی ڕەوایە"، ساڵی ١٩٢٤ بۆ یەکەمجار هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، پارتی لیبراڵ ئەلوەفد "al-Wafd" لە پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت. لەم

قۆناغەدا، سەرۆکی کۆمەڵگەی جولەکەکانی قاهیرە، جۆزێف ئەلسان کاتاوی پاشا "Joseph Alsan Cattaui Pasha " کە هاوکات کاری لەسەر دەستوور کردبوو، بوو بە وەزیری دارایی. هەروەها قبتی مەسیحی ڕامسێس ویسا وەسێف "Ramses Wissa Wassef" بوو بە سەرۆکی پەرلەمان.

دوای نزیکەی ٢٥ ساڵ، دامەزراندنی ئیسرائیل و شکستی سوپای عەرەبی دۆخێکی ئیلهامبەخش بوو بۆ ناسیۆنالیستەکان و ئیسلامیستەکان. کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٢ی جەمال عەبدولناسری سۆسیالیست، میسری بۆ دەیان ساڵ دواخست. ناسر پەرلەمانی هەڵپەسارد و پارتە سیاسییەکانی هەڵوەشاندەوە. شەڕ دژی ئیسرائیلی کردە ئەرکی سەرەکی خۆی و وڵاتی میسری لە جیهان دابڕاند. دامەزراوەی ئەلئەزهەری بە نیشتمانی کرد و بۆچوونە ئایینییەکانی بۆ خزمەت بە سیاسەتەکەی بە خراپ بەکارهێنا. کاتێک وڵاتەکە لە شەڕی شەش ڕۆژەدا لە ساڵی ١٩٦٧ تووشی شکستێکی تاڵ بوو، ئیسلامیستەکان خۆیان وەک ئاڵترناتیف یاخود بەدیلێک بۆ لیبرالیزم و سۆسیالیزم پێشکەش کرد. جارێکیتر گەڕانەوە بۆ باوەشی ئایین، بڕیار بوو ڕێگای ڕزگاریی کۆتایی بێت. "تەنیا ئیسلام چارەسەرە" دروشمی ئیخوان ئەلموسلیمین بوو کە دوای قۆناغێک گۆشەگیری سیاسی دیسانەوە سەریانهەڵدابۆوە. خەڵک باسیان لە "وەخەبەرهاتنی ئیسلامی" دەکرد و ئەمەش لەبری ئەوەی هەوڵبدەن بە پەیوەندیی بە داهاتووەوە چارەی بۆ بدۆزنەوە، بە مانای ڕزگارییەك بوو بۆ گەڕان بەدوای ڕابردوودا.

له میسر قۆناغی لیبرالیی و هەنگاونان بەرەو مۆدێرنیت تەنیا توێژێکی تەنکی لێمابۆوە کە لە کاتی یەکەم قەیراندا لێك بڵاو بۆوە و توونا کرا. ئەوەی کە هێزە ئۆرتۆدۆکس واتە زێدەڕۆیەکان کاریگەرییان وەرگرتەوە لە کۆتاییدا هەڵەی خودی مرۆڤ بوو. بەڵام دیسانەوە لە دەرەوەی بازنەی خۆیان بە دوای تاوانکاردا گەڕان، ئەمجارەیان ئیسرائیل بوو بە تاوانکارەکە. ڕەنگە مرۆڤ بە گەڕانەوە بۆ دواوە لەبیری بهاتبایەوە کە عەرەبەکان لە ڕووی کولتوورییەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر لە سەردەمەکانیتر باڵاتر بوون. مرۆڤ دەیتوانی بە کراوەیی بەرامبەر کاریگەریی و زانینی کولتوورەکانی دیکە بەدوای هۆکاری هەرەسهێنانەکاندا بگەڕێت. مرۆڤ دەیتوانی ئەو زانا و فەیلەسوفە ئێرانی و عەرەبانە و ئەو موسڵمانە پێشکەوتنخوازانەی لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بانگەشەیان بۆ کراوەیی و ئازادی زیاتر دەکرد، وەبیر خۆی بێنێتەوە. بەڵام هەموو ئەم وێنە خێرایانە هیچ سوودێکیان نییە کاتێ ئەم زانستە درەوشاوانە لە سیستەمی پەروەردەی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی گرێ نەدراون و لە یادەوەریی بەکۆمەڵدا بەزەحمەت باسیان لێوەکراوە.

## بەشی سێزدە

### لە پرۆمیتیۆس"Prometheus"ەوە تا ئەدۆرنۆ"Adorno": ڕۆشنگەری مانای چییە؟

ئەگەر ئەمڕۆ لەخۆمان پرسیار کەین ئایا ڕۆشنگەریی لە جیهانی ئیسلامیدا گونجاوە - چونکە بەڕای من هێشتا ڕووی نەداوە- دەبێت سەرەتا ئەو دیوارە بەرزانەی تیۆلۆژی، فیکری و دەروونناسییانە دەستنیشان بکەین کە لە نێوان ئاینی ئیسلام و ڕۆشنگەریدا وەستاون.

ڕۆشنگەریی ئورووپی لە سەدەی هەژدەهەمەوە دەستی پێکرد، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن. ئەو سەردەمەی فەلسەفە لە سکی ئەفسانەکاندا لەدایک بوو. ئەو شوێنەی یەکەم سەرچاوە بوو بۆ خەیاڵی بێ سنوور، خوداکان، مرۆڤ، دێو و جندۆکەکان. یەکەم ئاسەواری ڕۆشنگەریی لە ئەفسانەی پرۆمیتیۆسدا"Prometheus" دەبینینەوە، کە پارچە گۆشتی بەچێژی (ئاماژە بە زەوییە) نەک هەر پێشکەش بە خوداوەندەکان، بەڵکوو بە مرۆڤیشی دەکرد. ئاگر (هێمای زانین و ئازادی) لە خوداوەندەکان دەدزرێ تا مرۆڤ چێژ لە گۆشتەکە وەربگرێ. وەک سزایەک دەبەسترێتەوە و مرۆڤێکی ماقووڵ

خەریکی خواردنی جەرگی بووە، کە جەرگەکە بەردەوام خۆی نویێ دەکردەوە. لە کۆتاییدا پاڵەوانی ئەفسانەکە هێراکلیس "Herakles" ئازادی دەکا و بە تیرێك مرۆڤە ماقووڵەکە دەکووژێت.

ئەم چیرۆکە چیرۆکی دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە. لە چیرۆکی ئایینی مەسیحی- جوولەکە، بەڵام لە چیرۆکی موسڵمانانیشدا، خودا لە ئادەم و حەوا قەدەغە دەکات لە داری زانست یان داری ئەبەدیی، میوە لێکەنەوە و بیخۆن. بەڵام بەهۆی کنجکۆڵییان وەسوەسە دەکرێن و تامی میوەی قەدەغەکراو دەچێژن. وەک سزایەک لە بەهەشت دەردەکرێن. بەپێی گێڕانەوەی پەرتووکی قورئان ئادەم تووشی تاوانباریی دەبێت و لە کارەکانی خۆی پەشیمان دەبێت و ملکەچی خودا دەبێتەوە.

بەڵام جیاوازییەکی یەکلاکەرەوە لە نێوان چیرۆکی پرۆمیتیۆس و چیرۆکی ئادەم و حەوادا هەیە. گێڕانەوەی ناو کتێبی قورئان گێڕانەوەی گوناە، سزا و تۆبەیە، کە زانین و سەربەخۆیی مرۆڤ بە مەترسی دەناسێنێت. ئامانج لەم گێڕانەوەیە دانانی خودایە وەک دەسەڵاتی باڵا و نزمکردنەوەی مرۆڤ بۆ قبوڵکردنی ئەو سنوور و کۆت و بەندانەی کە خودا بۆی دیاری کردوون.

بەڵام بە پێچەوانە لە ئەفسانەی پرۆمیتیۆسدا زانین و زانست ڕزگارکەرە، هەروەها ئامانجی خوازراو و سەرەکیی سەربەخۆیی مرۆڤە لەهەنبەر خوداکان. من مرۆڤە ماقووڵەکە وەک هێمای ویژدانی تاوانبار کە پرۆمیتیۆسی تووشی ئازار کردووە و ئەو تیرەی مرۆڤە ماقووڵەکە دەکووژێت وەک هێمای بەرپرسیارێتی کەسی

و سەربەخۆیی دەبینم. پرۆمیتیۆس نەک هەر دەبێ بەسەر ترسی خۆی لەهەنبەر خوداکاندا زاڵ بێت، بەڵکوو دەبێ هەستی کەمتەرخەمی و ناشایستەیی خۆی بناسێ، کە دواجار زیاتر لە خودی خوداکان دەبنە هۆکار بۆ کۆیلەکردنی.

ئەمە سەرچاوەی پێناسەی کانتە بۆ ڕۆشنگەریی: "دەرکەوتنی مرۆڤ لە چوارچێوەی خۆ بە تاوانباردانان و ناسەربەخۆییەوە." کانت مەبەستی ئەوەیە کە ناپێگەیشتوویی و ناسەربەخۆیی ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بە بێ پشت بەستن بە ڕێنمایی کەسانیتر، عەقڵ و بلیمەتیی خۆی بەکاربهێنێت. ئەو مرۆڤانەی تووشی ئەم دۆخە دەبن لە جیاتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی سەربەخۆ، کوێرانە شوێن بۆچوون و ڕێنمایی دەسەڵاتداران دەکەون. ئیتالیایی دەڵێن: "!Sapere aude"واتە "ئازا بە و مەترسێ". کاتێ مرۆڤ بوێری ئەوەی هەبێت تێگەیشتنی خۆی بەکاربهێنیت، بۆ کانت ئەمە خۆی دروشمێکی ڕۆشنگەرییە. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت، ڤۆڵتێر"Voltaire"،و جۆن ستوارت میل"John Stuart Mill" و نیتچە "Nietzsche" منداڵی پرۆمیتیۆسن – زانستی فەلسەفە و مرۆڤگەرایی، کە مرۆڤ، تێگەییشتوویی و هەڵسوکەوتەکانی لە ناوەندی باسەکەدا دەگونجێنن، بەبێ ئەفسانە بیری لێناکرێتەوە. هەروەک چلۆن کەسێک لە ئەویترەوە سەریهەڵداوە، ڕۆشنگەریی و بنەماکانی بەبێ فەلسەفەی یۆنانی وەڕێ نەدەکەوت. چونکە نەک هەر هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتگەلێکی ئەبستراکت وەک ڕاستەقینە و

بەختەوەریدا دەکات، بەڵکوو هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوڵەت، سیستەمی پەروەردە و ئەرکی کۆمەڵایەتیشدا دەکات.

جگە لەوەش ڕۆشنگەریی ئورووپی منالێکی ململانێی سێ قۆڵی نێوان دەسەڵات، ئایین و مرۆڤە. دەرئەنجامی دینامیکی کۆمەڵایەتییە لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستەوە و لە ڕۆحێکی گەڕانەوە سەریهەڵداوە کە نەک هەر ویستویەتی زەوی ژێردەستە بکات، بەڵکوو دەیهەوێ لە سروشت و گەشەسەندنی بوونەوەرە زیندووەکانیش تێبگات. ڕۆشنگەریی منالی ئەو بیرۆکەیە کە مرۆڤ خۆی چارەنووسی خۆی لە قاڵب دەدا و لە دوورەوە و لەلایەن هێزێکی میتافیزیکییەوە کۆنترۆڵ ناکرێ. ئەو مندالی شۆڕشی کۆپەرنیکۆسە، کە بیرۆکەی مرۆڤی سەبارەت بە گەردوون لە بنەڕەتەوە گۆڕی. شۆڕشی پیشەسازییە کە بە خولقاندنی چین و توێژی نوێ، جیهانی کار و دینامیکی کۆمەڵایەتی گۆڕی. تیۆری گەشەسەندنی داروینییە کە هۆندنەوەی ئەفسانەی چیرۆکی ئینجیلی هەڵوەشاندەوە و شۆڕشێکی گەورەی لە زانستدا سەبارەت بە سەرچاوەی مرۆڤ پێکهێنا. شۆڕشی جینسی ڕۆڵی هاوسەریی نەریتی گۆڕی و شوێنەوارناسی تێڕوانینێکی نوێی بۆ دەقە ئایینییەکان دروست کرد و تەفسیرێکی نوێی لێخولقاندن.

ئەم مێژووە پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆز بووە هاورێ لەگەڵ هەنگاوی هەڵە و ڕاستکردنەوەیان. لە ڕووی سیاسییەوە ڕۆشنگەریی لە ئەنجامدا دیموکراسی، دابڕانی نێوان زلهێزەکان،

ئایین و دەوڵەتی (تەنانەت ئەگەر بە تەواویش جێبەجێ نەکرابێتن) بەدوای خۆیدا هێنا. لە ڕووی ئابوورییەوە بووە هۆی پێکهێنانی بازاڕی جیهانی، لە ڕووی پەروەردەییەوە بووە هۆی ئازادی توێژینەوە و ڕاهێنان. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بووە هۆی فرەچەشنی و یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو، زۆرینە و کەمینە و پەروەردەی باشی منداڵان کە تێدا ئیتر ترس هیچ رۆڵێکی نەبوو. ڕۆشنگەریی بیرکردنەوەی ڕەخناوی هێنایە ئاراوە، کە فەرمییەتی بە ئادۆرنۆ"Adorno" و هۆرکهایمەر"Horkheimer" دا کە ڕەخنە لە خودی ڕۆشنگەرییش بگرن.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە، ڕۆشنگەریی قۆناغێکی تەواوکراوی مێژوویی نییە، بەڵکوو ڕەوتێکە کە بەردەوام پاڵاوتە دەکرێ و پەرەی پێدەدرێ. بەڵام سەرکەوتنێکی ئوتۆماتیکیش نییە، بەڵکوو ڕەوتێکە کە دەبێت بەردەوام ڕابگیرێ بۆ ئەوەی پاشەکشە نەکات. ڕۆشنگەریی میوەیەک نییە کە بە سادەیی لە دار لێبکرێتەوە و چێژی لێ وەربگیرێ، بەڵکوو دارێکە کە دەبێ دابچێنرێ، بە حەوسەلە پەروەردە بکرێت، لەهەنبەر با و زریان و ئیشکساڵی بپارێزرێت، ئاو بدرێت تا گەشە بکات و خۆی بڵاوکاتەوە. دارێك کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە زەویدا چەقاندبێ و بتوانێت میوەیەکی زۆر بەرهەم بهێنێت. ڕۆشنگەریی شێوازێکی ژیان و هەڵوێستێکە بەرامبەر بە مرۆڤ، گەردوون و کۆمەڵگا کە بە ئەزموون، عەقڵ، زانست و چاوکراوەیی مرۆڤ خۆی بەهێز دەکات.

لێبوردەیی ئایینی پایەی ڕۆشنگەرییە، بەڵام ڕێفۆڕم و چاکسازی لە ئایین خۆی شوێنێکیتری بیناسازییەکەیە کە دەتوانێت سوود لە ڕۆشنگەریی وەربگرێت ئەگەر بیرمەندان و ڕەخنەگرانە یەکسەر وەک کافر مەحکوم نەکات. هەر لەبەر ئەوەشە مرۆڤ ناتوانێ باسی ڕۆشنگەرییەکی ئیسلامی یان مەسیحی بکات، چونکە ڕۆشنگەریی هەرگیز لە سکی ئاینەوە لەدایك نەبووە و خۆی بە ئایین و دەقەکانیەوە سنووردار ناکات. بەڵام دەتوانێت لەگەڵ ئاییندا بکەوێتە ناکۆکیەکی مەترسیدارەوە کاتێک ئایین دژایەتی زانست، ئازادیی ڕادەربڕین یان مافی مرۆڤ بکات، وەک چۆن ئیسلامی زێدەڕۆ دەیکات.

## ئایا دەکرێت ڕێفورم و چاکسازی لە ئایینی ئیسلامدا بەڕێوەبچێ؟

ئەگەر ئەو چەند ساتە درەوشاوەییەی مێژووی ئیسلامی لەبیر بکەین و سەرنجمان زیاتر لەسەر ئەمڕۆ چڕکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت جیهانی ئیسلامیی کۆمەڵێک کێشەی هەیە کە وەك دیوارێکی بەرز لە نێوان خۆی و ڕۆشنگەریی هەمەلایەنە وەستاوە:

**١:** یەکێك لە کێشەکان چلۆنایەتی خوێندنەوەی مێژوو، هەروەها چەمکی کاتیی لەخۆ دەگرێ: زۆرینەی موسڵمانان لەسەر ئەو باوەڕەن باشترین کات لە مێژوودا سەردەمی پێغەمبەر واتە محەمەد بووە، چونکە ئەوە دواجار بووە کە خودا قسەی لەگەڵ مرۆڤ کردووە. ئەرکی ناردنی پێغەمبەر وەک وەرچەرخانێک لە مێژووی جیهاندا سەیر دەکرێت. هەموو شتێکی پێش ئەو قۆناغە بە سەردەمی تاریکی و نەزانی دادەنرێت. هەموو ئەو شتانەی دوای ئەویش ڕوویانداوە، بێمانان، چونکە پێغەمبەر خۆی تەواوکەری مێژووە. محەمەد خۆشی دەڵێ: "باشترین سەدە، سەدەی منە."[٩٢] ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو کولتوورەکانی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام و زانستەکانیان بێ بەها و بی مانا دادەنێ. هاوکاتیش بەو مانایەیە کە مرۆڤ تا زیاتر لە سەردەمی پێغەمبەر

---

[٩٢] Sahih al-buchari, Hadith Nr. ٦٤٢٩

دوور بکەوێتەوە، کات و دەستکەوتەکانی کەمتر گرنگیان پێدەدرێ. لەسەر ئەو بۆچوونە زۆرینەی موسڵمانان لە قۆناغی کاتیی تێپەڕبووی سەرەمی محەمەد چەقیون و پێیان وایە ڕزگاربوونیان لە گەڕاندنەوە بۆ ئەو سەردەمە و پەیوەست بە پێکهاتەی یەکەم کۆمەڵگای پێغەمبەرە.

**٢:** کێشەی دووهەم لەگەڵ ئەفسانە، فەلسەفە و زانستدایە: چیرۆك و ئەفسانەی ئایینی ئیسلام بە مێژوو دادەنرێن و وەک ئەفسانە یۆنانیەکان شوێن یاخود فەزایەکی کەم بۆ هێزی لێکدانەوە پێشکەش دەکەن. هەروەها فەلسەفە بەو مەرجەی بوونی خودا و ڕاستەقینەبوونی ئیسلام نەسەلمێنێت و بیانخاتە ژێر پرسیارەوە، بێ کەڵک و بە درۆ دادەنرێت. جگە لەوەش فەلسەفە و زانست پێشگریمانەی گومان پێکدێنن، بەڵام گومان لە ئیسلامدا فەزیلەت نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە. موسڵمانان لە دۆعاکانیاندا دەڵێن: "من لە هەنبەر کوفر و گۆماندا پەنا بۆ خودا دەبەم." لەبەرئەوەی "گومان" و "کوفر" وەک جووتێک سەیر دەکرێن، زۆرێک لە فەیلەسوف و زانایان بە درێژایی مێژووی ئیسلام لەلایەن زانایانی ئایینیەوە بە کافر ناسێنراون.

**٣:** ڕەخنە لە قورئان و پێغەمبەر: قورئان بە دوا گوتەی ڕاستەوخۆی خودا بۆ مرۆڤ دادەنرێت. پەیامەکەی نەک هەر ڕێنمایی ڕۆحی بۆ باوەڕداران لەخۆدەگرێت، بەڵکوو یاساکانی چلۆنایەتی ژیانی ڕۆژانە و هەموو بوارەکانیتری ژیانیان لەخۆ دەگرێ. پەیرەوکردنی ئەم یاسایانە یان سەرپێچیلێکردنیان لە

ئایینی ئیسلامدا بڕیارێکی ئازادانە نییە. پێشێلکاریی لە یاساکانی ئایین لەم جیهانەدا بە سزای جەستەیی و لە قیامەت بە ئازار و سووتاندن لە دۆزەخدا سزا دەدرێت. پابەندبوونی بێ ئەملاوئەلا و ئۆتۆماتیکی بەم یاسایانە ڕێگری دەکات لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕۆشنگەریی وەک سەربەخۆیی، ئازادیی و ڕزگاربوون لە ترس. بەرزکردنەوە و زێدەڕۆیی کردن لە دەقەکانی ناو کتێبی قورئان، لە چوارچێوەی کۆنتێکستی مێژوویی و کۆمەڵناسی، گەلێك جاوازە و گۆنجان و لێکدانەوەی بۆ جیهانێکی مۆدێرن گەلێك قورس دەکات. بەڵام تەنانەت ئەگەر هەندێک لە ڕیفۆرمخوازان بە شێوەی شەفاف هەوڵی شرۆڤەکردنی دەقەکە بدەن، ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە دەبنەوە کە بۆ لێکدانەوەیەکی گونجاوی دەقەکە هەست بە دژ و پێچەوانەیی دەکرێ. ئایەت هەن کە ستایشی جولەکە و مەسیحییەکان دەکەن و ئایەیتریش هەن سووکایەتیان پێدەکەن. دەتوانی ئایەی تێدا بدۆزیتەوە کە ڕێز لە ژن دەگرێ و ئایەیتر ڕێگە بە پیاوان دەدا لە ژنەکانیان بدەن و هتد.. هەمان دژ و پێچەوانەبوون لە ئایەکاندا بۆ کەسایەتیی خودی پێغەمبەریش دەگونجێت، کە وەک نمونەیەکی سیاسی و ئەخلاقی بۆ زۆربەی موسڵمانان تەنانەت لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا خزمەت دەکات. وەک بانگەشەکەری پەیامی کۆتایی خودا، نەک هەر بە نموونەیەکی تەواو دادەنرێ، بەڵکوو ڕەخنەگرتن یان دەستێوەردانی گونجاو نییە. هەر ڕەخنەیەک لەلایەن مرۆڤی موسڵمان یان غەیری موسوڵمانەوە لێی بگیرێت، بە لەسێدارەدان سزا دەدرێت. ئیبن تەیمییە"Ibn Taimīya" زانای ئایینی دەیان

بەڵگەی لە مێژووی پێغەمبەر و لێدوانەکانی کۆکردۆتەوە کە پاساو بۆ کوشتنی کەسێک دێنێتەوە، کە سوکایەتی بە پێغەمبەر کردبێ. کارتۆنیستەکانی دانمارک، فەرەنسا و سوید کە بوێری ئەوەیان بووە وێنەی پێغەمبەر بکێشنەوە، بەداخەوە تاڵیی ئەم دۆخەیان ئەزموون کردووە.

**٤:** یەکیتر لە کێشەکان وێناکردنی خودایە: کەسایەتیی خودا لە پەرتووکی قورئاندا وەک سەرکردەیەکی عەشیرەت وەسف دەکرێ کە هەم کەسێکی باشە و هەم تووڕەیە. ئەو فەرمانانە دەردەکات کە پێویستە و دەبێ باوەڕداران بەبێ پرسیار یان ڕەخنە گوێڕایەڵی لێ بکەن. لە دڵ و ناوەندی ئەم پەیوەندییەدا "ترس" لە تورەیی و سزای خودا لەسەرووی هەمووشتێکەوە وەستاوە.

**٥:** کێشەیەکیتر لەگەڵ تاکگەرایی، ئازادی و سەربەخۆیی جەستەی مرۆڤە. ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیدا سەریهەڵدا و پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگا وەدواکەوتووەی پیشە کرد. تاک لە ئایینی ئیسلامدا دەبێت خۆی بخاتە خزمەت کۆمەڵگاوە. بۆ دانپێدانانی کۆمەڵگا بە تاك بە پەیڕەوکردنی یاساکانی ناو کۆمەڵ هیچ ئازادییەکی ڕادەییشی پێنادرێ. ئەم کێشەیە بە تایبەتی بۆ ژنان گەلێك زەقە. باوک و برای کۆنترۆڵی ئەو و جەستەی دەکەن، بڕیار دەدەن چی لەبەر بکات، لە خواردن و خواردنەوەوە تا ئەو کاتەی"خاوەنەکە"ی لە باوکەوە بۆ مێردەکەی دەگۆزرێتەوە.

**٦:** کێشەیەکیتر ئازادی ڕادەربڕین و خۆتێهەڵقوتانی"خەڵک"ییە: یەکێک لە بەردی بناغەی ڕۆشنگەریی ئازادی ڕادەربڕینە. تەنیا کاتێک هاوڵاتییەک لە دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونەکانی نەترسێت - بۆ نموونە سەبارەت بە ئایین، دۆخی کەسی و سیاسەت - کۆمەڵگا دەتوانێت گۆڕانی بەسەردا بێت. تەنیا هاوڵاتییەکی ئازاد دەتوانێت کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی بکات. ڕۆسۆ "Rousseau" لە بەرهەمە سیاسی-تیۆرییە سەرەکییەکەیدا بەناوی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی یان بنەماکانی یاسای سیاسی" لە ساڵی ١٧٦٢، پێناسەی سیتۆین"Citoyen"[٩٣] بەم شێوەیە دەکات: "هاوڵاتی مرۆڤێکی سیاسییە کە نەک بەرژەوەندیی تاکەکەسی خۆی، بەڵکوو بەرژەوەندیی هاوبەش دەردەبڕێت. ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشە تەنیا لە کۆی دەربڕینی ئیرادەی تاکەکەسی سنووردار نییە، بەڵکوو ئەو سنوورە تێدەپەڕێنێت." بەڵام لە مێژووی ئیسلامدا خەڵک باس لە هاوڵاتی ناکەن، بەڵکوو بە بەردەستانی حاکمێک یان بەندەکانی خودا باسیان لێوەدەکرێ. مرۆڤ بەو شێوەیە پلەبەندی کرابوون: پیاوە موسڵمانەکان کە لە بنەماڵەی عەرەبی بەرزەوە هاتبوون لە لوتکەی پلەبەندیەکەدا دانرابوون، دواتر شەڕکەری موسڵمان کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام شەڕیان کردووە، پاشان ئەو موسڵمانانەی بەشداری شەڕ نەبوون، دواجاریش مەسیحی و جولەکەکان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدا بە هاوڵاتی پلە سێ

[٩٣] سیتۆیێن ئاماژەیە بۆ ئەو هاوڵاتیەی کە بە نەریت و ڕۆحی ڕۆشنگەریی، چالاکانە و بەرپرسیارانە بەشداری کۆمەڵگا دەکات و لە داڕشتنیدا یارمەتیدەر دەبێ.

هەژمار دەکران و ئەوکات مافی ژیانیان پێدەدرا، کە باجی سەرانە بە حکوومەت بدەن. لە قاتی ژێرەوەی ئەم پلەبەندییە ژنان و مرۆڤی کافر وەستاون.

**٧:** کێشەیەکیتر بوونی دەوڵەت بوو: لە بنەڕەتدا بیرۆکەی خەلافەتی پان ئیسلامی دژایەتی عەقڵیەتی خێڵەکی عەرەبی نەریتی دەکات. ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی ئیسلامی کە چەندین نەتەوە و زمانی لەخۆگرتبوو، لە ڕاستیدا سەپاندنێک زیاتر نەبوو. هەر بۆیە عەرەبەکان لە سەردەمی خەلافەتی یەکەمدا بە شێوەیەکی بەرفراوان ستەمیان لەهەنبەر ئێرانی، مرۆڤی بەربەر، قیبتی مەسیحی و سوریەکان بەرێوەبردووە. سەرەڕای ئەوەش، بۆ ماوەی ١٣ سەدە، خەلافەت وەک تاکە شێوەی حوکمڕانی واتە لەسەر ئەو شێوازەی موسڵمانان دەیناسی، مایەوە، هەرچەندە خەلافەت چەند جارێک کورسییەکەی گۆڕی - لە مەدینەوە بۆ کوفە، پاشان بۆ دیمەشق، بەغدا، کۆردۆبا، قاهیرە و ئەستەنبوڵ. لایەنە هاوبەشەکانی خەلافەت و خێڵەکان بەردەوام هەوڵی فراوانکردن و داگیرکاریی دوبارە و هەڵکوتانە سەر سنوورەکانی خۆیان دەدا. دوای ڕووخانی دوایین خەلافەتی عوسمانی، زۆرێک لە موسوڵمانان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بیرۆکەی دەوڵەت - نەتەوەیی مۆدێرن کێشەیەکی جیدیان هەبوو، چونکە سنووری پتەو و جێگیریان پێکدەهێنا، هاووڵاتیانی خۆیان نەک بەهۆی ئایینەکەیان بەڵکوو لەسەر دڵسۆزییان بۆ دەوڵەت هەڵدەسەنگاند. لەبری دەوڵەتێکی نەتەوەیی، ئیسلامیزمی مۆدێرن هەوڵ بۆ دەوڵەتێکی پان ئیسلامی دەدات کە هەموو موسڵمانان

لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بمێننەوە - وەک شێوازەی سەردەمی خەلافەت. لە چاوی زۆرێک لە موسڵماناندا حاکمی ئایدیاڵ کەسێکی دیموکراتیک نییە کە لە ڕێگەی هەڵبژاردن و حوکمی فەرمییەت بە دەستوورێکی مۆدێرن هاتبێتە سەر دەسەڵات، بەڵکوو دیسپۆتێکی دادپەروەرە کە هەموو دەسەڵاتێکی بەدەستەوە بێت و دڵنیایی بدەدات لەوەی دادپەروەرێکی زاڵ بێت. فۆرمێکی حکومەت کە جیاوازی نێوان دیکتاتۆر و دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵکەر نازانێت، بەڵکوو هەموو دەسەڵاتەکە بخاتە دەستی کەسێك، لەسەر ئەو هیوایەی چارەنووسی وڵات بە باشی بەڕێوەببات. ئەم بیرۆکەیەش ئاماژەیە بە ڕابردوو و خەلیفە لە شوێنی سەرۆکی عەشیرەت قوت دەکاتەوە.

## پرسیارێکی عەقڵانی؟

لێرەدا پرسیارێکی کافرانە دێتە ئاراوە: ئایا ڕۆشنگەریی دژایەتی عەقڵیەتی ڕۆژهەڵاتی دەکات؟ ئایا عەقڵیەتی خێڵەکی و بەرزکردنەوەی ئایین بەربەست لەسەر چەشنە دەوڵەتدارییەکی مۆدێرن پێکناهێنێ؟

من خۆم پرسیاری یەکەم بە "نا"یێکی ڕوون وەڵام دەدەمەوە. چونکە فەزای کولتووریی بە هیچ شێوەیەك نەگۆڕ نامێنێتەوە. ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست تەنیا لانکەی سێ ئایینی یەکتاپەرست نییە، بەڵکوو شارستانیەتی کۆنی میزۆپۆتامیا و فیرعەونی و ئێرانییەکانیش کە زانستێکی زۆریان بە مرۆڤایەتی بەخشیوە، لەو ناوچانەوە سەری هەڵداوە. هەروەها ئەم ناوچەیە بۆ ماوەیەک بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی یۆنانی و پاشان ڕۆمی و بەشداریی لە هەردوو کولتوورەکەدا کردووە. ئەورووپا خۆشی پێش ئەوەی بە قۆناغی ڕۆشنگەریدا تێپەڕێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە خورافات، کۆنەپەرستی و شەڕی ئایینیدا نوقم ببوو. گۆڕان تەنیا پرەنسیپی سروشت نییە، بەڵکوو تایبەتمەندی مرۆڤ و کولتوورەکانیشە. بەڵام چلۆن سەرکەوتوو دەبێت؟

ڕەنگە ئێمە لە ڕابردوودا ئەو هەڵەیەمان کردبێت کە ئەزموونی چاکسازیی ئەرێنیی تا ڕادەیەکی زۆرمان بۆ ئیسلام گواستبێتەوە.

ئێمە پێمان وابوو تەنیا چاکسازیی لە ئیسلامدا دەتوانێت ببێتە هۆی مۆدێرنیزاسیۆن، ئارامکردنەوەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان و بەم پێیەش بەشێکی زۆری جیهان. بەڵام ئەم چاکسازییە نەک هەر زۆر قورسە، بەڵکوو نەگونجاوە. بە پێچەوانەی ئایینی مەسیحی، هیچ پیاوێکی ئایینی "ناوەندێکی فەرمی" لە ئیسلامدا نییە چاکسازییەکان پەسەند بکات یان ڕەتیان بکاتەوە. ئەو هەمەچەشنییەی لەناو ئیسلامدا پیرۆزانە شانازی پێوە دەکرێت، نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندیی ئایینی بڕیاردەرە بۆ کێشەکان. چونکە ئەگەر بۆ نموونە مرۆڤ بوێری ئەوەی هەبێت چاکسازی لە دامەزراوەی ئەلئەزهەری سوننە لە میسر بەڕێوەبەرێ، ئەوە بۆ موسڵمانانی ئێرانی شیعە و سەنیگال کە لە ژێر کاریگەری سۆفیگەردان، هیچ بایەخێکی نابێت. تەنانەت لە دەوڵەتە سوننەکانیتریشدا ئەلئەزهەر دەسەڵاتدار نییە. کاتێک یاسادانەرانی تونس لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕایانگەیاند کە لەمەودوا ژنێکی تونسی بەقەد براکەی خۆی میراتی وەبەر دەکەوێت و دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی غەیرە موسڵمانیش بکات، ئەلئەزهەر ناڕەزایەتی دەربڕی و ئەم ڕێسا نوێیەی بە نائیسلامی ڕاگەیاند. کە دواتر هەندێک لە ئیمامەکانی تونس وەڵامیان دایەوە، ئەلئەزهەر نابێت دەستوەردان لە کاروباری تونسدا بکات. لە لایەکی دیکەوە، شازادەی جێنشینی سعودیە، محەمەد بن سەلمان، چەندین چاکسازی ڕاگەیاند، بەو پێیەی چاکسازییەکانی لەگەڵ دەقە ئیسلامییەکان نە دەگونجا و

نەدەکرا پاساویان بۆ بێنێتەوە، نەك هەر لە دەرەوە بەڵکوو لەناو وڵاتەکەی خۆشیدا بەرخۆدانی لێکەوتەوە.

ئەمەش خۆی کێشەیەکیترمان بۆ دروست دەکات. مشتومڕ لەسەر ئەگەری چاکسازییەکان لە دەوری دەقە ئیسلامییەکان دەسوڕێتەوە. باسەکە لەسەر ئەوەیە قورئان بەڕاستی مەبەستی چی بووە و ئایا ئەم فەرموودە، یان ئەو پەیامەی حەدیس، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر؟ تەنانەت چاکسازیی پێشکەوتنخوازیش ئاماژە بە قورئان دەکەن و ئاماژە بەو بڕگە یان ئایەتانە دەکەن کە ئاشتیخوازانەن. مرۆڤ لەو بۆچوونەدان کە دەبێ بڕگە شەڕخوازەکانیش لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیاندا تێبگەیێندرێن.

یەکەم: تەنانەت بڕگە ئاشتیخوازەکانیش لە چوارچێوەیەکی مێژووییدان و لە چوارچێوەیەکی مێژوویییەوە سەریان هەڵداوە و بە شێوەیەکی گشتگیر بۆ هەموو کات و ساتێك و بۆ هەمیشە ڕەوا نین. دووەم: هەرکەسێک هەندێک سوورەی قورئان وەک فەرمییەتدان بۆ ئاشتیخوازیی بەکاربهێنێت، یاریی بناژۆخوازەکان دووپات دەکاتەوە کە سوورە شەڕخوازەکان وەک پاساو بۆ توندوتیژی دەهێننەوە. لەسەر ئەم شێوازە هەردوو لایەن گوتەکانی قورئان بۆ پێگەی ناوبژیوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرز دەکەنەوە و تەنانەت دەسەڵاتەکەی بۆ ئەمڕۆش دەسەلمێنن. هەردووکیان یەکتر بەرز دەکەنەوە و فەرمییەت بە یەکتر دەدەن. هەندێک دەڵێن کۆنەپەرستەکان ئیسلام دەشێوێنن و وەک

ئامرازێکی توندوتیژی بەکاریدەهێنن، لەو لاشەوە کۆنەپەرستەکان دەڵێن چاکسازیخوازەکان بۆ دڵخۆشکردنی ڕۆژئاوا ئایینی ئیسلام دەشێوێنن.

چاکسازیی لە ئایینی ئیسلامدا بە مانای سوڕاندنی پیچەکانی قورئان نییە بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا بگونجێنێ. چاکسازیی بە مانای خۆ ڕزگارکردن لە هەموو توانایيەکانی قورئانە لەسەر پرسی سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاسایی. ڕێفۆرم و چاکسازیی ڕاستەقینە بە مانای تێگەیشتن نەک تەنیا لە نووسراوەکانی ناو قورئان، بەڵکوو لە هەموو مێژووی ئیسلامی لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدایە.

دیارە پێشتریش باسم لەوە کردووە کە ڕێفۆرم و چاکسازیی لە ئایینی ئیسلامدا مەحاڵە. چونکە من خۆشم سەردەمی خۆی وەك زۆربەی ئایینییەکانیتر، ئایین و دەقەکانیم وەك نووسراوەیەکی پیرۆز دەخوێندەوە، بەڵام ئێستا لە ڕوانگەی ئەمڕۆمەوە بە هەڵەیان دەبینم. چونکە ئەوەندە گرنگیم بە مرۆڤ و پێداویستییە ڕۆحی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان نەدەدا. بەگشتیی هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ خۆی خوڵقاندوونی، دەتوانرێت چاکسازیان تێدا بکرێت، ئایینیش بەرهەمێکی دەستی مرۆڤە.

مرۆڤ دەتوانن هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە دەقە پیرۆزەکان بگۆڕن. تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا هەندێک لە زانایانی موسڵمان تاقمێك یاسای شەریعەتیان بە شێوەیەکی جیاواز

لێکدەداوەتەوە و لەگەڵ بارودۆخی سەردەمی خۆیاندا گونجاندوویانە. لەو سەردەمەدا دەگوترا بەبێ عەقڵ یاسای شەریعەت بوونی نامێنێت، هەروەها ئامانجی ئایین دادپەروەری و چاکەی گشتییە نەک تەنیا جێبەجێکردنی مەرجە ئیلاهییەکان. ئەگەر ئەمڕۆ ئەم پرەنسیپانە ڕچاو بکرێت، دەبێ بڵێین: نادادپەروەرییە ژن نیوەی براکەی بە میرات وەرگرێت، هەروەها نادادپەروەرییە ژن نەتوانێت ئەو کەسەی خۆشدەوێت و ئەو جل و بەرگەی لەبەری دەکات، خۆی هەڵیبژێرێت. دژایەتی پرەنسیپی دادپەروەریی دەکرێ کاتێک مەسیحی، جوولەکە، بەهایی، عەلەوی، دروز و مولحید لە جیهانی ئیسلامیدا جیاوازتر لە موسڵمانان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت. گەلێك نارەوایە لە پێناو ڕێگای خودادا مرۆڤ بکوژیت یان لە پێناو خودادا گیانی خۆت بەخت کەی. ئەگەر بەڕاستی ئامانجی شەریعەت پاراستنی بەرژەوەندیی گەل و پاراستنی کۆمەڵگا بێت، ئەوا ڕێزگرتن لە یاسای بنەڕەتی عیلمانی و مافی ئازادیی هەموو هاووڵاتیانیش بەشێک دەبێت لە شەریعەت. بەم پێیە شەریعەت هیچ کێشەیەکی بەرامبەر ڕەخنەگرتن لە ئیسلام نەدەبوو، چونکە خزمەتی بە چاکەی گشتی دەکرد کاتێک مرۆڤ بتوانن ڕاشکاوانە بۆچوونەکانیان دەربڕن یان ڕەخنە بە دڵەوە وەربگیرێت لەبری ئەوەی لەڕووی توورەییەوە کاردانەوەی هەڵەی هەبێت.

ئەگەر وابایە، ئەوە لە ڕاستیدا یاسایەکی شەریعەت دەبوو کە لەگەڵ یاسای بنەڕەتی ئاڵمانیادا ناکۆکی نەدەما و دەیتوانی لەبری ئەوەی بەردەوام ململانێیی نوێ بەرهەمبهێنێت، یارمەتیدەر بێت

له چارەسەرکردنی ناکۆکیی و کێشەکان. لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئەمڕۆ ئەم شەریعەتە لە کوێیە؟ کێ ئەوانی دەوێت؟ هەروەها کێ لەسەر ڕێگەی وەستاوە؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە پێویستە موسڵمانان بۆ خۆیان وەڵامیان بۆ بدۆزنەوە.

## دیوارەکان بڕووخێنین

داواکاریی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی ئیسلام بە قۆناغێکی ڕۆشنگەریدا تێپەڕێت، لە لایەن زۆرێک لە موسڵمانان وەک هێرشێک یان گومانی گشتی لێک دەدرێتەوە. لەڕاستیدا ئورووپییەکان چەند سەدەیەک و چەندین شەڕی ئایینییان لە پشت سەر داناوە تا سەدەکانی ناوەڕاست و گوشاری ئایین بەجێبهێڵن و بە ڕەوتی ڕۆشنگەریدا تێپەڕن، بەڵام موسڵمانان لەمڕۆدا چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە، دەکرێت بە چاوقووچاندنێك و بە خێرایی ڕەشەبا بە هەموو ئەو ڕێگا پرمەترسییانەدا تێپەڕن و بە چاوتروکاندنێك بە ڕۆشەنگەریی بگەن. زۆرجاریش ڕیفۆرم و چاکسازیی تەنیا دەرئەنجامی پرۆسەیەکی سەد ساڵەی بیرکردنەوە و ئەزموون نییە، بەڵکوو کرنۆشێکە لەهەنبەر ڕاستەقینەی ژیان.

ڕاستییەکە ئەوەیە: یاسای شەریعەت لە زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا دەیان ساڵە ڕووخان ئەزموون دەکات. ئەوە مۆدێرنیتەیە موسڵمانانی ناچار کردوە دەستبەرداری بازرگانی کۆیلە و سزای جەستەیی بن و سیستەمی دادپەروەریی مۆدێرن دابمەزرێنن. ئەمڕۆ لە هەندێک دەوڵەتی ئیسلامیدا هەرچەندە ژنان بە پێی یاسای شەریعەت بۆیان نییە پۆستی سەرکردایەتی لە پۆستە گشتییەکانی وڵاتانی ئیسلامیدا هەڵبگرن، بەڵام ژنە

دادوەر، وەزیر و تەنانەت سەرۆکی ژنیش هەن. پراگماتیزمی ئابووری زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامییەکانی ناچار کردوە بانك بۆ وەرگرتنی سوود بکەنەوە و فرۆشتن و خواردنەوەی مەی بە فەرمی بکەن.

بەڵام ئەم پراگماتیزمە و ئەم کراوەییە لە لایەن حکومەتەکانەوە دەبێت بە لێکتێگەیشتن و پشتیوانی نێو دانیشتوانیشدا بەرەورِوو ببنەوە، ئەگینا لە درێژخایەندا مۆدێرنیزاسیۆن دەبێتە هۆی بەرخۆدان و گەڕانەوە بۆ ناو فەناتیزم. ئەم تێگەیشتنە بەرە بەرە گەشە دەکات چونکە زۆرێک لە گەنجانی موسڵمان چیتر بە تەنیا لە مزگەوتدا فێری سیستەمی بەهاکانیان ناکرێن، بەڵکوو لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەروەها لە ڕێگەی نێتفلێکس، چات جی پی تی و ئەپل تیڤیشەوە فێری سیستەمی بەهاکانیان دەکرێن.

جیهانی ئیسلامی لەمڕۆدا لە ناوەڕاستی پێکدادانێکی ناوخۆیی کولتووریدایە: کولتووری گۆشەگیریی بەرامبەر بە کولتووری کراوەیی؛ کولتووری ئازادبوون لە هەنبەر کولتووری باوکسالاریی. بەڵام ئۆردوگای ئازادیی هێشتا لە کەمینەدایە و بۆ ئەوەی خۆی بەسەر ئۆردوگای ڕابردوودا بسەپێنێ نە سەرچاوە و نە پلاتفۆرمێکی دیاریکراوی هەیە. بەڵام هەموو گۆڕانکارییەکی گەورە لە مێژوودا لەلایەن کەمینەیەکەوە دەستپێکردووە کە نەک هەر داهێنەر بەڵکوو ئیرادەیان هەبووە و وەک دەنکە خیزە بچکوولانەکان، بوونەتە هۆی لەکارخستنی موتوڕی سیستەمەکە تا ئەو جێگایەی ناچار بە نوێ کردنەوەی کراون.

کاتێک سەیری پێشەوە دەکەم و دەبینم ڕێگاکە هێشتا چەندە درێژە، هەست بە بێزاری دەکەم، بەڵام کاتێک مێژووی مرۆڤایەتی لەبەرچاو دەگرم و ئەو ڕێگا دوور و درێژە دەبینم کە پێشتر بڕیومانە، بە وریاییەوە گەشبین دەبمەوە. مرۆڤ مەحکومە بە گۆڕانکاریی – هەروەها بۆ گەییشتن بە ئازادی!

هەر بۆیە ئێستا جیهانی ئیسلامی دەتوانێت بەتەواوی ئەو کارە بکات کە ئەوروپا دوای سەدەکانی ناوەڕاست کردوویەتی: خۆی لە خورافات و لیتارژی"Lethargie"[٩٤] واتە تێکچوونی هۆشیاریی دوور بکاتەوە و بکەوێتە ناو گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانە لەگەڵ خۆی و جیهانی دەوروبەری. ئەرکی ئایین نییە موسڵمانان لەم پرۆسەیەدا ڕێنمایی بکات، بەڵکوو ئەرکی مەعریفەت ناسی "زانست ناسیی"یە. ئەمەش مانای ئەوەیە دەقە بە پیرۆز کراوەکانی قورئان یان سۆزداریی ئایینی نین، بەڵکوو لۆژیک، ئەزموون و تاقیکردنەوەکان دیاری دەکەن چی ڕاستە و چی هەڵەیە. هیچ سوودێکی نابێ هەوڵ بدرێت فەلسەفەی ڕۆژئاوا بۆ قوتابییە موسڵمانەکان سەرنجڕاکێش نیشان بدرێ و پێیان بگوترێ ڕۆشنگریی فەلسەفەیەکی ئیسلامی ڕۆژئاواییە، چونکە ئەوروپییەکان زانستی خۆیان لە عەرەب وەرگرتووە. ئەم بۆچوونە کە بیرۆکەی فەیلەسوفی مەغریبی محەمەد عابد ئەلجابری لە کتێبی "ڕەخنە لە عەقڵی عەرەبی"دا ئاماژەی پێ کردووە، ئیدیعایەکی نەک هەر درۆیە بەڵکوو مەترسیداریشە چونکە بەو

[٩٤] دۆخێکی خەواڵوویی یان نەخۆشی و تێکچوونی هۆشیاری لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هاندەر و خاوبوونەوەی جوڵەی دەروونی.

مانایە دەبێت مرۆڤ تەنیا هەوڵی ئەو زانستە دەدات کە پەیوەندییەکی نزیکی بە ئیسلامەوە هەبێت. بە پێچەوانەوە ئەمە بەو مانایەیە کە هەر زانستێك دژ بە ئیسلام بێت یان لە ئیسلامەوە نەهاتبێت، دەبێت خۆی لێ بەدوور بگرێت. ئەمەش رێک لێرەدایە کە "شارەزا"ی لێبوردە و رۆشنبیر لەگەڵ مرۆڤی بناژۆخوازی موسڵمان کە بانگەشە دەکەن هەموو تەوەرێکی زانستیی لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە. ئەمە هەمان ئەو ئاگۆمێنتەیە کە بەرپرسیار بۆ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عەباسی، ئەندەلوس و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە. هەروەها ئەمە ئەو ئاگۆمێنتەیە کە دیوارێکی مەعریفەی لە نێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامیدا دروست کردووە، هەر بۆیە زۆرێک لە موسڵمانانی ئەمڕۆ بە توندی تیۆری گەشەسەندن ڕەتدەکەنەوە و مەعریفەی عیلمانی بە بێ بایەخ دادەنێن. ئەمە رێک ئەو ئاگۆمێنتە کە تا ئەمڕۆش بەربەستێکی قایمی لە پێش ڕۆشنگەریی جیهانی ئیسلامیدا دروست کردووە.

ئەگەر بە خوێندکارە موسڵمانەکان بڵێین پێشتر ڕۆشنگەریی ئیسلامی هەبووە و شەریعەت لەگەڵ دەستوورە مۆدێرنەکاندا دەگونجێت، ئەوا پێویست ناکات بۆ گۆڕینی دۆخەکە هیچ کارێک بکەن. تەنیا دەبێ بە دوای بزنێکی قوربانیدا بگەڕێن بۆ ئەوەی بتوانن هۆکاری دۆخی نەهامەتیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی جیهانی ئیسلامی بخەنە ئەستۆی. خۆگەورەکردنەوە و بڤەبوونی ڕەخنە لە ئایین و ڕەخنە لە خۆ، بەو مانایەیە کە دەتوانن بە

شێوەی پێچەوانەکەی پەنجە بۆ ڕۆژئاوا ڕابکێشن و بە هۆکاری نەهامەتییەکانی خۆیانی بزانن.

پێویستە جیهانی ئیسلامی خۆی بەڕووی ئارگۆمێنتەکانی ڕەخنەگرانی ئیسلامی بکاتەوە کە لە پاڵنەر و بەرژەوەندیی مرۆڤدۆستی ڕاستەقینەوە ئەو کارە دەکەن نەک لە ڕووی ڕق و کینە یان نارەزایی لە ئایین. هەروەها نابێ چیتر لە ناو ڕیزەکانی خۆیانەوە بە ئاژاوەگێڕی ئیسلامۆفۆبی یان خیانەتکار ناوزەدیان بکەن. ئەوان دەتوانن چاکسازیی لە شێوەی ڕۆشنگەریدا بهێننە ئاراوە، بەڵام ئەوە پێویستی بە هەنگاوی بوێرانە دەبێت لەلایەن دەسەڵاتدار، ڕۆشنبیران و چالاکانی ئایینی. پێدەچێت دووەمیان ببێتە هۆی ئەوەی خاڵی یەکەمی پلانی چاکسازیی نۆ خاڵەکەم شکست بهێنێت:

**١:** بێدەسەڵاتکردنی دامەزراوە ئاینییەکان و سنووردارکردنی ئەرکەکانیان بۆ ڕێکخستنی ڕێوڕەسمەکانی وەک نوێژ و زیارەت. چیتر نابێت بۆچوونە ئایینییەکانیان یاسایی بکرێن، بەڵکوو تەنیا وەک ئامۆژگارییەك بۆ موسڵمانان سەیر بکرێن.

**٢:** بابەتی مەدەنی وەک هاوسەرگیری، تەڵاق، میرات و سەرپەرشتیکردن لە لایەن دەوڵەتەوە بەپێی پرەنسیپی یەکسانی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پیاو، ژن و منداڵ ڕێکبخرێت، نەک لەلایەن دامەزراوە ئاینییەکانەوە.

**٣:** چاکسازیی لەسەر پەروەردە و پێشخستنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە ڕێگەی فێرکردنی فەلسەفیەوە.

**٤:** یەکسانیی نێوان ژن و پیاو نابێت تەنیا وەک مادەیەک لە دەستووری یاساییدا بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێت ببێتە پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی. پێویستە هەردوو ژن و پیاو لەوە تێبگەن کە بەهێزکردنی ژنان مەترسی لەسەر خێزان دروست ناکات، وەک کۆنەپەرستان هەمیشە دەڵێن، بەڵکوو لە ڕاستیدا پەیوەندیی خێزانەکە بەهێز دەکات، چونکە دایکێکی بەهێز و متمانە بەخۆ گەرەنتی سەقامگیری تەواوی خێزانەکەیە.

**٥:** چیتر نابێت ڕەخنەگرتن لە ئایین وەک دەربڕینی لادان لە ئایین تێبگەین. ڕێگەدان بەوان دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی موسڵمانان فێربن بەدوای ئارگومێنتی لۆژیکیدا بگەڕێن بۆ وەڵامدانەوەی ڕەخنەکانیان.

**٦:** خوێندنەوەی تەورێك لەسەر بنەمای ڕاستی بۆ مێژووی ئیسلامی لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا دەتوانێت موسڵمانان لەگەڵ ڕەوتی سەرهەڵدانی شەریعەت، ئایین و قوتابخانە جیاوازەکانی یاسایی ئاشنا بکات، بۆ ئەوەی بزانن ئەوەی بە پیرۆز و نەگۆڕی دەزانن تەنیا دەرئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی و ململانێی و هەوڵدانی سیاسی بۆ پاراستنی دەسەڵاتە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانی ئەمڕۆیانەوە نییە.

**٧:** دیسپۆت یان فەرمانڕەواکان کە گوایە بە دەستێکی ئاسنین دژی ئیسلامیستەکان بەشەڕدێن، پێویستە لەوە تێبگەن کە ئازادیی تاک، ئازادیی ڕادەربڕین و دیموکراسی خەباتکارێکی گەلێك باشترن لە دژی فەناتیزم. چونکە ئەو مرۆڤە ترساو و هاندراوانەی لەلایەن پۆلیسەوە زەلیل دەکرێن و ڕێگەیان پێنادرێت بە ئاشکرا ڕای خۆیان سەبارەت بەو کەسانەی دەسەڵاتدارن دەربڕن، باشترین نێچیری بناژۆخوازنن. دیسپۆتەکانی گوایە ڕۆشنبیری وەک ئەردۆغان - لە ئاستێکیتردا پوتین یان شی جینپینگ" Xi Jinping" - لە مێژە وەک گەرەنتی سەقامگیریی و هاوکاری سەرکەوتوو لەگەڵ ڕۆژئاوا ئاواتی بۆ دەخوازرێ، بەڵام سەرکوتکردنی هەر دژایەتییەک لە وڵاتەکانیان و پشتبەستن بە چەندین لایەن بووەتە هۆی دروستبوونی هەر مەعجوونێکیتر، بەڵام نەبووەتە هۆی ئەو سەقامگیرییەی کە لە پێکهاتەی جیهانیدا هیوای بۆ دەخوازرێت.

**٨:** دیسپۆتیزم و دەسەڵاتی باوکسالاری دەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ساوا کە ناتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت. تا ئەو کاتەی ئاڵترناتیڤێك بە مانای کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ڕۆشنگەر و بەرپرسیار سەرهەڵنەدات، دیسپۆت و ئیسلامیستەکان شەڕی یەکتر دەکەن و لە دەسەڵاتدا جێگەی یەکتر دەگرنەوە و وڵاتەکانیان دووبارە و سێبارە لە شەڕی ناوخۆویی نوقم و توونا دەکەن.

**٩:** ئازادیی دابەش ناکرێت: دیوەکەیتری دراوی ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادی باوەڕە. ئەو کەسانەی کە لە ئیسلام دەردەچن، نابێ چیتر بە خیانەتکار ناویان ببەن، هەروەها ڕەخنەگرانی ئیسلام چیتر نابێ بە ئاژاوەگێڕ  و کافر ناوببرێن. ژنێکی موسڵمان بۆی هەیە سەری داپۆشێ ئەگەر خۆی هەڵیبژێرێت و بڕیاری بدات. بەڵام ژنێک کە سەری ڕووت دەکات نابێت لەلایەن خێزانەکەی و کۆمەڵگاکەیەوە هەراسان بکرێت. ئەو کەسەی بیەوێت دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات و ئەگەریش ئارەزووی بێ، دەتوانێت بێ شوو بمێنێتەوە. بەبێ ئازادیی، ئیمان بوونی نییە.

## ئەنجام

### ئاڵمانیا و ئایینی ئیسلام: مێژوو، ئێستا و داهاتوو

هەمیشە هاوتەرییی و لێکچوون لە نێوان بواری کولتووریی جیاوازدا بە درێژایی مێژوو بوونی هەبووە، بەڵام ئەم هاوتەرییيانە بە گشتی تەنیا لە هەندێک لایەن یان لە چوارچێوەیەکی کاتیی سنووورداردا دەبینرێن. دەگمەنە دوو کولتووری تەواو جیاواز ئەفسانەی دامەزرێنەر، دووفاقیی، تەوەری ژیان و تارێکی وەك یەك یان هاوبەشیان هەبێت کە بەناو چیرۆکەکانیاندا تێپەڕدەبێ.

پیشەی کولتوریی نێوان ئاڵمانیا و وڵاتانی ئیسلامی لە خێڵە جەنگاوەرەکانی تێکشکاو و وێرانەوە دەستی پێکرد کە لە لێواری کولتوورێکی پێشکەوتوودا دەژیان و بەدوای خاڵێکی هاوبەشدا دەگەڕان. لە چوارچێوەی کۆنتێکستی ئاڵمانیدا ئەوە گەلانی گێرمانی بوون کە لە پەراوێزی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا ژیاون و تەنیا بە سەرکەوتنیان لە دژی ڕۆمەکان لە شەڕی ڤارۆس"Varus" لە ساڵی ٩ی زایینیدا شوناسێکی هاوبەشیان دۆزیەوە. دوای کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی، دەسەڵاتدارانی گێرمانیی دەستیان بەسەر پێکهاتەکانیدا گرت، بەڵام شەڕی ڤارۆس وەک ئەفسانەی دامەزرێنەری یەکگرتوو مایەوە.

دوای شەش سەدە، خێڵە جەنگاوەرەکانی عەرەب لە جەرگەی بیزەنتین دەژیان و تەنیا خەباتی دژ بە ئیمپراتۆریەتی مەسیحی بوو کە ئەوانی لە دەوری یەکتر کۆکردەوە. موسڵمانان شەڕی یارموک لە ساڵی ٦٣٦ بە گرنگترین شەڕی مێژووی خۆیان دەزانن، چونکە لەوێ عەرەبەکان توانیان بە توندی شکست بە سەربازانی ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژهەڵات هێراکلیۆس بهێنن و دواتر قودس و موڵکەکانی بیزەنتین لە فەلەستین و سوریا و دواتر لە میسر داگیر بکەن. هەروەها عەرەبەکانیش دەستیان بەسەر زۆرێک لە پێکهاتەکانی بیزەنتیندا گرت، بەڵام هاوکاتیش شەڕ لە دژی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات وەک گرنگترین هێزی بزوێنەر بۆ پەرەپێدانی ناسنامەیەکی هاوبەشی ئیسلامی مایەوە. هەشت سەدە دواتریش هۆزە عوسمانییە کۆچەرییەکان لە جەرگەی بیزەنتین دەژیان و خەونیان بە داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتەوە دەبینی. شەڕی قوستەنتینیە بوو بە ئەفسانەی دامەزرێنەر بۆ تورکەکان. عوسمانیەکان دەستیان بەسەر پێکهاتەکانی بیزەنتیندا گرت؛ سوڵتانەکەیان خۆی بە "قەیسەری ڕۆمیەکان" ناودەبرد.

هەم عەرەب، هەم عوسمانیەکان و هەم گەلی گێرمانیش لاسایی دوژمنی ڕۆمیی پێشوویان کردەوە و ئاواتەخوازی بەدەستەوەگرتنی ئیمپراتۆریەتێکی هاوشێوە بوون. بەڵام ئەمڕۆ

ئارمینیۆسی چێروسکانی "Arminius der Cherusker"[٩٥] بۆ ئاڵمانییەکان هەمان بایەخی محمد بۆ موسڵمانان یان مێهمەد فاتیح بۆ تورکەکانی نییە. چونکە محەمەد نەک هەر عەرەبەکانی خستە سەر ڕێگای بوون بە زلهێزێکی جیهانی، بەڵکوو ئەرکێکی پیرۆزیشی پێبەخشین، ئەویش گواستنەوەی پەیامی خودایە بۆ هەموو جیهان. هەروەها بۆ زۆرێک لە تورکەکان، مەهمەت فاتیح هیوایەکی دووبارە بوون بە زلهێزێکی جیهانی و بەشداریکردن لە چارەنووسی ئورووپای تێدا زیندوو کردنەوە.

ئەرکی پیرۆزی محەمەد هاوکات هەم نیعمەت و هەم نەفرەت بوو. چونکە موسڵمانان بەسەر سوننە و شیعەدا دابەش بوون، هاوکات سێ خەلافەتی جیاواز هەبوون و چەندین شەڕی ناوخۆ و ڕاپەڕین، زۆرجار هەڕەشەیان لە یەکگرتوویی ئیمپراتۆریەتەکە دەکرد. بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام کە وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەستی پێکرد، خۆی ڕزگار بکات، ، دەبوو وەک ئایین – دەوڵەت و حکومەتێکی ئیسلامیی وەفادار بناسێنرێ. ئەرکی ئیلاهیاتی ئیسلامی ئەوە بوو لە سەرەتادا دەسەڵاتی خەلیفە ئومەوییەکان بەهێز بکات، کە لە سەردەمی حکوومەتداری خۆیاندا زۆر مرۆڤیان بە زەبری شمشێر ئیسلامی کرد.

تەنانەت کاتێک عەباسیەکان ئومەوییەکانیان ڕووخاند، دیسانیش خواناسەکان باڵادەست بوون. خەلیفە نوێیەکان

[٩٥] ئارمینیۆس شازادەیەکی کەروسکی بوو کە ساڵی ٩ی زایینی لە شەڕی ڤارۆس بە لەناوبردنی سێ لەشکر شکستێکی وێرانکەری بەسەر ڕۆمییەکاندا هێنا. سەرچاوە کۆنەکان زانیارییەکی کەمی ژیاننامەیی سەبارەت بە ئارمینیۆس پێشکەش دەکەن.

ئیدیعایان ئەوە بوو بەناوی ئاینەوە حوکم بکەن، چونکە گۆیا لە بنەماڵەی پێغەمبەرەوە هاتوون. ژیاننامەیەکی نوێی محەمەدیان ڕاسپارد و چوار قوتابخانەی ئیلاهیاتیان دامەزراند و بۆ داگیرکردنی جیهان بیرۆکەی جیهادیان زیندوو کردەوە. هاوکاتیش لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەواندا قۆناغی زێڕینی کولتوری عەرەبی بەڕێوەچوو.

لەم سەردەمەدا کارلی مەزن"Karl der Große" وەک پاشای ئیمپراتۆریەتی فرانکەکان حوکمڕانی ئەوروپای دەکرد. لە ساڵی ٧٩٨ دیپلۆماسێکی نارد بۆ لای هارون ئەررەشید و نامە و دیاری و خەڵات ئاڵوگۆڕ کرا. لە لایەکەوە کارلی خۆپەرست ویستی هاوپەیمانییەک لەگەڵ عەباسیەکان لە دژی بیزەنتین دروست بکات و لەولاشەوە خەلیفە دەیویست پاشای فرانکەکان بباتە هاوپەیمانییەک لە دژی دوژمنە موسڵمانەکانی لە ئەندەلوس. لێرەدا ئەوە گەلێك ڕوون بوو کە بەرژەوەندیی سیاسەتی دەسەڵات لە پێش هەموو جیاوازییە ئایینییەکانەوەیە. واتە هارون ئەررەشید ئامادە بوو بۆ شەڕکردن دژ بە هاوئاینییە موسڵمانەکانی بکەوێتە بەرەی پاشایەکی مەسیحییەوە و کارلیش بە هاوکاریی سوپای موسڵمان مەسیحییەکان بەکوشتن بدات. لە ناوخۆدا تێکەڵبوونی ئایین و دەسەڵات سەقامگیریی مسۆگەر کرد و هەردووکیانی کردە یاریزانی جیهانی، بەڵام لە دەرەوەش وازیان لە هەرچەشنە سنوورکێشانێك لەسەر بنەمای ئایین دەهێنا ئەگەر خزمەتی بە پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان بکردایە.

ئایینی ئیسلام و مەسیحییەت وەک ئایینی ڕزگاریی لەدایک بوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لە ڕووی سیاسییەوە خۆیان پتەو کرد و کەڵکی نابەجێیان لە ئایینەکان وەرگرت. هەردوو ئایینەکە پشتگیریان لە ئیدیعای دەسەڵاتی پاشا خۆپەرستەکان دەکرد کە بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیان گۆیا تەنیا لەسەر ئەمر و ویستیی خودا حوکمڕانیی دەکەن. بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی باوەڕی ڕاستەقینە نەک هەر ناکۆکی لە نێوان مەسیحی و موسڵمانەکاندا پەرە پێدا، بەڵکوو شەڕەێکی زۆری ناوخۆیی ئیسلام و مەسیحییەکانیشی لێکەوتەوە. ئایین کە لەلایەن هەردوولاوە وەک ئامرازێکی دەسەڵاتی سیاسی گەلێك خراپ بەکارهێنرا، چ لە ئەوروپا و چ لە جیهانی ئیسلامیدا بوو بە سەرچاوەی دابڕان، کێشە و ناکۆکی ناو کۆمەڵگاکان.

ڕێفۆڕم و چاکسازیی بووە هۆی جیابوونەوەی کلیسەکان و ئیدیعای کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان کە قەڵغانی ئایینی مەسیحی بوون، هەروەها بووە هۆی پێکهاتنی شەڕێکی دڕندانە لە نێوان زلهێزەکانی ئەوروپادا. شەڕی سی ساڵە ئەنجامە دڵتەزێنەکەی ئەم ئیدیعایانە بوو. مێژوونووسان جیابوونەوەی کلیسای مەسیحی وەک دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمی دەبینن، چونکە بەبێ ئیمپراتۆریەت و پاشاکانی، چاکسازیی بەڕێوە نەدەچوو و بەبێ چاکسازیش شەڕی سی ساڵە ڕووی نەدەدا. دوای کۆتایی هاتنی، خەونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمیی پیرۆز لە مێشکی ئاڵمانییەکاندا بەردەوام مایەوە. ئەوەش یەکگرتنی میرنشینەکانی ئاڵمانیا و بەم شێوەیە دامەزراندنی

دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرنی دواخست. مرۆڤ خۆی لە پشت ڕۆمانسیزم و لە پشت ڕەهاگەرایی و ناسیۆنالیزمەوە شاردەوە و بە گومانەوە سەیری بیرۆکە سیاسییەکانی ڕۆشنگەرییان دەکرد.

مێژووی ئیسلامیش بە شێوازێکی هاوچەشن بەڕێوەچوو. باوەکوو ململانێی نێوان خەلافەتە جیاوازەکان گیانی زۆرێک لە موسڵمانانی بەفیڕۆدا و نەهامەتی بۆ جیهان بەدیاری هێنا، بەڵام ڕەوتی خەلافەت وەک تاکە ڕەوتی سیاسی ناسراو مایەوە. ئایینی ئیسلام نەک هەر بەسەر دوو بەرەی سوننە و شیعەدا دابەش بوو، بەڵکوو بەسەر زیاتر لە حەفتا گروپی لاوەکیدا دابەش کرا. هەریەکەیان پێیان وابوو ڕێگاکەیان و ڕەوتی خەلافەتیان تەنیا ڕێگای ڕزگاربوون و جێبەجێکردنی پلانی خودایە. دوای دارمانی دوایین خەلافەت لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم، موسڵمانان - هاوشێوەی ئاڵمانییەکانی دوای شەڕی سی ساڵە - نەیانتوانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن دابمەزرێنن. لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتوویی جیهان، موسڵمانان خۆیان لە پشت فۆرمێک لە ڕۆمانسیزمەوە شاردەوە کە ڕابردووی ئایدیالیزە دەکرد و مۆدێرنیتی ڕەتدەکردەوە. لە جیهانی ئیسلامیدا تەنیا دوو وەڵام بۆ ئەم وەرچەرخانە هەبوو: گەڕانەوە بۆ بنەچەی ئیسلام و دامەزراندنەوەی خەلافەت یان هەڵاتن بۆ ناو ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی پان عەرەبی، وەك درێژەپێدەری عەقڵیەتی خێڵی عەرەبی کۆن. هەردوو وەڵامەکان چەشنێك ڕزگاربوون بوو لە ڕێگەی وەرچەرخانێکەوە بۆ ڕابردوو، گەڕانەوە بۆ سەردەمی گوایە شکۆمەندی.

خەلافەتی ئیسلامی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی پیرۆز دوو بیرۆکەی درەوشاوەی ناسنامە دروستکەر بوون. بەڵام ئەو بیرۆکەیەی ڕۆژێک لە بەهێزکردنی ئەم ئیمپراتۆریەتە کۆنانەدا بەشدار بوو، دواتر بووە هۆی لاوازبوونیان. دانیشتوان، بەڵام ڕووداوە سیاسییەکانیش، هەرگیز بەڕاستی نەیانتوانی داواکارییەکانی ئەم دوو بیرۆکەیە بەدی بهێنن. سەرەڕای ئەوەش ئەم بیرۆکانە بوونە زیندانێکی دەروونی و سیاسی بۆ مرۆڤ و فەرمانڕەواکانیان لە ئاڵمانیا و جیهانی ئیسلامیدا.

فاشیزمی ئاڵمانی و کارەساتی شەڕی جیهانی دووەم دەرئەنجامێکی درەنگانی بیرۆکەی پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ و یەکگرتووی ڕۆمانتیکیی ئاڵمانی بوو. نزیکەی دوو هەزار ساڵ دوای شەڕی ڤاروس، ئاڵمانییەکان پێیان وابوو دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ڕۆحی شەڕانگێزی و قارەمانێتیی گێرمانی و دوژمنەکانیان تێکبشکێنن و ئیمپراتۆریەتێکی هەزار ساڵە دابمەزرێنن. دەرئەنجامێکی درەنگانی ڕۆمانتیکیی عەڕەبیش، شکستە وێرانکەرەکەی ئیسرائیل بوو لە شەڕی شەش ڕۆژەدا، کە عەڕەبەکان هەستی ڕیالیزمی سیاسییان لەدەستدا و لەبری ئەوەی لەگەڵیدا دانوستان بکەن، بەناوی خێڵەکەیانەوە دژی دەسەڵاتێکی باڵادەستی سەربازی ڕوویان لە شەڕ کرد. هەروەها دەرئەنجامێکی درەنگانی ڕۆمانتیکیی خەلافەت ئیسلامیزمی مۆدێرن بوو کە بووە هۆی سەرهەڵدانی داعش.

دوای شەڕ، ئاڵمانیا ناچار بوو لەگەڵ ڕابردوودا ماڵئاوایی بکات و خەونی پێکهێنانی ئیمپراتۆریەت بنێژێت. دوای ڕۆشنگەریی جارێکیتر ئایینی مەسیحی بوو بە تەنیا ئایین لە ئەوروپا. ئەمەش ئایینی لە بارگرانی سیاسی و سیاسەتی لە داخوازییەکانی ئایین ڕزگار کرد. سەرەڕای ئەوەش، عیلمانیەت لە ئاڵمانیادا بە شێوەیەکی پێویست و بەردەوام جێبەجێ نەکرا. هێشتا کلیسەکان کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو و چەندین ئەرکیان لە ئەستۆ گرتبوو کە لە ڕاستیدا دەبوو لە ئەستۆی دەوڵەت و کەرتی تایبەتدا بن.

تا ئەمڕۆش جیهانی ئیسلامی ناوێرێت لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا ماڵئاوایی بکات و هەرگیز بەڕاستی لە دەرەوە ناچار بەو کارە نەکراوە. ئایین و دەوڵەت بە یەکەوە ئیسلامیان پێکهێناوە، چونکە تا ئێستاش وەک تاکە سەرچاوەی ناسنامەی خۆی و تاکە ڕێگای ڕزگاربوون بۆ ژیانی دوای مردن سەیر دەکات. ئەمەش بۆ موسڵمانانی باوەڕدار کە لە لایەکەوە پشتیوانی ڕۆحیی خۆیان لە دیندا دەبیننەوە، بەڵام لەولاشەوە بەهۆی تامەزرۆی ژیانێکی دوور لە دۆگما و پەروەردەی یاسای شەریعەت، کێشەیەکی گەلێك گەورەی بۆ دروست کردوون. چونکە لە ئیسلامدا ئایین بابەتێکی کەسیی نییە. ئارەزووی ئازادیی سزا دەدرێت - لەلایەن چاودێرانی ئایینی، پۆلیسی شەریعەتی خۆبەخش، خێزانی مرۆڤ، کۆمەڵگا و هتد.

هەروەها ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی کێشەی گونجاندن و گرێدانی موسڵمانان لە کولتوور و دابونەریتی ئەوروپا

بە بەراورد بە گروپە کۆچبەرەکانی دیکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر بکاتەوە. سوزان شرۆتەر"Susanne Schröter" نەتەوە و کۆمەڵناس لە کتێبەکەیدا "ئیسلامی سیاسی، تاقیکردنەوەی گوشار بۆ ئاڵمانیا"، باس لە چەند بوارێکی ئەو ململانێیە دەکات. یەکێک لەو کێشانە پەروەردەی ئایینییە کە تەنیا لە ماڵی دایک و باوکدا بەڕێوە ناچێت. لە ئاڵمانیا زیاتر لە ٢٠٠٠ قوتابخانەی قورئان هەیە کە لە نێوان سەدا ٤٧ بۆ ٦٠ ی ئەو خوێندکارە موسڵمانانەی لێرە دەژین لە پەنا وانە ئاساییەکانی قوتابخانە، دەیخوێنن. زۆرینەی قوتابخانەکانی ڕاهێنانی قورئان لەلایەن کۆمەڵە ئیسلامییەکانەوە بەڕێوەدەچن و لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا نین. گوشاری ئایینی لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەردەوام بەرزبۆتەوە. کاریگەریی هێرشی زارەکی و جەستەیی لەسەر هاوپۆلەکانی جولەکە و ئایینی دیکە، هەروەها ئەو کچە موسڵمانانەی کە سەریان داناپۆشن، بەردەوام بەرز دەبێتەوە.

سوزان شرۆتەر بوارێکی دیکەی کێشەدار لە توندڕەویی ئایینیدا لە ڕیزەکانی ئەو پەنابەرانەدا دەبینێت کە لە ساڵی ٢٠١٥ەوە ڕژاونەتە ئەوروپاوە. لێرەدا ئەو پسپۆڕە لە سەرووی هەموو شتێکەوە هۆشداریی لەسەر پەرەسەندنی کاریگەریی سەلەفییەکان لەسەر ئەم تازەهاتووانە دەدات.

لە کۆتاییدا ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی هاوکاریی نێوان کەسایەتییە سیاسییەکانی ناو دەوڵەت و کلیسە لەگەڵ ئیسلامی

سیاسی دەکات. زۆربوونی کۆمەڵە ئیسلامیەکان شەرعیەتیان پێدەدات و بەهێزیان دەکات، بەڵام هاوکاتیش دەنگی ڕێفۆرم و چاکسازی لەناو پێکهاتە موسڵمانەکاندا لاواز دەکات و دەیخنکێنێ. ئەم دەنگانەش بوونیان هەیە، هەر بۆیە نابێ بەرپرسانی دەوڵەتی تەنیا باس لە ئیسلامیزم بکن کاتێک باسی موسڵمانانی ئەوروپا دەکەن. تەنانەت ئەگەر جیاوازیی نێوان ئیسلام و ئیسلامیزم لە ڕووی سیاسییەوە پەیوەندیدار نەبێت و - بە بڕوای تیلمان ناگل"Tilmann Nagel" - هیچ تێڕوانینێکی نوێش لەگەڵ خۆی نەهێنێت، من جیاوازی نێوان موسڵمانان و ئیسلامی سیاسی زۆر بە جیددی بە پێویست دەزانم. چونکە هەر موسڵمانێک قورئان لەسەر دوو قاچ نییە.

چەندین ملیۆن موسوڵمانی ئاشتیخواز لە ئەڵمانیا و ئەوروپا دەژین کە هیچ پەیوەندییەکیان بەو کارە ناشایستانەوە نییە کە بزووتنەوە ئیسلامیستەکان یاخود ئیسلامی سیاسیی بەڕێوەی دەبەن. گەلێك گرنگە ئەو موسڵمانانە نەک وەك مرۆڤی نامۆ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ، بەڵکوو بۆ ئەوەی لە هەڵاواردن، ڕەگەزپەرستی هەروەها لە ئایدۆلۆژیای ئیسلامگەرایی بیانپارێزین دەبێ وەک هاوڵاتی دڵسۆز وەربگیرێن. ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی پەروەردە، ڕۆشنگەریی، بەشداریی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە مسووگەر دەبێ. پێویستە پاڵپشتی ئەم موسڵمانە ئاشتیخوازانە بین و هاوکاتیش دژی ئەوانە بین کە بەناوی ئایینەکەیانەوە هەوڵی بەدەستهێنانی هێزی کاریگەری سیاسی خۆیان دەدەن و

هەڵسوکەوتی مرۆڤی ڕەخنەگر دژ بە ئیسلام بە ڕەگەزپەرستی و کوفر دادەنێن.

ئێستا ژمارێکی زۆر زانایانی ئایینی موسڵمانی سەربەخۆ و زانای ئیسلامی هەن کە بانگەشە بۆ ئیسلامێکی کراوە و دوور لە توندوتیژی دەکەن. ئەو ڕاستییەی کە ئێستا ژنانی موسڵمان زیاتر لە ڕووی ئەکادیمییەوە ئەم بوارانە دەکێڵن، دەبێ هۆکارێك بێ بۆ هیواداریی. جگە لە بواری ئایین، تامەزرۆییان بۆ بواری فەلسەفە و ئەدەبیات هەیە و لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیاندا توانایی لێکدانەوەی دەقی ئایینییان هەیە. بەڵام هیچ مزگەوتێک نییە کە تیاندا بتوانن ڕۆشنگەریی ئیسلامی خۆیان بڵاوکەنەوە. چونکە زۆربەی مزگەوتەکان هێشتا بە توندی لە دەستی ئیسلامی سیاسیدان. ڕێکخراوە و کۆمەڵە ئیسلامییەکان هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ ئەو موسڵمانانەی لێرە دەژین و خۆیان لەگەڵ ئەوروپا و بەهاکانیدا دەناسێنن، نییە چونکە مانی ئەوان تەنیا بە کێشەی نێوان موسڵمانان و بەهای ئینسانیی ئەوروپییەکانەوە بەستراوەتەوە. چەندین دووکان و بازاڕی ئابووریی ئیسلامی لە دەوری ئەم کێشەیە بنیات نراوە: بانکی ئیسلامی، گەشتیاری زیارەت، خواردن و خواردەمەنی حەڵاڵ، ژیانی حەڵاڵ و هتد. ترسی موسڵمانە کۆنەپەرستەکان لە شێوازی ژیانی ئورووپی کە گوایە گوناهبارە، سەرمایەی ئەم کۆمەڵە بازارانەیە. جگە لەوەش لە بەرژەوەندیی ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیادا نییە ئەو تورکانەی لێرە دەژین هەست بە ئورووپی بوون بکەن. ئەوان نووکی نیزە، ئامرازێکی کاریگەرن بۆ گوشارهێنان، بۆ جێبەجێکردنی

سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەدۆغان لە ئورووپا. هەر بۆیە کۆمەڵە ئیسلامییەکانی وەك"DITIB" نەك هەر دەیانەوێت کۆنترۆڵی مزگەوتەکان و ئیمامەکانیان بکەن، بەڵکوو تەنانەت کۆنترۆڵی ئەو ناوەڕۆك، تەوەر و بابەتانەی لە قوتابخانەکانی ئەوروپادا سەبارەت بە ئایینی ئیسلام دەگوترێتەوە، بکەن. دەوڵەتی ئاڵمانیا بۆ پێشخستنی ئیسلامێکی ئەوروپی ملیۆنان دۆلاریان بۆ دروستکردنی ناوەندی ئیلاهیاتی ئیسلامی دابین کردووە. بەڵام کاتێک دەرچووی یەکەمی ئەو سەنتەرانە دەیانویست لە قوتابخانەکانی ئاڵمانیا ببنە ئیمام یان مامۆستای ئیسلامی، کۆمەڵە ئیسلامیستەکان بە توندی ئەمەیان ڕەتکردەوە و پێشیان پێگرت. وتەبێژی گەورەترین کۆمەڵەی ئیسلامی "DITIB" لە کۆنفرانسی ئیسلامی ساڵی ٢٠١٨دا کە من لەو کاتەدا ئەندامی بووم، ڕایگەیاند، ئیمامی زانکۆکانی ئاڵمانیا لەگەڵ پێوەرەکانی ڕێکخراوەکەیدا ناگونجێن. ڕەنگە مرۆڤ بپرسێت لێرەدا مەبەست لە کام ستانداردە. لە هەر حاڵەتێکدا ناتوانرێت ئەم ستانداردە پەیوەندیی بە ئەکادیمییەوە هەبێت. ئەدی کاردانەوەی سیاسەتوانانی ئاڵمانیا بەرامبەر بەم لووتبەرزییە چی بوو؟ ئەم ڕەتکردنەوەیە بەبێ هیچ لێدوانێک دانی پێدانراو و کۆمەڵەکان بەردەوام بوون لە ڕاهێنانی ئیمامەکانی خۆیان.

لە لایەکەوە تەنیا لەسەدا ١٥ی ئەو موسڵمانانەی لێرە دەژین لە ناو کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا نێونووسی کراون. لەولاشەوە هەموو ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە نە مەبەستیان بە ئیسلامیکردنی وڵاتی ئاڵمانیایە و نە درێژکراوەی سیاسەتی حکومەتی تورکیا یان

ئیخوان ئەلموسلیمین. بەڵام ئیسلامیستەکان لە کۆمەڵەکاندا گەلێك چالاکن بۆ ئەوەی دەنگی پێشکەوتنخوازانە نەبیسترێت، چونکە هەڕەشە لە ئاڕاستەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆیان دەکات. ڕێک لێرەوە دەبێت سیاسەت دەست پێبکات. پێویستە ئورووپا هێزی ڕێفۆڕم و چاکسازیی لەناو پێکهاتە ئیسلامییەکان بەرەوپێش ببات و لە هاندانی ئیسلامیستەکان بیانپارێزێت. لەمڕۆدا ستراتیژی ڕۆشنگەریی و پەیوەندیی لەگەڵ ئاییني ئیسلام لە هەموو کاتێک پێویستترە: تولەرانس یان لێبوردەیی و ڕەخنە لە ئایین – ناتوانرێ یەکێکیان بەبێ ئەویتر بوونی هەبێت! بەسام تیبی "Bassam Tibi" زانای سیاسی بە کورتی لە بنی کوولەکەکەی داوە: "ئورووپا دەتوانێت سوپاسگوزار بێت بۆ ئەو بیرۆکە عەقڵانیانەی کە لە ڕابردوودا لە فەیلەسوفەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە وەریگرتووە. ئەم سوپاسگوزارییە دەتوانرا بەم شێوەیە دەربیبڕدرێت کە ئورووپا ئەمڕۆ جیهانی ئیسلام هان بدات بۆ گەڕانەوەی عەقڵانییەتی پێشووی، هەروەک چلۆن خۆی لە ڕابردوودا سوودی لەم بیرۆکانە وەرگرتووە. بەڵام دیارە ئەمەش پێویستی بە ئامادەیی لایەنەکەیتریش هەیە کە بە دڵخۆشییەوە مەرج و دۆخی ئەمەش لە ئێستادا گەلێك لەبارە."[٩٦]

بەڕژەوەندییە ئابوورییەکانی ئورووپا، ئەو سۆزدارییەی باس و گفتوگۆ لە ئیسلام بەڕێوەدەبات - ئەگەر لەڕاستیدا بەڕێوەبچێت - هەروەها ڕەق ئەستووریی ئیسلامی سیاسی، ئەم ئەرکە گەلێك

[٩٦] https://schweizermonat.ch/der-beitrag-des-islam-zur-kultureuropas/

قورس دەکەن. سیاسەتوانانی ئورووپا پێیان وایە موسڵمانان دەبێت خۆیان ئەو چاکسازیانە بەڕێوەبەرن و نابێت لە دەرەوە ناچار بەو کارە بکرێن. دیارە بە گشتیی ئەم هەڵوێستە لە بنەڕەتدا دروستە، بەڵام سیاسەتوانان نابێ یارمەتی لایەنە زێدەڕۆکانیش بکەن. چونکە لێرەدا ئەوە چاکسازیخوازان نین کە هان دەدرێن، بەڵکوو هێزە کۆنەپەرستەکانن، کە تەنانەت هەندێکجار پڕۆژەکانیان بە ناوی لێبوردەیی و فرەچەشنی لە لایەن سیاسەتوانانی ئورووپاییەوە لە ڕوانگەیماڵییەوە پشتیوانی دەکرێن. مرۆڤ دەتوانێ لە هەنبەر ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی بە ئاشکرا کار دەکەن هەڵوێست بگرێ، بەڵام بەرپەرچدانەوەی ئەو هێزانەی بە نهێنی کاردەکەن گەلێك قورسە. لەوەش گرنگتر هەڵسوکەوت لە هەنبەر تۆڕە مێدیاکانە کە دەبێ ڕەگ و ڕیشەیان ئاشکرا بکرێت و هاوکاتیش گوێ لە ڕیفۆرمخوازان و ڕەخنەگران بگیرترێ لەبری بێناوبانگکردنیان، چونکە ئەمانە تەنیا ئیسلامیستەکانی پێ بەهێز دەکرێ.

هەنگاوی یەکەم دەبێ ئەوە بێت ئورووپا بە ئاشکرا دان بە بەهاکانی خۆیدا بنێت و بەرگریان لێبکات. دووهەم هەنگاو پشتیوانی لە ڕیفۆرمخوازانی ئیسلامی لە ئورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور دەبێت، بەڵام جیهانی ئیسلامیش، لە ئەندۆنیزیاوە تا مەغریب کە بانگەشە بۆ عیلمانیەت، چاکسازی و دیموکراسی دەکەن، دەبێ پشتیوانی بکرێن. ئەم هێزانە بەپەلە پێویستیان بە هاوکاریی و یارمەتیی ئێمەیە، چونکە باشترین هاوپەیمانمانن.

ئەگەر ئوورووپا نایەوێت پاڵپشتی ئەو چاکسازیخوازانە بکات، ئەوا لانی کەم نابێت لە ڕووی سیاسی و لۆژیستیکییەوە پشتیوانی دوژمنەکانیان بکات. من بە هیچ شێوەیەک بانگەشە بۆ ئەوە ناکەم کە گفتوگۆ لەگەڵ موسڵمانە کۆنەپەرستەکان نەکرێ، بە پێچەوانەوە دیالۆگ لەگەڵیان گەلێك پێویستە، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی سیمیتری و ئەنجامێکی ئاڕاستەکراو بەڕێوەبچێت. کارێکی دروست نییە ئەگەر موسڵمانە کۆنەپەرستەکان بەردەوام ڕۆژئاوا تۆمەتبار بکەن و بە هۆکار بۆ دۆخی نالەباری ئێستایان بزانن، چونکە ئەمە گوشارهێنان و زێدەڕۆییە نەک دیالۆگ. هەروەها ئەوەش دروست نییە کلیسا مەسیحییەکان لەگەڵ کۆمەڵە ئیسلامییە کۆنەپەرستەکان کۆببنەوە و جەخت لەسەر ڕەچەڵەکی هاوبەشی ئەو دوو ئایینە لە سەردەمی ئیبراهیمەوە بکەن. دیارە گەڕان بەدوای خاڵی هاوبەشدا شتێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ڕاستگۆیانە ڕەگ و ڕیشەی کێشە و ململانێکان بخەینە ڕوو و بەدوای کۆدەنگییەک لەسەر بەها ئینسانییەکانیدا بگەڕێین. جگە لەوەش ئەم گفتوگۆیە دەبێت سەکۆی ئیلاهیات بەجێبهێڵێت، چونکە موسڵمانە کۆنەپەرستەکان هیچ کێشەیەکی سەرەکییان لەگەڵ کلیسەکاندا نییە. بەڵکوو زیاتر کێشەیان لەگەڵ جیهانی سیکۆلار و عیلمانی و ناکۆکیی و ڕەخنەی ناو ڕیزەکانی خۆیانەوە هەیە. هەر بۆیە دەبێت دیالۆگەکە لەسەر پرسیارەکانی پێکەوەژیان بێت. کۆدەنگی لەسەر بەها ئینسانییەکان بە مانای دۆزینەوەی ڕێگای ناوەڕاست لە نێوان ئایین و ئازادیدا نییە. مافی

ئازادیی دەبێ ئەو چەترە بێت کە بوونی ئایینیش لەژێر خۆیدا مسووگەر بکات. بەڵام لەمڕۆدا ئایین لە کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا زیاتر وەک قەڵغانێکی پارێزەر لە دژی مافی ئازادیی مرۆڤ وەستاوە.

مێژووی ئیسلام تەنیا لەگەڵ کۆمەڵگای ئەورووپادا تێکەڵاو نییە، بەڵکوو بڕیار لەسەر داهاتووشمان دەدات. پرسیار تەنیا ئەوەیە ئایا سیستەمی دیموکراسی دەتوانێت بۆ قازانجی مرۆڤ ڕێفۆڕم و چاکسازیی بەسەر ئیسلامدا بێنێ یان ئیسلام دیموکراسی ئیسلامیزە دەکات؟ کام بەش لە ئیسلام زاڵ دەبێت؟ بیرکردنەوە فەلسەفییە عەقڵانییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست؟ سۆفیگەریی عیرفانیی؟ یان شەریعەتی ئیسلامی زێدەڕۆی ناسنامەیی؟ هەر سێ ئاڕاستەکە لە مێژە گەیشتوونەتە ئەورووپا و هەر سێکیشیان خەریکی کۆکردنەوەی لایەنگرانی خۆیانن. ملیۆنان موسڵمان لێرە دەژین و زۆربەیان لە مێژە بە مێشک و دڵ ئورووپین. بەڵام ئیسلامیستەکان و هاوسۆزەکانیشیان لە ناو ئێمەدا دەژین، ئەوان کەڵك لە ئازادیی و دیموکراسی ئەم وڵاتە وەردەگرن بۆ ئەوەی ئەورووپا بکەنە هەوێنی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی نوێی ئیسلامی. هەندێکیان بە ئاشکرا پەرە بە یاساکانی شەریعەت و جیهاد دەدەن، هەندێکی دیکە هەوڵدەدەن لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە دزەیان بۆ بکەن. لە ژێر سێبەری کلیساکان و بەرپرسە سیاسییە مۆدێرنەکانیاندا، کە هێشتا هەست بە بەرپرسیارێتی بۆ ڕزگارکردنی ڕۆحی ڕەعیەتەکانیان دەکەن، توانیان ئەرکە گرنگەکانی وەک فێرکاریی ئیسلامی ئایینی لە قوتابخانەکان، چاودێریی کێشەی ئینتیگراسیۆن کە تەواو بە

پێچەوانەی گونجاندنی مرۆڤ لەم کۆمەڵگایەدا کار دەکەن، لە ئەستۆ بگرن.

لایەنگرانی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی سود لە عیلمانیەت و هەست بە تاوانبارزانینی مرۆڤی ئاڵمانیا کە ڕاستگۆیانە خۆیان بەرپرس بۆ شەڕەکانی جیهانی دادەنێن، بۆ بەدیهێنانی خەونەکەیان لە ئەوروپا کەڵک وەردەگرن. ئەمەش لە بەرامبەردا ڕاستڕەوەکان و ڕەگەزپەرەستان هان دەدات، کە دەیانەوێت جارێکیتر ڕۆژئاوا لە ئیسلام ڕزگار بکەن. هەروەها بەرەی ناسنامەی ڕاست بە نۆرەی خۆی ناسنامەی چەپ دەوروژێنن، کە بە ناوی دژە ڕەگەزپەرستییەوە هەموو موسڵمانان دەپارێزن و تەنانەت یارمەتی ئیسلامی سیاسیش دەدەن.

بەم شێوازە بازنەکە داخراوە: مێژوو سەرەتا بە گەڕان بەدوای ناسنامەی خێڵەکاندا دەستی پێکرد، دواتر ناسنامەی ئایینی خولقێندرا، پاشان ئیمپراتۆریەت و دواجاریش هەڵوەشاندنەوەی. لەمڕۆشدا دەگەڕێینەوە بۆ خۆلیای ناسنامەی خێڵەکی و خۆ سنووردارکردن و ناسیۆنالیزم.

پێدەچێت کۆنسێپتی لێبوردەیی کە لە ڕاستیدا منداڵی لەدایکبووی شەڕە ئایینییەکان بوو، ئیتر توانایی ئەوەی نییە فۆرمەکانی نوێی نالێبوردەیی بوەستێنێت. لە سەردەمێکدا لێبوردەیی یەکێک بوو لە خاڵە بەهێزەکانی ئوروپا، نابێت لە هیچ بارودۆخێکدا ببێتە خاڵی لاوازی حوکمڕانیی ڕابردوو. نابێت سوودی بۆ ئەو کەسانەی نالێبووروون هەبێ کە تەنیا بۆ

دزەکردنە ناو ئەوروپا بەکاری دەهێنن. گەورەترین هێزی ئەوروپا عەقڵانییەت بووە و ئێستاش هەیە و گرنگترین دەستکەوتی حکوومەتە کۆنەکانیش ڕۆشنگەرییە. هەرکاتێک بە قازانجی ئایین یان ناسیۆنالیزم واز لە عەقڵانیەت و ڕۆشنگەریی بهێنرێ، کارەسات لەسەر خاکی ئەوروپا دروست دەبێ. هەمان شت بۆ مێژووی ئیسلامیش دەگونجێت. کرانەوەی موسڵمانان بەڕووی عەقڵانیەت و فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سەردەمێکی زێڕینی پێبەخشین و دووربوونەوەش لەو نیعمەتە خستنیە گۆشەگیرییەوە.

ژیانی موسڵمانانی ئەوروپا کە لێرەدا بە باشی خۆیان گونجاندووە و وەک تەوەرێکی کەسیی سەیری باوەڕەکەیان دەکەن و ڕێز لە بەهاکانی دیموکراسی وەردەگرن، دەتوانێت ئەمڕۆ ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی پارێزەرانی ئایینی، ئایینەکەیان عەقڵانی بکەن و دوور بکەونەوە لە هەر چەشنە ململانێیەك. لە جیاتی ئەمانە ئایین کراوەتە سووتەمەنی مەیلی ناعەقڵانی و ناسنامەیی و تەنانەت توندوتیژیش لەم وڵاتەدا. زۆرێک لە موسڵمانان تا ئێستا نەیانتوانیوە چێژی باشترین خاڵەکانی ئەوروپا، واتە ڕۆشنگەریی ئەزموون بکەن، ئەوروپاش تا ئێستا نەیتوانیوە لە باشترین خاڵەکانی ئیسلام کەڵکوەرگرێت، واتە هێزی ڕۆحییەکەی. جارێکیتر ئێمە ئەزموونی بەریەککەوتنێکی ناهاوسەنگ لە نێوان دوو کولتووردا دەکەین کە ناتوانن خاڵێکی هاوبەش بدۆزنەوە. چونکە یەکیان وەک پێویست لە ناسنامەی خۆی دڵنیا نییە و

بێباکانە بەهاکانی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ئەویتریشیان هێشتا لە ڕابردوودا بەدوای ڕزگاریی خۆیدا دەگەڕێت.

ئەگەر هەردوو کولتوورەکە لە ڕابردوویان شتێك فێربووبن، پێویستە بزانن کە:

- جەختکردنەوە لەسەر شوناسی ناکۆک و ناشەففاف زیان بە پێکەوەژیان دەگەیەنێت، پێش بە توێژینەوە و داهێنان دەگرێت و هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەڵگا دەکات؛
- بەرزکردنەوەی ئایین و هەستی سۆزداریی لەسەر حیسابی عەقڵانییەت، کەشێکی نالێبوردەیی بەرامبەر بە باوەڕ و بیروڕای جیاواز دروست دەکات، کە دەتوانێت ببێتە هۆی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی؛
- تێکەڵبوونی کەمینەیەک لەناو کۆمەڵگای سەرەکیدا بە گشتی نەک هەر لێبوردەیی، بەڵکوو بەشداریکردنی ئەم کەمینەیە بە شێوەی ئاکتیڤ لە ژیانی کولتووریی و دڵسۆزیی بۆ کۆمەڵگاکە پێویستە؛
- فرەچەشنی نەک هەر بە مانای فرەچەشنی گروپ و ئایینەکانە، بەڵکوو بۆچوون و شێوازی ژیانی تاکیش دەگرێتەوە؛
- کەش و هەوای گوتاری بەرتەسک کەمینە و کۆمەڵگا بە گشتی لە ململانێکان نادپارێزێت، بەڵکوو بەستێنێکی

بەپیت بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئایدۆلۆژیای ڕادیکاڵ و تیۆری پیلانگێڕیی دروست دەکات؛

- وەسوەسەی ناسنامە و عەقڵیەتی خێڵەکی کۆمەڵگا ناسەقامگیر دەکات، مەیلی جیابوونەوە بەهێز دەکات و هاوکاریی لەگەڵ کولتوورەکانی دیکە نەگونجاو دەکات؛
- جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت مەبەست لێی لاوازکردنی ڕۆحانییەت و باوەڕی خەڵکی نییە، بەڵکوو ڕێگا چارەیەکە بۆ دوورخستنەوەی ئایین لەو بوارانەی زیاتر ناکۆکی پێک دێنن. نەزمی بنەڕەتی سیستەمی عیلمانی و دیموکراسی کۆمەڵگا لە کاریگەری نەرێنی ئایین دەپارێزێت، بەڵام هاوکات ئازادیی ئایینیش گارانتی دەکات.

ئازادی ئایین ئازادی گەمژەکان نییە. ئەم ئازادییە لەو شوێنەدا کۆتایی پێدێت کە مافە بنەڕەتییەکانی دیکەی وەک ئازادیی کەسی، ئازادیی ڕادەربڕین و یەکسانی نێوان ژن و پیاو تێکنەدات یان نەیانخاتە ژێر پرسیارەوە. ڕەخنە لە ئایین دیوەکەیتری دراوی ئازادی ئایینییە. بەبێ ڕەخنە لە ئایین چاکسازی مسووگەر ناکرێ.

ئورووپا، وەک پێشتر جەختم لەسەر کردۆتەوە، پێویستی بە ستراتیژییەکی دووانەی چەشنی کارڵی مەزن هەیە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئیسلامدا، تەنیا بڕێك مۆدێرنتر: بەربەرەکانییەکی یەکلاکەرەوە دژی ئەو هێزانەی دەیانەوێت ئەوروپا بە ئیسلامی بکەن و هاوکاتیش هاوکاریی موسڵمانە ئەوروپییەکان کە خۆیان لەگەڵ بەهاکانیدا گونجاندووە و چیتر

نایانەوێت لەلایەن وڵاتانی پێشووی خۆیانەوە کونترۆڵ بکرێن. ئەوروپا و ئەو موسڵمانە ئاساییانەی لەوێ دەژین پێویستیان بە یەکترە. دیارە یەکتریش دەگۆڕن چونکە ئەمە ڕەوتی سروشتی مێژووە. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە دەبێت بە قازانجی هەردووکیان تەواو بێت. لە ئێستادا پێدەچێت زیاتر بارگرانی بێت، هەڕەشەیەك بۆ سەر هەردووکیان.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بێمتمانەیی گەلێك زۆر لە هەردوولا بەدی دەکرێت. لەبەر ئەوەیە کە زۆرجار بەریەککەوتنی نێوان ئەو دوو لایەنە ناهاوسەنگە. زۆرجار لایەنێک مەبەستی ڕاهێنان و فێرکارییە لە کاتێکدا لایەنەکەیتر بە نەرێنی لێی تێداگات. یان لایەنێک دەیەوێ وەک پارێزەر دەرکەوێت بەڵام لایەنەکەیتر بە گلەیی یان تۆمەتبارکردنی دادەنێ. لە هەردوولا گروپگەلێک هەن کە بە سووکایەتی و ڕقەوە کاردانەوەیان بەرامبەر بە لایەنەکانیتر هەیە و تەنانەت مافی بوونی ئەوانیتریش دەخەنە ژێر پرسیارەوە. هەردوولا چەندین بیرەوەریی مێژوویی لە ناو دڵ و مێشکیاندا پاشەکەوت کراوە کە پەیوەندییان بە ئازار و ململانێی ڕابردووەوە هەیە. کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بەم ناهاوسەنگییە بهێنین. کاتی ئەوە هاتووە بە شێوەیەکی جیاواز لە مرۆڤی موسوڵمان نزیک ببینەوە، نە وەک دوژمن و نە وەک قوربانییەک سەیریان بکەین. کاتی ئەوە هاتووە موسڵمانان بە جددی وەربگرین لەبری ئەوەی تاوانیان بدەین یان هەوڵبدەین بە شێوەیەکی باوکسالارانە لە ڕەخنە بیانپارێزین. کاتی ئەوە هاتووە تێبگەین کە چەمکە کۆنەکانی ناسنامەسازکەر وەک خەلافەت و ئیمپراتۆریەتی ئاڵمانیا

پەیوەندییان بە ژیانی ئەمڕۆمانەوە نەماوە و لە مێژوودا چەندین جار شکستیان هێناوە، چونکە لەسەر بنەمای خۆبەزلزانین و دوژمنایەتی بەرامبەر بە نەتەوەکانیتری جیهان دامەزراون.

ئێمە بۆ پێکەوەژیانمان پێویستمان بە ئەفسانە و گێڕانەوەیەکی دامەزرێنەری نوێ و هاوچەرخ هەیە. ئەفسانەیەک کە پەیوەندیی بە داهاتوومانەوە هەبێ و لەسەر بنەمای ڕابردووی پڕ لە ململانێ دانەمەزرابێ. ئەفسانەیەک کە ئیلهامی لە "ئازادیی" وەرگرتبێ نەك لە "ترس و خۆف". مێژوو دەبێت وەک موتوڕێك یان ڕاهێنەرێک لە خزمەت ئێمەدا بێ نەك وەک مامۆستایەك حوکمڕانیمان بەسەردا بکات. هەر بۆیە دەبێت جارێکیتر باس لەسەر ئیسلام، مێژووەکەی و دۆخی ئێستای دەست پێبکەینەوە!

تەواو